زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر
Salahaddin unversity- Erbil

# ڕەوشی ئابووری و كۆمەڵایەتی باشووری كوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانی كوردی ئاشكرا لە عێراقدا ١٩٨٠- ١٩٩١

نامەیەكە

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات كراوە لە زانكۆی سەلاحەددین– هەولێر

وەكو بەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر

لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا

لەلایەن

**دحام لقمان اسماعیل**

بەكالۆریۆس لە مێژوو

بەسەرپەرشتیاری

**پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی**

تشرینی دووەمی ٢٠١٥

## بەڵێنامە

من بەڵێن دەدەم کە ئەم ماستەر نامەیە کە ناونیشانەکەی بریتیە لە (ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لە عێراقدا ١٩٨٠- ١٩٩١)یە، هەمووی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی کە بەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێك بلاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

واژوو:

ناوی قوتابی: دحام لقمان اسماعیل

بەروار: / / ٢٠١٥

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوەو نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخ. من پشتگیری دەکەم و ڕازیم کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش لیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

واژوو:

ناو: پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی

بەروار:    /    / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوەو هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەو نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:

ناو: پ.د. ارسن موسی رشید

سەرۆکی بەشی مێژوو

بەروار:    /    / ٢٠١٥

پشتگیری دەکەم کە هەموو پێداویستیەکان جێبەجێ کراوە، بۆیە ڕازیم کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی بالاّ لەکۆلێژ

واژوو:

ناو: پ.ی.د. احمد میرزا میرزا

بەروار:    /    / ٢٠١٥

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەو ماستەر نامەیەمان کە ناونیشانی بریتی بوو لە: (ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لە عێراقدا ١٩٨٠- ١٩٩١) خوێندەوە و قوتابیەکەمان کە ناوی (دحام لقمان اسماعیل) بوو، لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین کە پێداویستیەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی مێژووی نوێ و هاوچەرخدا تێدایە.

پ. ی.د. مهدی محەمەد قادر
سەرۆکی لیژنە
/ /٢٠١٥

پ. ی.د. ئازاد عوبێد صالح
ئەندام
/ / ٢٠١٥

پ. ی.د. هۆگر طاهر تۆفیق
ئەندام
/ / ٢٠١٥

پ.د. سەعدی عوسمان هەروتی
ئەندام و سەرپەرشتیار
/ / ٢٠١٥

لەلایەن کۆلێژی ئەدەبیات/ زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر پەسەندکرا.

ڕاگری کۆلێژ
پ.ی.د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسور

# پێشکەشکردن

ئەم هەولە زانستییە پێشکەشە بە :

- دایك و باوکی خۆشەویستم.
- میقداد مەدحەت بەدرخان سیمبولی ڕۆژنامەگەری کوردی.

هەواڵنامەی کتێب

# سوپاس و پێزانین

- دوای سوپاس و ستایشی خودای مەزن کە وزەو توانای پێبەخشیم بۆ تەواوکردنی ئەم ماستەر نامەیە، بەپێویستی دەزانم سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم:

- سوپاس بۆ بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆر سەعدی عوسمان هەروتی، کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم نامەیەی لە ئەستۆ گرت و ڕەنجی زۆری  لەگەڵ کێشام و لەخوێندنەوەی چەند جارەی و ڕێنمایی سوود بەخشی پێدام.

- بۆ هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی بەشی مێژوو لە کۆلێجی ئەدەبیات زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر، کە لە ماوەی خوێندنی ماستەرو بەکالۆریۆس وانەیان پێ وتم.

- ئەو بەڕێزانەی دەرگای کتێبخانەی خۆیان بۆ والاکردم: (جەمال خەزنەدار، حەمە سالح فەرهادی)، هەروەها سوپاس بۆ هەریەکە لە: (تاریق جامباز، عەبدوللاّ زەنگەنە، عەباس عەبدوللاّ، وەسفی حەسەن ڕدێنی، موسەدەق توفی) کە هەندێك گۆڤارو بلاّوکراوەیان بۆ بەردەست خستم، بەئاسانی دەست نەدەکەوتن.

- ئەو بەڕیزانەی بەجۆرێك لەجۆرەکان هاوکاریان کردم: (پ.ی.د. ئازاد عوبێد سالّح، پ.د. خلیل علی مراد، پ.د. هیمداد حوسێن، م.هشار سابیر عوسمان، مومتاز حەیدەری، فوئاد ڕەوەند).

- سوپاس بۆ یەکە یەکەی بەڕێوبەرو کارمەندانی هەر یەکە لە کتێبخانەکانی(گشتی هەولێر-زەیتون، ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین، ناوەندی زانکۆی دهۆك، بەدرخان-دهۆك، کۆمەلەی ڕۆشنبیری مێژوویی کوردستان، کۆلێجی ئەدەبیات- زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی بەڕێوەبرن و ئابووری- زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی کشتوکاڵ- زانکۆی سەلاحەددین، بەشی مێژوو، بەشی جوگرافیا،  ئەکادیمیای کوردی، یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد، بنکەی ژین).

- ئەو بەڕێزانەشی ڕێگەیاندا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ساز بکەم.

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی (ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لەعێراقدا ١٩٨٠-١٩٩١)یە، بە ئامانجی خستنەڕووی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئاشکرا لەدەرخستنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان، ئەنجامدراوە. بەوجۆرەی بزانین تا چەندە نووسەرەکانیان چوونەتە نێو کۆمەڵ و تێکەڵ بەژیانی خەڵك بوونەو لەگەڵ پرس و خەمەکانیان ژیاون. هەروەها چۆن بەشداربوون لە دۆزینەوەی گرفتە سەرەکییەکانی دانیشتوان و نەریتە نەشیاوەکانی کۆمەڵگاکەو دیاریکردنی ڕێگەچارەی گونجاو بۆیان. بۆیەوەش لەکۆتاییدا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم ماوەیە بکەینە سەرچاوەو شایەدحاڵ لەپێناو وێناکردنی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان.

ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم ماوەیە گەورەترین بەشی مێژووی ڕۆژنامەنوسی کوردی پێکدەهێنن. هەروەها کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی کۆمەڵدا بەجێهێشتووە، لە هەوڵی بەمەدەنی کردنی تێکڕای بوارەکانی ژیان. لەهەمان کاتدا ماوەی توێژینەوەکە هاوکاتە لەگەڵ دوو ڕووداوی گرنگ: یەکیان سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سەدام حوسێن و توند بوونی سیاسەتی سەرکوتکاری حکومەتی بەعسە لەکوردستاندا، دژ بە هەرجۆرە جوڵانەوەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیری، کە دەلالەت لەهزری ناسیۆنالیستی کوردی بکات. ئەوی تریان جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانە؛ کە بەهۆیەوە کوردستان بوو بەگۆڕەپانی جەنگ و لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە زەرەرو زیانێکی گەورەی بەرکەوت. بێگومان تاوەکو ئێستاش هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی لەبارەی ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردی ئاشکرای تایبەت بەم ماوەیە ئەنجام نەداروە، ئەمانە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو بابەتەن.

لێکۆڵینەوەکە لەپێشەکی و سێ بەش و دەرئەنجام پێکهاتووە. بەشی یەکەمی بریتییە لە پانۆرامایەکی مێژوویی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان، کە وەکو دەروازەیەکی لێکۆڵینەوەکە وایە، تێیدا بارودۆخی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرای ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩١ )مان لەعێرقدا خستۆتەڕوو. وەك ئاسانکارییەك بۆ تێگەیشتن لێیان، بەپێی ناوەندەکانی دەرچوونیان دابەشی سەر تەوەرەکانی (ڕۆژنامەوانی میری، ڕۆژنامەوانی پیشەیی/ تایبەتمەند، ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن، ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ) کراون.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ ڕەوشی ئابووری باشووری کوردستان لەڕوانگەی ڕۆژنامەکانەوە. هەر لەسۆنگەی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان لەتەوەری یەکەمدا باس لەکشتوکاڵ و بەروبوومەکانی کراوە، وەکو پێگەیەکی سەرەکی ئابووری کوردستان. تیشك خراوەتە سەر هەڵوێستی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی و کاریگەریان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە، سیاسەتەکانی

حکومەت بەرامبەر بەم کەرتە. هەروەها ئاژەڵداری و پرۆژە پەلەوەرییەکان، ژمارەیان و تواناکانی بەرهەمهێنانیان خراونەتەڕوو. ئەو گرفتە کشتوکاڵیانەش خراونەتەڕوو، کە لەڕۆژنامەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو ڕووبەڕووی جوتیاران بۆتەوەو هەراسانیانی کردوون. لەتەوەری دووەم باس لە پیشەسازی و پیشەگەریەکان کراوە. سەرەتا کارگە پیشەسازییەکان خراونەتەڕوو، بەتایبەت سێکتەرەکانی پیشەسازیەکانی کەرەستەی بیناسازی، پیشەسازییە خۆراکییەکان و خواردن و خواردنەوەو جگەرە، پیشەسازییەکانی چنین و جل و بەرگ. ئینجا ڕەوشی پیشەگەری و پیشەسازییە دەستییەکان. دواتریش هەلومەرجی کارو بارودۆخی کرێکاران خراوەتە بەرباس. تەوەری سێیەم سەبارەت بە کەرتی بازرگانیەو بازرگانی ناوەخۆو دەرەوە دەگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ کاریگەرییەکانی جەنگی عێراق و ئێران لەسەر جوولەی بازرگانی و دەرکردنی دراوی نوێی عێراقی و دیاردەی قۆرخکاری و گرانی بازاڕ. لەتەوەری چوارەم سەرنج خراوەتە سەر کەرتی گەشت و گوزارو خزمەتگوزارییەکان.

بەشی سێیەم: تیشك دەخاتە سەر تێڕوانینی ڕۆژنامەکان بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان. تەوەری یەکەمی گروپەکانی دانیشتوان و باری چینایەتی و هۆزایەتی، بەپێی وتارە ڕۆژنامەوانیەکان لەئامێز دەگرێت. تەوەری دووەم سەبارەت بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، کەبوونەتە جێگای سەرنجی نووسەران و باسەکانی: بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، مافەکانی ئافرەت، پەروەردەکردنی منداڵ، نەریتی ژنهێنان و بووك گواستنەوە، جەژن و بۆنەکان، جلّ و بەرگ و یاری و کات بەسەربردن نمایش دەکات. لەهەمان کاتدا گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە. تەوەری سێیەم لەڕەوشی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو شارەوانی و تەندروستی دەکۆڵێتەوە. نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان و نەخۆشییە بلاوەکان و گیروگرفتە تەندروستیەکان، گرنگترین باسەکانی ئەم تەوەرەیەن و وتار گەلێکی زۆریان لەبارەوە نووسراوە. کۆتایی ئەم بەشەش بۆ ئەو چارەسەرە میللیانە تەرخانکراوە، کە لەنێو کۆمەڵگەدا باوبوونەو کەوتوونەتە بەر تیشکی بیرکردنەوەی نووسەران، کە لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە هەوڵیانداوە بەرچاو ڕوونی زیاتر بخەنە بەرچاوی خەڵك، بەتایبەت بەرامبەر هەندێك لەو چارەسەرییانەی کە بەهیچ جۆرێك لەزانستی نۆژداریدا جێگایان نابێتەوە.

سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوە کوردییە ئاشکراکانی ئەو ماوەیە لەعێراقدا، کە لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو، سەرچاوەی سەرەکین لەم توێژینەوەیە. لەڕێگەی ئەوانەوە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانمان نیشانداوەو شرۆڤە کردووە. لەنێو ڕۆژنامەکاندا هەندێکیان زیاتر پشتیان پێ بەستراوە؛ وەکو ڕۆژنامەکانی(هاوکاری، عیراق، ئاسۆ، بزاڤ). لەبەرئەوەی پەیامنێریان لەسەرجەم شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا هەبووە، لەڕێگەیەوە هەواڵ و زانیاری وردی ناوچەکەیان خستۆتەڕوو.

گۆڤارو بڵاوکراوەکانیش ڕۆڵیان لە ڕۆژنامەکان کەمتر نەبووە، بەتایبەت هەندێك گۆڤار تایبەتمەند بوونە بەلایەنێك؛ لەوانە گۆڤارەکانی (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، (کشتوکاڵ)، (ئابووری زان)، تایبەت بوونە بە لایەنی ئابووری. هەگبەیەکی پڕ لەزانیاریان لەبارەی ڕەوشی کشتوکاڵی کوردستان تێدایە. هەروەها گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ) دەتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی بارودۆخی تەندروستی ناوچەکە بووە. بڵاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار) کە تەرخانکراوە بۆ جموجۆل و چالاکیەکانی سەندیکاکانی کرێکاران، لەباسی ڕەوشی کرێکاران سوودی زۆرمان لێبینیوە. گۆڤاری(ڕەنگین)یش جگەلەوەی دەولەمەندە بەزانیاری هەمەڕەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا گۆشەیەکی تایبەتی بەناوی(چار چی یە؟) هەیە، کەتێدا گوزارشتێکی جوانی کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی کردووە.

هەروەها لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئاشکرا، لەبەر سانسۆری حکومەت نەیتوانیووە گوزارشتێکی تەواوی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەلگاکەی بکات، بۆیە جارجارە پەنامان بردۆتە بەر گۆڤارە نهێنییەکانی لەو ماوەیەدا لەلایەن پارتەسیاسیە کوردیەکان لەشاخ دەردەچوون.

هەندێك لەبەڵگەنامە بڵاوکراوەکان و چاپکراوە حکومی و حیزبییەکان بەشێکی تری ئەو سەرچاوانەن کە لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێ بەستراوە. هەروەها سوود لەژمارەیەك نامەی ئەکادیمیش وەرگیراوە. لەپاڵ ئەو زانیارییانەی لەڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان وەرمانگرتووە، زۆرجار زانیارییەکان بەسەرچاوەی تری وەکو ژێدەر و کتێب پشت ڕاستکراونەتەوە.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، بەشێوەیەکی گشتی بەو دەرئەنجامە گەیشتووین، کە سەرەڕای کەموکوڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەهەندێك ڕووەوە، بەڵام دەتوانین بلێین ڕۆژنامەگەری ئەو سەردەمە دەکرێ ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژینەوە لەڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان.

## کورتکراوەی هێماکان

| | |
|---|---|
| لاپەڕە | ل |
| بەرگ | بگ |
| بەش | ب |
| وەرگێڕ | و |
| زایینی | ز |
| پەیامنێر | پ |
| ژمارە | ژ |
| بێ ساڵی چاپ | ب.س |
| بێ شوێنی چاپ | ب.ش |
| میلادی | م |
| عدد | ع |
| مجلد | مج |
| دون مكان طبع | د.م |
| دون تاريخ طبع | د.ت |
| دون مكان و تاريخ طبع | د.م.ت |

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| II | بەڵێنامە |
| III | پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار |
| IV | بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە |
| V | پێشکەشکردن |
| VI | سوپاس و پێزانین |
| IX- VII | پوختەی لێکۆڵینەوەکە |
| X | کورتکراوەی هێماکان |
| XII-XI | پێرست |
| ١-٦ | **پێشەکی** |
| ٧-٥٢ | **بەشی یەکەم: ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لەعێراق لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩١ دا** |
| ٧ | **تەوەری یەکەم: ڕۆژنامەوانی میری (حکومی)** |
| ٣١ | **تەوەری دووەم: ڕۆژنامەوانی پیشەیی/ تایبەتمەند** |
| ٤١ | **تەوەری سێیەم: ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن (زانکۆ و قوتابخانەکان)** |
| ٤٧ | **تەوەری چوارەم: ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ** |
| ٥٣- ١١٢ | **بەشی دووەم: ڕەوشی ئابووری باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانییەوە** |
| ٥٣ | **تەوەری یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری** |
| ٥٣ | أ- کشتوکاڵ و بەروبوومەکانی |
| ٦٤ | ب- ئاژەڵداری |
| ٦٨ | ت- گرفتەکانی کشتوکاڵ و جوتیاران |
| ٧٣ | **تەوەری دووەم: کەرتی پیشەسازی و پیشەگەری** |
| ٧٤ | أ- پیشەسازی و کارگەکان |
| ٨٤ | ب- پیشەگەری و پیشەسازییە دەستییەکان |
| ٩٣ | ت- هەلومەرجی کارو بارودۆخی کرێکاران |
| ٩٩ | **تەوەری سێیەم: کەرتی بازرگانی** |
| ٩٩ | أ- بازرگانی ناوخۆی باشووری کوردستان |
| ١٠٣ | ب- بازرگانی ناوخۆ لەگەل شارەکانی عێراق |

| | |
|---|---|
| پ- بازرگانی دەرەکی لەگەڵ وڵاتان | ١٠٤ |
| **تەوەری چوارەم: کەرتی گەشت و گوزارو خزمەتگوزاریی** | ١٠٨ |
| **بەشی سێیەم: ڕۆژنامەوانی و تێڕوانینی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان** | ١٧٥-١١٣ |
| **تەوەری یەکەم: گروپەکانی دانیشتوان و باری چینایەتی و هۆزایەتی** | ١١٣ |
| أ- گروپەکانی دانیشتوان | ١١٣ |
| ب- باری چینایەتی و هۆزایەتی | ١١٦ |
| **تەوەری دووەم: داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان** | ١٢٠ |
| أ- نەریتەکانی کۆمەڵگا | ١٢٠ |
| ١- بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان | ١٢٠ |
| ٢- مافەکانی ئافرەت | ١٢٣ |
| ٣- پەروەردەکرنی منداڵ | ١٢٨ |
| ٤- نەریتی ژنهێنان و بووک گواستنەوە | ١٣٢ |
| ٥- جەژن و بۆنەکان | ١٣٥ |
| ٦- جل و بەرگ | ١٣٩ |
| ٧- یاری و کات بەسەربردن | ١٤١ |
| ب- گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان | ١٤٥ |
| **تەوەری سێیەم: خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان** | ١٥٢ |
| أ- شارەوانی و داواکارییەکانی خەڵك | ١٥٢ |
| ب- خزمەتگوزاری تەندروستی | ١٥٧ |
| ١- نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان | ١٥٧ |
| ٢- نەخۆشی و گیروگرفتە تەندروستییەکان | ١٦٢ |
| ٣- چارەسەری میللی | ١٦٩ |
| **ئەنجامەکان** | ١٧٦ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | R١٧٩ |
| **پاشکۆکان** | A ٢٢٩ – A ٢١٩ |
| **پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی** | C –A |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی نووسراو بەتایبەت، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر دەگێڕن، لە گەشەپێدانی ڕۆشنبیریی و ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگە. بۆیە هەمەجۆری و دەوڵەمەندی بابەتەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان پێوەرێکی باشن بۆ خوێندنەوەی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان. هەروەها لەئەرشیفکردنی زۆر لایەنی شارستانی و مێژوویی هەر نەتەوەیەکیش دەورێکی بەرچاویان هەیە، کە بۆ سالأنی داهاتوو دەبنە سەرچاوەیەکی بەڵگەدار بۆ توێژەران. لەبەرئەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان زمانحاڵی سەردەمی خۆیانن، سەرەداوی زۆربەی گرفتەکانیان تێدا دەدۆزینەوە. بۆ لێکۆڵینەوەو شارەزابوون لەسەردەمێکی دیاریکراو دەبێت بۆ ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و بیرو بۆچوونی نووسەرەکانیان بگەڕێینەوە. زۆر لایەنی شاراوە هەیە کە مێژوونووسان و نووسەران باسیان نەکردووە، ڕۆژنامەکان بەگرنگیەوە لەبارەیەوە دواون. هەروەها زۆر هەلوێستی گرنگ دەدۆزینەوە بۆ سەردەمی ئێستا گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە.

لەلایەکی تر، لە ڕۆژگاری ئێستادا هەوڵدەدرێت لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەوچوارچێوە دەربهێنرێت، کەمێژوو تەنها بریتی بێت لەمێژووی سیاسی، بەڵکو لێکۆڵینەوەکان هەموو لایەنێکی ژیانی مرۆڤ: ئابووری، کۆمەلأیەتی، فەرهەنگی و کەلتوری بگرێتەخۆ، بۆسوود لێوەرگرتنیان لەژیانی ڕۆژانە. دیارە ڕۆژنامەگەریش ئامرازێکی یارمەتیدەرە لەم بوارەدا.

ڕۆژنامەگەری کوردی وەکو مێژووە سیاسییەکەی پڕە لەهەوراز و نشێو. هەرکاتێك ئازادی و نیمچە ئارامییەکی بۆ ڕەخسابێت، ڕۆلی خۆی لەبەرەوپێشبردنی گەڵەکەیدا بینیوە و ئاستی ڕۆشنبیریی کوردی لەهەڵکشان و بەرەو ژووردا بووە. بەپێچەوانەشەوە، هەرچەندە ئازادی لێزەوتکرابیٚ و نووسەرانی تەنگیان پێهەلچنرابیٚ، ئەوەندە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان داخراون و ڕۆژنامەگەری کوردی دواکەوتووە.

**هۆکاری هەلبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:** هەرچەندە سانسۆر لەسەر ڕۆژنامەگەری توند بووە، بەتایبەت لەڕووی سیاسییەوە، بەلأم ڕۆژنامەکان توانیبوویان تاڕادەیەکی باش گوزارشت لەڕەوشی ئابووری و کۆمەلأیەتی کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمە بکەن. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر گرنگی ئەم ماوە مێژووییەی باشووری کوردستان، کە دوو لەڕووداوە سیاسییە ناوخۆیی و هەرێمییەکان، ڕەنگدانەوەیان بەسەر بارودۆخی هەمەلایەنەی ناوچەکە بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەبووە. ئەوانیش؛ یەکیان سەردەمی دەسەلأتداریەتی سەدام حوسێن(١٩٧٩– ٢٠٠٣) و توند بوونی سیاسەتی حکومەتی بەعس بوو لەکوردستاندا. ئەوی تریان جەنگی عێراق و ئێرانە. جگە لەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم ماوەیە گەورەترین بەشی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی پێکدەهێنن. هەروەها کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی کۆمەڵدا بەجێهێشتووە، لە هەوڵی بەمەدەنی کردنی تێکڕای بوارەکانی ژیان. ئەمانەش لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی نەخراونەتە بەرباس.

**سنووری لێکۆڵینەوەکە**، لەڕووی زەمەنەوە ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەلأیەتییەی باشووری کوردستانی خستۆتەڕوو، کە لەڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرای عێراقدا تەژی کراون، لەماوەی نێوان سالأنی ١٩٨٠– ١٩٩١ دا. بێگومان سنووری لێکۆڵینەوەکە گرنگی خۆی هەیە، چونکە دەکەوێتە نێوان دوو ڕووداوی گرنگ، کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتی ناوچەکە

هەبووە؛ سەرەتاکەی کە هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێران و سەرەتاکانی سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سەدام حوسێن لەعێراقدا. کۆتاییەکەشی بەڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ و ئازادکردنی زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق کۆتایی دێت. بۆ ئەوەی لەمەبەستی سەرەکی ناونیشانی کارەکەمان دەرنەچین، لەسەرجەم بەشەکان تەنیا ئەم بابەتانە خراونەتەڕوو، کەجێگای سەرنج و قسەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بوونە. واتە بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان پێوەری سەرەکی ئێمە بوونە لەهەلبژاردنی ئەو سەرەباسانەی دامنناون. لەوانەیە هەندێك بابەت هەبووبێت کەممان لەبارەوە نووسیبێت، یان خۆمان لەهەلبژاردنی بەدوورگرتبێت، لەبەر ئەوەبووە کە لەڕۆژنامەکاندا لەبەر هەرهۆیەك بێت باسی نەکراوە. لەو کاتانەدا ئێمە ڕۆژنامەکانمان ڕووبەڕووی ڕەخنە کردۆتەوە.

لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە بەشێوەیەکی ورد سەرنج خراوەتە سەر پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك)، ئەمەش لەبەر ئەوەی دەسەڵات لەهەموو کاتێك ڕێگەی بەڕۆژنامەنووسانی کورد نەدەدا لەسەر ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بنووسن. بەڵام لەڕێگەی سەرچاوەی دیکە جاروبار باسمان لەکەرکوك و ناوچە کوردییەکانی دیکەش کردووە. بۆئەوەی لەگەڵ ناونیشانی باسەکە بێتەوە، کە باشووری کوردستانە.

**ئامانجی لێکۆلینەوەکە**، بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی و هەڵوێستی لەهەمبەر پێشهات و گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی باشووری کوردستان بەگشتی؛ بەوجۆرەی بزانین تا چەندە نووسەرەکانیان چوونەتە نێو کۆمەڵ و تێکەڵ بەژیانی خەڵك بوونەو لەگەڵ پرس و خەمەکانیان ژیاون. هەروەها دۆزینەوەی گرفتە سەرەکیەکانی دانیشتوانی باشووری کوردستان لەم ماوەیەدا. بۆئەوەی لەکۆتاییدا ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەم ماوەیە بکەینە سەرچاوەو شایەدحاڵ لەپێناو وێناکردنی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان لەماوەی دیاریکراودا. هەرچەندە لەماوەی ١٩٨٠–١٩٩١ دا ڕۆژنامە کوردییە ئاشکراکان لەباشووری کوردستان نەیانتوانیوە یان بۆیان نەلواوە خاوەنی ڕێبازێکی تایبەتبن و گوزارشتێکی ڕاستەقینەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی میللەتەکە بکەن. لەخوێندنەوەو وردبوونەوە لێیان درك بەو ڕاستیە دەکەین، کە ڕۆژنامەنووسان زۆریان لەهەگبە بووەو کەمێکیان درکاندوە، لەگەڵ ئەمەش زۆرجار تووشی گرفت و کێشەبوون. بەڵام هەرچۆنێك بێت لەدوای نسکۆی شۆڕشی کورد لەکوردستانی عێراقدا لەساڵی ١٩٧٥، لەبەرئەوەی پارتێکی سیاسی کوردی/ ئاشکرا نەبووە لەپێناو خواست و ئارەزووەکانی کورد کۆشش بکات، ئەمان بوونەتە زمانحاڵی نەتەوەی کورد، بەتایبەت هەوڵیانداوە لەو ڕێگەیەوە کەمێك لەو ئازارو ناڕەحەتیەی میللەتەکە کەم بکەنەوە.

**ڕێبازی لێکۆلینەوە:** لەتوێژینەوەیەکی لەم جۆرەدا پێویست دەکات لەچوارچێوەی ڕێبازی لێکۆلینەوەی مێژوویيدا پەنا ببرێتە بەر شێوازی پێکهاتەیی(اسلوب الترکیبی)، بۆئەوەی لەڕێی کۆکردنەوەی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان لەسەر بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی، وێنایەکی گشتی بارودۆخی ئەو دوولایەنەی ناوچەکە بکەین. سەرباری ئەمەش ناکرێ دەستبەرداری شێوازەکانی(شیکاری و کرۆنۆلۆژی)بین، چونکە زۆر پێویستە کەشیکاری مێژوویی و وتارەکانی ڕۆژنامەوانی بکەین و هەروەها بەشێوازێکی کرۆنۆلۆژیانە هەندێ لەگۆڕانکاریەکان بخەینەڕوو.

**ئاستەنگ و گرفتەکانی لێکۆلینەوە:** بەدەستهێنانی سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و وردبوونەوە لێیان، لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆری دەوێت. لەلایەکی تریش بەشێك لەبڵاوکراوەکانی ئەم

ماوەیە لەکتێبخانە گشتییەکان نەپارێزراون و ئەرشیف نەکراون. بۆیە دوای زەحمەت و ماندوبوونێکی زۆر لەگەڕان و سۆراغ و تکاکردن لەو بەڕێزانەی خاوەن ئەرشیف و کتێبخانەی تایبەتین، توانیمان زۆربەی زۆریان بەردەست بخەین. هەروەها بەگشتی ئەو زانیارییە وردانەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە وەشاندویانە، ڕووبەڕووی گرفتی کەمی سەرچاوەی هاوشێوەیان کردینەوە. بەتایبەت لەوکاتانەی باسی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیمان کردووە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەپێشەکی و سێ بەش و دەرئەنجام پێکهاتووە. بەشی یەکەمی بریتییە لە پانۆرامایەکی مێژوویی ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان، کە وەکو دەروازەیەکی لێکۆلینەوەکە وایە، تێیدا بارودۆخی ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرای ساڵانی (١٩٨٠– ١٩٩١) مان لەعێرقدا خستۆتەڕوو. وەك ئاسانکارییەك بۆ تێگەیشتن لێیان، بەپێی ناوەندەکانی دەرچوونیان دابەشی سەر تەوەرەکانی (ڕۆژنامەوانی میری، ڕۆژنامەوانی پیشەیی، ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن، ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ) کراون. تیشك خراوەتە سەر ناوەندەکانی دەرکردنیان، مێژوو چۆنێتی دەرچوونیان و خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانیان. قەبارەو ژمارەی لاپەڕەکانیان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان بەشێکی تری باسەکانی ئەو بەشەن.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ ڕەوشی ئابووری باشووری کوردستان لەڕوانگەی ڕۆژنامەکانەوە. هەر لەسۆنگەی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان لەتەوەری یەکەمدا باس لەکشتوکاڵ و بەروبوومەکانی کراوە، وەکو پێگەیەکی سەرەکی ئابووری کوردستان. تیشك خراوەتە سەر هەلوێستی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی و کاریگەریان لەسەر کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە، سیاسەتەکانی حکومەت بەرامبەر بەم کەرتە. هەروەها ئاژەڵداری و پرۆژە پەلەوەرییەکان، ژمارەیان و تواناکانی بەرهەمهێنانیان خراونەتەڕوو. باس لەو گرفتە کشتوکاڵیانەش کراوە، کە لەڕۆژنامەکاندا ڕەنگی داوەتەوەو ڕووبەڕووی جوتیاران بۆتەوەو هەراسانیانی کردوون. لەتەوەری دووەم باس لە پیشەسازی و پیشەگەرییەکان دەکەین. سەرەتا کارگە پیشەسازییەکان دەخەینەڕوو، بەتایبەت سێکتەرەکانی پیشەسازییەکانی کەرەستەی بیناسازی، پیشەسازییە خۆراکییەکان و خواردن و خواردنەوەو جگەرە، پیشەسازییەکانی چنین و جل و بەرگ. ئینجا ڕەوشی پیشەگەری و پیشەسازییە دەستییەکان دەخەینەڕوو. دواتریش هەلومەرجی کارو بارودۆخی کرێکاران دەخەینە بەرباس. تەوەری سێیەم سەبارەت بە کەرتی بازرگانییەو بازرگانی ناوخۆو دەرەوە دەگرێتەوە، هاوکات لەگەڵ کاریگەرییەکانی جەنگی عێراق و ئێران لەسەر جوولەی بازرگانی و دەرکردنی دراوی نوێی عێراقی و دیاردەی قۆرخکاری و گرانی بازاڕ. لەتەوەری چوارەم سەرنج دەخەینە سەر کەرتی گەشت و گوزارو خزمەتگوزارییەکان.

بەشی سێیەم تیشك دەخاتە سەر تێڕوانینی ڕۆژنامەکان بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان. تەوەری یەکەم گروپەکانی دانیشتوان و باری چینایەتی و هۆزایەتی، بەپێی وتارە ڕۆژنامەوانیەکان لەئامێز دەگرێت. تەوەری دووەمی سەبارەت بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، کەبوونەتە جێگای سەرنجی نووسەران و باسەکانی: بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، مافەکانی ئافرەت، پەروەردەکردنی منداڵ، نەریتی ژنهێنان و بووك گواستنەوە، جەژن و بۆنەکان، جل و بەرگ و یاری و کات بەسەربردن نمایش دەکات. لەهەمان کاتدا گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە.. تەوەری سێیەم لەڕەوشی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو شارەوانی و تەندروستی دەکۆڵێتەوە. نەخۆشخانەو

بنکە تەندروستییەکان و نەخۆشییە بڵاوەکان و گیروگرفتە تەندروستییەکان، گرنگترین باسەکانی ئەم تەوەرەیەن و وتارگەلێکی زۆریان لەبارەوە نووسراوە. ئەمەش لەبەرئەوەی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان لەم لایەنانەوە لەبەرامبەر کێشەو کەمی خزمەتگوزارییەکان، سەکۆی گەیاندنی داواکارییەکانی خەڵك بوونە، جگە لەدەرخستنی هەوڵەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی ئەم پێداویستیانە. کۆتایی ئەم بەشەش بۆ ئەو چارەسەرە میللیانە تەرخانکراوە، کە لەنێو کۆمەڵگەدا باوبوونەو کەوتوونەتە بەر تیشکی بیرکردنەوەی نووسەران، کە لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە هەولیانداوە بەرچاو ڕوونی زیاتر بخەنە بەرچاوی خەڵك، بەتایبەت بەرامبەر هەندێك لەو چارەسەرییانەی کە بەهیچ جۆرێك لەزانستی نۆژداریدا جێگایان نابێتەوە.

**سەرچاوەکانی لێکۆلینەوە:** سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییە ئاشکراکانی ئەو ماوەی عێراق کە لەبەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو، سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن. لەڕێگەی ئەوانەوە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی باشووری کوردستانمان نیشانداوەو شرۆڤە کردووە. لەنێو ڕۆژنامەکاندا هەندێکیان زیاتر پشتیان پێ بەستراوە، لەبەرئەوەی پەیامنێریان لەسەرجەم شارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا هەبووە، لەڕێگەیەوە هەواڵ و زانیاری وردی ناوچەکەیان خستۆتەڕوو. جگە لەوەی پەیامنێرەکانیان کارگەو پرۆژەو خاوەن پیشەکانیان بەسەرکردۆتەوە، بەهۆیەوە وێنەیەکی ڕەوشی ئابووری ناوچەکەیان نیشانداوە. لەهەمان کاتدا نووسەرەکانیشیان هەوڵیانداوە هەموو بابەتە کۆمەڵایەتییە زیندووەکانی کۆمەڵگەکەیان بخەنە سەر رووپەڕی ڕۆژنامەکان و پرس و کێشەکانی دانیشتوان دەست نیشان بکەن. لەو ڕێگەیەشەوە خەڵك هۆشیاربکەنەوەو ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵیش بەرزبکەنەوە. لەلایەکی تر گۆشەو لاپەڕەی تایبەت بەکێشەکانی هاوڵاتیانیان هەبووە، کە لەڕێگەیەوە هاوڵاتی سکاڵاو داواکارییەکانی بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزدەکردەوە. هەریەکە لە ڕۆژنامەکانی: (هاوکاری)، (ئاسۆ)، (عیراق)، (براڤ)، ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەیان هەبووە.

گۆڤارو بڵاوکراوەکانیش ڕۆڵیان لە ڕۆژنامەکاندا کەمتر نەبووە، بەتایبەت هەندێك گۆڤار تایبەتمەند بوونە بەلایەنێك؛ لەوانە گۆڤارەکانی (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، (کشتوکاڵ)، (ئابووری زان)، تایبەت بوونە بە لایەنی ئابووری. هەگبەیەکی پڕ لەزانیاریان لەبارەی ڕەوشی کشتوکاڵی کوردستان تێدایە. هەروەها گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ) دەتوانین بڵێین ڕەنگدانەوەی بارودۆخی تەندروستی ناوچەکە بووە. بڵاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار) کە تەرخانکراوە بۆ جموجۆڵ و چالاکیەکانی سەندیکاکانی کرێکاران، لەباسی ڕەوشی کرێکاران سوودی زۆرمان لێبینی. گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی) کە هەواڵ و چالاکیەکانی هەردوو ئەنجوومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بڵاودەکردەوە، سوودی زۆرمان لەمەحزەرو دانیشتنەکانی ئەو دوو ئەنجوومەنە بینیوە. گۆڤاری(ڕەنگین)یش جگەلەوەی دەولەمەندە بەزانیاری هەمەڕەنگ، لەگەڵ ئەوەشدا گۆشەیەکی تایبەتی بەناوی(چار چی یە؟) هەیە، تێیدا گوزارشتێکی جوانی لەکێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکە کردووە، کە هاوڵاتی بەتایبەت ئافرەتان کێشەکانی خۆیان تێدا خستۆتەڕوو داوای چارەسەرییان لەدەستەی ڕۆشنبیرانی گۆڤارەکە کردووە. گۆڤاری(نەورۆزی عێراق) ئەگەرچی گۆڤارێکی ڕێکلامی بازرگانی بوو، بەڵام لەهەندێك بابەتی ئابووری سوودی لێوەرگیراوە. هەروەها گۆڤارەکانی(کاروان، ڕۆژی کوردستان، ڕۆشنبیری نوێ)یش بەگشتی بۆ بەشی کۆمەڵایەتی توێژینەوەکە سوود بەخش بوون. شایەنی ئاماژە بۆکردنە بەشێك لەگۆڤارەکان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرچوونە. بەشێوەیەك کراونەتە دوو بەش: بەشی کوردی و بەشی عەرەبی. ئێمەش لەوکاتانەی

سوودمان له بابەتەكانی بەشە كوردیەكەی وەرگرتووە، لەپەراوێزەكاندا تەنها ئاماژەمان بەناونیشانە كوردییەكەی گۆڤارەكە كردووە، بەڵام لەوكاتانەی سوودمان لەبابەتە عەرەبییەكان وەرگرتووە، لەبەرئەوەی ناونیشانە سەرەكییەكانیان كوردین، ئاماژەمان بە هەردوو ناونیشانە كوردی و عەرەبیەكەی گۆڤارەكە كردووە.

لەبەرئەوەی ڕۆژنامەنووسی كوردی ئاشكرا، لەبەر سانسۆری حكومەت نەیتوانیوە گوزارشتێكی تەواو ڕاستەقینەی بارودۆخی ئابووری و كۆمەڵایەتی كۆمەڵگاكەی بكات، بۆیە جارجارە پەنامان بردۆتە بەر گۆڤارەنهێنییەكانی لەو ماوەیەدا لەلایەن پارتەسیاسیە كوردیەكان لەشاخ دەردەچوون. كە لەدوای ڕاپەڕین لەچەند بەرگێكدا جارێكی دیكە بلاْوكراونەتەوە. وەكو گۆڤارەكانی(كۆمەڵە)ی كۆمەڵەی ڕەنجدەرانی كوردستان، (ڕزگاری) دەنگی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان. كە لەپرۆژەیەكی هاوبەشی بنكەی ژین و ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیرانی(ی.ن. ك) چاپكراونەتەوە.

هەروەها هەندێك لە بەڵگەنامە بلاْوكراوەكان، لەباسی خستنەڕووی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان سوودیان لێوەرگیراوە. بەتایبەتی ئەو بەڵگەنامانەی بەناوی (قرارات مجلس قیادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد و كوردستان)، كە لەلایەن هەریەكە لە(د. جبار قادر، طارق جامباز) ئامادەكراوەو بلاْوكراوەتەوە. لەو بەڵگەنامانەش زیاتر سوودمان لەبڕیارەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش/ عێراق وەرگرتووە. لەگەڵ هەندێك بەڵگەنامەی تر كە لەڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا بلاْوكراونەتەوە، سەبارەت بە سوپاس و پێزانین و دانپیدانان بە چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك وەكو بلاْوكراوەیەكی زانستی. بەڵگەنامەكانی سیاسەتی حكومەتی عێراق بەرامبەر بەهۆزەكوردییەكان و هاوكاری جاشەكان بۆ پێشمەرگە، سوودیان لێوەرگیراوە، ئەویش لەڕێی كتێبی(سیاسەتی حكومەتی عێراق لەكوردستان لەسایەی بەلگە نامە فەرمیەكاندا ١٩٧٥-١٩٨٨)ی عەلی تەتەر نێرەویی.

چاپكراوە حكومی و حیزبیەكان بەشێكی تری ئەو سەرچاوانەن كە لەم توێژینەوەیەدا پشتیان پێ بەستراوە. لە چاپكراوە حكومیەكان بەگشتی زیاتر سوود لەئامارە فەرمییەكانی وەزارەتی پلاندان وەرگیراوە؛ كە بەناوی(الجمهوریة العراقیة، وزارة التخطیط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الأحصائیة السنویة) بلاْوكراونەتەوە. لەگەڵ چاپكراوەكانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی كوردستان، بەناوی(الجمهوریة العراقیة، المجلس التنفیذي لمنطقة كردستان، التقریر السنوي)، كە ئاماری پرۆژەو چالاكیەكانی ئەو ئەنجومەنەی تێدا بلاْوكراوەتەوە. سەبارەت بەچاپكراوە حیزبیەكانیش، سوود لەچاپكراوەیەكی پارتی دیموكراتی كوردستان وەرگیراوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە تێڕوانینی ئەو حیزبەوە هەبووە بەرامبەر بەیاساكانی چاكسازی كشتوكاڵی، بەناوی(مشكلة الارض و واقع الزراعة في كوردستان العراق).

هەروەها سوود لەژمارەیەك نامەی ئەكادیمی وەرگیراوە. لەنێویاندا ( محسن ابراهیم احمد- واقع القطاع الزراعی في أقلیم كردستان العراق وسبل تنمیة خلال المدة ١٩٧٤- ١٩٩٣)، (خلیل محمد حسن- واقع الزراعة في أقلیم كردستان العراق للفترة ١٩٨٥- ١٩٩٠)، (ناهدة أحمد محمود- دراسة امكانیات منطقة كردستان لحكم الذاتی ودورها في تحقیق الأمن الغذائی في العراق)، ئەمانە كە هاوچەرخی توێژینەوەكەن، لەڕووی ئابوورییەوە بۆ كەرتی كشتوكاڵی ناوچەكە بەگشتی سوودبەخش بوون. هەروەها (نوزاد محمد حسن- واقع و آفاق التنمیة الصناعیة في منطقة كردستان للحكم الذاتی)، (محمد شاكر

محمود- الصناعات الإنشائية في محافظة السليمانية)، بۆکەرتی پیشەسازی زانیاری بەسودیان لێوەرگیراوە.

لەپاڵ ئەو زانیارییانەی لەڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان وەرمانگرتوە. زۆرجار زانیارییەکان بەسەرچاوەی تر پشت ڕاستکراونەتەوە. کە جگە لەو سەرچاوانەی ناومان هێنان، سوود لەژمارەیەك ژێدەرو سەرچاوەی کتێب وەرگیراوە. وەکو: کتێبی(جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق)، کە کۆمەڵێك توێژینەوەی زانستی ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆن. کتێبی(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق)ی هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین. کتێبی(ئابووری کوردستان ١٩٧٧-١٩٩٠)ی سەلاحەدین حەفید، کە لەڕووی ئابوورییەوە زانیاری گرنگیان سەبارەت بە ماوەی توێژینەوەکەی ئێمە لەخۆ گرتوون. هەروەها کتێبەکانی عەبدوڵڵا غەفور(جوگرافیای ئابووری نەفت، جوگرافیای باشووری کوردستان، جوگرافیای دانیشتوانی باشووری کوردستان) گرنگ بوون بۆ بەشی ئابووری و کۆمەڵایەتی توێژینەوەکە، بەتایبەت لەڕووی پێکهاتەو ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان. هەروەها کتێبی(شاکر خصباك- العراق الشمالي: دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)، کە بەچڕی باسی لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئتنی باکووری عێراق کردووە.

هەریەکە لە کتێبەکانی(ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی) جەمال خەزنەدار، (ڕابەری ڕۆژناگەری کوردی ئازاری ١٩٧٥- ١٩٩٣)ی ئیسماعیل تەنیا، (فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق ١٨١٦-٢٠٠٠)ی حەسەن بارام، (ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان)ی ڕێناس نەوڕۆزی، بۆ بەشی یەکەمی توێژینەوەکە لەخستنەڕووی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان جاروبار پەنامان بۆ بردوون، بەتایبەت لەو کاتانەی نەمانتوانیوە سەرجەم ژمارەکانیان بەردەست بخەین. هەلبەتە هەندێك لەگۆڤارە نوێیەکانی ئەم ساڵانەی دوایی و چاوپێکەوتنەکانیش لەگەڵ ئەو کەسانەی پەیوەست بوون بەبابەتی خوازراو، لەسەرچاوەکانی تری ئەم توێژینەوەن.

لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە هەوڵی زۆری بۆدراوە، بەلام لەهەڵەو کەم و کوڕی بەدەر نییە. سەرەڕای ئەمەش هیوادارین بەم هەوڵەمان توانیبێتمان بەدەرخستنی ڕۆڵی مێژوویی ڕۆژنامەنووسی کوردی ئاشکرا، خزمەتێکی مێژووی نەتەوەی کوردو کتێبخانەی کوردیمان کردبێت.

## بەشی یەکەم: ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لەعێراق لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩١ دا

### تەوەری یەکەم: ڕۆژنامەوانی میری (حکومی)

### تەوەری دووەم: ڕۆژنامەوانی پیشەیی/ تایبەتمەند

### تەوەری سێیەم: ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن (زانکۆ و قوتابخانەکان)

### تەوەری چوارەم: ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی یەکەم: ڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا لەعێراق لەسالآنی ١٩٨٠- ١٩٩١ دا

مەبەست لەڕۆژنامەوانی کوردی ئاشکرا ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بلأوکراوە کوردیانەیە، کە بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن دامەزراوە حکومییەکان خۆیانەوە، یان بەئاگاداری و مۆلەت پێدانی ئەوان دەردەچوون. لەبەرئەوەی هیچ کەس و لایەنێك نەیاندەتوانی بەبێ وەرگرتنی مۆلەتی فەرمی لە(بەڕێوبەرایەتی چاودێری چاپەمەنیەکان)ی سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی حکومەت، ڕۆژنامەو گۆڤار دەربکەن و بلأوی بکەنەوە. وا لێرە بەدوا بەکورتی باسی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤار و بلأوکراوانە دەکەین کە لەماوەی دیاریکراودا دەرچوون. ئەویش بەپێی ئەو لایەنانەی کە دەریانکردوون پۆلینیان دەکەین:ـــ

### تەوەری یەکەم: ڕۆژنامەوانی میری ( حکومی ):

ڕۆژنامەوانی میری ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییەیە، کە لەلایەن یەکێك لەفەرمانگە حکومییەکانەوە دەردەچێت، یان لەلایەن ئەوانەوە پاڵپشتی دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەوانی میری بەزۆری لەپایتەخت، یان لەشارە گرنگەکاندا بلأودەبێتەوەو لەسەرانسەری ولآتدا دەبەخشرێتەوە، ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییە زیاتر لەو ولآتانەی کەدەسەلآتێکی سیاسی تۆتالیتاری, یان ناوەندیان هەیە پەرەدەسەنێت[(١)].

سەرەتای ڕۆژنامەوانی کوردی حکومی لەباشووری کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤- ١٩١٨)[(٢)]. لەماوەی توێژینەوەکەی ئێمە ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە بە گۆڤاری (بەیان-١٩٦٩) دەستپێدەکات، کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراقەوە دەردەچوو. بەلأم ڕێکەوتنامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠[(٣)]هەنگاوێکی مەزن بوو بۆ گەشەسەندنی ڕۆژنامەوانی کوردی[(٤)]. چونکە لەدوای ئەم ڕێکەوتنامەیە ڕۆژنامەوانی کوردی بەگشتی پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە بینی کەپێشتر وێنەی نەبوو. بۆ یەکەمین جار لەمێژووی عێراقدا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەو

---

(١) د. کازم موعتەمید نەژاد و ئەوانی تر، جیهانی سێیەم و گەڕان بەدوای ڕۆژنامەوانی ئازاد دا، و: د. هیمداد حوسێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی, ٢٠٠٣, ل ٩٧.

(٢) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە: کمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل١٠١-١٠٣؛ فاروق عەلی عومەر، ڕۆژنامەگەری کوردی لە عێراقدا، بەراییەکان(١٩١٤-١٩٣٩)، و: تاریق کارێزی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٣١-١٣٣؛ محەمەد دلێر ئەمین میسری، ڕۆژنامەنووسی کوردی و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەلآتی سیاسی کورددا لەمێژووی هاوچەرخدا(١٩٢٢-١٩٢٤)، چاپخانەی ئۆفسێتی ژیر، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥٣.

(٣) ئەو ڕێکەوتنامەیە لە شەوی (١٠- ١١)ی ئاداری ١٩٧٠ لەنێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراق واژۆکرا، ڕۆژی ١١ی ئادار لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر (سەرۆك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) دەقی ڕێکەوتنامەکە لەتەلەفزیۆن و ڕادیۆی بەغدا خوێندراوە، کە بەڕێکەوتنامەی ١١ی ئادار ناسراوە، بەپێی ئەو ڕێکەوتنامەیە حکومەتی عێراق دانی نا بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لەعێراقدا. بڕوانە مەسعود بارزانی، بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بگ٣، ب٢، چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٤١- ٤٣.

(٤) ئازاد عوبێد ساڵح، کاریگەریی شۆڕشی ئەیلوول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی لەباشوری کوردستاندا ١٩٦١- ١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٧, ل١٥١.

گۆڤاری کوردی دەرچوون، کە بۆماوەیەکی درێژبەردەوام بوون و بەتەواوی لەسەر بودجەی حکومەت بوون. هەروەها ڕۆژنامەنووسانی کوردی بەتوانا کاریان تێدا دەکرد. ئەو ڕۆژنامانە خزمەتی زۆری کەلتوری کوردیان کردووە، بۆیە سەرچاوەکان ماوەی نێوان (١٩٧٠- ١٩٩١) بەباشترین ساڵانی ڕابردووی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەعێراق دادەنێن. تەنانەت نسکۆی ساڵی ١٩٧٥یش نەبووە نووشست لەبواری ڕۆژنامەگەری کوردیدا، ئەگەرچی چەندین قەڵەم بەدەستی بەتوانای لەدەستدا بەهۆی ئاوارەبوونیان بۆ وڵاتانی دراوسێ"[1]. لەماوەی ئاماژە بۆکراودا ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاری میری دەرچوون, ئێمەش لێرەدا بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی لەدوای یەك بەبێ جیاکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوەکان، لێیان دەکۆڵینەوە.

أ- گۆڤاری (بەیان):

گۆڤارێکی وێژەیی هونەری بوو، سەرەتا وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەبەغدا مانگی جارێك بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) دەریدەکرد. ژمارە (١)ی لەتشرینی دووەمی ١٩٦٩ بە (٣٢) لاپەڕەو قەبارەی(٢٢×١٩سم)، لە چاپخانەی (دار الجمهورية) لەبەغدا چاپکرا. سەرنووسەری ئەکرەم فازڵ (دکتۆر)، سکرتێری نووسین جەلال میرزا کەریم بوو[2]. بەیان بە بەتەمەنترین گۆڤاری کوردی دادەنرێت لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا[3]. چونکە تاوەکو ساڵێك پێش ڕووخانی دەسەڵاتی حیزبی بەعس لەبەغدا(٩/ ٤/ ٢٠٠٣) بەردەوام بوو[4]. لەماوەی ئەم توێژینەوەیەدا (١٠٨) ژمارەی لێ دەرچووە؛ لەژمارە (٥٩)ەوە کە لەشوباتی ١٩٨٠ دەرچوو، تاوەکو ژمارە (١٦٧)ی لەساڵی ١٩٩١[5]. لەو ماوە درێژەی تەمەنی ،(بەیان) گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە. لەڕووی دروشمی گۆڤارەکەو سەرچاوەی دەرچوونی و دەستەی نووسەرانیەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

لەڕووی دروشمەوە، گۆڤارەکە لە ژمارە(١ تا ٢٥)ی گۆڤارێکی وێژەیی و هونەری و گشتی بوو. لە ژمارە (٢٦ تا ٥٨) گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی بووە. لەژمارە (٥٩)ەوە ئیتر دەقی گرتووەو بووەبە گۆڤارێکی ئەدەبی. سەبارەت بەسەرچاوەکانی دەرچوونی گۆڤارەکەش، لە ژمارە (١تا ١٣)ی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەوە دەردەچوو. لە ژمارە (١٤ تا ٢٥)ی لەلایەن (دەزگای هاوکاری بۆ

---

(١) ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، ئەدەبی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەغدا ١٩٧٠- ١٩٧٤ قۆناغێکی نوێ ، چاپخانەی ئیلاف، بەغدا, ٢٠٠٥, ل٦٩- ٧٠؛ وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری, هەولێر, ١٩٩٨, ل ٢٠- ٢١؛ ڕەمزییە سابیر محەمەد, دیاردەی ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراقدا, ١٩٧٠- ١٩٧٤, زمانی شیعرو چیرۆك و کێشەی ڕێنوسیان, تێزی دکتۆرا, زانکۆی سەلاحەدین_هەولێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠٠٢, ل٢٠٥- ٢٠٧.

(٢) بڕوانە: گۆڤاری (بەیان), ژ (١)، تشرینی دووەم, ١٩٦٩.

(٣) حەمە ساڵح فەرهادی, چەند لایەنێکی ڕۆژنامەنووسی کوردی, چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا, ١٩٨٨, ل٧٥.

(٤) ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، س.پ , ل٩٠.

(٥) بڕوانە: گۆڤاری (بەیان)، ژ(٥٩)، شوبات، ١٩٨٠؛ ژ(١٦٧)، زستانی ١٩٩١.

**چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کوردی)[١] دەردەچوو. لەژمارە (٢٦)ەوە تاوەکو وەستانی ئیتر (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)[٢] دەریدەکرد[٣]. سەرنووسەرەکانی لەماوەی توێژینەوەکەدا بەم شێوەیە بوو؛ سەرەتا(ئیسماعیل ڕەسول ئەحمەد)[٤]، دواتریش هەریەکە لە (موسلیح مستەفا جەلالی)[٥] و (فوئاد حوسێن ئەحمەد) بوون[٦].**

**شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ژمارە (١٦٧)ی گۆڤاری بەیان بەیەك بەرگ لەگەڵ ژمارە (١٢٧)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) لەساڵی ١٩٩١ دەرچوون[٧]. ئەمەش بە هۆی گرفتی کەمی کاغەزو چاپەمەنی بووە، هەر بۆیەش هەردوو گۆڤارەکە بۆماوەیەك لەدەرکردنی ژمارەی نوێ دواکەوتبوون. بەڵام بۆ ئەوەی بەردەوامی بەم کاروانەی ڕۆشنبیری کوردی بدرێت، لەبەر ئەوەی هەردووکیان لەیەك دەزگاوە دەردەچوون کە (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی) بوو، بۆیە هەردوو ژمارەی گۆڤارەکان بەیەك بەرگ دەرکران.**

**گۆڤاری (بەیان) لەماوەی توێژینەوەکەی ئێمەدا نزیکەی (١٠)ژمارەی تایبەتی لێ دەرچووە[٨]. لەزۆربەی ساڵە بەراییەکانیشیدا توانراوە، ساڵانە دوازدە ژمارەی لێ بڵاوبکرێتەوە. هەروەها گۆڤارەکە بەژمارەی لاپەڕەی جیاوازیش دەرچووە، کە لەنێوان (٣٢ تا ١٠٠) لاپەڕەبووە. لەسەر بەرگی زۆربەی**

---

[١] ئەم دەزگایە بەپێی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٧٢لە بەغدا دامەزرا، سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بوو. بڕوانە: ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید, س.پ ، ل٨٨.

[٢] ئەم دەزگایە لەڕۆژی ٤ی نیسانی ١٩٧٦دامەزرا، لەئەنجامی یەکگرتنی هەردوو دەزگای هاوکاری و بەڕێوبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی. بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ (٥٨٢)، ٩ی نیسانی،١٩٨١، ل٣.

[٣] مستەفا نەریمان، بیبلۆگرافیای گۆڤاری بەیان لە ژ(١)ی ساڵی١٩٦٩وە تا ژ(٨١)ی تەمووزی ١٩٨٢، گۆڤاری (بەیان)، ژ (٩٢)، تشرینی دووەم, ١٩٨٢،ل ٢-١٠.

[٤] لەساڵی ١٩٢٨ لەهەولێر لەدایك بووە، لەشارەکانی ڕەواندز و کۆیەو هەولێر تا دوا پلەی ئامادەیی خوێندووە. دواتر کۆلێژی زمانی بەشی زمانی ئینگلیزی لە بەغدا تەواو دەکات، ساڵی١٩٧٤ بووە بەئەندامی یەکەم خولی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەهەولێر. دوای تەواوبوونی خوولی ئەنجومەنەکە بوە بەپارێزگاری هەولێر. دواجار بوە بە بەڕێوبەری گشتی دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، لە١٩٩١/٦/٧ بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالرزاق بیمار، بیرەوەری خوا لێخۆشبوو ئیسماعیل ڕەسول، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٣٩)، ساڵی١٩٩٧، ل٨٠.

[٥] لەساڵی ١٩٣٦ لەکەرکووك لەدایك بووە، لەساڵەکانی حەفتاوە لەبواری ڕۆژنامەوانی کاریکردووە، لە ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩٠) سەرپەرشتیاری گشتی و پاشان سەرنووسەری گۆڤاری (بەیان) بووە. لەهەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) و سکرتێری نووسینی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بووە. لەساڵانی (١٩٨٧-١٩٩٠) سەرنووسەری گۆڤاری (ڕەنگین) بووە. بڕوانە: سەید بەکر بەرزنجەیی(دکتۆر)، کەسایەتییە ناودارەکانی کورد(ئینسکلۆپیدیای وەلامی کورد)، بگ١٩، بنکەی ڕۆشنبیری لوبنانی بۆ چاپ و پەخش و وەرگێڕان و دابەشکردن، هەولێر، ٢٠١٢ ، ل٧٩.

[٦] بڕوانە: گۆڤاری (بەیان)، ژ(٥٩) شوبات، ١٩٨٠؛ ژ (٧٦) کانوونی دووەم ١٩٨٢؛ ژ(١٦٤) ساڵی ١٩٩٠.

[٧] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ و بەیان) ژ (١٢٧و ١٦٧) ،زستانی ١٩٩١، لاپەڕەی کۆتایی.

[٨] ژمارە (٦٧) کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ ژمارەی تایبەت بوو بە جەنگی عێراق و ئێران کەناوی لێنرابوو (قادسیەی سەدام). ژمارە (٦٨)کانوونی دووەمی ١٩٨١ تایبەت بە (ئەدەب و جەنگ) . ژمارە (٧٧)،ئاداری ١٩٨٢ تایبەت بەشانۆ . ژمارە (٨١)تەموزی ١٩٨٢ تایبەت بەچیرۆکی وەگێڕاو و ((جەژنەکانی تەممۆز)). ژمارە (٩٢)تشرینی دووەم ١٩٨٣ تایبەت بە بیبلۆگرافیای بەیان لەنێوان ساڵانی (١٩٦٩- ١٩٨٢). ژمارە(٩٤)، کانوونی دووەم و شوباتی١٩٨٤ ؛ ژمارە(١٠٨)حوزەیرانی ١٩٨٥؛ ژمارە(١٥٣) ئاداری ١٩٨٩، تایبەت بوون بەشانۆ. هەروەها ژمارە (١٥٦)حوزەیرانی١٩٨٩ تایبەت بووە بەشیعر.



هەواڵنامەی کتێب

ژمارەکانیشدا شوێن پەنجەی هونەرمەند (محەمەد عارف)[١] دیار بووە، کە بەگەڵێك وێنەو نیگاری هونەری بەرگی ژمارەکانی گۆڤارەکەی ڕازاندۆتەوە. زۆربەی ژمارەکانی گۆڤارەکە لەچاپخانەکانی (دارالجمهورية، دارالحرية) لەبەغدا چاپکراون[٢].

### ب- گۆڤاری (پەروەردە و زانست):

گۆڤارێکی پەروەردەیی و زانستی بوو، بەڕێوبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی لە بەغدا، وەکو ئاماژەی بۆ کراوە سێ مانگ جارێك دەری دەکرد. ژمارە(١)ی ساڵی یەکەمی لە چاپخانەی (دار السلام) لە بەغدا لەچاپ دراوە[٣]. لەبەرئەوەی ساڵی دەرچوونی یەکەم ژمارەی، لەسەر بەرگی گۆڤارەکە تۆمار نەکراوە، بۆیە بۆتە جێی گومان و مشتومڕی ئەو نووسەرانەی لەسەریان نووسیوە[٤]، بەڵام لەڕاستیدا (عثمان علی شیخ محمد) کە یەکێك بووە لە دەستەی ئەندامانی گۆڤارەکە، لەو پێرستەی کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی(١٠) ساڵ بەسەر لەدایك بوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکە ڕێکیخستووە، ئەوەی دوپات کردۆتەوە کە ژمارە(١)ی لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا دەرچووە[٥].

گۆڤارەکە هەموو ژمارەکانی لە قەبارەی کتێبدا و بە پێوانەی (٢٤×١٧سم) چاپکراون. بەڵام کۆی ژمارەی لاپەڕەکانی جیاوازن لە نێوان (٩٦ بۆ ٢٩٢) لاپەڕەدا بوون. هەژدە ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، تەنیا دوو ژمارەی کۆتایی، واتە ژمارە (١٧)ی ساڵی ١٩٨٠ و ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٨١ ماوەی توێژینەوەکەی ئێمە دەگرێتەوە[٦]. هەروەها ژمارەکانی (١ و ٢و ٣ و ٤)ی تەنها بە زمانی کوردی دەرچووە، بەڵام لە ژمارە(٥)ی ساڵی ١٩٧٣ بەدواوە، وتاری بەزمانی عەرەبیشی تێدا بڵاوکراوەتەوە[٧].

ناوی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بەتایبەت لەژمارەکانی سەرەتادا نەنووسراوە، بەڵام لەژمارە (٣ تا ٦) شوکر مستەفا سەرنووسەری بووە[٨]. لەژمارە (٧ و ٨)یشەوە گۆڤارەکە لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوەدەبرا بەناوی لیژنەی گۆڤار، کە لەو ئەندامانە پێکهاتبوون: (عبدالله شاڵی، نوری علی أمین، عثمان

---

[١] ناوبراو لەساڵی١٩٣٧ لەشاری ڕەواندز لەدایك بووە، دبلۆمی لە خوێندنگای هونەرە جوانەکان لە بەغدا لەساڵی ١٩٥٦بە دەستهێناوە، ماستەری لەمۆسکۆ لەساڵی ١٩٦٧ تەواو کردوە. ماوەیەکیش مامۆستا بووە لە خوێندنگاری هونەرە جوانەکان لە بەغدا، دواتریش دکتۆرای تەواو کردووە. بەرلەمردنی ڕاگری کۆلێژی هونەرەجوانەکان بووە لەزانکۆی سەلاحەددین لەهەولێر. لە٩ /٢٠٠٩/١٠ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: بیۆگرافیای هونەرمەندانی هەولێر، ب١،(١٩٥٠- ٢٠٠٠)، ئا: مەسعودی مەلا هەمزە، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٠٤.

[٢] بۆ نموونە بڕوانە: گۆڤاری (بەیان)، ژ(٩٤)، کانوونی دووەم وشوباتی١٩٨٤ ؛ ژ(١٠٢)، کانوونی یەکەمی١٩٨٤، ژ (١١٥)، کانوونی دووەم،١٩٨٦؛ ژ(١٢٦)، کانوونی یەکەم،١٩٨٦.

[٣] گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، ژ(١)، س١.

[٤] بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، س.پ ، ل٢٥٥؛ علاء الدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١، ل٦٢٥؛ جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣، ل١١٥.

[٥] عثمان علی شیخ محمد، پێرستێکی گشتی ناوەڕۆکی ژمارەکانی پەروەردە و زانست، گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، ژ(١٨)، ساڵی ١٩٨١، ل٥٧.

[٦] بڕوانە: گۆڤاری (پەروەردەو زانست)، ژ(١٧)،سالی١٩٨٠؛ ژ(١٨)، سالی١٩٨١.

[٧] بڕوانە: گۆڤاری (پەروەردەو زانست)، ژ(١) سالی ١٩٧٠ ؛ ژ(٤)،س٢، هاوینی١٩٧٢؛ ژ(٥)، س٣، ١٩٧٣.

[٨] بڕوانە: گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، لە:ژ(٣)س٢، بەهاری ١٩٧٢، تا ژ(٦)، س٣، ١٩٧٣.

علی قادر، أبو زيد السندي، عثمان علی الشيخ). ئەندامانی لێژنەکە لە ژمارەکانی دیکە گۆڕاون. شایەنی باسە ژمارەکانی (٧ و٨)ی کە بەیەك بەرگ دەرچوون، بریتی بوو لە فەرهەنگێکی زمانەوانی (کوردی و عەرەبی)، هەروەها زاراوە و زانیارییەکانی نێو کتێبی قوتابخانەکانی لەخۆ گرتووە[(١)]. ژمارەکانی گۆڤارەکە لە چاپخانەکانی (دار السلام، شفيق، الحافظ، سليمان الأعظمي،الأجيل، سعدون، دار العراق، الإشبيلية) لەبەغدا چاپ کراون[(٢)].

لەڕاستیدا ژمارەکانی گۆڤاری (پەروەردە و زانست) بەشێوازێکی ڕێك و پێك دەرنەدەچوون، هەرچەندە لەسەری نوسراوە سێ مانگ جارێك دەردەچێت. بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧١دا هەر ساڵی یەك ژمارە دەرچووە. لەساڵی ١٩٧٢ و ١٩٧٣ دا ساڵی دوو ژمارەی لێ دەرچووە. ساڵی ١٩٧٤یش دوو ژمارەی بەیەك بەرگ دەرچوو. تەنها ١٨ ژمارەی لێ دەرچووە، دوا ژمارەی لەساڵی ١٩٨١ بووە. دوای ئەوە ئیتر وەستاوە[(٣)].

## ت- ڕۆژنامەی (هاوکاری):

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی بوو، دەزگای گشتی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەزمانی کوردی لەبەغدا دەریدەکرد. یەکەم ژمارەی لەڕۆژی هەینی (٩/ ١/ ١٩٧٠) بە(٨) لاپەڕەی ڕەش و سپی و قەبارەی (٥٧×٤٢سم) دەرچوو. سەرنووسەرکەشی (مونزر عوزێم) بوو[(٤)]. لەژمارە (٢٢)ی ساڵی دووەمی (٢٦/ ٦/ ١٩٧١)ەوە لە (دارالجماهير) دەرچووەو لە چاپخانەی (دارالحرية) چاپکراوە. لەژمارە(٢٢٥)یەوە لە ٥/ ٧/ ١٩٧٤ لەلایەن (دەزگای هاوکاری بۆچاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی) دەردەچوو[(٥)]. دواجار لە ١٥ی نیسانی ١٩٧٦ بەدواوە لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیەوە بڵاوکراوەتەوە. لەڕاستیشدا لەبەرئەوەی ڕۆژنامەیەکی میری بووە، خاوەنی بودجەی خۆی بووە. بۆیە ماوەیەکی باش بەردەوام بووە. کۆی ژمارەکانی دەگاتە نزیکەی (٣٩٤٦) ژمارە. تەنانەت دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس (٩/ ٤/ ٢٠٠٣) لەبەغدا (٤) ژمارەی تری لێ دەرچوو، تا دواتر لە ٢٢/ ٤/ ٢٠٠٣ لەکارکەوت[(٦)].

ڕۆژنامەی هاوکاری لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠- ١٩٩١) وەکو ئەوەی بینیومانە زیاترلە (٧٠٠) ژمارەی لێ دەرچووە, لەژمارە (٥٠٧)ی ڕۆژی (٧/ ١/ ١٩٨٠)وە تاوەکو ژمارە (١٢٤٤)ی ٢٧/ ٥/ ١٩٩١[(٧)]. لەم

---

(١) بڕوانە: گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، ژ(٧ و ٨)ی س٤، هاوینی ١٩٧٤.

(٢) عبدالله زەنگنە، ڕەفیق ساڵح ئەحمەد، ڕابەری ڕۆژنامەنووسی کوردی، گۆڤاری (ڕۆژنامەنووس- گۆڤارێکی وەرزییە تایبەتە بە کلتوری ڕۆژنامەنووسی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەری دەکات)، ژ(٣)، سالی٢٠٠٥، ل١٤٩.

(٣) بڕوانە: عثمان علی شيخ محمد، س.پ ، ل٥٧-٦٨.

(٤) بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری) ، ژ(١) ، هەینی ١٩٧٠/١/٩.

(٥) مستەفا نەریمان ،بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەی هاوکاری، بەشی یەکەم١٩٧٠-١٩٧٤، چاپخانەی دارالحرية، بەغدا، ١٩٨٩، ل٥٤.

(٦) حەسەن بارام، فەرهەنگی ڕۆژنامەگەری کوردستان و عێراق١٨١٦-٢٠٠٠، چ١، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٣٩.

(٧) بڕوانە: ڕۆژنانەی (هاوکاری)، ژ(٥٠٧)، ١٩٨٠/١/٧؛ ژ(١٢٤٤)، ١٩٩١/٥/٢٧.

ماوەیەشدا بە بەردەوام لەگۆڕاندا بووە؛ لەڕووی چۆنیەتی دەرچوونی و ژمارەو قەبارەی لاپەڕەکانی و تەنانەت تایتڵ و ڕەنگ و ناونیشان و مانشێتەکانیشی زوو زوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە و جێگیرنەبووە.

سەبارەت بەچۆنیەتی دەرچوونی، لەسەرەتادا هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ڕۆژنامەیەکی گشتی بووە و هەفتەی جارێك دەردەچوو. لەژمارە (٥٠٧)ەوە وەکو ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بە (١٢) لاپەڕە و قەبارەی (٥٧×٤٥سم) دەردەچوو. بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەرکەشی، تاوەکو ژمارە (٦٢٧)ی ساڵی ١٩٨٢ (ئیسماعیل ڕەسول) بوو. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی لاپەڕەکانیشی لەنێوان (٨بۆ ١٦) لاپەڕەدا بوو[١]. هەروەها لەژمارە (٦٢٨)ەوە بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەری (موسلیح مستەفا جەلالی) بووە[٢].

ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەگەڵ دەرچوونی و بەردەوامی بەشێوەی هەفتانە، توانیویەتی پەرەسەندن و پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت. بەوەی کە لەژمارە (٩٠٩)وە هەفتانە دووجار بە(١٢) لاپەڕە و بەرپەری یەکەم و کۆتاییەکەشی بە ڕەنگی سوور و ڕەش دەردەچوو[٣]. لەژمارە (١١١٢)ەوە بووە بە (ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی کوردی)[٤]. هەروەها ڕۆژنامەکە لەماوەی تەمەنیدا چەندین ژمارەی تایبەتیشی لێ دەرچووە، بە قەبارەی بچوکتر (٣٦×٣٠سم)و ژمارە لاپەڕەی جیاواز، ئەم ژمارانەش بەیادی بۆنەیەکی تایبەتەوە دەردەچوون[٥].

لەڕاستیدا ڕۆژنامەکە توانیبووی بەبەردەوامی و بەشێوازێکی ڕێك و پێك دەربچێت و پەیامنێر لەشارەکانی کوردستان دابمەزرێنێت و هەواڵەکانی باشووری کوردستان بڵاوبکاتەوە. هاوکات ڕۆژنامەکە ئەگەر هاوتەریبی بزاڤی کوردایەتیش نەبووبێ، بەڵام خزمەتی زۆری ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کردووە. قوتابخانەیەك بووە بۆ پێگەیاندنی چەندان ڕۆژنامەنووس و نوسەرو شاعیرو ئەدیب. لەلایەکی تریشەوە ئەم ڕۆژنامەیە ببووە پردی گەیاندنی گرفتە کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگای کوردی، لەلاپەڕەی کێشەکانی خەڵك، بە لایەنی پەیوەندیدار[٦].

### پ- گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ):

لەسەرەتادا وەکو بڵاوکراوەیەك لەژێرناونیشانی (بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە) لەلایەن (بەڕێوەربەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی)[٧] لەشاری بەغدا بەزمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو.

---

(١) بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری), ژ(٥٠٧), ٧/١/١٩٨٠؛ ژ (٦٢٧), ٤/ ٣/ ١٩٨٢.

(٢) ڕۆژنامەی (هاوکاری), ژ (٦٢٨), ١١/ ٣/ ١٩٨٢.

(٣) بڕوانە:ڕۆژنامەی (هاوکاری), ژ (٩٠٩), ٢٨/ ٩/ ١٩٨٧.

(٤) بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ (١١١٢), ٢٥/ ٩/ ١٩٨٩.

(٥) بۆنموونە: پاشکۆی تایبەتی ژ(٥٨٢)، ٩/ ٤/ ١٩٨١ی بەبۆنەی یادی دامەزراندنی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالیستی بوو. ژمارەکانی (٥٧٨ و ٥٧٩) ١٢/ ٣/ ١٩٨١، بەبۆنەی جەژنەکانی (وەکو بەعسیەکان ناویان نابوو) ئادارو نەورۆزەوە بوو، ژمارەکانی (٦١٩ و ٦٢٠) کانوونی دووەمی ١٩٨٢ بەیادی دامەزراندنی سوپای عێراق بوو.

(٦) بۆنموونە بڕوانە: ڕۆژنامەی (هاوکاری), ژ (١١٦٥) ٢٩/ ٣/ ١٩٩٠ ل٨.

(٧) دەستکەوتێکی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠بوو، لە ١٤/ ٩/ ١٩٧٠ لەبەغدا دامەزرا، سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق بوو، سەرپەرشتی ڕاگەیاندن و بزاڤە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکانی کوردی لە عێراقدا دەکرد. وەکو ئێستگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و تەلەفزیۆنی کەرکووك، هەوروەها ڕۆڵی لەدەرکردن و بڵاوکردنەوەی هەندێك لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە کوردیەکانیشدا

ژمارە(سفر)ی وەکو ژمارەیەکی ئەزموونی لە ١١/ ١١/ ١٩٧٣ بەهەشت لاپەڕەو قەبارەی ڕۆژنامەیەکی بچوك (٣٠×٤٥سم)، بڵاوکرایەوە[١]. کە بۆ یەکەمجار بوو (سفر) وەکو ژمارە بەکاربێت لەزنجیرەی ڕۆژنامەوانی کوردیدا.

سەبارەت بەسەرنووسەرو سکرتێرو دەستەی نووسەرانیشی تاوەکو ژمارە (٧)ی، ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نەبووە. ئەمەش لەبەرئەوەی هەروەکو حوسێن عارف لەحیکایەتی دەرکردنی ژمارە سفری بڵاوکراوەکە ئاماژەی بۆ کردووە، کە سەرەڕای دڵسۆزی کارمەندەکانیان لەهەڵسوڕاندنی کاروبارەکان و بەجێهێنانی ئەرکەکانیان، کەس پەرۆشی ئەوەنەبووە ناوی بەزەقی بڵاوببێتەوە[٢].

ڕۆشنبیری نوێ ژمارە (١)ی لە ٢١/ ١١/ ١٩٧٣دا دەرچووە و لەچاپخانەی (الزمان) لەبەغدا چاپکراوە. سەرەتا مانگانە سێ ژمارەی لێ بڵاوکراودەکرایەوە. لەماوەی تەمەنیشیدا (١٥٣) ژمارەی لێ دەرچووە. دواین ژمارەی کە ژمارە (١٥٣)بووە لەساڵی ٢٠٠٣دا دەرچوو[٣]. هەروەها چەند ژمارەیەکی تایبەتی لێ دەرچووە[٤].

گۆڤارەکە لەماوەی توێژنەوەکەماندا (٤٨) ژمارەی لێ دەرچووە، لەژمارە(٧٩)ی ئاداری ١٩٨٠وە تاوەکو ژمارە (١٢٧)ی زستانی ١٩٩١[٥]. بەگشتی ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان (٨٠بۆ ٣٨٤) لاپەڕە بووە. لەوماوەی تەمەنی دا گۆڕانکاری زۆری بەسەدرا هاتووە لەڕووی دروشم و قەبارەو سەرچاوەی دەرچوونی و دەستەی نووسەرانییەوە.

ڕۆشنبیری نوێ لە ژمارە(سفر)ەوە تاوەکو ژمارە(٣٥)ی بەشێوەی ڕۆژنامەیەکی هەشت یان دوازدە لاپەڕەیی دەردەچوو. لە ژمارە(٣٦)ەوە بەقەبارەی نیو ڕۆژنامەیی لەشێوەی گۆڤاردا بووە. لەژمارە(٤٣)ەوە ئیتر قەبارەی گۆڤاری وەرگرتووە. لە سەرەتاوەش تاوەکو ژمارە(٧٤)ی لەژێرناوی (بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی ڕۆشنبیرییە) لەهەر ژمارەیەکدا چەند لاپەڕەیەکی بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، دوای ئەوە تەنها بەزمانی کوردی دەرچووە[٦]. سەرەتا لە بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیریی کوردییەوە دەردەچوو، دوای ئەوەی لەنیسانی ١٩٧٦ دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی دامەزرا، ئیتر لەو ساڵەوە تاوەکو وەستانی لەلایەن ئەم دەزگایەوە دەردەچوو. لەژمارە(٧٥)ی تەموزی ١٩٧٩وەش بووە بە(گۆڤارێکی گشتی مانگانە)[٧]. لە

---

هەبوو؛ وەکو ڕۆژنامەی (هاوکاری)، گۆڤاری(بەیان)، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ). بڕوانە: جەمال خەزنەدار، ئەستێرە یادگاری ڕۆژنامەگەری کوردی(هەرسێ ژمارەی گۆڤاری ئەستێرەی ساڵی١٩٧٥ی بەغدا)، لەبلاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی، ب.س ،ل١.

(١) زادوق ادم, ژمارە (٠– سفر)ی ڕۆشنبیری نوێ, گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ), ژ (٧٨)، کانونی یەکەمی ١٩٨٩، ل٨.

(٢) حسین عارف, حکایەتی دەرکردنی ژمارە (٠– سفر)ی ڕۆشنبیری نوێ, گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ), ژ (٧٨)، کانونی یەکەمی ١٩٨٩, ل١٠.

(٣) ئیسماعیل ئیبراهیم سعید, س.پ, ل١٦٦– ١٦٧.

(٤) ئەوانیش: ژمارە (٨٣)ی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٨١ تایبەت بووە بەو باسانەی کە لەیەکەمین میهرەجانی ڕۆشنبیری کوردی لەشاری هەولێر پێشکەشکراون. ژمارە (٩٦) شوباتی ١٩٨٣ تایبەت بوو بەبیبلۆگرافیای (ڕۆشنبیری نوێ) لە ژمارە(سفر)ەوە تاوەکو ژمارە(٩٤)، ١٩٧٣–١٩٨٢، کە لەلایان مستەفا نەریمان ئامادەکرابوو.

(٥) بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(٧٩)، ئاداری١٩٨٠، ژ(١٢٧)، زستانی١٩٩١.

(٦) بڕوانە: مستەفا نەریمان، بیبلۆگرافیای ناوەڕۆکی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ لە ژمارە (سفر)ەوە تاوەکو ژمارە(٩٤)،١٩٧٣–١٩٨٢، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(٩٦)، شوبات، ١٩٨٣، ل ٣–٧.

(٧) بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(٧٥)، تەمموزی ١٩٧٩.

**ژمارە(٨٧)یشەوە (گۆڤارێکی ڕۆشنبیری گشتی مانگانە)بووە[١]. دواجار لە ژمارە (١٠٥)ەوە تاوەکو وەستانی لەژێر ناوی (گۆڤارێکی وەرزییە بۆ لێکۆڵینەوە) دەردەچوو[٢]. سەبارەت بە ستافی گۆڤارەکەش لەژمارە (٧٧بۆ ٨٩) سەرنووسەری ئیسماعیل ڕەسوڵ و جێگری سەرنووسەر فائق جەمیل بوو[٣]. لەژمارە (٩٠بۆ ١٢٤) موسلیح جەلالی سەرنووسەری بووە[٤]. لەژمارە (١٢٥– ١٢٦)، مستەفا نەریمان بوو، بەڵام بەسەرپەرشتی دەستەیەك لەمامۆستایان و پسپۆڕانی زانکۆکانی عێراق دەردەچوو[٥]. ژمارە (١٢٧)ی زستانی١٩٩١، کە دوا ژمارەی ماوەی توێژینەوەکەمانە سەرنووسەری بەدرخان سندی(دکتۆر) بوو[٦].**

**ڕۆشنبیری نوێ لەسەروتاری یەکەمین ژمارەیدا لەژێر ناونیشانی (نەخشەی ڕێبازمان)، لەلایەن دەستەی نووسەرانیەوە ئەوەی دوپاتکردۆتەوە، کەدەیەوێ وەك دەنگی نەوەیەکی شۆڕشگێری نوێ لەسنووری توانست و پەیامی ڕۆشنبیری خۆیدا دەستی هەموو نووسەرو شاعیرو ئەدیبێکی ڕاست و دڵسۆز و هەق پەرست بگرێت، بەبێ هیچ لایەنگیریەکی تەسك بین و لەبەرچاوگرتنی جیاوازی بیرو باوەڕی سیاسی و ڕێبازی ئەدەبی، بەرهەمی نووسەرانی بلاّوبکاتەوە[٧]. گۆڤارەکە ڕۆلێکی باشی بینیبوو لەخزمەتکردنی بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی، چەندان نووسەر و ئەدیب و شاعیری کورد، توانیبوویان لەڕێگەیەوە خزمەتی ئەم بوارە بکەن و خەرمانێکی مێژووی گرنگی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای کوردی، بۆ توێژەران و نەوەی دوای خۆیان بەجێ بهێڵن.**

**ئەم گۆڤارە توانیبووی وەکو گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستیش ڕۆلێکی کاریگەر ببینێت، لەبواری گرنگیدان بەلایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگای عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. ئەوەتا لەلایەن هەریەکە لەزانکۆی بەغدا و زانکۆی بەسرا، وەکو گۆڤارێکی ئەکادیمی و زانستی دانیپێدانراوە[٨]. زانکۆی سەلاحەدینیش لەدانیشتنی یازدەهەمی ئەنجومەنی زانکۆ لە ١٩/ ٣/ ١٩٨٥ بڕیاری دان پێدانانیداوە وەکو گۆڤارێکی ئەکادیمی[٩]. ئەمانە بەڵگەی گرنگی سەرکەوتنی گۆڤارەکەن.**

---

[١] بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ) ، ژ(٨٧)، تەمموزی١٩٨١.

[٢] بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ) ،ژ(١٠٥)، ساڵی ١٩٨٥.

[٣] بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ), ژ(٧٧) تشرینی یەکەمی ١٩٧٩؛ ژ(٨٩) تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ١٩٨١.

[٤] بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ), ژ(٩٠) کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٢؛ ژ (١٢٤) کانوونی یەکەمی ١٩٨٩.

[٥] بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ), ژ(١٢٥) بەهاری ١٩٩١ ؛ ژ (١٢٦) هاوینی ١٩٩٠.

[٦] بڕوانە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ), ژ (١٢٧) زستانی ١٩٩١.

[٧] ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید, س.پ , ل١٦٨– ١٦٩.

[٨] وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعة بغداد، سكرتارية لجنة الترقيات العلمية، م/ اعتماد مجلة، العدد(٢٣٧٧٧)، ١٩٨٥/١٢/٨؛ رئاسة جامعة البصرة، مديرمكتب رئيس الجامعة، م/ اعتماد مجلة (روشنبيرى نوى)، الى/ دار الثقافة والنشر الكردية(هيئة تحرير مجلة روشنبيرى نوى)، العدد(٧٨٢٢/١٦/٧) ، ١٩٨٥/٥/٨. وەرگیراوە لە: گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٨) سالی ١٩٨٥، ل ٣٣٦ ؛ ژ(١٠٦)سالی ١٩٨٦، ل٣٨٥. بۆ دەقی نووسراوەکانیش بڕوانە: پاشکۆی ژمارە(١و٢).

[٩] وزارة التعليم العالي والبعث و العلمي, رئاسة جامع صلاح الدين, مديرية مكتب رئيس الجامعة, الي دارالثقافة والنشر الكردي, هيئة تحرير مجلة روشنبيرى نوى, م/ استفسار حول مجلة رؤشنبيري نوى. وەرگیراوە لە: گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٧) ئەیلولی ١٩٨٥،ل٣. بڕوانە دەقی نووسراوەکە لە پاشکۆی ژمارە(٣).

### ج- (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد- المجمع العلمی الکوردي):

بەرهەمی (کۆڕی زانیاری کورد)[1] بوو لەبەغدا. بەهەردوو زمانی کوردی وعەرەبی ساڵانە بەرگێك یان دووبەرگی لێ دەردەچوو. بەرگی(١)، بەشی یەکەمی لەساڵی ١٩٧٣ بەقەبارەی کتێبێك و بە (٨٠٠) لاپەڕەو پێوانەی (٢٤×١٧سم) بڵاوکراویەوە، لەچاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد لەبەغدا چاپکرا. بەڵام بەشی دووەمی دەرنەچوو. سەرنووسەرو سەرۆکی کۆڕ ئیحسان شێرزاد[2] (دکتۆر) و سکرتێری نووسینی کەمال مەزهەر ئەحمەد(دکتۆر) بوو[3]. سەرۆکی (کۆڕی زانیاری کورد)، گۆڤارەکەی بەدەستکەوتێکی خەباتی نیشتیمانی گەلی کورد داناوە، بۆیە مزگێنی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤارەکەی گەیاندووە بە مستەفا بارزانی و لەنامەیەکی تایبەتدا گوتوویەتی: "ئەو ئەستێرە نوێیەی ڕۆشنبیری کورد کە پێشەنگی بەرهەمەکانی کۆڕە... موژدەی هاتنەدی بەڵێنەکانی تری شۆڕشی کورد دەدا لەم ڕووەوە کۆڕ خۆی یەکێکە لە دەستکەوتە بەنرخەکانی خەباتی پڕ شانازی گەلی کوردمان..."[4].

گۆڤارەکە لەبەرگی (١)ەوە تاکو بەرگی (٦)ی ساڵی ١٩٧٨ بەناوی(گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)ەوە دەردەچوو[5]. بەڵام دوای ئەوەی بەپێی یاسای ژمارە ١٦٣ی ساڵی ١٩٧٨ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش(کە باڵاترین دەسەڵاتی هەبوو لەعێراقدا) هەرسێ کۆڕی زانیاری عێراق و کوردو سریان هەڵوەشێنرانەوە، سەرلەنوێ (کۆڕی زانیاری عێراق) دامەزرێندرا. بە گوێرەی یاساکە دەستەیەکی کوردی لەکۆڕەکە پێکهێنرا بەناوی (کۆڕی زانیاری عێراق- دەستەی کورد)، کە لە (٩) ئەندامی کاراو شارەزا لەزمان و ئەدەبی کوردی پێکدەهات؛ ئەوانیش بریتیبوون لە: (عەزیز ڕەشید ئاکرەیی- سەرۆك، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس، مووسا عەبدولسەمەد، حەسەن کەتتانی«دکتۆر»، کامیل حەسەنولبەسیر«دکتۆر»، جەلال محەمد سالح«دکتۆر»، جوامێر مەجید سەلیم«دکتۆر»، ناجی عەبباس ئەحمەد«دکتۆر»). بۆیە لە بەرگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٠ەوە گۆڤارەکە لەژێر ناوی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری

---

(١) بەپێی بڕیاری (٥٨- ٤/ ٨/ ١٩٦٨)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و یاسای ژمارە (١٨٣ی ساڵی ١٩٧٠) لەبەغدا دامەزراوە, کە١١ ئەندامی کارای لەعێراق و دوو ئەندامی لەدەرەوەو چەندین ئەندامی شەرەف و ئەندامی یاریدەدەری دیکەی هەبوون، د. ئیحسان شێرزاد سەرۆکی بوو. بڕوانە: کەمال مەزهەر، پوختەی کارەکانی کۆڕ لە خولی یەکەم و دووهەمی دا، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، بگ(١)، ب١، ١٩٧٣ ل٣٢٢- ٣٢٥. هەروەها بڕوانە: قانون المجمع العلمي الكردى، لە: جريدة (الوقائع العراقية), ع (١٩١٧)، ٨/ أيلول ١٩٧٠، ص ١- ٣.

(٢) لەساڵی ١٩٢٤ لە هەولێر لەدایك بووە، کۆلێژی ئەندازیاری لەساڵی ١٩٤٦ تەواو کردووە، بڕوانامەی ماستەری لەبواری ئەندازیاری لە ساڵی١٩٥٠ لەئەمریکا بەدەست هێناوە، لەساڵی ١٩٨٧ بڕوانامەی دکتۆرای لەهەمان پسپۆڕی لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەدەست هێناوە، خاوەنی کۆمەلیك کتێبی چاپکراوە لەبواری ئەندازیاری لەوانە (دراسات لجنة تكوين المهندس١٩٦١، الضوابط التعاقدية ضمن منظور العمل الهندسي١٩٧٩، مقاومة المواد١٩٦٤)، لەساڵی ١٩٧٣بە یەکەمین سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد دانرا. بڕوانە: سید بکر بەرزنجەیی، س.پ، بگ(٤)، ل٢٨-٢٩.

(٣) بڕوانە: (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، بگ(١), ب١، ساڵی ١٩٧٣.

(٤) بڕوانە: ڕۆژنامەی (برایەتی)، ژمارە (٤٣)، خ٤، ٢٢/ ٣/ ١٩٧٣، ل٨.

(٥) بڕوانە: (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، ، بگ(٦)، ساڵی١٩٧٨.

**عێراق – دەستەی کورد)ەوە دەردەچوو، بەهەمان قەبارەی پێشوو بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەچاپخانەی (کۆڕی زانیاری عێراق) لەبەغدا چاپ دەکرا[١].**

**ئەو گۆڤارە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٢، (٣٠) بەرگی لێ دەرچووە[٢]. لەنێویاندا چەند بەرگێکی دوو ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە[٣]. لەماوەی توێژینەوەی ئێمەدا گۆڤارەکە (١٣) بەرگی لێ دەرچووە؛ لەبەرگی (٧)ی ساڵی ١٩٨٠ەوە تاوەکو بەرگی (٢١و ٢٢) ساڵی ١٩٩٠[٤]. سەبارەت بەدەستەی نووسەرانیشی کە لەبەرگی (١٥)ەوە هەیبووە، بەم شێوەیەبووە: سەرنووسەری جوامێر مەجید سەلیم (دکتۆر)، ئەندامەکانیش: حەسەن کتانی، کامل حەسەن بەسیر(دکتۆر)، لەگەڵ ڕازگر عەبدوللەتیف مەجید گلی، بوون. لەژمارەکانی دواتریش دەستەی نووسەرانی هەر بەو شێوەیە مایەوە، تەنها ئەوە نەبێت کە لەبەرگی (١٨و ١٩)ەوە کامل حەسەن بەسیر هەڵگیراوە[٥].**

**هەروەها گۆڤارەکە لەرووی ژمارەی لاپەڕەکانییەوە، بەگەورەترین گۆڤاری کوردی دادەنرێت[٦]. گۆڤارێکی دەوڵەمەندی پڕ زانیاری گرنگ بووە. کەمال مەزهەر ئەحمەد کە ئەندامی کارای کۆڕ بوو، لەبارەی گرنگی گۆڤارەکەوە باس لەوەدەکات، کۆڕ لەیەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە بایەخێکی زۆری داوە بەمەسەلەی نووسینی یەکگرتووی کوردی و هەڵبژاردن و داتاشینی ژمارەیەکی زۆر زاراوەی کارگێڕی و هی تر[٧]. لەو سۆنگەیەشەوە بەرگی نۆیەمی گۆڤارەکە تایبەتکرابوو بە لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان و ڕێنوسی کوردی و گیروگرفتەکانی و شێوازەکانی چارەسەرکردنی[٨].**

## ح– گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی– الحكم الذاتي):

**بلاوکراوەیەکی وەرزی بوو. ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئوتۆنۆمی کوردستان[٩] بەزمانی کوردی (کرمانجی خوارو) و عەرەبی دەری دەکرد. ژمارە(١)ی ساڵی یەکەمی لەکانوونی دووەمی ١٩٧٦ بە**

---

(١) عەبدوللەتیف عەبدولمەجید گلی، ڕاپۆرتێك لەبارەی کارەکانی دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری عێراقەوە، (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق_ دەستەی کورد)، بگ(٧)، سالی ١٩٨٠، ل ٢٨٧– ٢٨٩.

(٢) شوان سلێمان یابە، ئیندێکسی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٧– ٩.

(٣) ئەوانەی ماوەی توێژینەوەکەی ئێمەن ئەمانەن: بگ(١٦ و١٧)ی ساڵی ١٩٨٧؛ بگ(١٨ و ١٩)ی ساڵی ١٩٨٨؛ بگ (٢١ و ٢٢)ی ساڵی ١٩٩٠.

(٤) بڕوانە: لاپەڕەی یەکەمی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کورد)، بگ(٧)، سالی١٩٨٠؛ بگ(٢١و٢٢)، سالی١٩٩٠.

(٥) بڕوانە: (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کورد)، بگ(١٥)، ساڵی ١٩٨٦ ؛ بگ(١٨و ١٩)، ساڵی ١٩٨٨.

(٦) حەمە سالح فەرهادی، س.پ ، ل٦٧.

(٧) کەمال مەزهەر، پۆختەی کارەکانی کۆڕ لەخولی یەکەم و دوهەمیدا، س.پ، ل٣٢٢– ٣٢٥.

(٨) (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق– دەستەی کورد), بگ(٩)، ساڵی ١٩٨٢, ل٣.

(٩) ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان: بەپێی ڕێکەوتنامەی ١١ ئاداری ساڵی (١٩٧٠) ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ عێراق، لە (٤)ی ئاداری ساڵی (١٩٧٤) یەك لایەنەو بەبێ ڕەزامەندی سەرکردایەتی کورد، یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی ڕاگەیاندو بەوپێیە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن و یاسادانانی دامەزراند، بەکر ڕەسوڵ پشدەری (٥ تشرینی یەکەم ١٩٧٤– ١١ی کانوونی یەکەم ١٩٧٦) یەکەمین سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان بوو. بڕوانە: عەلی تەتەر نێروەیی، بزاڤی رزگاریخوازی کورد لەکوردستانی عێراق، لەساڵەکانی جەنگی عێراق و ئێراندا ، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٣٣. بۆ دەقی یاسای

(١٣٠) لاپەڕەو قەبارەی (٣٠× ٢٢سم)دەرچوو، کە بەشە کوردیەکەی بریتی بوو لە (٥٣) لاپەڕە. سەرنووسەری بەکر مەحمود ڕەسول، سکرتێری نووسینی محەمەد سەعید عەبدولرەحمان بوو[١]. لەساڵی یەکەمدا (٧) ژمارەی لێ دەرچوو. گۆڤارەکە لەبەغدا لەچاپخانەکانی( العاني، أسعد، دار الحرية، الأديب، دار آفاق، العمال المركزية)و چەند ژمارەیەکیشی لە چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر چاپکراوە. لەشاری هەولێریش بلاْودەکرایەوە[٢]. گۆڤارەکە (١٥) ساڵ تەمەنی کردووە، ژمارە (٦٣) ساڵی پازدەهەمی، کەدوا ژمارەی بوو، لەساڵی (١٩٩٠)دا دەرچوو[٣]. لەسەرەتادا لەهەر ساڵێکی نوێدا کە دەردەچوو لەژمارە (١)ەوە دەستی پێدەکرد، بەلاْم لە ژمارەکانی کۆتایی تەمەنیدا، زنجیرەی تەواوکاری ژمارەکانی پێشخۆی پێدراوە. لەساڵی پێنجەمییەوە ماوەی تویژینەوەکەمان دەگرێتەوە، کە ژمارە(١)ی ئەو ساڵەی لە ١٩٨٠دا دەرچوو. لەو ساڵەشدا چوار ژمارەی لێ بلاْوکرایەوە. لەساڵی شەشەمیدا (١٩٨١)، شەش ژمارەی لێ دەرچوو. لەساڵی حەوتەمی(١٩٨٢) سێ ژمارە و لەساڵی هەشتەمدا (١٩٨٣) پێنج ژمارە، لەساڵی نۆیەم (١٩٨٤) چوار ژمارە و لەساڵی دەیەم (١٩٨٥) چوار ژمارەی، لێ دەرچوون[٤]. سەرنووسەرکانیشی قۆناغ بەقۆناغ گۆڕاون، لەسەرەتادا بەکر مەحمود رەسوڵ، دواتر محەمەد عەلی محەمەد ئەمین، ئەحمەد عەبدولقادر نەقشبەندی، لەدوا ژمارەشیدا بەهائەددین ئەحمەد بوو[٥].

ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بریتی بوو لەو یاساو ڕێسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە دەردەچوون، هەروەها دانیشتنەکانی ئەو دوو ئەنجومەنەو کارو چالاْکیەکانیشیان لەناودا بلاْودەکرایەوە. بەشە کوردییەکەشی بایەخی بەلایەنی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و بزاڤی ئەدەبی و مێژووی کۆمەڵگای کوردی دەدا. شایەنی باسە ئەم بلاْوکراوەیە دوای ساڵی ١٩٩٠، لەئەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە عێراق و کوردستانی پێدا تێپەڕی، بەتایبەتی ڕاپەڕینی ئاداری ساڵی ١٩٩١ ی باشووری کوردستان دژ بەحکومەتی عێراق، ئیتر لەگەڵ نەمانی ئەو ئۆتۆنۆمییەی حکومەتی بەعس پێکیهێنابوو، بلاْوکراوەکەش ڕاگیراو نەما.

### خ- ڕۆژنامەی (العراق):

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی بوو، لەلایەن دەستەیەك لەڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردی نیشتەجێی بەغدا، بەزمانی عەرەبی و دواتریش چەند لاپەڕەیەکی بەزمانی کوردی لێدەردەچوو. وەکو

---

ئۆتۆنۆمی بڕوانە: د. جبار قادر، طارق جامباز، قرارات مجلس قيادة الثورة المنحل الخاصة بالكورد وكوردستان ، مطبعة الحاج هاشم اربيل ،٢٠١٣،ص٨٨.

(١) بڕوانە: گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ (١)، س١، ١٩٧٦, ل ١.

(٢) جەمال خەزنەدار, ئینسکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی, بگ١, چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر, ٢٠١١، ل ١١٧– ١١٩.

(٣) بڕوانە: گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(٦٣)، س١٥، ١٩٩٠.

(٤) نزار جرجيس علي, الكشاف التحليلي لمجلة الحكم الذاتي, للفترة كانوني الثاني ١٩٧٦, كانون الأول ١٩٨٥, ملحق مجلة الحكم الذاتي, ص ٥.

(٥) گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(٣)،س٤، ١٩٧٩؛ ژ(١)،س٦، ١٩٨١؛ ژ(٦٣)،س١٥، ١٩٩٠.

**جێگرەوەیەکی ڕۆژنامەی (التآخي)[١]سالأنی (١٩٧٠-١٩٧٤) بوو. لەبەرئەوەی دوای تێکچوونی پەیوەندی نێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کورد، لەساڵی ١٩٧٤و ڕاگرتنی ڕۆژنامەی (التآخي)، ئیتر ڕۆژنامەیەکی ئەوتۆ نەما، کە زمانحاڵی کوردو شۆڕشەکەی بێت. بۆیە حکومەتی عێراق دوای ئەوە بڕیاریدا بەدەرکردنی ڕۆژنامەی (العراق)، وەکو زمانحاڵی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق[٢]. لەڕۆژی چوارشەممە ١٨ی شوباتی ١٩٧٦ یەکەم ژمارەی بە(٨) لاپەڕەو لەگەڵ هەر ژمارەیەکیشی، (٨) لاپەڕەی ئاگاداری وەکو پاشکۆ لەگەڵدابوو، بەمەش کۆی ژمارەی لاپەڕەکانی دەبوو بە (١٦) لاپەڕەی ڕەش و سپی و هەردوو بەر پەڕی یەکەم و کۆتاییی تێکەڵ بەڕەنگی شین، بەقەبارەی (٥٦×٤١سم) دەردەچوو. دەستەی ئیمتیازی لە(هاشم حەسەن ئاکرەیی، سالح حەیدەری، عەبدوڵڵا ڕۆژبەیانی، فائیق جەمیل، عەبدولئیلا موسا، محەمەد ئەمین محەمەد) بوون. سەنووسەریشی ساڵح حەیدەری بوو[٣].**

**دوای ئەوەی (٢٢٠) ژمارەی بەزمانی عەرەبی لێ بلأوکرایەوە، ئینجا لەڕۆژی ٩/ ١١/ ١٩٧٦ پاشکۆیەکی بەزمانی کوردی بەپێناسەی "پاشکۆی ڕۆژنامەی(العراق)" لێ دەرچوو[٤]. بەڵام دواتر ئەو پاشکۆ کوردییەش لەشوباتی١٩٨٥ ڕاگیرا. ئەوجارەیان لەناو ڕۆژنامەی (العراق) دوو یان چوار لاپەڕەی هەفتانەی کوردی دانرا، کەزیاتر ڕۆژانی چوارشەممان دەردەچوو[٥].**

**ڕۆژنامەی(العراق) لەچاپخانەی (دارالعراق) لەبەغدا چاپ دەکرا. بەشێوازێکی ڕێکوپێك و بەبەردەوامی هەموو ڕۆژێك ژمارەیەکی لێ بلأودەکرایەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایەن حکومەتەوە بودجەو دارایی تایبەتی بۆ تەرخانکرابوو. لەنیوان سالأنی(١٩٨٠-١٩٩١) نزیکەی (٣٤٠٠) ژمارەی لێ دەرچوو[٦]، بەهەمان دەستەی ئیمتیازی پێشوو تەنها ئەوە نەبێت، کە لەدوای ساڵح حەیدەری، سەلأحەدین سەعید بووە بە سەرنووسەر[٧]. لەنێو ئەندامانی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەش عەبدولئیلا موسا، فائیق**

---

[١] ڕۆژنامەی (التآخي) دەنگی شۆڕشی ئەیلول و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، لە ٢٩/ ٤/ ١٩٦٧ یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو. ئەم ڕۆژنامەیە بەزمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچوو، پاشکۆیەکی هەبوو بەزمانی کوردی بەناوی (برايی)، کەسەرەتا هەر لەنێو ڕۆژنامەکەدا بوو. تاوەکو دوای ڕێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەردەوام بوو، زیاتر لە (٤٢٨) ژمارەی لێ بلأوکرایەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا جاف، مێژووی ڕۆژنامەگەری پارتی دیموکراتی کوردستان (١٩٤٦- ١٩٩٦)، چاپخانەی خەبات، دهۆك، ب.س ، ل٤٠- ٥٨.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ مومتاز حەیدەری، هەولێر، ١٦/ ١٢/ ٢٠١٤. ناوبراو لە ١٩٣٨/٣/٨ لەشاری هەولێر لەبنەماڵەیەکی ناسراو لەدایك بووە، لەبەر دژواری بارودۆخی ئابووری و سیاسی خێزانەکەی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات، بۆیە تەنها تاوەکو سێی ناوەندی خوێندووە. لەساڵی ١٩٦٠ەوە لەبواری ڕۆژنامەگەری کاردەکات. ئێستاش سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری ( k21، لەیلا قاسم- لەیلا زانا)یە.

[٣] بڕوانە: جريدة (العراق)، ع (١)، ١٨/ ٢/ ١٩٧٦, ص١.

[٤] عبدوللأ زەنگەنە ،ڕەفیق سالح ئەحمەد، س.پ، ل١٦١.

[٥] ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، (ئازاری ١٩٧٥- ١٩٩٣)، چ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٦.

[٦] بڕوانە: جريدة (العراق)، ع (١١٧٠)، ١٢/ ١/ ١٩٨٠ ، ع (٤٥٨٦)،١/ ٣/ ١٩٩١.

[٧] بڕوانە: جريدة (العراق)، ع ( ١٢٢٣)، ٤/ ٣/ ١٩٨٠، ص١.

جەمیل، ساڵح حەیدەری هەڵگیران، لەشوێنیان محەمەد ڕەشید جەباری دانراوە[1]. ئەم ڕۆژنامەیە تاوەکو دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لە عێراق بەردەوام بوو.

ئەگەرچی لاپەڕەی ڕۆشنبیری کوردی ئەو ڕۆژنامەیە بەزمانی عەرەبی خزمەتێکی بەڕۆشنبیری کوردی کردووە. بەڵام لەگەل ئەوەشدا ئەگەر بەوردی سەرنج لەناوەڕۆك و بابەتەکانی بدرێت، ئەوا دەردەکەوێت کە زیاتر خزمەتی حکومەتی کردووە لەوەی خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی کردبێت. تەنها چەند لاپەڕەیەکی زۆر کەمی نەبێت، لە چەند ژمارەیەکی دیاریکراودا بە زمانی کوردی بوو، ئەوانی تر هەمووی بەزمانی عەرەبی بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەچێتە خانەی ڕۆژنامەگەری کوردییەوە[2].

## د- (عیراق- پاشکۆی ڕۆژنامەی «العراق» ):

پاشکۆی ڕۆژنامەی (العراق)ی عەرەبی بوو. سەرەتا دوو هەفتە جارێك بەزمانی کوردی لەبەغدا لەلایەن هەمان دەستەی ڕۆژنامەی (العراق)ەوە دەردەچوو. یەکەمین ژمارەی لە ٩/ ١١/ ١٩٧٦دا بەو پێناسەی سەرەوە بە(٨) لاپەڕە بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (٢)شی لە ٢٣/ ١١/ی هەمان ساڵ دەرچوو. دوای ئەوە ڕاوەستا[3]. پاش تێپەڕبوونی پێنچ مانگ دەستی کردەوە بەدەرچوون، ژمارە (١)ی لە٢١/ ٣/ ١٩٧٧ بە (١٦) لاپەڕە و قەبارەی (٢٩×٤٢سم) دەرچوو، لەچاپخانەی (العراق) لەبەغدا چاپکرا[4]. ژمارە (٥٤)ی کە لە شوباتی ١٩٨٥دەرچوو، بەدوا ژمارەی ئەم خولەی دادەنرێت[5]. واتە کۆی ژمارەکانی (٥٤) ژمارەبوون لەماوەی (٩٦) مانگدا دەرچوون. ڕۆژنامەکە لەم خوولەیدا نەیتوانیوە بەڕێکوپێکی دەربچێت، تاوەکو دواتر ڕاگیرا. پاشان بەشێوەی دوو یان چوار لاپەڕە لەنێو ڕۆژنامەی (العراق) بەزمانی کوردی زیاتر ڕۆژانی چوارشەممان بڵاودەکرایەوە[6]. لەم خوولەدا (٢١) ژمارەی ماوەی توێژینەوەکەی ئێمە دەگرێتەوە، لەژمارە (٣٣)ەوە تاوەکو وەستانی لەساڵی ١٩٨٥[7]. دەتوانیت ئەو ماوەیە بەخولی یەکەمی ڕۆژنامەکە ناوبنێین.

---

(1) بروانە: جریدة (العراق), ع (١٤٨٧), ١/ ١/ ١٩٨١، ص١.

(2) فەرهاد پیربال پێی وایە: (( هەر ڕۆژنامەوانیەك خاوەن ئیمتیاز، یان سەرنووسەرەکەی کورد بێت، پرۆژە و ناوەڕۆکی ڕۆژنامەوانیەکەی لەپێناو کورد بێت، یان بەلای کەمەوە بەشێك لەبەرژەوەندییەکانی کوردی تێدا بێت و پێشکەوتنی کوردانیشی لامەبەست بێت)) ئەوا بەڕۆژنامەوانی کوردی دەژمێردرێت. نووسەر مەرجی ئەوەی دانەناوە کە، ئایا بەچ زمانێك وەیا لەچ شوێنێك (کوردستان یان دەرەوەی کوردستان) دەردەچێت. ڕۆژنامەی (العراق) ئەگەر مەرجی سێیەمیشی تێدا نەبێت، ئەوا لەمەرجی یەکەم و دووەم بەدەرنیە. بۆیە ئەم بابەتەمان لەو شوێنە وروژاند، چونکە لەنێو لاپەڕەی زۆربەی کتێبە ڕۆژنامەوانیەکان و بیبلۆگرافیای ڕۆژنامە کوردییەکان، زۆر بەکەمی نەبێت باس لەڕۆژنامەی (العراق) نەکراوە. ئەوەش ڕەنگە لەبەر دووهۆکار بێت: یان ئەوەتا بەڕۆژنامەوانی کوردی دانەنراوە، یان لەبەرئەوەی سەربەرحکومەت بووەو کەم خزمەتی ڕۆشنبیری کوردی کردووە. بروانە: ڕۆژنامەگەری کوردی بەزمانی فەرەنسی، لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی، هەولێر، ١٩٩٨، ل٤- ٥.

(3) عبدوڵڵا زەنگەنە، ڕەفیق سالح ئەحمەد، س.پ، ل١٦١.

(٤) بروانە: ڕۆژنامەی (عیراق), ژ (١)، ٢١/ ٣/ ١٩٧٧، ل١.

(5) بروانە: ڕۆژنامەی (عیراق)، ژ (٥٤)، شوباتی ١٩٨٥.

(6) ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل٣٦.

(7) بروانە: ڕۆژنامەی (عیراق), ژ (٣٣)، کانوونی دووەمی ١٩٨٠؛ ژ(٥٤)، شوباتی١٩٨٥.

ڕۆژنامەی عیراق بۆ جارێکی تر لەخولێکی نوێیدا بەهەوڵ وکۆششی عەبدلوەهاب تاڵەبانی، وەکو سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەر، لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوڕێیانی، کە لەئەندامانی دەستەی ئیمتیازی ڕۆژنامەکەبوون، بەشێوەیەکی هەفتانە دەستی بەدەرچوون کردەوە[١]. ژمارە (١)ی لەڕۆژی چوارشەممە (١٦/ ٩/ ١٩٨٧) بەپێناسی "پاشکۆی هەفتانەی ڕۆژنامەی (العراق)ە" بلاَوکرایەوە. لەلایەن (دار العراق للصحافة والنشر) بەزمانی کوردی دەردەچوو. سەرۆکی دەستەی ئیمتیازی هاشم حەسەن ئاکرەیی و ئەندامانی دەستەی ئیمتیازیش: محەمەد ئەمین محەمەد، مەجید ڕەشید جەباری، بوون. لەساڵی یەکەمی دا (١٦) ژمارەی لێ دەرچوو. وادیارە ئەم جارە بارودۆخ لەباربووە، بۆیە توانراوە بەشێوازێکی ڕێك و بە بەردەوامی هەموو ڕۆژانی چوارشەممە ژمارەیەکی لێ بلاَوبکرێتەوە، تاوەکو ئابی ١٩٩٠ گەیشتۆتە (١٥٠) ژمارە[٢].

دوای ئەوەی عێراق ولاَتی کوێتی داگیرکرد، بەهۆی ئەو گەمارۆئابووریەی خرایە سەر عێراق لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کاغەزو کەرەستەی چاپەمەنی کەم بۆوە. دواتریش تێکچوونی بارودۆخی عێراق و سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کوردستان، هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر ئەوەی  ڕۆژنامەکە بۆماوەیەك بووەستێت. تاوەکو بارودۆخی بۆ ڕەخساوە، لەڕۆژی ١٩/ ٧/ ١٩٩١دا ژمارە (١٥١)ی دەرکردو جارێکی دیکە دەستی بەدەرچوون کردەوە. تاوەکو ڕووخانی حکومەتی عێراق لە ٩/ ٤/ ٢٠٠٣ بەردەوام بوو[٣].

### ژ- گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی):

گۆڤارێکی ئابووری کشتوکاڵی بوو. پاشکۆی گۆڤاری عەرەبی(الثورة الزراعیة)[٤] بوو. وەکو ئاماژەی بۆکراوە سێ مانگ جارێك (ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی لەقوتری عێراقی)[٥] بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) لەشاری بەغدا دەریدەکرد. ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی لەکانوونی دووەمی١٩٧٨ بە (٥٤) لاپەڕەو قەبارەی (٢٨,٥×٢١,٥سم) دەرچوو. سەرنووسەری عبدالوەهاب مەتەر ئەلداهری(دکتۆر)بوو، ئەندامانی دەستەی نووسینی لە سامال مەجید فەرج(دکتۆر)، ئیسماعیل ئیبراهیم(دکتۆر)، کازم حەبیب(دکتۆر)، عەدنان خەروان(دکتۆر)، ڕافیع سەحاب ئەحمەد، توعمە ئەلبەندەر(دکتۆر)، نووری عەبدولقادر(دکتۆر)، زەید ڕەمەزان(دکتۆر)، فاروق یەعقوب(دکتۆر)، شاکر سابیر، پێکهاتبوون.  سکرتاریەتی نووسینیشی پێکهاتبوو لە: سامان ئەلنۆفەل(دکتۆر-سکرتێری نووسین)، شەریف ئەلراس، حەمید نەشئەت، یاسین

---

[١] بڕوانە: ڕۆژنامەی (عیراق)، ژ (٦٨)، ٤/ ١/ ١٩٨٩، ل ١٨.

[٢] ڕۆژنامەی (عیراق)، ژ (١٥٠)، ٢٢/ ٨/ ١٩٩٠، ل١.

[٣] حەسەن بارام، س.پ ، ل٣٧٣.

[٤] گۆڤارێکی ئابووری کشتوکاڵی دەنگوباسی هەفتانە بوو، بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و بلاَوکردنەوەی سەر بەوەزارەتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەریدەکرد، ژمارە (١)ی لە ساڵی ٢٧/ ٧/ ١٩٧٠دا دەرچووە. بڕوانە: جبار جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، مطبعة الامة، بغداد،١٩٧٥، ص ٧٤- ٧٥.

[٥] لەدوای دەرچوونی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٦)ی ساڵی (١٩٧٠)، پێکهات، بۆ دیاریکردنی سیاسەتی کشتوکاڵی لە عێراقدا. عیززەت ئیبراهیم ئەلدوری سەرۆکی ئەنجومەنەکە بوو. بڕوانە: نەخشەی کشتوکاڵی پاش شۆڕشی ١٧ی تەمموز، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٣)، س١، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، ل١٤.

**تاتە، شەفیق سووریال (بەڕێوەبەری نووسین)، جەمال خەزنەدار[١]. دەبێت ئەوەش بگوترێت کە جەمال خەزنەدار ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەدەرکردنی گۆڤارەکە بەزمانی کوردی[٢]. ئەگەر هەندێك ووردببینەوە لەدەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، دەبینین زۆربەیان عەرەب بوونە. تێبینی ئەوەش دەکرێت کەزۆربەیان مامۆستای زانکۆ بوونە، ئەمەش زانستی بوون و ئەکادیمی بوونی گۆڤارەکە زیاتر دەکات، وەکو گۆڤارێکی ئابووری کشتوکاڵی.**

**ئەم گۆڤارە ساڵی یەکەمی (٤) ژمارەی لێ دەرچوو. کۆی ژمارەکانی (١٤) ژمارەبوون. دوا ژمارەشی کەژمارە (١٤) بوو، لەساڵی١٩٨٢دەرچوو[٣]. تەنها (٧) ژمارەی لە ماوەی توێژینەوەکەمان دەرچووە، کە لەژمارە (٨)ی ساڵی سێیەمی١٩٨٠یەوەیە[٤]. عامر مەهدی ساڵح لەژمارە (٦)ەوە تاوەکو وەستانی سەرنووسەری بووە[٥]. لەژمارەی (٨)یشەوە جێگری سەرنووسەری بۆ دانراوە، کە ساماڵ مەجید فەرەج بوو[٦]. دوای ئەوەی گۆڤارەکە (٥) ژمارەی لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵەوە دەرچوو, باقی ژمارەکانی دیکەی لەلایەن (دەستەی گشتی ڕۆشنبیری و ڕابەری جوتیاران) لە وەزارەتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵییەوە دەردەچوو[٧]. سەرجەم ژمارەکانی لە چاپخانەکانی (المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة، چاپخانەی دەستەی گشتی ڕۆشنبیری و ڕابەری جوتیاران)، لەبەغدا چاپکراون.**

### ر- بڵاوکراوەی (کشتوکاڵ ):

**بڵاوکراوەیەکی کشتوکاڵی بوو، ئەمیندارێتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵی و چاککردنی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو)، دەریدەکرد. یەکەم ژمارەی لەساڵی ١٩٨٠دا بە(٥٤) لاپەڕەو قەبارەی (٢٩×٢١سم) دەرچوو. سەرنووسەری محەمەد سەدیق مەحمود، سکرتێری نووسین سەعید یەحیا خەتات بوو. دەستەی نووسەرانی لە: ئەحمەد محەمەد سەعید، هادی حەسەن مستەفا، عەلی خدر شیخە، حوسێن عارف، پێکهاتبوو[٨].**

---

[١] بڕوانە: گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی), ژ (١) س١، کانوونی دووەمی ١٩٧٨، ل١

([٢]) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال خەزنەدار، هەولێر، ٢٠١٥/١/١٥. ناوبراو لەساڵی ١٩٣٨ لەشاری هەلێر لەدایك بووە، ئامادەیی بەغدای لەساڵی ١٩٥٩ تەواوکردووە، لەساڵانی پەنجاکانەوە لەبواری ڕۆژنامەوانی کاریکردووە، لەساڵی ١٩٥٨ پەیامنێری گۆڤاری شەفەق بووە لە بەغدا، ئێستاش خاوەنی ئەرشیفخانەیەکی گەورەی ڕۆژنامەوانی کوردییە، بە نیازی دامەزراندنی (مۆزەخانەی ئەرشیف و لێکۆلینەوەی ڕۆژنامەگەری کوردستان)ە، کە بەمزووانە لەسەر قەلات لەشاری هەولێر دەکرێتەوە.

[٣] بڕوانە: بڕوانە: گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٤)، س٤، ١٩٨٢.

[٤] بڕوانە: گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٨)، س٣، ١٩٨٠.

[٥] بڕوانە: گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٦)، س٢، ١٩٧٩؛ ژ(١٤)، س٤، ١٩٨٢.

[٦] بڕوانە: گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ (٨)، س٣, ١٩٨٠.

[٧] بڕوانە: گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)،  ژ (٦)، س٢، ١٩٧٩.

[٨] بڕوانە:  بلاوکراوەی (کشتوکاڵ)، ژ(١)، چاپخانەی(الحوادث)، بەغدا، ساڵی ١٩٨٠.

**هەرچەندە لەژمارە (١)ی بلأوكراوەكە ئاماژەكراوە سیٚ مانگ جاریٚك دەردەچیٚت، بەلأم نەیتوانیوە بەشیٚوازیٚكی ڕیٚك و بەبەردەوامی دەربچیٚت، بۆیە تەنها دوو ژمارەی لیٚ دەرچووە. ژمارە (١)ی خولی دووەمی لەسالْی ١٩٨٢ بە (٥٢) لاپەڕە دەرچوو، لەچاپخانەی (دارالعراق) لەبەغدا چاپكرا[١].**

**ز- گۆڤاری (كاروان- المسيرة):**

**گۆڤاریٚكی ڕۆشنبیری مانگانە بوو، ئەمینداریٚتی گشتی كارگیٚڕیی ڕۆشنبیری و لاوان، بەزمانی كوردی و عەرەبی دەریدەكرد. ژمارە (١)ی لەتشرینی یەكەمی سالْی ١٩٨٢ بە (٩٦) لاپەڕەو قەبارەی (٣٠×٢٢سم) دەرچوو. سەرنووسەری محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد، جیٚگری سەرنووسەر حوسیٚن عارف، سكرتیٚری نووسین سەردار حەمید میران، بوون. دەستەی نووسەرانیشی بریتی بوون لە: حوسیٚن ڕەشوانی، شوكریە ڕەسولْ(دكتۆر)، زوبیٚر بیلال ئیسماعیل، جەلال مەدحەد خۆشناو، فەیسەلْ مستەفا[٢].**

**گۆڤاری كاروان بۆ ماوەی دە سالْ بەردەوام بوو. بەشیٚوازیٚكی ڕیٚكوپیٚك، هەموو مانگیٚك ژمارەیەكی لیٚ بلأودەكرایەوە. ژمارە (٩٣)ی كە دوا ژمارەی بوو لەدوای ڕاپەڕین، لەئاداری ١٩٩٢هەر لەژیٚر ناوی ئەمینداریەتی ناوبراو دەرچوو[٣]. دیارە لەماوەی تەمەنیدا گۆڕانكاری كەمی بەسەردا هاتووە، زۆربەی ژمارەكانی لەچاپخانەكانی ( آفاق عربية، دار الحرية، الأديب) لە بەغدا و چەند ژمارەیەكی كەمی لەچاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان لەهەولیٚر، چاپكراون. سەبارەت بەسەرنووسەری گۆڤارەكەش لە ژمارە (٨٠)ەوە (حكمەت حاجی سەلیم) بووە[٤]. ئەوەی جیٚگای سەرنجە ژمارە (٩٢)ی سالی١٩٩١ی گۆڤارەكەیە، كەوا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی كوردستانی گرتبۆوە(كە ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی خەلكی كوردستان بوو دژ بەحكومەت) لەلایەن حكومەتەوە دەستی بەسەردا گیراو لیٚنەگەڕا بهیٚنریٚتەوە كوردستان. بەلأم چەند ژمارەیەكی كەوتۆتە دەست دلْسۆزانی ڕۆژنامەنووسی كوردی و ئیٚستا لەئەرشیفە تایبەتیەكانیان پاریٚزراون[٥].**

**شایەنی باسە ئەو گۆڤارە بەشیٚوەیەكی گشتی ژمارەی لاپەڕەكانی لەنیٚوان (٩٠- ٢٦٨) لاپەڕە بوو. بابەتەكانی زیاتر بەسەر ئەم تەوەرانە دابەشكراون: وتەی ژمارە، خزمەتگوزاری كورد، میٚژوو، ڕەخنەو لیٚكۆلْینەوە، دیوانی كاروان، جیهانی چیرۆك، شیعر، هونەر، زانیاری و ڕۆشنبیری گشتی، فۆلْكلۆر، شانۆگەری، كاروانی ڕۆشنبیری لەكوردستاندا و پۆستەی كاروان. هەروەها لەكۆتایی بەشە عەرەبیەكان لەزۆربەی ژمارەكاندا بابەتیٚك بەناوی (بطاقة شخصية) هەیە، كە بریتییە لە باسكردن لە ژیانی ڕۆشنبیران**

---

(١) بڕوانە: بلأوكراوەی (كشتوكالْ)، ژ (١) ، چاپخانەی(دار العراق)، بەغدا، سالی ١٩٨٢. لە پاشكۆی ژمارە(٦).

(٢) بڕوانە: گۆڤاری (كاروان)، ژ (١)، تشرینی یەكەم، ١٩٨٢، ل٣.

(٣) ئەوەی لە ژمارە (٩٣)ی گۆڤارەی (كاروان) تیٚبینی دەكریٚت ئەوەیە كە ناوی سەرنووسەر و ناوی جیٚگری سەرنووسەری لەسەر نەنوسراوە. تەنها لەدوا لاپەرەكەیدا نووسراوە سەرپەرشتكاری چاپ جعفر بەرزنجی، دەرهیٚنانی هونەری عەزیز ڕەشید حەیدەری. بڕوانە: ژ(٩٣)، ئاداری١٩٩٢.

(٤) بڕوانە: گۆڤاری (كاروان)، ژ (٨٠)، تشرینی یەكەم و دووەمی ١٩٨٩، ل٣.

(٥) ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل ١١٣. بۆ بینینی گۆڤارەكە بڕوانە پاشكۆی ژمارە(٧).

**و هونەرمەندان و ئەدیبانی کورد[١]. لەگەڵ ئەوانەشدا چەند ژمارەیەکی تایبەتی و پاشکۆی لەگەڵ ژمارەکاندا، بڵاوکراوەتەوە[٢].**

**جگە لەوانەی باسمانکرد، چەند گۆڤار و ڕۆژنامەی تر وەکو پاشکۆی گۆڤاری (کاروان) دەرچوونە، ئەوانیش؛ کاروانی وەرزش (ڕۆژنامە)، کاروانی فۆلکلۆر (گۆڤار )، کاروان بۆزانستی مرۆڤایەتی (گۆڤار)، لێرە بەدوا باسیان دەکەین.**

## **س- ڕۆژنامەی (کاروانی وەرزش):**

**پاشکۆی وەرزشی گۆڤاری (کاروان) بوو. دوو هەفتە جارێك لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی ڕۆشنبیری و لاوانەوە لەشاری هەولێر دەردەچوو. یەکەمین ژمارەی لەڕۆژی سێشەممە (٣٠) تەمموزی ١٩٨٥ بەچوار لاپەڕەو قەبارەی (٥٩×٤٣سم)دەرچوو. ڕۆژنامەکە بەڕەنگی ڕەش و سپی، تەنها ناونیشانی ڕۆژنامەکەو بابەتەسەرەکیەکانی بەڕەنگی سوور، دواتر بەڕەنگی شین دەردەچوو. سەرنووسەری محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد، جێگری سەرنووسەر سەعید یەحیا بوو. لەچاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان لەهەولێر چاپدەکرا[٣].**

**کاروانی وەرزش لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا بە یەکەمین بڵاوکراوەی وەرزشی دادەنرێت. سەرەتا بەزمانی کوردی دووهەفتەجارێك دەردەچوو، دواتر بوو بەهەفتەنامەیەکی وەرزشی و بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی (٣) لاپەڕەی کوردی و لاپەڕەیەکی عەرەبی، بڵاودەکرایەوە. سەرنووسەرەکانیشی لەسەرەتاوە تاکو وەستانی بەم شێوەیە بوو سەرەتا محەمەد ئەمین محەمەد ئەحمەد، دواجاریش حیکمەت حاجی سەلیم بوو. جێگری سەرنووسەرانی سەرەتا سەعید یەحیا، دواتر محەمەد محێدین محەمەد، دواجاریش حەسەن حوسێن ئەڵڵاداد بوو[٤]. زیاتر لە (٢٠٠) ژمارەی لێ دەرچوو، تاوەکو (٢/ ٨/ ١٩٩٠) بەردەوام بوو. دواتر لەدەرچوون ڕاگیرا[٥].**

**ڕۆژنامەکە بەشێوەیەکی گشتی گرنگی دەدا بەهەواڵ و چالاکیە وەرزشیەکانی کوردستان و عێراق. هەروەها باسی لەگرنگی و بایەخی وەرزش دەکرد و ئامۆژگاری وەرزشی بۆ وەرزشکاران بڵاودەکردەوە، بەمەبەستی بەرەو پێشبردنی کاروانی وەرزشی لەکوردستاندا. ئەنجامی یاریەکان بەشێوەی هەواڵ و**

---

(١) بۆنموونە بڕوانە: گۆڤاری (کاروان)، ژ(١٢)، ئەیلولی١٩٨٣ ؛ ژ(١٣)، تشرینی یەکەمی١٩٨٣ ؛ ژ(١٩)، نیسانی ١٩٨٤؛ ژ(٢٢)، تەمموزی١٩٨٤.

(٢) بۆنموونە ژمارە (٦)ی ئاداری ١٩٨٣ پاشکۆیەکی تایبەت بە (هەفتەی قادسیەی سەدام و جەژنەکانی ئادارو نەورۆز)؛ ژمارە (٩) حوزەیرانی ١٩٨٣ تایبەت بووە بە شانۆ؛ ژمارە (٢٦)ی تشرینی دووەم ١٩٨٤ پاشکۆ بۆ (بیبلۆگرافیای دوو ساڵەی تەمەنی کاروان لە ژمارە(١)ی تشرینی دووەمی ١٩٨٢ تا ژ(٢٤)ی ئەیلولی ١٩٨٤) تەرخانکربوو؛ ژمارە (٧٤)، نیسانی ١٩٨٩ تایبەت بە (جەژنەکانی نیسان و ڕزگارکردنی فاو)؛ ژمارە(٧٧)، تەموزی ١٩٨٩ تایبەت بووەبە(جەژنەکانی تەمموز)؛ ژمارە (٨٨)، تەمموزی ١٩٩٠ دیسان تایبەت بووە بە (جەژنەکانی تەمموز) .

(٣) بڕوانە: ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(١)، ١٩٨٥/٧/٣٠، ل١.

(٤) سەنگەر زرار، بیبلۆگرافیای بلاوکراوە وەرزشیەکان(١٩٨٥-٢٠١٢)، چ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٢، ل٧-١٤.

(٥) ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل ١٦٨-١٦٩.

**وێنەو مێژووی دامەزراندنی تیپە وەرزشیەکانی کوردستانی بڵاودەکردەوە. باسی لەهەواڵی ئۆلۆمپیاتەکان و جیهانیش دەکرد[(١)].**

## ش- گۆڤاری (نەورۆزی عێراق -نوروز العراق):

**لەژێر ناوەکەیدا نووسراوە (موسوعة ثقافية، فنية، تاريخية)، کەواتە گۆڤارێکی هەمەلایەنەی ڕۆشنبیری و هونەری مێژوویی بووە، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشاری هەولێر دەردەچوو. ژمارە (١)ی لەساڵی١٩٨٦ بەسەرپەرشتی ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی ڕۆشنبیری و لاوان بە (١٦٠) لاپەڕەو قەبارەی (٢٨,٥×٢٢سم) لەچاپ درا. لەسەرەتادا ناوی سەرنووسەری بەسەرەوە نەبوو، تەنها دەستەی نووسەرانی لەسەربوو، کە بریتی بوون لە: عەبدوڵلا عەباس، عەبدولڕەسول حوسێن، مەکی ڕەبیعی، یوسف دەلەوی، حەسەن مەیمونی، سەرپەرشتیاری زمانەوانی هێرش محەمەد ئەمین بوو. لەچاپخانەی (ثنيان) لەبەغدا چاپ دەکرا[(٢)].**

**شایەنی باسە ژمارە (١١)ی گۆڤارەکە لەسالی ١٩٨٩دەرچوو[(٣)]. دوای ئەوە لەجیاتی ژمارە زیاتر، بەش(جزء) ی بۆ بەکار هێنراوە. تاوەکو سالی ١٩٩٠ بەردەوام بوو. بەشی(١٥)ی کە دوا بەشی گۆڤارەکە بوو، لەتشرینی دووەمی ساڵی١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە، بەڕێوەبەری نووسینی حەسەن مەیمونی، سکرتێری نووسین یوسف دەلەوی، بوون[(٤)].**

**ئەگەرچی لەسەر زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری نەورۆزی عێراق نووسرابوو (تعني بالثقافة العامة وبتراث الشعب الكردي)، واتە بایەخ بە ڕۆشنبیری گشتی و کەلەپوری گەلی کورد دەدات، بەڵام لەڕاستیدا تەواو لەخزمەتی حکومەتی بەعس دا بوو. زیاتر گۆڤارێکی بازرگانی و ڕیکلامی بووە و گرنگی بەبڵاوکردنەوەی ئاگاداری وبروسکەی پیرۆزبایی دەدا[(٥)].**

## ص- بڵاوکراوەی (گردەمەند):

**بڵاوکراوەیەکی تایبەت بە ڕۆژی پارێزگای هەولێر[(٦)] بوو. دوای کردنی ئەم شارە بە پایتەختی هاوینەی عێراق لەلایەن حکومەت بەعسەوە، لیژنەی باڵای ڤیستڤاڵی ڕۆژی پارێزگای هەولێر، دوو ژمارەی**

---

(١) بڕوانە: ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(٧)، ١٩٨٥/١٠/١٧؛ ژ(٥٤)، ١٩٨٦/١/٧؛ ژ(٩٧)، ١٩٨٨/١١/٢٥.

(٢) بڕوانە: گۆڤاری (نەورۆزی عێراق), ژ (١) سالی ١٩٨٦, ل١.

(٣) بڕوانە: گۆڤاری (نەورۆزی عێراق), ژ (١١)، سالی١٩٨٩.

(٤) بڕوانە: گۆڤاری (نەورۆزی عێراق), ب (١٥) ، تشرینی دووەم، ١٩٩٠،ل١.

(٥) بۆ نموونە بڕوانە: گۆڤاری (نەورۆزی عێراق), ب(٤)، نیسان،١٩٨٨؛ ب(١٠)، ئەیلول، ١٩٨٩.

(٦) حکومەتی عێراف لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەدام حوسێن (١٩٧٩/٧/١٧ – ٢٠٠٣/٤/٩) چەند ڕۆژێکی تایبەتی دانابوو بۆ پارێزگاکانی عێراق، لەنێویشیاندا ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، بەناوی ڕۆژی پارێزگا. وەکو (ڕۆژی پارێزگای هەولێر١٩٨٣/٨/١٤، ڕۆژی پارێزگای سلێمانی١٩٨٥/١١/٣، ڕۆژی پارێزگای دهۆک١٩٦٩/٥/٢٧)، ئەو ڕۆژە تایبەتیانە بەبۆنەی سەردانی کردنی ناوبراو بۆ ئەو پارێزگایانە دادەنرا. جگە لە پارێزگای دهۆك نەبێت کەڕۆژی بەپارێزگا بوونیەتی. لەڕۆژی ١٤ی ئابی ١٩٨٣ سەردانی شاری هەولێری کرد، ئەوەی ڕاگەیاند کە هەولێر پایتەختی هاوینەی عێراقە، ئەو ڕۆژە لەلایەن حکومەتی بەعس بەڕۆژی پارێزگای هەولێر دانرا. بەو بۆنەیەوە

بڵاوکراوەیەکی بەزمانی عەرەبی و کوردی، لەژێر ناوی"گردەمەند دەنگی بلندبووەوەی جەماوەری ئازاو دلێری شاری هەولێرە" دەرکرد. سەرنووسەری پارێزگاری هەولێر (ئیبراهیم زەنگنە١٩٨٥-١٩٨٨) و جێگری سەرنووسەری عەبدولمەجید عەلیەوی بوو. ژمارە(١)ی لە ١٤ی ئابی ١٩٨٦ بەچوار لاپەڕەی ڕەنگا و ڕەنگ و قەبارەی (٤٣×٣٠سم) دەرچوو[١]. ژمارە(٢)ی لە ١٥ی ئابی ١٩٨٦ دەرچوو. هەردوو ژمارەکەش لەچاپخانەی (الأديب) لەبەغدا لەچاپ دراون[٢]. شایەنی باسە تەنها ناونیشانی بڵاوکراوەکە و لاپەڕەی کۆتایی بەزمانی کوردی بوو.

### چ- بڵاوکراوەی (پێنجوین):

بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەڕۆژی پارێزگای سلێمانی بوو. لێژنەی باڵای ڤیستڤاڵی ڕۆژی پارێزگای سلێمانی بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو)و عەرەبی دەریکرد. تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچوو، کە لە٣ی تشرینی دووەمی ١٩٨٦ بە(٤)لاپەڕە و قەبارەی (٤٣×٢٩سم) بڵاوکراوەتەوە. لەچاپخانەی (دار الشؤون الثقافية العامة) لە بەغدا چاپکراوە[٣]. هەر ئەو لێژنەیە پێشتر کتێبێکیشی لەشێوەی بڵاوکراوەیەك بەناونیشانی(السليمانية بين الأمس واليوم)وەکو چالاکیەك چاپکرد[٤].

### گ- ڕۆژنامەی (دهوك):

بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەڕۆژی پارێزگای دهۆك بوو. لێژنەی ڕاگەیاندنی ڤیستڤاڵی ڕۆژی پارێزگاکە ساڵانە بەزمانی عەرەبی و کوردی (بەشێکی زۆر کەمی بەزمانی کوردی کرمانجی ژووروو – بادینی) دەریدەکرد. تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارە (١)ی لەئایاری ١٩٨٧[٥]، ژمارە(٢)ی لە ٢٧/ ئایاری ١٩٨٨ [٦]، ژمارە (٣)ی لەئایاری ١٩٨٩، ژمارە (٤)ی کە دوا ژمارەبوو لەئایاری ١٩٩٠دا، دەرچوون[٧]. پێش ئەوەی بگاتەوە مانگی ئایاری ١٩٩١، ڕاپەڕینی باشووری کوردستان سەری هەڵدا، بۆیە نەتوانرا هیچ ژمارەیەکی تری لێ دەربکرێت.

---

ساڵانە لەلایەن حکومەتەوە ڤیستڤاڵ و ئاهەنگ بەڕێوەدەچوو. بڕوانە: نزار جرجيس علی، صحافة اربيل، دار الحرية للطباعة، بغداد،١٩٨٨، ص١٦١.

(١) نزار جرجيس علی، م.س ، ص١٦١.

(٢) بڕوانە: بڵاوکراوەی (گردەمەند)، ع (٢) ١٥/٨/١٩٨٦.

(٣) ڕەفیق سالح ئەحمەد، بیبلۆگرافیای ڕۆژنامە نووسی کوردی لەشاری سلێمانی (١٩٢٠ – ١٩٩٠)، لەبڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٢،، ل٩٧.

(٤) اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة السليمانية، السليمانية بين الامس و اليوم، مطبعة إشبيلية الحديثة، بغداد، ١٩٨٥، ص٩٩.

(٥) ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل١٩٥.

(٦) بڕوانە: جريدة (دهۆك)، ع(٢) ٢٧/ئایار١٩٨٨. ئەم ژمارەیە بەدەستی ئێمە کەوتووە، هیچ ووشەیەکی بەزمانی کوردی تێدا نیە. لە پاشکۆی ژمارە (٨).

(٧) عەبدوڵڵا زەنگەنە، ڕەفیق سالح ئەحمەد، ڕابەرسی ڕۆژنامەنووسی کوردی، گۆڤاری(ڕۆژنامە نووس)، ژ(٤) ٢٢/٤/٢٠٠٥، ل٢٠٢.

**ڤ- بلاۆكراوەی (هەولێر):**

**درێژەپێدەری بلاوكراوەی (گردەمەند)بوو. لێژنەی بالای ڤیستڤالی ڕۆژی پارێزگای هەولێر بەزمانی عەرەبی و كوردی دەریدەكرد؛ كە تەنها ناونیشانی بلاوكراوەكەو لاپەڕەی كۆتایی بەزمانی كوردی بوو. سەرنووسەری ئیبراهیم زەنگنە و جێگری سەرنووسەر سامی ڕاجی بوو. بلاوكراوەكە بە (٤) لاپەڕە و قەبارەی (٤٣×٣٠سم) دەردەچوو، ژمارە (١)ی لە١٤ی ئابی ١٩٨٧ دەرچوو، لەچاپخانەی ڕۆشنبیریی و لاوان لەهەولێر چاپكرا. لەم ژمارەیەدا لە لاپەڕە چوار، پیربال مەحمود شیعرێكی بەناوی هەولێر (هەولێر تا ئەمرم نەغمە خوانی تۆم...)تێدا بلاوكردۆتەوە[1]. ژمارە(٢)ی لە١٥ی ئابی ١٩٨٧ بلاوكراوەتەوە[2]. هەروەها هەر ئەو لێژنەیە كتێبێكی لەشێوەی بلاوكراوەیەك بەناونیشانی(أربیل بین الماضي والحاضر) وەكو چالاكیەك بلاوكردەوە[3].**

**ع- گۆڤاری (ڕەنگین):**

**گۆڤارێكی مانگانەی سیاسی گشتی بوو، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوكردنەوەی كوردی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لەبەغدا بەزمانی كوردی دەریدەكرد. ژمارە (١)ی لە ١٤ تشرینی دووەمی ١٩٨٧ بە (٦١) لاپەڕەی ڕەنگاوڕەنگ و قەبارەی (٢٨×٢١سم) دەرچوو. سەرۆكی ئەنجومەنی كارگێڕی و سەرنووسەری موسلیح جەلالی، سكرتێری نووسین مستەفا نەریمان بوون[4].**

**گۆڤاری ڕەنگین لەسەرەتادا بەشێوازێكی ڕێكوپێك دەردەچوو. مانگانە ژمارەیەكی لیَ بلاودەكرایەوە. تاوەكو سالی ٢٠٠٠، (١٣٩) ژمارەی لیَ بلاوكرایەوە[5]. لەماوەی توێژینەوەكەماندا (٣٦) ژمارەی لیَ دەرچووە، كە لەچاپخانەی (دار الحریة) لەبەغدا چاپكراون. ژمارە (٣٦) ی كە دوا ژمارەی ماوەی ئاماژە بۆكراوە، لە سالی ١٩٩١دا دەرچوو[6]. تەنها ژمارە (٢٤ و ٢٥ )ی تشرینی یەكەم و دووەمی ١٩٨٩ بەیەك بەرگ دەرچوونە [7]. لەژمارە (٢٧)یشەوە سەرنووسەری حمە سەعید حمەكەریم بوو. هەر لەهەمان ژمارەوە مانگی دەرچوونی ژمارەكان نەنوسراوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی نەتوانراوە هەموو مانگێك ژمارەیەكی لیَ دەربكرێت، بۆیە تەنها سالی دەرچوونی ژمارەكان نووسراوە[8]. لە ژمارە (٣٣)شدا دەستەی نووسەرانی بۆ داندراوە، كە بریتی بوون لە: نوری عەلی ئەمین، ئەنوەر قەرداغی، جەمال خەزنەدار[9].**

---

(1) بڕوانە: بلاوكراوەی (هەولێر)، ع(١) ١٩٨٧/٨/١٤، ل٤. لە پاشكۆی ژمارە (٩).

(2) بڕوانە: بلاوكراوەی (هەولێر)، ع(٢) ١٩٨٧/٨/١٥.

(3) اللجنة الاعلامیة لمهرجان یوم محافظة أربیل، أربیل بین الماضي و الحاضر، مدیریة دار الكتب للطباعة والنشر، موصل، ١٩٨٧.

(4) بڕوانە: گۆڤاری (ڕەنگین) ، ژ (١) تشرینی دووەمی ١٩٨٧، ل١ .

(5) بڕوانە: گۆڤاری (ڕەنگین) , ژ(١٣٩)، ئابی٢٠٠٠.

(6) بڕوانە: گۆڤاری (ڕەنگین) , ژ(٣٦)، سالی١٩٩١.

(7) بڕوانە: گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٢٤و٢٥) تشرینی یەكەم و دووەمی١٩٨٩؛ ژ (٢٧)، سالی ١٩٩٠.

(8) بڕوانە: گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٢٧)، سالی١٩٩٠.

(9) بڕوانە: گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٣٣)، سالی ١٩٩٠، ل١.

لەڕاستیدا ئەگەر چی نووسراوە ڕەنگین مانگانەیەکی سیاسی گشتییە، بەڵام بەدەگمەن بابەتی سیاسی تێدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵکو زۆربەی بابەتەکانی ڕۆشنبیری و ئەدەبی مێژوویی و هونەری و هەمەرەنگ بوون.

**غ- گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ):**

گۆڤارێگی مانگانەی تەندروستی گشتی بوو. ئەمینداریێتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی لەهەولێر بەزمانی کوردی (هەردوو زاراوەی کرمانجی خواروو ژووروو) دەریدەکرد. ژمارە (١)ی ساڵی یەکەمی لەئەیلولی ١٩٨٧ بە (١٤٠) لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ و قەبارەی (٣٠×٢٩سم) دەرچوو. سەرنووسەری نیهاد ئەپتەر زەنگەنە (دکتۆر)، جێگری سەرنووسەری بەهجەت عیزەت جاف، سکرتێری نووسینی نافیع ئاکرەیی[١](دکتۆر)بوو[٢].

گۆڤارەکە لەژمارە (١٩)ەوە تەنها ناوی بەرێوەبەری نووسین نافیع ئاکرەیی بەسەرەوە بوو، پاشان لەژمارە (٢٥)ەوە سەرنووسەری سەگڤان حوسێن بامەڕنی(دکتۆر)، جێگری سەرنووسەر عەبدولرەزاق مەرعی حەسەن بوون، هەتاوەکو وەستانی گۆڤارەکە[٣]. تەندروستی و کۆمەڵ بەشێوازێکی ڕێکوپێك هەموو مانگێك ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرایەوە. لەچاپخانەکانی (آفاق عربية، العمال، الأديب) لەبەغدا چاپدەکران. تەنها (٣٥) ژمارەی لێ دەرچوو[٤]. لەنێو کۆی ژمارەکاندا ژمارەی (٧)ی نیسانی١٩٨٨ تایبەت بووە بەڕۆژی جیهانی قەدەغەکردنی جگەرەکێشان[٥]. دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی باشووری کوردستان گۆڤارەکە ڕاگیرا.

**ف- ڕۆژنامەی (ئاسۆ):**

ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بوو. هەفتەی جارێك بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) لەلایەن (دەزگای ڕۆژنامەنووسی و بڵاوکردنەوەی ئاسۆ)[٦]ەوە لەبەغدا دەردەچوو. ژمارە (سفر)ی وەکو ژمارەیەکی

---

[١] نافع ئەیوب ئاکرەیی: لەساڵی ١٩٤٤ لەقەزای ئاکرێ لەدایك بووە، کۆلێژی پزیشکی لەزانکۆی موسل تەواو کردووە، لەساڵانی حەفتاکانەوە چووەتە نێو بواری ڕۆژنامەگەرییەوە. لەساڵی ١٩٨٣ بووە بەسەرۆکی یەکێتی ئەدیبانی کورد. ماوەیەکیش جیگری یەکەمی سەرۆکی یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق بووە. لەساڵی ١٩٨٩ ڕۆژنامەی(بزاڤ) بەزمانی کوردی (کرمانجی ژووروو) دەرکردووە، هەر خۆشی خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری بووە. خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمیشە لەو بوارانەی ئاماژەمان پێدا. لەساڵی ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: مجلة(الاديب الكردى)، ع(٢)خاص، تشرين الثاني، ١٩٨٦،ص٢٥٠.

[٢] بڕوانە: گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ) ، ژ (١) س١، ئەیلولی ١٩٨٧، ل١.

[٣] بڕوانە: گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ (٧- ١٩) حوزەیرانی ١٩٨٩، ل١؛ ژ (١- ٢٥)، س٣، کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، ل١.

[٤] بڕوانە: گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ) ، ژ(٣٥) س٤، پایزی ١٩٩١.

[٥] بڕوانە: گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٧)، نیسانی ١٩٨٨.

[٦] دوای وەستانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لەساڵی ١٩٨٨و وەخۆ کەوتنی بەرەی نیشتمانی کوردستان و بەهێزبوونی ڕاگەیاندنی کوردی، بەتایبەتی لەدەرەوەی عێراق. لەڕۆژی ١٩٨٩/٥/٢١حکومەتی عێراق بڕیاری دامەزراندنی دوودەزگای ڕۆژنامە نووسی و بلاوکردنەوەی کوردی لەبەغدا دەرکرد. یەکیان بەناوی (ئاسۆ) بەزاراوەی سۆرانی، ئەوی تریان بەناوی (بزاڤ) بەزاراوەی کرمانجی. بودجەو دارایی تایبەتی بۆتەرخانکرابوو، بۆ دژایەتیکردنی ڕاگەیاندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لەباشووری کوردستان و

**ئەزموونی لە ٢٢/ ٧/ ١٩٨٩ دەرچوو. کە کارتی پیرۆزبایی و باری سەرنجی بایەخداران بە ڕۆژنامەنووسی کوردی بەگشتی و بەرنامەی کاری داهاتووی ڕۆژنامەکەی بەتایبەتی تێدا بڵاوکرابۆوە. خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری عەبدولوەهاب تاڵەبانی، جێگری سەرنووسەری عەبدوللا عەباس، دەستەی نووسەران: سەلاح شوان، عەبدولستار کازم، فریا عەبدوڵڵا جاف، موکەڕەم تاڵەبانی، حازم باجەلان، ئیبراهیم عەلی محمود و نەسرەدین مەجید بوون. بەڕێوەبەری نووسینی محەمەد ساڵح عەبدولکەریم بەرزنجی و بەڕێوەبەری ئیداری و دارایی عەبدولستار کازم بوون[1]. ژمارە (١)ی لە ٢٩/ ٧/ ١٩٨٩ دەرچوو[2].**

**ئەو ڕۆژنامەیە بە (١٢)لاپەڕەو هەندێك جاریش بە(١٦) لاپەڕە و قەبارەی (٤٢×٥٩سم) دەردەچوو. لەچاپخانەی (دارالحرية) لەبەغدا چاپدەکرا. دوا ژمارەشی کە ژمارە(٥٥)بوو، لە ١٨/ ٨/ ١٩٩٠ دەرچوو[3]. دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەکە خەڵکانی کورد بوون، لە نووسەرو ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسی شارەزا پێکهاتبوون، کە پێشتر کەم و زۆر لەدام و دەزگاکانی حزبە سیاسیەکانی کوردی قاڵببونەوەو تاڕادەیەك ئەزموونی ڕۆژنامەنووسییان پەیداکردبوو[4]. لەبەر ئەوە ئەگەر بەچاوێکی هەلسەنگاندن تەماشای باری هونەری و جۆری دابەشکردنی بابەتەکانی بکەین، بەڕۆژنامەیەکی ڕێکوپێك دێتە بەرچاو. ئەگەرچی لەماوەی ئەو(٥٥) ژمارەیەدا دەستەی نووسەرانی بۆیان نەکراوە چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ڕۆشنبیرو خوێندەوارێکی کورد پەروەردا ڕێکبخەن، بەڵام ناوەڕۆکێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و هونەری باشی هەبوو.**

## ق- ڕۆژنامەی (بزاڤ):

**ڕۆژنامەیەکی سیاسی گشتی بوو. هەفتەی جارێك بەزمانی کوردی(کرمانجی ژووروو- بادینی) لە بەغدا دەرەچوو. خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەری نافع ئاکرەیی بوو، دەستەی ئیمتیازو نووسەرانی محەمەد سەلیم سواری، موختار فائق، محەمەد جیهاد حەسن، ئەحمەد عەبدوڵڵا زەرۆ[5]، خالد حوسێن و حوسێن**

---

چەواشەکردنی خەلك. بۆئەوەی نەلێن ڕۆژنامەوانی کوردی ئازاد نیە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار, ئینسۆکلۆپیدیای ڕۆژنامەگەری کوردی، ل١٩٧-١٩٨.

(١) بڕوانە: ڕۆژنامەی (ئاسۆ) , ژ (سفر) ٢٢/ ٧/ ١٩٨٩.

(٢) بڕوانە: ڕۆژنامەی (ئاسۆ) ,ژ(١)، ١٩٨٩/٧/٢٩.

(٣) بڕوانە: ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٥٥)، ١٩٨٩/٨/١٨.

(٤) جەمال خەزنەدار، س.پ، ل١٩٨.

(٥) ئەحمەد عەبدوللا مستەفا زەرۆ: لەساڵی ١٩٤٤ لەشاری زاخۆ لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواو دەکات، لە ساڵانی حەفتاکانەوە بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆری لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٠لەشاری دهۆك سەرپەرشتی دەرکرنی بلاوکراوەیەکی ڕۆژنامەوانی کردووە بەناوی (پەیڤ). چەندین بەرهەمی چاپکراوی هەیە لەوانە(شاهی و دیلان ، مامکێن کوردی ، سترانا لیریکی-فۆلکلۆری، کلامی جمعەتا کوردا). لەسالی ١٩٧٨ بووە بەسەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی دهۆك. هەروەها یەك لەئەندامانی دەستەی نووسینی ڕۆژنامەی(بزاڤ)بوو. بڕوانە: احمد عبدالله زەرۆ، لەخۆم دەدوێم، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٧٢)، ١٩٩٠/٤/٢٣، ل١٢.

**مستەفا عوسمان بوون. ژمارە (١)ی لە ڕۆژی سێ شەم ١٩٨٩/٨/١دەرچوو. لەچاپخانەی (دار الجماهیر للصحافة) لەبەغدا چاپ دەکرا[١].**

**بزاڤ بە (٨)لاپەڕەو هەمان قەبارەی ڕۆژنامەی ئاسۆ(٤٢×٥٩سم)دەردەچوو. ژمارە(٥٦)ی کە دوا ژماربوو لە ١٩٩٠/٨/٢٨دا بلاوکراوەتەوە[٢]. بزاڤ تاکە ڕۆژنامەی ماوەی توێژینەوەکەمانە، بەزاراوەی کرمانجی دەرچووبێت. هەموو هەفتەیەك بەشێوازێکی ڕێکوپێك وسەرکەوتووانە ژمارەیەکی لێ بلاودەکرایەوە.**

**دیارە ئەو ڕۆژنامەیە توانیبووی لەلای دەسەلاّتدارانی حکومەتی عێراقدا جێی خۆی بکاتەوە، بۆیە دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق سوپاسنامەیەکی تایبەتی بۆ ڕۆژنامەکە وەشاندووە[٣]. دەرکرنی ئەو دوو ڕۆژنامەیە (ئاسۆ، بزاڤ) بۆ زیاتر لێك دابڕانی ڕیزەکانی گەلی کوردبوو کە هەریەکەیان بەزاراوەیەك بوون.**

### ك- گۆڤاری (کاروانی مندالآن):

**گۆڤارێکی مندالآن بوو. ئەمیندارێتی گشتی کارگێڕیی ڕۆشنبیریی و لاوان لەشاری هەولێر، وەکو پاشکۆی گۆڤاری (کاروان) بەزمانی کوردی(کرمانجی خواروو) دەریدەکرد. سەرنووسەری حیکمەت حاجی سەلیم(ئەمینداری گشتی کارگێڕیی ڕۆشنبیریی و لاوان)، سکرتێری نووسین نەشئەت محەمەد سالح موختار بوو. دەرهێنانی هونەریشی محەمەد زادە بوو. تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچوو، لەپاشان وەستاوە. ژمارە(١)ی لەنیسانی ١٩٩٠بە(٢٤) لاپەڕە و قەبارەی (٢٣×٣٠سم)بوو. ژمارە (٢)شی لە حوزەیرانی هەمان ساڵ بە (٣٢) لاپەڕە و قەبارەی گەورەتر دەرچوو. هەردوو ژمارەکەش لە چاپخانەی خوێندنی بالاّ- لەهەولێر چاپکراوە[٤]. تایبەت بووە بە منداڵ و مێردمندالآنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان.**

### ل- گۆڤاری (کاروان بۆ زانستی مرۆڤایەتی):

**گۆڤارێکی زانستی بوو. لەلایەن ئەمیندارێتی گشتی کارگێڕیی ڕۆشنبیریی و لاوان وەکو پاشکۆی گۆڤاری کاروان بەهەردوو زمانی کوردی(کرمانجی خواروو) و عەرەبی لەشاری هەولێر دەردەچوو. سەرنووسەری حیکمەت حاجی سەلیم، جیگری سەرنووسەر سەلآحەددین عوسمان بەکر(دکتۆر)، سکرتێری نووسین ئیسماعیل عەلی شوکر بوون. ئەندامانی دەستەی نووسینیشی بریتی بوون لە: کەمال محەمەد سەعید خەیات(دکتۆر)، سەعدی ئیسماعیل بەرزنجی(دکتۆر)، شوکریە ڕەسول، فیکرەت ڕەفیق**

---

[١] بڕوانە: ڕۆژنامەی (بزاڤ)، ژ(١)، ١٩٨٩/٨/١، ل١-٨.

[٢] بڕوانە: ڕۆژنامەی (بزاڤ)، ژ(٥٦)، ١٩٩٠/٨/٢٨.

[٣] الجمهوریة العراقیة، دیوان الرئاسة، دائرة المراسم، م/ شکر، العدد(م.ر./بلا) ١٩٩٠/٣/١. وەرگیراوە لە: ڕۆژنامەی (بزاڤ)، ژ(٣٣)، ١٩٩٠/٣/١٣، ل٨. بڕوانە دەقی سوپاسنامەکە لە پاشکۆی ژمارە(٤).

[٤] ئیدریس عەبدوللا مستەفا، ڕۆژنامەگەری مندالان بەزمانی کوردی، چ١،چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٣-٤.

شەفیق. تەنها یەك ژمارەی لیّ دەرچوو بە(٢٤٨) لاپەڕەو قەبارەی (٢٣×١٧سم)، لە چاپخانەی ڕۆشنبیریی ولاوان لە شاری هەولێر چاپکراوە[١].

م- گۆڤاری (کاروانی فۆلکلۆر):

گۆڤارێکی فۆلکلۆری بوو. ئەمیندارێتی گشتی کارگێڕیی ڕۆشنبیریی و لاوان لەهەولێر وەکو پاشکۆی گۆڤاری کاروان بەهەردوو زمانی کوردی(کرمانجی خواروو)و عەرەبی دەریدەکرد. سەرنووسەری حیکمەت حاجی سەلیم، جیگری سەرنووسەر شوکریە ڕسول ئیبراهیم، بەڕێوەبەری نووسین مەولود قادر بیخالی، سکرتێری نووسین تارق محەمەد سەعید جامباز بوون. هەریەك لە: عەبدولغەنی عەلی یەحیا، عومەر ئیبراهیم عەزیز و عەبدوللا محەمەد عەبدوللا جوندی لە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە بوون. دەرهێنانی هونەریشی محەمەد زادە بوو. ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بابەتی فۆلکلۆری کوردی و وەرگێڕدراوی بێگانەی لەخۆگرتبوو. نووسەرو وەرگێڕەکان کورد بوون. چەند بابەتێکی بەزمانی عەرەبی تێدا بلاّودەکرایەوە، کە هەرباسی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی دەکرد. تەنها یەك ژمارەی لیّ دەرچوو ئەویش لەسالی ١٩٩٠بە (١٩٦)لاپەڕەو قەبارەی (٢٣×١٦سم)ە لەچاپخانەی ئەمیندارێتیەکە لەهەولێر چاپکرا. بەرگی گۆڤارەکە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێناسە کراوە[٢]. بەهۆی ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ی خەلکی کوردستان گۆڤارەکە ڕاگیراوە.

---

[١] بڕوانە: گۆڤاری(کاروان بۆ زانستی مرۆڤایەتی)، ژ(١)، سالی ١٩٩٠،ل٣-٤.

[٢] بڕوانە: گۆڤاری (کاروانی فۆلکلۆر)، ژ(١)، س١،١٩٩٠.

## تەوەری دووەم: ڕۆژنامەوانی پیشەیی/ تایبە تمەند:

ڕۆژنامەوانی پیشەیی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوانە لەخۆ دەگرێت، کە لەلایەن سەندیکا و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەردەچێت. ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕوومالکردنی پێداویستیەکان لەسەرجەم پیشەکان و دیاری کردنی کەم و کورتیەکان و باسکردن لەو بابەتانەی، کەوا گرنگی بە کەرتەکانی پیشەیی دیاریکراو دەدەن. ڕۆژنامەگەری پیشەیی لەهەموو کاتێکدا ڕەنگدانەوەی ئاراستەی سەندیکا و ڕێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیە پیشەییەکانە. بەڵام لەعێراقدا لەبەرئەوەی حکومەتێکی تۆتالیتاری باڵادەست هەبوو، بۆیە ئەم ڕۆژنامەوانیەش هەژموونی حکومەتی بەسەرەوەبووە و لەژێر سانسۆری ئەودابوو.

لەنێوان سالانی (١٩٨٠ – ١٩٩١) چەند گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی پیشەیی لەباشووری کوردستان و عێراقدا دەرچوونە، کە ئەمانە بوون:

### أ- گۆڤاری (نووسەری کورد):

گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری مانگانە بوو، لەلایەن (یەکێتی نووسەرانی کورد)[1] ەوە لەبەغدا بەزمانی کوردی دەردەچوو. ژمارە (١)ی خولی یەکەمی لەمانگی ئاداری ١٩٧١، بە قەبارەی کتێبێکی ئاسایی و بە (٨٠) لاپەڕەو پێوانەی(١٧×٢٣سم) لەچاپخانەی (دارالسلام) چاپکرا. سەرنووسەری مارف خەزنەدار[2](دکتۆر)، سکرتێری نووسین نەسرین فەخری(دکتۆر) بوو. دەستەی نووسەرانیشی لەئەندامانی یەکێتیەکە پێکهاتبوون، کە بریتی بوون لە: ئەحمەد غەفور، حوسێن عارف، سەعید ناکام، عەبدولڕەزاق بیمار، محەمەد ئەمین عوسمان. لەسەروتاری ژمارەکەدا هاتووە " گۆڤارەکە بیروڕای یەکێتی نووسەرانی کورد دەرئەبڕێ و پوختەی ئامانجەکانیشی لەقۆناغی ئێستاماندا بریتییە لە برەوپێدان و بەرزکردنەوەی پایەی ئەدەبی کوردی بەهەموو لقەکانیەوە وەکو شیعر، وتار، پەخشان و چیرۆك، بابەتە تازەکانی تری ئەدەب..."[3]. نووسەری کورد لەخولی یەکەمدا (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارە (١١)ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٧٣دا دەرچوو. پاشان بەهۆی تێکچوونی گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی کورد و

---

[1] یەکێتی نووسەرانی کورد_ بەغدا: بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٤٨٤ لە ٩/ ١٠/ ١٩٦٩) لە بەغدا دامەزراو لە ٩/ ٢/ ١٩٧٠دا لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتی کارکردنی پێدرا، بەڵام دەست بەکاربوونی لەدوای بەستنی کۆنگری یەکەمی لە ٢٣- ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠ لەهۆڵی (الخلد) لەشاری بەغدا، بوو. بۆزانیاری زیاتر لەبابەت بەستنی کۆنگرەکە بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد), ژ(١)، س١، مارتی ١٩٧١, ل٥٧- ٧١.

[2] مەعروف عەبدولقادر عەزیز، ناسراو بە مارف خەزنەدار لەساڵی ١٩٣٠ لەهەولێر لەدایك بووە، ساڵی ١٩٥٧ بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردوە، ساڵی ١٩٦٣ لە پەیمانگای ڕۆژهەلاتناسی سەر بەکادیمیای زانستی سۆڤیەت لە شاری لینییگراد بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی ئەدەبی کوردی نوێ بەدەستهێناوە، خاوەنی نزیکەی بیست بەرهەمی چاپکراوە لەبواری ئەدەبی کوردی. لە ٢٥/١٠/ ٢٠١٠ کۆچی دوایی کردووە. ئینسکلۆپیدیای هەولێر(ئەربیل)، ب٨، چ١، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان- هەولێر، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ل٣٤٥١.

[3] بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد), ژ (١)، س١، مارتی ١٩٧١, ل٣.

**حکومەتی عێراقەوە گۆڤارەکە دخرا. بەبڕیارێکی حکومەتی عێراق یەکێتی نووسەرانی کورد هەلوەشێنرایەوە، بۆیە ژمارە (١٢)ی لە کانوونی دووەمی ١٩٧٥ بە نهێی و لەشاخ دەرچوو[١].**

**دوای سەر لەنوێ دامەزراندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد و بەستنی پێنجەمین کۆنگرەی خۆی لە ١٠/ ١٤/ ١٩٧٨ لەشاری هەولێر و هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەر و دواتریش دەستەی بەڕێوەبردنی لقەکانی یەکێتیەکە لەشارەکانی کوردستان، لە ئایاری ١٩٧٩دا، توانی لەخولی دووەمیدا یەکەمین ژمارەی گۆڤاری (نووسەری کورد) بەقەبارەی (١٧×٢٤سم) بخاتەوە بەردەستی خوێنەران[٢]. گۆڤارەکە لەو خولەشدا (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارە(١٢)ی لەئابی١٩٨٣ دەرچوو. ژمارەی لاپەڕەکانیشیان لەنێوان (١٢٧بۆ ٢٤٣) لاپەڕە بوو[٣]. لەنێویاندا دوو ژمارەی تایبەتی لێ دەرچوو[٤].**

**سەرنووسەر و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش بەم شێوەیە بووە: سەرۆکی نووسین بۆ هەر(١٢) ژمارەکە عیزەددین مستەفا ڕەسول[٥] (دکتۆر ) بوو، لەهەمان کاتدا سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بوو. لە ژمارەی (١و٢)یدا محەمەدی مەلا کەریم[٦] سکرتێری نووسینی بوو[٧]. لە ژمارە (٣)ەوە تا ژمارە (١٢)ی مومتاز حەیدەری بووە بە سکرتێری نووسین[٨].**

**لەڕاستیدا یەکێتی نووسەرانی کورد و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی گێڕایان لەدەرکردنی گۆڤارەکە و بەستنی دیدارو ڤیستیڤاڵ و چالاکیە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان. بەلام جارێکی دیکە کۆسپ و تەگەرەیان خراوە بەردەم و نەیانتوانی درێژە بەم کاروانەی ڕۆشنبیری کوردی بدەن. چونکە لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بەبڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش/ عێراق، جارێکی تر یەکێتی نووسەرانی کورد هەلوەشێندرایەوە[٩].**

---

[١] یاسین قادر بەرزنجی، نەوزاد علی ئەحمەد، بیبلۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کورد و نووسەری کوردستان، چاپخانەی بێسارانی، سلێمانی، ١٩٩٨، ل ٧ – ٨.

[٢] بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژ (١)، خ٢، ئایاری ١٩٧٩، ل٣–٧.

[٣] بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، لە: ژ(١)، خ٢، ئایاری ١٩٧٩؛ تا: ژ (١٢) خ٢، ئابی ١٩٨٣.

[٤] ژمارە(٣)، خ٢، مارتی١٩٨٠تایبەت بووە بەئەدەبی منداڵ، ژمارە (٦)ی، خ٢، شوباتی١٩٨١ تایبەت بووە بە ڕەخنەو لێکۆڵینەوە.

[٥] لەساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی١٩٥٩ خانەی مامۆستایانی تەواوکردوە، لەساڵی١٩٧٩ بڕوانامەی دکتۆرای لەمۆسکۆ وەرگرتووە، ئەندامی خولی یەکەمی پەرلەمانی کوردستان بووە. یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی ئەکادیمیای کوردی لەشاری هەولێر. بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، ڕۆڵی کورد لەبزوتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراقدا(١٩٥٠–١٩٦٣)، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٥، ل٣١.

[٦] لەساڵی ١٩٣١ لەگوندی بیارە سەربەناوچەی هەورامان لەپارێزگای سلێمانی لەدایك بوە، لەساڵی ١٩٥٣وە لەبواری ڕۆژنامەوانی کاریکردوە وەکو لەڕۆژنامەی (ژین) لەسلیمانی، ڕۆژنامەکانی (هیوا)و (ئازادی) و(صوت الاحرار)، گۆڤارەکانی (چارەسەرکردنی کشتوکاڵ) و (تووتن)، ڕۆژنامەکانی (التاخی)و (بیری نوێ) و (گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد)، لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد ئەندام بوە، هەروەها ئەندامی کارگێڕیی یەکێتی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بووە. بڕوانە: گۆڤاری (کاروان)، ژ(٨)، ئایاری١٩٨٣،ل١٠٦.

[٧] بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژ(١)، خ٢، ئایاری١٩٧٩؛ ژ(٢)، خ٢، ئابی١٩٧٩.

[٨] بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، لە: ژ(٣)، خ٢،مارتی١٩٨٠؛ تا: ژ (١٢) خ٢، ئابی ١٩٨٣.

[٩] بڕوانە: قانون تعديل قانون الاتحاد العام للادباء والكتاب فى القطر العراقى، گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژ(١١)،خ٢، شوباتی١٩٨٣، ل١٧٣.

**دوای هەلوەشاندنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد، ئەدیبان و نووسەرانی کورد دەستەوەستان نەبوون، پاش ماوەیەکی کەم بەهاوکاری لەگەڵ ژمارەیەك لەلێپرسراوانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، لەڕۆژانی ٢٤- ٢٥/ ١٠/ ١٩٨٤ لەشاری هەولێر بە بەستنی کۆنگرەیەك، دوای هەڵبژاردنی دەستەو سەرۆکی تازە توانیان (یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق – لقی کورد) لە ناوچەی کوردستان دابمەزرێنن[١]. بەمەش یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نووسەری کورد)، خولی سێیەمی لەئاداری ١٩٨٥ لەژێر ناونیشانی (نووسەری کورد) گۆڤاری یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق- نووسینگەی ڕۆشنبیری کوردییە، دەرچوو[٢].**

**نووسەری کورد لەخولی سێیەمیدا (٨) ژمارەی لێ دەرچوو، بەژمارە لاپەڕەکانی (١٦٠- ٢٨٠) و قەبارەی (٢٤×١٦ سم). ژمارە (٨)ی لەساڵی ١٩٩١دەرچوو[٣]. محەمەد بەدری سەرنووسەری بووە لەهەموو ژمارەکاندا، جگە لەژمارە (٦) نەبێت، کە سەعید یەحیا بوو[٤]. لەژمارە (١)دا دەستەی نووسەرانی بریتیبوون لە: نافیع ئاکرەیی، سەلاح شوان، مەحمود زامدار، حوسێن ئەحمەد جاف، عەبدولکەریم فەندی، عەبدولڕەحمان مزوری. ژمارەکانی گۆڤارەکە لەچاپخانەکانی(دار آفاق عربية للطباعة والنشر، مطبعة علاء، دارالشؤن الثقافية العامة، شركة السعدون للطباعة والنشر، مطبعة العمال المركزية) لەبەغدا چاپکراون[٥].**

- **گۆڤاری (الأديب الكردي):**

**گۆڤاری (نووسەر کورد) لەساڵی ١٩٧١ەوە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٣ بەشێوازێکی پچڕ پچڕ بەردەوام بوو. لەو ماوەیەدا یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی کورد، سێ ژمارەی تایبەتی بەناوی (الأديب الكردي) بەزمانی عەرەبی، بڵاوکردۆتەوە. ژمارە (١)ی تایبەتی لەساڵی ١٩٨٦ بەبۆنەی بەستنی کۆنگرەی یازدەمینی یەکێتی ئەدیبانی عەرەب و میهرەجانی هەفتانەی شیعر بە (١١٢) لاپەڕە و هەمان قەبارەی گۆڤاری (نووسەری کورد) دەرکرد. سەرنووسەری محمد بەدری و جێگری سەرنووسەر نافع ئاکرەیی بوو. دەستەی نووسەرانیشی بریتی بوون لە: سەلاح شوان، مەحمود زامدار، سەعید یەحیا خەتات، محەمەد ئەمین پێنجوێنی، حوسێن ئەحمەد جاف، عەبدولکەریم فەندی، ئەحمەد عەبدوڵڵا[٦]. ژمارە (٢)ی تایبەتی**

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەبابەت کۆنگرەکە بڕوانە: لەکۆنگرەی ئەدیبان و نووسەرانی کورد لەناوچەی کوردستان، گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژ(١) خ٣، ئاداری ١٩٨٥، ل١٥٤- ١٦٠.

(٢) بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، هەمان ژمارە.

(٣) لەڕاستیدا ژمارە (٧)ی گۆڤارەکە لە ئابی ١٩٨٩دا دەرچووە, کە چی ژمارەی دوای ئەو کە لەساڵی ١٩٩١ دەرچوو نووسراوە ژمارە (٧ و ٨), هەرچەندە هەوڵماندا لەسوچێك جێگایەك شتێکمان لەبارەیەوە دەست بکەوێت, بەلاّم هۆکارەکەمان نەزانی, بۆیە پێمان وایە کەدەبێت هەڵەی چاپ بێت لەجیاتی ژمارە (٧و ٨)، ژمارە (٨و ٩) بێت.

(٤) بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژ(٦)، خ٣، ١٩٨٨، ل٢.

(٥) بۆنموونە بڕوانە: گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژ(٤)،خ٢، ئابی١٩٨٠؛ ژ(٢)،خ٣، ئابی ١٩٨٥؛ ژ(٦)،خ١٩٨٨،٣؛ ژ(٧)،خ٣، ئابی١٩٨٩؛ ژ(٧و٨)،خ٣، ١٩٩١.

(٦) جەمال خەزنەدار، س.پ ، ل١٧٨- ١٧٩.

**لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦بە بۆنەی ڤیستڤاڵی مەربەد (المربد)[1] ی حەوتەم بە (٣٢) لاپەڕە دەرچوو[2]. ژمارە (٣)ی تایبەتی لەساڵی ١٩٨٩ بە(١٤٠) لاپەڕەو بەبۆنەی بەستنی میهرەجانی دەیەمی مەربەد لەبەغدا دەرچوو، لە چاپخانەی یەرموکی شارەکەش چاپکرا[3]. ناوەڕۆکی ئەو ژمارە عەرەبیانە بریتی بوون لە بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی کورد، کە لەکوردییەوە وەرگێڕدرابون بۆ زمانی عەرەبی.**

**ب- گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان- شمس کوردستان):**

**گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بوو، مانگی جارێك (کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی)[4] لەبەغدا بەزمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکرد. لەسەرەتادا سەرنووسەری سالح یوسفی[5]، سکرتێری نووسین سەعید ناکام، بەڕێوەبەری جەمال خەزنەدار، بوون. ژمارە(١)ی لە حوزەیرانی ١٩٧١ بە (٦٤)لاپەڕە و قەبارەی (٢٩×٢٢سم) دەرچوو، لەچاپخانەی (الزمان) لەبەغدا چاپکرا. لەبەرگی یەکەمیدا وێنەی ڕۆژنامەی (ڕۆژ کوردستان)ی زمانحاڵی حکومەتی کوردستانی سەردەمی شێخ مەحمودی(١٩٢٢-١٩٢٤) بەسەرەوە بوو[6]. هەروەها لەسەروتاری یەکەمین ژمارەیدا بەپێنووسی سالح یوسفی بەزمانی عەرەبی ئاماژە بەوە کراوە، کەوا (ڕۆژی کوردستان) دەستکەوتێکی تری ڕێکەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠یە[7].**

**ڕۆژی کوردستان لەماوەی تەمەنیدا چەند جارێك ستافی بەڕێوەبردنی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، دیارە بەشێکی ئەو گۆڕانکاریانەش لەئەنجامی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردییەوە لەساڵی ١٩٧٤ ڕوویداوە، کە بەهۆیەوە زۆربەی ڕۆشنبیرە ئازادیخوازەکانی کورد لەوانەش سالح یوسفی**

---

[1] ڤیستڤاڵێکی شیعری بوو، یەکەم جار لە بازاری مەربەد لە قەزای زوبێر لەپارێزگای بەسرە ئەنجام درا، (ناوەکەشی لەناوی ئەو بازاڕەوە هاتووە) دوای ئەوە ساڵانە لەشاری بەغدای پایتەختی عێراق یەکێتی گشتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراق بەهاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بەڕێوەیان دەبرد، تاوەکو ساڵی ٢٠٠٢ هەژدە میهرەجانی سازداوە، دوای ڕووخانی حکومەتی بەعس لەساڵی ٢٠٠٣وە لەشاری بەسرە ئەنجام دەدرێت. بروانە سایتی: www.aliraqi.org/forums/showthread.php?t=98157

[2] بروانە: مجلة (الاديب الكردي) ،ع(٢) خاص، تشرين الثاني، ١٩٨٦.

[3] بروانە: مجلة (الاديب الكردي) ،ع(٣) خاص، تشرين الثاني، ١٩٨٩.

[4] لە ١٩ی ئابی ١٩٧٠ لەلایەن وەزارەتی ناوەخۆ مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە، تاکە دامەزراوەی ڕۆشنبیری کوردی نا فەرمی بووە لەشاری بەغدا. لەلایەن ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی کورد دامەزرێندرا، لەماوەیەکی کەمدا چەندین لقی لەشارەکانی کوردستان وەکو (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکوك) کردەوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: قارەمان حیدەر ڕەحمان، بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لەشاری هەولێر(١٩٧٥-١٩٩١)، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین-هەلێر، ٢٠١٤، ل١١٣.

[5] سالح عەبدوللا نەجمەدین مەلا تەها یوسفی: ناوبراو لەساڵی ١٩١٨ لەگوندی بامەڕنی سەربە قەزای ئامێدی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٤٢-١٩٤٣ بەشی شەریعەی کۆلێژی زانستەکانی لەبەغدا بەپلەی نایاب تەواو کردوە، بۆیە بۆ مەبەستی درێژەدان بەخوێندن دەنێردرێتە زانکۆی ئەزهەر لەمیسر، لەوێ بەشی یاسا تەواو دەکات. چەندین دیوانی شیعری هەیە و لەبوواری ڕۆژنامەوانیشدا لە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار دەورێکی سەرەکی بینیوە. لەوانە لە ڕۆژنامەی(التاخی١٩٦٧)، سەرنووسەری گۆڤاری (برایەتی ١٩٦٧) بوە، لەساڵانی ١٩٣٦وە دەستی بەچالاکی سیاسی کردوە، هاوخەباتی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان بوە، لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٥ لەلایەن حکومەتی بەعسەوە غافلکوژ دەکرێت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالسلام علی، صفحات من نضال الشهيد صالح اليوسفي، ط١، ب.م، ١٩٩٢، ص٧-٣٩.

[6] بروانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ(١)، حوزەیرانی ١٩٧١.

[7] سالح یوسفی، أفتتاحيه العدد، م.س، ص٣.

سەرنووسەری گۆڤارەکە پشتگیریان بۆ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دووپات کردۆتەوەو پەیوەندییان بەخەباتی چەکداری بزوتنەوەی سیاسی کوردەوە کرد. چونکە بەغدا ئامادەنەبوو داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەی کورد بەپێی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ جێ بەجێ بکات[١].

لەنێوان سالانی (١٩٨٠-١٩٩١)دا، ڕۆژی کوردستان (٢٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[٢].لە نێوان ژمارە (٥٧- ٦٤) هاشم حەسەن ئاکرەیی سەرنووسەر و موسلیح مستەفا جەلالی سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە بوونە [٣]. هەروەها لەژمارە(٦١)ەوەش دەستەی نووسەرانی بۆ دانراوە کە لە: عەبدولستار تاهیر شەریف، محەمەد ئەمین محەمەد، احمد عوسمان(دکتۆر)، محەمەد ئەمین پێنجوێنی و عەبدولستار کازم پێکهاتبوون[٤]. دوای ماوەیەکی کەم دەستەیەکی نوێ بۆ گۆڤارەکە دانراوە؛ کە سەرنووسەری موحسین بەرزنجی، بەڕێوەبەری نووسین عەبدوڵلا عەباس، سکرتێری نووسین محەمەد سالح عەبدولکەریم بوون. دەستەی نووسەرانیشی لە: نەوزاد محەمەد فەرەج، عەبدولوەهاب تالەبانی، نافعە عوسمان، خالیدە خدر، جەمال بەرواری و نەسرەددین مەجید پێکهاتبوون[٥].

گۆڤارەکە جگەلەوەی پاشکۆیەکی تایبەت بە منداڵانی هەبوە بەناوی (ئەستێرە)[٦]. چەند ژمارەیەکی تایبەتیشی لێ دەرچووە[٧]. هەروەها ئەگەرچی لەژمارە(١)ی گۆڤارەکەوە ئاماژە بەوە کراوە مانگی جارێك دەردەچێت، بەڵام لەڕاستیدا نەتوانراوە هەموو مانگێك ژمارەیەکی لێ بڵاوبکرێتەوە، ئەوەتا لەساڵی ١٩٨٥ تەنها دوو ژمارەی لێ دەرچوە[٨]. تاوەکو ساڵی ١٩٩١ تەنها (٨٠)ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[٩]. لەدوای ساڵی ١٩٨٥ەوە گۆڤارەکە لەژێر چاودێری حکومەتی بەعسدا ناوە ناوە ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە، بۆیە لە سالەکانی دوایی تەمەنیدا تەنها ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکە نووسراوە[١٠].

---

[١] ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید، س.پ، ل١٤٠.

[٢] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کورستان)، ژ (٥٧)، کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٠؛ ژ(٨٠)، تشرینی دووەمی١٩٩١.

[٣] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کورستان)، ژ (٥٧)، کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٠؛ ژ(٦٤) تشرینی دووەم و کانوونی یەکەم، ١٩٨٠.

[٤] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ(٦١) ئادار و نیسانی ١٩٨١.

[٥] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ(٧٦ و ٧٧)، ساڵی١٩٨٨.

[٦] گۆڤارێکی منداڵان بوو، پاشکۆی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بوو، مانگی جارێك لە سلێمانی بەزمانی کوردی دەردەچوو، تەنها (٣)ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، سەرنووسەری سالح یوسفی بووە، ژمارە(١)ی لە هاوینی ١٩٧٢ بە (٢٨) لاپەڕە بەبەرگەوە و بەقەبارەی (٢٩,٥×٢٣سم) دەرچووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جەمال خەزنەدار، س.پ ، ل٩٩ — ١٠٠.

[٧] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ(٧٦ — ٧٧)، ساڵی ١٩٨٨.

[٨] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ (٦٩) نیسانی ١٩٨٥؛ ژ(٧٠) کۆتایی ١٩٨٥.

[٩] بڕوانە: گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ(٨٠)، تشرینی یەکەمی ١٩٩١.

[١٠] حەسەن بارام، س.پ ، ل٣٥٥.

### ت- گۆڤاری (نووسەری نوێ):

**کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی بوو، (یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر)[1] بە زمانی کوردی دەری دەکرد. ژمارە(١)ی ساڵی یەکەمی لە حوزەیرانی ١٩٧٢ بە (٥٦)لاپەڕە و قەبارەی (٢٤×١٧سم) دەرچوو، لەچاپخانەی کوردستان لەهەولێر چاپکرا. دەستەی نووسەرانی پێکهاتبوو لە: عیزەددین فەیزی، حەمە کەریم هەورامی، کەریم شارەزا، محەمەد حەسەن مەنگوڕی، عەزیز گەردی، جەمیل ڕەنجبەر، مەدحەت بێخەو. لەسەروتاری ژمارە(١)ی گۆڤارەکەدا، کە بەپێنووسی عیزەددین فەیزی نووسراوە دەڵێت: "نووسەری نوێ تێدەکۆشێ لەپێناو پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب لەسایەی عێراقێکی سەربەست و سەربەخۆدا..." لە کۆتاییشدا بەناوی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکە دەڵێت: "فەرموون قەپێلکی کارکەناری بشکێنن، تیشکی هەتاوی (١١)ی ئاداری پیرۆز ڕووناکە بۆ نووسین و پێشخستنی ئەدەب و مێژوو زمانە شیرنەکەمان!"[٢].**

**لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٩١)دا یەك ژمارەی لێ دەرچووە، ئەویش ژمارە (٥)ە، کە دوا ژمارەیەتی لە ئەیلولی ١٩٨٠ لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا چاپکراوە. لەم ژمارەیەدا لەجیاتی دەستەی نووسەران، نووسراوە ئامادەکاران: کەریم شارەزا، مومتاز حەیدەری، عەزیز حەریری، جەوهەر کرمانج، سەعدوڵڵا پەرۆش، محسن ئاوارە[٣]. دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیەکە و بەستنەوەی بە (یەکێتی ئەدیب و نووسەرانی عێراق/ لقی ناوچەی ئۆتونومی)یەوە. ئیتر گۆڤارەکە ڕاگیرا.**

### پ- ڕۆژنامەی (شۆڕشگێڕ)[٤]:

**وەکو ئاماژەی بۆکراوە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)[٥] بوو. ئۆرگانی حیزبەکە بوو، بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەشاری بەغدا مانگانە ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرایەوە.**

---

[١] دوای دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورد لە (١٠ی شوباتی ١٩٧٠) و بەستنی یەکەمین گۆنگرەی خۆی لە (٢٣-٢٤ی حوزەیرانی ١٩٧٠) لەشاری بەغدا، لقی هەولێری ئەم ڕێکخراوەش بە پێی بڕیاری ژمارە (٢١٤٦٧)ی پارێزگای هەولێر لە ١٩٧٠/١٢/٣ مۆڵەتی کارکردنی پێدرا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هۆشەنگ سالح محەمەد ئەمین، بزاڤی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر (١٩٥٨ – ١٩٧٥) نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەلێر، کۆلێژی ئاداب، ٢٠١١، ل٧٤.

[٢] وتاری ژمارە، گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژ(١)، س١، حوزەیرانی ١٩٧٢، ل ١ – ٩.

[٣] گۆڤاری (نووسەری نوێ)، ژ(٥)، ئەیلولی ١٩٨٠.

[٤] ئەگەرچی ناچێتە خانەی ڕۆژنامەوانی پیشەییەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٩١) تاکە ڕۆژنامەی کوردی حیزبی ئاشکرابوە، بۆیە ئێمەش لێرەدا باسمان کردوە. هەروەها نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)ـە، بەڵام لەڕاستی دا ڕۆژنامە نەبوە بەڵکو دەتوانین بە گۆڤار یان بڵاوکراوەیەکی حیزبی دابنێین لەبەرئەوەی هەم لەڕووی قەبارەوە هەم لەڕووی ژمارەی لاپەڕەکانیەوە کە (٤٦ تا ٨٠ لاپەڕە بووە) ناچێتە خانەی ڕۆژنامەوە. هەروەها (بەرگ و دەرزی)ی لێ دراوە، لەکاتێکدا بەپێی ئینسکلۆپیدیای بەریتانی ئەوەی بەرگی هەبێت دەچێتە خانەی گۆڤارەوە. بڕوانە: فتاح بهرام خضر، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستانی باشوور لەڕۆژنامەوانی کوردی عێراق دا(١٩٣٢- ١٩٥٨)، توێژینەوەیەکی مێژوویە، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١١، ل٨.

[٥] لەتشرینی دووەمی١٩٧٣ لە بەغدا دامەزرا، سکرتێرەکەی عەبدولستار تاهیر شەریف بوو، زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی ئەو پارتە، لەباڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، کە دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ بەهۆی هەندێك

ژمارەی(١)ی ساڵی یەکەمی لەئاداری ١٩٧٧دا بە (٤٦)لاپەڕە و قەبارەی (١٥×٢٠,٥سم) دەرچوو[١]. لە ژمارە (١١)ی شوباتی ١٩٧٨ لەبەرپەڕی کۆتایی دا نووسراوە "شۆڕشگێڕ ڕۆژنامەیەکی کرێکاران و جوتیاران و ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕە"[٢].

شۆڕشگێڕ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ (٣٣) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[٣]. لەژمارە (٣٤)ەوە ماوەی توێژینەوەکەمان دەگرێتەوە[٤]. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەو بڵاوکراوەیە ناوی هیچ کەسێکی بەسەرەوە نیە وەکو دەستەی نووسین، ئەمەش لەبەرئەوەی بڵاوکراوەیەکی ناوخۆیی حیزبەکە بووە. تاوەکو ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی کوردستان بەردەوام بوو. دوای نەمان و هەڵوەشاندنەوەی پارتەکە (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)، ئیتر ڕۆژنامەکەش ڕاگیرا[٥]. بەشێوەیەکی گشتی ئەم ڕۆژنامەیە و پارتەکەش سەر بە حکومەتی بەعس بوونە و خزمەتێکی ئەوتۆیان بە کورد نەکردووە.

## ج- بڵاوکراوەی (ڕەنجی کرێکار):

بەرهەمێکی ڕۆشنبیریی مانگانە بوو. لەلایەن (یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی سلێمانی)[٦] بەزمانی کوردی(کرمانجی خواروو) دەردەچوو. ژمارەی (١)ی لەئایاری ١٩٧٧دا بڵاوکراوەتەوە. سەرنووسەری حوسێن جەبار، سکرتێری نووسین حەسەن عەوالانی و نووسەرانیشی لە ئەندامانی مەکتەبی جێبەجێکرنی یەکێتیەکە بوون. هەروەها لەچاپخانەی ڕاپەڕین لە سلێمانی چاپ دەکرا[٧].

ڕەنجی کرێکار تەنها (٩) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. سێ ژمارەی سەرەتای لەساڵی ١٩٧٧ی بە قەبارەی (٢٤×١٦,٥سم) بڵاوکراوەتەوە. لەژمارە (١ ، ٢)دا ناوی مانگەکانی کوردی بەسەرەوە بووە[٨]. لەژمارە (٤)ەوە گۆڕانی بەسەرداهاتووە لەڕووی چۆنیەتی دەرچوونی و قەبارەو ستافی دەرکردنیەوە، کەوا بووە بە بڵاوکراوەیەکی وەرزی و بە قەبارەی (٢٨×٢١سم) دەردەچوو[٩]. لەماوەی توێژینەوەکەماندا چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، لەژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٨٠ەوە. لەو ماوەیەشدا دووجار دەستەی بەڕێوەبردنی

---

کێشەوە جیابووبونەوە. چالاکییەکانی زۆر لاواز بوو بەلایەنگری حکومەتی بەعس هەژمار دەکرا. دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، پارتەکە هەڵوەشێنراوەو نەما. بڕوانە: محەمەد فاتیح، حیزب و ڕێخراوە سیاسییە عێراقییەکان١٩١٠-٢٠١٠، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٣، ل١٥٥-١٥٦.

(١) بڕوانە: ڕۆژنامەی (شۆڕشگێڕ)، ژ(١٢)، ئاداری ١٩٧٨، ل٨.

(٢) بڕوانە: ڕۆژنامەی (شۆڕشگێڕ)، ژ(١١)، شوباتی١٩٧٨.

(٣) بڕوانە: ڕۆژنامەی (شۆڕشگێڕ)، (٣٣) ، س٣، کانوونی یەکەمی ١٩٧٩.

(٤) بڕوانە: ڕۆژنامەی (شۆڕشگێڕ)، ژ(٣٤)، س٤، کانوونی دووەمی ١٩٨٠.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەمال خەزنەدار، هەولێر، ٢٠١٥/١/١٥.

(٦) لەساڵی ١٩٧١ یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق دامەزرێندرا. لەدوای دامەزراندنی دام و دەزگاکانی ئوتۆنۆمی لە کوردستان لەساڵی ١٩٧٤ ئەم ڕێکخراوە نوسینگەی ڕێکخستنی لە کوردستان کردەوە، دوای ئەوە لقی لە شارەکانی (هەولێر – دهۆك – سلێمانی) کردەوە. بڕوانە: سحر محمدی الیاسري، اتحاد المجالس والنقابات العمالية في العراق، جريدة (الاتحاد) لە سایتی www.alitthad.com/paper.php?name=News&file=article&sid=15485

(٧) بڕوانە: بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ (١) ، س١ ، ئایاری ١٩٧٧.

(٨) بڕوانە: بلاوکراوەی (ڕەنجی کرێکار)، هەمان ژمارە؛ ژ(٢)،س١، خەرمانانی١٩٧٧؛ ژ(٣)، س١، گەلاوێژی ١٩٧٧.

(٩) بڕوانە: بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٤) س٢، ١٩٧٨، ل١.

**گۆڤارەکە، گۆڕانی بەسەردا هاتووە[١]. ژمارەی لاپەڕەکانی لەنێوان (٥٠ بۆ ٩٦) لاپەڕەدا بوو، ژمارە (٩)ی دوا ژمارەبوو، کە لەساڵی ١٩٨٦بڵاوکرایەوە، دوای ئەوە ڕاگیرا[٢].**

## ح- گۆڤاری (ئابووری زان):

**لە سەرەتادا لە ژێرناوی، بڵاوکراوەیەکی (کۆمەڵەی ئابووری زانەکانی عێراق / لقی هەولێر)[٣]ە، بەزمانی کوردی وەکو ئاماژەی بۆکراوە سێ مانگ جارێك دەردەچوو. ژمارە(١)ی لەتەمموزی ١٩٨٠ بە (٥٢) لاپەڕەو بەقەبارەی (٢٤,٥×١٦سم) دەرچوو، لەچاپخانەی (علاء) لە بەغدا چاپ کرا[٤]. دواتر لە ژمارە(٢)ەوە بەناوی پاشکۆی کوردی گۆڤاری (الاقتصادیة)[٥]، لەلایەن هەمان لایەنی ئاماژە بۆ کراو دەردەچوو[٦]. تەنها سێ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٣)ی دوا ژمارە بوو، لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچوو. سەرنووسەری حەسەن ئەلنەجەفی، سەرپەرشتیاری لقی کوردی هەریەکە لە(عەبدولوەهاب مەحمود تالەبانی و فەیسەل نوورەدین دەباغ)بوون، کە لەدەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش بوون[٧].**

**بەبڵاوبوونەوەی ئەم گۆڤارە دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەوانی تایبەتمەندی کوردی لەم بوارەدا هاتۆتە مەیدانی خەبات، بەتایبەت کەوا لەنێو لاپەڕەکانی گۆڤارەکە فەرهەنگی زاراوە ئابوورییەکان لە کوردی بۆ عەرەبی وە بە پێچەوانەش بڵاوکراوەتەوە[٨].**

## خ- گۆڤاری (شنرۆی – ئاسوگە):

**گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوو[٩]. مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە[١٠] مانگی جارێك بە زمانی کوردی و چەند لاپەڕەیەکی کەمی بە زمانی عەرەبی دەردەکرد. ژمارە(١)ی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٠ بە (٧٠)**

---

[١] بڕوانە: بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٦) س٤، ١٩٨٠، ل١؛ ژ(٨)،س٦، ١٩٨٤ل١.

[٢] بڕوانە: بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٩)، س٨، ١٩٨٦.

[٣] لەساڵی ١٩٨٠ دامەزراوە، دەستەی بەڕێوەبەری لەمانە پێکهاتبوو تاهیر محەمەد سەعید (سەرۆك)، سەعید مامەند (جێگری سەرۆك)، مەحفووز حەمدوون عەبد (ئەمینداری نهێنیەکان)، ئیسماعیل عومەر محەمەد (ئەمین سندووق)، فەیسەل نوورەدین دەباغ (لێپسراوی لێژنەی ڕۆشنبیری)، ئیبراهیم فەتاح خەتاب (لێپسراوی کاروباری ئەندامەکان)، ئیبراهیم عەبدولکەریم (لێپسراوی چالاکیە کۆمەڵایەتییەکان). بڕوانە: جەمال خەزنەدار، س.پ ، ل١٤٣.

[٤] بڕوانە: گۆڤاری (ئابووری زان)، ژ(١)، تەممووزی ١٩٨٠.

[٥] گۆڤارێکی ئابووری وەرزی بوو، لەلایەن کۆمەڵەی ئابووری زانەکانی عێراق دەردەچوو، لە ١٦ حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ ئیمتیازی وەرگرتووە. بڕوانە: حەسەن بارام، س.پ ، ل٣٤٤.

[٦] بڕوانە: گۆڤاری (ئابووری زان)، ژ(٢) ساڵی ١٩٨١.

[٧] بڕوانە: گۆڤاری (ئابووری زان)، ژ(٣) ساڵی ١٩٨٢.

[٨] فیصل نوالدین دباغ، فەرهەنگۆك، گۆڤاری(ئابووری زان)، ژ(١)، تەممووزی١٩٨٠، ل٤٥.

[٩] لەژمارەکانی (١، ٢) یدا تەنها نووسراوە (گۆڤارێکی مەلبەندی لاوانی هەڵەبجەیە). لەژمارە (٣، ٤، ٥)دا بەناوی (بڵاوکراوەی شنرۆی) و لەژمارەی (٦) یشدا بە پێناسی (ئاسوگە، گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریە).

[١٠] لەگەڵ دامەزراندنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان، بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی ژمارە (٢٣) ساڵی ١٩٧٤ ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان دامەزرێندرا. ئەمینداریەتەکە بەپێی ماددەی (٢٩) لەپەیڕەوی ڕێکخستنەکانی کارگێڕیی لەدەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ژمارە(٤)ی ساڵی ١٩٧٥ ئەو بەڕێوەبەرایەتی و بەشانەی پێ سپێردراوە: بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کارگێڕیی و دارایی. مەڵبەندەکانی ڕۆشنبیری و لاوان (وەکو مەڵبەندی لاوانی هەڵەبجە، مەڵبەندی لاوانی

**لاپەڕەو قەبارەی نیو(A4)یێك، (٢٠,٥×١٤,٥سم) دەرچوو[1]. لەژمارە (٢)ەوە قەبارەی گەورەتر کراوە، کە (A4)یێك بووە. دەستەی نووسەرانیشی بەم شێوەیە بوو: سەرۆکی نووسین ئەنوەر محەمەد ڕەشید، سکرتێری نووسین بەیاد عەبدولقادر ئەحمەد، لەگەڵ چوار ئەندام، کە جەباری حاجی کەریم، ئاوات کامل، فاروق فەتاح و دلشاد عومەر کاکی، بوون[2].**

**ئەو گۆڤارە تەنها پێنج ژمارەی بەناوی (شنرۆی) بڵاوکراوەتەوە، ژمارە (٤، ٥)یشی بەیەك بەرگ دەرچوون[3]. دوای ئەوە لە ژمارە (٦)دا، کە دوا ژمارەی بوو ناوی گۆڕاوە، کراوە بە (ئاسوگە)، هۆکارەکەشی وەکو لەلاپەڕە بیست و دووی هەمان ژمارەدا نووسراوە "بەبڕیاری دەستەی نووسەران ناوی گۆڤارەکەمان لە (شنرۆی)یەوە گۆڕی بۆ (ئاسوگە)"[4]. ئەوەی دەبێ بوترێ ئەوەیە، کە گۆڤارەکە بەدەست نووسراوەتەوە و کۆپی کراوە، جگە لەبەرگەکەی نەبێت بە (ئۆفیست) دروستکراوە. لەو بوارەشدا جێ دەستی سەرکەوت عەلی، دیارە لەدەرهێنانی هونەری و نووسینەوەی گۆڤارەکە.**

**د- بڵاوکراوەی (کاروانی ئافرەت):**

**بڵاوکراوەیەکی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق – لقی سلێمانی[5]بوو. وەکو ئاماژەی بۆکراوە مانگی دووجار بەزمانی کوردی(کرمانجی خواروو) و چەند لاپەڕەیەکی کەمی بەزمانی عەرەبی دەردەچوو. ژمارە (١)ی لە ١٥ی ئابی ١٩٨٠ بە (٨) لاپەڕە و قەبارەی (٣٢×٢١سم) دەرچوو. تەنها پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، ژمارە(٥)ی کە دوا ژمارەیەتی لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٨٠ بڵاوکراوەتەوە، بە چاپی ڕۆنیۆ نووسراوە[6]. ئێمە تەنها ژمارە(٣)مان دەست کەوتووە، کە لە ١٩٨٠/٩/١٥ دەرچووە، بە (٨) لاپەڕەو لەچاپخانەی زانکۆی سلێمانی چاپکراوە. کە ناوی هیچ کەسێکی وەکو دەستەی بەڕێوەبردنی بڵاوکراوەکە بەسەرەوە نیە، تەنها لەوتەی ژمارە ناوی (سەبیحە سالح کەریم) سەرۆکی لقی یەکێتیەکە نووسراوە[7].**

---

سلێمانی) سەر بەبەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ناظم دلبەند، لەئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ(٧٩٩) ١٩٨٥/٧/٢٥، ل٥.

(١) بڕوانە: گۆڤاری (شنرۆی)، ژ(١)، س١، ١٩٨٠.

(٢) گۆڤاری (شنرۆی)، ژ(٢) س١، ١٩٨٠، ل١.

(٣) بڕوانە: گۆڤاری (شنرۆی)، لە: ژ (١)، س١، ١٩٨٠؛ تا: ژ(٤ ، ٥)، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٠.

(٤) گۆڤاری (ئاسوگە)، ژ(٦)، ساڵی بەسەرەوە نیە بەڵام ئەگەر بە گوێرەی نووسینی سەر گۆڤارەکە بێت، کە نووسراوە گۆڤارێکی مانگانەیە ئەوا دەبێت لەمانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ بڵاوکرابێتەوە.

(٥) یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق لە١٩٦٩/٣/٤ دامەزرێندرا. لە ساڵی١٩٧٦ دوای دامەزراندنی دامودەزگاکانی بەناو ئۆتۆنۆمی، نووسینگەی ڕێکخستنی لە کوردستان کردەوە بەناوی (یەکێتی ئافرەتانی ناوچەی کوردستان)، کە (نافعە عوسمان ئەبو بەکر) لێپرسراوی نووسینگەکە بوو. دواتر لقی لەشارەکانی (هەولێر – سلێمانی – دهۆك)کردەوە. بڕوانە: نجلاء قادر، ئەو قانوون و یاسایانەی شۆڕش هێناونی یەتەدی بۆ ئافرەتان، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٥٦)، ١٩٨٨/٣/١٠، ل٤؛ ئافرەتی کورد لەسایەی شۆڕش و ئۆتۆنۆمیدا، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) ژ(١)، س٨، ١٩٨٤ ،ل٨٣ – ٨٥.

(٦) ڕەفیق سالح ئەحمەد، س.پ، ل٩٣.

(٧) بڵاوکراوەی(کاروانی ئافرەت)، ژ(٣) ١٩٨٠/٩/١٥، ل١ – ٢.

**ژ- بڵاوکراوەی (ئافرەتی کورد):**

بڵاوکراوەیەکی ئافرەتان بوو، لەگەڵ گۆڤاری (المرأة)[1] ی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق، کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، چوار لاپەڕەی بەزمانی کوردی بەناوی (ئافرەتی کورد) بڵاودەکردەوە. یەکەم ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە لەگەڵ ژمارەی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٠ی گۆڤاری (المرأة) دەستی بە دەرچوون کردووە. دوای ماوەیەکی کەم ئەم بەشە کوردییە ڕاگیراوە[2].

**ر- گۆڤاری (دەنگی لاوان):**

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی[3]، بەشی ڕۆشنبیریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی بوو، بەزمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو. ژمارە(١)ی لەساڵی ١٩٨٠ دەرچوو، بەقەبارەی (٢٠,٥×٢٧سم) بەچاپی ڕۆنیۆ لەچاپ دراوە، هەندێك بابەتیشی بە دەست نووسراوەو بە كۆپی ڕاكێشراوە[4]. نەجات غەمبار ئامادەكەری و دەرهێنانی هونەریشی عەبدولستار تۆفیق بوو. لەزۆربەی ژمارەكانیدا بەرگەكانی یەك شێواز بووە، بۆیە لەوە دەچێت هەریەك بەرگیان دروستكردبێت و لەژمارەكاندا دووبارە كرابێتەوە، لەبەرئەوەشە لەزۆربەی ژمارەكانی گۆڤارەكە ئاماژە بە مانگ وساڵی دەرچوونی نەكراوە. بەڵام بەپێی ئەو هەواڵانەی كە لە ناوەڕۆكی هەندێك لەژمارەكانی گۆڤارەكەدا نووسراوە، دەتوانین ساڵەكانی دەرچوونیان دەست نیشان بكەین[5]. دەنگی لاوان زۆرترین بابەتی ئەدەبی ڕۆشنبیریی لەخۆوە گرتبوو، بۆیە دەتوانین بەگۆڤارێكی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی دابنێین، لەگەڵ ئەوەشدا بابەتی مێژوویی و لێكۆڵینەوەی هەمە جۆری لەلایەنەكانی كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تێدا بەدیدەكرێت. ئەم گۆڤارە نزیكەی (١٩)ژمارەی لێ دەرچووە[6]. ژمارە (١٩)ی لە ١٩ی شوباتی ١٩٨٢ بڵاوكراوەتەوە[7].

**ز- بڵاوکراوەی (خانزاد):**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ژنان بوو. یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق – ناوچەی ئۆتۆنۆمی، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) دەریدەکرد. ژمارە(١)ی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە[8].چەند ژمارەیەکی لێ بڵاوکراوەتەوە[1]. دوا ژمارەی لەساڵی ١٩٨٣ دەرچوو[2].

---

[1] زمانحاڵی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق بوو، لە بەغدا بەزمانی عەرەبی دەردەچوو، ژمارە(١)ی لەنیسانی ١٩٥٩ بلاوکراوەتەوە . بروانە: وریا جاف، کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل٦٥.

[2] ڕیناس نەورۆزی، ڕۆژنامەوانی ژنانی کوردستان، چ٢، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١، ل٣١.

[3] لەهەندێك ژمارەدا بە (گۆڤارێکی مانگانە) هاتووە. بروانە: بەرپەڕی یەکەمی گۆڤاری (دەنگی لاوان)، ژ (١٤)ی ساڵی ١٩٨١. لە پاشکۆی ژمارە (١٠).

[4] ئیسماعیل تەنیا ،س.پ، ل٨٩.

[5] بروانە: گۆڤاری (دەنگی لاوان)، ژ(٧)، ساڵی ١٩٨٠؛ ژ(١٤)، ساڵی ١٩٨١.

[6] ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل٨٩.

[7] بروانە: گۆڤاری (دەنگی لاوان)، ژ(١٩)، ١٩٨٢/٢/١٩.

[8] بروانە: بلاوکراوەی(خانزاد)، ژ(١)، ساڵی ١٩٨٢. لە پاشکۆی ژمارە (١١).

## تەوەری سێیەم: ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن( زانکۆ و قوتابخانەکان ):

ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن هەموو ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە، کە دەچنە نێو دونیای ڕۆژنامەوانی نووسراو و بیستراو و بینراوەوە. نەژاد عەزیز سورمێ پێی وایە (ڕۆژنامەوانی دیوار)[٣] یش دەگرێتەوە[٤]. بەوپێیە بێت دەتوانین کتێبی ساڵانەی ناوەندەکانی خوێندن (وەکو ڕێبەری دەرچووانی زانکۆکان یان ڕێبەری وەرگرتنی قوتابیان لە کۆلێژ و پەیمانگاکان)، وەکو بلاوکراوەیەك لەچوارچێوەی ئەم ڕۆژنامەوانییە دابنێین.

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕۆژنامەوانی قوتابیان بەدەستکەوتێکی ناوەندەکانی خوێندن هەژمار نەدەکرا، هەر چەندە ڕۆڵێکی گرنگ لەپێگەیاندنی قوتابیان دەگێڕێت. بەڵکو بەپێچەوانەوە وەکو کات بەفیڕۆدان سەیر دەکرا، بەبیانووی ئەوەی خوێندکاران لە بایەخدان بەوانەکانیان دوور دەخاتەوە. بەڵام لەدەرئەنجامی کۆمەڵێك ئەزموونی زۆر لەڕۆژنامەنووس و پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی توانیان پێچەوانەی ئەو ڕایە بسەلمێنن[٥]. لەڕاستیدا هەرواشە، چونکە زیاتر قوتابیە بەهرەمەندەکان و زیرەکەکان ئەو کارانە دەکەن، بێگومان ئەو جۆرە چالاکیانە بیروبۆچوونیان فراوانتر دەکات و دونیا بینانەتر لە وانەکانیان دەڕوانن و لایان ئاسانتر دەبێت.

ڕۆژنامەوانی ناوەندەکانی خوێندن لە باشووری کوردستاندا مێژوویەکی کۆنی نییە. ئەمەش لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخی کورد پێیدا تێپەڕیوە، دیارە کەمی قوتابخانە و ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری وهۆکار گەلێکی دیکە، ڕێگەیان لەوە گرتووە ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە مێژوویەکی کۆنی هەبێت و پەرەبسەنێت. هەروەها یەك لەو تایبەتمەندیانەی کە لەڕۆژنامەوانی قوتابخانەدا هەیە، بریتییە لە تەمەن کورتی چاپەمەنیەکانی. هۆی ئەم تەمەن کورتیەش چەند خاڵێکن لەوانە کەمی ماوەی قۆناغی خوێندن لەو قوتابخانانەی کە ڕۆژنامەوانییەکەی تێدا دەرچووە، چونکە زۆربەی ئەو قوتابخانانە یان ئامادەیی یاخود پەیمانگای مامۆستایان بوونە، دیارە کە ماوەی قۆناغی خوێندنیش لەهەر کام لەوانە لەسێ ساڵ تێپەڕ ناکات[٦].

لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٩١)دا چەند گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی ئەم بوارەی ڕۆژنامەوانی کوردیمان هەیە، ئەوانیش بەپێی قۆناغەکانی خوێندن ئەمانەن:

---

(١) لەڕاستیدا بەتەواوی نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەرشیفێك نەبووە بۆ پاراستنی سەرجەم ژمارەکانی ،نە لە کتێبخانە گشتییەکان نە لە ئەرشیف و کتێبخانە تایبەتییەکان.

(٢) ڕیناس نەورۆزی، س.پ، ل٣٢.

(٣) بریتی یە لەو بڵاوکراوە (نشرة)یەی کەوا قوتابیان لەسەر ڕووی پارچە کاغەزێك یان کارتۆنێکی سپی بەشداری لەنووسین و دەرکردنی دا دەکەن. ئاشکرایە لەسەر ڕوویەکی دەنووسرێتەوە و ناوی تایبەتی خۆی دەبێت، جاری واهەیە نایلۆن بەند دەکرێ یان هەر ناکرێت، لەشوێنێکی دیاری کراوی قوتابخانەدا، لەبەرزاییەکی دیاریکراویشدا هەڵدەواسرێ.

(٤) ڕۆژنامەگەری قوتابخانە لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دا، گۆڤاری (کاروان)، ژ(٦٧) ئابی ١٩٨٨، ل٨٨ – ٨٩.

(٥) نەژاد عەزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەری کوردی، چەند سەرە قەلەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٤٣ – ١٤٤.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆکارەکانی تەمەن کورتی ڕۆژنامەوانی قوتابخانە بڕوانە: حەمە سالح فەرهادی، س.پ ، ل٩٥ – ٩٦.

## أ- زانكۆكان:

### ١- گۆڤاری (زانكۆ):

لەسەرەتادا لەژێر ناوی گۆڤارێكی زانیارییە، زانكۆی سلێمانی بەزمانەكانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی دەریدەكرد. ژمارە (١)ی لەساڵی ١٩٧٥ بە (١٧٢)لاپەڕەو قەبارەی (٢٣×١٦سم) دەرچوو. دەستەی نووسەرانیشی لەم ژمارەیەدا بەم شێوەیە بوو: سەرنووسەر تارق حەسەن عەمادی(دكتۆر)، سكرتێری نووسین فاروق یەعقوب ئەلیوسفی بوون. ئەندامەكانی دەستەی نووسین لە: سەباح فەخری ئەلقشتێنی(دكتۆر)، محەمەد فەهمی ئەحمەد(دكتۆر)، فەساحەت حوسێن عەلی خان(دكتۆر)، شەمال جلال سائیب، پێكهاتبوون[١]. ژمارە(٢)شی لە ساڵی ١٩٧٦ دەرچوو. سەرنووسەری گۆڤارەكە لە هەمان كات سەرۆكی زانكۆ بوو. (لەوتەی سەرۆكی زانكۆ) لەژمارە(١)دا هاتووە كە: "خۆی زۆر بە بەختیار دەزانێت بەوەی، كە زانكۆ ساواكەیان گۆڤارێكی زانستی وای دەركردووە بتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی و پێگەیاندنی كۆمەڵی كادیری لێهاتوو شارەزا..." هەروەها دەڵێت: "لەگەڵ ئەو هەموو تەنگ و چەڵەمەیەدا، كە هاتە ڕێگای مامۆستایان و خەریك بوونیان زیاد لە پێویست بەدەرس وتنەوە، بەڵام توانرا ئەم پەیامە پیرۆزە كە مەبەستی دیاری كراو بوو، زۆر بەڕێك و پێكی بەجێ بگەیەنرێ و گۆڤارێكی زانستی بێتەكایەوە بۆ ئەوەی ببێ بەڕێنموێی كەرو نۆبەرەی بەرهەمێكی بەردەوام، لەپێناو بەشداری كردن و بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی لەجیهانداو هاوبەشی كردنی لەگەڵ زانكۆكانی تری وڵاتەكەیدا..."[٢]. ژمارە (١ و ٢)ی لەچاپخانەی (الجبوري) لەبەغدا لەچاپدراوە. بەرگەكانی دیكەی لەچاپخانەی زانكۆی سلێمانی چاپكراوە[٣].

گۆڤاری (زانكۆ) هەر لەسەرەتای دەرچوونیەوە گۆڕانكاری زۆری بەسەردا هاتووە لەڕووی دروشمی گۆڤارەكەو قەبارەو ژمارەی لاپەڕەكانی و ستافی دەركردنی و چۆنیەتی دەرچوونی و سەرچاوەكانی دەركردنی. بەم شێوەیە: لەبەرگی سێیەمەوە وەكو گۆڤارێكی زانستی، كراوە بەدوو بەشی سەرەكی، بەشی (أ) زانستەپەتی و تەتبیقیەكان، بەشی (ب) مرۆڤایەتی. هەروەها لەجیاتی ژمارە، ڕیزبەندی بەرگ (مجلد)ی بۆ دانراوە. هەر ساڵەو بەرگێكی لێ دەردەچوو، كە چەند ژمارەیەكی بەخۆدەگرت؛ بۆ نموونە بەرگی سێیەمی، (٣)ژمارەی لێ دەرچوو[٤].

سەبارەت بە دەستەی دەركردنی گۆڤارەكە، ئەمەیان زیاتر پەیوەست بووە بەگۆڕانی سەرۆكی زانكۆكەوە. چونكە وەكو ئاماژەمان پێدا سەرۆكی زانكۆ لەهەمان كاتدا سەرنووسەری گۆڤارەكە بووە. گۆڤارەكە تاوەكو ساڵی ١٩٨٠ دوو ژمارەی سەربەخۆ و پێنج بەرگی لێ بڵاوكراوەتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە ماوەی توێژینەوەكەی ئێمەوە هەیە لەبەرگی شەشەمیەوەیە، كە لەساڵی ١٩٨٠دا دەرچووەو (٤)ژمارەشی لێ بڵاوكراوەتەوە، بەهەردوو بەشی زانستی و مرۆڤایەتیەوە. دەستەی نووسەرانیشی بەم

---

[١] بڕوانە: گۆڤاری (زانكۆ)، ژ(١)، ساڵی ١٩٧٥.

[٢] تارق حەسەن عەمادی، وتەی سەرۆكی زانكۆ، هەمان سەرچاوە، ل٣.

[٣] بڕوانە: گۆڤاری (زانكۆ)، ژ(١)، ساڵی ١٩٧٥؛ ژ(٢)، ساڵی١٩٧٦، بگ(٣)، ساڵی ١٩٧٧.

[٤] بڕوانە: گۆڤاری (زانكۆ)، بگ(٣)، ژ(١ و ٢ و ٣)، ساڵی ١٩٧٧.

شێوەیە بوو: سەرنووسەری تارق ڕەشاد عەبدوڵڵا، سکرتێری نووسین عەبد عەلی حەسەن ئەلخەفاف، ئەندامانی دەستەی نووسین لە: کامل حەسەن عەزیز(دکتۆر)، ئیبراهیم ئەمین باڵدار و محەمەد ئەحمەد تەها[1]، پێکهاتبوون[2].

گۆڤارەکە لەساڵی ١٩٨١ بەهۆی گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ شاری هەولێرو گۆڕینی ناوی بۆ (زانکۆی سەلاحەددین)، لەبەرگی حەوتەمەوە بەدروشمی (گۆڤاری زانستی زانکۆی سەلاحەددین) دەردەچوو. ئەم بەرگەی (٤)ژمارەی لێ بلاوکرایەوە، لەچاپخانەی (الأديب) لەبەغدا چاپکراوە، بەهۆی گواستنەوەی زانکۆوە. بەڵام ژمارەکانی دیکەی لەچاپخانەی زانکۆ چاپ دەکرا. دەستەی نووسەرانیشی بریتی بوون لە: خەسرۆ غەنی شالی(دکتۆر) — سەرنووسەر، سکرتێری نووسین عەلی عەبدولئەمیر عەلی، هەریەکە لە: محەمەد سادق باقر شەمسە(دکتۆر)، ئیبراهیم ئەمین باڵدار، محەمەد ئەحمەد تەها، لەئەندامانی دەستەی نووسین بوون[3]. بەرگی هەشتەمی گۆڤارەکە لەساڵی ١٩٨٢ — ١٩٨٣ دەرچووە، کە ژمارە (١ و ٢)ی لەساڵی ١٩٨٢، ژمارە (٣ و ٤)ی هەمان بەرگ لەساڵی ١٩٨٣ بلاوکراوەتەوە.

لەساڵی ١٩٨٢ەوە گۆڤاری (زانکۆ) نەیتوانی بەشێوازێکی ڕێکوپێك و بەبەردەوامی دەربچێت. ئەمەش بەهۆی جەنگی نێوان عێراق و ئێران. دیارە ئەم جەنگە کاریگەری زۆری لەسەر ئابووری عێراق بەگشتی دروست کردبوو، بۆیە دەبینین لەساڵی ١٩٨٣ تاوەکو سالی ١٩٨٨ تەنها یەك بەرگی لێ دەرچووە، ئەویش بەرگی نۆیەمی بوو[4].

دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کەم، گۆڤارەکە لە خولێکی نوێدا لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ دەستی بەدەرچوون کردەوە، لەژێر هەمان ناو، تەنها بەشە زانستی و مرۆڤایەتیەکانی لێ لابرا. بەرگی یەکەمی لەساڵی ١٩٨٨، (٢)ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارەیەکیشی تایبەت بە (وقائع المؤتمر العلمي الاول — للفترة من ٢٩ — ٣٠ تشرين الثاني ١٩٨٨) دەرکرد[5]. دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لەم خولەیدا بەم شێوەیە بوو: سەرنووسەر خەسرۆ غەنی شالی، سکرتێری نووسین کەریم سالح عەبدول(دکتۆر). ئەندامانی زیاء یوسف ئەلڕاوی(دکتۆر)، فەلاح حەسەن حوسێن(دکتۆر)، محەمەد رەئووف عەبدولقادر(دکتۆر)، عوسمان حەمە مراد(دکتۆر)، ئیحسان شەفیق میرداغ(دکتۆر)، بوون[6].

گۆڤارەکە لەساڵی ١٩٨٩بەرگی دووەمی (٤) ژمارەی لێ دەرچوو. لە ساڵی ١٩٩٠ بەرگی سێیەمی (٤) ژمارەی لێ دەرچوو. لە ساڵی ١٩٩١ بەرگی چوارەمی دیسان (٤)ژمارەی لێ دەرچوو[7]. لەنێوان ساڵانی

---

(1) محەمەد ئەحمەد تەها: ناسراوە بە کامەران موکری، لەسالی ١٩٢٩ لە سلێمانی لەدایك بوو، یەکێك بووە لە شاعیرە ناودارەکانی کورد، چەندین یوانی شیعری چاپکراوی هەبوو، وەکو (دیاری١٩٥٧، شانازی١٩٥٨، گولە ئەستێرە١٩٥٩، ئاوات و ڕەنج١٩٦٨، زەبری هۆنراوە١٩٧١)، لەسالی ١٩٨٦کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: عادل گەرمیانی، لمحات تعريفية حول الشعر الكردى مقتطفة من محاضرات كامران موكرى الجامعية، مجله (كاروان— المسيرة)، ع(٨٨)، تموزی ١٩٩٠،ص١٧٣—١٧٤.

(2) بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، بگ(٦)، ژ(١و٢و٣و٤)، سالی١٩٨٠.

(3) بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، بگ(٧)، ساڵی ١٩٨١.

(4) بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، بگ(٩)، ساڵی ١٩٨٦.

(5) بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، بگ(٢)، ژ(٢) ی تایبەت، ساڵی ١٩٨٨.

(6) بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، (١)، ژ(١)، سالی١٩٨٨.

(7) بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، بگ(٢)، ژ(١و٢و٣و٤)، سالی ١٩٨٩؛ بگ(٣)، ژ(١و٢و٣و٤)، سالی ١٩٩٠؛ بگ(٤)، ژ(١و٢و٣و٤)، سالی ١٩٩١.

(١٩٨٠ – ١٩٩١)هەشت بەرگ و (٢٧) ژمارەی لێ دەرچووە[1]. لەسەرەتای دەرچوونیەوەش تاوەکو ساڵی ١٩٩١، نزیکەی (٣) ژمارەی وەکو پاشکۆی گۆڤارەکە بڵاوکراوەتەوە[2]. شایەنی باسە ئەم گۆڤارە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە لەدەرچوون.

**٢- گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی– آفاق جامعیة):**

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی بوو. مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی زانکۆی سلێمانی بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکرد. ژمارە(١)ی ساڵی یەکەمی لەمانگی ئایاری ١٩٧٧ بە (٦٦) لاپەڕەو قەبارەی (٢٨×٢٣سم) لەچاپخانەی (الأديب) لەبەغدا چاپکرا. دەستەی نووسەرانی ژمارە(١)ی بریتی بوون لە: سەرنووسەر هادی کازم عەوەز(دکتۆر) ، سکرتێری نووسین عەبد عەلی حەسەن ئەلخەفاف، ئەندامەکانیشی لە: کامل حەسەن عەزیز، ماجد بەشیر ئەلئەسوەد(دکتۆر)، محەمەد فازل قەفتان(دکتۆر)، کامل عەبدولحمید(دکتۆر)، عەلی حوسێن حەسەن، سەبیح حەمودی ئەلشاتی، محەمەد ئەحمەد تەها، فریاد فازل زەنگەنە، سەباح میرزا ئەحمەد، پێکهاتبوون[3].

ئاسۆی زانکۆیی لەساڵی دەرچوونیەوە تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ نزیکەی (٢٠) ژمارەی لێ دەرچووە[4]. ساڵانە لەژمارەی نوێوە دەستی پێ دەکرد تاوەکو ساڵی ١٩٨١ ئینجا لەو کاتەوە لەسەر زنجیرەی ژمارەکانی پێشوو بڵاودەکرایەوە. لەنێوان ساڵانی (١٩٨٠ – ١٩٩١) نزیکەی (١٢) ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارەکانی (٢٦ و ٢٧ وم ٢٨)ی ساڵی ١٩٨١ بەیەك بەرگ دەرچوون[5]. هەروەها دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە زۆر زوو دەگۆڕدرا. لەو ماوەیەشدا بەم شێوەیە بوو: سەرنووسەر تارق ڕەشاد عەبدوڵڵا، سکرتێری نووسین عەلی عەبدولئەمیر، هەریەك لە محەمەد سادق باقر شەمسە، عەبدولمونعیم ئەحمەد سالح(دکتۆر)، کوردستان موکریانی(دکتۆرە)، محەمەد ئەحمەد تەها ، سەباح میرزا ئەحمەد، لە ئەندامانی دەستەی نووسین بوون[6].

گۆڤارەکە دوای گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی لەهاوینی ١٩٨١، بۆ شاری هەولێر و بوونی بە زانکۆی سەلاحەددین، لە ژمارە (٣٠)ەوە لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەددین لەژێر هەمان ناو دەردەچوو. دیارە لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆ، ستاف و دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەش گۆڕاوە، سەرنووسەری خەسرۆ غەنی شالی، سکرتێری نووسین عەلی عەبدولئەمیر عەلی، دەستەی

---

[1] بڕوانە: گۆڤاری (زانکۆ)، لە: بگ(٦)، سالی ١٩٨٠؛ تا: بگ(٤)، سالی ١٩٩١.

[2] عەبد عەلی خەفاف، باری خزمەتگوزاری شاری سلێمانی، (پاشکۆی تایبەت)، گۆڤاری(زانکۆ)، بگ(٣)، ژ(٢) ساڵی ١٩٧٧؛ حوسێن حەسەن جابری و حەمدی ئیبراهیم عەبدوللا و سەبیح عەلی عەبدولحوسێن چەلەبی ، لێکدانەوەی تەنگ و چەلەمەی قوتابیان لەکۆلێژی ئاداب، (پاشکۆی تایبەت)، گۆڤاری(زانکۆ)، بگ(٤)، ژ(١)، سالی ١٩٧٨؛ عبداللة الدانوك (الدكتور)، كمال محمد سعيد خيات(الدكتور)، (دراسة مقارنة عن النمط الاتفاقي و السلوك الاستهلاكي للفرد – من بحث ميزانية الاسرة العراقية لسنة ١٩٧٦)، (پاشکۆی تایبەت )، مجله(زانکۆ)، (ملحق خاص) لسنه ١٩٨٢.

[3] بڕوانە: گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی)، ژ (١)، ئایاری ١٩٧٧

[4] هـ . س ؛ گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) ژ (١) س٤، ١٩٨٠.

[5] گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی)، ژ(٢٦،٢٧،٢٨)، سالی١٩٨١.

[6] بڕوانە: گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی)، ژ(١) س٤، ١٩٨٠ ؛ ژ(٣٢) ساڵی ١٩٨٢.

**نووسەرانیش لە ئەندامانی پێشوو بوون[١]. ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان (٦٦ بۆ ٢٣٤) لاپەڕەدا بووە. پاشکۆیەکیشی هەبوو بەناوی (مكتبە زانکۆ)[٢]. کۆی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە (٣٢) ژمارەبوو، ژمارە (٣٢)یشی لەساڵی ١٩٨٢ دەرچوو، دوای ئەوە ڕاگیرا[٣].**

**٣- ئاسۆس:**

**کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوو. خوێندکارانی بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین لەشاری هەولێر، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) بەناوی بەشەکەوە دەریان دەکرد[٤]، بەپێی توانا و دارایی خۆیان، بەبێ هیچ جۆرە هاوکاری و کۆمەکی کردنێکی دەسەڵات. بەرگی(١)ی لە ئاداری ١٩٨٤ بە (١٠٤)لاپەڕە و قەبارەی (٢٤×١٧سم) دەرچوو، لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا چاپکرا. (محەمەد خدر مەولود)[٥] کە ئەرکی سەرپەرشتی کردن و بەچاپ گەیاندنی بەرگی دووەمی لەئەستۆ گرتبوو لەسەروتاری بەرگی(١)دا، دەربارەی ئاسۆس دەلێت: "پاش شەونخونیەکی درێژخایەن، لەگەڵ بۆنی کاغەز و دونیای ووشە سەوزەکانا... توانیمان بەشی یەکەمی (ئاسۆس) بخەینە بەردەست... ئەم کۆمەڵە بەرهەمەی کە لەدوو تویی ئەم کتێبۆکە ئاخنراوە کۆڕپەی خامەی چەند نووسەرێکە، کە هەندێکیان عەیامێکە [ماوەیەکە] ئاشنایەتیان لەگەڵ گوتار و ڕۆژنامە کوردیەکانا کردووە و هەندێکیشیان یەکەم جاریانە... مەبەستیشمان لەو کارەدا گەیاندنی دەنگی کۆمەڵی تازە نووسەرو شاعیرو چیرۆك نووسە بەدونیا فراوانەکەی ئەدەب و خزمەتکردنی ووشەی کوردی..."[٦].**

**بەرگی(٢)ی ئاسۆس لەگەلاوێژی ١٩٨٤ دەرچوو، کە دوا ژمارە بووە، بە (٨٥) لاپەڕەی ڕەش و سپی و دوو لاپەڕە بەرگی سەوزو سپی و ڕەش لە چاپخانەی (الامة) لەبەغدا لەچاپدراوە[٧].**

---

[١] بڕوانە: گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی)، ژ(٣٠) ساڵی ١٩٨١.

[٢] گۆڤارێکی زانستی و ڕۆشنبیری بوو تایبەت بە زانستی کتێبخانەکان. ئەمینداری گشتی کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سلێمانی دەریدەکرد، سەرنووسەری محەمەد فازل محەمەد عەزیز بوو، سکرتێری نووسین حەمدی ئیبراهیم عەبدوڵڵا بووە. ناو بەناو بەقەبارەی (٢١×٢٩سم) و (٧٥ – ٩١) لاپەڕە دەردەچوو، بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچوو، ژمارە(١)ی لەنیسانی ١٩٧٧، ژمارەی (٢)ی لی تەمموزی ١٩٧٧، ژمارە (٣)ی هیچ مێژوویەکی بەسەرەوە نەبووە. بڕوانە: ڕەفیق سالح ئەحمەد، س.پ ، ل٨٧.

[٣] حەسەن بارام، س.پ ، ل٣٧٣.

[٤] بڕوانە: ئاسۆس (کۆمەڵە بەرهەم)، بگ(٢)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، گەلاوێژی ١٩٨٤.

[٥] ناوبراو لەساڵی١٩٥٩ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، لە سەرەتای هەشتاکان بەشی کوردی لەزانکۆی سەلاحەددین تەواو دەکات، دواتریش بڕوانامەی ماستەری لەسیاسەتی دەولی لە زانکۆی ئۆکراینا بەدەستهێناوە، لە دیارترین چاپکراوە ئەدەبیکانی (ئاسۆس١٩٨٤)،(دابڕان–چیرۆك١٩٨٦)، (یادەکانی ئادار١٩٨٨). بڕوانە: شوان، کاروانی ڕۆشنبیری لەکوردستان–هەولێر، گۆڤاری (کاروان)، ژ(٢٦)، تشرینی دووەم،١٩٨٤، ل١٠٠–١٠١.

[٦] محەمەد خدر مولود، چەند ووشەیەك، ئاسۆس، بگ(١)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ئاداری ١٩٨٤، ل٣.

[٧] محەمەد خدر مەولود، ئاسۆس، بگ(٢)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، گەلاوێژی١٩٨٤.

## ب- قوتابخانەکان:

**بڵاوکراوەی (کاژاو):**

بڵاوکراوەیەکی پەروەردەیی بوو. قوتابخانەی ناوەندی (کاژاو)ی کوڕان لە سلێمانی بەزمانی کوردی دەریدەکرد. سەرنووسەری حەسەن ئەحمەد جاف، جێگری سەرنووسەر ئاسۆ ئەمین، بە سەرپەرشتی فایەق عومەر تۆفیق بوو. تەنها یەک ژمارەی لێ دەرچوو لەساڵی ١٩٨٤، بە (٤٨) لاپەڕە و قەبارەی کتێبێکی ئاسایی[١].

---

[١] ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل١٥٩.

## تەوەری چوارەم: ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ:

لەبەرئەوەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق، زۆر بەدەگمەن یان ئەستەم ڕێگەیان دەدا ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان دەربچێت، بۆیە ڕۆشنبیران و ئەدیبان و نووسەرانی کورد پەنایان بردبووە بەر شێوازێکی نوێی ڕۆژنامەوانی سەربەخۆ، بەتایبەت لە هەشتاکانی سەدەی بیست، کە بریتی بوو لە کۆبوونەوەی ژمارەیەك نووسەر و ڕووناکبیر، لەناوخۆیان کەرەستە و پارەیان کۆدەکردەوە و بەشێوەیەکی هەرەوەزی بەرهەمی جۆراوجۆری ئەدەبی و ڕۆشنبیرییان لەژێر ناونیشانێکی تایبەتی و بەپێناسەی ( بڵاوکراوە یان کۆمەڵە بەرهەم)بڵاودەکردەوە. کە هەندێکیان چەند ژمارەیەکی لێ بڵاودەکرایەوە، زۆر جار لەجیاتی ژمارە (بەرگ، چەپك، یان بەش) دەنووسرا. ئەمەش دوای ئەوەی ڕەوانەی (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری چاپەمەنیەکان) دەکرا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی حکومەتی بەغدا، ئینجا مۆڵەتی بڵاوکردنەوەی پێ دەدراو ژمارەی سپاردنی کتێبخانەی نیشتمانی بەغدای بەسەرەوە دەنووسرا. بۆ یەکەمجار بەهۆی مارف خەزنەدار و براکەی جەمال خەزنەدار بەدەرکردنی (٣)ژمارەی (دەفتەری کوردەواری)[١] لەساڵی ١٩٧٠ لەشاری بەغدا، ئەم شێوازە ڕۆژنامەوانییە کوردییە سەری هەڵدا. ئەم بابەتە لەساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، بوو بە دیاردەیەك لە دونیای ڕۆژنامەوانی کوردیدا، پاش ئەوەی چەندین نموونەی لەم شێوەیە لەشارەکانی (دهۆك، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك) سەری هەڵدا[٢].

هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە وەکو باسکرا بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە حکومەت مۆڵەتی دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤاری سەربەخۆی نەدەدا. ئەگەرچی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی سەر بەحکومەت هەبوون، ڕۆشنبیرانی کورد بەرهەمەکانیان تێدا بڵاودەکردەوە، بەڵام وا دیارە هەر ئەوەندە تێنوێتی ڕۆشنبیرانی کوردی نەدەشکاند، بۆیە ڕۆشنبیران و ئەدیبان چارەسەریەکی مامناوەندیان هەڵبژارد، ئەویش بریتی بوو لە دەرکردنی ئەو جۆرە بەرهەمانە. بەتایبەتی کە لەدوای نسکۆی ١٩٧٥ بزووتنەوەی سیاسی کوردی زۆر لاواز بوو، دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی ئەوتۆ نەما کە کاریگەری بەسەر ناوچە کوردییەکانەوە هەبێت. ئەوەی مایەوە بەدەست ڕۆشنبیرانی کوردەوە بوو، کە بتوانن لەڕێگای ڕۆشبیرییەوە ئەو فەرامۆشیەی هەیە کەمتر بکەنەوە[٣]. جگە لەوانە، حەزکردن بەوەی کە بەشێوازێکی سەربەخۆ کاربکەن و خۆیان بە هیچ جۆرە دەزگا و ڕێکخراوێکەوە نەبەستنەوە، بەلکو خۆیان

---

[١] کۆمەلە نووسینێکی ئەدەبی و زانستی بیری کوردی بوو. بەئامانجی پێشخستنی بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی بەڕوخسارێکی نەتەوایەتی و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی، لەژێر ئەم ناونیشانە مارف خەزنەدار(دکتۆر) و براکەی جەمال خەزنەدار لەشاری بەغدا(٣) بەشیان بەزمانی کوردی لێدەرکرد، بەشی (١)ی لە ٩ی کانوونی دووەمی١٩٧٠ بلاوکرایەوە. بڕوانە: جەمال خەزنەدار، دەفتەری کوردەواری، ب(١)، چاپخانەی (الزهراء)، ، ١٩٧٠/١/٩؛ ب(٢)، نیسانی ١٩٧٠؛ ب(٣)، مایسی ١٩٧٠.

[٢] مومتاز حەیدەری، س.پ.

[٣] موسەدەق تۆڤی، پەیوەندی تەلەفۆنی، ٢٠١٥/٢/١. ناوبراو لەساڵی ١٩٥٧ لەشاری دهۆك لەدایك بووە. لەسەرەتاکانی حەفتاکانەوە بەرهەمی لەنێو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، یەکەم بەرهەمی لەڕۆژنامەی هاوکاری لەساڵی ١٩٧٠ بڵاوکردۆتەوە، لەساڵانی هەشتاکان ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کورد — لقی دهۆك بووە، یەك لە بەشداربووانی بڵاوکراوەی (پەیڤ ١٩٨٠)بووە. ئیتر بەردەوام بووە لەنێو دونیای ڕۆژنامەوانی و چاپەمەنیدا، نزیکەی دوازدە بەرهەمی چاپکراوی هەیە، ئێستاش سەرپەرشتی بەرهەڤکردنی ئینسکلۆپیدیای پارێزگای دهۆك دەکات.

هەوڵدەن چەند ژمارەیەك چاپ بكەن و پێشكەشی خوێنەرانی بكەن، هۆكارێكی دیكە بوو. سەرەڕای ئەوەش ئەو بەرهەمانەی دەردەچوون لەچوارچێوەیەكی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و مێژوویی تێ نەدەپەڕین. زۆربەشیان لەلایەن گەنجان و ڕۆشنبیرانی تازە هەڵكەوتووی دونیای ڕۆشنبیریی كوردییەوە دەردەچوون[1]. چونكە زۆربەی ڕۆشنبیرە بەئەزموون و لێهاتووەكان، بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسیەی بەسەر كوردستاندا هاتبوو دوای ساڵی ١٩٧٥، وەكو باسمان لێوەكرد ئاوارەی وڵاتانی دەورو دراوسێ ببوون.

لەماوەی دیاریكراودا ژمارەیەك لەم كۆمەڵە بەرهەم و بڵاوكراوانە هەن، كە لەلایەن ڕۆشنبیران و نووسەرانەوە بەشێوازێكی سەربەخۆ دەردەچوون. یەكێ لە تایبەتمەندییەكانیشیان ئەوەیە كە ئەو بڵاوكراوانە تەمەنیان كورت بووەو لەچەند ژمارەیەك تێ پەڕی نەكردووە.

## أ- پەیڤ:

كۆمەڵە بەرهەمێكی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوو. ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران و ئەدیبانی شاری دهۆك بەسەرپەرشتی ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ و بەهاوكاری یەكێتی نووسەرانی كورد – لقی دهۆك، بەزمانی كوردی(كرمانجی ژووروو–بادینی)و قەبارەی كتێبێكی ئاسایی دەریانكرد. ژمارە(١)ی لەساڵی ١٩٨٠ لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا (٣٠٠) دانەی لێ چاپكرا. ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ لە پێشگوتن دا دەڵێت: "پەیڤ... ئەڤ بەلاڤۆكە بەرهەمێ ژنوی گەهشتی ژدارا باغێ مە... هیڤیدارین پەیڤا ڕاستیا كوردی بگەهینیتە تەف ڕۆشبیر و نڤیسڤانان وەكی مە ژێرا ڕێك و دۆز فەوژارتی... هێژایان... ئەڤە بزاڤا ئێكێ یە تایێ مەیێ ڕادبێت..."[2].

لەدیارترین ئەو ڕۆشبیرانەی بەرهەمیان تێدا بڵاوكردبۆوە، لە ئەندامانی یەكێتیەكە بوون[3]. ئەم بەرهەمە تەنها یەك ژمارەی لێ دەرچوو، بەهاوكاری دارایی تەها مەزهەر مایی (جێگری سەرۆكی یەكێتی نووسەرانی كورد- لقی دهۆك) بەبڕی (٥٠٠) دینار، كە بەقەرزدابوویە دەستەی كارگێڕیی، لەچاپدرا. دوای بڵاوبوونەوەی ئەو ژمارەیە، هەوڵدرا بۆ ئەوەی ژمارە (٢)ی دەربكەن. لەو پێناوەدا بەرهەم كۆكراوەو نووسراوە لەدەفتەرێك و نێردرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری چاپەمەنیەكان لەبەغدا، بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، بەڵام ڕەزامەندی لەسەر چاپكردنی نەدرا. دوای دەستپێكردنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ٤/٩/ ١٩٨٠ و لێك دووركەوتنەوەی ئەندامانی یەكێتیەكەو نووسەران و زیاتر دژواربوونی بارودۆخی سیاسی كوردستان، وایانكرد (پەیڤ) نەتوانێت بەردەوام بێت[4].

---

[1] بروانە: دەنگێ مە، پێشگوتن، دەنگێ مە(بەرهەمێكی تورەیی و ڕۆشنبیرییە)، ژ(١) ، بەغدا، ١٩٨٥، ل٤.

[2] بروانە: ئەحمەد عەبدوڵلا زەرۆ، پەیڤ (كۆمەڵە بەرهەمێكی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە)، چاپخانەی (الحوادث) بەغدا، ١٩٨٠.

[3] وصفی حسن، ڕۆژنامەگەری لەدەڤەرا بەهدینان، چ٢، چاپخانا خانی، دهۆك، ٢٠١٢، ل٢٦ – ٢٧.

[4] موسەدەق تۆفی، چەند بەر پەڕەك ژ دیرۆكا ڕۆژنامەڤانیا كوردی، پشكا دووێ،چ١، چاپخانا هاوار، دهۆك، ٢٠١١، ل٨٣ – ٨٤.

**ب- هاودەنگ:**

**کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی بوو، کۆمەڵێك لەئەدیب و نووسەرانی شاری هەولێر پێکەوە هەریەکەو بەگوێرەی توانا و داهێنان و دارایی خۆیانەوە لەپێناوی خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی، بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) دەریاندەکرد[1]. لەجیاتی ژمارە ووشەی (ئەلقە)یان بەکار هێناوە، واتە ئەلقەی(١)ی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٢ بە(٦٦)لاپەڕەو دوو لاپەڕە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و قەبارەی (٢٠×١٤سم)، لە چاپخانەی(ئەسعەد) لەبەغدا چاپکرا. ئەم ژمارەیەی تایبەت بووە بە شیعرو چیرۆك[2]. ئەلقەی(٢)ی لە تشرینی دووەمی ساڵی١٩٨٤ دەرچوو، بە(٩٤)لاپەڕەو قەبارەی کتێبێکی ئاسایی، لەچاپخانەی(الحوادث) لەبەغدا لەچاپدرا. بابەتی ئەدەبی هەمەڕەنگی تێدا بڵاوکرابۆوە، کە بریتی بوون لە: (پێشەکی، خوێنەری هێژا، شیعر، چیرۆك، شانۆگەری بۆ خوێندنەوە، بابەتی وەرگێڕدراو، هیتر).**

**لەدیارترین ئەو ئەدیب و نووسەرانەی بەشداربوون، کە هەندێکیان تەنها لە ئەلقەیەکدا بەشداربوونە، هەندێکیشیان لەهەردوو ئەلقەکەدا، ئەمانە بوون: قوبادی جەلی زادە، هاشم سەراج، سەکران سابیر، محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی، نەژاد عەزیز سورمێ، مەولود ئیبراهیم حەسەن، فەرهاد پیربالْ، جەلال بەرزنجی، سەلاح عومەر، سەدرەدین خۆشناو، ڕۆستەم باجەلان، نەوزاد رەفعەت[3]. دوای دەرچوونی دوو ژمارە لەبەر هەندێك کێشەو گرفت لەناو دەستەی نووسەران و مەترسی لەبارودۆخی سیاسی و نەبوونی سەرچاوەیەکی دارایی بۆ گۆڤارەکە، نەیانتوانی بەردەوام بن[4].**

**ت- ئەدەبی بێگانان:**

**کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی بوو. ژمارەیەك لە قوتابیە کوردەکانی بەشی ئینگلیزی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی موسڵ، بەشێوازێکی سەربەخۆ، بەسەرپەرشتی عەزیز گەردی دەریان دەکرد. هەروەها بەهاوکاری و یارمەتی مومتاز حەیدەری خاوەنی کتێبخانەی حەیدەری، کە لەڕێگەی کتێبخانەکەی ئەو بڵاودەکرایەوە. سەرپەرشتیاری گۆڤارەکە لەپێشەکی بەشی(١)دا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە "ئامانج لە دەرکردنی ئەو کۆمەڵە بەرهەمە ئاشناکردنی خوێنەری کوردە بە ئەدەبیاتی بیانی و پێشخستنی بزووتنەوەی وەرگێڕان، کە لای ئێمەی کورد ئەم بزووتنەوەیە لەچاو نەتەوەکانی دی زۆرکزە..." لەژێر ئەو ئامانجانە بەشی(١)ی ئەدەبی بێگانان لەساڵی ١٩٨٢ بە(١٠٨) لاپەڕە و قەبارەی (٢٤×١٧سم) بڵاوکرایەوە و لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا چاپکرا[5].**

**ئەدەبی بێگانان تەنها (٦)بەشی لێ دەرچوو. بەشی(٦)ی لەکۆتایی١٩٨٣بلاوکراوەتەوە، هەر(٦)بەشەکەش لەلایەن عەزیز گەردی سەرپەرشتی کراوە. چواربەشی لەسەر ئەرکی مومتاز حەیدەری**

---

(١) بڕوانە: هاودەنگ (کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبیە)، ئەلقەی دووەم، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٤، ل٣.

(٢) هاودەنگ ، ئەلقەی یەکەم، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٣.

(٣) ئەحمەد میرە، کاریگەری بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبیە کوردیەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان (١٩٧٠ – ٢٠٠٣)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٧٢.

(٤) ئەبو عوبێد عەبدوڵڵا زیاب، هۆزانا نویخازی ل دەڤەرا بەهدینان، چ١، چاپخانا سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٥، ل٥٥.

(٥) عەزیز گەردی، ئەدەبی بێگانان(کۆمەلە بەرهەمێکی ئەدەبیە)، ب(١)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٢، ل١ -٦.

چاپکراوە. دووبەشەکەی تریش لەسەر ئەرکی قوتابیەکان خۆیان بەچاپ گەیشتووە[1]. لەڕووی ناوەڕۆکەوە ئەدەبی بێگانان سێ بەشی بابەتی هەمە جەشنی وەرگێڕدراویان تێدابووە. دوو بەشیشیان، یەکیان تایبەت بووە بە چیرۆك، ئەوی تریان تایبەت بووە بەشیعر. بەشی شەشەمیش، تایبەت بووە بە شانۆی یەك پەردە. ئەوەی جێی سەرنج بووە زۆربەی ئەوانەی لەبەشی پێنچەم بەشدار بوونە، یەکەم جاریان بووە و بابەتیان بۆ ئەدەبی بێگانان وەرگێڕاوە[2]. لەڕاستیدا ئەو کۆمەلە بەرهەمە لەبەر نەبوونی سەرچاوەی دارای پێویست و توانای لاوازی دارایی قوتابیەکان، نەیتوانیوە بەردەوام بێ.

## پ- فۆلکلۆر (کۆمەلە بەرهەم):

کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆری بوو. ژمارەیەك لەئەدیبان و نووسەران و شەیدایانی فۆلکلۆری کوردی، لەشاری هەولێر بەزمانی کوردی دەریان دەکرد. بەشی(١)ی لەساڵی ١٩٨٤ لەسەر ئەرکی سەدرەددین خۆشناو لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا چاپکرا. لە (٦٢) لاپەڕەو دوو لاپەڕە بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ و قەبارەی (٢١×١٤سم)پێکهاتبوو. هەریەکە لە: خالد جوتیار، عەباس عەبدوڵلا یوسف و سەدرەدین خۆشناو خاوەنی بوون[3].

بەشی(٢)ی لەساڵی ١٩٨٥ لەسەر ئەرکی مەهدی خۆشناو، لەهەمان چاپخانە لەچاپدراوە. بەشداربووانی ئەم بەشە بریتی بوون لە: عومەر ئیبراهیم عەزیز، ئاواز سنجاوی، ڕۆستەم باجەلان، محەمەد کەریم یوسف، لەگەڵ سێ بەشداربووەکەی ژمارەی یەکەم[4]. بەڵام لەبەرئەوەی هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبوو بۆ پاڵپشتیکردنی، بۆیە نووسەران نەیانتوانی بەردەوامبن لەدەرکردنی. تاوەکو ساڵی ١٩٩١ ئینجا بەشی(٣)یەمی لێ بڵاوکرایەوە. ئەمەش بەهەوڵ و کۆششی سەعدوڵلا شێخانی بووە، کەوا سەرپەرشتی لەچاپدانی گرتبووە ئەستۆی خۆی. لەچاپخانەی (الزمان) لەبەغدا لەچاپدرا. بۆیەش لەسەر بەرگی ئەم بەشە نووسراوە لەبلاوکراوەکانی سەعدوڵلا شێخانی ژمارە(٣٢). بەشداربووانی ئەم بەشە هەمان بەشداربوونی بەشی یەکەم بوون لەگەڵ هەریەکە لە: سەعدوڵلا شێخانی و ئەسعەد عەدۆ، فەیسەل دێهاتی و نەژاد عەزیز سورمێ. ئەو بەشە تایبەت بووە بە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری[5]. هەروەها وەکو تێبینیەك لەلاپەڕەی یەکەمی هەرسێ ژمارەدا نووسراوە نووسەران بەرپرسیاری بابەتەکانیان.

## ج- نێرگز:

کۆمەڵە بەرهەمێکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی بوو. کۆمەڵێك نووسەر و ئەدیبی کورد، لەشاری کەرکوك بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) لەشێوەی گۆڤار دەریان دەکرد. لە جیاتی ژمارەچەپکیان بەکارهێناوە. واتە چەپکی(١)ی لەکانوونی یەکەمی ١٩٨٤ بەیارمەتی عەلی بۆسکانی لەچاپخانەی نەورەس

---

[1] قارەمان حەیدەر، س.پ ، ل١٤٤.

[2] عەزیز گەردی، لەباتی پێشەکی، ئەدەبی بیگانان، ب(٥)، چاپخانەی (الارشاد)، بەغدا، ١٩٨٣، ل٣-٤.

[3] بروانە: فۆلکلۆر (کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆریە)، ب(١)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، سالی ١٩٨٤.

[4] فۆلکلۆر ، ب(٢)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، سالی ١٩٨٥.

[5] فۆلکلۆر ، ب(٣)، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، سالی١٩٩١.

**لەشاری سلێمانی، بە (٩٤)لاپەڕە و قەبارەی کتێبێکی ئاسایی لەچاپدرا. دەستەی نووسەرانی لە سەروتاری ژمارەکەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە: "ئەو دەستانەی ئەم چەپکە نێرگزەیان لەنێرگزە جاڕی ووشەی کوردی بۆ چنیون، قەلەم هەڵگری هەست پاك و ئاوات لەدڵن، بەباوەڕی خزمەتکردنەوە دەیانەوێ دیارییەکی جوان پێشکەش بەنەوەی ئەمڕۆ و دوا ڕۆژی گەرمیان و کوێستان بکەن... ئەم ڕەنجەی ئێمەش بەری تەقەلای خۆمانە..."[١].**

**چەپکی(٢)ی نێرگز لەنیسانی ١٩٨٥ بەیارمەتی فەوزیە عیزەددین ڕەشید و شێرزاد ئەمین باغەوان، لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا بە(١٧٦) لاپەڕە لەچاپدرا[٢]. بەشێوەیەکی گشتی بابەتەکانی هەردوو چەپکی نێرگز بریتی بوون لە(لێکۆڵینەوە، ئەدەب، چیرۆك، هۆنراوە، کەلەپوور، مێژوو، هونەر). ئەگەرچی لەدوا لاپەڕەی چەپکی دووەم نووسراوە چاوەڕێی چەپکی سێیەمی نێرگزبن[٣]، بەڵام وەکو ئاماژەمان بۆکرد بەهەوڵ و تەقەلای نووسەران خۆیان بووە، بۆیە لەبەرنەبوونی هیچ سەرچاوەیەکی دارایی بۆ دەرکردنی، دوای ماوەیەك ڕاگیراو نەتوانرا چەپکی سێیەمی پێشکەش بەخوێنەران بکەن.**

### ح- ئەدەبی منداڵان:

**کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی بوو بۆ منداڵان. بەزمانی کوردی (کرمانجی خواروو) لەشاری هەولێر دەردەچوو. لەلایەن ژمارەیەك لە ئەدیبانی هەولێر (ڕۆستەم باجەلان، نەجات ڕەفیق حیلمی، پیربال مەحمود، ئیسماعیل تەنیا، سەلاح سەلیم سەیدۆك، خالد شەیدا، فەیسەل دێهاتی) سەرپەرشتی کراوەو بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە. لەسەر ئەرکی خۆشیان چاپیان کردووە، تەنها دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. ژمارە (١)ی لەکانوونی دووەمی ١٩٨٥، بە (٢٠)لاپەڕە و قەبارەی (١٦×٢٠سم) دەرچووە و لەچاپخانەی هەولێر چاپکرا. ژمارە(٢)ی لەکۆتایی ١٩٩١دا، دەرچوو[٤].**

**ناوەڕۆکەکەی لەناوەکەیەوە دەردەکەوێ تایبەت بووە بە ئەدەبی منداڵان. بۆ ئاراستەکردنی زاڕۆکان بەرەو خوێندەواری و فێرکردنی ڕەوشت و ئاکاری جوان و دوورکەوتنەوە لە خوو ڕەوشتی خراپ.**

### خ- دەنگێ مە:

**کۆمەڵە بەرهەمێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بوو، لەلایەن چەند ئەدیب و نووسەرێکی کورد لە شاری دهۆك بەزمانی کوردی (کرمانجی ژوروو) دەردەچوو. ئەوانیش (کەریم جەمیل بیانی، فازل عومەر جانگیر، سەگڤان یوسفی، عەبدوڵڵا جوندی، کامیران بەرواری، هزرڤان عەبدوڵڵا، سامی سلێمان حاجی، ئیسماعیل ئیبراهیم، مەسعود بۆتانی) بوون. کەوا ئەرکی دەرهێنان و لەچاپدانیان لەئەستۆگرتبوو[٥]. ژمارە(١)ی لە**

---

[١] بڕوانە: نێرگز (کۆمەڵە بەرهەمێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبیە)، چەپکی یەکەم، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٤.

[٢] بڕوانە: نێرگز ، چەپکی دووەم، چاپخانەی(الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٥.

[٣] بڕوانە: هـ.س ، ل١٧٦.

[٤] ئیسماعیل تەنیا، س.پ ، ل١٦١.

[٥] بڕوانە: دەنگێ مە (بەرهەمێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە) ، ژ(٣)، ساڵی١٩٨٧، ل٣.

**هاوینی ساڵی ١٩٨٥ به (٩٨) لاپەڕە و قەبارەی (٢٣,٥×١٧سم) لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا چاپکرا. ژمارە (٢)ی لەپایزی هەمان ساڵ چاپکرا. هەردوو ژمارەکە لەسەر ئەرکی نووسەران خۆیان چاپکراون[١].**

**ئەو بەرهەمە تەنها چوار ژمارەی لێ دەرچوو. ژمارە (٣)ی لەساڵی ١٩٨٧ بە (١٥١) لاپەڕە دەرچوو. ژمارە (٤)ی لەساڵی ١٩٨٩ بە (١٩٥) لاپەڕە بلاوکرایەوە. ژمارە سێ و چواری بەهاوکاری ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان چاپ کرا[٢]. لەپێشەکی ژمارە (١)دا دەستەی نووسەرانی، ئامانجی خۆیان لەدەرکردنی ئەم بەرهەمە دەخەنەڕوو دەڵێن: "بفەرمان زانی کو دڤێ شۆڕشا توریێ کوردیدا خزمەتەکێ بکەین ژ بو ڕۆژنامەگەری و پەرتوکخانا کوردی، نەمازە مە چ بزاڤێن ب ڤی ڕەنگێ بەری خۆ نەدیتن..."[٣].**

---

[١] بروانە: دەنگێ مە، ژ(١)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، سالی ١٩٨٥؛ ژ(٢)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، سالی ١٩٨٥.

[٢] بروانە: دەنگێ مە، ژ(٣)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، سالی١٩٨٧؛ ژ(٤)، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، سالی ١٩٨٩.

[٣] بروانە: دەنگێ مە،ژ(١)، سالی ١٩٨٥، ل٣.

## بەشی دووەم: ڕەوشی ئابووری باشووری کوردستان لە ڕوانگەی ڕۆژنامەوانییەوە

### تەوەری یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

أ- کشتوکاڵ و بەروبوومەکانی

ب- ئاژەڵداری

ت- گرفتەکانی کشتوکاڵ و جوتیاران

### تەوەری دووەم: کەرتی پیشەسازی و پیشەگەری

أ- پیشەسازی و کارگەکان

ب- پیشەگەری پیشەسازییە دەستییەکان

ت- هەلومەرجی کارو بارودۆخی کرێکاران

### تەوەری سێیەم: کەرتی بازرگانی

أ- بازرگانی ناوەخۆی باشووری کوردستان

ب- بازرگانی ناوەخۆ لەگەل شارەکانی عێراق

ت- بازرگانی دەرەکی لەگەل ولاّتان

### تەوەری چوارەم: کەرتی گەشت و گوزارو خزمەتگوزاریی

## بەشی دووەم: ڕەوشی ئابووری باشووری کوردستان لەڕوانگەی ڕۆژنامەوانییەوە:

ڕۆژنامەگەری کوردی لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی گشتی کاری کردووە لەسەر خستنەڕووی ڕەوشی ئابووری کوردستان، بەتایبەت ڕۆژنامەو گۆڤارە سیاسییەکان و گشتییەکان. جگە لەوەی کە ژمارەیەك گۆڤار تایبەت بوونە بەبابەتە ئابورییەکان، وەکو گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی، کشتوکاڵ، ئابووری زان). لەو ڕووەوە هەندێك لەڕۆشنبیران و نوسەران و پەیامنێری ڕۆژنامەکان، بابەتە ئابوورییەکانیان کردبووە هەوێنی بەرهەمەکانیان و لەڕێگەی نووسینەکانیان و سەردانیان بۆ دام و دەزگاکانی لایەنی پەیوەندیدار، کارگە و پرۆژەکانیان بەسەرکردۆتەوەو هەوڵیان داوە واقیعی ئابووری ناوچەکە بخەنەڕوو. ئەمە لەلایەك، لە لایەکی تر هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران لەو ماوەیەدا کاریگەری هەبووە لەسەر خستنەڕووی ئاستی ئابووری عێراق بەگشتی لەنێو لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، بۆ مەبەستی نیشاندانی توانا ئابوورییەکانی عێراق بەرامبەر بە دوژمن. لەمەشدا زیاتر ڕۆژنامەوانی حکومی ئەو دەورەی بینیوە. لێرە بەدوا لەچەند تەوەرەیەکدا ئەو ڕەوشە دەخەینە ڕوو:

## تەوەری یەکەم: کەرتی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری:

### أ- کشتوکاڵ و بەروبوومەکانی:

لە ماوەی تایبەت بەم توێژینەوەیەدا کشتوکاڵ بەگرنگترین کەرتی ئابووری دادەنرێ لە باشووری کوردستاندا. لەبەرئەوەی ژیانی دانیشتوانی ناوچەکەی پێوە بەسترابۆوە. بۆیە ڕۆژنامەوانی کوردی بایەخی تایبەتی پێداوە. تەنانەت چەند گۆڤارێکی تایبەت بەچالاکیەکانی ئەو کەرتەیە هەبووە، وەکو هەردوو گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی، کشتوکاڵ). جگە لە هەوڵەکانیان بۆ خستنەڕووی واقیعی ئەم کەرتە، زۆر لە نووسەران لەڕێگای ئەو گۆڤارانە ئامۆژگاری و ڕێنمایی کشتوکاڵییان بۆ جوتیاران بڵاوکردۆتەوە.

بەپێی توێژینەوەیەکی (موکەڕەم تالەبانی) کە لەگۆڤاری(ڕۆژی کوردستان) بڵاوکراوەتەوە، دەزانین کە باشووری کوردستان خاوەنی نزیکەی(١٤,٣) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی بووە، کە ڕێژەی (٤٤,٦٪)ی سەرجەم ڕووبەری زەوییە کشتوکاڵییەکانی عێراقی پێك هێنابوو. ئەو زەوییانەش زیاتر دەشتە بە پیتەکانی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکوك و بەشێك لە پارێزگای موسڵ و دیالەیان گرتبۆوە. سەبارەت بەجۆری ئەو زەوییانە لەڕووی خاوەندارێتییەوە، دەتوانین بڵێین ڕێژەی (٥٦٪)ی زەوییە کشتوکاڵیەکان مووڵکی تایبەت بوون و بەفەرمی لەلایەن فەرمانگەکانی تاپۆی حکومەت تۆمارکرابوون، (٢٢,٤٪)ی لەلایەن حکومەتەوە بە جوتیاران بەخشرابوو، هەروەها (١٧,٤٪)یشی زەوی میری بوون و لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، ئەو ڕێژەیەی مابۆوە (٤,٢٪)بوو، زیاتر بۆمەبەستی لەوەڕگا بەجێهێڵرابوو[1].

---

[1] مکرم الطالبانی، الثورة الزراعية في كردستان العراق، مجلة (ڕۆژی کوردستان– شمس كوردستان)، ع(١)، بغداد، حوزيران،١٩٧١، ص٧.

لە ڕووی شێوازی داچاندنەوە، لە ناوچەکەدا دوو جۆر شێوازی چاندنی کشتوکاڵی پەیڕەوی لێکرابوو. هەروەکو گۆڤاری (ئاسۆی زانکۆیی) لەبابەتێکیدا ئاماژەی بۆکردووە، ئەوانیش کشتوکاڵی(دێمی و بەراو)بوون. هەرچی کشتوکاڵی دێمی بووە پشتی بە ئاوی باران دەبەست و بە پلەی یەکەم هاتبوو. لەو ڕووەوە ناوچەکە خاوەنی (١١) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی دێمی بووە[١]. زیاتر بەروبوومی دانەوێڵەیی وەکو ( گەنم و جۆ) و بەروبوومی پاقلەمەنی وەکو(نیسك و نۆك و پاقلە)ی تێدا دەچێنرا. بەڵام کشتوکاڵی بەراو کە پشتی بە ئاوی ڕووبارەکان و کارێزەکان دەبەست، بەرهەمی جۆراوجۆری وەکو (چەلتوك و ماش و فاسولیاو کونجی و گەنمەشامی و گوڵەبەڕۆژە و لۆکە و تووتن و سەوزەمەنییەکان)ی تێدا دەچێنرا[٢]. هەروەها گۆڤارەکە ئەوەشی خستۆتە ڕوو، کە دەشتە بە پیتەکانی ناوچەکەو گونجاوی ئاو و هەواکەی، کە ڕێژەی بارانی ساڵانەی نزیکەی (٣٠٠ – ١٠٠٠ملم) دەبێت، وایکردوە ئەم ناوچەیە لەڕووی کشتوکاڵیەوە بەپلەی یەکەم بێت لەسەر ئاستی عێراقدا[٣]. ئەوەی وا دەکات زیاتر لەم زانیارییانە دڵنیابین، ئەوەیە کە (شاکر خصباك) لەکتێبەکەیدا زانیاری زۆر نزیك بەو ئامارانەی باسمانکرد، نیشانداوە[٤].

کشتوکاڵکردن لەماوەی دیاریکراودا بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەهێزی میکانیکی دەبەست لەبەرهەمهێناندا. لەگەڵ ئەوەشدا لەناوچە شاخاویيە سەختەکاندا پشت بە هێزی بازوو ئاژەڵیش دەبەسترا. بەهۆی ئەوبایەخە ستراتیجییە کشتوکاڵیەی ناوچەکە هەیبووە بۆ عێراق بەگشتی، بۆیە شتێکی ئاساییە کەنووسەرانی عێراقی بایەخی زیاتریان پێ دابێ، ئەوەتا لەبارەی پەرەسەندنی ئامێرە کشتوکاڵیەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە عەبدولموعتی ئەلخەفاف(دکتۆر) سێ توێژینەوەی زانستی لەگۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)دا بڵاوکردۆتەوە، لەیەکێکیاندا نووسیویەتی لە ناوچەکەدا ژمارەی تراکتۆرەکان لەساڵی ١٩٧٩دا (٣٢٠٠) و ژمارەی ماشێنەی دروونە(دەڕاسە) (٥٥٩) و ئامێرەکانی دیکەی وەکو ترۆمپاو ئامێری تۆدەر(بذارة)و پێوەرکردنی پەینی کیمیاوی(٩٦٠٠) بووە. ئەمانە لەکاتێکدا دووەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ١٩٨٠ – ١٩٨١ دەریدەخات، کە ناوچەکە پێویستی بە زیاتر لە (٣٣٠٠) تراکتۆر و (١٢٠٠) ماشێنی دروێنە هەیە. بەو پێیە تراکتۆرێك بۆ هەر (٧٠٠) دۆنم و ماشێنەیەکی دروونە بۆ هەر (١٧٠٠) دۆنم بەکاربێت[٥].

بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کشتوکاڵی عێراق (مديرية الاحصاء الزراعي) لەساڵی ١٩٨٩دا ئەو ڕێژەیە کەمیکردووە بۆ (٢٨٩٢) تراکتۆر و (٢٦٦) ماشێنەی دروونە. هەروەها ئەگەر لەو ساڵەدا هەموو باشووری کوردستان وەربگرین، دەبینین زیاتر (٦٧١٤) تراکتۆر و (٤٢٣) ماشینەی

---

[١] جميل جلال محمد علي، الزراعة الجافة، مجلة (ئاسۆی زانکۆیی– افاق جامعية)، ع(٢)، س٤، ١٩٨٠، ص٥٤.

[٢] عەبدولجەبار یەحیا، تۆڤچێن ل کوردستانێ، ڕۆژنامەی (برزاڤ)، ژ(٤٢)، ١٥/٥/١٩٩٠، ل٦.

[٣] جميل جلال محمد علي، م.س، ص٥٤.

[٤] العراق الشمالي (دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية)، مطبعة شفيق، بغداد، ١٩٧٣، ص٨٧.

[٥] د.عەبدولموعتی ئەل خەفاف، پەرەسەندنی ماشینەسازیی کشتوکاڵ ئەرکێکی بەپەلەیە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٩)، س٣، ١٩٨٠، ل١٢٦. هەروەها بڕوانە: پەرە پێدانی کشتوکاڵی بەمەکینە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٥)، س٢، ١٩٧٩، ل٣٠. بۆزانیاری لەبارەی جۆرو توانای ئامێرەکان بڕوانە: چاکترین بەکارهێنانی ئامێرو ماشێنی کشتوکاڵی لەکێڵگە هەرەوەزییەکاندا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٦)، س٢، ١٩٧٩، ل١٢.

دروونەی هەبووە[1]. ئەو ئامارانە کەمی بایەخدانی حکومەت بەرامبەر بە پرۆسەی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەخەنەڕوو.

بەشێوەیەکی گشتی لەبەرئەوەی ڕەوشی کشتوکاڵکردنی ناوچەکە، زیاتر کەوتبووە ژێر کاریگەری یاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی و سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق. بۆیە هەندێك لە بەرپرسە باڵاکانی حکومەت و مامۆستایانی زانکۆ لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا زۆر بەگرنگییەوە باسیان لەو یاسایانەکردوە. بۆنموونە ساماڵ مەجید فەرەج (دکتۆر و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کشتوکالی) و عامر مەهدی سالح (مامۆستای زانکۆ) بەهەنگاوێکی ئەرێنیان داناوە بۆ نەهێشتنی نادادپەروەری لە موڵکداریەتی زەوی و زارو نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی. بەتایبەت لەگەڵ دەرچوونی یەکەم یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە(٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨، کە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر مەسەلەی زەوی و زاری کشتوکاڵی لەعێراق بەگشتیدا هێنا. دواتریش بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ کە لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی، وەکو بەپیتی زەوی و جۆری ئاودێری و جۆری بەرهەم، زەوی بەسەر جوتیاران دابەش دەکرا[2]. لەگەڵ دامەزراندنی دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی حکومەتی عێراق لەکوردستاندا، لە ساڵی١٩٧٤ەوە ئیتر بەشێکی سەرەکی کەرتی کشتوکاڵی باشووری کوردستان لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵیەوە سەرپەرشتی دەکرا[3].

دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ی شۆڕشی کوردیش، حکومەتی عێراق یاسای چاککردنی کشتوکاڵی ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٥ی تایبەت بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرکرد. بەوهۆیەوە زۆرترین ڕێژەی زەوی و زاری خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ڕادەی مولکداری زەوی و زاریشی کەمکردەوە، بەم شێوەیە: (٥٠٠) دۆنم لە باشووری بارانە هێلەوە لەجیاتی (١٦٠٠- ٢٠٠٠)دۆنم، (٣٠٠) دۆنم لەباکووری بارانە هێلەوە لە جیاتی (١٠٠٠-١٣٠٠) دۆنم. لە زەوی و زاری بەراویشدا پێوانەکە کەمکرابۆوە بۆ (٤٠ – ١٢٠) دۆنم لە جیاتی (٤٠ – ٦٠٠) دۆنم. لەوبارەیەوە عیززەت ئیبراهیم ئەلدوری (سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای کشتوکاڵی) لەگفتوگۆیەکیدا بۆ گۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی) ئەوەی ڕاگەیاندوە کە " دەرکردنی ئەویاسایە ئەوەناگەیەنێ کە بڕیار و ئامۆژگاری تر دەرنەچێ بەمەبەستی جێگیربوونی باری کشتوکاڵی..."[4] ئەو وتەیەی ناوبراو ئەوەی لێدەخوێندرایەوە، کە دەسەڵاتی حکومەت کراوە دەبێ بۆ دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زارەکان. بەتایبەت کە بەپێی(یاسای بەکرێدان و تەرخانکردنی زەوی) ژمارە (١)ی ساڵی١٩٧٤ ئەنجومەنەکە دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو کەوا چەندان دۆنم زەوی شیاو بۆ خۆی

---

[1] ئەو ڕێژەیەمان بەپێی ئاماری ئامێرە کشتوکاڵیەکانی پارێزگاکانی عێراق دەرهێناوە بە گەڕانەوە بۆ: الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، مديرية الاحصاء الزراعي، المكائن الزراعية العاملة في القطاع الزراعي لسنة ١٩٨٩، ص ص١٠-٣٧.

[2] دکتۆر سامال مەجید فەرەج، ڕەوتی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ و ئاسۆی قۆناغی داهاتوو، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٧)، س٢، ١٩٧٩، ل٤؛ عامر مەهدی صالح، یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵی لە عێراقدا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٨)، س٣، ١٩٨٠، ل٤ – ١٥.

[3] بەشی کاروباری یاسایی، بۆ بیرەوەری ٩ ساڵەی ئۆتۆنۆمی، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژ(٢)، س٧، ١٩٨٣، ل١٠٥.

[4] عیززەت ئیبراهیم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵی و گفتوگۆیەك لەبارەی ڕەوتی برگەی کشتوکاڵی و دوا ڕۆژەوە، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٤)، کانوونی دووەمی، ١٩٧٩، ل١٠.

ڕابگرێت[1] و بەکریٚ بدات بەو کەس و لایەنانەی کە سەر بە دەسەلاٌت بوون. بۆیە دەبینین لەدوای ئەو هەموو یاسایانەی بۆچارەسەرکردنی مەسەلەی زەوی و زار، کەچی لەکۆی (١٤,٣)ملیۆن دۆنم زەوی باشووری کوردستان تاوەکو١٩٧٧/١٢/٣١ تەنهانزیکەی (٤٣٢٤٧٤٩)دۆنم دابەشکرابوو. لەو ڕێژەیەش(١٠٧٩٧٩)خێزان بەریاساکە کەوتبوون[2]. سەرباری هەموو ئەمانە حکومەتی عێراق یاسایەکی تری بەکرێدانی زەوی و زاری (ژمارە«٣٥»ی ساڵی١٩٨٣)ی دەرکرد. جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لەکوردستاندا بۆ خۆ دزینەوەی حکومەت بوو لەیاساکانی چاکسازی کشتوکاڵی پێشوو، کە بەهۆی ئەو یاسایە سەنەدو بەمولککردنی زەوی نەهێشت، بەتایبەتی لەو ناوچانەی دانیشتوانەکانیان ڕاگوێزرابوون، بەکریٚ دەیدان بەو کەس و لایەنانەی کە سەر بەدەسەلاٌت بوون. هەروەها دەستی بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی زەوی و زار داگرت بەبیانووی دروستکردنی پڕۆژەی خەیاڵی و بەبیٚ ئەوەی جێبەجێیان بکات، ئەوەش بارێکی نالەبار و ناجێگیری دروستکرد لەلای جوتیارەکان و وای لە پیاوەکانی سەربەدەسەلاٌت کرد بەبەرچاوی خاوەنەکانیانەوە دەست بەسەر ئەو زەوی و زارانە دابگرن[3].

بەپێی زانیاریەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بۆمان بەدیاردەکەویٚ حکومەت ڕاستەوخۆ دەستی بەسەر کشتوکاڵدا گرتووەو خستوویەتیە چوارچێوەی سیاسەتی خۆیەوە. ئەوەتا ڕێژەی داچاندنی ڕووبەری زەویەکان و جۆری بەروبوومە کشتوکاڵیەکان، کە ساڵانە لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵییەوە پلانی بۆ دادەنرا، زۆرجاریش لەلاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئامارەکان بلاٌودەکرایەوە. بەپێی ئەوخشتەیەی کە لە گۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)بلاٌوکراوەتەوە داچاندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بۆ ساڵی١٩٨٠-١٩٨١ بەو شێوەیە بووە: بەروبوومی زستانی و سەوزە(١٨٤٧١٠٧)دۆنم ، بەروبوومی هاوینی و سەوزە(١١٦٤٨٩)دۆنم ، کشتوکاڵی پێشڕەو بەروبوومی هەمەجۆر(٢٠٧٢٠٠)دۆنم ، واتە کۆی داچنراوی ئەوساڵە (٢١٧٠٧٩٦)دۆنم بووە[4]. بەپێی ئاماری وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراقیش تێکڕای ڕێژەی زەویە داچنراوەکانی کشتوکاڵی زستانە(گەنم و جۆ)ی باشووری کوردستان بۆ ساڵی ١٩٨٢بەرزبۆتەوە بۆ (٣٢٣٨٧٠٠) دۆنم، کە بەرهەمەکەی (٦٣٤٥٠٠) تەن بوو[5]. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو ڕێژانە بەبەراورد لەگەڵ تێکڕای ڕووبەری زەوییە کشتوکالییەکان کە(١٤,٣)ملیۆن دۆنم بوو، زۆرکەمبووە.

حکومەت لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان چەند پڕۆژەیەکی ئاودێری و کشتوکاڵی لەناوچەکەدا جیٚ بەجێکردبوو. لەوانە پڕۆژەی ئاودێری کەرکوك، کە لەساڵی ١٩٦٥ دەست

---

[1] د. سامال مەجید فەرەج، ڕەوتی چارەسەرکردنی کشتوکالٌ ...، س.پ، ل١١.

[2] نەجمەدین فەقیٚ عەبدوللا، چەند سەرنجێك دەربارەی یاسای ژمارە(٩٠)، کۆمەلە(گۆڤاری کۆمەلەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، ژ(٤)، خ٢، نیسانی١٩٨٢، ل٣٢.

[3] الحزب الديمقراطی الكوردستانی، مكتب الدراسات والبحوث المركزی، مشكلة الارض و واقع الزراعة في كوردستان العراق، ط١، مطبعة(برایەتی)، اربيل، ١٩٩٦، ص٢٣-٢٤.

[4] د.عەبدولموعتی ئەل خەفاف، پەرەسەندنی ماشینەسازیی کشتوکالٌ ...، س.پ، ل٢٦؛ شێرزاد عبدالرحمن، هاوکاری لەگەل جێداری ئەمینداریێتی کشتوکالٌ (نەخشەیەکی فراوان بۆ پەرەپێدانی کشتوکال)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٧٨)، ١٩٨٥/٢/٢٨، ل٤.

[5] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية، مطبعة الجهاز المركزی للاحصاء، بغداد،١٩٨٢، ص٥٩.

بەدروستکردنی کرابوو، بەگوژمەی تەرخانکراوی (١٥٠) ملیۆن دینار. لەبەر گرنگی پڕۆژەکەش لەگۆڤارەکاندا بە "پڕۆژەی گۆڕینی دەشتی کەرکوك لە دێمەکارەوە بۆ ئاوی" باسی لێوەکراوە، کە(١٤٤٤٨٠٠)دۆنم زەوی بەراو دەکرد. ئامانجی پڕۆژەکە هەڵکەندنی کەناڵێك بوو تا لە ڕێگەی بەستی دوبزەوە سوود لە ئاوی پەنگ خواردووی بەستی دۆکان وەربگیرێت. ئەو پڕۆژەیە تاوەکو ساڵی ١٩٨١ کاری تێداکرا، بەڵام وەکو پێوست نەتوانرا سود لەتوانای پڕۆژەکە ببینرێت لەبەرئەوەی تەواو نەکرا [١]. تاوەکو ئێستاش وەکو خۆی ماوەتەوە.

لەناوچەی ئۆتۆنۆمیش لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵیەوە، ژمارەیەك پڕۆژەی کشتوکاڵی ئەنجامدرابوو. کە هەندێکیان بەرلەماوەی دیاریکراو دەست بەدروستکردنیان کرابوو، لە ڕۆژنامەکانیشدا زۆر بەگرنگییەوە باسیانکراوە. بۆنموونە پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەهەولێر لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن، دەربارەی پڕۆژەی ئاودێری کەڵەك لە پارێزگاکەدا، بە"پڕۆژەی گەشەسەندنی بەردەوام" باسی کردووە. پڕۆژەکە بەدوو قۆناغ جێبەجێکراوەو پانتایی (٣٧) هەزار دۆنم زەوی دەگرتەوە بۆ بەرووبوومی سەوزە[٢]. هەروەها پڕۆژەی پێشخستنی کشتوکاڵی دێمی لە عەنکاوە، کە لەساڵی ١٩٨٠ لەلایەن کۆمپانیایەکی ئوسترالی جێبەجێکراوە، لە قۆناغی یەکەم وەکو تاقی کردنەوە (٨٥٠)دۆنم زەوی بە وێنجە چاندراوە[٣]. لەساڵی ١٩٨١یشەوە پڕۆژەی دەشتی هەولێر دەست بەدروستکردنی کرابوو، بەڕێ بەری پڕۆژەکە لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا بەگرنگترین پڕۆژەی ئاودێری ناوچەکەی داناوە. کە دوو قۆناغی دەگرتەخۆ، قۆناغی یەکەم نزیکەی (١٥) گوندی دەگرتەوە، کە (٥٩) یەکەی کشتوکاڵی بەهەموو ئامێر و پێداویستیەکانی ڕشاندن و(١٣)یەکەی ئامێری دلۆپاندن بوو. قۆناغی دووەم نزیکەی (٩) گوندی دەگرتەوە، لەوەشدا (٤٣) یەکەی کشتوکاڵی جێبەجێکرا بەئامێری ئاو ڕشاندن. پانتایی پڕۆژەکە بەهەردوو قۆناغ (٢٩٦٦٤) دۆنم زەوی کشتوکاڵی دەگرتەوە، بەڕادەی (٢٨٨) دۆنم لە هەر یەکەیەکی کشتوکاڵیدا[٤]. هەروەها بەپێی گوتەی بەرپرسێکی حکومەت پڕۆژەی ئاودێری تەواوکاری لەدەشتی هەولێر (مشروع الري التكميلي في سهل أربيل)، کە لەساڵی ١٩٨١ ئەنجامدرابوو، ڕووبەری (٤٢) هەزار دۆنم زەوی دەگرتەوەو بەسەر (١٤٨) یەکەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی دابەشکرا بوو[٥].

لە ڕۆژنامەکاندا باس لە پڕۆژەی تری کشتوکاڵی کراوە؛ وەکو پڕۆژەی ئاوبەندی دهۆك لەسەر ڕووباری دهۆك، کە (٥٢ملیۆن)م$^{3}$ ئاوی گلدەدایەوە. ئەم پڕۆژەیە لە ڕووی کشتوکاڵیەوە سوودی بە (١٢) هەزار

---

[١] د.موکەڕەم جەمال، دەشتی کەرکوك لە دێمەڕۆوە بۆ ئاوی، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١)، س١، کانوونی دووەم، ١٩٧٨،ل ١٦؛ پ. گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵی، پڕۆژەی ئاودێری کەرکوك، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٢)، س٣، ١٩٨١، ل٥٤ — ٥٥.

[٢] شێرزاد عبدالرحمن، چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن (پڕۆژەی گەشەسەندنی بەردەوام)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٦٠)، ١٩٨٦/١٠/٩، ل٤.

[٣] پڕۆژەی پێشخستنی کشتوکاڵی دێمی لە عینکاوە، بڵاوکراوەی (کشتوکاڵ)، ژ(١)، ساڵی ١٩٨٢، ل١٥ — ١٦.

[٤] ناظم دلبەند، پڕۆژەی دەشتی هەولێر (چاوپێکەوتن)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٩٤)، ١٩٨٥/٦/١٨، ل٢.

[٥] أعراس تموز في أحاديث السادة المسؤلين، د.حميد محمد سعيد (الامين العام لأدارة الزراعة و الاصلاح الزراعي)، مجلة (كاروان— المسيرة)، ع(٦٦)، تموزی ١٩٨٨، ص١٣٤.

دۆنم زەوی و زاری ناوچـەکە دەگەیانـد[1]. هـەروەها پـڕۆژەی ئـاودێری بەڕشـاندن و دڵۆپانـدن لـە زاخـۆ (مشـروع الـري بـالرش و التنقـيط في زاخـو) کـە لەسـاڵی ١٩٧٧ دەسـتی پێکرابـوو، (١٦٨٠) دۆنم زەوی دەگرتـەوە بـۆ کشـتوکاڵی سـەوزەو میوەجـات[2]. لـەپارێزگای سلێمانیشـدا وەکـو لەڕۆژنامـەی(هاوکاری)دا هـاتووە گرنگترینیـان پـڕۆژەی ئـاودێری بەڕشـاندن لـە کـەلار (مشـروع الـري بـالرش في کـلار)بـووە، کـە لەسـاڵی ١٩٨٠ بەگوژمـەی (٢٥٠)هـەزار دینـار جێبـەجێکرا، ئـاو لـەڕووباری دیالـەوە ئـەهێنێ بەجۆگـەی سـەرەکی و بـەهۆی مەکینـەی تایبـەتی پڕۆژەکـەوە، بـە بـۆڕی ئەدرێتـە زەویـەکان و(١٤٠٠) دۆنم زەوی ئاودەدا[3].

لەهەنـدێك کاتیشـدا حکومـەت لەڕێگـەی لقـەکانی سـەر بەدامـەزراوەی گشـتی کەلوپەلـە کشـتوکاڵیەکان (فروع المنشأة العام للتجهيزات الزراعية)، بنەتۆ و پەیینی کیمیاوی دابەش دەکرد[4]. هـەروەها لەڕێگـەی (قانوونی بەکرێدان و تـەرخانکردنی زەوی)، زەوی و زاری کشتوکاڵی بەکرێ دەدا بەجوتیاران. بۆنموونـە لەسـاڵی ١٩٨٩دا لەسـەردانێکی ڕۆژنامـەی (هاوکـاری) بـۆ هۆبـەی کشـتوکالی مـەخموور، ئامـاژە بـە بەکرێدانی(٨٠,٠٠٠)دۆنم زەوی لە دەشتی قەراج و کەندێناوە، کراوە[5].

هـەروەها بۆ پێشخسـتنی ئەوکەرتـە سـاڵانە کـۆنگرەی کشـتوکاڵی لەلایـەن حکومەتـەوە لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی ئـەنجام دەدرا. لـەم ڕووەوەش زۆرجـار پـەیامنێری ڕۆژنامـەو گۆڤارەکـان لەکۆنگرەکـەدا ئامـادە دەبـوون و هەواڵـە گرنگـەکانی کۆنگرەکانیـان گواسـتۆتەوە[6]. ئـەنجامی ئـەو هەنگاوانەی حکومـەت بووە هـۆی ئـەوەی لـە ساڵی١٩٨٥دا پرۆسـەی بەرهـەمهێنانی کشتوکاڵی، بەتایبـەت بـەروبوومی زستانە(گەنم و جۆ)ی باشووری کوردستان بـەرزترین ئاست تۆمار بکات، گەیشتە زیاتر لـە (٨٣٥٦٠٠)تـەن[7]. لـەم ڕووەوە بـەپێی هـەواڵێکی ڕۆژنامـەی (هاوکـاری) سـاڵانە پارێزگـای هـەولێر لـە بەرهەمهێنانی گەنم و جۆ بە پلەی یەکەم دەهات، کە لەساڵانی ئاساییدا (٥٠٠ – ٧٠٠) هـەزار دۆنم زەوی بە گەنم و جۆی تێدا دەچێنرا. ئەمە جگە لەبەرووبوومی هاوینە[8].

لـەڕووی بـەروبوومی هاوینـە، ڕاپۆرتـە ڕۆژنامەوانییـەکان ئـەوە دەردەخـەن، پارێزگـای دهـۆك سـاڵانە لەبەرهەمهێنانی سەوزەوات، بەتایبەتی تەماتە بە پلەی یەکەم هاتبوو. بەجۆریك پارێزگاکە بە عەمبارێکی

---

(1) ڕەسول حوسێن، پرۆژەکانی ئاودێری و ڕێڕەوی ئاودانی لەباکوری وڵات دا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٥٣٧)، ١٩٨٠/٨/٤، ل٥.

(2) أعراس تموز في أحاديث السادة المسؤلين ،م.س، ص١٣٤ – ١٣٥.

(3) لە نووسینگەی سلێمانی، پرۆژە ئاودێریەکانی پارێزگای سلێمانی و چەند تێبینیەکی بەپەلە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٥٨٣)، ١٩٨١/٤/١٦، ل٥.

(4) ئەحمەد حەسەن مەعرووف، پەیینی کیمیاوی و گیروگرفتەکانی، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٣)، س٤، ١٩٨١، ل٣٣.

(5) غەفوور مەخمووری، لەدەزگای کشتوکالی مەخمووردا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠٨٧)، ١٩٨٩/٦/٢٦، ل٥.

(6) بۆنموونە بڕوانە: شێرزاد عبدالرحمن، کۆنگرەی کشتوکالی لە هەولێر، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٣٣)، ١٩٨٧/١٢/٢١، ل٣؛ نووسینگەی سلێمانی، حەوتەمین کۆنگرەی کشتوکال لە سلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦١٨)، ١٩٨١/١٢/٣١، ل٢؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ناوەڕۆکی کۆنگرەکان بڕوانە: سامال مەجید فەرەج، کۆنگرە کشتوکالییەکان لەنێوان پلانکێشان و پراکتیك کردندا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٤)، س٤، ١٩٨٢،ل٤.

(7) الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية، مطبعة الجهاز المركزى للاحصاء، بغداد،١٩٨٥، ص٥٦.

(8) شێرزاد عبدالرحمن، بەسەرکردنەوەیەکی پرۆژەکانی کشتوکاڵی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٣٤)، ١٩٨٧/١٢/٢٤، ل٣.

بەرهـەمهێنانی تەماتـە وەسـفکراوە، کـە سـاڵانە زیـاتر لـە (٢٤٩٥٧) دۆنم زەوی تەماتـەی تێـدا دەچـێنرا[١].

پارێزگای سلێمانیش لەبەرهەمهێنانی تووتندا لە پێشەوە بووە. بەپێی ئاماری ساڵی ١٩٧٩ی تووتن لە پارێزگاکـانی باشـوری کوردسـتان، کـە لـە گۆڤـاری (پاشـکۆی شۆڕشـی کشـتوکاڵی)دا بڵاوکراوەتـەوە، سـلێمانی لەبەرهـەمهێنانی تـووتن بەپلـەی یەکـەم هـاتبوو، کـە (٨٥٪)ی تـووتنی ناوچـەکە لـەو پارێزگایـە بەرهەم دەهات[٢].

دوای ساڵی ١٩٨٥ کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە، بەگشتی بە بـەردەوام ڕوو لەدواکەوتن بـوو، بـەجۆرێك لەسـاڵی ١٩٨٨ تـەنها(١,٨٥٩,٥٠٠)دۆنم زەوی بەگـەنم و جـۆ، داچـنرا[٣]. تـاوەکو سـاڵی ١٩٨٩ ڕێـژەی بەرهەمهێنانی گەیشتە ئەوپەڕی کورتهێنان، کە تەنها(٢٤٢٢٢٧)تەن بوو[٤]. لەو ساڵەدا عێراق توانیبووی تـەنها لـە (١١٪)ی پێداویسـتییەکانی خـۆی لەبەرهـەمی گـەنم دابین بکـات و نزیکـەی(٣٦٧٠)ملیـۆن تـەنی کڕیبـوو. ڕێـژەی بەشـداری کوردسـتان لـەکۆی زەوییـە داچـێنراوەکانی عێـراق لـەو سـاڵەدا (٢٧,٩٪)و بەرهەمیشی لە(٢٩,٨٪)بووە[٥].

هۆکاری ئەو دواکەوتنەی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕۆژنامەوانی ئاشکرادا باسی نەکراوە، ئەگەر باسیشی کرابێت ئەوا زۆر بە پەردەپۆشکراوی بووە. بۆ نموونە کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگی عێراق و ئێران و ڕەنگدانەوەی لەسـەر کـەرتی کشتوکاڵیدا، کـە بـەپێی دانیشـتنەکانی ئەنجوومـەنی یاسادانانی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی، کـە لەگۆڤاری (ئۆتۆنـۆمی)دا بڵاودەکرایـەوە، بودجـەی کـەرتی کشـتوکاڵی ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی کوردسـتان لەسـاڵی ١٩٨٠ بـە زیـاتر لـە (١٧)ملیـۆن دینـار خـەملێنرابوو[٦]. بـەڵام ئـەو بودجەیـە بـەپێی دانیشـتنی حەڤدەهـەمی ئەنجومەنەکـە، لەسـاڵی ١٩٩٠دا ڕێژەکـەی کەمبۆتـەوە بـۆ کـەمتر لـە (٤)ملیـۆن دینـار[٧].هـەروەها سەرچاوەکان ئامـاژە بەچـەند کاریگەرییـەکی تـری ئـەو جەنگـە دەکـەن لـە سـەر کـەرتی کشتوکاڵی، کە لەلایەکەوە ببووە هـۆی کەمبوونەوەی دەسـتی کـار لـەو کەرتـەدا، لەڕێگای بەسـەربازکردنی (ئیلزامـی) ژمارەیـەکی زۆر لـە لاوانـی گونـدە کوردنشـینەکان بۆجەنگەکـە، کـە لـە ڕیـزی سـوپای عێراقـدا

---

[١] جەمال خەزنەدار، پارێزگای دهۆك ئەمبارێکی بەرفراوانی تەماتەی وڵاتەکەمانە، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٣)، س١، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، ل٣٦ ؛ جعفر البرزنجي، القطاع الزراعي في دهوك ومشاريع ضخمة في الطريق، مجلة (ئۆتۆنۆمی – الحكم الذاتي)، ع(٤)،س٥، ١٩٨٠، ص١٨؛ انور محمد طاهر، کارگەی خستنە قوتو لەدهۆك، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٢١)، ١٩٨٢/١/٢١، ل٥.

[٢] پەیامنێری گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵی، لێکۆڵینەوەیەکی فراوان دەربارەی چاندنی تووتنی عێراقی و ئاسۆی گەشەپێدانی، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٢)، س٣، ١٩٨١، ل٤٩.

([٣]) الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨، ص١٠١.

[٤] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٩، ص١١٢.

([٥]) مەحمود کەریم ئەحمەد، بەرهەمهێنانی گەنم لەهەرێمی کوردستان دا(١٩٨٩–١٩٩٨)، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ل ١٣٢–١٣٣.

[٦] ڕووداوەکانی دانیشتنی دەست پێکردنی یەکەم لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی یاسادانان، سوڕی ئاسایی دووەمی ساڵی سێیەم، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژ(٢)، س٥، ١٩٨٠، ل٧١.

[٧] لە حەڤدەمین دانیشتنی ئەنجومەنی یاسادانانداا (لێکۆڵینەوە و پەسەندکردنی نەخشەی ساڵی ١٩٩٠ی ئەمینداریێتی گشتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵی)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٤١)، ١٩٩٠/١/٤، ل٢.

بەشداردەبوون، بەشێکی زۆریشیان لەناو یەکە سەربازییە نانیزامیکان(الأفواج الخفيفة) وەك چەکدار دامەزرێندرابوون[1]. لەلایەکی تریشەوە، زۆرجار کوردستان دەبووە گۆڕەپانی شەڕەکانی نێوان سوپای عێراق و ئێران. هەروەها بەهۆی هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی کوردیش چەندین جار حکومەتی عێراق سیاسەتی سوتماککردنی خاکی کوردستانی بەکارهێنابوو. بەبۆردومانکردنی گوندەکان وایدەکرد ژیانی ئاسایی لێ نەمێنێ[2]. لەڕاستیدا هۆکاری سەرەکی دوا کەوتنی کەرتی کشتوکاڵی دەگەڕایەوە بۆ سیاسەتە چەوتەکانی حکومەتی بەعس بەرامبەر پرۆسەی کشتوکاڵی کوردستان. بەتایبەت لەساڵی ١٩٨٧ بەدواوە، کەسیاسەتی تێکدان و ڕاگواستنی دانیشتوان و خاپورکردنی گوندە کوردنیشینەکان و پرۆسەکانی بەناو ئەنفالی پەیڕەو کردبوو. بەبیانوی جۆراوجۆری وەکو چۆلکردنی ناوچە سنووری و نەوتییەکان و نەهێشتنی ناوچە ئازادکراوەکانی بەردەستی پێشمەرگە. لەئاکامدا زیاترلە (٣٩٥٨)گوندی وێرانکرد، کە دەکاتە لە(٩١,٧٪)ی سەرجەم گوندەکانی باشووری کوردستان[3]. بێگومان کشتوکاڵی کوردستانیش لەلایەن گوندنشینەکانەوە دەکرا.

تووتن، بەیەکێك لەگرنگترین بەرهەمە دراوییەکانی باشووری کوردستان دەژمێردرا. لەبەرئەوە لە ڕۆژنامەکاندا زۆرترین بابەت و نووسینی لەبارەوە نووسراوە، نووسەرەکان بە بەردەوام هانی حکومەتیان داوە کە گرنگی پێبدات. بەتایبەت بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بەسەرچاوەی سەرەکی بەرهەمهێنانی تووتن دادەنرا لەعێراقدا، چونکە (٩٩٪)ی تووتنی عێراقی تێدا بەرهەم دەهات. بۆیەش حکومەت بەپێی یاسای ژمارە (٨٢)ی ساڵی ١٩٧٩(دەستەی گشتی چاندن و چاککردنی تووتن)ی لەشاری هەولێر دامەزراند، کە سەر بە ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵ وچاککردنی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو[4]. هەروەها لە لێکۆینەوەیەکدا کە لەگۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵ)دا بلاوکراوەتەوە دەربارەی چاندنی تووتن لەعێراق و ئاسۆی گەشە پێدانی، ئەو زانیارییانە دووپات کراونەتەوە[5]. دیارە جگە لە بەپیتی خاك و گونجاوی ئاو و هەوای کوردستان بۆ بەرهەمهێنانی تووتن. وەکو لەگۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)دا هاتووە بەرزی نرخەکەشی، کە یەك کیلۆ تووتنی نایاب بە دینارێك و دووسەد فلس بووە، وایکردبوو جوتیاران ساڵانە ڕێژەیەکی زۆر لەزەویەکانیان بە تووتن، دابچێنن[6]. شایەنی باسە گەورەترین ڕووبەری چاندنی تووتن لەساڵی١٩٨٥بوو، کە گەیشتە

---

(١) محسن ابراهيم احمد، واقع القطاع الزراعى فى أقليم كردستان العراق وسبل تنميته خلال المدة(١٩٧٤–١٩٩٣)، رسالة ماجستير، كلية الادارة والأقتصاد، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٤، ص٩٢–٩٣.

(٢) ئەمین قادر مینە، ئەمنی ستراتیجی عێراق و سێکوچکەی بەعسیان، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیرانی(ی.ن.ك)، ٢٠٠٠، ل١١٢.

(٣) كمال محمد سعيد خياط، حول أقتصاديات كردستان العراق من خلال تطبيق قانون الحكم الذاتى الى تطويق أقليم كردستان المحررة بالحصار الأقتصادى، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ١٩٩٢، ص٣–٧؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کاریگەرییە ئابوورییەکانی سیاسەتی ڕاگواستن بڕوانە: مراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەلایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٧٨.

(٤) نەژاد، کۆڕێك دەربارەی تووتن (ڕاپۆرت)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٥٨٧)، ١٩٨١/٥/١٤، ل٦.

(٥) پ. گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵی، لێکۆڵینەوەیەکی فراوان دەربارەی ...، س.پ، ل٤٨.

(٦) کورتەی مەحزەری دانیشتنتی شەشەمی ئەنجومەنی یاسادانان، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژ(٤)، س٥، ١٩٨٠، ل٧١.

(٨٨٩٤٠)دۆنم و(١٩٦٩١)جووتیار بەشداربوون لە پرۆسەی ئەو بەرهەمهێنانەدا. کەمترین ڕووبەری چاندنیشی لەساڵی١٩٩٠دا بوو، کە تەنها (١٩١٦٥)دۆنم بوو بە بەشداری(٤٩٠٩) جووتیار. ئەوەش بەهۆی کارەساتەکانی بەناو ئەنفالەوەبوو، کە لەلایەن حکومەتی بەعسەوە جێبەجێکرا[١].

سەبارەت بە بەرهەمەکانی دارستان و ڕەزەو باخداری، لەگۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)دا هاتووە، کوردستان هەموو جۆرە میوەو دارێکی بە بەرو بێبەری تێدا ئەڕوێت، بەرئاوبێت یان دێمی، وەکو(سپیندار، چنار، بی، توو، گوێز، زەیتون، سێو، قەیسی، ترێ، هەنار، هەرمێ، بادام، گێلاس، هەلوژەی هەمەجۆر، هەنجیر، بەلالووك، گۆییژ، بەڕوو، قەزوان، پرتەقال، لیمۆ...هتد). لەمانە داری(چنار، گوێز، توو، بەڕوو، بی) بۆ دارتاشی زۆرتر لەبارن، جگە لەوانی تر کە سوود لە بەرەکە و دارەکەشیان وەردەگیرا. لەبەر ئەوە نووسەر پێی وایە پێویستە بیری لێبکرێتەوە و نەخشەیەکی چاکی بۆ دابنرێت، کە تەنها شەتل ڕواندن نەبێت. بەڵکو بە دابینکردنی کرێکاری زۆرو زەوی خۆشکردن و تۆو کڕین و ئاودان و دروستکردنی پەرژین بۆ پاراستنیان بێت. هەروەها یاسای تایبەت و کەسانی شارەزای بۆ تەرخان بکرێت. چونکە بەو هەنگاوانە دەتوانرێت دوای چەند سالێك پێداویستی ناوخۆ بە میوەو دار پڕبکرێتەوە. ئاماژە بەوەشکراوە سەرەڕای هەنگاوەکانی حکومەت بۆ پێشخستنی ئەم بوارە، بەڵام هەول و کۆششەکانی لە ئاستێکی چاوەڕوانکراودا نەبووە[٢].

لە توێژینەوەیەکی گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)یشدا ئاماژە بەوە کراوە، سەرەڕای بە پیتی خاك و ئاو و هەوای گونجاوی ناوچەکە. کەچی ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستییەیە نراوە، کە کەرتێکی دواکەوتوو فەرامۆشکراو بووەو ڕێژەی ئەو میوەیەی بەرهەم هێنراوە زۆر لە خواستی هاولاتیان کەمتربووە. بەپێی توێژینەوەکە هۆکارەکەی بۆ ئەوە گەڕێنراوەتەوە، کە هەرچەندە سالأنە ئەو ڕێژە نەمامە میوەیەی لە (بەڕێوبەرێتی گشتی دارستانەکان)دا بەرهەم دەهێنرێت، (٢٥٪)ی لە سالأنی بەرلەماوەی تایبەت بە توێژینەوەیەدا زیاتر بووە، بەلأم گوایە لەبەرئەوەی هەندێك لەنەمامەکان سەرکەوتنی ویستراو بەدیناهێنن چ لەکەرتی میری یان لەکەرتی تایبەتی، بۆیە پێویستییە خواستراوەکانیان مسۆگەر نەکردووە[٣].

لەڕاستیدا هۆکاری دیکەش هەبوونە کە پەیوەندییان بە سیاسەتەکانی حکومەتەوە هەبووە؛ بۆ نموونە بەپێی ئەو بڕیارانەی، کە وەزارەتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵی حکومەتی عێراق بەناوی یاساو بڕیارو ئامۆژگارییەکان، لە گۆڤارەکاندا بلأویکردۆتەوە، لە ماددەی یەکەمی بڕگەی (ج)، لە بڕیاری ژمارە (٧٠٢)ی ١٩٧٩/٦/٢ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، تەنها ئەو باخانە بە باخی فەرمی دانرابوون، کە زەوی مولْك بوونە یان لە فەرمانگەی تۆماری زەوی و زار (تسجيل عقاري) بەوەقف دانرابوون. بەو مەرجەی تێکڕای درەختەکانی لە هەر دۆنمێکدا لە (٤٠) درەخت کەمتر نەبن و بەلای کەمەوە نیوەیان بەرداربن و تێکڕای تەمەنیشیان لە (٥) ساڵ کەمتر نەبوایە. هەر باخێك لەو مەرجانە بەدەربوایە وەکو

---

(١) نەوزادی موهەندیس، نیوسەدە لەمێژووی کارگەی جگەرەو پوختەکردن و ترشاندنی تووتن لە شاری سلێمانی١٩٦١/٩/١١تا٢٠١٣/٩/١١، ، چ١، چاپخانەی یاد، سلێمانی،٢٠١٣، ل٩٢.

(٢) احمد حامد قادر، دارستانە دەست نێژەکان خۆزگە بەردار بوونایە، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(٤)، س٥، ١٩٨٠، ل٥٥.

(٣) ڕێگاکانی زۆرکردنی بەرهەمی شەتلی میوە، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)، ژ(١٣)، س٤، ١٩٨١، ل٥١.

زەوییەکی کشتوکاڵی مامەڵەی لەگەڵ دەکراو هیچ جۆرە یارمەتی و پشتیوانییەکی لەلایەن حکومەتەوە پێ نەدەبڕا[1]. هەروەها سیاسەتی ڕاگواستنی زۆرە ملێ، کە ڕۆژنامەکان باسیان نەکردووە، ببووە هۆی سوتاندنی ڕووبەرێکی فراوانی باخەکان، کە درەختی بەڕێژەی (٩٥٪) کەمکردبۆوە[2]. ڕووبەری دارستانە دەستکردەکانی باشووری کوردستان لەساڵی ١٩٩٠ زیاتر لە (٦١٧١٨) دۆنم بوو[3].

بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی عێراق هەوڵی دەدا پەیڕەوی سیستەمێکی سۆشیالستی بکات لەکەرتی کشتوکاڵدا. لەو پێناوەشدا یاسای ژمارە (١١٧)ی ساڵی١٩٧٠ی دەرکردبوو. کە بوو بەهۆی دامەزراندنی کۆمەڵەکانی هەرەوەزی کشتوکاڵی و کێڵگە هاوبەشییەکان و کێڵگە میرییەکان و دامەزراندنی یەکێتی جوتیارانی هەرەوەزی. ئەو سیاسەتەی حکومەت لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ڕەنگی دابۆوە، بەجۆرێك لەکۆی (١٤) ژمارەی گۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)دا، لە(٤)ژمارەیاندا بابەتی جیاوازی لەبارەیەوە نووسراوە[4]. لە باشووری کوردستان تەنها لەناوچەی ئۆتۆنۆمی نزیکەی (٥٨) کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵی دامەزرابوو[5]. حکومەت لەڕێگەی (بانکە کشتوکاڵیەکان)[6] ەوە بەپێدانی قەرز بەجوتیاران پشتگیری ئەو کۆمەڵە هەرەوەزیانەی دەکرد، بۆ ئەنجامدانی هەر پرۆژەیەکی کشتوکاڵی هاوبەش؛ وەکو پرۆژەی دامەزراندنی هۆڵی پەلەوەر و پرۆژە ئاژەڵیەکان[7]. تەنانەت لە نووسراوی ژمارە(١٢٧٨٧)ی کۆنگرەی کشتوکاڵی عێراقدا لە ١٩٨٠/١٠/١١، کە لە گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)دا بلاوکراوەتەوە هاتووە، بەڕەزامەند بوونی سەرۆك کۆمار جوتیارانی سەر بەکۆمەلە هەرەوەزییەکان دەتوانن هەر ئامێرێکی کشتوکاڵی وەکو (تراکتۆر و دەڕاسەو ترۆمپای ئاو) بەشێوەی قەرز بکڕن. بەجۆرێك کە بانکی کشتوکاڵی بە قەرز پارەکە دەدات بەجوتیارەکە، یان ڕاستەوخۆ دەیدا بەلایەنی

---

[1] بڕیار و ئامۆژگاریەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٨)، س٣، ١٩٨٠، ل٦٤؛ یاساکان بڕیارەکان ئامۆژگاریەکان، گۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)، ژ(٩)، س٣، ١٩٨، ل٦٤.

[2] سەلاحەددین حەفید، ئابوری کوردستان (١٩٧٧ – ١٩٩٠)، بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٣٥.

[3] ناهدة احمد محمود، دراسة امكانيات منطقة كردستان لحكم الذاتي و دورها في تحقيق الأمن الغذائي في العراق، رسالة ماجستير، كلية الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٢، ص٨٢.

[4] هۆشیار بابان، کێڵگە هاوبەشیەکان، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٨) س٣، ١٩٨٠، ل٣٩. دەربارەی یاسای شیرکەتە کشتوکالیە هاوبەشەکان، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٣)، س٤، ١٩٨١، ل٥؛ د.ئیسماعیل عەزاوی، هەرەوەزەکانی بەرهەمی ئاژەلی، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١)،س١، کانوونی دووەمی١٩٧٨، ل١٨؛ د.عەبولموعتی ئەل خەفاف، چاکترین بەکارهێنانی ئامێرو ماشینی کشتوکالی ....، س.پ، ل١٢؛ هەروەها بڕوانە: محمدی مەلا اسعدی، سەردانێکی کۆمەلەی هەرەوەزی کشتوکالی لەڕانیە، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٥٥)، ١٩٨٨/١٠/٥، ل٤؛ حمە سەعید حمە کریم، جوتیارانی سلێمانی و ئیشوکاری هەرەوەزی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٥٤١)، ١٩٨٠/٩/١٨، ل٥.

[5] دەستەی نووسەران، پەرەسەندنی ئابوری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان دوای ڕاگەیاندنی مافی ئۆتۆنۆمی، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژ(٢-٣)، س١، نیسانی ١٩٧٦، ل٧١.

[6] بۆیەکەمجار لەساڵی ١٩٣٥ بەپێی یاسای ژمارە(٥١)ی ساڵی ١٩٣٥ بانکی کشتوکالی و پیشەسازی لە عێراق دامەزرا. دواتر بەپێی یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی١٩٤٠، بانکی کشتوکالی و پیشەسازی لێك جیاکرانەوە و هەریەکەیان بوون بەبانکێکی سەربەخۆ. دوای ڕێکەتننامەی ١١ی ئاداری١٩٧٠ ئەو بانکانە لقەکانیان لە کوردستان کرانەوە. بڕوانە: فریا جاف، ئاوڕێك لە بانکە پیشەسازییەکان، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٩٦)، ١٩٨٧/٦/٢٥، ل٤.

[7] لوقمان بەرزنجی، بەڕێوەبەری بانقی کشتوکاڵ لە هەولێر بۆ عێراق دەدوێ، ڕۆژنامەی (عێراق)، ژ(١٤١)، ١٩٩٠/٦/١٣، ل٢.

**فرۆشیار، ئەمەش لەکاتێدا دەبوو جوتیارەکە پێشەکی مسۆگەرییەکی نزیك بەنرخی ئامێرەکەی بدابوایەتە لایەنی فرۆشیار[١]. بەڵام لەبەر قورسی مەرجەکان، بەتایبەت ئەوپێشەکییە زۆرەی کە دەبوو جوتیارەکە بیداتە لایەنی فرۆشیار، لەڕۆژنامەکاندا ئاماژە بەهیچ جۆرە سوودمەندییەکی جوتیاران لەو بڕیارە نەکراوە.**

**لەڕووی بەرهەمە سروشتییەکانیشەوە، لەبەر دەوڵەمەندی ناوچەکە بەچەندین بەروبوومی جۆراو جۆر، نووسەرانی ڕۆژنامەوانی بەگرنگییەوە لێی دواون. یەك لەوانە (کاکە مەم بۆتانی)[٢]، بەمەبەستی پێشخستنی بەروبوومی دارستانەکان، پێشنیاری ئەوەی بۆ حکومەت کردووە، لەجیاتی (دەستەی گشتی دارستان)، کە بەشێك بووە لە ئەمینداریەتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵی، بۆ سەرپەرشتی کردنی دارستانەکان لەهەر پارێزگایەك ئیدارەیەکی سەربەخۆ دروست بکرێت و کادری ئیداری بەتوانای بۆ دابنرێت و تەواوی دەسەڵاتی ئیداری و ماڵی و هونەری بدرێتێ، بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ فەرمانگەیەکی تر[٣]. ناوبراو لەتوێژینەوەیەکی تریدا ئەوەی نیشانداوە ڕووبەری ئەو دارستانە سروشتییانەی لەلایەن حکومەتەوە سەرژمێری کرابوون، نزیکەی(٨٩٨١٣)دۆنم بووە. لەو دارستانانەش بەرهەمی سروشتی جۆراو جۆربەرهەم دەهێنرا. وەکو (بنێشتی کوردی و قەزوان و بەڕوو و مازوو)، باسی ئەوەش کراوە، بە تەنها لەپارێزگای سلێمانی ژمارەی ئەو خێزانانەی بە بنێشت چنینەوە و قەزوانکردنەوە خەریك بوونە، دەگەیشتە(٧٧٠) خێزان، بەرهەمی ساڵێکی بنێشتەکە نزیکەی(١٣٠)تەن دەبوو، کە دەیکردە(٢٠٨٠٠٠)دینار. بەرهەمی ساڵێکی قەزوانیش(١٦٠)تەن بوو، دەیکردە(١٨٤٠٠)دینار[٤].**

**مازوو(العفص-galls)، کە لەداربەڕوو وەردەگیرا، لە گۆڤاری(کاروان)دا توێژینەوەیەکی ووردی لەبارەوە ئەنجامدراوە. بەوەی بەرهەمێکی دیکەی سروشتی بووەو لەزۆربەی دارستانەکانی ناوچەکە بەرهەم هێنراوە. بەشێوەیەکی گشتی لە هەر دۆنمێك داربەڕوو(٥٠)کیلۆ مازوو بەرهەم دەهێنرا. لەساڵانی بەخێردا نزیکەی(٢٠٠٠)تەن مازوو بەرهەم دەهێنرا، کە(٥٠٪) لەڕەواندز، لە(٢٠٪)لە هەریەکە لە سلێمانی و دهۆك، (١٠٪) لە زاخۆ بەرهەم دەهات. زۆربەی بەرهەمەکەی ڕەوانەی موسل دەکراو لەوێشەوە ڕەوانەی دەرەوە دەکرا، بۆ دروستکردنی مەرەکەب و دەرمان سوودی لێوەردەگیرا. ئاماژەی بەوەشداوە ئەو**

---

[١] ئامۆژگاری بۆ ڕێگاو ئاسۆی پێشخستنی مەکینەکاری کشتوکالی لە ولاتدا ١٩٨١-١٩٨٥، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٢) س٣، ١٩٨١، ل١١.

[٢] کاکەمەم فەخری سامی سەید سلێمان بۆتانی ناسراو بە کاکەمەم بۆتانی، لەسالی ١٩٣٧ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی خانەی مامۆستایانی تەواوکردووە، دواتر چۆتە (پەیمانگای بەرزی دارستان) لە کۆلێژی (کشتوکاڵ)ی زانکۆی بەغدا و بەپلەی ئەندازیاری کشتوکالی دەرچووە، ماوەیەك ئەندازیاری کشتوکاڵی و بەڕێوەبەری پشکنین و لێکۆلینەوەی دارستان بووە لەهەولێر. لەساڵی ٢٠١٠ەوە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردە. چاوپێکەوتن، هەولێر، ٢٠١٥/٩/٨.

[٣] بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان، گۆڤاری(ئابووری زان)، ژ(٢)، سالی١٩٨١، ل٥١-٥٣.

[٤] کاکە مەم بۆتانی، لێکۆلینەوەیەك دەربارەی دارەبەن لە پارێزگای سلێمانی دا، ب٣، گۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٤)، کانوونی یەکەمی١٩٧٩، ل٤٢.

زیانانـــەی بـــەر دارســـتانەکانی داربـــەڕوو دەکـــەون لەئـــەنجامی ســـووتان و بڕینـــەوەیان، ســـاڵانە زۆر لـــە بەرهەمهێنانی مازووی کەم کردۆتەوە[1].

هـەورەها گۆڤارەکـان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، سـاڵانە لـە وەرزی بـەهاردا چـەندان بەرهـەمی سروشـتی دیکەی وەکو(کەنگر، کاردی، ڕێواس، دۆمەلان و هـی تـر)، لەناوچەکە لەلایەن بەشێك لـە گوندنشینانەوە کۆدەکرایـــەوەو دەهێنرایـــە شـــارو لەبازارەکانـــدا دەفرۆشـــران[2]. بـــەڵام لەبـــەر نـــەبوونی هـــیچ ئامارێـــك لەوبارەیەوە، نازانرێ بڕی بەرهەکانیان و ژمارەی ئەوکەسانەی پێیوە خەریك بوونە چەند دەبوون.

## ب- ئاژەڵداری:

ئاشـکرایە کوردسـتان لەبـەخێوکردنی ئاژەڵـدا بەناوبانگـە. چـونکە ناوچـەکە لـەڕووی لـەوەڕگا و ئـاو و هەوای گونجاو، بۆ بـەخێوکردنی ئـاژەڵ و پەلـەوەر لـەبارە. لـەناو کوردەواریـدا زۆرجـۆر ئـاژەڵ بـەخێوکراوە. بەشێکیان بۆ سوود وەرگرتن بووە لەبەرهەمەکانیان؛ وەکو مەڕ، بزن، مانگاو پەلەوەرەکان. هەندێکیشیان بۆ مەبەستی ئیشو کارو سوار بوون بەخێوکراوە؛ وەکو کەر و هێستر و ئەسپ.

بایەخـدانی کـورد بـە بـەخێوکردنی ئـاژەڵ، سـەرنجی زۆر لـە نووسـەرانی ڕۆژنامـەوانی ڕاکێشـابوو. بـۆ نموونــە (ئەحمــەد حامیــد) لەبابەتێکــدا بەناونیشــانی"ئاژەڵ بــەخێوکردن لەناوچــەی کــوردەواری دا" وێنەیەکی ڕاستەقینەی چۆنیەتی ئاژەڵ بەخێوکردنی ناوچەکەی خستۆتەڕوو. لە باسی ئاژەڵداری نیمچە کۆچـەرییەکاندا نووسـیویەتی:"ئەوئاژەڵدارانە بوونـە کـە زیـاتر لـە مانگـەکانی بـەهارو هـاوین و پـایزدا چوونەتە ناوچە کوێستانی و شاخاویەکانەوە بەهۆی بوونی لەوەڕگاو پاوانی زۆر لەم ناوچانەدا..."[3]، نووســەرێکی تــر لــە گۆڤاری(ڕۆشــنبیری نــوێ)دا ئامــاژەی بــەوەداوە، زۆربــەی خــەڵکی بەتایبــەتی گوندنیشـینەکان خـاوەنی ئـاژەڵ و پەلـەوەرن. لـە هەنـدێك ناوچـەدا مـەڕومالات پلـەی یەکـەمیان بـووە لەسەرچاوەی داهات و بژێویدا، لەدوای ئەو ئینجا کشتوکاڵ هاتووە. وەکو خێڵەکانی جاف لەناوچەی گـەرمیان[4]. تەنانـەت (ئیسماعیل ئیبراهیم عـەزاوی) جێگری وەزیری کشـتوکاڵ و چاککردنی کشـتوکاڵی عێـراق، لەچـاوپێکەوتنێکی گۆڤاری(پاشـکۆی شۆڕشـی کشـتوکاڵی)دا ئامـاژەی بۆئـەوەکردووە، سـامانی ئـاژەڵی کوردسـتان سەرچـاوەیەکی گرنگـی دابینکردنـی بەرهەمـە سـپیاییەکانی، وەکـو شـیر و ماسـت و بەرهەمەکانی دیکەی، وەکو گۆشت و خورییە، بۆ هەموو عێراق. ناوبراو نموونەی بزنی ڕەشی ناوچەکەی

---

(1) کەمال جەلال غەریب، مازوو، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٤٧)، ئابی١٩٨٦، ل٧٤.

(2) حەسەن مەحمود، دۆمبەلان(دۆمەلان)، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٥)، س٢، ١٩٧٩، ل٤٤؛ عالیە عبدالکریم، خۆراکێکی کوردەواری(کنگر)، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(١٩)، مایسی١٩٨٩، ل٥٥.

(3) گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٩)، س٣، ١٩٨٠، ل٣٢.

(4) محمد حمە صالح توفیق، داب و نەریتی دێرینی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ لەناوچەی گەرمیان دا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٧)، ئەیلولی ١٩٨٥، ل٣٠٥.

**هێناوەتەوە، کە باشترین جۆری بزن بووەو ژمارەیان دەگەیشتە( $\frac{4}{5}$ )ی تێکڕای هەموو بزنەکانی عێراق و بەرهەمێکی باشی شیری داوە بەدەستەوە[1].**

**ئەگەرچی ڕۆژنامەوگۆڤارەکان، سەرژمێری ئاژەڵەکانی کوردستانیان لەماوەی تایبەت بەم توێژینەوەیەدا نیشان نەداوە، بەڵام ئاماری ساڵانی پێشتریان خستۆتە ڕوو. ساڵی١٩٧٦ ژمارەی ئاژەڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەو شێوەیە بووە: مەڕ(٩٨٩٦٤٠)، بزن(١٠٤٩٣٦٤)، مانگا(٢٦٤٥٢٦)، گامێش(٢٣٨٨) سەربوونە، کە بەگشتی دەیکردە(٢٣٠٥٩١٨) سەر ئاژەڵ. ژمارەی ئاژەڵەکانی کاریش: ئەسپ(١٢٠٢٤)، هێستر(٢١٦٩١)، کەر(٧٢٩٩) سەر ئاژەڵ بوونە[2]. لەو ئامارانەدا مەڕو بزن بەشێکی گەورەی ژمارەی ئاژەڵەکانیان پێکهێناوە، کە دەیکردە نزیکەی (٨٤,٨٪)ی تێکڕای هەموو ئاژەڵەکان. کۆی ژمارەی ئاژەڵەکانیش دەیکردە ( ٢٣٤٦٩٣٢)سەر. هەروەها بەپێی سەرژمێرییەکانی ساڵانەی وەزارەتی پلان دانانی حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٧٨دا، ژمارەی ئاژەڵەکانی باشووری کوردستان بەپارێزگای کەرکووکیشەوە بەم شێوەیە بووە: مەڕ (١٢٢٣٩٤٠)، بزن (٦٤٥٩٩٨)، مانگا (١٨٠٤٦٣)، گامێش (٣٨٣٤)، سەربوونە. بەمەش کۆی ژمارەی ئاژەڵەکان دەیکردە (٢٠٥٤٢٣٥) سەر. ئاژەڵەکانی کاریش، کە تەنها ئاماری ئەسپ کراوە (٦٧٩٦) سەربووە. ئەگەر بەتەنها ژمارەی ئاژەڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وەربگرین، دەبینین ڕێژەکەی دابەزیوە بۆ (١٤١٥٨٤٧)سەر ئاژەڵ[3]. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ چەند هۆکارێك، کە لە دێرەکانی داهاتوودا باسیان دەکەین.**

**لەڕووی خزمەتگوزاری پزیشکی ئاژەڵدارییەوە، هەندێك لەگۆڤارەکان ئاماژەیان بەچەند هەولێکی حکومەت کردووە. وەکو ئەوەی بەپێی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٧٩ و پەیڕەوی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٨٠ دەستەی گشتی تەندروستی ئاژەڵی (الهيئة العامة للصحة الحيوانية) دامەزرێندراوە[4]. ئەو دەستەیە لەسەرجەم شارەکانی عێراق مەڵبەندی ڤێتەرنەری بەیتەری (البيطرة) ئاژەڵی کردبۆوە، بۆ مەبەستی کوتان و چارەسەرکردنی هەر نەخۆشیەکی ئاژەڵی. جگەلەوەش لە چەند ناوچەیەك مەشقی بە جوتیارانی گوندەکان دەکرد، بۆ ئاسانی ڕاپەڕاندنی کوتانی دەستکرد بۆ ئاژەڵەکانیان[5].**

**لەئەنجامی ئەو هەوڵانە، تاوەکو ساڵی ١٩٨٦ ژمارەی ئاژەڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەرزبۆوە، گەیشتە (٢٠٥٩٨١٢) سەر. بەم شێوەیە: مەڕ(١٢٨٦٢٩١)، بزن (٥٣٥٩٣٤)، مانگا (٢٣٣٩٠٦)، گامێش**

---

(١) ئەحلام مەنسوور، دکتۆر ئیسماعیل ئیبراهیم دەربارەی سامانی ئاژەڵی ناوچەی کوردستان دەدوێ، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٩)، س٣، ١٩٨٠، ل١٥.

(٢) سالم سابیر مەعرووف، لەوەڕگە سروشتیەکان لەناوچەی کوردستاندا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٢)، ساڵی ١٩٨١، ل٢١. بۆ زانیاری لەبارەی چەشن و جۆرەکانی مەڕو ماڵاتەکان بڕوانە: فاتح دارەبەنی، مەڕو ماڵات، گۆڤاری (کاروان)، ژ(٣٤)، تەمموزی ١٩٨٥، ل٩٤.

(٣) الجمهورية العراقية، وزارة التختيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٢، ص٧٦.

(٤) یاساکان بڕیارەکان ئامۆژگاریەکان، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٣)، س٤، ١٩٨١، ل٦٢ — ٦٣.

(٥) جێگری یەکەمی سەرەك وەزیران چەند ئامۆژگاری یەك دەردەکات، پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی ئاژەڵ، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٣)، س٤، ١٩٨١، ل٩ — ١١.

(٣٦٨١)، سەربوون[١]. ئەگەرچی دوای ساڵی ١٩٨٦، هیچ سەر ژمێرییەکمان لەچوارچێوەی ماوەی توێژینەوەکەدا لەوبارەیەوە دەست نەکەوتووە. بەڵام شتێکی بەڵگەنەویستە، دوای ئەو هەموو کارەساتەی وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە، کەحکومەتی عێراق بەتایبەت لەدوای ساڵی١٩٨٧ بەسەر گوند نشینەکانی ناوچەکەی داهێنا، کاریگەری زۆری کردبووە سەر ئاژەڵدارەکانیش. بەجۆرێك چۆڵکردنی ژمارەیەکی زۆر لەگوندەکان، بووە هۆی وازهێنانی زۆرێك لەجوتیارەکان لە بواری ئاژەڵداری. نزیکترین سەرژمێری لەو ساڵەوە کە دەستمان کەوتبێت، سەرژمێری ساڵی ١٩٩٩ی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە تەنها سەرژمێری مەڕو بزن و مانگایە، ژمارەیان (١٢٢٥١٨٨)سەر ئاژەڵ بووە. وادیارە گامێش ژمارەیان زۆر کەمبووە و تەنها لەچەند ناوچەیەکی دیاریکراو بەخێوکراوە[٢]. جگە لەسیاسەتی حکومەتی عێراق بەرامبەر پرۆسەی کشتوکاڵی کوردستان. بەگشتی هۆکاری دیکەش هەبوون، کە ڕۆڵیان هەبووە لە کەمبوونەوەی ژمارەی ئاژەڵەکان. وەکو کەمبوونەوەی لەوەڕگا بەهۆی مین ڕێژکردنی ناوچەیەکی زۆری سنووری و کردنی ئەو ناوچانە بەبنکەی سەربازی لەلایەن حکومەتەوە لەساڵانی جەنگی عێرا ق و ئێران. بەتایبەت کە ئەو ناوچانە دەوڵەمەندبوون بە لەوەڕگای سروشتی[٣]. بەڵام کەمبوونەوەی ژمارەی ئاژەڵەکانی کار شتێکی سرووشتی بوو، بەهۆی زۆری بەکارهێنانی ئامێرو ئۆتۆمبێل، کە شوێنی ئەو ئاژەڵانەیان گرتبۆوە[٤].

سەبارەت بە بەخێوکردنی پەلەوەر، لەلایەن جوتیارانەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرابوو. هەندێك لەڕۆژنامەنووسەکان لەو مەسەلەیە وورد ببونەوە، بەجۆرێك لەگۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)دا، باسێك لەوبارەوە هاتووەو دەڵێت: "پێشان عێراق لەسەر هێلکەی ناوچەی کوردەوای دەژیا بەڵام ئێستا وانییە...بۆچی؟!"[٥]. هەندێکیشیان ئاخیان بۆ ئەوە هەلکێشاوە کە "جاران جوتیارێك دەهاتە شار هیچ نەبووایە سەبەتەیەکی(٥٠-٦٠)هێلکەیی لەگەڵ خۆی ئەهێنا تا بیفرۆشێت بە دوکاندارەکان". لەو ڕووەوە ئامۆژگاری جوتیارەکانیان کردووە ئەو کلتوورە کۆنە ببوژێننەوە، بەوەی هەر جوتیارێك بە دروستکردنی (کۆلیتەیەك)خانوویەکی(١٢م$^{٢}$)، دەتوانێت تا(١٠٠)مریشك بەخێوبکات. لەبەرئەوەی بەخێوکردنی پەلەوەر لەلایەن گوندنیشینەکانەوە لە چوارچێوەیەکی سنووردار دا بووە، بۆیە بەرهەمهێنانی کەوتبووە ئەستۆی کێڵگە میرییەکان و هەرەوەزییەکانەوە[٦]. لەم بارەوە نووسەران باس لەکۆمپانیای گشتی پەلەوەری باکوور(یان ژووروو)دەکەن. کە کۆمپانیایەکی میری بووەو بە پێی یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٧٤، لەلایەن حکومەتەوە لەساڵی ١٩٧٦ بە سەرمایەی (٥) ملیۆن دینار دامەزرێندرا، بنکەکەی لە شاری هەولێر بوو. ئامانجی گشتی ئەوەبووە هێلکە و مریشك بەنرخێکی هەرزان بخاتە بازاڕاوە. گەورەترین لقی ئەم کۆمپانیایە، کە لەشاری هەولێر بوو، لە (١٤) کێڵگەو تروکێنەرێك پێکهاتبوو؛ کە (٦) کێڵگەیان بۆ

---

(١) هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، لێکۆلینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ٣، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٢٦١.

(٢) هـ. س. ل ل٢٦١-٢٦٣.

(٣) د. شێروان قەرەداغی، ستراجییەتی پزیشکی ڤێتەرنەری لەپێشخستنی ژێرخانی ئابووری کوردستاندا، گۆڤاری(ئابووری سیاسی)، (١٥)، بەهاری٢٠٠٧، ل٣٥.

(٤) هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، س.پ، ل٢٦٣.

(٥) ئەحلام مەنسوور، س.پ، ل١٧.

(٦) هەیاس حوسێن کاکەیی، مریشکی هێلکەکەر و لادێ، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٣)، س٣، ١٩٨١، ل٢٣.

بەرهەمهێنانی مریشکی گۆشت بوو بە پلانی (٢) ملیۆن مریشك لە ساڵێکدا. هەروەها(٣)کێڵگەی بەرهەمداری بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە بە توانای (٦٠)ملیۆن هێلکە لە ساڵێکدا. کێڵگەیەکیش بۆ بەخێوکردنی جووجەڵەی مریشکی هێلکەکەر و (٤) کێڵگەشی بۆ مریشکی هێلکەکەر بەتوانای (٣) ملیۆن هێلکەی تروکاندن لە ساڵێکدا[١].

لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، ئەم کۆمپانیایە بە گەورەترین پرۆژەی پەلەوەری باشووری کوردستان هاتووە. لقی لە شارەکانی سلێمانی، کەرکوك، سەلاحەددین و موسڵ هەبوو. ڕێژەی بەرهەمهێنانی لەساڵی ١٩٨٤ گەیشتبووە (٢٧٠)ملیۆن هێلکە[٢].

لەشاری دهۆکیش لەسێمێل کارگەیەکی بەخێوکردن و سەربڕینی مریشك هەبوو. بەشێوەیەکی فەرمی لە ١٩٨٤/١١/٢١ دەستی بەکارکردن کرد. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی ئاماژەی بەوە داوە، کە یەك لە گەورەترین پرۆژەکانی پەلەوەری کەرتی تایبەتە لەعێراقدا. کە توانای بەرهەم هێنانی (١٢) ملیۆن مریشك بوو لەساڵێکدا[٣]. ئەو پرۆژەیە خاوەنەکەی جەوهەر هەرکی بوو، پیاوی دەسەڵات بووەو بەهاوکاری دەزگای کشتوکاڵی حکومەت دایمەزراندبوو[٤].

هەنگاوەکانی حکومەت بۆ گرنگیدان بەئاژەڵداری و پەلەوەری، وەکو لە ڕۆژنامەکاندا باسکراوە لەچوارچێوەی مۆڵەت پێدان و پێشکەش کردنی قەرز بە جوتیاران لەڕێگەی بانکە کشتوکاڵیەکانەوە، بۆ ئەنجامدانی پرۆژە کانی وەکو بەرهەمهێنانی ئالیك و پەلەوەرو قەسابخانەدا، بووە[٥]. هەروەها بۆ هەر پرۆژەیەکی لەو جۆرە حکومەت باجەکانی کەمتر دەکردەوە، وەکو باجی کارەبا. لەهەندێك کاتیشدا مانگای چاکی لە دەرەوەی عێراقکڕیوە، وەکو لە هەواڵێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە لەساڵی ١٩٨١، حکومەت (١٩٠٠) مانگای ئوسترالی کڕیوە و دابەشی سەر پارێزگاکانی عێراقی کردووە، کە پارێزگاکانی کوردستانیشی گرتبۆوە. بەنرخی هەرزانتر دەیفرۆشتەوە بە جوتیاران[٦].

ژمارەی پرۆژەکانی پەلەوەری کەرتی تایبەت تاوەکو ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە (٥٧٥)پرۆژەو (٨٤٨)هۆڵ. کە ئەوپەڕی توانای بەرهەمهێنانیان بەیەك نۆرە، دەگەیشتە (٨٨٢٨٦٠٠) سەر مریشك. لەگەڵ هەبوونی (٩٨)کارگەی ئالیکی کەرتی تایبەت و (٢) کارگەی ئالیکی کەرتی حکومی[٧]. سەبارەت بەڕێژەی بەرهەم

---

[١] چالاکیەکانی کۆمپانیای گشتی پەلەوەری ژووروو لەشاری هەولێردا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١)، س١، ١٩٧٨، ل٤٦ – ٤٧.

[٢] شێرزاد عبدالرحمن، کۆمپانیایەکی پێشکەوتوو (ڕاپۆت)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٦٠)، ١٩٨٦/١٠/٩، ل٢؛ المنشأت العامة لدواجن المنطقة الشمالية، مجلة(نەورۆزی عێراق– نوروز العراق)، ع(١)، لسنة١٩٨٦، ص٦٥. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کۆمپانیاکە بڕوانە: عبدالله اللامی، علی الباحثین عن الدجاج و البیض، جریدة (العراق)، ع(٢٤١٩)، ١٩٨٤/١/١٦، ص٧.

[٣] کارگەها ڤەکوشتنا مریشکا ل دهۆکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٨٣)، ١٩٨٥/٤/٤، ل٨ – ٩.

[٤] عەلی تەتەر نێرەوەیی، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا(١٩٧٥ – ١٩٩١)، بگ١، چ١، چاپخانەی زانکۆی دهۆك، دهۆك، ٢٠١٠، ل١٨٦.

[٥] ئەحلام مەنسوور، س.پ، ل١٦؛ ناظم دلبەند، ئەمینداری گشتی کشتوکاڵ و چارەسەرکردنی کشتوکاڵ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ هاوکاری دەدوێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٩٩)، ١٩٨٥/٧/٢٥، ل٤.

[٦] سامانی ئاژەڵ و دەوری لە پێشکەوتنی ئابووریدا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦١٢)، ١٩٨١/١١/١٩، ل٥ – ٧.

[٧] خلیل محمد حسن، واقع الزراعة في إقلیم کوردستان العراق للفترة (١٩٨٥ – ١٩٩٠) رسالة ماجستیر، کلیة الادارة و الاقتصاد، جامعة صلاح الدین، ١٩٩٣، ص٥.

**لەکەرتی تایبەتیدا، یەکێ لەڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوە داوە، کە تەنها لەشاری هەولێر لەساڵی ١٩٨٧ توانای بەرهەم گەیشتۆتە (٧٦٧٥٠٠٠٠) جووجەلە[١].**

**هەروەها هەنگ بەشێوەیەکی دیار لە ناوچەکەدا بەخێوکراوەو یەکێکی تر بووە لەو بابەتانەی ڕۆژنامەنووسی کوردی کەم و زۆر باسی کردووەو گرنگی پێداوە[٢]. بەهۆی هەبوونی ناوچەی شاخاوی و چیمەن و باخ و گوڵ و سەوزایی زۆر، ناوچەکە بۆ پەروەردەکردنی هەنگ لەبار بووە. سەرەڕای ئەوەش بەرزی نرخی هەنگوین، کە لەوکاتەدا یەك کیلۆی بە نزیکەی (٣)دینار بوو. وایکردووە زۆرێك لە کشتکاران هەنگ پەروەردە بکەن و بایەخی پێبدەن. بەتایبەت هەنگوین و هێلکەی ناوچەی کوردەواری لە عێراق ڕەواجێکی زۆری هەبووە[٣]. لەگەل ئەوەشدا لەبەرنەبوونی هیچ ئامارێك، نازانرێت ژمارەی سندوقەکانی هەنگ لە کوردستاندا چەند بووە. ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە، کە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی باسی کردووە بەتەنها لەشاری ئاکرێ لەساڵی ١٩٨٧، نزیکەی(١٠) هەزار سندوقی هەنگ هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی سندوقەکانی هەنگ لە کەمبوونەوەدا بوو، بەهۆی سوتانی ڕووبەرێکی فراوانی دارستانەکان لەجەنگی عێراق و ئێراندا. کە بوو بەهۆی کاولبوونی چەندەها شارە هەنگ[٤].**

**هەرچی سامانی ماسیە سەرەڕای هەبوونی چەندەها دەریاچەو ڕووبار، وەکو دەریاچەی دۆکان و دەربەندیخان و زێی گەورە و بچوك، بەڵام بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدرابوو. بۆیە جێگری وەزیری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵی عێراق لەڕێگەی گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)دا بانگەوازی بۆ ئارەزوومەندانی بەخێوکردنی ماسی کردووە، بەڕێگەدان بەدامەزراندنی هەرجۆرە پرۆژەیەك بۆ پەرەپێدانی سامانی ماسی لەهەریەك لەو دەریاچەو ڕووبارانەی ناومان هێناون[٥].**

## ت– گرفتەکانی کشتوکاڵ و جوتیاران:

**بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك گرفتی سروشتی و مرۆیی هەبوون بەرۆکی کشتوکاڵ و جوتیارانی گرتبوو؛ کاریگەری خراپیان لەسەر بەروبوومە کشتوکاڵیەکان و تواناکانی بەرهەم هێنانی ئەو کەرتەیە، دروستکردبوو.**

**گرفتە سروشتیەکان کە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا باسکراوە، ئەو گرفتانەبوونە مرۆڤەکان دەستیان لە هەبوونیاندا نەبووە، وەکو کارتێکردنی ئاو و هەوا و پلەی گەرما. لەبەرئەوەی بەشی هەرە زۆری کشتوکاڵی ناوچەکە پشتی بە ئاوی باران دەبەست، بۆیە لەو ساڵانەی باران لەکاتی خۆیدا و بەئەندازەی**

---

[١] شێرزاد عبدالرحمن، بەسەرکردنەوەی پرۆژەکانی کشتوکاڵی، س.پ، لا٣٧.

[٢] بۆ نموونە بڕوانە: إحسان صديق ئامیدی، سەروبەرێ چێکرنا هنگڤینی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٩٧)، ١٩٨٨/٨/١١، ل٥؛ أحمد حامد قادر، هەنگ بەخێوکردن لەناو کوردەواری دا، بلاوکراوەی (کشتوکاڵ)، ژ(١)، ساڵی ١٩٨٢، ل٢١؛ لؤي كريم الناجى، ابراهيم مليجى حجازى، تصنيف وحصر للكائنات الحية الدقيقة وتأثيرها على الصفات الفيزياوية للعسل المنتج في شمال العراق، مجلة(زانكۆ)، مج(٨)، ع(١)، سنه١٩٨٣، ص٣.

[٣] ئەحلام مەنسوور، س.پ، ل١٦ — ١٧.

[٤] ئەسعەد زێباری، هەنگ و هەنگەڤانی ل کوردستانێ، ڕۆژنامەی (برزاڤ)، ژ(٣١)، ١٩٩٠/٢/٢٧، ل٣.

[٥] ئەحلام مەنسوور، س.پ، ل١٧.

**پێویست نەباری بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان. یان نزمبوونەوەی لەڕادە بەدەری پلەی گەرما، بۆ نموونە وەکو لەگۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکال)دا هاتووە لەڕۆژانی ١٦ و ١٩٨٠/٤/١٧ دا پلەی گەرمای پارێزگاکانی باشووری کوردستان بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دابەزی، گەیشتە ژێر پلەی سفری سەدیی. ئەوکاتە بەرهەمەکان دانیان گرتبوو، کارتێکردنی ئەو سەهۆڵ بەندە، بوو بەهۆی زیان گەیاندنێکی گەورە بە گەنم و جۆی ئەو ساڵی ڕۆژنامەکانیش باسیان لە هیچ جۆرە قەرەبوویەکی حکومەت نەکردووە بۆ جوتیارانی ناوچەکە.**

**هەروەها بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێك ئافات ونەخۆشی کشتوکاڵی، کاریگەری هەبوو لەسەر ڕێژەو جۆری بەرهەمەکان. هەندێك لەونەخۆشیانەی کە نووسەرەکان پەیان پێ بردبوو تایبەت بووە بە دانەوێڵە؛ وەکو نەخۆشی ژەنگی گەنم . هەروەها چەند نەخۆشیەکی دیکە هەبوو، کە پێیان دەگوترا (ئافاتی کشتوکاڵی)؛ وەکو نەخۆشی بەلەك بوون و گڕوبوونی تەماتە و ئەسپێی دانەوێڵە و کرمی سێو و گەنە(جاڵجاڵۆکە) و کوللە و مۆرانە[٢]. مێشوومەگەزە زیانبەخشەکان و هەندێك لە زیندەوەر و کرمۆکەکان، زیانیان کەمتر نەبووە لە وانەی پێشوو بۆ بەروبوومە کشتوکاڵیەکان؛ لەوانە مێرووە مژۆکەکان. ئەو مێروانە لەشێوەی ورددان و ڕەنگیان خۆڵە مێشی یان ڕەشە، بەسەرو ژێری گەڵاو قەدی تووتنەوە دەمێننەوە، وەکو مێرووی(مەن و تربەس)، کە ئاوگی ڕووەکەکە هەڵئەمژن، بەوەش گەڵاکەی زەرد ئەبێت. هەروەها کرم و مێرووە قرتێنەرەکان(حشرات القارضة–Rodents)، وەکو مێرووی(هاڕە)، شەتڵە کۆرپەکان دەفرتێنێ. مێرووی(ملە)، ئەمە زیاتر ڕەگی ڕووەکەکان دەقرتێنێت. هەندێك لە نووسەرەکان بەجۆرێك باسیان لەو گرفت و نەخۆشیانە کردووە، کە ئەوە نیشان دەدەن جوتیارانیانی هەراسانکردبوو. بۆیە لەڕێی ڕۆژنامەکانەوە دەورێکی گرنگیان بینیبوو لەئاگادارکردنەوەی جوتیاران لەمەترسی و خاسیەتەکانی ئەو ئافات و نەخۆشیانە. بۆچارەسەریەکانیش ئامۆژگاری جووتیارانیان کردووە بەچاندنی بابەتە پاقلەمەنییەکان، لەو زەوییانەی کەبەروبوومەکانیان تووشی ئەو جۆرە نەخۆشیانە دەبن. داو و دەرمانەکانی تایبەت بەونەخۆشیانەیان باسکردووە، وەکو دەرمانی(مالاثیون٥٠٪)، بۆ لەناوبردنی مێرووە مژۆکەکان، بەکار بهێنرێت[٣].**

**دیارە چەندان نەخۆشی ئاژەڵیش هەبووە، تووشی مەڕو ماڵاتەکان دەبوون. لەلایەن چەند نووسەرێکی ڕۆژنامەوانی شارەزا لەو بوارە، بەوردی باسیانکراوە. وەکو جەلال مەجید شەریف(پزیشکی ڤێتەرنەی)، باسی لە نەخۆشییەکانی هەوکردنی سم وناودەمی ڕەشە وڵاخ و سییەکانی مەڕو گەلێکی تر، کە بەگشتی پێیان دەوترا نەخۆشی (تەبەق)، کردووە. ناوبراو ئاماژەشی بەچەند نەخۆشییەکی مەترسیداری ئاژەڵ کردووە. لەوانە نەخۆشی (ئەنترۆتۆکسیما–Clostridum Wechil)، کە جۆرە**

---

[١] دکتۆر تاریق تەبرە، کارتێکردنی سەهۆل بەندان لە بەرووبوومی دانەوێلە، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٤)، س٤، ١٩٨٢، ل٣٨؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی گرفتە دیارەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی، بڕوانە: عومەر محەمەد، گرفتە دیارەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە زەویە دێمەکارەکانی کوردستان، گۆڤاری (کشتوکاڵ)، ژ(٤)، ئەیلولی ١٩٩٨، ل٤٩.

[٢] دکتۆر کمال احمد رشید، مشکلات وقایة النباتات من الآفات الزراعیة، مجلة (ئاسۆی زانکۆیی– افاق جامعیة)، ع(٥) سنه ١٩٨٠، ص٤٩ – ٥١؛ محەمەد فەریق حەسەن، مۆرانە زیانی و مێژووی ژیانی، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٨)، س٣، ١٩٨٠، ل٥٦.

[٣] ئاشتی عثمان شریف، چاندن و پێشخستنی تووتن لە کوردستاندا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٧)، ئەیلولی١٩٨٥، ل٣٦٩–٣٧٢؛ میوانداری لەشارە مێرووڵەکاندا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٣)، س٤، ١٩٨١، ل٢٩.

بەکتریایەك بووە لەسەر گژوگیاکانەوە بووە، لەکاتی توشبوونی ئاژەڵەکە بەو بەکتریایە، یەکسەر دەبووە هۆی مردنی. ئەونەخۆشییە زیاتر لەناوچە کوێستانییەکانی قەندیل و بەردەپان باوبووە. هەروەها نەخۆشی بەرهاوێشتن [١]، بەهۆی ڤایرۆسی(برۆسێلا)وە بووە، کە دەبووە هۆی بەرهاوێشتنی ئاژەڵی تووشبوو لە دوا قۆناغی ئاوسیدا. نووسەرێکی تر ئامۆژگاری جوتیارەکانی کردووە بە دەست لێنەدان لە ئاژەڵی توشبوو نەخواردنی شیرو گۆشتەکانیان، تاوەکو بەدووربن لە توشبوون پێیانەوە، باشتریش وایە ئاگاداری دەزگاکانی ڤێتەرنەری بکرێنەوە. بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەشیان ئامۆژگاریانی کردوون بە جیاکردنەوەی ئاژەڵی توشبوو لەئاژەڵەکانی تر[٢]. تاعونی مانگاش کە لەنەخۆشیە ترسناکەکان بووە، زیاتر تووشی مانگاو گاو گوڵك و گامێش بووە. بەڵام ئەم جۆرە نەخۆشیە کەمتربووە لەباشووری کوردستان بەبەراوورد لەگەڵ ناوچەکانی خوارووی عێراق[٣].

بەشێوەیەکی گشتی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە هەنگاوی پێویستی نەنابوو. ئەوەی هەبووە بڕە پارەیەکی کەمبووە لەڕێگەی ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵییەوە بوو، دابەشی سەر پارێزگاکان دەکرا بۆکڕینی داوو دەرمان، تاوەکو بەسەر جوتیاران دابەش بکرێت؛ بەڵام لەئاستی خواست و داواکاری جووتیارەکاندا نەبووە، کە بتوانێت ئەو نەخۆشیانە بنبڕبکات[٤]. دیارە ڕۆژنامەوانیش لەئاست ئەم خەم ساردییەی حکومەت بێدەنگ بووە. چونکە هیچ وتار و نووسینێك لەم بارەیەوە نە نووسراوە.

لەپاڵ گرفتە سروشتیەکان کۆمەڵێك گرفتی مرۆیی هەبوون؛ بەرۆکی جوتیارانیان گرتبوو، زیانیان چەندان قات لەگرفتە سروشتیەکان زیاتر بووە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە، نووسەرانی بواری ڕۆژنامەوانی ئاشکرا زۆر بەکەمی بەلای ئەوبابەتەوە چوونە، بەهۆی سانسۆری حکومەتەوە. لەسەرووی هەمووگرفتەکان وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە سیاسەتی تێکدان و ڕاگواستنی گوندەکان بوو، لەلایەن حکومەتی بەعسەوە. کە بووەتە هۆی ئەوەی کشتوکاڵی کوردستان تێکبدات و بەرهەمیشی کەمبکاتەوە. ئەم مەسەلەیە لە ڕۆژنامەگەری شاخ خراوەتە ڕوو، کە دوور بووە لە سانسۆری حکومەت [٥].

وێستگەکانی کەش وهەوا، کە هەبوونیان زۆر گرنگە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ورد لەڕەوشی ئاووهەوا و پەیوەندی بەکشتوکاڵەوە. ژمارەیان زۆر کەمبووە و زیاتر لەشارە گەورەکانی وەکو بەغدا و موسڵ و بەسرە هەبوون. لەباشووری کوردستاندا لەچەند ناوچەیەکی وەکو ڕواندوز، پێنجوین، چۆمان

---

(١) کرمە سوورە یا پزو، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٩)، س٣، ١٩٨٠، ل٣٥.

(٢) محسین محمد ئەمین، چۆنیەتی خۆپاراستن لەو نەخۆشییانەی توشی ئاژەل دەبن، بلاوکراوەی (کشتوکال)، ژ(١)، سالی١٩٨٢، ل٤٨.

(٣) محمد قادر بەرزنجی، قرانی مانگا، گۆڤاری (کاروان)، ژ(٣٨)، تشرینی دووەم، ١٩٨٥، ل٩١.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەل محەمەد ئیبراهیم ئەحمەد ناسراو بە(محمد ئامیدی)٢٠١٥/٣/٢٤، ناوبراو لەسالی ١٩٥٤ لە ئامێدی لەدایك بووە، لەسالانی حەفتاکان (پەیمانگای کشتوکالی بالا)ی لەبەغدا تەواو کردووە، لەسالانی هەشتاوە وەکو فەرمانبەرێك لەبەڕێوبەرایەتی کشتوکالی دهۆك کاری کردووە، دوای ڕاپەڕینی١٩٩١ ماوەیەك بەڕێوبەری کشتوکالی ئاکرێ بووە، ئیستا بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنە لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاندنی دهۆك.

(٥) چیا، پێمالك نموونەیەکی دزێوی ئوردوگاکانە، گۆڤاری کۆمەڵە (گۆڤاری کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، ژ(١١)، خ٣، شوباتی ١٩٨٦، ل٤٦ — ٥٢.

**ئەو ویستگانە هەبوونە، بەڵام تەنها بۆ پێوانەی پلەی گەرما و باران بوونە و لەبەرنەبوونی کەسانی پسپۆڕ لەو بوارە، سوودێکی ئەوتۆی لێنەبینرابوو[١].**

**هەروەها هەندێك لە جوتیاران لەوەرزی کشتوکاڵی هاوینەدا تووشی کێشەی کەم ئاوی دەبوونەوە. سەرەڕای هەنگاوەکانی حکومەت لەبواری پڕۆژە ئاودێریەکان و لێدانی بیری ئیرتیوازی. بەپێی هەواڵی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی یاسادانان، کە لەگۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)دا بلاْودەکرایەوە تاوەکو ساڵی١٩٨١ حکومەت (١١٠)بیری ئیرتیوازی لێدابوو[٢]. بەڵام دیارە ئەو هەنگاوانەی حکومەت لە ئاستی پێویستی جوتیاراندا نەبووە. بۆیە هەندێك لە جوتیاران پەنایان بردبووە بەر کارێزهەڵکەندن لەهەندێك لەو ناوچانەی ئاوی ژێر زەوی لەئاستێکی بەرزدا بووە. لەڕێگەی چەند کەسانێك کە پیشەیان کارێز هەڵکەندن بووە، بەشێوازێکی زۆر سادە و بەدەست لەگەڵ چەند کەرەستەیەکی سادەی وەکو (کوتك، قەلەم، لەغەم، چەمبەرە، تەیان، مەنجەل) ئەوکارەیان ئەنجامداوە، بۆ دابینکردنی ئاوی پێویست[٣].**

**ئامێرەکان کە هۆکارگەلێکی گرنگن بۆ پێشخستنی بەرهەمی کشتوکاڵی و دەتوانێت جۆرەها ئیش و کاری کشتوکاڵی لە کاتێکی کەمدا جێبەجێ بکات. بەڵام نزمی ئاستی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و کەمی ژمارەی ئامێرە کشتوکاڵیەکان گرفتێکی تربووە، کە لە(٣)ژمارەی گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)دا ڕەنگی داوەتەوە. لەیە کێکیاندا بابەتێك هاتووە لەژێر ناونیشانی" پەرەسەندنی ماشینەسازی کشتوکال ئەرکێکی بەپەلەیە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دا" ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، ئەگەرچی حکومەت ساڵانە پلانی نوێی دانابوو بۆ هێنانی ئامێری کشتوکاڵی لە دەرەوەی وڵاتدا، بەڵام ژمارە و جۆری ئامێرەکان پێداویستی جوتیارانی بە ئەندازەیەکی باش تێر نەکردووە، وەکو پێشتر باسمانکرد. سەرەڕای کەمی ژمارەیان لە ناوچەکەدا، هەمووشیان لە بواری کشتوکاڵیدا بەکارنەهێراون. بۆنموونە لەکۆی(٣٢٠٠) تراکتۆر تەنها نزیکەی(١٢٠٠)یان بەڕاستی لە و بووارەدا بەکار هێنرابوون. ئەوانی تر بۆمەبەستی دەرەوەی کاری کشتوکاڵی بەکار دەهێنران[٤].**

**مەسەلەی بایەخنەدانی حکومەت بە چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی جوتیاران گەیشتبووە ئاستێك، کە جێگای سەرنجی شاعیران بووەو لەشیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوەو هەولیانداوە لەو ڕێگەیەوە ڕەخنە لەو سیاسەتەی حکومەت بگرن. بۆنموونە لە پارچە شیعرێکدا بە ناونیشانی(جوتیارەك و هۆزان ڤەهاندن) هاتووە:**

**عیلمو حیلمو زانیار**
**حەج کەسێ وی بونە کار**
**ئەوبون مەلیکو سەردار**
**کەس بوان قەت ناکت چار...[٥]**

---

[١] دکتۆر قادر غەریب، کەژی کوردستان، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(١٤)، س٤ (س٥)، ١٩٨٢، ل٨.

[٢] کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی یاسادانان، گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی)، ژ(١ و ٢)ی ساڵی ١٩٨٢، ل١٦١.

[٣] عبداللە بابە علی، کارێز و کارێز هەڵکەندن، بلاوکراوەی (کشتوکاڵ)، ژ(١)، ساڵی ١٩٨١، ل١٨ — ٢٠.

[٤] د.عەبدولموعتی ئەل خەفاف، پەرەسەندنی ماشینەسازیی کشتوکاڵ ...، س.پ، ل٢٧. هەروەها بروانە: پەرەپێدانی کشتوکاڵی بەمەکینە...، س.پ، ل٣٠ ؛ چاکترین بەکارهێنانی ئامێرو ماشێنی کشتوکالی ...، س.پ، ل١٢.

[٥] نزار محمد سعید، جوتیارەك و هۆزان ڤەهاندن، گۆڤاری(کاروان)، ژ(١٣)، تشرینی یەکەم١٩٨٣، ل٨٣.

ئەوەی جێگای هەلوەستە کردنە ئەوەیە کە لەڕۆژنامە ئاشکراکاندا، باس لەبەشێکی گرنگی ڕەوشی جوتیارو گرفتەکانیان و ئاستی بژێوییان نەکراوە. بەلاَم ڕۆژنامەوانی شاخ ئامـاژە بەسیاسەتی خراپی حکومەتی بەعس دەکات بەرامبەر بە جوتیارانی ناوچەکە؛ بە تێکدانی ڕەوشی ژیانیان و ڕاگواستنیان. هەروەها چەوساندنەوەیان بەپێدانی زەوییەکانیان بە (جاشەکان)[1] و پشتگیری کردنی پیاوانی دارە دەستی خۆیان، بۆئەوەی بێبەزەییانە بیانچەوسێنەوە. ئەو پیاوانە وەکو چەکداری حکومەتیش بەرەنگار بوونەوەی جەماوەری شۆڕشگێڕی کوردیان پێ سپێردرابوو. حکومەت هەموو ئەو هەنگاوانەی بۆ ئەوەبوو بنکەی پێشمەرگایەتی لەناوچەکەدا نەهێلێت[2].

[1] بۆ زانیاری لەبارەی جاشەکانەوە بڕوانە لاپەڕە (١٥٠)ی توێژینەوەکە.

([2]) گۆشەی تیۆری گەشەپێدانی لادێ، ڕزگاری(دەنگی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان)ە، ژ(٥)، کانوونی یەکەمی١٩٨٥، ل٦.

## تەوەری دووەم: کەرتی پیشەسازی و پیشەگەری:

بەشێوەیەکی گشتی سەرەتاکانی پیشەسازی (بەچەمك و زاراوەی سەردەم) لەباشووری کودستان و عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی١٩٥٠، کە ئەنجومەنێك لەعێراق دامەزێندرا بەناوی (ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە)، بەمەبەستی ئاراستەکردنی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێش بردنی پرۆسەی پیشەسازی. بەڵام ئیشوکاری ئەو ئەنجومەنە لەپرۆسەی بەپیشەسازی کردنی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی زۆر ساکار بوو. بەشی کوردستان لەو پڕۆژە میرییە تەنها بریتی بوو لەکارگەیەکی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لەسەرچنار و وێستگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا لە دوبز[1].

چالاکییەکانی کەرتی پیشەسازی لەپاش ڕێکەوتننامەی١١ی ئاداری١٩٧٠ تاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٨٠، پەرەسەندنێکی ڕێژەیی باشی بەخۆیەوە بینی بوو. هۆکارەکەشی دەگەڕایەوە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت و سیاسەتی حکومەتی عێراق لە گۆڕینی ئابووری کوردستان، لە هەرێمێکی کشتوکاڵییەوە بۆ ناوچەیەکی کشتوکاڵی و پیشەسازی پێشکەوتووی وەکو ئەوەی خۆی دەیویست. ئەوتا بەشی کوردستان لەو بودجەیەی کە لە عێراقدا بۆ کەرتی پیشەسازی تەرخانکرابوو، لەساڵی١٩٧٠دا (٠,٥٪)بووە، بەڵام تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ گەیشتۆتە (٢٢٪). ئەگەرچی بەشی کوردستان لە چاو توانا ماددی و مرۆییەکەی هێشتا کەمبووە[2]. هەروەها لە پێناو زەمینە خۆشکردن لەبەردەم پێشکەوتنی پیشەسازی کەرتی تایبەت، حکومەت لەڕێگەی بانکە پیشەسازییەکانەوە قەرزی دەدا. بەهۆی کەمی سووی قەرزەکان (کە ٤٪زیاتر نەبوو)، زۆر پڕۆژەی پیشەسازی بچوك و مامناوەندی[3] کەرتی تایبەتی دامەزرێندران. بەڵام دواتر بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران زۆر لەکارگەکان وەستان بەهۆی ئەوەی هێنانی کەرستەی خاو و یەدەگ لەدەرەوە پەکی کەوت. هەروەها بانکی پیشەسازیش قەرزەکانی وەستاند[4]. دوای ئەوە حکومەت هەوڵی دەدا لەڕێگەی (دامەزراوەی گشتی پەرەپێدان)[5] بە وەبەرهێنانی پارەی هاوڵاتیان و خستنە گەڕی لەبواری پیشەسازیدا، بەردەوامی بەچالاکییە پیشەسازیەکان بدات [6].

---

(1) د. سميرة كاظم الشماع، مناطق الصناعة في العراق، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، مطبعة دار الرشيد، د.م، د.ت، ص٣٠١؛ کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ل١٩٦-١٩٧.

(2) حسین نێرگسە جاڕی و فەیسەل عەلی، ڕەوشی پیشەسازی لەکوردستانی عێراقدا، ئابووری(وەرزە گۆڤارێکی زانستی و ئەکادیمی یە کۆمیتەی باڵای یەکێتی ژمێریاران و ئابووری ناسانی کوردستان دەری دەکا)، ژ(١٠)، س٣، زستانی، ٢٠٠١، ل ل٧-١٢.

(3) بەپێی پێوەرەکانی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ەوە بەم شێوەیە پێناسەی پڕۆژە ئابوورییەکان کراوە، ئەگەر پڕۆژەیەك (٣٠) کارمەند و بەرەو ژوور یان وەبەرهێنانیان لەمەکینەو ئامێرەکانی لە (١٠٠ هەزار دینار و بەرەو ژوور) بێت ئەوا کارگەیەکی گەورەیە، ئەگەر (١٠ — ٢٩) کارمەند بێت و وەبەرهێنان لەمەکینەو ئامێرەکانی پڕۆژەکە (کەمتر بێت لە١٠٠ هەزار دینار) ئەوا پڕۆژەیەکی ناوەنجییە، هەروەها ئەگەر (کەمتر لە ١٠ کارمەند)بێت، یان وەبەرهێنان لەمەکینەو ئامێرەکانی لە (١٠٠ هەزار دینار کەمتربێت) ئەوا پڕۆژەیەکی بچوکە. بڕوانە: صلاح الدين عبدالمسيح کاکۆ، گرنگی دامەزراوە پیشەسازییە بچوکەکان لەکردەی دروستکردن لەعێراقدا، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٢٢)، حوزەیرانی ١٩٨٩، ل١٣٥.

(4) سەلاحەددین حەفید، س. پ، ل٦٠.

(5) ئەو دامەزراوەیە بە پێی یاسای ژمارە (١٣٤)ی ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە، ژمارەی کۆمپانیاکانی ئەو دامەزراوەیە لەساڵی ١٩٨٠دا (٨) بوون، لەساڵی (١٩٨٥) بوو بە (١٣) کۆمپانیا، کاری سەرەکیان بریتی بوو لە وەبەرهێنانی پارەی هاوڵاتیان و خستنەگەڕی لەبواری پیشەسازییە سوکەکان، بڕوانە: سەرگوڵ تەیمور، کارگەکانی کەرتی تێکەڵ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٨٨)، ١٩٨٥/٥/٩، ل٥.

(6) هـ. س، ل٥.

**پیشەگەری و پیشەسازییە دەستییەکانیش مێژوویەکی درێژیان هەیە لەکوردستاندا[١]. ئەگەرچی لەماوەی تایبەت بەم توێژینەوەیە ڕووی لە کەمبوونەوە کردبوو، بەڵام بەشێکیان لەڕێگەی ئەزموونی باب و باپیرانەوە مابوون. لێرە بەدوا هەوڵی خستنە ڕووی بارودۆخی ئەو کەرتە دەدەین، بەو شێوەیەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان گوزارشتیان لێکردووە:**

## أ- پیشەسازی و کارگەکان:

**لە ماوەی تایبەت بەم توێژینەوەیە ژمارەیەکی زۆر پرۆژەو کارگەی پیشەسازی لەباشووری کوردستاندا دامەزرابوون. هەندێك لەمانە جگە لەوەی ببوونە سەرچاوەیەکی گرنگی دابینکردنی پێداویستی ناوەخۆ، بەرهەمەکانیان بۆ دەرەوەی ناوچەکەش ڕەوانە دەکران. بۆیە ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەو بوارەی فەرامۆش نەکردووەو بەگرنگیەوە لێی دواوە. بەڵام ئەوەی جێگای تێبینی کردنە ئەوەیە، کە لەڕۆژنامەوانی دیاریکراودا زیاتر جەخت لەسەر سێ سێکتەری پیشەسازی کراوە، ئەوانیش (پیشەسازیەکانی کەرستەی بیناسازی، پیشەسازیەکانی خواردن و خواردنەوە و جگەرە، پیشەسازیەکانی چنین و جل و بەرگ) بوونە؛ هیچ جۆرە ئاماژەیەکمان سەبارەت بە دەرخستنی ڕۆڵی نەوت وپیشەسازییە نەوتییەکان نەبینیوە. ئەمە لەکاتێکدا بوو کە نەوت و پیشەسازییە نەوتیەکانی باشووری کوردستان نزیکەی (٤٧٪)ی سەرجەمی بەرهەمە نەوتیەکانی عێراقی پێکدەهێنا[٢]. ئەوانیش زیاتر کەوتبوونە پارێزگاکانی کەرکوك و موسڵ و دیالە. دیارترین کێڵگە نەوتیەکانیشی بریتی بوون لە: نەفتخاتە ١٩٠٩، کەرکوك (بابەگوڕگوڕ) ١٩٢٧، عەین زالە ١٩٣٩، بای حەسەن ١٩٥٣ بەتمە ١٩٥٣، زەنبور١٩٥٤، حەمرین١٩٧٣، سفەییە ١٩٧٨. بەرهەمی ڕۆژانەی ئەو کێڵگە نەوتیانە لەساڵی ١٩٨٠ نزیکەی (١٦٤٢٠٠٠) بەرمیل نەوتی خاو بوو. لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێران ئەم ڕێژەیە زۆر دابەزی و لە ساڵی١٩٨٣ کەمترین ئاستی تۆمارکرد، کە (٣٧٥)هەزار بەرمیل بوو لەڕۆژێکدا. دواتر توانرا ئەو ڕێژەیە بەرزبکرێتەوە، تا ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە (١٣٥٨٠٠٠)بەرمیل لەڕۆژێکدا[٣].**

**ئەوەی دەبێت بوترێت ئەوەیە، کە سەرجەم پیشەسازییە نەوتییەکانی باشووری کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەرداگیرابوو. کەمترین بڕی داهاتەکەی بۆ پێشخستنی ناوچەکە خرابووەگەڕ و تەنانەت کەمترین هاوڵاتی کوردیشی تێدا خرابووە سەرکار[٤]. دیارە سیاسەتی حکومەتی بەعس وابوو، وەکو مەسەلەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی لە پیشەسازی نەوتی دەڕوانی، بۆیە ڕێگە**

---

(١) لەم بارەیەوە بڕوانە: سەعدی عوسمان هەروتی، چەندلایەنێکی مێژووی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئابووریی کوردستان لەسەردەمی عوسمانیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١٩٠ بەدواوە.

(٢) عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردستاندا، چ٣، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٩–٢٧.

(٣) هـ.س، ل١٦٢ – ١٧٣؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی بەرهەمهێنانی نەوتی کێڵگەکانی پارێزگای کەرکوك بڕوانە: سلوی توفيق محمد، صناعة استخراج وتكرير النفط فی محافظة كركوك للمدة (١٩٧٣ – ٢٠٠٣)، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٠ – ٢٠٠١.

(٤) هاوڕێ یاسین محمد ئەمین، س.پ، ل٢٦٨.

بەڕۆژنامە نووسان نەدرابوو لەم بابەتە نزیك بكەونەوە[1]. هەر لەبەر ئەمەش بووە لەڕۆژنامەنووسی كوردیدا ئەو پیشەسازییە گرنگە پشتگوێ خرابوو، بەجۆرێك كە جگە لە بڕیاری خۆماڵیكردنی نەوتی عێراق لەحوزەیرانی ١٩٧٢ لەلایەن حكومەتەوە، كە وەكو دەستكەوتێكی گرنگی حیزبی بەعس لەڕۆژنامەكاندا باسی كراوە[2]، هیچ شتێكی دیكەی ئەوتۆی شایەنی ئاماژەبۆكردن بێت باسنەكراوە. سەبارت بە سێ سێكتەرە پیشەسازییەكەش، بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان دەكەین:

**سێكتەری پیشەسازییەكانی كەرستەی بیناسازی:** ئەم پیشەسازییانە لە كوردستاندا مێژوویەكی كۆنتریان هەبووە بەبەراورد بەپیشەسازییەكانی تر. ئەمەش بەهۆی دەوڵەمەندی ناوچەكە بەكەرستەكانی ئەو پیشەسازییە و پێویستی پێیان بۆ پڕۆژەكانی ئاوەدانكردنەوە لەعێراق و ناوچەكەدا. سەرەڕای ئەمەش دەبینین ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی كوردی لەوماوەیەدا بەشێوەیەكی گشتی كەمبووە لەخستنە ڕووی تەواوی كارگەكانی ئەو سێكتەرەی پیشەسازی، لەڕووی گرنگییان و بارودۆخیان و تواناكانی بەرهەم هێنانیان. دیارە ئەوەش بەهۆی كەمتەرخەمی بەشێك لە ڕۆژنامەنووسەكانەوە بووە[3].

كارگەی چیمەنتۆی سەرچنار وەكو یەكەم كارگەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لەكوردستاندا، لەساڵی ١٩٥٧ دەستی بە بەرهەمهێنان كردبوو. كەچی دەبینین گۆڤاری(زانكۆ) بەشێوەیەكی ناڕاستەخۆ هەندێك زانیاری لەبارەیەوە داوە، بەوەی كە كارگەكە توانای بەرهەمهێنانی (٣٥٠) تەن بووە لەڕۆژێكداو نزیكەی (٥١٩) كرێكار كاری تێدا كردووە[4]. ڕۆژنامەی(هاوكاری)ش لە یەك ژمارەیدا ئاماژەی بەوە داوە كە لەساڵانی دواتر بەهۆی زۆربوونی پێویستی چیمەنتۆ بۆ پڕۆسەی ئاوەدانكردنەوەی عێراق بە گشتی و كوردستان بەتایبەتی، كارگەكە كوورەیەكی دیكەی بۆ زیادكراوە لەگەڵ دەزگایەكی چاككردنەوەی ئامێرەكان. بەمەش ڕێژەی بەرهەمهێنانی لەساڵی ١٩٨٤ گەیشتە (٢٥٥٦٠٤)تەن چیمەنتۆ[5]. شایەنی باسە ئەم كارگەیە بەپێی یاسای ژمارە (٩٠)ی ساڵی ١٩٧٠ی دامەزراوەكان، ناونرا بە (كۆمپانیای گشتی چیمەنتۆ لەسەرچنار)، سەر بە دامەزراوەی گشتی بیناسازی بوو. لەساڵی ١٩٨٦دا بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران بۆ ماوەیەك كارگەكە لەكار كەوت و حكومەت بەشێك لە ئامێرەكانی گواستەوە بۆ كارگەی چیمەنتۆی بادۆش لەموسڵ. هەروەها لە كانوونی دووەمی ساڵی١٩٨٧ بە پێی بڕیارێكی وەزارەتی پیشەسازی عێراق كەوتەوە كار، بەو پێیەی كارگەكە دەبێت بودجەی خۆی هەبێت ئەویش تەنها بە ئیشپێكردنی. دواتر لە ڕۆژی ١٩٩٠/٨/١ بۆجاری دووەم داخرایەوە حكومەت بەیانێكی بڵاوكردەوە گوایە

---

[1] چاو پێكەوتن لەگەل شێرزاد عەبدولڕەحمان، هەولێر، ٢٠١٥/٤/١٣. ناوبراو لەسالی ١٩٥٨ لە هەولێر لەدایك بووە، بەشی مێژووی كۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغدای تەواو كردووە، لەسالانی حەفتاوە لە بواری ڕۆژنامەوانی كاری كردووە، پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوكاری) بووە لە هەولێر، ئیستاش بەڕێوبەری نووسینە لە ڕۆژنامەی (هەولێر).

[2] بۆ نموونە بڕوانە: كامەران ئەحمەد، شۆڕشی ١٧ – ٣٠ی گەلاوێژ و بەدیهێنانی ئامانجەكانی گەلی عێراق، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٤)، حوزەیرانی ١٩٨٧، ل٢٦؛ بۆ زانیاری لەبارەی یاسای خۆمالیكردنی نەوت بڕوانە: قانون تأميم عمليات شركة نفط العراق المحدودة رقم ٦٩ لسنة ١٩٧٢ لە: محسن الموسوى، النفط العراقي دراسة وثائقية من منح الامتياز حتى التأميم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٣، ص ص ١٢٩– ١٣٢.

[3] چاوپێكەوتن لەگەل شێرزاد عەبدەلڕەحمان، هەولێر، ٢٠١٥/٤/١٣.

[4] عبد علي حسن الخفاف، التركيب الوظيفي لمدينة السليمانية الكبرى، مجله(زانكۆ)، مج(٣)، ع(٢)، سنه ١٩٧٧، ص٤٧ – ٤٨.

[5] ئازاد، هەڵمەتی نیشتیمانی زیادكردنی بەرهەم لەكارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژ(٧٥٢)، ١٩٨٤/٨/٣٠، ل٦.

**داخستنی کارگەکە بەهۆی پیسبوونی ژینگەی ناوچەکەوە بووە، بەتایبەت کە ناوچەیەکی گەشت و گوزارە[(١)]. ئەمانە لەڕۆژنامەوانی ماوەی دیاریکراودا باسنەکراوە.**

**کارگەیەکی وەکو(کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە)، کە بەیەکێك لە گەورەترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لە عێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دادەنرا، بەلاَم لەڕۆژنامەکاندا شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە. شایەنی باسە ئەم کارگەیە لە نیسانی ١٩٨١ لەلایەن کۆمپانیای (کروپ پۆلایسس- Krup Polysius)ی ئەلمانیەوە دامەزرێندرا. لەساڵی ١٩٨٤یش بەشێوەیەکی کرداری دەستی بە بەرهەمهێنان کرد، توانای ڕەنگرێشکراوی دەگەیشتە (٢) ملیۆن تەن لەساڵێدا، نزیکەی (١٢٠٠) کرێکار کاریان تێدا دەکرد. لەساڵی ١٩٨٤ کارگەیەکی دیکەی بەرهەمهێنانی چیمەنتۆ لەناحیەی لەیلان لەپارێزگای کەرکوك دامەزرێندرا، بەتوانای بەرهەمهێنانی (٢)ملیۆن تەن چیمەنتۆ لەساڵێکدا، کە (١١٩٢) کرێکار کاریان تێدادەکرد[(٢)]. ئەمەش یەکێکی دیکە بووە لەو کارگانەی کە ڕۆژنامەنووسی کوردی بایەخی پێنەداوە.**

**هەروەها لەڕووی کەرەستەی بیناسازییەوە، دوو کارگەی سەرەکی بڕینی بەرد لەناوچەکەدا دامەزرێندرابوون. یەکیان کارگەی مەڕمەڕی هەولێر بوو، کە گۆڤاری(نەورۆزی عێراق) لەبارەیەوە نووسیویەتی: لەناوچەی پیشەسازی باکووری شارەکەدا لەساڵی ١٩٦٩ دامەزراوە. لەسەرەتادا بەناوی (معمل كاشي وكسارات گلالة) دەستی بەکارکردن کرد، دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ بوو بە کارگەی مەڕمەڕی هەولێر[(٣)]. وەکو لقێکی سەرەکی، کارگەکانی بەردی پێنجوێن و سەید سادق لەپارێزگای سلێمانی و سەلاحەددین و گەلاڵە و دیانا و مێرگەسۆری لەپارێزگای هەولێر لەخۆدەگرت[(٤)]. ئەم کارگەیە بەشێکی گەورەی پێداویستیەکانی ناوچەکەی لەکاشی و موزایك و مەڕمەڕ بەرهەم دەهێنا. بەرزترین ئاستی بەرهەمهێنانی لەساڵی ١٩٨٩دا بوو، گەیشتە (٦٠٨٨٨)م٢[(٥)].**

**ئەوی تریان کارگەی بەرد بڕینی سەرچنار بوو لە سلێمانی، کە لەکانوونی دووەمی ١٩٨٢ دەستی بەکارکردن کرد. لەبارەیەوە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا هاتووە "یەکێکە لەو سێ کارگە تایبەت کارانەی لەعێراقدا بەرد بەرهەم ئەهێنن، لەم کارگەیەدا بەردی ئاسایی خانوو، بەردی مەڕمەڕ، کە لە شوێنە نزیکەکانی ناوچەی سلێمانی و شاخەکانەوە دەرئەهێنرێ، بەکار دەهێنرێ". کارگەکە بە دوو قۆناغ بەرهەمی دەهێنا؛ قۆناغی یەکەم هێنانی تاشە بەردەکان بوو لەناوچە شاخاویەکانی قەلادزێ و سەیدسادق و قەرەداخ و دەربەندیخان و ماوەت و بازیان. قۆناغی دووەم بەگوێرەی پێویستی و داواکراو پێوانەی دەردەهێنا، کە لەبڕی خشت و کەرستەی تر بەکاردەهێنران. بەهۆی پتەوی و تۆکمەییەکەیانەوە داواکاری زۆریان لەسەربووە، بەتایبەت مەڕمەڕی زبر[(٦)]. لە ژمارەیەکی دیکەی ڕۆژنامەی ناوبراو ئەوە دووپاتکراوەتەوە، کە گەورەترین کارگەی بەردبووە لەناوچەکەدا، بەجۆرێك خواستی زۆربەی پڕۆژەکانی**

---

(١) شالاَو جەعفەر، کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار، سلێمانی (گۆڤارێکی مانکانەیە سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی دەریدەکات)، ژ(٣٢)، ئاداری ٢٠٠٣، ل١٩.

(٢) محمد شاكر محمود، الصناعات الانشائية في محافظة السليمانية، أطروحة دكتوراه، كلية الآداب، جامعة بغداد، ٢٠١٠م، ص ص١١٤-١٢٦

(٣) شركة گلالة لأنتاج الكاشي، مجلة (نەورۆزی عێراق- نوروز العراق)، ع(٣)، نیسانی ١٩٨٧، ص٦٨.

(٤) اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة أربيل، م. س ، ص١١٨.

(٥) کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، س.پ، ل٢١٩.

(٦) نووسینگەی سلێمانی، کارگەی بەردبڕین لەسەرچنار، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٧٠)، ١٩٨٥/١/٣، ل١٨.

**حکومەتی پڕ کردۆتەوە، بەڵام لەوەرزی زستاندا بەهۆی نالەباری کەش و هەوای پارێزگاکە، کە دەبووە هۆی بەستنی ئاوی کارگەکە هەندێك جار پەکی دەکەوت[(١)]. جگە لەو دوو کارگەیە، ژمارەیەك کارگەی دیکەی کەرتی تایبەتی بەرهەمهێنانی گەچ و کەرستە بەردییەکانی وەکو کاشی و موزایك و مەڕمەڕ و بەردی حەلان، لە ناوچەکەدا هەبوون. بەرهەمی ساڵانەیان بەشێوەیەکی بەردەوام دەگەیشتە (١٢٥٠٠)م٢. هەندێ کارگەی تری هاوشێوەش، کە لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هەبوون، زۆربەی ماددە خاوەکانیان لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستانەوە، بۆ دابین دەکرا[(٢)]. گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی) ئاماژەی بە هەبوونی ژمارەیەك لەو کارگانە کردووە لەناوچەکانی: خورمال، هەلەبجە، سەیدسادق و سلێمانی[(٣)].**

**هەروەها چەندان کارگەی دیکەی کەرتی تایبەتی، وەکو خشتی سوورەوەکراو(کەرپوچ)، چەو و قوم، بلۆك و بەرهەمە کۆنکریتییەکان، هەبوون. لەڕۆژنامەوانی ماوەکەدا تەنها ناویان هاتووە بێئەوەی ئاماژە بە ژمارەیان و تواناکانی بەرهەمهێنانیان بکرێت. بۆنموونە گۆڤاری(ئابووری زان) باس لە دامەزراندنی کارگەکانی بەرهەمە کۆنکریتییەکان و خشتی سوورەوەکراو دەکات، کە لەساڵانی حەفتاکانەوە لە شاری هەولێر دامەزرێندرابوون[(٤)]. گۆڤاری(زانکۆ)ش ئاماژەی بە ژماریەك لە کارگەکانی بەرهەمە کۆنکریتیەکان و خشتی سوور و چەو و قومی کەرتی تایبەتی داوە لە پارێزگای سلێمانیدا، کە نزیکەی(١٦٦) کرێکاریان هەبووە[(٥)]. بەپێی ئاماژەی سەرچاوەیەك ئەو کارگانە توانیبوویان پێداویستییەکانی ناوەخۆ بەو بەرهەمانە پڕ بکەنەوە[(٦)].**

**سێکتەری پیشەسازییە خۆراکییەکان و خواردنەوە و جگەرە: بەرهەمەکانی شیرەمەنی و قوتوبەندی و ساردەمەنی و دانەوێڵە لێکردن و بسکویت و شەکر دروستکردن و شیرنەمەنی و پیشەسازی بەفر و ئاو و پیشەسازی تووتن و جگەرە و هیتری دەگرتەوە. لەبەرئەوەی پیشەسازییەکانی ئەو سێکتەرە بەقەبارەی دانیشتوان و داهاتی تاکەکەس و خێزانەوە بەستراوەتەوە، بۆیە بە بەردەوام لەگەشەسەندن دابووە، بەجۆرێك توانیبووی تاڕادەیەکی باش پێداویستیەکانی ناوەخۆ لەو بەرهەمانە دابین بکات. دیارە زۆربەی کارگەکانی ئەو پیشەسازییە سەربەکەرتی تایبەتی بوونە، وەکو دانەوێڵە لێکردن و بەفر و بسکویت. لەگەڵ ئەوەشدا کارگەی گەورەی خۆراکی هەبوو سەربەحکومەت بوون[(٧)]. لەبەر زۆری ژمارەی ئەو پیشەسازیانە تەنها گرنگترینیان باس دەکەین:**

**کارگەی تەحینی دهۆك لە کۆنترین کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی پارێزگاکە بوو، کە دەگەڕاوە بۆ ساڵی ١٩٠٠. دیارە لەبەر کۆنی و گرنگی کارگەکە ڕۆژنامەنووسان بایەخیان پێداوە و زانیاری گرنگیان**

---

[(١)] نووسینگەی سلێمانی، کارگەی بەردەکان لەسلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٨١)، ١٩٨٣/٣/٣١، ل٨.

[(٢)] وزارة التجارة، مديرية البحوث والاحصاء، دراسة اقتصادية عن المواد الانشائية فى العراق(کاشى الموزائيك، حجر الحلان، الجص والبوروك)، اعداد: شاکی ماردیروس ماکوبیان، د.م، ١٩٧٩، ص ص٦-٨.

[(٣)] الاجتماع الخامس لمجلس التشريعي، مجلة(ئۆتۆنۆمی- الحكم الذاتى)، ع(٥)، س٦، ١٩٨١، ص٤٧.

[(٤)] نزار جرجیس، واقیعی پیشەسازی لە کوردستاندا و ئاسۆی گەشەکردنی، گۆڤاری (ئابووری زان)، ژ(٢)، ١٩٨١، ل١٠٣-١٠٤.

[(٥)] عبد علي حسن الخفاف، التركيب الوظيفي لمدينة السليمانية الكبرى، م.س، ص٤٤-٧٢.

[(٦)] محمد شاكر محمود، م.س، ص١٣٣-١٤٧.

[(٧)] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، س.پ، ل٢١٢.

**لەبارەوە نووسیووە. بەوەی کە کارگەیەکی کەرتی تایبەتی بووەو (مسعود أحمد حمرکۆ) خاوەنی بووە، لەساڵی ١٩٨٠ فراوانکراوە و زیاتر لە (٨) کرێکار کاریان تێدا کردووە. لەڕۆژێکدا (١) تەن کونجی کردووە بە تەحین(ڕاشی). توانیبووی جگە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی شارەکە بەو بەرهەمە، بەشێکیشی ڕەوانەی پارێزگاکانی دیکەی عێراق بکات، لەوانە موسڵ و بەغدا و بەسرە[1].**

**یەکێکی تر لەکارگە گرنگەکانی پیشەسازی خۆراك، کارگەی شەکری سلێمانی بوو. بڵاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار) لەبارەی ئەم کارگەوە نووسیویەتی: لە ساڵی ١٩٦٩ لەلایەن کۆمپانیایەکی بەلجیکی نەخشەی بۆ کێشرا، دواتر لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئیسپانی گرێبەستی جێبەجێکردنی بۆ کرا، بەڵام بەهۆی مایەپووچبوونی کۆمپانیاکە و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی سیاسی عێراق تەواو نەکرا. تاوەکو دواتر دامەزراوەی گشتی پیشەسازییە خۆراکیەکان و کیمیاویەکان (المؤسسة العامة للصناعات الغذائية و الكيمياوية) لە وەزارەتی پیشەسازی عێراق پرۆژەکەی تەواو کردووە. لەحوزەیرانی ١٩٧٦ کەوتە بەرهەمهێنان لەژێر ناوی (کۆمپانیای گشتی شەکری سلێمانی)، بەرهەمی ساڵی ١٩٧٧ی (٤٥)هەزار تەن شەکری سپی بوو. لە کارگەکەدا نزیکەی (٨٠٠) کرێکاری پیاو و ئافرەت کاریان دەکرد. کارگەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە چەوەندەرە بەرهەمهێنراوەکانی ناوچەی شارەزوور و ڕانیە دەبەست. بڵاوکراوەکە ئاماژەی بەوەشداوە بۆ پێشخستنی چاندنی چەوەندەر، کارگەکە (٣) مەڵبەندی ڕێنمایی کردنی لە(سەید سادق و ڕانیە و حەویجە) کردبۆوە، کە هەموو پێداویستیەکی چاندنی چەوەندەری بۆ جوتیارەکان دەگەیاند. چونکە جوتیارەکان بەشێوەیەکی گشتی شارەزاییان لەچاندنی چەوەندەر نەبوو. کارگەکە پێداویستی شەکری بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و کەرکوك و دیالە تەواو دەکرد. نەخشەی زیادکردنی بەرهەمی بۆ کێشرا بەئەندازەی (٨٠)هەزار تەن لە ساڵێکدا بۆ ئەوەی پێداویستی شەکری پارێزگای هەولێریش دابین بکات[2]. بەڵام لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێران بەهۆی پێویستی حکومەت بەپیاوان بۆ سەربازی و زیانە ئابوورییەکانی ئەو جەنگە، بەرهەمی کارگەکە زۆر لە کەمیدا[3].**

**کارگەی سپیاتی هەولێر(معمل البان أربيل)یی، بەپێی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان لە گرنگترین کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی کەرتی گشتی بووە لەناوچەکەدا. لەساڵی ١٩٧٢ دەست بەدامەزراندنی کرا بەگوژمەی (٢)ملیۆن دینار[4]. ئەو پەڕی بەرهەمی کارگەکە ساڵی ١٩٨٥بوو، کە (٤)هەزار تەن لەماست و شیری بەرهەمهێنا. بەشی زۆری بەرهەمەکەشی بۆ سەربازانی عێراقی، بەرەکانی شەڕی عێراق و ئێران دەنێردرا[5].**

---

[1] رمضان عیسی، چێکرنا تەحینێ ل دهۆکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٨٣)، ١٩٨٣/٤/٧، ل٦؛ فیصل محمد، کارگەها دهوکێ یا تەحینێ، ڕۆژنامەی (بزاڤ)، ژ(٢٥)، ١٩٩٠/١/١٦، ل٦.

[2] جموجۆڵی کرێکاران لەشارەکەماندا، ڕەنجی کرێکار (بڵاوکراوە)، سلێمانی، ژ(٤)، س٢، ١٩٧٨، ل٢١ — ٢٥.

[3] محمد کریم محمد، کارگەی شەکری سلێمانی، ئابووری (وەرزە گۆڤارێکی زانستی و ئەکادیمیە کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئابووریناسان و ژمێریارانی کوردستان دەری دەکا)، ژ(١)، س١، ١٩٩٩، ل٣٤.

[4] نزار جرجیس، واقیعی پیشەسازی لە کوردستاندا و ئاسۆی گەشەکردنی، س.پ، ل١٠٣؛ المنشأة العامة لمنتوجات الآلبان، مجلة (نەورۆزی عێراق– نوروز العراق)، جزء(١٢)، سنة١٩٩٠، ص٦٨.

[5] اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة أربيل، م.س، ص١١٣.

کارگەی بەقوتوکردنی خواردەمەنی دهۆك (معمل تعليب دهوك للمواد الغذائية) لەگەورەترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاوەتەماتە (دۆشاوی تەماتە)بوو لەعێراقدا. لەنێو سەرجەم کارگەکاندا لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا زۆرترین بابەتی لەبارەوە نووسراوە. ئەم کارگەیە وەکو کارگەیەکی میری لەساڵی ١٩٧٧ سەرەتا بە بەرهەمهێنانی ئاوەتەماتە دەستیپێکرد، بە توانای (٢٠٠ تا ٢٥٠)تەن لەڕۆژێکدا[١]. زیاتر لە (٣٠٠) کرێکار کاریان تێدا دەکرد. لەساڵانی هەشتاکان کرا بەدوو بەشی سەرەکی؛ بەشێکی بۆ دروستکردنی ئاوەتەماتە بە توانای (٤٠) تەن لەڕۆژێکدا. بەشی دووەمی بۆ دروستکردنی دۆشاوی میوە (مربى الفواكه) بەتوانای (١٢٠٠) تەن لەساڵێکدا. هەوڵدرا بۆ ئەوەی بەشی سێیەمیشی بکرێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی خواردنەوە گازیەکان[٢]، بەڵام بەهۆی هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران و کەمبوونەوەی دەستی کار بەهۆی بەسەربازیکرنی(ئیلزامی) گەنجان بۆ بەرەکانی جەنگ، نەکرایەوە. تەنانەت کەمبوونەوەی ژمارەی کرێکار لەگرنگترین گرفتەکانی کارگەکە بوو لەساڵانی جەنگدا، بۆیە ژمارەیەك کرێکاری بە ئەزموونیان لەکارگەی شەکری سلێمانی وەرگرتبوو[٣]. بەپێی ڕاپۆرتێکی بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو کارگەیە بۆ سەربازانی عێراقی لە جەنگەکەدا ڕەوانەدەکرا و بەشێکیشی بۆ پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك دەنێردرا[٤]. هەروەها لەڕاپۆرتێکی پڕۆژە پیشەسازییەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی) خستوویەتەڕوو، باس لەکارگەیەکی تری قوتوبەندکردن کراوە لە پارێزگای هەولێر، ئەویش کارگەی قوتوبەندی شارۆچکەی هەریرە، کە لەکۆتایی ساڵانی حەفتا بە شێوەیەکی فەرمی کەوتبووە کار، بۆ بەرهەمهێنانی مورەبا و میوە پارێزراوەکان و گوشراوی میوەو سرکە. توانای ڕەنگرێشکراوی کارگەکە ملیۆنەك و (١٥٠)هەزار بوتل ئاوی میوە و (٤)تەن میوەی پارێزراو و مورەبا بوو، لەساڵێکدا[٥].

لەبواری خواردنەوەدا، (کارگەی ئاوی گازی و کانزایی لەبانی خێڵان) هەروەکو لە(بلاوکراوەی ڕۆژی پارێزگای سلێمانی) دا هاتووە، یەکێك بووە لەپڕۆژە گرنگەکانی پارێزگاکە. لە ١٩٨٣/٧/٣٠ بە دوو هێڵی بەرهەمهێنان دەستیبەکارکردن کرد؛ یەکەمیان بۆ بەرهەمهێنانی بیبسی کۆلا، دووەمیان بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی بوو. توانای بەرهەمهێنانی (٢١)ملیۆن شوشە ئاوی کانزایی و (١)ملیۆن شوشە بیبسی کۆلا بوو لەساڵێکدا. کە (٢٧٥)کرێکار و فەرمانبەری هەبوو[٦]. لە ساڵی ١٩٨٨ بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران، حکومەت تێکڕای ئامێرە بەرهەمهێنەرەکانی کشاندەوە بۆ بەغدا. دوای وەستانی جەنگەکە، دووبارە لەساڵی ١٩٨٩دا کارگەکە تەنها بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی نوژەنکرایەوە. ئەو پەڕی توانای

---

(١) أنور محمد طاهر، کارگەی میوە خستنە قوتو لەدهۆك، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٢١)، ١٩٨٢/١/٢١، ل٥؛ زیاد بوونی بەرهەمی کارگەی نێو قوتو خستنی دهۆك، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٥٩٥)، ١٩٨١/٧/٩، ل٢؛ وصفی حسن، هاوکاری لکارگەها ڤەگرتنێ و سازکردنا خواردەمەنیا لدهوکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٣٦)، ١٩٨٩/١٢/١٨، ل٥.

(٢) رمضان عیسی، کارخانێن ڤەگرتنی ل دهۆکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٧٧)، ١٩٨٣/٢/٣، ل٥.

(٣) ذکریات محمد حسن، کارگەی بەقتوکردن لە دهۆك، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٨٢)، ١٩٨٨/٦/١٣، ل٤.

(٤) جسیم ابراهیم دۆسکی، هاوکاری ل کارگەها داگرتنێ ل دهۆکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٢٩)، ١٩٨٦/٢/٢٧، ل٩.

(٥) أخبار منطقة الحكم الذاتي، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(٣)، س٤، ١٩٧٩، ل١٦.

(٦) اللجنة الاعلامية لمهرجان يوم محافظة السليمانية، م.س، ص٩٩.

بەرهەمهێنانی لەساڵی ١٩٩٠دا بوو، گەیشتە (١٦,٩٨٣,٤٦٠) شوشە ئاوی کانزایی[١]. هەروەها لە شاری کەرکوکیش لەساڵانی حەفتاکانەوە کارگەیەکی بیبسی کۆکا کۆلا، هاتبووە دامەزراندن. کە بەشێکی گەورەی پێداویستی خواردنەوە گازییەکانی پارێزگاکەو شارەکانی تری دابیندەکرد[٢]. بەڵام لەڕۆژنامەکاندا باسینەکراوە.

هەروەها بەهۆی بەرزی ڕێژەی بەرهەمهێنانی تووتن لە کوردستاندا وەکو لەبەشەکانی پێشوو ئاماژەمان پێدا، حکومەت ژمارەیەك کارگەی بەرهەمهێنانی جگەرە و پوختەکردن و ترشاندنی تووتنی لە کوردستان دامەزراندبوو؛ کە ببوونە سەرچاوەی بژێوی ژیان و گوزەرانی جوتیاران و زۆرێك لە هاونیشتمانیان. حکومەتیش قازانج و دەسکەوتی زۆری لێ بەدەست دەهێنا، بۆیەش لەڕۆژنامەکاندا گرنگی زۆریان پێدراوە. لەوانە کارگەکانی جگەرە و پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی. لەسەردانێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوکاری) بۆ کارگەکە، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەبارەوە نووسراوە، کە بریتی بووە لە دوو کارگە؛ یەکەمیان بۆ دروستکردنی جگەرە، دووەمیان بۆ پوختەکردنی تووتن بوو. دەستکردن بەدامەزراندنی کارگەکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٦ لەلایەن (فەرمانگەی ئینحساری تووتن) لەوەزارەتی دارایی عێراق. پاش جێبەجێکردنی، پرۆژەکەش خرایە سەر وەزارەتی پیشەسازی. لەئەیلولی ١٩٦١ دەستی بە بەرهەمهێنان کرد و ڕۆژانە بەیەك نۆرەی کارکردن (٨ کاتژمێر لەڕۆژێکدا) (٣)ملیۆن و نیو جگەرەی ئاسایی بێ فیلتەری بەرهەم دەهێنا، بەناوی جگەرەی (جمهورية). لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە لەساڵی ١٩٧٦ دوای بەدەستهێنانی شارەزایی و ئەزموون، دەرکەوت ئەوەندە جگەرە بێ فلتەرە پەسەند ناکرێ، بۆیە بیر لە هێنانی ئامێری نوێ کرایەوە، بۆ بەرهەمهێنانی جگەرەی فیلتەردار. بەوەش توانرا لەساڵی ١٩٧٨دا ڕۆژانە (٧٠) هەزار گلۆس[٣] جگەرەی فیلتەردار بخرێتە بازارەوە، بەدوو نۆرەی کارکردن(١٦ کاتژمێر لەڕۆژێکدا). لەساڵی ١٩٨٢ ئامێری نوێتر هێنران و جۆری جگەرەی (سومر) و (بغداد)ی بەرهەم دەهێنا. لەو کارگەیەدا نزیکەی (٩٠٠) کرێکار کاری تێدا دەکرد. کارگەی پوختەکردنی تووتنەکەش کە لەساڵی١٩٧٠ەوە دەستی بەکارکردن کردبوو، نزیکەی (١٣٠٠) کرێکار کاریان تێدا دەکرد[٤].

(کارگەی جگەرەی نیشتمانی هەولێر) یش، بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لەگرنگترین کارگەکانی دروستکردنی جگەرە بووە لەباشووری کوردستاندا. لەساڵی ١٩٧٣ بەتوانای (١٠)ملیۆن جگەرە لەڕۆژێکدا دەستی بە بەرهەمهێنانی ئەزموونکاری کرد. لەساڵانی هەشتاکان دوای نوێکردنەوە و هێنانی ئامێری نوێ، توانای بەرهەمهێنانی گەیشتە (٥,٤)ملیار جگەرە لەڕۆژێکدا[٥].

---

[١] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، س.پ، ل٢١٣.

[٢] الدكتور عبد خليل فيصل، الدكتور أحمد حبيب رسول، جغرافية العراق الصناعية، مطبعة جامعة الموصل، الموصل، د.ت، ص١٨٨-١٨٩.

[٣] هەر گلۆسێك (١٠) پاکەتی (٢٠) جگەرەیی تێدابوو، واتە دەکاتە (٢٠٠) جگەرە.

[٤] فریا، کرێکارانی سلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧١١)، ١٩٨٣/١١/١٠، ل٥.

[٥] شێرزاد عبدالرحمن، ئەم کۆمپانیا پێشکەوتووە (ڕاپۆرت)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٥٩)، ١٩٨٦/١٠/٢٢، ل٩.

جگە لەو کارگانە چەندین کارگەی دیکەی پوختەکردن و ترشاندنی تووتن هەبوو، بۆ دابینکردنی تووتنی ئامادەکراو بۆ کارگەکانی دروستکردنی جگەرە. کارگەی پوختەکردنی تووتن لەکۆیە یەکێك بوو لەوکارگانە، کە لەساڵی ١٩٧٤ دامەزرابوو، (١٧٩)کرێکاری هەبوو[١]. ڕۆژانە (٣ – ٥)تەن تووتنی پوختەدەکرد[٢]. هەندێك لەو کارگانە لە ڕۆژنامەکاندا باسیانکرابوو، وەکو کارگەی پوختەکردنی تووتن لە هەڵەبجە، لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا ئەوە نیشاندراوە، کە لەساڵی ١٩٨٠ دەستی بە بەرهەمهێنان کردووە. نزیکەی (٢١٠)کرێکار و فەرمانبەری هەبوو، ڕۆژانە (٧) تەن تووتنی پاك دەکردەوە[٣]. کارگەی ترشاندنی پیشەسازی تووتن لە سلێمانی بەپێی زانیارییەکانی ژمارەیەکی دیکەی هەمان ڕۆژنامە، لەئایاری ١٩٨٨ دا بە توانای بەرهەمهێنانی (١١) تەن تووتن لەساڵێکدا، دامەزرێندرابوو. بەرهەمی ئەو کارگانە کە بریتی بوون لەتووتنی ئامادەکراو، بۆ کارگەکانی دروستکردنی جگەرەی سلێمانی و هەولێر و بەغدا، ڕەوانە دەکران[٤].

بەشێوەیەکی گشتی پیشەسازی تووتن ساڵانە بڕی (٦٥) ملیۆن دینار داهاتی هەبوو بۆ حکومەتی عێراق. کە نزیکەی (٣٦٤٩) کارکەر کاریان تێدا دەکرد. کۆی بەرهەمهێنانەکانی سەرجەم کارگەکانی جگەرە لەعێراق لەساڵی ١٩٨٩دا، ( ١٠٨٩٨٠)ملیۆن گلۆس جگەرە بوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی (١٦٪)ی دانیشتوانی عێراق جگەرە کێش بوونە، بۆیە تەنها بەشی (٩١٪)ی دانیشتوانی عێراقی کردووە. بڕی (٩٪)ی لەدەرەوە هاوردە دەکرا، بۆ ئەمەش عێراق پێویستی بە بڕی (٢٠٦١٠٠٠) کارتۆن[٥] جگەرە هەبوو. دەبێت ئەوەش بڵێین کە سەرجەم کارگەکانی بەرهەمهێنانی جگەرە، سەر بە (المنشأة العامة للدخان الوطنية)بوون، کە لەساڵی ١٩٦٤ەوە دامەزرابوو[٦].

**سێکتەری پیشەسازیەکانی چنین و جل و بەرگ:** لەو بارەیەوە ڕۆژنامەکان ئاماژە بە سێ کارگەی کەرتی گشتی دەکەن، لەلایەن حکومەتەوە دامەزرابوون؛ ئەوانیش کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر، کارگەی بەرهەمهێنانی شاڵ و شەپکی کوردی دهۆك، کارگەی جل و بەرگی ئامادەکراو لە سلێمانی، بوون.

سەبارەت بە کارگەی ڕستن وچنینی هەولێر، لەگرنگترین کارگەکانی چنینی خووری بوو لەکوردستاندا. لە دوو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا بەوردی باسیکراوە. لەڕاپۆرتی یەکەمیاندا هاتووە، لەنیسانی ١٩٧٥ بەگوژمەی (١٦)ملیۆن دینار دەست بەدروستکردنی کرا. لە ١٩٨٠/١/١ بەپێی پرۆتۆکولێکی نێوان عێراق و چین (٢٩) کرێکاری پیاو ئافرەت هاتنە کۆمپانیاکەو لەگەڵ کرێکارانی خۆماڵی، بەئامێری پێشکەوتوو توانای ئەزموونکاری (١١١١)م٢ لەساڵێکدا دەستی بە بەرهەمهێنان کرد. توانرا سەرکەوتووانە زیاتر لەم بڕە دیاریکراوە بەرهەم بهێنرێت، لەساڵی١٩٨١دا (١٢٩١)م٢ ی

---

(١) کامەران تاهیر سەعید، قەزای کۆیە (لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای هەرێمی)، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢١٤–٢١٧.

(٢) نەوزادی موهەندیس، س.پ، ل١٧٥.

(٣) ئیبراهیم هەورامانی، کارگەی پاکژکردنەوەی تووتن لە هەڵەبجە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٨٥)، ١٩٨٥/٤/١٨، ل٦.

(٤) ئازاد، پرۆژەی ترشاندنی پیشەسازی تووتن لە سلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٧٣)، ١٩٨٨/٥/٩، ل٦.

(٥) کارتۆنێك (٥٠) گلۆسی تێدابوو.

(٦) نەوزادی موهەندیس، س.پ، ل ل٩٨– ١٧٦.

بەرهەمهێنا[1]. ڕۆژنامەی ناوبراو لەڕاپۆرتی دووەمیدا دەربارەی جۆری بەرهەم و بەشەکانی کارگەکە نووسیویەتی: "بریتی یە لە (٥) بەشی سەرەکی: ڕستن، چنین، تەواوکردن، ئەندازە و خزمەت، کۆنترۆڵی بەرهەم، کە دەورێکی باڵای هەیە بۆ کۆنترۆل و نەهێشتنی هەڵەو ناتەواوی لە جۆری بەرهەم دا". بەشی زۆری بەرهەمەکانیشی کوتاڵی زستانە و هاوینەی پیاوان بوو، لەپێکهاتەی تێکەڵ و (٤٥٪) خوری و پۆلستەریش بە (٥٥٪)، جۆرێکی نایابیشی بەرهەم دەهێنا (١٠٠٪) خوری بوو. ئاماژەشی بەوەداوە لەبەر کەمی ڕێژەی خوری ناوەخۆ بەشێکی زۆری لەوڵاتی ئوستralیاوە بۆ دابین دەکرا. زۆربەی کوتاڵە بەرهەمهێنراوەکانی دابەشی سەر کۆمپانیاکانی دروونی جل و بەرگ لەعێراق دەکرا، بەشێکیشی لەبازاڕەکاندا دەفرۆشران[2]. هەروەها لە ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لەبارەیەوە گوتراوە: "ڕوویەکی گەشی پێشکەوتنی پیشەسازییە لە کوردستان و جێی شانازیمانە کە[جێی متمانەی]چاکی و باشی بەرهەمی جل و بەرگی زستانەو هاوینەیە بەهەردوو جۆری پیاوانەو تاڕاددەیەکیش ژنانە"[3].

کارگەی جل و بەرگی یان شاڵ و شەپکی کوردی دهۆک، لەڕۆژنامەکاندا بەناونیشانی جیاواز ناوی هاتووە، بەڵام ڕاستر وایە بڵێین (کارگەی شاڵ و شەپکی کوردی)، چونکە تەنها کوتاڵی کوردی پیاوانەی بەرهەم هێناوە و زیاتریش بەو ناوە هاتووە[4]. کارگەکە لەساڵی ١٩٨٣ بەگوژمەی (٣٧٥٠٠٠)دینار لەشاری دهۆک هاتبووە دروستکردن. یەکەم کارگەی میری جل و بەرگی کوردی بوو، لەساڵی ١٩٨٤ بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بە بەرهەمهێنان کرد. نزیکەی (١٥٣) کرێکار و (٣٣) فەرمانبەر کاریان تێدادەکرد. کوتاڵەکانی ئەو کارگەیە لەجۆری شاڵ و شەپك بەڕێژەی (١٠٠٪) مەرەز و کوتاڵی چۆغەرو چاکەتی پیاوانەی لەپەرۆکی سوف بەرهەم دەهێنا[5]. نرخی یەك شاڵ و شەپکی کارگەکە لەچاکترین جۆری کوتاڵ لە (٦٥)دینار تێپەڕی نەدەکرد. ڕۆژنامەی(هاوکاری) لەبارەی هۆکاری دروستکردنی کارگەکە نووسیویەتی: "لەبەرئەوەی پێش دروستکردنی ئەوکارگەیە ئەوانەی جل و بەرگی کوردیان لەبەردەکرد دەچەوسێنرانەوە". ڕێژەی بەرهەمی ئەو کارگەیە لەساڵی یەکەمیدا (٢٧٥٧١)م٢ کوتاڵ بوو[6].

هەرچی کارگەی جل و بەرگی ئامادەکراوی سلێمانی بوو، ئەوا بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی(ئاسۆ) کە لە ئەنجامی سەردانێکی مەیدانی بۆکارگەکە ئامادەکراوە، دەردەکەوێت لەساڵی ١٩٨١ لەسەر ڕووبەری (٦٠٠٠)م$^2$ دامەزرێندراوە و لەشەش بەشی سەرەکی پێك هاتووە؛ ئەوانیش (نەخشەدانان، وێنەگرتن، بڕین، دروون، ئوتوکردن، فرۆشتن و خستنە بازاڕ)بوون. شێوازی هەمەڕەنگ لەمۆدێل و ئەو شێوازانەی خواستی هاووڵاتیانی لەسەربوو بەرهەمی دەهێنا، لەجل و بەرگی منداڵان و ئافرەتان و پیاوان[7]. ڕۆژنامەی(هاوکاری)یش دووپاتی کردۆتەوە. هەروەها نووسیویەتی لەبەرئەوەی زیاتر جل و بەرگی

---

[1] ناظم دلبەند، لەکۆمپانیای گشتی ڕستن و چنین لەهەولێر، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٣٠)، ١٩٨٦/٣/٦، ل٥ — ١١.

[2] شێرزاد عبدالرحمن، کۆشش و بەرهەم لەم کارگەیەدا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٨٩)، ١٩٨٥/٥/١٦، ل٤.

[3] پەیامنێری ئاسۆ لە هەولێر، ئاسۆ سەر لەکارگەی چنینی هەولێر دەدات، ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، ژ(٢٠)، ١٩٨٩/١٢/٩، ل٢.

[4] نزار محمد سعيد، صناعة الشل و الشبك، جريدة (دهوك)، ع(٢)، ١٩٨٨/٥/٢٧، ص٥؛ دهۆك نیشانەی دیاری بەرهەمهێنانی چاك لەکارگەی بەرهەمهێنانی کوتاڵی کوردی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٧٥)، ١٩٨٥/٢/٧، ل٢.

[5] نووسینگەی دهۆك، ڤەکۆلینەك ل سەر کارگەها دهوك یا پەڕۆکا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٧٠)، ١٩٨٥/١/١٣، ل٣ — ١١.

[6] دهۆك نیشانەی دیاری بەرهەمهێنانی چاك لەکارگەی بەرهەمهێنانی کوتاڵی کوردی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٧٥)، ١٩٨٥/٢/٧، ل٢.

[7] شەهاب عوسمان، کارگەی جل و بەرگی ئامادەکراوی سلێمانی، ڕۆژنامەی (ئاسۆ)، ژ(٣٦)، ١٩٩٠/٣/٣١، ل٣.

ژنانەی وەکو (کۆستم، کراس، چاکەت، تەنورە، کراسی ئافرەتانی سك پڕ، کراسی شەوانە، پالتۆ و دەیان جۆری تری ژنانە)ی بەرهەم دەهێنا، بۆیە هەندێك جار بە "کارگەی جل و بەرگی ئافرەتان" ناوی هاتووە. توانای گشتی بەرهەمهێنانی کارگەکە دەگەیشتە (١١٠)هەزار پارچە جل و بەرگ لەساڵێکدا. ساڵی ١٩٨٦ (٩٥٪)ی ئەو ڕێژەیەی بەرهەمهێنا[(١)].

یەکێك لە کارگەکانی کەرتی تایبەتی کە دەتوانین لەو سێکتەرە پیشەسازییەدا باسی بکەین، (کارگەی نان)ە لە سلێمانی. لەبارەیەوە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا هاتووە، کارگەکە لەساڵی ١٩٨٠ دامەزرێندراوە، وەکو یەکەم کارگەی بەرهەمهێنانی دەستەسڕی کاغەز(کلێنکس) لە کوردستاندا. کارگەکە لە بنچینەدا بە(٦)هێلی بەرهەمهێنانی دەستەسڕەکانی (سەرمێز، گیرفان، چێشتخانە، نەرم، ڕەنگاوڕەنگ، دایبی«حفاظات») نەخشەی بۆ کێشرابوو. بەڵام بەهۆی کەمی کەرستەی سەرەکی کە کاغەزی خاو بوو، تەنها دەستەسڕی پاکەت و دایبی بەرهەمدەهێنا. هەر بەهۆی کەمی کەرستە خاوەکەوە نەیتوانیوە پێداویستییەکانی هەموو پارێزگاکانی کوردستان بەو کاڵایانە پڕبکاتەوە[٢].

جگە لەو کارگانەی ئاماژەمان بۆ کرد، بەپێی زانیاری سەرچاوەکان هەزاران کارگەی دیکەی گەورە و بچوك لەسێکتەرە پیشەسازییە جۆراو جۆرەکاندا هەبوون، کە زۆربەیان کارگەی کەرتی تایبەت بوونە، بۆیەش لەڕۆژنامەکاندا باسیان نەکراوە. لەکاتێکدا ئەو کارگانە توانای دابینکردنی بەشێکی گەورەی پێداویستییە ناوخۆییەکانیان هەبووە. بەجۆرێك ساڵی ١٩٨٠ ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە گەورەکانی ناوچەی ئوتونۆمی (٩٣) دامەزراوەبوو[(٣)]. پیشەسازییە بچوکەکانیش کە ژمارەی پڕۆژەکانی بەردەوام لەزیادبوون دابوو، ساڵی١٩٨٠ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (٣٤٤٢) دامەزراوە[(٤)].

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەرەسەندنانەی کەرتی پیشەسازی کوردستان لەسەرەتاکانی ساڵانی هەشتاوە بەخۆوەی بینی بوو، زۆر درێژەی نەکێشا. چونکە لەگەڵ بەردەوامبوونی جەنگی عێراق و ئێران ئەو بوژانەوەیەی کەرتی پیشەسازی ڕووی لەسستی و لاوازی کرد. بەهۆی تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورەی دەوڵەت بۆ ئەو جەنگە. لەلایەك، لەلایەکی تریش ئەو جەنگە بوو بەهۆی کەمبوونەوەی توانا مرۆییەکانی کارگەکان بەهۆی ڕاپێچکردنی گەنجان بۆ بەرەکانی جەنگ. ئەو ڕەوشەش زیاتر کاریکردبووە سەر دامەزراوە پیشەسازییە گەورەکان و ناوەندیەکان، ئینجا بچوکەکان. ئەو ژمارەیەی دامەزراوە پیشەسازییە گەورەکان کە ئاماژەمان پێدا، لەساڵی١٩٨٧ کەمبۆوە بۆ (٧٩) دامەزراوە. هەرچی پارێزگای کەرکوك بوو خاسیەتێکی تایبەتی هەبوو، بەهۆی بوونی دامەزراوە نەوتیەکان تێدا ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکانی زیادکردووە، لە (٣٠)ەوە بۆ (٥٢) دامەزراوە[(٥)]. هۆکاری سەرەکی پەرەنەسەندنی پیشەسازییە گەورەکان دەگەڕایەوە بۆ بایەخ نەدانی حکومەت بە پیشەسازی گەورە و تەنگەبەرکردنی

---

[(١)] ذکریات محمد حسن، گەشێکی سەربەخۆیی لەکارگەی بەرگ درووی ئافرەت، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٩٨٠)، ١٩٨٨/٦/٦، ل٣ –١١.

([٢]) نەسرین، لە کارگەیەکی کەرتی تایبەت دا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٤٧)، ١٩٨٦/٧/١٠، ل٥–١٥.

[(٣)] هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین، س.پ، ل٢٦٨.

[(٤)] نوزاد محمد حسن، واقع وأفاق التنمية الصناعية في منطقة كردستان للحكم الذاتي، رسالة ماجستير، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة صلاح الدين، ١٩٩٢م، ص٧٧.

[(٥)] هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین، س.پ، ل٢٦٨.

سنووری چەمك و پێودانگی ئەو پیشەسازییەیە لەناوچەکەدا[١]. لەلایەکی تریش زۆربەی کات کاریگەری جەنگ زیاتر لەسەر پیشەسازییە گەورەکان دەبێت، لەڕووی کەمکردنەوەی دەستی کارکەر و بەگران دەستکەوتنی کەرستەی خاو.

بەڵام ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییە بچوکەکانی ناوچەکە بە پارێزگای کەرکووکیشەوە، تاوەکو ساڵی ١٩٨٨ بەرز بۆتەوە بۆ (٨١٦٦) دامەزراوە، کە زیاتر لە (٨٢٨٧) کرێکار کاریان تێداکردووە[٢]. هۆکاری ئەو زیاد بوونەی دەگەڕاوە بۆ سیاسەتی تێکدانی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە، کە وایکرد زۆرێك لەهاونیشتمانیان دەست بدەنە ئیشی دیکە و پرۆژەی پیشەسازی بچوك دابمەزرێنن. حکومەت بۆ خۆشی ڕێخۆشکەر بووە بۆ ئەو کارە[٣]. لەڕاستیدا گەشەسەندن لە دامەزراوەی پیشەسازییە بچوکەکانی هەر وڵاتێك ڕوودات بەخاڵێکی ئیجابی دادەنرێت، بەو مەرجەی لەسەر حیسابی کەرتەکانی دیکەی بەرهەمهێنان نەبێت. چونکە بوژانەوەی ئەو کەرتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بەرزبوونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوانەوە هەیە. بەپێی ئەو ئامارانەی باسکرا لە کوردستاندا ئەگەرچی پیشەسازییە بچوکەکان گەشەسەندنێکی باشی بەخۆوە بینی بوو، بەڵام تا ڕادەیەك لەسەر حیسابی کەرتی کشتوکاڵی بووە.

لەکۆتایی دا دەبێت ئەوەش بڵێین کە زۆربەی دامەزراوە پیشەسازییە ستراتیجییەکان، دامەزراوەی میری بوون. هەروەکو لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی دا هاتووە کەرتی تایبەتی لە عێراق بەگشتی، تەنها لێپرسراو بووە بەرامبەر بە (٣٨-٤٠٪)ی بەرهەمهێنانی پیشەسازی لە عێراقدا، کە زیاتر بەشەکانی پیشەسازییە بچوکەکانی وەکو چنین و خواردەمەنی و کەلوپەلی ناوماڵ و کارگەی کانە بچوکەکان و پلاستیك و هی تری دەگرتەوە[٤].

## ب- پیشەگەری و پیشەسازییە دەستییەکان:

بێگومان پیشەگەری و پیشەسازییە دەستیەکان بەبوارێکی گرنگی ئابووری هەر کۆمەڵگەیەك دادەنرێن، بەو پێیەی لەم ڕێیەوە چەندین پێداویستی گرنگی کۆمەڵگە دابین دەکرێت. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی خەڵکیش بژێوی خۆیان لێ بەدەست دەهێنن. بۆیە ڕۆژنامەوانی کوردی بایەخێکی تایبەتی پێداوە و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان لەبەسەرکردنەوەی پیشەوەران و مەڵبەندەکانی پیشە دەستیەکان، سلیان نەکردۆتەوە و لەچۆنیەتی بەرهەمهێنانەکانیانی کۆڵیوەتەوە.

ژمارەیەك مەڵبەند و کارگەی پیشەسازی دەستی هەبوون لەلایەن حکومەتەوە دامەزرێندرابوون و سەرپەرشتی دەکران. لەو مەڵبەندانەدا ژمارەیەکی زۆر لە کرێکار و قوتابی قوتابخانەکان کاریان دەکرد، ساڵانە بەگوێرەی تواناکانی بەرهەمهێنانیان، چەندان مەتر مافوور و چنراوی جۆراوجۆریان تێدا بەرهەم

---

[١] سەلاحەددین حەفید، س.پ، ل٦١.

[٢] ئەو ئامارەمان بە کۆکردنەوەی ژمارەی دامەزراوە پیشەسازیەکانی چوار پارێزگاکەی کوردستان دەرهێناوە بە پشت بەستن بە الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، مديرية الاحصاء الصناعي، نتائج الاحصاء الصناعي للمنشآت الصناعية الصغيرة، لسنة ١٩٨٨، ص١٦١.

[٣] حسین نێرگسە جاڕی و فەیسەل عەلی، ڕەوشی پیشەسازی لەکوردستانی عێراقدا، س.پ، ل ل٧-١٢

[٤] ئازاد، تاقیکردنەوەی پەرەپێدانی پیشەسازی لە عێراقدا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٠٣)، ١٩٨٥/٨/٢٢، ل٢.

دەهێنرا. هەندێك لەمەڵبەندەكان سەرپەرشتی خێزانە بەرهەمهێنەرەكانی مافووریان دەكرد لەماڵەكانی خۆیان، كە كەرستەی خاویان پێدەدراو دواتریش مەڵبەندەكە مافوورەكەی لێوەردەگرتن و هەق دەستی دروست كردنەكەیانی پێ دەدا. زۆربەی ئەو مەڵبەندانەش لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و پەیامنێرانی ڕۆژنامەی (هاوكاری) بەسەر كراونەتەوە. لەوانەش مەڵبەندی مافووری دەستكرد لەهەولێر لەكۆنترین مەڵبەندە پیشەییەكانی كوردستان بوو، لەساڵی ١٩٧٠ دامەزرێندرا؛ بەئامانجی پەرەپێدان و فێركردنی پیشەی دروستكردنی مافوور لەناوچەكەدا و خستنەگەڕی توانای ئەو كچانەی كە ئارەزوویان هەبووە لەمەڵبەندەكەدا كاربكەن. ئەو مەڵبەندە سەرەتا سەر بەكارگەی ڕستن و چنینی شارەكە بوو، ئەویش سەربەوەزارەتی پیشەسازی بوو، بەڵام لەساڵی ١٩٨٥ خرایە سەر ئەمینداریەتی گشتی كارگێڕیی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی. لەم مەڵبەندەدا نزیكەی (٥٠) جەشنە مافوور بەرهەمدەهێنرا، بەناوبانگترینیان مافووری (٣ × ٤) بوو، كەجۆرێك بوو لەجۆرەكانی مافووری جیهانی؛ وەكو مافووری كۆری و چینی. نەخشی سەر مافوورەكانیش ڕووداوە مێژوویی و شارستانی و كەلەپوورییەكانی عێراق بەگشتی و كوردستانی بەتایبەتی دەنواند. ئەو مافوورانەی بەرهەم دەهێنران لەنیومەتر چوارگۆشەوە تا چوار مەتر چوارگۆشەبوون، هەر مەترێكی چوارگۆشە (١٢٥)دیناری تێدەچوو. بەرهەمی مەڵبەندەكە لەساڵێكدا (٣٠٠٠)م٢ بوو. ئەو مەڵبەندە دوو هۆڵی لە شاری كۆیە بوو[1]، بەناوی (كارگەی مافووری دەستی لە كۆیە).

كارگەی مافووری دەستی لە كۆیە، لەساڵی ١٩٧١ دروستكرا. وەكو باسمانكرد لەدوو هۆڵ پێكهاتبوو، (٩٢) تەونی دار و ئاسنی تێدابوو. بەرهەمی ساڵانەشی (١٣٠٨)م٢ بوو. بەشێوەیەكی گشتی ئەو مەڵبەندانە لەسێ بەش پێكهاتبوون: بەشی چنین و ڕەنگكردن و ڕایەڵكردن. كەرستەی خاوی مافوورەكانیش لە خووری و لۆكە و داوی خووری خۆماڵی و هەندێكیشیان لەدەرەوە دەهێنران[2]. نزیكەی (٥٠٠) كرێكار لە هەردوو كارگەی هەولێر و كۆیە كاریان دەكرد، زۆربەشیان كرێكارانی خۆماڵی و هی ناوچەكە بوون. سێ پلەی وەزیفییان تێدابوو؛ پلەی یەكەم ئەوانە بوون كە تەمەنیان لەنێوان (٩-١٣)ساڵان بوو، بەو مەرجەی لەقوتابخانەدا بێت و بڕوانامە لە قوتابخانەكەیدا بهێنێت. پلەی دووەم تەمەنیان لەنێوان (١٣ – ١٧)ساڵان بوو، هەندێكیان قوتابخانەی تەواو كردبوو هەندێكیشیان بەردەوام بوون. پلەی سێ یەم (١٨)ساڵ بەسەرەوە بوون. ئەوانەی پلەی سێیەم یاسای خزمەتی مەدەنی دەیانیگرتنەوە، كە جگە لەوەی مووچەی خۆیان هەبوو، بەگوێرەی ئیشكردنیانیش لەو مەڵبەندانە مانگانە بڕە پارەكیان پێ دەدرا. بەرهەمی ئەو كارگانە ڕەواجێكی باشی هەبووە، بەشێكیان بۆ فرۆشتنی ڕاستەوخۆ بووە، جگەلەوەی وەكیلیان لەهەموو پارێزگاكانی عێراقدا هەبوو لەوانە لەبەغداد. زۆریشیان لێ دەنێردرایە دەرەوە و لەبازاڕەكانی ئەوروپا و ئەمریكا و وڵاتانی كەنداوی عەرەبی دەفرۆشران[3].

هەر بەپێی ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەی(هاوكاری) دەزانین، لەشاری ئامێدیش مەڵبەندێكی دروستكردنی مافوور هەبوو بەناوی (مەڵبەندی مافووری ئامێدی)، كە لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزرابوو. سەرەتا وەكو

---

(1) لقی هەولێر، لەمەڵبەندی مافووری دەستكرد لە هەولێر، ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژ(١١٠١)، ١٩٨٩/٨/١٧، ل٣.

(2) سەعدوڵڵا شێخانی، كارگەی مافووری دەستی لە كۆیە، ڕۆژنامەی (هاوكاری)، ژ(١١٤٤)، ١٩٩٠/١/١٥، ل٣.

(3) لقی هەولێر، لە مەڵبەندی مافووری دەستكرد لە هەولێر، س.پ، ل٣.

کارگەیەکی بچوك بە سێ کرێکاری ئافرەت کاری دەکرد. دواتر بەرەبەرە فراوان بوو تا ژمارەی کرێکارانی گەیشتە (١٢٠) کرێکار و بەشی زۆریشی قوتابی قوتابخانەکان بوون. بەڵام لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێران، بەهۆی کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگەکەوە ڕێژەی بەرهەمهێنانی مافووری زۆر کەم بوەوە. کە بە هاندەری داراییەوە (بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێت ڕۆژانە زیاتر لە «٨» کاتژمێر کاربکەن، کە کاتی دیاریکراوی ئیشکردنی سەرجەم کرێکارانی کارگەکان بوو) ئینجا ساڵانە بەرهەمی کارگەکە دەگەیشتە چەند سەد مەترێك. یەك مەتر مافووری چوارگۆشەی کارگەکە بە (٧٠)دینار دەفرۆشرا[1].

هەروەها وەکو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هاتووە ژمارەیەك مەلبەندی دیکەی ئیشی دەستی هەبوون، سەر بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکانی پەروەردەی شارەکان بوون. لەو مەلبەندانەدا جگە لەکردنەوەی خول بۆ مامۆستایانی هونەری قوتابخانەکان و خستنەگەڕی بەهرەو توانای قوتابیە بەهرەمەندەکان، هەروەها بەشێك لەو کەسانەشی لەو مەڵبەندانە دەردەچوون دوای بینینی چەند خولێك، دەیانتوانی ببن بەپیشەگەر و سەرچاوەی بژێوی خۆیان لەپیشەیەکدا مسۆگەر بکەن. لە بەشی دارتاشی مەلبەندەکانیشدا هەندێك جار کەل و پەلی پێویست بۆ قوتابخانەکان بەرهەم دەهات وەکو مێز(رەحلە). مەڵبەندی ئیشی دەستی لەسلێمانی یەکێك بوو لەو مەڵبەندانە لەساڵی ١٩٧٢ دامەزرێندرا. لە (٦) بەشی سەرەکی پێکهاتبوو؛ ئەوانیش بەشەکانی (سیرامیك، کانزاکان، دروومان، دارتاشی، فەرش و نەخشەسازی) بوون. لەو مەڵبەندەدا ساڵانە دوو خول بۆ مامۆستایانی هونەری قوتابخانەکان دەکرایە بۆ ماوەی (٣)مانگ. کاری هەموو بەشەکانیش بەدەست بووە جگە لە دارتاشی نەبێت کە ئامێری تێدا بەکاردەهێنرا؛ چونکە بۆ فێرکردنی قوتابیان ئاسانتر بووە. ئەوانەشی دەهاتن بۆ مەڵبەندەکە دوای بینینی خوولەکان، دەبوو بە (١٥)ڕۆژ بەڕەیەك تەواو بکات، ئەمە سەبارەت بە فەرش، کە لەو بەشەدا فەرش و بەڕە و شێوازەکانی چنین و کلاش کردن فێردەکران[2]. گەورەترین فەرشی بەرهەم هاتووی مەلبەندەکە ($1 \times 2$)م بوو[3].

شاری هەولێریش مەڵبەندێکی ئیشی دەستی هەبوو لەساڵی ١٩٧٨ دامەزرابوو؛ لە (٩) بەش پێك دەهات، سەرەکی ترینیان بەشەکانی (گوڵ و گوڵزار، پیشەسازی، خەت و وێنە، کارەبا، مافوور و چنین و دوورین) بوون. بەهەمان شێوە لەو مەڵبەندەشدا ساڵانە دوو خولی (٣) مانگی بۆ مامۆستایانی هونەر دەکرایەوە[4]. هەروەها مەڵبەندێکی تری هاوشێوە لەشاری دهۆك لەساڵی ١٩٨٣ هاتبووە دامەزراندن و (٥) بەشی سەرەکی لەخۆگرتبوو؛ ئەوانیش بەشەکانی (دارتاشی، کانزاکاری، پێستە، گوڵ و گوڵزار و دروویین)بوون[5].

---

[1] زادوق آدم، سەردانێك بۆ کارگەی مافووری ئامێدی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٢٢)، ١٩٨٢/١/٢٨، ل٥.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی کاری بەشەکانی تر بڕوانە: لەتیف هەڵمەت، گەشتێك لەوەرشە هونەرییەکانی قوتابخانەی ناوەندی کاوە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٨٦)، ١٩٨٣/٥/٥، ل٥ — ٧.

[3] ئازاد، بەرهەمە ڕەنگینەکانی مەڵبەندی ئیشی دەستی لە سلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٦٤)، ١٩٩٠/٣/٢٦، ل٩؛ لەتیف هەڵمەت، گەشتێك لەوەرشە هونەرییەکانی قوتابخانەی ناوەندی کاوە، س.پ، ل٦—٧.

[4] شێرزاد عبدالرحمن، لەهەولێر پێشانگایەکی ئیشی دەست، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٤١)، ١٩٨٦/٥/٢٢، ل٣.

[5] وصفی حسن، سەرەدانا ڕەنگین بۆ مەلبەندێ کارێت دەستی لپارێزگەها دهوکێ، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٢٧)، سالی١٩٩٠، ل١٢.

بەگشتی ئەو مەڵبەندانە چەندین گرفت و کەم وکوڕیان هەبوو، کە لە ڕۆژنامەکاندا خراوەتەڕوو. لەوانە نەبوونی کەل و پەلی پێویست بۆ بەشەکان و کەمی بودجەی مەڵبەندەکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە نەبوونی کۆگایەك بوو بۆ دانان و پاراستنی بەرهەمەکان. بۆیە مامۆستایانی مەڵبەندەکان لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە دروستکردنی کۆگایان بۆ پاراستنی بەرهەمەکان بە پێویست زانیوە، بۆ ئەوەی بەرهەمەکانی تێدا هەلبگیرێن تا دەفرۆشرێن یان بەکاردەبرێ[1].

هەروەها بۆ بەگەڕخستنی زیاتری تواناکانی خێزانە بەهرمەندەکان، لەشاری سلێمانی (کۆمەڵەی هەرەوەزی بەرگ دروونی دیاری کراو) لەساڵی ١٩٨٥هاتبووە دامەزراندن. لەسەردانێکی مەیدانی ڕۆژنامەی(هاوکاری)بۆ کۆمەڵەکە، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی لەبارەوە نووسراوە. کە ژمارەی کارگوزارەکانی کۆمەلەکە (١٠)کەس دەبوون، کاری سەرەکی بریتی بوو لە سەرپەرشتی کردنی خێزانە بەهرەمەندەکان بۆ بەرهەمهێنانی جل و بەرگ، ئەمەش دوای پەیوەندی کردن بەو خێزانانە و ڕێککەوتن لەگەڵیاندا لەسەر بنەمای چەندێتی و چۆنێتی بەرهەمەکان. لەسەرەتادا واتە ساڵی ١٩٨٥ توانی سەرپەرشتی (٢٠٠) خێزان بکات، ئەو ڕێژەیە تا ساڵی ١٩٨٨ بەرزبۆوە بۆ (٥٢٨)خێزان. شێوازی کارکردنەکەش بەو شێوەیە بوو؛ ئەو خێزانانە هەموو پێداویستیەکی دروومانیان پێدەدرا لەئامێر و قوماش و کەرستەی دیکەی دروون، بۆ ئەوەی لەماڵەکانیانەوە جل و بەرگ بەرهەم بهێنن بەپێی شێوە و خواستی کۆمەڵەکە و ئارەزووی جۆری لەبەرکردنی خەڵك. کۆمەڵەکەش ئاگاداربوو بەسەر خێزانە چالاك و ناچالاکەکان. بەرهەمەکان دوای تەواوبوونیان دەگەڕێندراوە بۆ کۆمەڵەکە و دواتر لەبازاڕەکانی سلێمانی و دەوروبەری و تێکڕای شارەکانی عێراق دەفرۆشران. بەڵام بەشی زۆری جل و بەرگەکان دەبرانە بازاڕی ناوەندی (سوق مرکزی) شارەکە و ئەوەش دوای ڕێککەوتن لەگەڵیاندا[2]. دەتوانرێت کاری ئەو کۆمەڵەیەش بەپیشەگەری دەستی دابنرێت، چونکە ئەگەرچی ئامێری دروومانی تێدا بەکاردەهێنرا بەڵام زیاتر لەسەر توانا و دەست ڕەنگینی خێزانە بەرهەم هێنەرەکان دەوەستاوە.

سەبارەت بەپیشەگەری، بەشێوەیەکی گشتی نووسەران جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی ئامێری نوێی بەرهەمهێنان، کە جێگەی پیشە دەستیەکان گرتبۆوە، ڕوویان لەکزی و لاوازی کردبوو. بۆیە بەشێك لە پیشەکان تەنها ببوونە پیشەیەکی خۆ بژێوی و زیاتریش پیاوە بەساڵاچووەکان، کە ئەزموونێکی ساڵانی ڕابردوویان هەبوو کردوویانە. لەهەندێك کاتیشدا ئەو پیشانە بژێوی ژیانی پیشەگەرەکانیشان مسۆگەر نەکردووە، بۆیە لەپاڵ پیشەکەیان کاری دیکەشیان کردووە[3]. لەدیارترین ئەو پیشەگەرییانەی لەماوەی تایبەت بەو توێژینەوەیەدا هەبوون ئەمانەی خوارەوەن:

[1] نزار محمد سعید، گەڕیانەك لە مەلبەندیا کارێت دەستی ل دهۆکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧١٩)، ١٩٨٤/١/٥، ل٢ — ٧ ؛ ئازاد، بەرهەمە ڕەنگینەکانی مەلبەندی ئیشی دەستی لە سلێمانی، س.پ، ل٩.

[2] ئازاد، ساتێ لە کۆمەڵەی هەرەوەزی بەرگ دروونی دیاری کراو لەسلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠٩١)، ١٩٨٩/٧/١٠، ل٣.

[3] عارف عومەر گول، پیشەی دەست لە دامێنی چیای ئاکرێ، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(١٠)، ئابی ١٩٨٨، ل٥٦؛ لەتیف هەڵمەت، هونەری دەستکردی میللی جۆلایی و کارە ڕەنگینەکانی جۆلا (چاوپێکەوتن)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٥٧)، ١٩٨٢/١٠/١٤، ل٤ ؛ شێرزاد عبدالرحمن، پیشە دەستیەکانی کوردەواری ژیانی ئەمڕۆمان (چاوپێکەوتن)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٥٧٠)، ١٩٨١/١/١٥، ل٥ — ٧.

**پیشەکانی ڕستن و چنین:** لە پیشەسازییە میللییە کۆنەکان دادەنرێن، کە خووری و موو لۆکەی تێدا بەکاردەهێنرێت، بۆ دروستکردنی جل و بەرگ و ڕایەخ و فەروە و جاجم و بەرماڵ و ڕەشماڵ و زۆر چنراوی تر. لەماوەی ١٩٨٠– ١٩٩١ دا چوار جۆر پیشەگەری چنین هەبوون؛ ئەوانیش (کلاشکردن، جۆلایی، لبادچێتی، موتاپچێتی) بوون. لەو ڕووەو کۆمەڵێك نووسەر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردووە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە زۆربەی ئەو نووسینە ڕۆژنامەوانییانەی لەو بووارەوە نووسراون، لە ڕێگەی چاوپیکەوتنی ڕاستەوخۆوە بووە لەگەڵ خاوەن پیشەکەدا.

کلاشکردن لەماوەی دیاریکراودا گرنگترین پیشەی چنین بوو. لە بارەیەوە لە ڕۆژنامەکاندا ئەوە خراوەتە ڕوو، زیاتر تایبەت بووە بەناوچەی هەورامان. بە بەکارهێنانی چەند ئامێرێکی سادەی وەکو (مشتە، گازن، درۆش، کولەدرۆش، چل مێردە، قەدگیر و چوار دەرزی کورت)، پێڵاوی چنراوی جۆراجۆر دروست دەکرا. پیشەکە ڕەواجێکی باشی هەبووە، بەتایبەت لە وەرزەکانی بەهار و هاوین و پایز، ئەمەش لەبەرئەوەی لەموو داو و پەڕۆ دروست دەکرا، بۆیە وەرزی زستان کەمتر بەکاردەهێنرا. چەندان وەستای بەناوبانگی ئەو پیشەیە هەبوون. لەوانە (ئەبوبەکر عەلی ١٩٠٨ – ١٩٨٦) لەبەر لێهاتوویی لەو کلاشانەی ئەو بەرهەمی دەهێنان، بە (کلاشی بەکری) ناوی دەرکردبوو. چەندان دوکانی فرۆشتنی کلاش لەشارەکانی کوردستان بەتایبەت لەسلێمانیدا هەبوون[1].

جۆلایی کارێکی دیکەی چنین بوو، زۆر کەم مابوو. ڕۆژنامەی(هاوکاری) لەدوو چاوپێکەوتندا لەگەڵ خاوەنانی ئەو پیشەیە باسی ئەوەی کردووە، لەو پیشەگەرییەدا کۆپەشمین و بەرماڵ و جاجمی تێدا بەرهەم دەهێنرێ. ساڵانی پێشووتر گەلێك بەرهەمی دیکەی وەکو ڕانك و چۆغە و گۆرەویی بەرهەم دەهێنرا، بەڵام بەهۆی ئاسانی دەستنەکەوتنی خوری و داوی مەرەزو گرانی نرخەکانیان، پیشەکە ڕووی لەکزی کردبوو. زیاتر زەنگینەکان و ئەوانەشی حەزیان لەجلی کوردی چنراوی خۆماڵی بکردبایە، خۆیان داو و خوریەکەیان دەهێنا بۆ لای پیشەگەرە جۆلاکان، بۆیان دروست دەکرا. ئەو ئامێرانەی لەپیشەکەدا بەکاردەهات بریتی بوون لە (لادار، دانە، چاوپێچك، خەرەك و پێچاڵ)[2]. زۆربەی ئەو بابەتانەی بەرهەم دەهات، بەن و داوەکەی لەلایەن داواکراوەوە دابین دەکرا[3]. نرخەکانیش بەگوێرەی نەخشداری و سادەیی دەگۆڕدرا. بۆ نموونە نرخی چنینی بەرماڵێکی سادە، لە سەرەتای هەشتاکاندا دینارو نیوێك بوو[4]. لەپاڵ ئەو بەرهەمانەدا، بەرهەمێکی دیکەی نوێ بەرهەم دەهێنرا، ئەویش مافووری کوشنی ئۆتۆمبێل بوو. گۆڤاری (ڕنگین) باسی لە دوکانێکی هەنداو قەڵای هەولێر کردووە، کە زۆر لەپێداویستیەکانی وەکو مافوور و بەرگی کوشنی ئۆتۆمبێلی بەرهەمهێناوە[5].

---

[1] ئیبراهیم هەورامانی، تەمەنێکی گەورە و پیشەیەکی لێهاتوو (چاوپێکەوتن)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٧٣)، ١٩٨٥/١/٢٤، ل٩–١١، بۆ زانیاری لەبارەی ئامێرەکان بڕوانە: هـ.س؛ هەروەها عوسمان محەمەد هەورامی، هەندێ وێنە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردی، گۆڤاری (کاروان)، ژ(٧٦)، حوزەیرانی ١٩٨٩، ل٢٨.

[2] بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو ئامێرانە بڕوانە: لەتیف هەڵمەت، هونەری دەستکردی میللی...، س.پ، ل٤.

[3] هـ.س.

[4] شێرزاد عبدالرحمن، پیشە دەستیەکانی کوردەواری ...، س.پ، ل٥ – ٧.

[5] ژان، هونەرمەندێکی دەسڕەنگین، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٣)، کانوونی دووەمی١٩٨٨، ل٣.

سەبارەت بە لبادچێتی کە (کارگەچێتی)شی پێدەگوترا، گۆڤاری (کاروان) لەبەسەرکردنەوەی ئەوپیشەیەدا دەڵێ پیشەگەریەك بوو زیاتر لبادو ڕایەخی تێدا بەرهەم دەهێنرێ. ئەو ئامێرانەی بۆ دروستکردنی ئەو بەرهەمانە بەکاردەهێنران (شەنە، کوتك و کەوان) [١] بوون. نرخی ڕایەخێك یان لبادێك بەگوێرەی ئەو (لوا)[٢] یەی تێی دەچوو دەفرۆشرا. بۆ نموونە ئەگەر ڕایەخێك (٨) هۆقە[٣] لوای تێچووبایە ئەوا هەتا(٤٠) دینار نرخەکەی بوو، ئەمە لەکاتێکدابوو ئەگەر وەستاکە خۆی لواکەی کڕیبووایە. بەڵام ئەگەر داواکراو ڕایەخ و لبادی بەکردن بدابوایە و لواکە هی خۆی بووایە، ئەوا وەستاکە لە هەر هۆقە لوایەك(٤) دیناری وەردەگرت. لەگەڵ ئەوەشا کڕینی دەرمانی نەخش و پەڕەکردن و کرێی ئەو دوکانەی کاری تێدادەکرد (ئەگەر هی خۆی نەبووایە)، پارەی بگێڕ و شاگردەکانیش لەسەر وەستاکە خۆی دەبوو[٤].

موتابچێتی، یەکێکی تر بوو لەپیشەکانی چنین. ئەمین موتاپچی(دکتۆر) کە لەم ماوەیەدا مامۆستای زانکۆ بوو، بەڵام لە بنەماڵەی موتابچی بوو لە سلێمانی، لەبارەی ئەو پیشەیەوە دەڵێت: "موتابچی واتا موو بادان، مووکردن بەتاو یان داو". لەسەردەمی بابانەکانەوە لەساڵی ١٧٨٤ لەسلێمانی سەری هەڵداوە، بابەتی وەکو بەن و گوریسی بەرهەم دەهێنا. گوایە تاوەکو ساڵانی پەنجاکان ئەو پیشەیە بەردەوام بووە[٥]. بەڵام لە باپیرانمان بیستوومانە، تاوەکو ماوەی تایبەت بەو توێژینەوەیەش مابوو، بەڵام وەکو پیشگەرنا؛ بەڵکو زیاتر ئافرەتانی لادێ لەماڵەوە لەڕێگەی ڕستنی تەشییەوە بابەتەکانی وەکو بەن و دۆخین و گوریسیان، بەرهەمهێناوە.

**زێڕینگەریی و زێڕکاری:** پیشەیەکی باوو بەبرەو بووە. (عوسمان شارباژێری– زێڕینگر) لەبارەیەوە نووسیویەتی ئەو پیشەیە لەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا هەبووە. پیشەگەرەکانیشی نموونەی شارەزایی و لێوەشاوەیی و وردەکاری و دەست ڕەنگینی و وەستاییان پێوە دیار بووە. توانیویانە ئەو خشل و زێڕ و پولکانەی لە کۆمەڵگای کوردیدا باو بووە دروست بکەن؛ وەکو بازن، گوارە، ئەنگوستیلە، ملوانکە، خەزێم وخڕخاڵ، لاگیرە، قایشی پشت و هی تر...[٦].

**دارتاشی:** یەکێك لەو پیشەگەریانە بوو کە بەردەوام بووە و بایەخی خۆی لەدەست نەدابوو. ئەگەرچی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و پەیدابوونی ئامێری نوێ گۆڕانکاری بەسەر پیشەکەدا هێنابوو، بەڵام نەببووە

---

[١] بۆزانیاری زیاتر لەبارەی پێکهاتەی ئامێرەکان بڕوانە: کۆمەڵێك نووسەر، جۆڵایی و کارگەچێتی و تەون گەری لەناو کوردەواریدا، گۆڤاری کاروان، ژ(٧٦)، حوزەیرانی ١٩٨٩، ل٨٢.

[٢] بەخووری بڕاوەی بەرخی یەك ساڵە دەوترا لوا، ئەگەر بۆ جاری دووەم و زیاتر بڕاوە، پێی دەوترا (ڕوونگ)، هەم دیسان بۆ دروستکردنی ئەو کەرستانە بەکاردەهات. بەڵام لەڕووی باش و خراپییەوە ڕوونگ وەکو لوا نەبوو، بۆیە زیاتر لوا بەکارهاتووە. بڕوانە: ئەحمەد حەیران، لە پیشە دەستیەکانی کوردەواری (کارگەچیەتی)، گۆڤاری کاروان، ژ(٧٦)، حوزەیرانی ١٩٨٩، ل٩٦.

[٣] هۆقە: پێوانەیەکی تایبەتی پیشەوەرانی چنین بوو بۆ پێوانەکردنی کەرستە خاوەکانی وەکو ڕیس و لوا بەکاردەهێنرا، هەر هۆقەیەك دوو کیلۆ بوو. بڕوانە: هـ.س.

[٤] ئەحمەد حەیران، لەپیشە دەستیەکانی ...، س.پ ، ٩٨ – ٩٩؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنی لباد و ڕایەخ، بڕوانە: رفیق عبدالرحمن، پیشەسازی خوری ئاژەڵ لە کوردەواری دا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٦٩)، ١٩٨٦/١٢/١١، ل٨.

[٥] د.أمین مووتابچی، پیشەی موتابچێتی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٤٩)، ١٩٩٠/٢/١، ل٧.

[٦] عثمان شار باژێڕی، زێڕو زێڕینگەری، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٢)، تشرینی یەکەمی١٩٨٨، ل٢٠.

هۆی لەناوچوونی. ئەمەش بەهۆی هەبوونی کەرستەی زۆری ئەو پیشەیە (وەکو دار)، لەناوچەکەدا و پێویستی زیاتری کۆمەڵگا بە بەرهەمەکانی. پەیامنێری ڕۆژنامەی (هاوکاری) ئاماژەی بە هەبوونی کارگەی دارتاشی کردووە، کە پێویستیەکانی ناو ماڵی وەکو (کەوەنتەر و سندوقی جۆراوجۆر ومێز)ی بەرهەم دەهێنا. هەندێکیانیش حکومەت گرێبەستی لەگەڵ دەکردن بۆ دروستکردنی پێویستیەکانی قوتابخانە لە (ڕەحلە و تەختەڕەش)و دروستکردنی مێزوو کورسی بۆ فەرمانگەکانی حکومەت. وەکو کارگەی دارتاشی دهۆك، کە لەکۆتایی ساڵانی حەفتا هاتبووە دامەزراندن. ئەو کارگانە جگە لەڕەخساندنی دەرفەتی کار لەڕووی بەرهەمهێنانیشەوە لە ئاستێکی بەرزدابوون[1].

هەر سەبارەت بە دارتاشی پیشەگەرانی گرنگیان بەبواری هونەری داوەو ئامێرەکانی مۆسیقا لەسەردەستی پیشەگەرانی کورد دروستکراوە. گۆڤاری(ڕەنگین) لەڕاپۆرتێکیدا باسی هونەری دروستکردنی ئامێرە مۆسیقاییەکانی وەکو (کەمانچە و تەپل و زەرب) کردووە. گۆڤارەکە لە بەسەرکردنەوەی خاوەنی دوکانێکی ئەو پیشەیە لەشاری سلێمانی، باسی لە چۆنیەتی دروستکرنی ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە کردووە، بەوەی کە لە دار (گوێز و چنار و ساج و چام) دروست دەکرێن. دیارە ڕەواجێکی باشی فرۆشتنی ئەو ئامێرانەی هەبووە و زیاتر گەنجان کڕیاری بوونە[2]. دروستکردنی جۆرەها کەوچك و گۆچان و قالبی کولیچە لەبەرهەمەکانی تری ئەو پیشەیەبوونە[3]. هەروەها ئەوانەشی لەڕۆژنامەکاندا نەهاتووە، وەکو لە شاری هەولێر کۆلانێکی دارتاشان هەبوو، دەکەوتە ناو بازاڕی قەیسەریی و زیاتر لە (٢٥) دوکان دەبوون، لە ماوەی تایبەت بەم توێژینەوەشدا بەشێکی زۆریان مابوون و جۆرەها کەلوپەلی وەکو سندوق، مێز، کورسی، دەسکەداری وەکو بێل وشەنە، فەرشەی نان، نانبرێشك، بێژینگ، لانك و بلوریان بەرهەم دەهێنا[4]. لەشاری سلێمانیش بەهەمان شێوە چەندین دوکانی پیشەی دارتاشی هەبوون، لەبەردەم بازاڕی قەیسەریی نەقیب، ئەو کەلوپەلانەیان بەرهەم دەهێنا[5].

**بەرگدرووەکان:** لە پیشە گرنگەکانی شارەکان بوون. ڕۆژنامەی(هاوکاری) ئاماژە بەوە دەکات لەنێو بازاڕەکانی شارەکاندا ژمارەیەکی زۆر بەرگ درووی هەن، جۆرەها جل وبەرگی کوردی و چاکەت و بانتۆل و پیویستی دیکەی جل وبەرگ دەدروون[6].

**خومگەری:** لەو پیشە کۆنانەبوو کە تاوەکو ئەو سەردەمە مابوو. گۆڤاری (ڕەنگین) لەبەسەر کردنەوەی خاوەن دوکانێکی پیشەکە لەشاری سلێمانی بەو جۆرە باسیکردووە؛ ئەوپیشەیە لە ئێستادا زۆر کەمبۆتەوەو لەشارەکەدا تەنها دوو دوکان ماون، ئەویش لەباب و باپیرانیان بۆیان ماوتەوە. لەم پیشەیەدا خوری و جل وبەرگ ڕەنگ دەکرێن. بە تێکردنی شمەکە کە بۆ ناو مەنجەڵێك ئاو، لەگەڵ کەمێك خوێ و

---

[1] احسان صدیق ئامێدی، کارگەها دارتاشێ لپارێزگەها دهۆکێ، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠١١)، ١٩٨٨/٩/٢٩، ل٤.

[2] شکریە محمد، هونەری کەمانچە دروستکردن و توانایەکی نوێ، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٢٧)، سالی١٩٩٠، ل٢٥.

[3] عارف عومەر گول، پیشەی دەست لە دامێنی چیای ئاکرێ، س.پ، ل٥٦.

[4] سەید مەولوود بێخالی، هەولێرم وادیوە و وا بیستووە وا سەرچاوەی گرتووە، بگ٤، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٥١.

[5] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەکرەمی محموودی ساڵحی ڕەشە، شاری سلێمانی(٢٠٠)سال، بگ١، دار الحریە للگباعە، بغداد،١٩٨٩، ل٣٢١.

[6] غەفوور، ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی بەرك درووی نوێ لە سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٢٦)، ١٩٨٢/٢/٢٥، ل٧-١١.

ڕەنگـی خواسـتراوەوە دەبێـت. پـاش سـێ جـار لەکولاندنی شمەکەکـە، دواتـر بـۆ وشـکردنەوەی هەڵدەواسرێت[1].

**چەخماخچی(چەرخچی):** پیشەیەکی دیکەی کۆمەڵگای کوردی بوو. (حاجی حەمیدی چەخماخچی)، کە خاوەنی دوکانێکی ئەو پیشەیەبوو لەشاری هەولێر، لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ ڕۆژنامەی (هاوکاری) لەبارەی پیشەکەیەوە دەڵێ ئێمە پێشتر (٢٠) دوکان زیاتر بووین ئەو ئیشەمان دەکرد، بەڵام ئیستا ئەو پیشەیە زۆر کەمبۆتەوە و جیاوازە لەساڵانی پێشووتر. چونکە جاران لەجیاتی کارەبا سوودمان لە کورەو هەمبانە وەردەگرت، بۆ خۆشکردنی ئاگرەکە. لەبارەی جۆری ئیشەکەوەش دەلێت: "ئیستا تەنها ئیشی کشتوکاڵی دەکەم و کەل و پەلی بیناگەری دروست دەکەم و چەقۆ و مەقەست تیژ دەکەمەوە". کەچی پێشتر زۆرکاری دیکەی وەکو دروستکردنی خەنجەر و داسوك و قەپاغ و چاککردنەوە و ڕەشکردنەوەی تفەنگ و پڕکردنـەوەی فیشـەك (باروت) و هـی ترمـان دەکـرد[2]. هەروەها(کاکـە حەمـەی چەرخچـی) لـە سلێمانی بۆ ڕۆژنامـەی نـاوبراو دەلێـت: "چـەقۆیەك بـە(١٠٠)فلس تیـژ دەکـەم و مەکینـەی چـەرخەکە بـە (١٠)دینار لای دارتاشەکان دروست دەکرێ"[3]. چەرخچییەکان هەندێکیان دوکانیان هەبووە، هەندێکیشان گەڕۆك بوونە و لەکۆڵانەکانی گەڕەکەکان دەگەڕان[4].

**ئاسنگەری:** لـەو پیشانەیە کـە لەکۆنـەوە بـاوبووە. کەرەستەکانی ئـەم پیشـەیە لەکورەیـەکی ئاسایی و دەزگایـەك یـاخود سـندان کـە پارچـە ئاسـنە سـوورکراوەکەی لەسـەر دادەنرێـت، لەگـەڵ ماشـەو چـەکوچ پێکـدێت. ئـەو پیشـەیەش لەگـەڵ گـۆڕانی ڕۆژگـارو پێشـکەوتنی تەکنـەلۆژیا گـۆڕانی بەسـەردا هـاتبوو کـەمتریش ببـۆوە. (ئەحمـەد حـەیران) لـە بارەیـەوە نووسـیویەتی: "نموونـەی ئـەم باسـەی کـە ئێسـتا ئێمـە لەسـەری دەنووسین تـەنیا یـەك دوکـان لەهـەولێر مـاوە ئـەم کـارە ئـەنجام بـدات ئـەویش بـەدەم بـێ کارییـەوە هەڕەشەی لەناو چوونی لێدەکرێ"[5]. وەستا (فتح الله صادق- لەدایکبووی ١٩٠٠- تەوێلە) بۆ ڕۆژنامـەی (هاوکاری) دان بـەلاوازی پیشـەکەوە دەنێـت و دەڵێـت لەئێسـتادا چـەقۆو هەنـدێك کـەل و پـەڵی کشـتوکاڵی وەکو (تەپشوو، داسوك) بەرهەم دەهێنین. لەسـاڵی ١٩٨٥نرخـی یـەك چـەقۆ لـەنێوان دینارێـك و دووسـەد و پەنجا بۆ دینارێك و پێنج سـەد فلس بـووە[6]. هـەروەها ڕەشـید عەبدوڵڵا محەمەد ناسراو بە(مام ڕەشیدێ حەداد- لەدایکبووی ١٩٣١)کە ئاسنگەرێکی شاری ئامێدییە بۆ گۆڤاری (ڕەنگین)گوتویـەتی: "ب ڕاسـتی شۆل نوکە گەلـەکێ کێمە چونکو نوکە هـەمی یێت بووینـە ماکینـەو ئامێرێت هاڤچەرخ و ئەلکترونی"[7].

---

([1]) هێرش محمد ئەمین، یەکەمین و بەناوبانگترین خومخانە لە سلێمانی، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٨)، حوزەیرانی١٩٨٨، ل٤٢.

([2]) لقی هەولێر، لەئەرشیفی کەلەپووری هەولێرەوە حاجی حەمیدی چەخماخچی، چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٦١)، ١٩٨٤/١١/٨، ل٦.

([3]) عبدالرقیب یوسف، وێنەیەکی ژیانی کوردەواری کاکە حەمەی چەرخچی(چاوپێکەوتن)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٥٩)، ١٩٨٢/١٠/٢٨، ل٨.

([4]) لطیف هەڵمەت، س.پ، ل٤ ؛ شێرزاد عبدالرحمن، پیشە دەستیەکانی کوردەواری و ژیانی ئەمڕۆمان، س.پ، ل٥.

([5]) ئەحمەد حەیران، ئاسنگەری لە کوردەواری دا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٦٩)، تشرینی یەکەم ودووەمی١٩٨٨، ل٨٥.

([6]) ئیبراهیم هەورامانی، وەستایەکی خاوەن پیشە (چاوپێکەوتن)، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٨٨)، ١٩٨٥/٥/٩، ل٩.

([7]) احسان صدیق، سوحبەتەك لدور کیرهێ و سەقاکرن و هسینا بڤرو داسکا دگەل مام ڕەشیدێ حەداد، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٢٢)، ئابی١٩٨٩، ل٥٧.

گۆڤارەکە لە چاوپێکەوتنێکی دیکەدا ئەوەی پشت ڕاستکردۆتەوە، لە ئێستادا پیشەکە زۆر کەم بۆتەوە، زیاتر لەلای پیاوە بەتەمەنەکانەوە ماوە[١].

هەروەها وەکو لەگۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)دا باسکراوە، لەناو کوردەواریدا **پیشەسازی خۆراکی** هەبووە، بەتایبەت لە لادێکان و لای مەڕدارەکان و خاوەن باخەکان. مەڕدارەکان بەروبوومە سپیاییەکانی وەکو(ماست، کەشك، لۆر، ژاژی، پەنیر، دۆ، قەیماغ، دەرهێنانی ڕۆن و هی تر)یان بەرهەم دەهێنا. خاوەن باخەکانیش جگە لە وشکردنەوەی میوەکانی وەکو قەیسی، ترێ، هەنجیر، بامێ، باینجان، تەماتە(ئاوەتەماتە)و کشمیش، زۆر خۆراکی دیکەیان دروست کردووە؛ وەکو خۆشاو(شەربەت)، سرکە، مرەباو تووڕشیات، کە هەندێکیان لەمیوەی وشکراوە دروست دەکران. ئەو بەرهەمانە دەبرانە بازارەکان و دەفرۆشران[٢].

پیشەیەکی دیکەی خۆراکی هەبوو بەتایبەت لەپارێزگای سلێمانی، پێی وتراوە "**بنێشتکەر**". کاکە مەم بۆتانی لەسێ ژمارەی گۆڤاری(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکالی)دا ئاماژەی بۆکردووە. کارکەرەکانی ئەو پیشەیە هەڵدەستان بەوەرگرتنی جۆرە بنێشتێك لە داری دارەبەن، پێی دەگوترا (بنێشتی کوردی)[٣]. ژمارەیەکی زۆر لەخێزانەکانی ئەو پارێزگایە بەو پیشەیەوە خەریك ببوون، کە دەگەیشتە (٧٧١) خێزان. لەپاڵ بنێشت کردن، قەزوانیشیان کۆدەکردەوە[٤]، سەبارەت بە ڕێژەی بەرهەمەکانی ئەو پیشەیەش لەتەوەری پێشوو ئاماژەمان پێداوە.

چەندان پیشەی دیکەی جۆراوجۆری وەکو سەرتاشین، خەلووز دروستکردن، تەسبیح دروستکردن و (فیتەری)وەستایی، هەبوون و لە ڕۆژنامەکاندا باسیانکراوە. وەکو خەلووز دروستکردن، کە پیشەیەکی زۆر ساکار و بەربڵاو بووە، بەتایبەت لەو ناوچانەی دراستانی لێ نزیکبووە. ڕۆژنامەی (عیراق) لە بەسەر کردنەوەیەکی کارکەرانی ئەو پیشەیە ئاماژەی بەوە داوە، کارکەرەکان سەرەتا دار بەڕووەکان دەبڕن و پاش سوتاندنیان و کردنیان بە خەلووز، دەکرێنە فەردەوە. کارکەرانی ئەو پیشەیە لەساڵی ١٩٨٩ فەردەیان بە(١٣)دینار لە بازاڕەکان فرۆشتووە[٥]. هەروەها تەسبیح دروستکردن لە قەزوان پیشەیەکی باو بووە. ڕۆژنامەی(هاوکاری) لەبارەی چۆنیەتی دروستکردنییەوە نووسیویەتی، سەرەتا هێشووە قەزوانە

---

(١) هێرش محمد، تەمەنی هەشتاو پێنج ساڵە هێشتا ئاسنگەرە، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٤)، شوباتی١٩٨٨، ل٢٨.

(٢) نەزیف بابا حاجی و حەسەن حەمە کەریم، پیشەسازی خۆراك لەناوچەی کوردەواری دا، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٤)، کانوونی دووەمی ١٩٧٩، ل١٨.

(٣) بۆ زانیاری لەبارەی چۆنێتی بەرهەم هێنانی بنێشتەکە بڕوانە: هێرش محمد ئەمین، بنێشتی کوردی، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٧)، مایسی١٩٨٨، ل٣١.

(٤) کاکەمەم بۆتانی، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دارەبەن لەپارێزگای سلێمانی دا، ب٣، س.پ، ل٤٢؛ بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو پیشەیە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی بنێشتەکە بڕوانە: کاکە مەم بۆتانی، لێکۆلینەوەیەك دەربارەی دارەبەن لە پارێزگای سلێمانی دا، ب١، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٢)، س١، تەمووزی١٩٧٨، ل٥٦؛ کاکە مەم بۆتانی، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دارەبەن لە پارێزگای سلێمانی،ب٢، گۆڤاری (پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی)، ژ(٣)، تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، ل٤٢.

(٥) سۆران محمود حسین سلێمان، خەلووز چۆن دروست ئەکرێ، چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەی (عێراق)، ژ(٨٨)، ١٩٨٩/٥/٣١، ل٥؛ لقی هەولێر، پێشبڕکێی سەرتاشانی هەولێر، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٦٠)، ١٩٩٠/٣/١٢، ل٩؛ احسان صدیق، سوحبەتەك لەگەڵ حجی ظاهرێ سەعەتچی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١٣٨)، ١٩٨٩/١٢/٢٥، ل١٢.

پێگەیشتووەکان لە داری دارەبەن کۆ دەکرێنەوە و بە تەڕی دەنکەکانی کون دەکرێن و پاش هۆنینەوەیان دەکرێن بە تەسبیح. هەر تەسبیحەی لە(١٠١-١٠٣)دەنکە قەزوان دروست دەکرێ. باشترین جۆری تەسبیحیش، (تەسبیحی ئابلەق)بووە، کە لە قەزوانی بەرزنجە دروست دەکرا و لەساڵانی ١٩٨٢ دانەی (١٠-١٥)دیناری دەکرد[١]. لەڕێگەی گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)ەوە دەزانین، کە پیشەی(فیتەری) وەستایی چاککردنەوەی ئامێرە میکانیکییەکان و ئۆتۆمبێلەکان، لەناوچەی پیشەسازی شارەکان هەبوونە[٢].

بەشێوەیەکی گشتی بۆ پێشخستنی پیشەگەری، دەبوو قوتابخانە پیشەییەکان دەورێکی سەرەکی بگێڕن، بەڵام وانەبوو. ئەوە لە کاتێکدا بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، لە کوردستاندا ساڵی ١٩٨٤ نزیکەی (٢٢) قوتابخانەی پیشەیی(پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی) هەبوون[٣]. بەڵام ڕۆڵیان زۆر کەمبووە لە پێشخستنی ئەو بوارەدا. ئەمەش بەهۆی ئەوەی زۆربەی کات دەرچووان هەوڵیانداوە لەفەرمانگەکانی حکومەت دابمەزرێن، بەپێچەوانەوە نەوەك گرنگی بە پیشەگەریەکان بدەن. دیارە نەبوونی پشتگیرییەك لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەو قوتابیانەش هۆکار بووە بۆ پێشنەکەوتنی ئەو بوارە. چونکە وەکو باسکرا هەرچەندە حکومەت لەڕێگەی بانکە کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان قەرزی پێشکەش دەکرد، بەڵام دواتر بەهۆی جەنگی عێراق و ئێران حکومەت ئەو قەرزانەشی وەستاند[٤]. بۆیە لەماوەی دیاریکراودا پشتگیریەکی ئەوتۆی حکومەت نەبووە بۆ ئەو کەسانەی بیان ویستبووایە پیشەیەك لە پیشەکان ئەنجام بدەن.

### ت- هەلومەرجی کار و بارودۆخی کرێکاران:

کرێکاران وەکو چینێکی گرنگی کۆمەڵگا و پرسەکانیان لە نەخوێندەواری و نزمی ئاستی هۆشیاری و دیاریکردنی ئەرك و مافەکانیان، لە ڕۆژنامەکاندا کۆمەڵە وتارێکیان لەبارەوە نووسراوە. دیارە سەلماندنی ئەو ڕاستیەی کە "چینی کرێکار داینەمۆی شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکانە لە پێناو لەناوبردنی هەرجۆرە چەوساندنەوەیەکی چینایەتی و ئازاردانی نەتەوەیی لە دنیادا"[٥]، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە، لەوەی ڕۆژنامەکان بەگشتی بایەخ بەو چینە بدەن و فەرامۆشی نەکەن. تەنانەت بڵاوکراوەیەکی تایبەت بەو چینە بەناوی (ڕەنجی کرێکار) دەربکرێت.

لەبەرئەوەی خەملاندنی چینی کرێکاران و دامەزراندنی سەندیکا و جولانەوەکانیان، پەیوەندی بە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاستی پێشکەوتنی وڵات و جوڵانەوەی پیشەسازییەوە هەیە، بۆیە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەو چینە لەباشووری کوردستان و عێراقدا مێژوویەکی کۆنی نیە[٦]. دوای شۆڕشی (١٤)ی

---

[١] لەتیف هەڵمەت، تەزبیح ئەستێرە پیرۆزەکانی دارەبەن، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٦١)، ١٩٨٢/١١/١١، ل٤.

[٢] وقائع الاجتماع الثالث للمجلس التشريعي، مجلة(ئۆتۆنۆمی- الحكم الذاتی)، ع(٣)، س٧، ١٩٨٣، ص ٤٢.

[٣] ڕەوتی پەروەردە لەناوچەی کوردستان لەبرەودایە، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٥١)، ١٩٨٤/٨/٢٣، ل١٢.

[٤] حسین نێرگسەجاری فەیسەل، س.پ، ل٧-١٣.

[٥] ووتەی هەڵبژاردە، بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(١) ساڵی ١٩٧٧، ل١.

[٦] لەبارەی سەرەتاکانی چینی کرێکاران بڕوانە: كمال مظهر أحمد، الطبقة العاملة العراقية، التكون و بدايات التحرك، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص ص ١٥- ٢٠.

تەمموزی ١٩٥٨و دەرچوونی یەکەمین یاسای ڕێکخستنی جولانەوە سەندیکاییەکان، لەساڵی ١٩٥٩دا یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکاران لەعێراق، ئەنجامدرا. لەو قۆناغەشدا حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ڕێکخستنە کرێکارییەکانی ناوچەکەو بایەخ پێدانیان وەکو یەکێك لە چینە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە[١]. بەعسییەکان دوای هاتنیان بۆ سەر دەسەڵات لە ڕێگای کودەتایەك لە ١٩٦٨ /٧/١٧. کۆنگرەیەکی نوێی (یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانیان) لەساڵی ١٩٧٠ گرێدا و کۆنگرەکانی پێشووتریان جگە لە کۆنگرەی یەکەم نەبێت ڕەتکردەوە[٢]. یاسای نوێی کار (ژمارە ١٥١ی ساڵی ١٩٧٠) یان دەرکرد و بەپێی بەندی (٢٦)ی یاساکە، یاساکانی پێش خۆیان ڕەتکردەوە[٣]. هەروەها دوای دامەزراندنی دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەباشووری کوردستان. ئەویەکێتییە لقەکانی خۆی لەپارێزگاکانی کوردستان کردەوە[٤].

لەماوەی نێوان (١٩٧٥-١٩٨٣)دا، بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی کارگە و دامەزراوە پیشەسازییانەی پێشتر ئاماژەمان پێداوە، تاڕادەیەك دەرفەتی کار بۆ کرێکاران دەستەبەرکرابوو. ئەگەرچی هیچ ئامارێکی فەرمی لەو ماوەیەدا لەبارەی ژمارەی کرێکارانەوە نیە، بەڵام ئەوەی دەزانرێت ئەوەیە کە (یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی) لەبلاوکراوەیەکی تایبەت بە خۆیان (واتە ڕەنجی کرێکار)، لە ساڵی ١٩٧٩دا ئاماژەیان بەهەبوونی زیاتر لە(٣٦)هەزار کرێکار کردووە، لە سەرجەم کارگە و پرۆژەکانی ناوەوە و دەرەوەی شاردا[٥]. سەرۆکی لیژنەی (سەندیکای کرێکارانی شارەوانی)ش لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بە زیاتر لە (١٥٠٠) کرێکار کردووە، کە لەساڵی ١٩٨٠ لەدام و دەزگاکانی ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی شارەوانی و گەشت و گوزاری ناوچەی ئۆتۆنۆمیی کاریان دەکرد[٦]. ئەمە جگە لە کرێکارانی کۆمپانیا و کارگە نەوتیەکانی پارێزگای کەرکوك و دیالە، کە هەرچەندە ڕێژەکەیان نازانرێت، بەڵام ڕێژەیەکی کرێکاری کورد لەو کارگانە خرابوونە سەرکار، ئەگەر کەمیش بووبێت[٧].

بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیرکردنی کرێکاران، لە ساڵی ١٩٧٥ (دامەزراوەی گشتی ڕۆشنبیری کرێکاران) دامەزرێندرا بوو، کە مەڵبەندەکەی لەشاری هەولێر بوو. لەهەر پارێزگایەك مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرابوو، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لقی یەکێتی سەندیکاکانی پارێزگاکانەوە هەبوو. لە (٣) ژمارەی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا، چالاکیەکانی ئەو مەلبەندانە

---

(١) خەباتی کرێکاران دەنگی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانیە، بلاوکراوەیەکی زانیاری و ڕۆشنبیرییە، ب١، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٣، ل٢٤ بەدواوە.

(٢) حسین جەبار، مێژووی بزووتنەوەی نەقابەکانی کرێکاران لەعێراقدا، بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٢)، س١، ١٩٧٧، ل١٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی یاساکە بڕوانە: جریده (الوقائع العراقیه)، ع (١٩٠٦)،١٩٧٠/٨/١٠.

(٤) نووسینگەی سلێمانی، لەپێناوی پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری کرێکاران لە سلێمانی، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٦٢٢)، ١٩٨٢/١/٢٨، ل٥.

(٥) چالاکی یەکێتی نەقابەکان، بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٥)، س٣، ١٩٧٩، ل٦.

(٦) پەیامنێری گۆڤار، چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٦)، س٤، ١٩٨٠، ل١١.

(٧) هاوڕێ یاسین محمد ئەمین، س.پ، ل٢٦٨.

دووپات کراونەتەوە[1]، کە ساڵانە چەندان خولی ڕۆشنبیریی بۆ کرێکاران تێدا دەکرایەوە و (٩) بابەتی پەیوەست بەهۆشیاری کرێکاران تێدا دەخوێندرا[2].

بۆئەوەی باشتر لە بارودۆخی چینی کرێکاران بگەین، پێویست دەکا یاساکانی تایبەت بەو چینە بخەینەڕوو. لەو ڕووەوە حکومەت یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعي) ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی دەرکردبوو، کە لە یاساکەدا جگە لەدیاریکردنی کاتژمێری کار، کە نەدەبوو کرێکار لە (٨)کاتژمێر زیاتر کاربکات. سەرجەم دەستەبەریەکانی لەڕووی تەندروستی و پێکان بەهۆی کارو خانەنشینی و خزمەتگوزاری بەخۆگرتبۆوە. هەر کارگەیەك ژمارەی کرێکارانی لە(٥) کرێکار زیاتر بوایە ئەوا یاساکە دەیگرتەوە. بۆنموونە بەپێی بەندی (٢٧)ی یاسا کە، هەر کرێکارێك بیویستبایە دەستەبەری خانەنیشینی بیگرێتەوە، ئەوا (١٧٪)ی مووچەکەی لەلایەن حکومەتەوە لێ دەگێردرایەوە؛ بەجۆرێك (٥٪)ی لە مووچەکەی خۆی و (١٢٪)ی لەخاوەن کارەکە وەردەگیرا[3]. بۆ ئەم مەبەستە حکومەت لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە ئاگاداری ئەوەی بلأوکردۆتەوە، هەرخاوەنکارێك لەکاتی دیاریکراو دا پارەی دەستەبەری کرێکارەکەی نەدات، ئەوا بەڕێژەی (٢٪) غەرامە دەکرێ[4]. ڕۆژنامەی(هاوکاری) باس لە بڕیاری (ژمارە«١٨٨»،١٩٨٠/١١/٨)ی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەکات، کە هەمواری یاسای خانەنشینی دەستەبەری کۆمەلایەتی پێشووتری لەبەرژەوەندی کرێکاران کردووە. بەوەی کە بەپێی بڕیارەکە "پاداشتی دارایی دەدرێت بە کرێکاری زامنکراو، لەکاتی شادی و جەژن و ژنهێنان و منداڵبووندا، یان کاتی لێقەومان وەك کۆچی دوایی یان هەریەکێك لە ئەندامانی خێزانی کرێکار تووشی نەخۆشییەکی گران بێ". لەکاتێکدا یاسای پێشوو یارمەتی تەنها بۆ خودی کرێکارەکە دابین دەکرد[5].

هەر لە ژێر سەردێریکی ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بە ناونیشانی "مسۆگەرکردنی کار بۆ هەموو هاولاتیەك"، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی عێراق (بەکر محمود ڕەسول)، ئاماژەی بەژمارەی ئەو پڕۆژانە کردووە، کە لەعێراق بەگشتی لەساڵی ١٩٨٣دا لەوەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، بەر یاسای خانەنیشینی و دە ستەبەری کۆمەڵایەتی کەوتبوون. بەو شێوەیە: لەکەرتی

[1] نووسینگەی سلێمانی، لەپێناو پەرەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیری کرێکاران لەسلێمانی، س.پ، ل٥؛ نازم دلبەند، لەمەلبەندی ڕۆشنبیری کرێکارانی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٨٦)، ١٩٨٣/٥/٥، ل٢؛ هەمان نووسەر، بەبۆنەی جەژنی یەکی ئایار، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٨٧)، ١٩٨٥/٥/٢، ل٩.

[2] بۆ زانیاری لەبارەی ئەو بابەتانەی لەخولەکان دەخوێندران، بڕوانە: جموجۆڵی کرێکاران لەشارەکەماندا، بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٢)، س١، ١٩٧٧، ل٢٢.

[3] بۆ دەقی یاساکە بڕوانە: قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي للعمال، رقم (٣٩) لسنة (١٩٧١)، جريدة (الوقائع العراقية)، ع(١٩٧٦)، ١٩٧١/٣/٢٢؛ هەروەها: حكومة اقليم كوردستان– العراق، وزارة العمل والشؤن الاجتماعية، قانون التقاعد و الضمان الاجتماعي للعمال، رقم (٣٩) لسنة (١٩٧١) وتعديلاته والقانون رقم (٤ لسنة ٢٠١٢)، اعداد: صلاح عبدالله، الطبعة الاولى، مديرية مطبعة الثقافة، أربيل، ٢٠١٣، ص٢٥.

[4] اعلان الى/ اصحاب العمل المشمولين بالضمان الاجتماعى في القطاع الخاص والقطاعين المختلط والتعاونى في انحاء القطر كافة، جريدة(العراق)، ع(٣٩٣٦)، ١٩٨٨/١٢/٢٧، ص٧؛ ع(٣٩٣٧)، ١٩٨٨/١٢/٢٨،ص٧.

[5] بڕیارێکی نوێی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە سوودی کرێکاران، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٥٩)، ١٩٨٠/١١/٢٤، ل٢.

**تایبەتـدا (١٤٥٩٧) پـڕۆژە، کـە (٣٨٩٦٨٩) کرێکـاری گرتبـۆوە. لەکـەرتی سۆشیالیستی(گشـتی) دا گەیشتبووە (٣٠٠١) پڕۆژە و (٦١٢١٥١) کرێکاری گرتبۆوە[١].**

**دوای ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر عێراقدا هات لە ئەنجامی جەنگی عێراق و ئێران، لـەڕووی تێکچوونی ئـابووری عێـراق و وەسـتانی بەشـێکی زۆر لـە کارگـەکان. لەسـاڵی ١٩٨٣ بـەدواوە ئیتر بەرەبـەرە ڕەوشـی کرێکارانیش ڕووی لە خراپی کردبوو. بەهۆی کەمبوونەوەی هـەلی کار و کرێـی کرێکاران، ئەمە جگە لە ڕاپێچکردنیان بۆ بـەرەکانی جـەنگ[٢]. لـە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانـە حکومـەتیش لەساڵی ١٩٨٧ (یاسـای کاری ژمـارە «٧١»ی سـاڵی ١٩٨٧) ی دەرکـرد[٣]. لـەبارەی ئـەو یاسایەوە گۆڤاری (تەندروسـتی و کۆمـەل) نووسـیویەتی، یـەك لـە لایەنـە گرنگـەکانی ئـەو یاسـایە بریتییـە لـە جـەختکردنی زیـاتر لەسـەر مەسـەلەی پاراسـتنی سـەلامەتی و تەندروسـتی کرێکار. بە پێـی مـاددەی (٩٢)ی یاسـاکە، دەبـوو لـە گشـت پـڕۆژە و کارگەکانـدا لێپرسـراوێك بـۆ تەندروسـتی و یاسـاغی پیشـەیی هـەبێت، بـەپێی قـەبارەی کارگەکـە؛ ئەگـەر ژمارەی کرێکارەکـانی لـە(٥٠) بەرەو خواربوایە دەبـوو کرێکارێکی ئاگـادار و شـارەزا بکـرێ بەلێپرسـراوی تەندروستی و یاساغی پیشـەیی. ئەگەر ژمارەیان لـە نێـوان (٥٠ – ١٠٠) کرێکـار بوایە کرێکارێك تایبـەت دەکـرا بـەو کـارەو دەبـوو مـاوەی ڕاهێنـانی تەندروسـتی و سـاغی پیشـەیی ببینیبوایـە. ئەگـەر لـە (١٠٠)کرێکار بەرەو ژووربووایە، ئەوا پێویست بوو لێژنەیەکی تەندروستی لەکارگەدا هەبێت[٤].**

**سـەبارەت بـە جـێ بـەجێکردنی ئـەو یاسـایانە، کـە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدیان بەباشـترکردنی ڕەوشـی کرێکارانـەوە هەیـە. ڕۆژنامەنووسـەکان بەشـێوەیەکی زۆر شـاراوەو پەردەپۆشـکراو لـە ڕۆژنامەکانـدا چـەند باسێکیان لەم بارەوە خستۆتەڕوو، کە ئاماژەیە بـەوەی زۆربـەی یاساکان بەتـەواوی جێبەجێنـەکراون. بۆ نموونە لە سەردانێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی(هاوکاری) بۆ کارگەی مافووری ئامێدی ئاماژە بـەوەدراوە، کە هـیچ جـۆرە خزمەتگوزارییـەکی تەندروسـتی لـە کارگـەکەدا نـەبووە، ئـەوەش زۆرجـار کـاری کردبـووە سـەر تەندروسـتی کرێکـاران، لەبـەر بـەکارهێنانی جۆرەهـا دەرمـانی کیمیـایی. هـەروەها پەیامنێرەکـە دەڵێـت تەنانەت کرێکاران هیواخوازبوونە هەر بەلای کەمەوە هەفتەی جارێك نۆژدار سـەریان لـێ بـدات و سـۆراخی تەندروستیان بپرسێت[٥]. هـەروەها لەساڵانی جـەنگ لەبـەر کورتهێنانی بودجـەی عێـراق بـەهۆی جەنگەوە**

---

(١) ذكريات محمد، مسۆگەرکردنی کار بۆ هەموو هاوڵاتیەك، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٧٠٣)، ١٩٨٣/٩/٨، ل٤.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەل مغدید احمد باشێ، لەیەکێتی سەندیکاکانی کرێکاران کوردستان– لقی هەولێر، ٢٠١٥/٥/٥. ناوبراو لەسالی ١٩٥٢ لەهەولێر لەدایك بووە. لەسالی١٩٧٣ەوە خەریکی کرێکاری بووە و پەیوەندی بەسەندیکای پیشەسازی کرێکارانەوە کردووە، لەسالانی هەشتا کرێکاری کەرتی گشتی بووە، لە بەڕێبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەی هەولێر کاری کردووە. لەسالی ١٩٨٧یش بەر یاسای ژمارە(١٥٠ی سالی ١٩٨٧) کەوتووە و بووە بە فەرمانبەری پیشەیی. ئیستاش خانەنشینەو ئەندامی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان– لقی هەولێرە.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی یاساکە بڕوانە: یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، یاسای کاری سەندیکای کرێکاران، ژمارە (٧١)ی (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) و یاسای ڕێکخستنی سەندیکای کرێکاران ، ژمارە (٥٢) بۆ ساڵی (١٩٨٧)، و: ابراهیم علی مراد، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٠.

(٤) محسن أحمد مصطفى، یاسای کارکردن و مەرجەکانی تەندروستی و ساغی پیشـەیی، گۆڤاری (تەندروستی و کۆمـەڵ)، ژ(٣)، س٣، مایسی ١٩٩٠، ل٣٨.

(٥) زادوق ادم، سەردانێك لەکارگەی مافووری ئامێدی، س.پ، ل٥.

حکومەت هەڵمەتی زیادکردنی بەرهەمهێنانی لەسەر کەرتە وەبەرهێنەکان ڕاگەیاندبوو. لەو ڕووەوە (شێرزاد عەبدولرەحمان- پ. ڕۆژنامەی هاوکاری) لەبەسەر کردنەوەیەکی کارگەی ڕستن و چنینی هەولێر نووسیویەتی کرێکاران ئەرکی قورستر لەجارانیان کەوتۆتە سەر و زیاتر لە کاتی ئاسایی خۆیان کاردەکەن؛ سەرەڕای ئەوەی بەگوێرەی کاتی زیاتکراو مووچەی زیاتریان پێ دەدرێت. هەروەها لەبارەی کەمبوونەوەی دەستی کار لەکارگەکەدا بەهۆی جەنگەوە دەڵێت: "جاران کرێکار(٤٨) تەشەی بەدەستەوە بوو کەچی کرا بە(٢١٢)، لەبەشی چنین کرێکار دووماکینەی لێدەخوڕی ئیستا هەریەکێك لەوانە چوار ماکینەی بەدەستەوەیە" [١]. ئەوانە دەمانگەیێننە ئەوەی کە کارگەکان کەموکوڕی زۆریان تێدا هەبووە، لەو لایەنانەی ئاماژەمان پێدا. ئەوە لەکاتێدا بەپێی یاساکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەموو ئەو سەرپێچییانە قەدەغە کرابوو[٢].

بەشێك لە نووسەرانی ڕۆژنامەوانی داوای باشتر کردنی ڕەوشی کرێکارانیان کردووە. بۆ نموونە کاکەمەم بۆتانی لە توێژینەوەدا کە بەناونیشانی "بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان" بلاویکردۆتەوە، بۆ ئەم مەبەستەو بەرەو پێشبردنی بەرهەمی دارستانەکان، پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە پێویستە چاودێری تەندروستی کرێکاران بکرێت و بۆ کاتی پشوودان جێگای حەوانەوەیان بۆ دروست بکرێت و مەسەلەی هاتوچۆ چارەیەکی بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو کرێکارانەشی گورج و گۆلن پاداشت بکرێن[٣].

بەشێوەیەکی گشتی ڕەوشی کرێکارانی کەرتی گشتی لە ئاستێکی خراپدا نە بووە، بەتایبەت دوای ئەوەی بە پێی بڕیاری (ژمارە«١٥٠» ١٩٨٧/٣/١٩)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەرجەم کرێکارانی کەرتی گشتی و فەرمانگەکان، ناونیشانی کاریان گۆڕا بۆ فەرمانبەر[٤]. ئەو بڕیارە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەجۆرێك باسکراوە، کە کرێکارەکان وەکو سەرجەم فەرمانبەرەکانی تری حکومەت یەکسان کرابن لەماف و ئیمتیازاتدا. هەروەها وەکو دەسکەوتێی گرنگی حیزبی بەعس ئاماژەی بۆ کراوە. بۆ نموونە لە گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)دا بە خەلاتێکی سەدام حوسێن (سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش١٩٧٩-٢٠٠٣) بۆ کرێکاران وەسفکراوە[٥]. بەلاَم لەڕاستیدا وانەبوو. گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر بارودۆخی کاری کرێکارەکاندا نەهاتبوو، لەسەر هەمان کاری پێشووتری خۆیان مابوونەوە، تەنها ئەوە نەبێت ناونیشانیان گۆڕا بۆ (فەرمانبەری پیشەیی). لە ڕووی ئیمتیازات و خزمەتی مەدەنی جیاوازبوون لەگەل فەرمانبەرانی ئاسایی. چونکە ئەگەر چەندان ساڵ خزمەتیشی هەبووایە، ئەوا ناونیشانەکەی هەر (فەرمانبەری پیشەیی) دەبوو، واتە کرێکار. هەتا خانەنشینیش دەکرا هەر بەو پلەیە دەمایەوە. تەنانەت

---

[١] شێرزاد عبدالرحمن، کۆشش و بەرهەم لەم کارگەیەدا، س.پ، ل٤،

([٢]) بروانەیاساکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە: صلاح عبدالله، م.س.

[٣] بەهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان، بەشی یەکەم ، گۆڤاری (ئابووری زان)، ژ(١)، تەمموزی ١٩٨٠، ل٧ ؛ بەشی دووەمی توێژینەوەکە لە گۆڤاری (ئابووری زان)، ژ(٢) ساڵی (١٩٨١)، ل ل٥٥-٥٩.

[٤] قرار مجلس قيادة الثورة رقم(١٥٠) في ١٩٨٧/٣/١٩، جريدة(الوقائع العراقية)، ع(٣١٤٣)، ١٩٨٧/٣/٣٠.

[٥] مصلح جلالی، مەودا مرۆڤایەتی یەکانی بڕیاری سەرکردەمان صدام حسین بەگۆڕینی کرێکاران بە فەرمانبەر، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٤)، حوزەیرانی١٩٨٧، ل٧؛ یاسا نوێ یەکە کرێکارانی گۆڕی بە مووچەخۆر و لەماف و ئەرکدا وەك یەکی لێکردن، ڕۆژنامەی(هاوکاری)،ژ(٨٨٥)، ١٩٨٧/٤/٢، ل٣.

ئـەو کرێکارانــە بــە درەبــوون لەپەیوەنــدی کــردن و پشــتیوانی ســەندیکاکان[1]. لێــرەدا ئــەوەمان بــۆ دەردەکەوێت، کە هەندێك لە ئەدیب و نووسەرە ڕۆژنامەنووسییەکان بەشێوەیەك لەبابەتەکان دەکۆڵنەوە و دەیانخەنە ڕوو، کە لەگەل ئامانج و ئارەزووەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەگونجێت. بەم کارەشیان بەدوور دەبن لە پەیامی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسی.

سـەبارەت بەڕەوشـی کرێکـارانی کـەرتی تایبـەتی جگـە لەوانـەی ئاماژەمـان پێـدا گـۆڕانێکی ئـەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو. تەنها لە ماندوو بوونی دەستی خۆیان سوودمەند دەبوون. ئەگەر کاتی زیاتر کاریان بکردبووایە پاداشتی زیاتریان پێدەدرا، کەچەندان جار لەکرێی ڕۆژانەکەیان زیاتر دەبوو[2]. لە ڕاستیدا پێویست بوو حکومەت گرنگی زیاتر بەکرێکارانی کەرتی تایبەت بدات. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەنووسەکانیش کەمتەرخەمبوونە، دەبوو ڕۆڵی زیاتریان بگێڕا بووایە، لە وشیارکردنەوەی ئەو چینە دەرهەق بەئەرك و مافەکانیان. فشاری زیاتریش بخەنە سەر حکومەت بۆئەوەی ڕەوشی کرێکارانی ئەو کەرتەی باشتر کردبا. چونکە کرێکارانی ئەو کەرتەیە دەبنە پێوەرێك بۆ هەلسەنگاندنی ڕەوشی چینی کرێکاران بەگشتی.

---

(1) چاوپێکەوتن لەگەل مغدید احمد باشێ، هەولێر، ٢٠١٥/٥/٥.

(2) چاوپێکەوتن لەگەل لامعە عمر احمد، هەولێر، ٢٠١٥/٣/٢٩. ناوبراو لەساڵی ١٩٥٦ لەشاری هەولێر لەدایك بووە، لەنێوان ساڵانی١٩٧٨-١٩٨٣ کرێکار بووە لە کارگەی جگەرەی هەولێر. دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی سێی ناوەندی لە بەڕێوبەرایەتی کار و دەستەبەری کۆمەلایەتی حکومەتی عێراق لە شاری هەولێر دامەزراوە و بووە بە سەرۆکی خەزنەدار. ئیستاش لەهەمان بەڕێوبەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە.

## تەوەری سێیەم: کەرتی بازرگانی:

بازرگانی بە ئەلقەی بەیەکگەیشتنی بەرهەمهێنەرو بەکاربەر دادادەندرێت. هەرچەندە چالاکی بازرگانی گەشەبکات، کالاّ و پێداویستی بەشێوەیەکی ئاسانترو بەنرخێکی گونجاو تر دەگاتە دەستی بەکاربەر.

دیارە پەرەسەندنی چالاّکی بازرگانی هەر ولاّتێك پەیوەندی بەگەشەی ئابووری و سیستەمی ڕێکخستنی ئابووری ئەو ولاّتەوە هەیە. لە عێراقیش دوای ئەوەی لەسالّی ١٩٦٩ (یەکێتی گشتی ژوورە بازرگانییەکانی عێراق) دامەزرا، لەسەرجەم پارێزگاکانی ولاّتەکە بە کوردستانیشەوە، ژووری بازرگانی کردەوە. لە ئاکامدا چالاکی بازرگانی بەشێوازێکی ڕێکخراو لەسالاّنی حەفتاکانەوە گەشەسەندنی بەخۆوە بینی[1]. لێرە بەدوا هەولّدەدەین بە پێی زانیاری ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، تیشك بخەینە سەر چالاّکی بازرگانی ناوچە کوردییەکان و لەسەر هەردوو ئاستی ناوەخۆی عێراق و دەرەوەشدا:

### أ- بازرگانی ناوەخۆی باشووری کوردستان:

لەبەرئەوەی ئێمە باشووری کوردستان وەکو یەکەیەکی جوگرافی- ئتنی تەماشا دەکەین، بۆیە لێرەدا مەبەستمان ناوەخۆی باشووری کوردستانە نەك ناوەخۆی عێراق. دیارە ئەم بازرگانییەش دەکەوێتە بەر کاریگەری چەند هۆکارێك؛ وەکو جیاوازی چالاکییە ئابوورییەکان و جۆری بەرهەم بەپێی سروشتی خاك و تۆپۆگرافیاو ئاو و هەواو جۆری ئاوەدانی. هەروەها ڕێگاوبان و دەستەبەر بوونی ئاسایش. بێگومان شارەکان بەمەلّبەندی بازرگانی ناوەخۆ دادەنرێن، لەبەر زۆری ژمارەی بازاڕو دوکانەکان و بوونی دامەزراوە بانکیەکان تێیاندا. لەماوەی تایبەت بەم توێژینەوەیەدا چالاّکی بازرگانی ناوخۆ لەئەنجامی دروستکردنی ڕێگاوبانی زیاتر لەنێوان شارەکاندا و گەشەسەندنی زیاتری هۆیەکانی گواستنەوە لە ئۆتومبێل و بارهەلّگرەکان پەرەسەندنی زیاتری بەخۆوە بینیبوو. چونکە ئەمانە ببونە ئامرازێك بۆ زیاتر هاتوچۆی دانیشتوان و بازرگانەکانی ناوچە جیاجیاکان و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لەبازارەکاندا[2].

دیارترین ڕەنگدانەوەی چالاکی بازرگانی ناوخۆ لە ڕۆژنامەکاندا، بازاڕە ناوەندییەکان( سوق مرکزی- ئۆرزدی باك)[3]ی شارەکان بوون. ئەوانە بازاڕی حکومی بوون و سەربە کۆمپانیاکانی گشتی کۆگاکانی عێراق (الشركة العامة للمخازن العراقية) بوون. لەسالی١٩٧٤ یەکەم لقی ئەو کۆمپانیایە لەشاری هەولێر کرایەوە و یەکەم بازاڕی ناوەندی لەشارەکەدا دامەزراند[4]. دواتر لە سلێمانی لقێکی دیکەی کرایەوەو

---

[1] محمد جزاء حسین حسن، ژووری بازرگانی سلێمانی، و: طه احمد طه، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ب.س، ل٤.

[2] باوکی ڕەنوو، جوگرافیای ئابووری کوردستان، ئابووری سیاسی(گۆڤارێکی وەرزییە سەندیکای ئابووریناسانی کوردستان دەریدەکات)، ژ(١٦)، هاوینی٢٠٠٧، ل٧٨.

([3]) ئورزدی باك وشەیەکی ئینگلیزییە لە(Ourse Day Bag)وەرگیراوە بەواتای مۆل یان مارکێتێکی گەورەی ڕۆژانە، کە هەموو کەلوپەلێکی لەجل و بەرگ و خواردەمەنی و ناومال و ئیکسسوارات...تاد، تێدابێت. ئەو وشەیەش لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆناوی بازرگانێکی مەجەڕی بەناوی (ئەدۆلف ئوروزدی) کە لەبنەمالەی (باك) بووەو ئەفسەربووە لەسوپای نەمسا. بۆیەکەمجار ئەو وشەیە لەڕیگەی چەند بازرگانێکی جوو لەسییەکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە عێراق. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم سایتە:
file:///c:/User/josegh/Documents/کروب الصور التاريخية النادرة...قصة وتاريخ يرجع انشاء...أورزدی باك .html

[4] ناظم دلبەند، کۆمپانیای گشتی کۆگاکانی عێراق لەهەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٤٤)، ١٩٨٤/٦/٢٨، ل٦.

**بازاڕێکی ناوەندی لەشارەکەدا دامەزراند[(١)]. لەشاری دهۆکیش لەساڵی١٩٨١ بەناوی "فرۆشگای دهۆك" کرایەوە[(٢)]. بە شێوەیەکی گشتی ئەو بازاڕە ناوەندییانە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدەهاتن. بەشی یەکەم ئۆرزدی بوو وەکو سوپەر مارکێتەکانی ئێستاکە وابوو، هەموو جۆرە کەلوپەلێکی لە جل وبەرگ، کەڵوپەلی ناومال، یاری مندالان، خواردەمەنی، بۆن وبەرام، بەشی ئامێری وردەواله، بەشی مافوور و ڕایەخ و بەشی ئامێرە کارەباییەکانی تێدابوو. بەشی دووەمی بۆ فرۆشتنی بە کۆ بوو، کە پەیوەندی بە وەکیلەکانەوە هەبوو بەگوێرەی خشتەیەك بەسەر ڕۆژەکانی هەفتەدا ڕێکدەخرا و بۆهەر کەرستەیەك ڕۆژێك دیاری دەکرا. کەڵوپەڵەکانی ئەو بازاڕانەش لە بەرهەمی ناوەخۆ و هاوردەی وڵاتانی دەرەوە پێکدەهاتن. بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەکان لەهەندێك کاتیشدا لەو بازاڕانەدا کەلوپەلی ئۆتۆمبێل لە پاتری و تایەو دۆنی برێك، بەسەر هاوڵاتیان دابەشدەکرا[(٣)].**

**ڕۆژنامەکان ئەوەیان لێدەخوێندرێتەوە، ئامانجی حکومەت لەکردنەوەی ئەو بازاڕانە پێشکەشکردنی کەڵوپەل بووە بە هاولاتیان بەنرخێکی هەرزانتر. بەتایبەت لە کۆتایی هەشتاکان، کە ئەو بازاڕانە زۆرتر لەخزمەتی فەرمانبەراندا بوون؛ بەوەی کە هەر فەرمانبەرێکی حکومەت دەفتەرکۆبۆنێکی بازاڕەکەی پێدەدراو بەنرخێکی زۆر هەرزان کەڵوپەڵەکانی دەکڕی. هەندێك جاریش کەڵوپەڵی وەکو بەفرگرەکان(سەلاجەو موجەمیدە) و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بەسەریان دابەش دەکرا، بیگومان ئەوەش بەتیروپشك بوو. بۆ نموونە تاوەکو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە بازاڕی ناوەندی هەولێر نزیکەی(٣٠)هەزار دەفتەرکۆبۆن و لە بازاڕی ناوەندی سلێمانیش نزیکەی(٤٠) هەزار دەفتەر هەبوون[(٤)]. لەگەڵ ئەوشدا دەتوانین بڵێین حکومەت ویستوویەتی کۆنترۆڵی چالاکییە بازرگانییەکان بکات. بۆیە زۆرجاران کەمی ژمارەی کەلوپەلەکانی ئەو بازاڕانە و خواستی زۆر لەسەریان و هەرزانی نرخەکانیان، دەبووە هۆی دروستبوونی بازاری ڕەش. بۆنموونە قەیرانی کەمی جگەرە و گۆشت و هێلکە و شیری مندالان، لەو بازاڕانەدا ببووە جێگای گازەندە و ناڕەزایی خەلك لە ڕۆژنامەکاندا. لەکاتێکدا ئەو کالاَیانە لەبەردەم ئەو بازاڕانەدا بە دووقات دەفرۆشرانەوە[(٥)].**

**جگە لەو بازاڕە ناوەندییانە، لەهەموو شارەکاندا بازار و دوکان هەبوون، چالاکی بازرگانیان تێدا ئەنجام دەدرا. لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا ئاماژە بەژمارەیەك بازاڕی گەورە لەشارە سەرەکییەکاندا کراوە. وەکو بازاری شێخی چۆلی و قەیسەریی لەهەولێر، کە گەورەترین دوو بازاڕی شارەکە بوون، هەموو جۆرە**

---

[(١)] فریا عبدالله، سەردانێکی تایبەت لە ئۆرزدی سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٤٣)، ١٩٨٠/٩/٢٢، ل٥.

[(٢)] زادوق ادم، گفتوگۆیەکی والا لەگەل لێپرسراوی فرۆشگای دهۆك، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦١٩)، ١٩٨٢/١/٧، ل٥.

[(٣)] شێرزاد عبدالرحمن، گەشتێ بەکۆمپانیای کۆگاکانی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٩١)، ١٩٨٥/٥/٣٠، ل٨–١١؛ فیصل محمد حسن، هێژا عبدالهادی الشطری ڕێڤەبەری بازارا مەلبەندی ل پارێزگەها دهوکێ بۆ ڕۆژناما بزاڤ دئاخڤیت، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٨)، ١٩٩٠/٦/٢٦، ل٧.

[(٤)] بازاڕی مەلبەندی هەولێر، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٣)، ١٩٨٩/١٠/٢١، ل٥؛ تاڤگە احمد میرزا، سەردانی هاوکاری بۆ بەڕێوبەرایەتی پێشانگای بازاڕی سلێمانی مەرکەزی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٦١)، ١٩٩٠/٣/١٥، ل٧.

[(٥)] فریا عبدالله، سەردانێکی تایبەت لەئۆرزدی سلێمانی، س.پ، ل٥ ؛ زین محمد علی، بۆ بەرچاڤێ ڕێڤەبەری ئۆرزدی لدهۆکێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٣٢)، ١٩٨٩/١٢/٤، ل٩؛ هێرش محمد ئەمین، بەڕێوبەری بازاڕی مەلبەندی سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٥٧)، ١٩٩٠/٣/١،ل٩؛ بزاڤ، بازاڕی سوق مەرکەزی، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٥)، ١٩٩٠/٦/٥، ل٦.

**شتێکیان تێدا دەست دەکەوت[١]. هەروەها بازاڕی قەیسەری نەقیب لە سلێمانی[٢]. لەهەر یەك لەو بازاڕانەدا جگە لەدوکانەکان، ژمارەیەك دەستگێڕ و عەرەبانەچی هەبوون لە سوچێکی بازاڕەکەدا کەڵوپەلی وردەواڵە و سەوزەو میوەیان فرۆشتووە[٣].**

**بەشێوەیەکی گشتی بازرگانی ناوەخۆی باشووری کوردستان ئەو سیفەتەی هەبوو خەلکانێکی زۆر بەڕێوەیان دەبرد، ڕەنگە ئەوەش لەبەرکەمی هەلی کارکردن بووبێت لە بوارەکانی تردا. بۆیە شەقام و کۆلان و گەڕەکەکان پڕ ببوون لە دوکان و بازار و خەلکەکە خەریکی بازرگانی بوون[٤]. ئەوەتا لەڕۆژنامەکاندا ئاماژە بەسێ ژووری بازرگانی کراوە، ئەوانیش ژووری بازرگانی سلێمانی ١٩٦٧، ژووری بازرگانی هەولێر١٩٦٩، ژووری بازرگانی دهۆك لە ساڵی ١٩٧٨ دامەزراون. بەتەنها لەژووری بازرگانی هەولێر تاوەکو ساڵی١٩٩٠ ژمارەی ئەو مۆڵەتە بازرگانییانەی بەهاوڵاتیان درابوون گەیشتبوە(١٣)هەزار مۆڵەت. بێگومان بازرگانی ناوەخۆ بەگشتی و بەتایبەتی کەرتی تایبەتی، لەلایەن ئەو ژوورە بازرگانییانەوە سەرپەرشتی دەکرا. هەروەها لەڕێگەی چەند لێژنەیەکەوە چاودێری بازاڕەکانیان دەکرد، ئاگاداریش بوون بەسەر نرخ و مزایەدەی ئاشکرا و وەکالەتی کۆمپانیاکانەوە. ژوورە بازرگانییەکان لەساڵی١٩٨٥ کران بەژووری بازرگانی و پیشەسازی، وەکو ڕێکخراوێکی ئابووری سەر بەیەکێتی گشتی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی عێراق بوون. هەموو کەسێك دەیتوانی ببێتە ئەندام لەو ژوورانە بەو مەرجەی کەسەکە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بووایە و خاوەنی ڕەسیدێکی بانکی بووایە لە یەکێك لە لقەکانی بانکی ڕافیدەین[٥].**

**شایەنی ئاماژە بۆکردنە زیانە ئابوورییەکانی جەنگی عێراق و ئێران، کاریگەری بە سەر بازاڕەکانی عێراق بەگشتی دروست کردبوو. بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان لەساڵانی دوای جەنگ، وەك دەرئەنجامێکی جەنگەکە، لەڕۆژنامەوانی شاخ و ئاشکراکاندا ڕەنگی دابۆوە. بەجۆرێك ڕۆژنامەیەکی شاخ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، جەنگەکە بازاڕەکانی عێراقی دووچاری قەیرانی کەلوپەلی خۆراکی و شمەکە پێویستییەکانی تر، کردەوە. ئەمەش بووبە هۆی دروستبوون و پەرەسەندنی  بازاڕی ڕەش و دیاردەی قۆرخکاری. چونکە بەشێکی زۆری کارگەکان لەئەنجامی هاوردەنەکردنی کەرەستە سەرەتاییەکان وەستا بوون. بەردەوامبوونی جەنگەکەش عێراقی دووچاری قەیرانێکی دارایی کردبۆوە، بەهۆی تەرخانکردنی**

---

[١] دیاردەی ئەم بازاڕە لەشاری هەولێر، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٢٦)، ١٩٩٠/١/٢٠، ل٥.

[٢] ئارام غفور قزاز، قەیسەریی نەقیب، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٥)، کانوونی دووەمی ١٩٨٩، ل١٠.

[٣] ئازاد، بەشەکانی خزمەنگوزاری شارەوانی لە شاری جوانی سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٥٨)، ١٩٩٠/٣/٥، ل٤ ؛ خسرۆ محمود، ئەم دیاردەیە لەشاری هەولێر، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٥)، ١٩٨٩/١١/٥، ل٤.

[٤] سەلاحەددین حەفید، س.پ، ل٧٦–٧٧.

[٥] پ. هاوکاری  لەسلێمانی، ژووری بازرگانی و کاری دلسۆزانە بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی جەماوەر لەبازاڕدا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٧٥)، ١٩٨١/٢/١٩، ل٥ ؛ غرفة تجارة أربیل، مجلة(نەورۆزی عێراق– نوروز العراق)، جزء(١٢)، سنة١٩٩٠، ص٨٠؛ عزت بریفکانی، ژۆرا بازرگانیێ و پیشەسازیێ ل دهۆکێ و خزمەتا وەلاتی و مللەتێ، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٣٠)، ١٩٩٠/٢/٢٠، ل٣.

پارەیەکی زۆری دەوڵەت لەو جەنگەدا و کەمبوونەوەی ناردنە دەرەوەی نەوت، لەئاکامی تێکشکاندنی بەشێك لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کەرتی پیشەسازی نەوتی عێراق، لەلایەن ئێرانەوە[1].

هەوڵەکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە بریتی بوون لەچەند هەنگاوێك: بۆ ڕێگە گرتن لە دیاردە قۆرخکارییەکان، ئەمینداری گشتی کارگێری ئابووری و دارایی، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی(هاوکاری) ئاماژەی بەدەرکردنی بڕیاری ژمارە(١٣١٥)ی ساڵی ١٩٨٥ی ئەمینداریێتیەکە کردووە، کە گەروەترین سزای بۆ ئەوکەسانە دانابوو، شتومەك قۆرخ دەکەن و نرخەکان بەرز دەکەنەوە. لەلایەکی تریشەوە ئەمینداریەتەکە لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە چەند ژمارە تەلەفۆنێکی لێژنەکانی چاودێریکردنی بازاڕی بڵاوکردبۆوە، بۆئەوەی هاوڵاتیان لەکاتی بینینی هەرسەرپێچییەك بتوانن ئاگاداریان بکەنەوە[2]. پڕکردنی بازاڕەکان بەشمەکی هاوردە، کە لەڕۆژنامەیەکی شاخدا هاتووە، هەنگاوێکی دیکەی حکومەت بوو. بەڵام ئەو هەنگاوەی بوو بەهۆی دابەزینی بەهای دراوی عێراقی. بۆ پڕکردنەوەی ئەو لاسەنگیەش حکومەت پەنای بردبووە بەر پڕکردنی بازارەکان بەدراوی نوێی کاغەزی[3]. لەڕۆژنامەی (هاوکاری)دا هاتووە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە(٩٠)، ١٩٨٥/١/٢٠ و یاسای بانکی ناوەندی عێراقی ژمارە(٦٤)ی ساڵی١٩٧٦، بانکی ناوەندی دراوی (٢٥)دیناری، کەوێنەی سەدام حوسێنی بەسەرەوە بوو دەرکرد. ڕۆژنامەی ناوبراو ئەو مەسەلەیەی وەکو هەنگاوێکی ئەرێنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و دروشمی نیشتمانی و نەتەوەیی باسکردووە[4].

لەڕاستیدا ئەو هەنگاوانەی حکومەت، چارەسەری دۆخی ئابووری وڵاتی نەکرد. بارودۆخەکە بەرەبەرە ڕووی لە خراپی دەکرد، بەتایبەتی لەساڵانی دوای جەنگ. نرخی کاڵاکان بەرزبوونەوەی زیاتری بەخۆوە بینی، کە ببووە جێگای سەرنجی ڕۆژنامەنووسان؛ بۆ نموونە ڕۆژنامەنووسێك بێئەوەی ئاماژە بەناوەکەی خۆی بکات نموونەی چەند کەلوپەلێکی هێناوەتەوە کە لەبازاڕە ڕەشەکاندا بەگران فرۆشراون و دەلێت: " شیریٚ نیدۆ دهێنە فرۆشتن ب(٨) دینارا بهایێ ڕەسمی(٣,٥٠٠)دینارا[سێ دینارو پێنچ سەد فلسە]...(٥) قودیکێت گۆشتی دهێنە فرۆشتن ب(٤)دینارا، بهایێ ڕسمی(٢)دینارن"[5]. ڕۆژنامەنووسێکی تر بەهەمان شێوە ئاماژەی بەناوەکەی خۆی نەکردووە نووسیویەتی تەنانەت لەبازاڕە ناوەندییەکانیش نرخەکان بەرزبوونەتەوەو نرخی هەر شمەکێك(١٠- ٥٠)فلسی خراوەتەسەر[6]. تاوەکو کۆتایی ساڵی١٩٩١ بەرزبوونەوەی نرخەکان بەڕێژەی (٥٠٪) گەیشت. هۆی سەرەکی دەگەڕایەوە بۆ قەیرانە ئابوورییەکانی عێراق، بەهۆی کەمبوونەوەی ناردنە دەرەوەی نەوت و دابەزینی نرخی نەوت و دیاردەی لاسەنگی

---

(1) نەجمەدین فەقێ عەبدوللا، کورتەیەك دەربارەی دابەزینی نرخی دراو لە عێراقدا، گۆڤاری(کۆمەلە)، ژ(٢)، خ٢، شوباتی١٩٨٢، ل١٥-١٦.

(2) شێرزاد عبدالرحمن، ئەمینداری گشتی ئابووری و دارایی دەربارەی بڕیاری ژمارە(١٣١٥)بۆ هاوکاری دەدوێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٧٥)، ١٩٨٥/٢/٧، ل٧؛ پ. هاوکاری، چۆن چاودێری نرخی بازرگانی دەکرێت؟، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٨٥)، ١٩٨٩/٦/١٩، ل٤.

(3) نەجمەدین فەقێ عەبدوللا، کورتەیەك دەربارەی دابەزینی نرخی دراو لە عێراقدا، س.پ، ل١٦.

(4) لەیاسایەکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٧٣)، ١٩٨٥/١/٢٤، ل٢.

(5) بزاڤ، بازاڕی سوق مرکزی، س.پ، ل٦؛ هەروەها بڕوانە: حسین طالبانی، ئەمینداری گشتی کاروباری ئابووری و دارایی بۆ ئاسۆ دەدوێ، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٢٦)، ١٩٩٠/١/٢٠، ل٢.

(6) ئەو شتە عەجائیبانەی لە(سوق المرکزی)هەلێر ڕوودەدەن، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٢١)، ١٩٨٩/١٢/١٦، ل٥.

لەتەرازووی دراوەکانیدا. چونکە دەرکردنی دراوە کاغەزییە نوێیەکانیش لەبەرئەوەی لەپێویستییە کۆمەڵایەتییەکان و کردەی ئالوگۆڕە بازرگانییەکان زۆرتر بوون، بۆیە بەهای دراوی عێراقی زیاتر دابەزینی بەخۆوە بینی[١].

**ب- بازرگانی ناوەخۆ لەگەڵ شارەکانی عێراق:**

کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزی بازرگانی لەگەڵ چەند شارێکی عێراقدا هەبوو، بەتایبەت شاری بەغدا و موسڵ، ئەوە جگە لەشارەکانی تر، کە بەئاستی جیاواز پەیوەندی لەگەڵیاندا هەبووە[٢]. بەوپێیەی بەغدا پایتەختی عێراق بووەو زۆربەی دامودەزگا سەرەکییەکانی لێبووە لەڕۆژنامەکاندا وەکو ناوەندێکی سەرەکی بازرگانی باسیکراوە[٣]. شاری موسلیش لەکۆنەوە مەلبەندێکی بازرگانی بووەو کەوتۆتە سەر ڕێگای سەرەکی ناوچەکەو جیهان. هەروەها لەبەرئەوەی هاو سنووری کوردستان بووە، بۆیە چالاکی بازرگانی لەگەڵ ئەو شارەدا لەباربووە. نووسەرێك باس لەوەدەکات مازوو لە بەرهەمە سروشتییە گرنگەکانی ناوچەکە بووە، هەناردەی موسڵ دەکرا، لەویشەوە ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا دەکرا[٤]. ڕۆژنامەکان باسیان لەوە نەکردووە، کە بەپێچەوانەوە، پێداویستی دیکەی وەکو سوتەمەنی، سەوزە و میوە، خورما، تەحین، چەرەزات، جل وبەرگ، ڕۆن، برنج، شەکر، چا، کەلوپەلی کارەبایی ناوماڵ، زێڕ، شیرنی و حەلوا لەو شارەوە هاوردەی ناوچەکە دەکرا[٥].

نەوتی کوردستان، کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەر داگیرابوو، سەرەکی ترین هەناردەی باشووری کوردستان بوو. ساڵانە هەزاران تەن نەوتی خاوی کەرکوك و خانەقین، بۆ پالاوگەکانی(ئەلموفتیە، ئەلدۆرە، حەدیسە، بەغدا) هەنارده دەکرا[٦]. بەڵام وەکو ئاماژەمان پێداوە ئەو بابەتە لە ڕۆژنامەکاندا باس نەکراوە.

بەشێوەیەکی گشتی بەروبوومە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان لەدوای نەوت سەرەکیترینی هەناردەکان بوونە، بۆ پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق. (محەمەد سەعید-دکتۆر) ئەمینداری گشتی کارگێری کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ ڕۆژنامەی(هاوکاری) ئاماژەی بەوەداوە، لەساڵی ١٩٨٨دا توانیویانە نزیکەی(١٩٨٦٩)تەن بەرهەمی

---

(١) نەجمەدین فەقێ عەبدوللا، کورتەیەك دەربارەی دابەزینی نرخی دراو لە عێراقدا، س.پ، ل١٦.

(٢) ڕێبوار خالد مصطفی، پارێزگای سلێمانی(١٩٦٨-١٩٨٨) توێژینەوەیەکی مێژوویی ئابوورییە، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر کراوە، ٢٠١٤، ل١١٨.

(٣) وصفی حسن، دگەل ڕێڤەبەرێ بازارگەهێ مەلبەندی لدهۆکی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦٧)، ١٩٨٦/١١/٢٧، ل٤؛ فریا عبدلله، سەردانێکی تایبەت لە ئۆرزدی سلێمانی، س.پ، ل٥.

(٤) کەمال جەلال غەریب، مازوو، س.پ، ل٥٧.

(٥) چاوپێکەوتن لەگەل عەبدولکەریم مستەفا عەتار، هەولێر، ٢٠١٥/٤/٥. لەسالی ١٩٦١ لە بنەمالەیەکی بازرگان لەهەولێر لەدایك بووە، ئامادەیی تەواو کردووە، لەسالی ١٩٨٣ەوە لەگەل باوکی خەریکی کاری بازرگانی کردن بووە، لەکۆتایی سالانی هەشتاوە زیاتر بە کاری بازرگانی دەرەکی لەگەل ولاتانی ئەوروپا خەریك بووە، ئیستاش ئەندامی ئەنجوومەنی ژووری بازرگانی هەولێرە.

(٦) عەبدولا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل٤١٤.

کشتوکاڵی (بەتایبەتی گەنم وجۆ)و (١٣٣٠) تەن گۆشت، هەناردەی پارێزگاکانی عێراق بکەن[١]. هەروەها تووتنی پوختەکراو و چیمەنتۆ بەپێی ئاماژەی چەند نووسەرێك لەهەناردە گرنگەکانی کوردستان بوون، بۆ بەغدا[٢]. هەروەها لەرۆژنامەکاندا ئاماژە بەوەش نەدراوە، کە لەسامەڕا بەرهەمەکانی میوەو سەوزە، لە دیاله خورما و پرتەقاڵ و لالەنگی و لیمۆ و هەنار، لە ناسریه خورما، لەحلله ڕۆن و خورما، لەکەربەلا گەسك، خورما و لیمۆ و خوێ لە بەسرە، هاوردە دەکران[٣]. لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی ئەمینداری گشتی گارگێڕی ئابووری و دارایی ناوچەی تۆتۆنۆمی، ئاماژە بەوەکراوە قەبارەی بازرگانی کەرتی گشتی لەسەرەتای ساڵی١٩٨٠ تاوەکو ئابی١٩٨٣ لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق گەیشتبووە(٨٨) ملیۆن دینار. کە زیاتر کەلوپەلی خواردەمەنی و شتومەکی ووردە بابەتی بازاڕە مەلبەندییەکان و ئۆتۆمبێل و ئاسن و دار و کەڵوپەلی بیناکردنی گرتبۆوە[٤].

### ج- بازرگانی دەرەکی لەگەڵ وڵاتان:

بازرگانی دەرەکی ئاڵوگۆڕی کاڵاو کەڵوپەلە لەدەرەوەی سنووری جوگرافیای دەوڵەت و لەسەرئاستی دەرەوە، لەهاوردە و هەناردە پێکدێت[٥]. بەڵام بەو پێیەی ئێمە باشووری کوردستان وەکو یەکەیەك سەیر دەکەین، بۆیە لێرەدا ئەو جۆرە بازرگانیە زیاتر لەڕێگەی حکومەتی عێراقەوە ئەنجام دراوە. بەتایبەتی دوای هاتنی حیزبی بەعس بۆ سەر دەسەلات لەساڵی ١٩٦٨، گۆڕانێکی گەورە لەئابووری ئەو وڵاتەدا ڕوویداو تەواوی کەرتە ئابوورییەکان، لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەرداگیرا. دەرکردن و جێبەجێکردنی چەند یاسایەك ڕۆڵی حکومەتی لەبواری بازرگانی ناوەخۆو دەرەکی زیاتر کردبوو. لەوانەش یاسای ژمارە(٢٠)ی ساڵی١٩٧٠، تایبەت بەڕێکخستنی بازرگانی ناوخۆ و دەرەکی. یاسای ژمارە(٩٧)ی ساڵی١٩٧٥ی تایبەت بە (دامەزراوەی گشتی کاڵاو کەڵوپەلی بەرهەمهێنان و بەکاربردن)، کە زۆربەی کاڵاو کەلوپەلەکان لەڕێگەی لق و بریکارەکانی ئەو دامەزراوەیە سەرپەرشتی و هاوردە دەکرا. بەجۆرێك حکومەت خۆی لەوڵاتان کەلوپەل و پێداویستی هاوردە دەکردو بەرهەم و کاڵا ناوخۆییەکانیشی هەناردە دەکرد[٦].

---

[١] شێرزاد عبدالرحمن، لەئەمینداریێتی گشتی کشتوکال، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٤٦)، ١٩٨٨/٢/٤، ل٥. بۆ زنیاری زیاتر لەبارەی هەناردەی بەرهەمە کشتوکالییەکان بڕوانە: عەبدوللا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، ل٤٠٧.

[٢] ئیبراهیم هەورامانی، لەدیدەنییەکی کارگەی پاکژ کردنەوەی تووتن لە هەلەبجە، س.پ، ل٥-١١؛ ئازاد، هەڵمەتی نیشتیمانی زیادکردنی بەرهەم...، س.پ، ل٦.

[٣] ڕێبوار خالد مصطفی، س.پ، ل١٢٠.

[٤] ناظم دلبەند، بودجەکانی ناوچەی کوردستان لەبەرزبوونەوە دایە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٠٨)، ١٩٨٣/١٠/٢٠، ل١٠.

[٥] سەلاحەددین حەفید، س.پ، ل٢٣٣-٢٣٤.

[٦] قانون تنظيم التجارة الداخلية والخارجية، رقم(٣٠) سنة ١٩٧٠، جريدة(الوقائع العراقية)، ع(١٨٤٣)، ١٩٧٠/٢/٢٣؛ قانون المؤسسة العامة لتجارة السلع الانتاجية والمؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية، رقم(٩٧) سنة ١٩٧٥، جريدة(الوقائع العراقية)، ع(٢٤٧٨)، ١٩٧٥/٦/٣٠.

**عێراق بەگشتی زیاتر وڵاتێکی هاوردەکەر بوو. بەڵام هەندێك کاڵاشی هەناردە دەکرد، بەتایبەتی نەوت، کە سەرەکیترین هەناردە بووە بۆ وڵاتانی دەرەوە. نەوتی کوردستان[1] کە حکومەت خۆی هەناردەی دەکرد، لەزۆربەی وڵاتانی جیهان دەفرۆشرا، بەتایبەت لە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاواو ئەمریکای لاتین. بەرزترین ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لەماوەی دیاریکراودا لەساڵی ١٩٨٠دا بوو، کە گەیشتبووە(١,٦٤٢,٠٠٠) بەرمیل لەڕۆژێکدا. دواتر لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێران دابەزینی بەخۆوە بینی و لەساڵی ١٩٨٣ نزمترن ئاستی تۆمارکرد، کە تەنها(٣٧٥)هەزار بەرمیل بوو لە ڕۆژێکدا[2]. بەڵام لە ڕۆژنامەکاندا باس نەکراوە.**

**باشووری کوردستان خۆی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە نەبوو، بەڵکو لەڕێگەی هەندێ کۆمپانیای حکومییەوە بوو. گرنگترین ئەوکۆمپانیاو دامەزراوە حکومییانەی کە پەیوەندی بازرگانی کوردستانیان لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە ڕێکخستبوو لە ڕۆژنامەکانیشدا خراونەتەڕوو ئەمانەبوون: کۆمپانیای بازرگانی عێراقی لەساڵی ١٩٧٠دامەزرابوو، شوێنی(کۆمپانیای ئەفریقی عێراقی بازرگانی) گرتبۆوە. لەساڵی ١٩٧٥ بەدواوە کۆمپانیاکە بەسەرمایەی زیاتر لە(٢)ملیۆن دینار چالاکییە بازرگانییەکانی بەڕێوەدەبرد، کە زیاتر کەلوپەلی ناوماڵی لەئامێرە کارەباییەکانی وەکو بەفرگرەکان(سەلاجەو موجەمیدە)، تەلەفیزیۆن، ئامێرەدەنگییەکان و ڕووناك کەرەوەکان، هەروەها کەرستەکانی دامەزراندنی کارەبا، پاتری، هەمەچەشنە کەلوپەلی ئۆتۆمبێل، پێداویستی فەرمانگەکانی حکومەت و گەڵێ پێداویستی تری ژیانی لە وڵاتانی دەرەوە (بێئەوەی ڕۆژنامەکان ئاماژە بە وڵاتەکان بکەن) هاوردەی بەغدا دەکرد. دواتر لەڕێگەی لقەکانی کۆمپانیاکە، کە لەپارێزگاکانی کوردستانیش هەبوون بەناوی(دامەزراوەی گشتی بازرگانی عێراق)، بەشی پارێزگاکان هاوردە دەکرانەوە[3].**

**هەروەها کەرەستەو ئامێرە وردەکانی وەکو کاتژمێر، کامێرا و کەرستەکانی، بابەتەکانی قوتابخانە، ئامێرو کەرستەی چاپ، کۆمپیوتەری فەرمانگەکان، کەرستەی ئەندازیاری، چاویلکە و ئامێری پزیشکی لەڕێگەی دامەزراوەی گشتی بۆ بازرگانی ئامێرە وردەکان (المنشأة العامة لتجارة الاجهزة الدقیقة) هاوردەی عێراق دەکرا و لەڕێگەی لقەکانی دامەزراوەکەو وەکیلەکانیان دەگوێزرانەوە بۆ کوردستان[4].**

**کاڵاو پێداویستییەکانی تری وەکو قوماش، جلوبەرگ، مافوور، ڕایەخ، شوشەوات، کەلوپەلی منداڵان، بۆن وبەرام و خواردەمەنی، دوای ئەوەی هاوردەی بەغدا دەکران، لەڕێگەی کۆمپانیای گشتی کۆگاکانی عێراق و ژوورەبازرگانییەکانەوە دەهێنرانە کۆگاکانی پارێزگاکان، ئینجا لەڕێگەی وەکیلەکانەوە دابەشی سەر ئۆرزدی و بازاڕەکان دەکران[5]. ئۆتۆمبێل و ئامێرەکانی تری هاوشێوە و کەرستە یەدەگەکانیان لە**

---

[1] مەبەست لەنەوتی کوردستان زیاتر کێلگە نەوتییەکانی پارێزگاکانی کەرکوك، مووسل، کێلگەکانی خانەقین و ناوچە کوردییەکانی ترە . لەڕاستیدا شتێك نەبووە بەناوی نەوتی کوردستان، بەڵام ئێمە بۆ ئاسانی باسەکە بەکارمان هێناوە.

[2] عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، ل٤٠٩.

[3] احمد بەرزنجی، سەردانێك لە دامەزراوەی گشتی بازرگانی عێراق لقی سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦١٠)، ١٩٨١/١١/٥، ل٥-٧.

[4] احمد بەرزنجی، سەردانێك لە دامەزراوەی گشتی بازرگانی شت و مەکی وورده بابەت لقی سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦١٢)، ١٩٨١/١١/٩، ل٥.

[5] ناظم دلبێند، کۆمپانیای گشتی کۆگاکانی عێراق لەهەولێر، س.پ، ل٦؛ محمد ئۆسمانا، هاوکاری دگەل ڕێڤەبەرێ کۆگاییێت عێراقی لدهۆکی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦٥)، ١٩٨٦/١١/١٣، ل٢.

**ولاّتانی ڕوسیا، یابان، ئەلمانیا، ئیتالیا، بەریتانیا، فەڕەنسا، بەرازیل، هاوردە دەکران[1]؛ وەکو لە ڕۆژنامەی(العراق)دا هاتووە لەڕێگەی(الشركة العامة للمكائن والمعدات)، دەفرۆشران[2]. هەروەها لەڕێگەی گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)یەوە دەزانین، کە کەرستە سەرەتاییەکانی کارگەکانی پەیوەندیدار، بە دار و ماددە کانزاییەکان، لەڕێگەی دامەزراوەی گشتی بازرگانی ئاسن و دار (المنشأت العامة لتجارة الحديد والخشب) کە لە هەرسێ پارێزگاکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا بریکاری سەرەکیان هەبوو، هاوردە دەکرا[3]. بەپێچەوانەوە، بەرهەمی چەند کارگەیەکی پیشەسازی کوردستان وەکو ئاوی کانزایی بانی خێلان و جگەرە و بەردی مەڕمەڕ و بەرهەمەکانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە و سەرچنار، لەڕێگەی حکومەتەوە هەناردەی ولاّتانی کەنداوی عەرەبی کراوە[4]. بەلام ڕۆژنامەنووسان باسیانەکردووە.**

**سەبارەت بە قەبارەی بازرگانی دەرەکی باشووری کوردستان، ڕۆژنامەکان هیچ زانیارییەکمان لە بارەیەوە نادەنێ. لەبەر ئەوەی وەکو باسمانکرد ئەو جۆرە بازرگانییەی کوردستان لەڕێگەی حکومەتی عێراقەوە بووە. بەلاّم ئاماژەیان بە قەبارەی بازرگانی دەرەکی عێراقداوە، کە لە سالی ١٩٨٠دا، قەبارەی هاوردەنی گەیشتبووە نزیکەی(٤)ملیار دینار، کە بەڕێژەی(٨٩٪) کەرتی حکومی کردبووی[5]. قەبارەی هەناردەشی بەنەوتەوە زیاتر لە(١٢١)ملیۆن دینار بوو[6].**

**لەسالاّنی جەنگی عێراق و ئێران لەئەنجامی ئەو قەیرانە ئابوورییەی عێراق تێیکەوتبوو، ناهاوسەنگی زۆر لەنێون خواستن و خستنەڕووی شمەکەکانی بەکارهێنان دروست ببوو. بۆیە حکومەت ناچاربوو دەرگای بازرگانی دەرەکی بخاتە سەرپشت و بەشێك لەو بازرگانییە بەکەرتی تایبەت بسپێرێت[7]. ئەوبابەتە لەڕۆژنامەوانی ئاشکرادا بەکرانەوەیەکی حکومەت بەڕووی کەرتی تایبەتی، بۆئەوەی ڕۆلّی خۆی لەچالاکییە ئابوورییەکانی ولاّتدا بگێڕێت، باسکراوە. سەرەڕای ئەو کرانەوەیە، بەلاّم حکومەت ڕێگەی نەدەدا دراوی قورس بهێنرێتە ولاّتەوە[8]. چونکە بەهای دراوی عێراقی بەڕێژەیەکی زۆر دابەزی بوو. بەلّکو لەڕێگەی بانکە مەرکەزییەکانەوە پارەکان ئالوگۆڕ دەکران. ئەو کەسانەشی بەبازرگانی دەرەکی خەریك بوون، لەلایەن حکومەتەوە مۆلّەتی تایبەتیان پێدەدرا. بەلاّم دواتر بەبیانووی مەسەلەی ئەمنی، حکومەت سەفەرکردنی بۆ دەرەوەی ولات زۆر کەمکردەوەو ڕێگەی بەهەموو بازرگانێك نەدەدا چالاکی بازرگانی بکات. بەلّکو ئەو جارە تەنها ڕێگە بەو کەسانە دەدرا کە کارگەیان هەبوو. خاوەن کارگەکان دەیانتوانی کەرستەی سەرەتایی کارگەکانیان لەدەرەوە هاوردە بکەن، ئەویش بەپێی پێویستی کارگەکان**

---

(1) ڕێبوار خالد مصطفى، س.پ، ل١٢٢.

(2) واع، النقشبندى يحضر المؤتمر السنوى للآمانة العامة لآدارة الشؤن الآقتصادية والمالية، جريدة(العراق)، ع(٣٩٣٨)، ١٩٨٨/١٢/٢٩، ص٩.

(3) وقائع الجلسة الثانية لمجلس التشريعى، مجلة(ئۆتۆنۆمى– الحكم الذاتى)، ع(٤)،س١٠، ١٩٨٥ ، ص٣٥.

(4) سەلاحەددین حەفید، س.پ، ل٧٦.

(5) وریا، کەرتی بازرگانی و ئاسوودەیی مرۆڤ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٣٧)، ١٩٨٢/٥/١٢، ل٥–٧.

(6) الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الآحصائية السنوية ،١٩٨٢، ص ١٥١.

(7) نەجمەدین فەقێ عەبدوللا، س.پ، ل١٧.

(8) حسێن تالەبانی، لەزانکۆی صلاح الدين کۆڕێك لەسەر واقعی کەرتی تایبەتی پیشەسازی و بازرگانی لە کوردستاندا، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٢٧)، ١٩٩٠/١/٢٧، ل٤ ؛ فریا عبدالله، سەردانێکی تایبەتی لە ئۆرزدی سلێمانی، س.پ، ل٥.

**دەبوو لەساڵێکدا[١]. لەڕێگەی گۆڤاری(ڕەنگین)ەوە دەزانین بۆسەلامەتی و دڵنییای گەیشتنی کەڵوپەلەکانیش کۆمپانیای دڵنیایی عێراقی (شركة التأمين العراقية)[٢]، بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (ژمارە«٣٩٢»،١٩٨٨/٤/٢٧) بەرپرس بوو لەگەیشتنی کەڵوپەلەکان تاوەکو دەگەیشتنە ناو سنووری عێراقەوە[٣].**

**سەبارەت بەچالاکی ئالوگۆڕی بازرگانی خالە سنووریەکانیش، لەسەردانێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی(هاوکاری) بۆ خاڵی سنووری ئیبراهیم خەلیل، کە کەوتۆتە سەر سنووری باشووری کوردستان و تورکیا، دەرکەوتووە ڕۆژانە(٤- ٥) هەزار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کردەی ئالوگۆڕی بازرگانیان لەگەڵ وڵاتی تورکیا ئەنجامداوە[٤]. دیارە لەبەرئەوەی عێراق لەبارودۆخی جەنگدا بووە لەگەڵ ئێران، بۆیە ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بەهیچ جۆرە جموجۆڵێکی بازرگانی لەسنوورەکانی تر نەکردووە.**

**جگە لەو شێوازە بازرگانییە یاساییانەی ئاماژەمان پێدا، لەڕۆژنامەوانی شاخدا ئاماژە بە هەبوونی بازرگانی نایاسایی(قاچاخ)یش کراوە، کە بەشێوەیەکی شاراوە و دوور لەچاوی دامودەزگاکانی دەولەت و بەبێ باجدان ئەنجامدراوە. زیاتر خەلکی شارو ناوچەکانی نزیك سنوورەکان کردوویانە. ئەگەرچی لەساڵانی جەنگدا ئەو جۆرە بازرگانیە ڕووی لەکەمبوونەوە کردبوو بەهۆی داخستنی سنوورەکان، بەڵام ئاماژە بەنزیکەی(١٥٠)خێزان کراوە، کە بەو جۆرە بازرگانییەوە خەریك بوونە. شاری قەلادزێ کە هاو سنوورە لەگەڵ ئێران بە پلەی یەکەمی بازرگانی قاچاخ هاتبوو. ئەو کالاو شمەکانەشی قاچاخچێتی پێوە دەکرا بریتی بوون لە ئارد، شەکر، ڕۆن و پێداویستیەکانی دیکەی ژیانی ڕۆژانە، کە بۆ ئێران دەبران و لەبەرامبەردا گوێز، کاکلە گوێز، پەتو، فەرش و سەماوەر و وەرتە، پۆشاك، ڕادیۆ و زیاتر ئەو کالاّیانەی بە(تەواوکاری) دەژمێردرێن، دەهێنران. ئەگەرچی ئەو کارە مەترسی زۆری تێدا بوو، بەڵام کارکەرانی ئەو جۆرە بازرگانیە داهاتێکی باشیان لێبەدەست دەهێنا[٥].**

**بەشێوەیەکی گشتی چالاکی بازرگانی لە باشووری کوردستاندا لاواز بووە. توێژەرێك سەبارەت بە ساڵانی حەفتاکان هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ سێ خاڵ؛ ئەوانیش ڕووخانی کەرتی کشتوکاڵ، دواکەوتویی باری پیشەسازی، نزمی ئاستی بژێوی دانیشتوانەکەی[٦]. بەڵام دەکرێ بڵێین ئەمە بۆ سەردەمی تایبەت بەم توێژینەوەیەش هەر ڕاستە. بەڵام سیاسەتی داخراوی حکومەت لە هەموویان زیاتر کاریگەری هەبوو.**

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەل عەبدولکەریم مستەفا عەتار، هەولێر، ٥/٤/ ٢٠١٥.

[٢] لەسالی ١٩٥٩ بەسەرمایەی(١٠٠) هەزار دینار دامەزرا، وەکو کۆمپانیایەکی بەشدار بۆجێبەجێکردنی هەموو جۆرێکی دلنیایی، تاوەکو سالی١٩٦٥ تایبەتمەند بوو بەدڵنیایی کردنی ژیان(التأمين على الحياة)، بە یەکەمین کۆمپانیای عەرەبی تایبەتمەند لەو بوارەدا دادەنرێت، لەسالی ١٩٨٨ ڕێگەی پێدرا هەموو شێوەیەکی دلنیایی کردن بەڕێوەببات بۆئەوەی ڕۆلی خۆی لەکاری گەشەسەندنی ئابوویدا بگێرێت. شەریکەی دابین و دڵنیایی کردنی عێراق ٣٠ ساڵە لەپێناوی خزمەتی ئابووری نیشتماندایە، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٢٨)، ساڵی١٩٩٠، ل٤٤.

[٣] شەریکەی دابین و دڵنیایی کردنی عێراق ٣٠ سالە لەپێناوی خزمەتی ئابووری نیشتماندایە، س.پ، ل٤٤.

[٤] وصفی حسن، سەرەدانا هاوکاری بۆ مەرکەزی گمرکا ابراهیم خلیل، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٥٥)، ١٩٩٠/٢/٢٢، ل٤.

[٥] چیا، س.پ، ل٤٨-٤٩. بۆزانیاری زیاتر لەبارەی بازرگانی بە قاچاخ بڕوانە: ڕێبوار خالد مصطفی، س.پ، ل١٢٣.

[٦] شاکر خصباك، م.س، ص٥١٥.

## تەوەری چوارەم: کەرتی گەشت و گوزار و خزمەتگوزاریی:

گەشت و گوزار لە ئێستادا بەیەکێك لە کەرتە گرنگەکانی ئابووری دادەنرێت. لەو ڕووەوە باشووری کوردستان بەهۆی تایبەتمەندییە جوگرافی و مێژووییەکانی، دەرفەتی بوون بە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ و بەرچاوی بۆ ڕەخساوە؛ بەهۆی هەبوونی ناوچەی شاخاوی و دارستان و ئاوو هەوای سازگار و سەرچاوەئاوییەکانی وەکو ڕووبار و کانیاو و تاڤگەکان. هاوکات لەگەڵ هەبوونی چەندان شوێنی شوێنەواری و مێژوویی وەکو قەڵاو مەزارگە ئایینییە پیرۆزەکان. دیارە ئەم لایەنەش لە ڕۆژنامەوانی ئەو سەردەمەدا ڕەنگی داوەتەوە.

گرنگترین ئەو مەڵبەند و ناوچە گەشتیارییانەی کە ڕۆژنامەنووسان خستویانەتەڕوو، بریتی بوون لە: شەقلاوە، پیرمام، سەری ڕەش، تاڤگەی گەلی عەلی بەگ، کانیاوەکانی بێخال و بەرزاییەکانی حاجی ئۆمەران لەپارێزگای هەولێر. سەرچنار و دۆکان لە پارێزگای سلێمانی[1]. هاوینەهەوارەکانی سەرسنگ، ئانیشکێ، سۆلاڤ، ئاشاوا، سوارەتوکە و زاویتە لەپارێزگای دهۆك[2].جگە لەوانە ڕۆژنامەنووسێکی تر هەبوونی چەند ناوچەیەکی شوێنەواری گرنگی لەناوچەکەدا خستۆتەڕوو؛ وەکو ( قەلای هەولێر، قەلای ئامێدی، ئەشکەوتی شانەدەر، چەرمۆ، لالش، شوێنی ئایینی شێخولئیسلام لە دێرەشێ«ئامێدی»، نمرود، قەڵای شێروانە)[3]. بوونی ئەو هەموو ناوچە گەشتیاریانە وایکردبوو حکومەت گرنگی بەو کەرتە بدات و چەندان پڕۆژەی گەشتیاری گرنگ وەکو لەگۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)دا هاتووە، لەڕێگەی ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی شارەوانیەکان و گەشت و گوزار، لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکات. بەراکێشانی ڕێگاوبان بۆ ئەو ناوچانە و دروستکردنی گازینۆ و ئوتێل و چێشتخانەی گەشتیاری و دانانی کابینە و کادیری هونەری و چەندان خزمەتگوزاری تر[4].

لەگرنگترین پڕۆژە گەشتیارییەکان دروستکردنی چەند ئوتێلێکی گەورە بوو لەشارەکاندا. وەکو ئوتێل شیراتۆن لە هەولێر، لە ڕۆژنامەکاندا بەگەورەترین پڕۆژەی گەشتیاری ناوچەکە هاتووە. لەساڵی١٩٧٩ بەگوژمەی(٨,٥)ملیۆن دینار دەست بەدروستکردنی کرا، تاوەکو ساڵی ١٩٨٨ تەنها(٨٠٪)ی پڕۆژەکە تەواوکرا[5]. هەروەها ئوتێل و میوانخانەی ئاشور لەدۆکان، لە کەناری دەریاچەکە دروستکرابوو، لەسەردانێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا باس لەپێکهاتەی ئوتێلەکە کراوە، کە لە(٩٠) ژوور و (٦)کوخ بۆحەوانەوەی گەشتیاران و مەلەوانگەیەکی گەورە و یەکێکی بچوك بۆ منداڵان پێکهاتبوو. لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری دیکەی وەکو خواردن و خواردنەوە و سازدانی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە هەموو ڕۆژانی پێنچ شەممەدا[6]. ڕۆژنامەی(عیراق)یش ئاماژەی بە (٥٨) خانووی گەشتیاری تر کردووە لە نزیك

---

(١) رسول حسین، ناوچەی کوردستانی عێراق بەهەشتی سەیرانکەرانە ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ (٥٣٥)، ١٩٨٠/٧/٢١، ل٤

(٢) پ. هاوکاری، گەڕیانا هاوکاری لناڤ هاڤینگەهێت پارێزگەها دهوکێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٩٥)، ١٩٨٧/٦/١٨، ل٧.

(٣) نذیر علی عبدالله، گەشت ل کوردستانێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٢٧)، ١٩٨٩/١١/١٦، ل١٠.

(٤) شێرزاد عبدالرحمن، موسم اصطیاڤي جمیل في ربوع کردستان، مجلة(ئۆتۆنۆمی– الحکم الذاتی)، ع(٢)، س٩، ١٩٨٥، ص١٧–١٩.

(٥) ئوتێلێکی قەشەنگ لەهەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦١٠)، ١٩٨١/١١/٥، ل٨ ؛ حسن محمود، ئوتێلەکەی هەولێر کەی تەواو دەبێت، ڕۆژنامەی (عیراق)، ژ(٩٢)، ١٩٨٩/٦/٢٨، ل٢.

(٦) شانۆ، مۆسیقا، ئاوازی کوردی بەجۆش، مەلەوانگە لە میوانخانەی ئاشور، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٥٩)، ١٩٨٦/١٠/٢، ل٢.

**دەریاچەکەدا دروستکرابوون؛ کە(٣٩) خانوویان دوو ژووری نووستن و هۆڵ و چێشتخانەی تێدابووە و(١٩)ەکەی تریان لە یەك ژوور و چێشتخانەیەك پێکهاتبوون. لەگەڵ خزمەتگوزاری دیکەی وەکو گازینۆ و بەلەمی گەشتی ناو ئاو[1].**

**هەروەها ئوتێلی سلێمانی گەشتیاری، لە ڕۆژنامەیەکدا بەگەورەترین ئوتێلی شارەکە هاتووە. لەساڵی ١٩٧٩ دەست بەدروستکرنی کراو لە(٩)نهۆم پێکهاتبوو؛ کە (٦٠) ژووری نووستن و(٦) شوقەی تێدابوو، لەگەڵ هۆڵێکی گەورەی ئاهەنگ گێڕان، نزیکەی(٥٠٠) کەسی دەگرت، بەشێوازێکی جوان و سەردەمیانە ڕازاندرابۆوە[2]. لەشاری دهۆکیش ئوتێلێکی گەورەی گەشتیاری بەناوی (ئوتێلی دهۆك) بەگوژمەی(٦)ملیۆن دینار دروستکرابوو. کە لە(٧)نهۆم پێکهاتبوو، (٨٤)ژوور و(١٦) شوقە و هۆڵێکی دانیشتن و هۆڵێکی شانۆ و حەوزی مەلەوانی و گۆڕەپانی یاری و پارکی ئۆتۆمبێل و چێشخانەیەکی بەخۆگرتبۆوە[3].**

**بەگشتی سەرجەم پرۆژە گەشتیارییە جێبەجێکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی کارگێڕیی شارەوانیەکان و گەشت و گوزار، تاوەکو ساڵی ١٩٨٧ وەکو لەڕۆژنامەی (هاوکاری)دا خراوەتەڕوو بریتی بوون لە: (٥٥١)پرۆژەی خزمەتگوزاری گشتی بەزیاتر لە(٥٥)ملیۆن دینار لەشوێنە جیاوازەکانی ناوچەکەدا جێبەجێکرابوون. زیاتر خۆیان لەدروستکردنی سەیرانگاو گازینۆو میوانخانەو خانووی حەوانەوەو قیرتاوکردنی ڕێگاو بانەکان و داچاندنی شەقام و گۆڕەپانی هاوینەهەوارەکان و دانانی بنکەکانی ئاگر کوژانەوە، بینیبۆوە[4].**

**هەروەها ڕۆژنامەکان ئاماژە بەوەدەکەن بۆ پێشخستنی زیاتری ئەو کەرتە، ئەمینداریەتەکە ساڵانە بە هەڵمەتی نەمام چاندن و ئەنجامدانی کۆنگرەی گەشت و گوزاری هەڵساوە، کە پلانی ئامادەکارییەکانی پێشوازی کردنی گەشتیاران و بەڕێکردنی وەرزی بەهارو هاوینەی گەشت و سەیرانەکانی ڕێکدەخست[5]. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەنووسەکان لەو وەرزانەدا ئامۆژگاری هاوڵاتیانیان کردووە بۆ پاك و خاوێن ڕاگرتنی شوێنە گەشتیارییەکان و پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان. پێشنیاریشیان بۆ حکومەت کردووە، گرنگی بەپاراستنی ئەشکەوتە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە بدات، بۆ ئەوەی بکرێن بە شوێنێکی گەشتیاری[6].**

**دیارە ڕۆژنامەنووسان هەر بەوەندە نەوەستاون بەڵکو ڕەخنەشیان لە حکومەت گرتووە بەوەی کەمتەرخەم بووە لەبایەخدان بەشوێنە شوێنەوارییەکان. بۆنموونە ڕۆژنامەنووسێك لەوبارەیەوە، دەربارەی**

---

(١) لە هاوینەهەواری دۆکان، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٩٢)، ١٩٨٩/٦/٢٨، ل٢.

(٢) لە لقی سلێمانیەوە، ئوتێلی گەورەی سلێمانی گەشت و گوزار، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٩٩)، ١٩٨٧/٧/١٦، ل١١.

(٣) ٨٥٪ ی کارە هونەری و ئەندازیاری یەکانی ئوتێلی دهۆك تەواوبوو، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٢٥)، ١٩٨٩/١١/٩، ل٩.

(٤) شێرکۆ، پرۆژەی جۆربەجۆری گەشت و گوزاری لە کوردستاندا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٩٩)، ١٩٨٧/٧/١٦، ل١١.

(٥) پ. هەولێر، هەلمەتێکی گەورە بۆ چاندنی درەخت لە هاوینەهەوارەکان، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٤)، ١٩٨٩/١٠/٢٨، ل٢؛ لقمان بەرزنجی، بەرزنجی، چاوپێکەوتنێك لەگەل ئەمینداری گشتی کشتوکال لەناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٢٦)، ١٩٩٠/٢٨،٢، ل٣؛ شێرزاد عبدالرحمن، پێشوارزی وەرزی هاوینەهەوارەکان، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٩٠)، ١٩٨٥/٥/٢٣، ل٢.

(٦) پ. هاوکاری، ناوچەی خۆ ڕیبەری کوردستان لەبەر سروشتە جوان و دلڕفێنەکەیەوە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١١٥)، ١٩٨٩/١٠/٥، ل٣؛ ڕێبوار حسن محمد، کەڤرییەکانی سلێمانی و ئەشکەوتی کونەبا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٤٤)، مایسی١٩٨٦، ل٦٣ ؛ مەغدید حاجی، شوێنەوارە دێرینەکانی شاری هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٣٨)، ١٩٨٤/٥/١٧، ل٥.

**قەڵای شێروانە لە کەلار، بەناونیشانی( بەهای زێڕ لای زێڕنگەرە) داوای لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری ناوچەکە کردووە، ئاوڕێکی لێبدەنەوە و لە ڕووخان ڕزگاری بکەن. نەك تەنها لەبەر ئەوەی قەلایەکی مێژووییە و نیشانەیەکە لە ئازایەتی وشارستانییەتی وڵات، بەڵکو دەکرێت بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری[1]. ڕۆژنامەنووسێکی تر لەبارەی وتار و لێدوانی ڕۆژنامەوانی بەرپرسان سەبارەت بەهەلمەتەکانی نەمام چاندن نووسیویەتی:" ئەو ملیۆنەها درەختەی بۆ ئەو مەسەلەیە لەجەژنەکانی ئادار و درەخت دا، نێژران چیان لێهات؟... ئەنجام چی بوو؟...چیتان سەوز کرد؟...کوا سێبەرتان؟...کوا دیمەنی جوان و ڕازاوەتان؟...کوانێ قسەی ناو ڕۆژنامەتان؟..." هەروەها دەڵێت: "ئەگەر ژمارەی ئەو درەختانەی کە لێپرسراوان لە ماوەی [ڕابردوودا] وتوویانە ناشتمانن، بەدەفتەر بگرین، ئەوا خەلکی نەشارەزا وا ئەزانن شاخ و داخ و دەشت و دۆڵی ولاٌتمان سەوز ئەکاتەوەو دەرزی هەلخەیت لەبەر درەخت و دارستان ناکەوێتە سەر زەوی"[2]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەزۆرێك لە پرۆژەکانی حکومەت بۆ خزمەتکردنی ئەو بوارە هەر بەقسە بووە، بۆ خۆڵکردنە چاوی خەلك و ڕازاندنەوەی لاپەڕی ڕۆژنامەکان لێدوانی لەو جۆرەیانداوە.**

**سەبارەت بەڕۆڵی کەرتی تایبەت، بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)، حکومەت بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش (ژمارە«٦٣١»،١٩٨٩/١٠/٥)، ڕێگەی دەدا بە هاولاٌتیانی کوردستان پرۆژەی گەشتیاری لەسەر زەوییەکانیان بنیات بنێن. ئەمەش دوای ئەوەی ڕووبەری زەوییەکە لەفەرمانگەی تاپۆوە دیاردەکرا. ڕۆژنامەی(ئاسۆ)ش هەواڵەکەی دووپات کردۆتەوە[3].**

**بەپێی ئاماری وەزارەتی پلأندانانی حکومەتی عێراق بۆسالی ١٩٨٩ سەرجەم ئوتێل و میوانخانەکانی باشووری کوردستان بەهەرسی کەرتی سۆشیالیست(گشتی) و تایبەت و تێکەلەوە، (١٧٨) ئوتێل و میوانخانە بوونە. کە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە هیچ ئوتێلێکی نایاب(پێنج ئەستێرە)ی نەبووە، بەڵکو چوار ئەستێرەو بەرەو ژێر بوون. سەرجەمیان(٤٥٠٣) ژووری حەوانەوەیان بەخۆ گرتبۆوە. لەو ڕێژەیەش پارێزگای هەولێر پشکی شێری بەر کەوتووە، کە(٦٩) ئوتێلی بە(١٦٨٧) ژوور هەبوو. دوای ئەویش پارێزگای کەرکووك دەهات، کە(٥٣) ئوتێلی بە(١٤٣١) ژوور هەبوو[4]. هۆکاری زیاتر بوونی ژمارەی ئوتیلەکان لەو دووشارەدا بۆ ئەوە دەگەڕانەوە، کە شاری هەولێر بەهۆی بوونی دامودەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و کردنی بەپایتەختی هاوینەی عێراق، کەرکوکیش بەهۆی کۆمپانیاو دامەزراوە نەوتییەکانەوە بوونە.**

**سەبارت بە کرێی ئوتیلەکان، بەپێی لێدوانی بەرپرسی نووسینگەی گەشت و گوزاری نیشتمانی لە سلێمانی، سالی ١٩٨٠ کرێی مانەوەی شەوێکی نایابترین ئوتێل، لەئوتێلەکانی وەکو سەری ڕەش و**

---

[1] نصرالدين مجيد، بەهای زێر لای زێنگەرە، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٢)، ١٩٨٩/١٠/١٤، ل٢.

[2] حەمە سەعید، هەگبەی کاکە حەمە، حەمە سەعید و سەرگوزەشتەی ئەو دارستانانەی کە باسیان هەیەو ڕەنگیان نی یە!!!، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١١)، ١٩٨٧/١١/٢٥، ل٤.

[3] بڕیارێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١١٦)، ١٩٨٩/١٠/٩، ل٣؛ جێگری سەرنووسەر، بڕیارەکانی ئەم دواییە دەربارەی ناوچەی کوردستان ئاسۆی ئیستاو پاشەڕۆژ، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٢)، ١٩٨٩/١٠/١٤، ل٢.

[4] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للأحصاء، مديرية أحصاء الفنادق، لسنة ١٩٨٩، ص ص٨–١٥.

شەقڵاوە و دۆکان، تەنها(١١) دینار بووە[١]. بەڵام وادیارە ساڵانی دوای جەنگی عێراق و ئێران، بەرزی کرێی ئوتێلەکان ببووە جێگای ناڕەزایی گەشتیاران. ئەمەش لەڕۆژنامەکاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆ نموونە گەشتیارێك لەڕێگەی ڕۆژنامەی (بزاڤ)ەوە دەنگی ناڕەزایی هەڵبڕیوە بەوەی کە شەوێکی مانەوەی خۆی و دووهاوڕێی لە ئوتێل خانزاد لە شەقلاوە، (٧٠)دینار بووە. لەکاتێکدا ناوبراو ئاماژەی بەوە داوە کە ئوتێلەکە تەنها بایی(١٣,٥)دینار خەرجی بۆیان هەبووە[٢].

لەنێو سەرجەم شوێنە گەشت و گوزارییەکان لەڕووی جوانی سروشت و دیمەنەکانی و ڕێژەی گەشتیارانەوە، لەسەر ئاستی ناوچەکە وەکو لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا باسکراوە، شاری گەشت و گوزاری دۆکان  بە پلەی یەکەم هاتبوو[٣]. دوای ئەویش ڕۆژنامەکان ئاماژە بە سەری ڕەش دەکەن، کە بە "بووکی جوانی کوردستان" وەسفکرابوو، بە یەکێك لە خۆشترین شوێنە گەشتیارییەکان دەهات. بە وتەی بەڕێوەبەری ناحیەکە بۆ ڕۆژنامەی(هاوکاری)، لە توانایدا بووە ڕۆژانە پێشوازی لە(٤)هەزار گەشتیار بکات. کە نزیکەی (٣٠٠) خانوی بەرد و (٥٠)کابینەی بچوکی لێبوو[٤]. شەقلاوەش لە شارە گەشتیارییە خۆشەکان بووە[٥].

بەشێوەیەکی گشتی باشووری کوردستان شوێنێکی گرنکی گەشت و گوزاری بووە لەسەر ئاستی عێراقدا. بەوپێیەی لەسەر زاری سەرۆکی کۆماری عێراق (سەدام حوسێن)، کە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە، گوتراوە "کوردستان بەهەشتی خوایە لەسەر زەوی". هەروەها لەسەر بڕیاری ناوبراو لەڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٤ شاری هەولێر بەپایتەختی هاوینەی عێراق دانرا[٦]. لەسەردانێکی مەیدانی ڕۆژنامەنووسێك بۆ هاوینە هەوارەکانی (مەسیف/سەلاحەددین) ئاماژە بەوەدراوە، کە جگە لەگەشتیارانی ناوەخۆ، زۆربەی گەشتیارەکان لەعەرەبەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق بوون. هەروەها گەشتیار لە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی وەکو قەتەر، کوێت، سعودییەش، هاتوونە[٧].

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، حکومەت لەڕۆژنامەکاندا موزایدەی فرۆشتنی شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستانی کردوەو  ڕێکلامی بۆ کردووە[٨].  هەروەها تێبینی دەکەین  لە ڕۆژنامەکاندا باسی ئەوە

---

[١] حمە سعید حمە کریم، نووسینگەی گەشت و گوزاری نیشتمانی لە سلێمانی لە خزمەتی هاولاتیاندایە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٤)، ١٩٨٠/٧/١٤، ل٨.

[٢] گارە، ئەرێ ئەڤەنە مێهڤان خانەنە یان خانەنە، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٧)، ١٩٩٠/٦/١٩، ل٣.

[٣] پ. هاوکاری، گەشت و گوزاری دۆکان بۆ پاداشتی باشترین نووسینگەی گەشت و گوزاری وەرگرت؟ ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٩٥)، ١٩٨٧/٦/١٨، ل٥.

[٤] شێرزاد عبدالرحمن، سەری ڕەش بووکی جوانی کوردستان، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٦)، ١٩٨٠/٧/٢٨، ل٨؛ بەرەو بووکی هاوینەهەوارەکان، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٨٥)، ١٩٨٩/٦/١٩، ل٤.

[٥] شێرزاد عبدالرحمن، شەقلاوە شاری خۆشەویستی و جوانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦١)، ١٩٨٦/١٠/١٦، ل١٢.

[٦] محمدی مەلا ئەسعد، لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی سەرۆکی فەرماندە بۆ ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی گەشت و گوزاری لە کوردستاندا، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٧)، ١٩٨٩/١١/١٨، ل٢؛ شێرزاد عبدالرحمن، بەرەو ڕۆژی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٩٩)، ١٩٨٩/٨/١٠، ل٤.

[٧] فیصل دێهاتی، بەرەو باوەشی میهری سروشت لە هاوینەهەوارەکانمان،  ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٩٦)، ١٩٨٩/٧/٣١، ل٤.

[٨] ئاگاداری، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ( ٨٧)، ١٩٨٩/٥/٢٤، ل٢؛ ئاگاداری فرۆشتنی گازینۆی خەباتی گەشتیاری ، فرۆشتنی ئوتێلی ڕەواندوز، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٩٠)، ١٩٨٩/٩/١٤، ل١٣.

**نەکراوە، کە زۆربەی شوێنە گەشت و گوزارییە نایابەکانی کوردستان لەلایەن سەرانی حکومەتی بەعس و پیاوانی ئەمن و ئیستخبارات دەستی بەسەردا گیرابوو، کە بۆ ڕابواردنی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنا. بۆنموونە چیای حەسەن بەگ کە بەسەر دۆڵی ڕۆست و دەڤەری سیدەکان و سۆران دەڕوانێت، یەکێکە لە لوتکە چیا بەرزەکانی کوردستان و شوێنێکی سەرنج ڕاکێشی گەشتیاری هەبوو، سەدام حوسێن بۆ شوێنی پشوودان و گەشتکردنی خۆی و خێزانەکەی و بنەماڵەکەی جوانترین کۆشك و خانووبەرەو گۆڕەپانی فڕۆکە نیشتنەوەی لەسەر لوتکەی چیاکە دروست کردبوو، کە هاوڵاتیانی ئاسایی بۆیان نەبوو لە دوورەوەش سەیری بکەن. هەروەها عەدنان خەیروڵلا کوڕی خاڵی سەدام حوسێن، دەستی بەسەر بەرزاییە جوان و سەرنج ڕاکێشەکانی هاوینەهەواری ئانیشکێ لە پارێزگای دهۆك داگرتبوو. کە دەڕوانێتە سەر هاوینەهەوارەکانی سەرسنگ و سۆلاڤ، ناوبراو کۆشکێکی ڕازاوەی لەسەر دروست کردبوو[1].**

---

[1] نادر ڕوستی، گەشت و گوزار نەوتی ئایندەی کوردستانە، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٦٧–١٦٨.

## بەشی سێیەم : ڕۆژنامەوانی و تیڕوانینی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان

### تەوەری یەکەم : گروپەکانی دانیشتوان و باری چینایەتی و هۆزایەتی

أ- گروپەکانی دانیشتوان

ب- باری چینایەتی و هۆزایەتی

### تەوەری دووەم : داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان

أ- نەریتەکانی کۆمەڵگا

١- بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان

٢- مافەکانی ئافرەت

٣-پەروەردەکرنی منداڵ

٤-نەریتی ژنهێنان و بووک گواستنەوە

٥-جەژن و بۆنەکان

٦-جل و بەرگ

٧-یاری و کات بەسەربردن

ب-گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکان

### تەوەری سێیەم : خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان

أ- شارەوانی و داواکارییەکانی خەڵك

ب- خزمەتگوزاری تەندروستی

١- نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان

٢- نەخۆشی و گیروگرفتە تەندروستییەکان

٣-چارەسەری میللی

## بەشی سێیەم: ڕۆژنامەوانی و تێڕوانینی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتی باشووری کوردستان

### تەوەری یەکەم: گروپەکانی دانیشتوان و باری چینایەتی و هۆزایەتی:

#### أ- گروپەکانی دانیشتوان:

باشووری کوردستان وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئایین و ئایینزایە. بۆیە لەزۆربەی شارو ئاوەدانییەکانی لەپاڵ کوردەکان چەندان گروپی نەتەوەیی و ئایینی دیکە دەژین. وەکو عەرەب، تورکمان، کاکەیی، ئێزدیی، کریستان. ئەو گروپانەش کەم و زۆر کەوتونەتە بەرلێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە.

کاکەییەکان لەڕۆژنامەوانی ماوەی دیاریکراودا زۆرترین بابەتیان لەبارەوە نووسراوە، بەجۆرێك بووەتە جێگای مشتومڕی نووسەران. ئەوەش دوای ئەوە هاتووە، کە(محەمەد ئەمین هەورامانی) نووسەری کتێبی (کاکەیی)، کە بەشێکی بەناونیشانی(چی دەربارەی کاکەیی نووسراوە؟) لەچەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی(العراق)دا بڵاوکردۆتەوە[1]. نووسەر تێدا بیروڕای ئەو نووسەرو ڕۆژهەڵاتناسانەی هێناوەتەوە کە لەبارەی کاکەییەکانەوە نووسیوویانە، بێ ئەوەی شییان بکاتەوەو بەرەنگاری ناڕاستییەکان ببێتەوەو بیروڕای خۆی ئاشکرا دەربڕێ و ڕاستی و دروستییەکەی بۆ خوێنەران ڕوونبکاتەوە. هەریەکە لە(هاشم کاکەیی و هەردەوێل کاکەیی) لەگۆڤاری(کاروان) ئەو ڕەخنانەیان دووپاتکردۆتەوەو دەڵێن لەبەرئەوەی مێژووی کاکەیی نەنووسراوەتەوە، بۆیە هەر نووسەرێك جۆرە ناوێکیان بەسەریانەوە چەسپاندووە؛ وەکو(عەلی ئیلاهی، یارسان، کاکەیی، ئەهلی حەق، تایفەستان، سارلی)، کە هەریەکێك بەگوێرەی تێگەیشتنی خۆی لێکیداوەتەوە. هەروەها دەڵێن ئەوەی لای هەموو نووسەرێکی کوردو کۆمەڵی کوردەواری و کۆمەڵانی ناو کورد ئاشکراو جێگای بڕوابێ ئەوەیە کە" کاکەیی- ناوە بۆ عەشیرەتێکی کوردی کوردستان، کاتی سەرهەڵدان و هاتنەکایەی ئەو ناوە ئەگەڕێتەوە بۆ تازەکردنەوەی (تەکیە/مزگەوت)ی بەرزنجەی ناوچەی شارباژێر کە ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە". دروستکەرانی ئەو تەکیەیە دووبرابوون بەناوەکانی شێخ عیساو شێخ مووسا[2]. بەڵام ناوبراوان ئاماژەیان بەزەمەنی نوێکردنەوەی تەکیەکە نەداوە بۆیە نازانرێ کەی بووە.

هاشم کاکەیی لەژمارەیەکی تری گۆڤاری(کاروان)دا دەڵێ کاکەیی تیرەیەکە لەتیرەکانی کوردو شێوەی گفتوگۆکردنیان بەدیالێکتی(گۆران)ە. لەبارەی شوێنی نیشتەجێیانەوە نووسیویەتی ئەو ناوچانەی کە لەکۆنەوە تێدا گیرساونەوتەوەو بڵاوبوونەتەوە ئەکرێن بەچوار بەشەوە: بەشێکیان کەرکوك و گوندەکانی دەوروبەری داقوقن؛ وەکو(مەتیق، تۆبزاوە، عەلی سەرا، جنگلاوە، زەنقڕ، لهێب، عارەب کۆیی، ئەلبومەحەمە). بەشێکی تریان لەدەوروبەری موسلن و چەند گوندێکیان ئاوەدانکردۆتەوە کە لەمێژە تێدا نیشتەجێن، ئەمانەن (مەتراد، سفەیە، تویلەبەن، هۆردەك، گەرەکان، تولەبور، کەلەك). بەشی سێیەمیان

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی، چی دەربارەی کاکەیی نووسراوە؟ جریدە(العراق)، ع(٢٦٨٢)، ١٩٨٤/١١/٢٨، ل٧ ؛ ع(٢٦٨٩)، ١٩٨٤/١٢/٥، ل٧ ؛ ع(٢٦٩٥)، ١٩٨٤/١٢/١٢، ل٧.

[2] ڕۆشنایی یەك بۆ مێژوو، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٣٨)، تشرینی دووەمی١٩٨٥، ل ل٤٢- ٤٨.

خانەقین و گوندەکانی دەوروپشتین، کە(مێخاس، شێخ ڕەحیم، پویکە، چەمچەقەل)ن. بەشی چوارەمی ناوچەکانیان چەند ئاوەدانی و گوندێکی نزیک هەڵەبجەن[1].

نووسەرێکی تریش بەناوی(عەدنان فتاح کاکەیی) لەڕۆژنامەی (هاوکاری)یەوە هێرش دەکاتە سەر نووسینەکانی (محەمەد ئەمین هەورامانی) و بەقسەو قسەلۆکی دروستکراو و هەڵبەستراوی دوور لە ڕای زانستی داناوەو دەڵێت:"بەوو بەهەموو کەسێکی وەك ئەو بیردەکاتەوە دەڵێم: بەناوی کاکەییەکانەوە ئێمە لەهەموو دیاردەیەکی تایفەگەری تاریك پەڕیونەتەوەو مووسلمان و عێراقی ڕاستەقینەین و وەك هەموو هاوڵاتیەکی عێراقی ژن و ژنخوازی و پەیوەندی کۆمەڵایەتیمان لەڕێگای دادگای شەرعییەوە بەڕێوەدەبەین و چی پێچەوانەی ئەم ڕاستی یە مرۆڤایەتیە دەربارەمان نووسراوە بوختانەو ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنمان ناسراوە کە لەشێخ عیسای بەرزنجی باپیرمانەوە دەست پێدەکات"[2]. پێدەچێت ناوبراو لەبەر سانسۆری حکومەت، ئەو عێراقیەی بەرزکردبێتەوە. بەتایبەت دوای ئەوەی بۆتە جێی مشتومڕی نووسەران.

ئێزدییەکانیش کە گروپێکی ئایینی کوردن و لەناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا دەژین. دوو کتێبی پیرۆزیان هەیە ئەوانیش (جیلوە) کە شێخ عەدی کوڕی مسافر(١٠٧٤– ١١٦٢ز) دایناوەو لە بنچ و بناوانی ئێزدییەکان دەدوێ. ئەوی تریان(مەسحەفا ڕش)ە. هەردوو کتێبەکەش بەزمانی کوردین. ئێزدییەکان لەو بڕوایەدان کە "مەلەك تاوس" خوای شەڕ(شەیتان)ە، بۆیە دەیپەرستن لێی نزیك دەکەونەوەو قوربانی پێشکەش دەکەن تا لەخراپەکاری دووریان بخاتەوە. هەروەها جەژنی دێرینی خۆیان هەیە کە بەناوبانگترینیان جەژنی سەری ساڵ (چوارشەممەی سوور)ە[3]. محەمەد ئەمین زەکی بەگ پێی وایە ئەساسی ئایینی ئێزدیی(مەزهەبی مانی)[4]یە، کەبڕوایان بە بوونی دوو خودا هەیە وەکو چۆن لەزەردەشتیەتدا خودای خێر(هورمز) و خودای شەڕ(ئەهریمەن) هەیە. ئەو تایفەیەش بڕوایان بە شەیتان هەیە کە هۆکاری شەڕو زەرەرەو لەترسی شەڕی نەك بۆ عیبادەتی. خوداش لوتف و بەزەییەکی زۆری هەیە لەگەڵ دروستکراوەکانی چونکە چاکەکارە[5].

لەڕۆژنامەو گۆڤارەکانیشدا چەند وتارێکیان لەبارەوە نووسراوە. وەکو لەگۆڤاری(کاروان)دا (جەهەوەریێ سلێمانی) باس لە"لالش"شوێنی پیرۆزی ئێزدییەکان دەکات، کە بەدووری(١٤کم) دەکەوێتە ژووررووی قەزای شێخان[6]. (خدریێ پیر سلێمان) لەژمارەیەکی تری هەمان گۆڤار باس لە(مجێور) دەکات، بەوەی ئەو کەسانەن کە لەبنەماڵەی شێخەکانیانن و سەرپەرشتی ئەو گومبەتانە دەکەن کە مەقام و گۆڕی

---

[1] کاکەیی و گۆرانی فۆلکلۆری، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٨)، کانوونی دووەمی١٩٨٥، ل ل١٠٦—١٠٧.

[2] ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی کتێبی کاکەکی هەورامانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٧٥)، ١٩٨٥/٢/٧، ل ١١.

[3] د. حسین قاسم العزیز، ئایا خواوەندی یەزیدی یەکان مەلەك تاوس تەوتەمی بوو؟، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٣٩)، ساڵی١٩٩٧، ل٣٩.

(٤) نزیك بە ئاینی زەردەشتییەو تێکەلە بەو ئاینەو یەهودی و مەسیحیەت و هەندێك بیروباوەڕی کۆنی بابلیەکان، بنچینەی مەزهەبی مانی دەگەڕێتەوە بۆ مانی کوڕی فایەق ٢١٦– ٢٧٤ز ، کە لەناوچەی نێوان دوو ڕووبار(بین النهرین) لە گوندێکی نزیك بابل لەدایك بووە. لەسەدەی ١٣ز لە ولاتی فارس مەزهەبی مانی دەستی بە بلاوبوونەوە کردوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سعید مراد(الدكتور)، المدخل فی تاریخ الأدیان، الطبعة الاولی، عین للدراسات والبحوث الانسانیة والاجتماعیة، مصر، ٢٠٠٠، ص١٦١.

[5] محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاصەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، بگ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ٢١١.

[6] جەهەوەریێ سلێمانی، لالش، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٣٥)، ئابی١٩٨٥، ل٧٨.

شێخەکانیانەو لە گوندو ئاوەدانییەکانیان هەن[1]. ناوبراو لەدوو ژمارەی ڕۆژنامەی(هاوکاری)یشدا باس لەتاوس گێڕانیان دەکات، بەوەی کەنەریتێکی ئایینییانەو سالآنە ئەنجامی دەدەن و پێشی دەوترێت(تەوافی ئێزدی)یان[2].

کەمینە ئایینییە کریستیانەکانیش وەکو کلّدانەکان، کە بەشێکی دانیشتوانی باشووری کوردستانیان پێکدەهێنا لەڕۆژنامەوانی ئەم ماوەیەدا ئاماژەیان بۆکراوە[3]. لەپاڵ ئەوانەی باسکرا لە کوردستاندا نەتەوەی دیکەش هەبوون، بەلأم ڕۆژنامەنووسان باسیان نەکردووە؛ عەرەب کە بەپلەی دووەم دەهات لەدوای کورد، زیاتر لە پارێزگای کەرکوك ڕێژەکەیان زۆر بووە. هەروەها تورکمانەکان و ئەرمەنەکانیش لەو نەتەوانەن کە دەیان ساڵە نیشتەجێی ناوچەکەن[4]. قەرەجەکانیش لەکۆنەوە لەکوردستان بوونیان هەبووە. نووسەرێك لەگۆڤاری(کاروان) لەبارەیانەوە نووسیویەتی لەزۆربەی شوێنەکانی کوردستان بوونیان هەیەو خەریکی ئیش و کاری دەستین، وەکو دروستکردنی بێژینگ و تیرۆگ و قەفەسی کەو و سەبەتەو بێشکەی منداڵان و بۆیەکردنی پێڵاو و ئاسنگەری و ئیشی کرێکاری بینا. ئافرەتانیشیان ددانی ئالتونی دەکەن و بەلایانەوە شتێکی جوانە. هەروەها دەڵێ قەرەجەکان لەمەڵبەندی نیشتەجێبوونیانەوە بۆ زۆربەی شوێنەکانی کوردستان کۆچ دەکەن بەتایبەتی لەبەهاردا، کە جوتیارەکان پێویستیان بەهەندێ کەرستەی کشتوکاڵی هەیە، ئەوان لەدروستکردیاندا کارامەو دەست ڕەنگینن؛ وەك داس، شەن، خاکەناس[5]. پێکەوە ژیانی ئەو هەموو گروپە نەتەوەیی و ئایینییانە لەباشووری کوردستان بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر هەبوونی بنەمای لێبووردەیی[6]، لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

سەبارەت بە ژمارەی دانیشتوانی باشووری کوردستان، بەگوێرەی سەرژمێری ساڵی١٩٨٧ی پارێزگاکانی عێراق، وەزیری نەخشەسازی لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا، بەو شێوەیە خستوویەتەڕوو: پارێزگای هەولێر(٧٤٢,٥٣٨)کەس، سلێمانی(٩٤٢,٩١٣)کەس، دهۆك(٢٩٢,٩٣١)کەس، کەرکوك(٥٩٢٨٦٩)کەس، لەگەڵ ژماری دانیشتوانی ناوچە کوردییەکانی پارێزگاکانی موسل و دیاڵە، کە لەڕۆژنامەکەدا خراوەتەڕوو[7]، دەتوانین ڕێژەکە بەنزیکەی (٣,٥)ملیۆن کەس بخەمڵێنین. سەرەڕای

---

(1) خدرێ پیر سلێمان، مجێور، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٦)، تشرینی دووەمی١٩٨٤، ل ٥٠.

(2) خدرێ سلێمان، طوافێد ئێزدیا، س.پ، ل ٦؛ ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٤٠)، ١٩٨٠/٩/١، ل ٦.

(3) رمضان عیسی، دیرا مانگێشکێ و ئەبرەشێ کلدانا ل ئامێدیێ ێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٤٥)، ١٩٨٤/٧/١٢، ل ٦؛ محەمەد ئەمین هەورامانی، دەمەتەقێی ئەو سەرچاوانەی کە دەربارەی کاکەیی وە نووسیویانە، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٣–١٠٤)، ساڵی١٩٨٤، ل٢٤٩ .

(4) عەبدوللاّ غەفور، جوگرافیای باشووری کوردستان، ل ل ٢١٧– ٢٢٠.

(5) نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چەردەیەك لەژیانی قەرەج لەئەورووپاو لەناو کوردا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٩)، شوباتی١٩٨٥، ل ٩٦– ٩٩.

(6) ئەگەر ڕووداوی نەخوازراو لەنێوان کوردو عەرەبیشدا ڕووی دابێت ئەوا سیاسی بوونەو بەشی زۆری لەئەنجامی سیاسەتی بەعەرەبکرنی باشووری کوردستان بوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەتایبەتی لەماوەی ١٩٧٤– ١٩٩٠. بۆزانیاری زیاتر بروانە: غفور مخموری، تعریب کوردستان: التعریب– المخاطر– المواجهة، ت: عبدالله قرگەیی، ط٢، مطبعة(ڕۆژهەلات)، اربیل، ٢٠١٣، ص٤٤ ومابعدها.

(7) وەزیری نەخشەسازی بەژمارە سەرژمێری دانیشتوانی هەموو پارێزگایەك ڕوون دەکاتەوە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩١٦)، ١٩٨٧/١٠/٢٢، ل١.

تێبینییەکان لەسەر پرۆسەی سەرژمێرییەکە[١]، سەرچاوەکان ڕێژەکەی بە تەواوی پارێزگاکانی موسڵ و دیالەوە، بە(٤,٣٨٧,٠٠٠) کەس دەخەملێنن[٢]. لەڕۆژنامەکاندا ناتوانین زانیاری لەسەر ڕێژەی نەتەوەو گروپە ئایینییەکان لەکوردستان وەربگرین، لەبەر بارودۆخی ئەمنی و سیاسی ئەو کاتی عێراق و ناوچەکە.

### ب- باری چینایەتی و هۆزایەتی:

لەڕووی چینایەتییەوە کۆمەڵگەی کوردی بەشێوەیەکی گشتی چەمکی چینایەتی لەشێوەی کۆیلەو خانەدان بەخۆوە نەبینیوە. ئەوەی هەبووە چینی دەوڵەمەندو ناوەندو هەژار بووە. کە هەژاریش دەیتوانی دەوڵەمەند بێت و دەوڵەمەندیش بەداڕووخانی بارە ئابوورییەکەی دەڕۆیشتە قۆناغی هەژارییەوە. واتە هیچ جیاوازییەکی ڕاستەقینەی چینایەتی لەنێو کۆمەڵی کوردیدا بوونی نەبووە[٣].

ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەگەرچی لەو ڕووەوە هیچ بابەتێکی نەنووسیووە. بەڵام هەندێك لەبابەتەکانی زانیاریمان لەبارەی توێژەکانی کۆمەڵگەوە دەدەنیٚ، کە لەچۆنێتی دانان و ڕێکخستنی چینەکانەوە سوودیان لێوەردەگیرێت. بەجۆرێك سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و ئەمیندارەکانی ئەمینداریٚتیە گشتییەکانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی[٤]، لەگەڵ پارێزگارو بەرپرسە باڵاکان[٥]، کە توێژی دەسەڵاتدارن، لەڕۆژنامەوانیدا ئاماژەیان بۆ کراوە، دەکرێت لەچینی دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتووەکانیان دابنێین. لەپاڵ ئەوانەشدا وەکو لەڕۆژنامەی (هاوکاری)دا هاتووە موڵکدارەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان، کە دەست ڕۆیشتوو خاوەن زەوی و زاری زۆربوون، هەبوون[٦]. بازرگانە گەورەکانیش دەچنە خانەی ئەو چینەوە، هەندێکیان سەربەحکومەتی بەعس بوون و خاوەنی کۆمپانیا بوون، وەکو جەوهەر هەرکی خاوەنی کۆمپانیایەکی پەلەوەری بوو لەدهۆك[٧].

فەرمانبەرانی حکومی کەخاوەنی داهاتێکی جێگیر بوون، وەکو لەڕۆژنامەی(هاوکاری) ئاماژەی پێدراوە، لەساڵی ١٩٨٩ بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی مووچەکانیان باری گوزەرانیان باشتر بووە[٨]. زانایانی ئایینیش، لەگۆڤاری(کاروان) لەبارەی گوزەرانیانەوە هاتووە: "بارو زرووفی پیاوە ئایینییەکان، ئێستا تا

---

[١] سەرژمێری ساڵی١٩٨٧ بەخراپترین سەرژمێری دادەنرێت لەعێراق، لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە: تۆمارنەکردنی دانیشتوانی قەزاو ناحیەکانی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە، زیادبوونی ڕێژەی نێرینە لەبەر جێگیرکردنی لەشکری عێراق لەهەندێك لەیەکە ئیدارییەکاندا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عەبدوڵڵا غەفوور، جوگرافیای دانیشتوانی باشووری کوردستان، چ١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١١، ل ل ٧٥- ٧٦.

[٢] هـ. س، ل ٨١ ؛ هاوڕێ یاسین محەمەد ئەمین، س.پ، ل٢١٣.

[٣] هادی رشيد الجاوشلی، الحياة الأجتماعية فی كردستان، مطبعة الجاحظ، بغداد، ١٩٧٠، ص٧٩.

[٤] کورتەی مەحزەری دانیشتنی شەشەمی ئەنجومەنی یاسادانان، س.پ، ل ل ٦٧- ٧٢.

[٥] دیدار، بەڕێز پارێزگاری هەولێر لە...، س.پ، ل٣ ؛ شەهاب عوسمان، ئاسۆ لەدیداری بەرێز...، س،پ، ل٢ ؛ پ. دهۆك، بژاڤ ل مێڤانداریا ڕێڤەبەریا...، س.پ، ل٣.

[٦] محەمەد هەمەوەندی، هاوکاری لەفەوجی کاك عباس حاجی ئاغادا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٧٦)، ١٩٨٨/٥/٢٣، ل٤.

[٧] عەلی تەتەر نێروەیی، سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لەسایەی بەڵگەنامە فەرمیەکاندا(١٩٧٥ – ١٩٩١)، ل١٨٦.

[٨] فەرماندە دیارییەکی تر بەفەرمانبەران دەبەخشێت، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٨٦)، ١٩٨٩/٦/٢٢، ل١.

**بلێی پێشکەوتووەو باشەو ژیانی پیاوی ئایینی ژیانێکی خۆش گوزەران و باشە."[١]. هەروەها کەمینەی ڕۆشنبیر[٢] و بازرگانە بچوکەکان و دوکاندارەکان[٣]، کە هەریەکەو بەجۆرێك لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئاماژەیان بۆکراوە، هەموو ئەمانە لەچینی ناوەڕاستی کۆمەڵگەدا بوون. زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان ئەوە دەردەخەن ئەو چینە زۆرینەی دانیشتوانی پێکهێناوەو لەگوزەرانێکی ناوەندا ژیاون[٤].**

**چینی سێیەم لەکاسبکارو کرێکار[٥]و خاوەن پیشەو کۆمەڵەی دیکە پێکهاتبوون[٦]. جوتیارانیش کە لەو چینەبوون، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەیەکی شاخ ڕاگواستنی گوندەکان ببووە هۆی ئەوەی بەشێکی زۆری جوتیار وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی نەهێڵێت. لەبەرئەوەی لەهیچ بوارێکی بەرهەمهێنان نەخرابوونە سەرکار، بۆیە کۆمەڵی ئۆردوگاکان بەسەر هیچ چینێکدا ساغ نەدەبوونەوەو لەقۆناغی گواستنەوەدا بوون[٧]. وادیارە ئەو چینە خەڵکی هەژارو بێدەرەتان بوونەو بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە. ئەوەتا لەهەواڵێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە بەتەنها لەپارێزگای سلێمانی نزیکەی(٥)هەزار خێزان موچەی چاودێری کۆمەڵایەتیان بۆ بڕابۆوە[٨]. لەپارێزگای هەولێریش نزیك بە (٤)هەزار خێزان[٩].**

**بەشێوەیەکی گشتی جیاوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەمایەکی ئابووری گۆڕاودا بووە. چینە پێکهێنەرەکانی لەیەکتری نزیك و تێکەڵاو بوونە، بەجۆرێك هەست بەجیاوازی نێوان دانیشتوانەکەی نەکراوە، هەژاربووبێت یان دەولەمەند، شارنشین یان گوند نشین[١٠].**

**هۆزەکانیش لەڕۆژنامەنووسی کوردیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە. (حسين جاف) توێژینەوەیەکی بەناونیشانی "دليل لدراسة العشائر الكردية" لەدوو ژمارەی گۆڤاری(کاروان)دا بلاوکردۆتەوە؛ کە لەبەشی دووەمی توێژینەوەکە ناوبراو ژمارەیەکی زۆر لەهۆزەکانی باشووری کوردستانی بەگوێرەی پارێزگاکانی ناوچەکە باسکردووە. لەسنووری پارێزگای سلێمانی هۆزی جاف وەکو گەورەترین هۆز ناوی هاتووە. هەریەکە لەهۆزەکانی هەمەوەندو گەلاڵەو کێشکی و هەورامیش ئاماژەیان بۆکراوە. لەپارێزگای هەولێریش ناوی هۆزەکانی بلباس، گەردی، ئاکۆ، خۆشناو، بالەك، دزەیی، زراری هێناوە. هۆزەکانی سالەیی، شێخ**

---

[١] بەشی لێکۆلینەوە، بەڕێزان کاربەدەستانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بۆ خوێنەرانی کاروان دەدوێن، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٣٤)، تەموزی١٩٨٥، ل ٨.

[٢] ابراهيم علی محمود، کۆلیجی پەروەردەی زانکۆی صلاح الدين و ڕۆلی لەپێگەیاندنی مامۆستای بەتوانا، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٦)، ١٩٨٩/١١/١١، ل٥.

[٣] پەیامنێری سلێمانی، دەربارەی ئاستی ئێستای سلێمانی، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(٣)، س٧، ١٩٨٣، ل ١٠٦.

[٤] نووسینگەی هەولێر، مرۆڤ و گوزەرانی ئەمرۆ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٨٧)، ١٩٨٣/٥/١٢، ل ٩ ؛ بەشی لێکۆلینەوە، س.پ، ل ل ٨– ٩.

[٥] وتەی ژمارە: چاك ناسینی دۆست و دوژمن مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی نەتەوایەتیمان، بلاوکراوەی(ڕەنجی کرێکار)، ژ(٦)، س٤، ١٩٨٠، ل٣.

[٦] شێرزاد عبدالرحمن، پیشە دەستیەکانی کوردەواری...، س.پ، ل٥؛ لطيف هەلمەت، هونەری دەستکردی میللی و ....، س.پ، ل ٤.

[٧] چیا، س.پ، ل٥٤.

[٨] پێنچ هەزار خێزان موچەی سەرپەرشتی کۆمەلایەتی وەردەگرن، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٥١)، ١٩٨٢/٨/٢٦، ل ٢.

[٩] لەهەولێردا ٣٩١٦ خێزان موچەی چاودێری کۆمەلایەتی وەردەگرن، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٥٦)، ١٩٨٢/١٠/٧، ل ٢.

[١٠] عەلی وەردی، کەسایەتی تاکی عێراقی، و: گەرمیان محەمەد ئەحمەد، چ١، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ل ١٦٥– ١٦٦.

**بزێنی، جەباری، شوان، داودی، دەلو، زەند، زەنگەنە، کاکەیی، گیچ و پالأنی لەسنووری پارێزگای کەرکوك بوونە. لە دیالە ئاماژەی بە هۆزەکانی باجەلأنی و تالەبانی و کەلهوڕو فەیلییەکان کردووە. هەروەها نووسیویەتی لەموسڵ و ناوچەکانی دهۆك و زاخۆو ئامێدی هۆزەکانی شەبەك، سورچی، زێبار، بارزان، هەرکی، شێروان و ئێزدییەکان هەن[1]. هەروەها ناوهێنانی هەندێك لەهۆزەکان لەڕۆژنامەکاندا لەگەل ناوی نووسەرو پەیامنێری ڕۆژنامەکانەوە وەکو نازناو هاتووە. بۆنموونە نووسەران شەعبان مزوری و ئەسعەد زێباری، عەبدلوەهاب تالەبانی پەیامنێری ڕۆژنامەی هاوکاری[2].**

**باسکردن لەمێژووی هۆزەکانیش بابەتی هەندێك لەنووسەرانی ڕۆژنامەنووسی بووە. هۆزی جاف نموونەیەکی دیاری ئەوباسەیە، کەدوو نووسەر لەچەند ژمارەیەکی گۆڤاری(کاروان)دا چەند لایەنێکی مێژووی ئەو هۆزەیان خستۆتەڕوو[3]. هەندێکیانیش هەوڵیانداوە ئەو نووسینە مێژووییانەی هەن هەلیبسەنگێن و ڕاستییەکەی بخەنەڕوو. ئەوەتا نووسەرێك لەبارەی هۆزی زەنگەنەوە نووسیویەتی (عباس العزاوی– لەکتێبی عشائر العراق– الکردیة) کەوتۆتە هەڵەوە کە بنەڕتی ئەوهۆزەی گەڕاندۆتەوە بۆ هۆزی عەرەبی(بەنی ئەسەد)، دەشلێ ناوی زەنگەنە لە(زنگان)ەوە هاتووە نەوەك(زەنگین) کە ئەو وای بۆچووە[4]. بێگومان ئەوەش لایەنێکی بایەخدارو گرنگی ڕۆژنامەمووسی کوردیمان بۆ دەردەخات.**

**دیارترین ڕەنگدانەوەی باری هۆزایەتی لەڕۆژنامەوانی ماوەی دیاریکراودا بریتی بوو لەهەوڵەکانی حکومەت بۆ ڕاکێشانی سەرۆك هۆزەکان بەلأی خۆیدا، لەڕێگەی پێدانی ئیمتیازاتی جۆراو جۆری وەکو پێدانی زەوی وزار، کە لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا ئاماژەی بۆکراوە[5]. حکومەت بۆ بەرژەوەندی خۆی هێزی چەکداری لەم هۆزانە پێکهێنابوو بەناوی فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (أفواج الدفاع الوطني)، بەلأم لەلای خەلکی کوردستان بە(جاش) ناسرابوون و بەچاوی سووکەوە سەیردەکران[6]. هەریەکە لەڕۆژنامەی(هاوکاری)و (عیراق) زۆرترین بابەتیان لەبارەی ئەو هێزە عەشایرانەوە تێدا هاتووە، لەمیانەی نووسینەکانیان دەردەکەوێت ئەم دیاردەیە زۆربەی هۆزەکانی گرتبۆوە[7].**

---

(1) حسین فیض اللة الجاف، دلیل لدراسة العشائر الكردية، القسم الاول، گۆڤاری(کاروان)، ژ(١٤)، تشرینی دووەمی١٩٨٣، ص ١٥٤ ؛ القسم الثانی، گۆڤاری(کاروان)، ژ(١٥)، کانوونی یەکەمی١٩٨٣، ص ص١٥٢– ١٥٩. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی هۆزە کوردییەکان بڕوانە: عباس العزاوی، عشائر العراق– الكردية، ج٢، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٤٧.

(2) بۆنموونە بڕوانە: ئەسعەد زێباری، س.پ، ل٦ ؛ شعبان مزیری، گەنج خەلیل، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٦)، ١٩٨٧/١٢/٣٠، ل ١١ ؛ عەبدلوەهاب تالەبانی، لێپرسراوی مەلبەندی مەشقکردن، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٢٢)، ١٩٨٢/١/٢٨، ل٨.

(3) مصطفی نەریمان، چۆن گەلاوێژ بۆ میری جاف فرمێسکی ڕشت، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٧٨)، ئابی١٩٨٩، ل ٧٨ ؛ ئومێد ئاشنا، مەحمود پاشای جاف، بەشی یەکەم، گۆقاری(کاروان)، ژ(٨٠)، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٨٩، ل ١٠٨ ؛ بەشی دووەمی ئەو باسە لە: گۆڤاری(کاروان)، ژ(٨١)، کانوونی یەکەمی١٩٨٩، ل ١٠٨.

(4) جەمیل ڕۆژبەیانی، عێلی زەنگەنە لەم دیوو لەو دیو، گۆڤاری(نەورۆزی عێراق)، ب(٤)، نیسانی ١٩٨٨، ل١٠.

(5) محەمەد هەمەوەندی، هاوکاری لەفەوجی ...س.پ، ل ٤.

(6) عبدالفتاح علی یحیی البوتانی، وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية، ط١، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠١، ص ٣٥٣.

(7) بۆنموونە بڕوانە: لقی دهۆك، هاوکاری لناڤ سەنگەرێت فەوجا(٢٢٥)ی بەرگری نیشتمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٥٧)، ١٩٨٨/٣/١٤، ل١٠ ؛ محەمەد هەمەوەندی، چیای ماکۆك و کوردە جەنگاوەرەکانی عەشیرەتی خۆشناو، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٧١)، ١٩٨٨/٥/٢، ل٥ ؛

**لەماوەی دیاریکراودا لەزۆرشوێنی کوردستان پەیوەندی خێلەکی تاڕادەیەك لاواز ببوو[١]، بەڵام بۆئەوەی جارێکی تر بەهێز ببێتەوەو زەمینەیەکی لەبار بۆ حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق خۆش ببێت، بەو شێوەیە حکومەت کوردی بەردا گیانی یەکتری. تاوەکو کورد کورد بکوژێت و هەندێك هۆزی کوردی ببنە دوژمنی سەرەکی شۆڕشی کوردو بەخۆی بەشدارێکی کاریگەر بێت لەسووتاندن و وێرانکردنی ماڵی خۆی بەدەستی خۆی. لەو هەنگاوانەشیدا حکومەت سەرکەوتوو بوو توانی زیاتر لە(٥٠٠)فەوجی لەم جۆرە لەهۆزە کوردیەکان دروست بکات. بەلاّم دەبێت ئەوەش بڵێین کە ژمارەیەکی زۆر لەو جاشانە وەهمی بوون و تەنیا بۆ وەرگرتنی موچە ناونووس کرابوون[٢]. هەروەها بەڵگەنامەیەکی دەزگای ئیستخباراتی حکومەتی عێراقی ئەوە ئاشکرا دەکات زۆرجار سەرۆك جاشەکان بۆپاراستنی خۆیان لەگەڵ شۆڕش ڕێکدەکەوتن و چەك و تەقەمەنیان بۆشۆڕش ڕەوانەدەکرد[٣].**

**سەدام حوسێن مەدالیای ڕێزی بەژمارەیەك لەسەرۆك جاشەکان بەتایبەتی سەرۆك هۆزەکان بەخشی بوو، وەکو لەڕۆژنامەی(عیراق)دا هاتووە بەهۆی ئازایەتییانەوە بووە[٤]. بەلاّم ئەوە بیانوو بووەو زیاتر بۆ پڕوپاگەندەو ڕاگەیاندن و دروستکردنی گیانی دووبەرەکی بوو لەنێو کورد. ئامانجی تری حکومەت لەسیستەمی جاشایەتیدا بەکورد کردنی جەنگ بوو لەکوردستاندا، لەهەردوولا کورد دەکوژراو دوژمنداری لەنێوان کورد– کورد فراوانتر دەکرد. بەمەش بەشێك لە کەسوکاری جاشەکانی کوژراو کە لایەنگری شۆڕش بوون دڵسارد دەکرەوە[٥].**

**هەروەها هەرکاتێك حکومەت هەستی کردبا سەرۆك هۆزێك زۆر جێی متمانە نییە جێگرێکی بۆ دروست دەکردو سەرۆك تیرەیەکی لەناو هۆزەکەیدا لێ قیت دەکردەوە، بەنووسینی فەوجێکی جاش دەبوو ڕکابەری سەرەکی سەرۆك هۆز لەناو هۆزەکەیدا. یان هەندێك لەوانە کەسانی ئاسایی بوون بەلاّم بەهۆی حکومەتەوە لەناو هۆزەکانیاندا بەزردەکرانەوەو دەسەلاّتیان پێدەدرا، لەکاتێکدا ئەوانی تر بەنەریت سەرۆك هۆز بوون[٦]. دەتوانین هەموو ئەو سیاسەتانەی حکومەت بەرامبەر بەهۆزە کوردییەکان ناوبنێین (پەرتکەو زاڵبە)، کەدووبەرەکی و ڕکابەری لەنێوانیان دروست دەکرد، بەوەش بەئاسانی دەیتوانی بەسەریاندا زاڵبێت و لەپشتیوانیان بۆ شۆڕش دووریان بخاتەوە**

---

عزت نوری، شێخ صابر السورچی بۆ ڕۆژناما عیراقیٚ دئاخڤیت، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٠)، ١٩٨٧/١١/١٨، ل٣ ؛ عزت نوری، جاسم زێباری بۆ ڕۆژناما عیراقیٚ دئاخڤیت، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٣)، ١٩٨٧/١٢/٩، ل٣.

(١) سەبارەت بە پەیوەندی تاك بەهۆزەکەیەوە، لەسەر دوو بنەمابوە: سەرەتا لەسەر بنەمای دەرەبەگی بوو، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨و نەهێشتنی سیتەمی دەرەبەگایەتی، پەیوەندییەکە کەوتە سەر بنەمای بنەمالەیی(الاسرة). ئیستاشی لەگەڵدابێت بەوشێوەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : عبدالستار طاهر شریف، المجتمع الکردی(دراسة اجتماعیة ثقافیة سیاسیة)، من منشورات جمعیة الثقافیة الکردیة، بغداد، ١٩٨١، ص٣٢.

(٢) عەلی تەتەر نێرەوەیی، س.پ، ل ل ١٧٧– ١٨٠.

(٣) مدیریة استخبارات کویسنجق، فی ٢٢/٩/ ١٩٨٥، سریة فوریة، الی/مدیریة استخبارات المنطومة الشمالیة. لە: عەلی تەتەر نێرەوەیی، س.پ، ل ٦٠٦. بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥).

(٤) عزت نوری، دۆل و نهالێت کوردستانیٚ دێکەینە گوڕستان بۆ داگیر کەرا، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٢)، ١٩٨٧/٩/٢٣، ل٣.

(٥) عەلی تەتەر نێرەوەیی، س.پ، ل١٨٩.

(٦) هـ. س، ل١٨٨.

## تەوەری دووەم: داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان

### أ- نەریتەکانی کۆمەڵگا:

#### ١- بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان:

کۆمەڵێك بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی(میللی) لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا هەبوون، ببوونە هەوێنی بابەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان. نووسەران و ڕۆشنبیران هەوڵیانداوە سەرنجی بخەنەسەر بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك و نیشاندانی ڕێگە چارەی گونجاو بۆیان. چونکە زۆرجار ئەو بیرو باوەڕانە کاریگەری خراپیان بەسەر کۆمەڵگەوە هەبووە.

زیارەتکردنی مەزارگەکان و بەپیرۆز زانینیان، لە باوترین بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بەتایبەت لەنێو ئافرەتاندا. خەڵکی بۆ مەبەستی چارەسەری نەخۆشی و کارەسات و گەیشتن بەمرازەکانیان سەردانی گۆڕی پیاوچاکانیان کردووەو لەوێ لەخودا پاڕاونەتەوە. نووسەرێك باس لەوەدەکات هەندێك لەمەزارەکان جۆرە تایبەتمەندییەکیان دراوەتی؛ وەکو مەزرای (پیری کۆکە)لەسلێمانی، کە ئەو کەسانەی تووشی کۆکە دەبوون سەردانیان دەکرد و بە کەمێك خۆڵی موفەرکی شێخەکە، گەروو ملی خۆیان دەشێلا. چاکەکەی(کانی با) لەهەمان شار، بۆ نەخۆشی باداری و ڕۆماتیزم. ئافرەتانی نەزۆك یان ئەوانەی کەم منداڵیان دەبوو، دەچوونە سەر مەزاری (پیرەمەگرون) لەشارەزوور[1]. نموونەی چەندین مەزارو گۆڕی تری هاوشێوە لە سنووری پارێزگای هەولێردا هەن، وەکو(شێخی چۆلی، پیری شەوکێل، شێخی بالەکیان، حاجی مەلا عەلی خانەقا، ستی ئیمام)[2]. هەروەها سەردانی مەزارەکان کراوە بەمەبەستی ڕازو مرازو بەیەك گەیشتنی دڵداران[3]. لە ڕۆژنامەی (بزاڤ)یشدا باس لەوە کراوە، کە جگە لە مەزارگەکان، هەندێك دار و شوێنی تر بە پیرۆز دانراون و خەلکی بۆ چارەسەری نەخۆشی سەردانی کردوون؛ وەکو داری پشت ئێشە، لەناو گۆڕستانی گوندی بەرۆشکی لە دهۆك. کە کەسی نەخۆش پشتی خۆی بەدارەکەوە دەنا، یان منداڵی نەخۆش لە ژێر دارەکەدا هاتوچۆی پێدەکرا[4].

بڕوا بوون بە نووشتەو دوعا، بۆ چارەسەری نەخۆشی و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەیەکی تر بوو. کە زیاتر زانایانی ئایینی و شێخ و مەلا و سەید ڕۆلیان لەو بوارەدا هەبووە. (مەلا فایەقی مۆتیٚ لەدایکبووی١٩٢٤) لە سلێمانی نموونەی یەك لەو مەلایانەبووە، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی(عیراق)دا دەڵێت:" زۆرجار ژن و مێرد دێن بۆ لام، کە چەند ساڵێکە منداڵیان نابیٚ، زۆربەی پزیشکەکان پێیان وتوون چارەسەری نیە، بەڵام کە هاتوونە بۆلای من لەدوای جێبەجێکردنی هەندیٚ کاری تایبەتی کە خۆم شارەزام تیایدا، توانیومە هەندێکیان دڵشاد بکەم بەو ئاواتە چاوەڕوانکراوەیان".

---

[1] شوکری فەزلی، کوردی ئێستا، و: ئازاد عەبدولواحید، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نویٚ)، ژ(١١٤)، حوزەیرانی١٩٨٧، ل ل٢٠٩-٢١٠.

[2] طارق جمباز، سەرقەلەمانەی مەرگ و مردن لە کوردەواری دا، گۆڤاری (کاروانی فۆلکلۆر)، ژ(١)، س١، ١٩٩٠، ل١٥٨.

[3] سەعدوللا شێخانی، چەند نموونەیەك لەبیروباوەڕی فۆلکلۆری کوردەواری، فۆلکۆر، ب(٣)، ١٩٩١، ل١٢.

[4] سەلمان کوڤلی، دهوك دبیبیکادا، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٧)، ١٩٩٠/٦/١٩، ل٣.

هەروەها دەڵێ زۆرجار خەلك بۆ پارەو كەلوپەل و خشڵی ون بوو، یان دزراو، دێن بۆ لام تاوەكو بۆیان بدۆزمەوە[١].

چاووزاریش، وەكو بیروباوەڕێكی باوی كۆمەڵگاكە، نووسەرانی ڕۆژنامەنووسیی زۆر لەبارەیەوە دواون. نووسەرێك باس لەوەدەكات بۆ خۆپاراستن لە چاووزار و هەناسە پیسی لەكوردەواریدا جگە لە نووشتەو دوعاو نزا، چەند هەنگاوی تر گراونەتەبەر. بەجۆرێك هەندێك لە خەڵكی پێیان وابووە چاو پیسی هەربەپیسی لادەچێت، بۆیە پاشماوەی ئاژەڵیان لەسەر دەغلو دان داناوە. یان ئێسكی كەللەی سەری ئاژەڵیان لەناو باخچەو بێستانەكانی سەر ڕێگاكان داناوە. جگە لەوە بۆ مەبەستی ترساندنی باڵندەو ئاژەڵە زیان بەخشەكانیش وەكو داوڵ بەكاریان هێناوە[٢].

هەر لەو بارەیەوە ڕۆژنامەنووسێكی تر نووسیویەتی، لەپكە شینە(پیرۆزە) لەشان و ناوچەوانی منداڵ دەدرا. یان هەندێك لەدایكان بەرگی جوانیان نەدەكردە بەر منداڵەكانیان بۆ ئەوەی لە چاووزار بە دووربن. جاری واش هەبوو منداڵی كوڕەی نێرینە بەرگی كچانەی لەبەر دەكرا، بۆ ئەوەی كەس نەزانێ ئەو منداڵە كوڕە تا چاووزار كاری لێنەكا. هەروەها كوژەكەی شین و ناڵ یان ئێسك لەسەر دەرگای ماڵ و دیوی دەرەوەی، یان لەجێگایەكی بەرز هەڵدەواسرا، بۆ ئەوەی ئەو كەسەی چاو و نەفەسی پاك نییە، بەبینینی ناڵەكە خانوو ماڵەكەی لەیادبچێتەوە. هەندێك جارانیش ئەگەر كەسێك شتێكی بەنرخ و نوێی وەكو ئۆتۆمبێل و خانوو كڕیبووایە، ئەوا ئاژەڵێكی بۆ سەردەبڕی[٣]. (حاجی سالح عەبدوللا) ناوێك، ناسراو بەحاجی پەرەشووت، دوكانێكی فرۆشتنی كەوڵ و ددانی گورگ و كەمتیار و پلنگی هەبووە لەدهۆك. ناوبراو لە چاوپێكەوتنێكی ڕۆژنامەی(بزاڤ)دا، ئاماژەی بەوەداوە، كە موشتەری باشی هەیەو خەلكی دێن كەوڵی كەمتیار و ددانی گورگی دەكڕن و لە ماڵەكانیان هەڵی دەواسن. چونكە بەو كارە چاووزار و شەیتانیش لە ماڵەكانیان بە دوور دەبێت[٤].

هەروەها خەلكی بڕوایان بە ترس دەركردن لە منداڵدا هەبووە. لە گۆڤاری (تەندروستی و كۆمەڵ)دا هاتووە ئەو بیروباوەڕە لە كۆنەوە باوبووەو تاوەكو ئیستاش لەهەندێ شوێن بەتایبەت لەگوندەكان خەڵكی بڕوایان پێی هەیە. بەوەی كە هەرمنداڵێك نەخۆش بووایە و گومانی ئەوەی لێبكرایە نەخۆشیەكەی لەئەنجامی ترسەوە بووە، ئەوا سەر لەئێوارە قوڕقوشم یاخود مسیان دەتواندەوە. ئینجا بۆ ئەوەی ترسی منداڵەكەی لێدەربكەن قوڕقوشمە تواوەكەیان ئەخستە ناو جامە ئاوێكەوە كە لەسەر سەری منداڵەكە ڕاگیراوە. پاش ساردبوونەوەی قوڕقوشمە تواوەكە، وێنەی هەر شتێكی لێدەرچوایە، وتویانە لەوە ترساوە، زیاتریش پێیان وابووە لەئاژەڵێك ترساوە. ئاژەڵەكەیان دەهێناو لەبەرچاوی منداڵەكە

---

(١) ئاراس طالب رشید، لەچاوپێكەوتنێكی سەر سوڕهێنەرانەدا لەتەك مەلا فایەق(مەلا فایەقی مۆتێ)، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٣٧)، ١٦/٥/١٩٩٠، ل١١.

(٢) سەعدوللا شێخانی، س.پ، ل١٢.

(٣) هەردەوێل كاكەیی، داب و نەریتی كوردەواری، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(٩٦٧)، ١٨/٤/١٩٨٨، ل٦.

(٤) عبدالرحمان پاشا، پەرەشوت و كەمتیار و ددانی گورگی، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٢)، ١٥/٥/١٩٩٠، ل ٨.

**دەستیان بەسەر سەریدا دەهێنا، بۆئەوەی جارێکی تر منداڵەکە لێی نەترسێت[١]. لەگۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)شدا، ئەو بابەتە دووپاتکراوەتەوە[٢].**

**بڕوا بە جنۆکە کە لەبنەمایی ئایینی ئیسلامدایە، شوکری فەزلی(نووسەرێکی بەناوبانگی عێراقیە) لەنووسینێکی دا، کە لەگۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)دا بلاّوکراوەتەوە، پێی وایە کورد بڕوایەکی تەواوی پێی هەیە[٣]. ئەمەش شتێکی ئاساییە، بەلاّم بڕوابوون بەکاریگەرییان لەسەر ژیانی خەلك، زۆرجار خێزانەکانیان دووچاری بارێکی نائاسایی دەکردەوە. وەکو هەندێك لەنووسەران بەو شێوەیەی کە کۆمەڵگە بڕوای پێ بووە، لەبارەیەوە دواون. بۆ نموونە نووسەرێك دەنووسێ؛ هەندێك لەخەڵکی پێیان وایە نابێت سەر لەئێوارە ئاوی کولاّو یان زۆر گەرم بڕێژی، گوایە لەو کاتەدا جنۆکەکان دێنەدەرەوە و دەکەونە جموجۆڵ، ئەگەری سوتانی هەر یەکێکیان دەبێتە هۆی دەست وەشاندنیان لەمرۆڤەکە[٤]. نووسەرێکی تر باس لە ئێشکگرتنی شەوانەی ئەندامانی خێزانەکان دەکاتن بۆ منداڵی تازە لە دایك بوو، نەوەك شەوە(کەجنۆکەیەکی شەڕ خوازە) دەستی لێبووەشێنێ و بیخنکێنێت. ئێشکگرتنەکە بۆ ماوەی(٧) ڕۆژ درێژەی دەبوو. ناوبراو ئاماژەشی بەوەداوە ئەو نەریتە زیاتر لەکۆندا باوبووە، بەلاّم لەئیستاشدا لەهەندێك شوێندا پەیڕەودەکرێت و خەریکە بەرەو نەمان دەچێت[٥].**

**هەروەها نۆژدارێکی تایبەتی نەخۆشییە دەروونییەکان لەشاری هەولێر، باس لەوە دەکات زۆرجاران ئەگەر کەسێك تووشی نەخۆشییەکی دەروونی بێت، ئەوا خەڵکی پێیان وابووە جنۆکە دەستی لێوەشاندوەو شێت بووە. لەو بارەشدا شێخ و سەیدو مەلاکان دەبوونە جێی متمانەو باوەڕی خەڵك و کەسەکەیان گرتۆتەوەخۆو هەوڵیانداوە چارەسەری بکەن. نۆژدارەکە ئاماژەی بەوەشداوە نزمی ئاستی هۆشیاری خەڵك و کەمی ژمارەی نۆژدارە دەروونییەکان، هۆکاری سەرەکی بلاّوبوونەوەی ئەو بیرباوەڕەن[٦].**

**هەروەها لەگۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)دا هاتووە، لەگوندەکانی کوردستاندا هەرسالێك باران کەم ببارێت و دواکەوتبێت، ئەوا خەڵکی بەتایبەتی منداڵ و مێردمنداڵان، دەکەونە خۆو (بووکە بەبارانە) لەدارو پەڕۆ دروست دەکەن و بەکۆلاّنان دەگەڕێن و داوای باران دەکەن. ئەو نەریتە (کۆسە بارانە و کۆسەبەبە و شەمووله)شی پێوتراوە[٧].**

---

[١] هەردەوێل کاکەیی، لە کوردەواریدا چۆن ترسی مندال دەردەکەن، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١-١٣)، س٢، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٩٠، ل٤٦.

[٢] محسن ئاوارە، ئەو نەریت و وێنانەی دەکەونە بەر چەرخی ڕۆژگار، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٣-١٠٤)، سالی١٩٨٤، ل ٢٩١.

[٣] شوکری فەزلی، س.پ، ل ٢١٠.

[٤] هەردەوێل کاکەیی، داب و نەریتی کوردەواری، س.پ، ل٦.

[٥] محسن ئاوارە، س.پ، ل٢٩٠-٢٩١.

[٦] د. نزار محمد أمین، گیروگرفتەکانی نۆژداری دەروونی لە ناوچەی کوردستان، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەل)، ژ(١)، س١، ئەیلولی ١٩٨٧، ل ل ٥٠-٥٣.

[٧] کریم مصطفی شارەزا، هەندێك داب و نەریتی باران بارین و وەستاندنی لەلای میللەتان، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٢٣)، ئەیلولی١٩٨٩، ل ١٨١.

کەڵووەکان(بورجەکان)، نیشانەکانی مانگی لە دایك بوون، لەو بیروباوەڕە تازانەبووە کە لەنێو بەشێکی زۆری توێژی ڕۆشنبیرو خوێندەواری کۆمەڵگاکە باوبووەو لەڕۆژنامەوانی تایبەت بەم توێژینەوەیە ڕەنگی داوەتەوە. ڕۆژنامەی(العراق) لەزۆربەی ژمارەکانیدا لاپەڕەی کەلووەکانی هەبووە[1]. (نافیع کاکە) لەدوو ژمارەی گۆڤاری(کاروان)دا بەناونیشانی(مێژووی ساڵنامەو ڕۆژمێری کوردی) بەووردی باسی کەڵووەکانی کردووە و بەرامبەر هەرمانگێکی کوردی کەلووێکی داناوەو ناوی کەلووەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی[2].

ئەوەی دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە بەشێك لەو بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییانە، بەتایبەت بڕوابوون بەچارەسەرییەکانی نەخۆشی وەکو سکچون و ڕشانەوەی منداڵ، لەلای پیرەژنەکانی گەڕەك و کۆڵانەکان، گوایە بەهۆی ئەوەی منداڵەکە مانگیتی یان سەروبنیەتی و ترساوە، کە پەنچەی ئەخاتە گەروی منداڵەکەوە بەوەی پەیوەندی بەخڕێنەکانی گەرویەوە هەیە. نۆژداران و ڕۆشنبیران دژی بوونەو بەلایانەوە زۆر سەیر بووە کە لەسەدەی زانست و تەکنەلۆژیا ئەو بیروباوەڕە دواکەوتووییانە هەبووە. بەبارێکی مەترسیداریان زانیوەو هۆکارەکەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ نزمی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵك و دواکەوتوویی کۆمەڵگاکە[3].

## ٢- مافەکانی ئافرەت:

ئافرەت و پرسەکانی لەنەخوێندەواری و کەمی ئاستی ڕۆشنبیریی و ڕادەی بەشدارییان لەبەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو مافەکانیان و گیروگرفتەکانیان، لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا کۆمەڵە باسێکی زۆریان لەبارەوە نووسراوە. ڕۆژنامەنووسی کوردی هەوڵیداوە ئافرەتان وشیار بکاتەوە بەرامبەر ئەرك و مافەکانیان لەکۆمەڵگەدا. لەبەرئەوەشە تێبینی ئەوە دەکەین لەو ماوەیەدا پرسەکانی ئافرەت لەنێو بابەتە ڕۆژنامەوانییەکاندا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە. دەتوانین بڵێین خاڵێکی هاوبەشی هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بووەو بەگرنگیان زانیوە و کاریان بۆ کردووە.

ئافرەتی کورد لەکۆنەوە لەلایەن گەڕیدەو ڕۆژهەلاتناسانەوە بەلێهاتوویی و زیرەکی کارکەر ناوی دەرکردووە، شایەتی ئەوەی بۆ دراوە کە کراوەتر و سەربەستر بوونە لەچاو ئافرەتی گەلانی دراوسێی. بۆیەش هەندێك لەنووسەرانی ڕۆژنامەنووسی کاتێك باسی ئافرەتی کوردیان کردووە ئەو دانپێدانانەی ڕۆژهەلاتناسانیان لەیاد نەکردووە[4]. لەو چوارچێوەیەدا شوکری فەزلی لەگۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)دا

---

[1] بۆنموونە بڕوانە: جريده(العراق)، ع(٣٩١٥)، ١٩٨٨/١٢/٣، س٥ ؛ ع(٣٩١٦)، ١٩٨٨/١٢/٤، س٥ ؛ ع(٣٩١٧)، ١٩٨٨/١٢/٥، س٥.

[2] نافیع کاکە، مێژووی سالنامەو ڕۆژ ژمێری کوردی، ب١، گۆڤاری(کاروان)، ژ(١٧)، س٢، شوباتی١٩٨٤، ل ١٠٧؛ بەشی دووەمی هەمان بابەت لە: گۆڤاری(کاروان)، ژ(١٨)، س٢، ئازاری١٩٨٤، ل٦٦.

[3] بۆ نموونە بڕوانە: د. خورشید دزەیی، چەند بیرێکی تەندروستی چەوت، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١)، س١، ئەیلولی١٩٨٧، ل ل٥٨-٥٩؛ موعتەسم سالەیی، پیسی پیسی دەبات و چەند بیروڕایەك، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٨-٣٢)،س٣، تەمموزی١٩٩٠، ل٥٢.

[4] بۆنموونە بڕوانە: علی عبدالامیر علی، نظرة تحليلية لواقع المرأة فی منطقة الحکم الذاتی، مجله(زانکۆ)، قسم الانسانی، مج(٦)، ع(٢)، سنه١٩٨٠، ص٧٥؛ بهجت محمد هروری، ژنا کورد و سەربەستی، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٠)، س٢، مایسی١٩٨٤، ل٨٤.

**نووسیویەتی:"واقیعیش لە ئافرەتی کوردی ئێستادا دەیسەلمێنێ، کە شوێن و دەورووبەری ژیانەکەی جیاوازە لە شوێنی ژیانی خەلکی دی، بە پەچەو چارشێو ڕووی خۆی ناپۆشێ"** [1].

**بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەنووسی لەم ماوەیەدا هەولیداوە کار لەپێناو سەربەستی و مافەکانی ئافرەتدا بکات. بەوەی ئافرەت لەتەك پیاودابێ بەبێ جیاوازی لەمافی بەشداریکردن لە خوێندن و هەموو جۆرە کارکردنێك لەدام و دەزگاکانی میری و بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی تا دەگاتە کرێکاری.**

**بەپێی ڕاپۆرتێکی (حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی-عێراق)ی، کە لەبابەتێکی گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان) سوودی لێبینراوە، دەردەکەوێت بۆسالی(١٩٨٠-١٩٨١) ڕێژەی بەشداری کچانی عێراق بەگشتی(بە کوردستانیشەوە) لەخوێندنی سەرەتاییدا (٤٦٪)و لەخوێندنی زانکۆ (٣٧,٢٪)بووە. بەشداری ئافرەتانیش لەچالاکییەکانی کۆمەلگا بەگشتی(١٨٪)بووە** [2]**. جێی هەلوەستەکردنە کە کۆمەلگای کورد تا ئەو کاتە نەیتوانی بوو بەتەواوی خۆی لەو کۆتوبەندە کۆمەلایەتیانە ڕزگار بکات، کە ئاستەنگیان لەبەردەم خوێندنی کچان و بەشداریان لەکایە جیاوازەکانی کۆمەلگادا دروست کردبوو. چونکە بەپێی ئەو نامانەی کە کچان بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان ناردووەو داوای چارەسەری حالی خۆیانیان لەڕۆشنبیران کردووە، دەردەکەوێت بەشێکی زۆری کچان، بەتایبەتی لەگوندەکان نەیانتوانیووە بە ئارەزووی خۆیان هەموو قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەن. لەلایەن خێزانەکانیانەوە هەر ئەوەندە ڕێگایان پێدراوە تەنها فێری خوێندن و نووسین بن** [3].

**ڕووناکبیران لەڕێگەی ڕۆژنامەکانەوە هێرشیان کردۆتە سەر ئەو نەریتە کۆنانەی کە ئافرەتی کردبووە دیلی کۆمەل. دژی مانەوەی ئافرەت بوونە لەتەنگەبەری مالەوە، کەتەنها ئەرکی بەخێوکردنی مندال و بەڕێوەبردنی کاری ناو مال بێت. دابەشکردنی کاریان بە سەرەتای یەکەم قۆناغی چەوساندنەوەی ئافرەت زانیووە** [4]**. پێیان وابووە بۆئەوەی ئافرەت بتوانێ بەتەواوی ڕۆلی خۆی ببینێت و هەست بە مرۆڤایەتی بوونی خۆی بکات، دەبێت ڕەگ و ڕیشەی نەریتی کۆن و سواو پشتگوێ بخات و دەست لەناو دەست لەگەل پیاودا هەولی بنیاتنانی کۆمەلگایەکی پێشکەوتوو بدات، کە لەسایەیدا بەمافی ڕەوای خۆی بگات و لەماف و ئەرك لەگەل پیاودا یەکسان بێت** [5].

**باری ژیان و گوزەرانی ئافرەت بەجۆرێك لە ڕۆژنامەوانی دیاریکراودا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئافرەتان خۆشیان لەبارەیەوە دواون. (ڕەمزیە سابیر محەمەد) نموونەی یەك لەو ئافرەتانەیە، کە لەگۆڤاری**

---

[1] شوکری فەزلی، س.پ، ل ٢٠١.

[2] الدکتور یونس محمود فتاح، المجتمع الریفی الکردي في العراق(دراسة اجتماعیة، ثقافیة، سیاسیة)، مجلة(ڕۆژی کوردستان- شمس کوردستان)، ع(٧٦-٧٧)، سنة١٩٨٨، ص١٥.

[3] بۆ نموونە بڕوانە: رجاء خدر، گیروگرفت و چارە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٣٥)، ١٩٨٨/١٢/٢٢، ل١٠؛ ژیان، چار چی یە؟ (کچ و خوێندن)، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٨)، نیسانی١٩٨٩، ل ل٥٠-٥١.

[4] نەسرین مصطفی، بیرو ڕایەك دەربارەی ئافرەت و دەوری لە کۆمەلدا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٥٤)، ١٩٨٤/٩/٢٠، ل٧؛ یوسف قادر محمد، ئافرەت و ئازار چەشتن، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٠٣)، ١٩٨٩/٨/٢٤، ل ٩ ؛ د. مجید حمید علی عارف، بەرهەلستە کۆمەلایەتی یەکانی ڕێگەی بەشداریکردنی ئافرەتانی ناوچەی حوکمی زاتی ی کوردستان لە پرۆژە پیشەسازی یەکاندا، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٨)، سالی١٩٨٥، ل٢٣٣

[5] بەفرین صالح مەولود، خەباتی ئافرەت، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٨٦)، ١٩٨١/٥/٧، ل ل ٤-٧.

(کاروان)دا نووسیویەتی؛ ئافرەتانی گوند نشین بەتایبەتی لەڕووی ئیش و کارو دەشت و دەرکردن و پۆشینی جل وبەرگدا، تاڕادەیەك جۆرە سەربەستییەك لەبەردەم خۆیدا دەبینیٚ. ئەگەرچی هێشتا دیاریکردنی سەرەنجامی ژیان و دواڕۆژی خۆی لەدەست خۆیدا نیەو ناتوانێت چۆنی مەبەستە ئاوا بڕیاری لەسەر بدات و بەئاشکرا هاوسەری ژیانی خۆی هەلبژێرێت. بەڵکو لەو ڕووەوە هێشتا لەنێو سنووری تەسکی خێلەکی و دوور لە شارستانیەت و پێشکەوتنی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتیدا دەژیت. بەڵام دیسان توانیویەتی پارێزگاری لەبەشێکی سەربەستی خۆی بکات و لەزۆر بواردا بەکاری بهێنێت و لەڕێگەیشیەوە بوونی خۆی بسەلمێنی"[1].

لەبارەی ئافرەتی شاریشەوە لەگۆڤاری(کاروان)دا هاتووە، لەچەند ڕوویێکەوە سەربەسترە لە ئافرەتی گوند. بەتایبەتی لەلایەنەکانی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و بەشداریکردن لەشانۆ و فیستیڤاڵ و خوێندن و نووسین و ڕۆژنامەوانی. دیارە دووری گوندەکان لەو سەرچاوانەو زووتر کردنەوەی قوتابخانە لەشارەکاندا، کاریگەری خۆی هەبووە. هەروەها لەلایەنی ئەڤینداری و هەڵبژاردنی هاوسەری ژیانی سەربەستر بووە لەئافرەتی گوندو کەمتر ڕێگەی لێگیراوە[2].

مەسەلەی سەربەستی ئافرەتان و یەکسان بوونیان لەگەڵ پیاواندا، لەلایەن نووسەرانەوە وەکو پرسێکی گشتگیر باسیکراوە و بۆتە جێگای مشتومڕیان، بیرو بۆچوونی خۆیان لەبارەوە خستۆتەڕوو. دوای وردبوونەوەمان لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان تێبینی ئەوەمان کرد ئەو پرسەیە قسەیەکی زۆری هەڵگرتووە و نووسەرانی کردووە بە دووبەشەوە. ئەمەش لایەنێکی جوانی ڕۆژنامەنووسی کوردیمان بۆ دەردەخات، کە کەسانی بیروڕا جیاواز و هەموو جۆرە خەڵکێك و ڕەنگێك لەدەوری کۆبوونەتەوە.

بەشێکیان ئەو نووسەرانەن کە لەگەڵ هەموو جۆرە سەربەستیەکی ئافرەتدا بوونە، هاوشێوەی پیاو لەکارکردن و چوونە دەرەوەو پۆشینی جل وبەرگ و بەشداریکردن لەکایە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی کۆمەڵگە. دواکەوتنی ئافرەتانیان لەو لایەنانە بۆ بەمیرات مانەوەی هەندێك فیکری کۆنەپەرستی بەجێماو گەڕاندۆتەوە[3]. چونکە پێیان وابووە پلەی پێشکەوتنی هەر وڵاتێك بە ڕادەی سەربەستی ئافرەتانی ئەو وڵاتە دەپێورێت. سەربەست نەبوونی ئافرەتیان بەدەردێکی کوشندە زانیوەو چارەسەرکردنیشی بە ئەرکێکی پیرۆز. پێشیان وابووە تەنها بەنووسیین چارەسەر ناکرێت، ئەگەر ئەم تیۆری نووسینانە بەشێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێنەکرێن. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە یەکەم هەنگاو کاروباری بەڕێوەبردنی ناوماڵ و هەڵسوڕاندنی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بکەین بەچالاکی گشتی. بۆئەوەی لەو کۆت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ڕزگاربن و بەشداری بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردنی کاروبارە جۆربەجۆرەکان بکەن[4].

دەتوانین بڵێین ئەو نووسەرانەی زۆر جەختیان لەسەر یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو کردۆتەوەو لەگەڵ هەموو جۆرە سەربەستییەکی ئافرەتاندا بوونە، زیاتر کاریگەری ئەزموون و کەلتوری ڕۆژئاواییان

---

[1] ئافرەتی کوردو هەندێ وردە سەرنج..!، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٥)، شوباتی١٩٨٣، ل ل ٥٦-٥٧.

[2] بهجت محمد هروری، س.پ، ل ل ٨٤-٨٥.

[3] پەخشان حمه أمین عبدالله، ڕۆلی ئافرەت لە کۆمەڵدا، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(٨٤٥)، ١٩٨٦/٦/٢٦، ل٧.

[4] یوسف قادر محمد، س.پ، ل٩.

بەسەرەوە بووە. بۆیە هەندێکیان نموونەی توێژینەوە زانستییەکانی ڕۆژئاوایان لەڕۆژنامەکاندا خستۆتەڕوو، وەکو ئەو توێژینەوە ئەمریکیەی کە لەڕۆژنامەی(عیراق)دا بلاّوکراوەتەوە، ئەوە دەردەخات ئەو خێزانانەی کە پیاو دەسەلاّتی بەسەردا سەپاندووە, ڕێژەی بەختیاری(٦٠٪) و ڕێژەی کەساسیشی(٢٤٪)بووە، ئەوانەشی کە ژن دەسەلاّتی بەسەردا هەبووە، ڕێژەی بەختیاری(٤٧٪) و کەساسیشی(٣١٪)بووە. پێیان وابووە بەختیارترین خێزان ئەوانەن کە یەکسانی لەنێوان ژن و پیاودا هەبووە، کە ڕێژەی بەختیاریان(٨٧٪)بووە. بەپێی توێژینەوەکە یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو دلسۆزی و خۆشەویستی و ڕێزلێنان لەنێو خێزاندا دێنێتە کایەوە[1].

بەشەکەی تریان بۆچوونێکی پێچەوانەیان هەبووە. سەربەستی ئافرەت و مافەکانیان لەچوارچێوەی یاساو ڕێساکانی ئیسلامدا دەبینیەوە، دژی نەریت و ڕێسا هاوردەکانی ولاّتانی ڕۆژئاوا بوونە. پێیان وابووە ڕاستە کۆمەڵگای ڕۆژئاوا لەزۆر لایەنەوە لەئێمە پێشکەوتووترن، بەلاّم لەلایەنی ڕەوشت و بیروباوەڕ نابێت هیچ کاتێك بچیینە ژێرباری ئەوان. دژی ئەوەبوونە ئافرەت خۆی وەکو پیاو لێبکات لەڕووی سەرو سیماو جل وبەرگ. بەڵکو پێیان وابووە ئافرەت و پیاو دوو دروستکراوی خودان و دەبێت هەریەکە بەکاری خۆی ڕاببێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە دژی خوێندنی ئافرەت نەبوونە[2]. پێشیان وابووە ئافرەتان نەزانن بەرامبەر مافەکانیان، بەلای هەندێك کەسەوە مافەکانیان بریتییە لەڕێگەدان بە سفوری و خۆ ڕازاندنەوە، کە ئەمەش دەرچوونە لەڕەوشتی نەتەویی[3].

دەتوانین ئەنجامی ئەو دوو بۆچوونە بەپێی توێژینەوەیەکی زاستی، کە لەگۆڤاری(کاروان)دا بلاّوکراوەتەوە، هەلبسەنگێنین؛ توێژینەوەکە لەسالی ١٩٧٨ لەسەر کۆمەلێك ئافرەتی خوێندەوارو نەخوێندەواری پارێزگای دهۆك ئەنجامدراوە. بەپێی ڕاپرسی توێژینەوەکە لەگەڵ ئافرەتانی خوێندەوار (٥٨٪) پێیان وابوو ژێردەستن، (١٥٪) بەژیانی خۆیان ڕازیبوونەو (٢٧٪) بێ وەلاّم بوونە. لەگەڵ ئافرەتانی نەخوێندەواریش (٥٨٪) پێیان وابووە گرێدراینە بەنەریتەکانی کۆمەڵگە، (٤٢٪) بەژیانی خۆی ڕازیبووە[4]. بەو پێیە بێت ئافرەتی کورد هێشتا لەژیانی خۆی ڕازی نەبووەو نەیتوانیوە لەژێر هەندێك کۆت و بەندی دواکەوتوویی کۆمەڵگە ڕزگاری ببێت. بەشێك لەنووسەران ئەو ڕاستییەیان دووپات کردۆتەوە، کە ئافرەتی کورد بەتەواوی سەربەست نەکراوە لەبەدیهێنانی حەزو ئارەزووەکانی، بەتایبەت لەبواری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و بەشداریکردنیان لەچالاکییەکانی وەکو شانۆ و تیپە هونەرییەکان. بەوەی کە زۆرجاران ڕووبەڕووی تانەوتەشەری کۆمەڵگە دەبنەوە، یان لەلایەن خێزانەکانیانەوە ڕێگریان لێدەکرێت و پشتگیری ناکرێن[5].

---

[1] یعقوب قصاب، لە پێناوی خێزانێکی بەختیاردا، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٥)، ١٩٨٧/١٠/١٥، ل ١٥ ؛ هەروەها بڕوانە: دکتۆر عبدالقادر شێخلی، سەربەستی ئافرەت وەکو سەربەستی پیاوە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٧٧)، ١٩٨٩/٥/٢٢، ل٩.

[2] غياث الدين نقشبندی، مافی ژنا، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٧٦)، ١٩٨٩/٣/١، ل٧.

[3] سرفراز علی نقشبندی، ئافرەت دناڤبەرا سەربەستیێ و بن دەستییێ دا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٣)، س٢، ئابی١٩٨٤، ل ٨١.

[4] هـ.س، ل ل ٨٣-٨٨.

[5] أحلام منصور، ئافرەتی کوردو شانۆ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٦٧)، ١٩٨٨/٤/١٨، ل٣ ؛ شێرزاد عبدالرحمن، ئافرەتی کوردو شانۆ، گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان)، ژمارەی تایبەتی(تایبەت بە شانۆ و چیرۆك)، سالی ١٩٨٠، ل ١٥.

له بارەی ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتی کورد لەکاری ڕامیاریدا، ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆڵی ئافرەتی کوردی لەمێژووی خەباتی ڕامیاری گەلەکەیدا بەرز نرخاندوەو نموونەی ئافرەتە لێهاتووەکانی وەکو (حەپسەخانی نەقیب، قەدەم خێر، خانزادی میری سۆران)ی هێناوەتەوە[1]. تەنانەت ڕۆشنبیرانی عێراقیش شایەتیان بۆ ئەو ڕۆڵەی ئافرەتی کورد داوە، عەبدولقادر شێخلی (مامۆستا لەزانکۆی موستەنسریە–بەغدا) لەچاوپێکەوتێنێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا دەڵێت:"بەرفراوانبوونی سەربەستی ئافرەتی کورد بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆو کاریگەرانەی لەجەژنە نەتەوایەتیەکان و بەتایبەتی جەژنی نەورۆز...ڕێگەی بۆ ئافرەتی کورد خۆشکرد بۆ بەشداری کردن لەخەباتی ڕامیاری دا"[2]. بەهجەت محەمەد هروری دەڵێ لەنێو کورداندا خەباتی ڕامیاری بەسەر ئافرەت و پیاو گەورەو بچوك پێویستکراوە. بەلأم "ژ لایێ ڕامیارڤە دووجارا یا بن دەستە، دسەر بن دەستی یا مالا خوڕا و بن دەستیا وی ڕژێم و دەسەلاتی یێ یە ئەوا لبن سێبەرا وێ دژیت"[3]. لەهەوالێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە بۆ یەکەمجارە ئافرەتی کورد ماوەی دەدرێت خۆی کاندید بکات بۆ ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی[4]. بەلأم بە سەروبنکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان نەمانبینی هیچ ئافرەتێك لەماوەی توێژینەوەکەدا بووبێتە ئەندامی ئەنجومەنەکە.

ئافرەتی کورد گیرۆدەی بێ مافی و زۆر ستەمی مێژوویی کۆمەڵگەکەی بوْوە. ژمارەیەك لەداب و نەریتە هەرە ناشرین و دروستکراوەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشەیان لەناو کۆمەڵدا داکوتابوو، کە ئافرەتی کردبووە قوربانی کۆمەڵگە. ئافرەتان خۆیان لەو بارەیەوە نووسیویانە، لەلادێکاندا هێشتا ژن بەژنی و شیربایی و گەورە بەگچکەو کچ لەبری خوێن ماون، لەشارەکانیشدا زۆرکات کچان بە ئارەزووی خۆیان شوو ناکەن[5]. ئافرەتێك نووسیویەتی ئافرەت ناتوانێ بەسەربەستی هەناسەی ژیان هەلبکێشت و بەچاوی بووکە شووشە و کەلوپەلی جوانەوە تەماشادەکرێت[6]. هەر ئەو ئافرەتە لەشوێنێکی تردا دەلێت:" گیروگرفتی ئافرەتی کورد گیروگرفتێکی تایبەتە و شیکردنەوەی نە بەستراوە بە چارەسەرکردنی گیروگرفتی ئابووریەوە بەجۆرێکی میکانیکی، بەڵکو هەلوێستی پیاو بەرامبەر بەژن گرێیەکی دەروونیەو ئەو گرێیەش بەدەرچوونی ئافرەت لەژێر دەستی باری ئابووری ناکرێتەوە بێ ئەوەی لایەنەکانی تریش بخرێنە بەر چاو"[7]. یەکێکی تر دەڵێ ئافرەتان ئەگەر سەربەستیش بن لە هەلبژاردنی هاوسەری ژیانیاندا،

---

[1] بەفرین صالح مەولود، س.پ، ل٧ ؛ هیڤیدار هروری، ژنا کورد و بزاڤا ڕامیاری و ڕۆشنبیری، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٧)، نیسانی١٩٨٣، ل ل ٥٤–٥٩.

[2] دکتۆر عبدالقادر شێخلی، س.پ، ل ٩.

[3] بهجت محمد هروری، س.پ، ل ٨٥.

[4] سەرگول تەیمور، ئافرەت و ئاسۆی ڕووناکی پێشکەوتن، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٧٩)، ١٩٨٥/٣/٧، ل١١.

[5] نجاة رفیق حیلمی، کاتێ ئافرەت خاوەنی خۆی نابێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٦٢)، ١٩٨٤/١١/٥، ل٣.

[6] نەسرین مصطفی، بۆئەوەی ئافرەت نەبێتە مۆمیا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٩٢)، ١٨/١٩٨١/٦، ل٤.

[7] نەسرین مصطفی، بیرو ڕایەك دەربارەی ئافرەت و دەوری لە کۆمەلدا، س. پ، ل ٧.

**ئەوا زیاتر لەچوارچێوەی خێڵ و عەشیرەتەکەی خۆیدا سەربەستە[١]. کەمال مەزهەر ئەحمەد لە کتێبەکەیدا هەبوونی ئەو گیروگرفتانەی بەردەم ئافرەتی کوردی دووپات کردۆتەوە[٢].**

**بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو نەریتە کۆن و تەقلیدیانە ڕووناکبیران لەڕێگەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە ئامۆژگاری ئافرەتانیان کردووە، کە ئەو هەنگاوە بەبایەخدان بەڕوخسارو فەرزکردنی جوانیەکان بەسەر لایەنەکانی تردا ناکرێت، ئەو ئافرەتانەی تەنها بایەخ بەڕازاندنەوەو جوانی ڕوخسار دەدەن لەهەموو ئافرەتێك ڕووخاوترن، چونکە هەست بە ئەرکەکانی سەر شانی ناکات و ڕووکەشە بورجوازییەکەی فەرزدەکات بەسەر لایەنەکانی تردا. بەڵکو پێویستە داوای مافە دیموکراسیەکانی بکات کە لەلایەن پیاوانەوە زەوتکراوە و یەکسانیە کۆمەڵایەتییەکان بەدەست بهێنێت و جیاوازییە تەقلیدییەکان بنەبڕبکەن[٣].**

**توێژینەوەیەکی پەروەردەیی وەرگێردراو، کە لەلایەن ڕۆشنبیرێکی کوردەوە هەلسەنگاندی بۆکراوەو لە دوو گۆڤاردا بلاۆکراوەتەوە، ئامۆژگاری دایکان و باوکانی کردووە زۆر بایەخ بەکچە هەرزەکارەکانیان بدەن و چاودێریان بکەن، نەکەونە داوی خۆشەویستی و دڵدارییەکی هەڵەوە کە ئامانجی لەسەر ڕێ لابردنی کچەکانیان بێت. ئاماژە بەوەشکراوە ئەوەی جێگای مەترسیە لەسەر ڕەوشتی کچە هەرزەکارەکان لەسەیرکردنی فیلم و خوێندنەوەی نووسراوە ناتەندروستەکان، دەبێت لەبەر چاویان کاڵ بکرێنەوە، لێرەشدا ئەرکە قورسەکەی خستۆتە ئەستۆی دایکان و باوکان[٤].**

**بەگشتی ئەو پەیامەی نووسەران هەلیانگرتبوو، بریتی بووە لەهۆشیارکردنەوەی ئافرەتی کورد لەئەرك و مافەکانیان. هەروەها بە پێی ئەوەی زۆربەی ئەو نووسەرانەی لەدەوری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان کۆ ببوونەوە کاریگەری ئەزموونەکانی پێشکەوتنی (هاوتای هەردوو ڕەگەزی) ولاتانی ڕۆژئاوایان بەسەربوو، بۆیە هەوڵیانداوە لەڕێگەی نووسینەکانیانەوە ئەو ئەزموونە بگوازنەوە.**

### ٣- پەروەردەکردنی منداڵ:

**پەروەردەیەکی تەندروست بۆ منداڵان لەمەبەستە سەرەکیەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە. لەبەر گرنگیەکەی بابەتگەلێکی لەبارەوە نووسراوە. دەتوانین بڵێین لەڕووی کۆمەلایەتییەوە لەدوای ئافرەت، منداڵ دووەم کایە بووە، کەوتۆتە ژێر بیرکردنەوەی نووسەران. ئەوان داهاتووی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیان لەدروستکردنی نەوەیەکی تەندروست بینیوە، کەسەرئەنجام دەبنە کەسێکی داهێنەر و بەسوود بۆ کۆمەڵگەو گەڵ و نیشتمانەکەیان. بۆیە گرنگیان بەهەموو قۆناغەکانی ژیانی منداڵ داوە، هەر لە لەدایك بوون و سەرەتای منداڵی و قۆناغەکانی خوێندنی تا هەرزەکاری و گەنجی.**

---

[١] چرا مزوری، سەربەستیا ژنکا کورد، ڕۆژنامەی(برزاڤ)، ژ(٥٦)، ١٩٩٠/٨/٢٨، ل٨.

[٢] کەمال مەزهەر ، ئافرەت لە مێژوودا(کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەلایەتی)، چاپخانەی(الحوادث)، بەغدا، ١٩٨١، ل ل ٧٦-٧٨.

[٣] یوسف قادر محمد، چەند گیروگرفتێکی ئافرەتان، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠٢٢)، ١٩٨٨/١١/٧، ل ١٠.

[٤] پزیشك سوزان برونیە، کیژە هەرزەکارەکانمان، و: شاکر فتاح، ئیبراهیم ئەمین بالدار هەلسەنگاندنی بۆکردووە، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(١)، س٦، ١٩٨١، ل ل٥٥-٥٦ ؛ هەمان بابەت (ئیبراهیم ئەمین بالدار) پێداچوونەوەی بۆ کردووە لە: گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٧)، ئەیلولی١٩٨٥، ل ل٢٣٧-٢٥٢.

پەروەردەکردنی منداڵ پێویستی بە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆرهەیە، چونکە وەك ئاشکرایە منداڵان بناغەی کۆمەڵگەن و پیاوی دوا ڕۆژن. بۆیە نووسەرێك بەر لەهەرشتێك دیاریکردنی منداڵبوون(تحدید النسل)ی بەکارێکی پێویست و بەجێ داناوە. بۆئەوەی دایکان و باوکان ئامادەگی تەواویان هەبێت لەلایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی، بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان[1]. ئینجا دوای ئەوە ڕۆشنبیران شیری دایکیان بەیەکەمین هۆی خۆراکی منداڵ داناوە. ئامۆژگاری دایکانیان کردووە خۆیان بەدوور بگرن لەپێدانی شیری قوتو بەمنداڵەکانیان، چونکە لەژمارەیەکی زۆر نەخۆشی و هەستەوەری دووریان دەخاتەوە[2]. نۆژدارێك ڕەخنەی توندی لەو دایکانە گرتووە کەشیری خۆیان نادەن بەمنداڵەکانیان و دەڵێت:"شیری خۆیان کە زێڕێکە لەکڕین نایەت بۆمنداڵەکانیان، کەچی زۆر بەئاسانی پشتگوێیان خستووەو لەسەرەتاوە منداڵەکانیان لەسەر شیری قوتو ڕادەهێنن"[3]. هەروەها جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە منداڵ دوای ئەوەی دەگاتە قۆناغی تێگەیشتن، پێویستە گرنگی زیاتری پێبدرێت و لەوەڵامدانەوەی داواو پرسیارەکانی نابێت بێزاربین، بەتایبەت کە لەو تەمەنە زۆر دەپرسێت. چونکە منداڵ ئەگەر وەکو خۆی گرنگی پێنەدرێت، ئەوا هەست دەکات وەکو پێشتر بایەخی پێنادرێت، لەو کاتەدا ڕەنگە تووشی کێشەی دەروونی بێتەوە[4].

ڕاکردنی قوتابی لەقوتابخانە سەرەتاییەکان لەڕۆژنامەکاندا وەکو دیاردەیەکی ترسناك لەبارەیەوە نووسراوە. لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە ئەو دیاردەیە لەئەنجامی پەروەردەی هەڵەی خێزانەکانەوەیە. بۆیە پێویستە منداڵ بەر لەچوونی بۆ قوتابخانە بەتەواوی ئامادە بکرێت، لەلایەنەکانی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتیەوە. بۆ ئەوی بتوانن لە قوتابخانەدا ئەرك و بەرپرسیارەتیەکانیان هەڵبگرن. چونکە منداڵ لە قوتابخانەدا دوور دەکەوێتەوە لە مامەڵەی نەرم و سۆزی دایك و باوك، ڕووبەڕووی هەڵسوکەوتی جدی مامۆستاو کۆمەڵێك یاساو پرۆگرامی زانستی ڕێك و پێك دەبێتەوە[5]. لێرەدا نووسەران ڕێنمایی خێزانەکانیان کردووە هەمیشە بە شوێنێکی خۆش، باسی قوتابخانە لای منداڵەکانیان بکەن و وایان لێبکەن قوتابخانەو دەفتەرو پێنووس و هاوڕێکانیان لاخۆشەویست بێت. تاوەکو بە دووربن لەگرێی دەروونی یان ترسان و مانگرتن و نەچوون بۆ قوتابخانە[6]. ئاماژەیان بەوەشداوە نەزانین و نەشارەزایی منداڵ بەرامبەر وانەکانی و فەرامۆشکردنیان، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی دایکان و باوکان توندوتیژی بەرامبەر منداڵەکانیان بەکاربهێنن. ئەوە کارێکی چەوت و هەڵەیە، بەڵکو دەبێت خێزانەکان زوو زوو سەر لەقوتابخانە بدەن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستاکانیان بکەن و لەمنداڵەکانیان بپرسنەوە. لەماڵەوەش ئامۆژگاریان بکەن و یارمەتیان بدەن لەڕەوانکردنی وانەکانیان بۆ ئەوەی ئەرکی قوتابخانە لەسەریان

---

[1] پەخشان، پەروەردەکردنی منداڵ و دیاردەیەك، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٧٦)، ١٩٨٥/٢/١٤، ل ٥.

[2] بۆ نموونە بڕوانە: یعقوب قصاب، سەرپێ کەوتنی منداڵ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٧٩)، ژ(١٠٧٩)، ١٩٨٩/٥/٢٩، ل ١٠ ؛ کامران محمد قادر، دایکایەتی و پەروەردەکردنی منداڵ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٤–٢٨)،س٣، نبسانی ١٩٩٠، ل ٥٢.

[3] د. سەردار عبدالرحمن أمین، تەندروستی منداڵ، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٢)، س٢، تەموزی١٩٨٤، ل ل ٩٦–٩٩.

[4] صالح ملا حسن، قۆناغەکانی گەورە بوونی منداڵ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٣٧)، ١٩٨٩/١٢/٢١، ل ل ٩–١١.

[5] هەڵاتنی قوتابی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٢٦)، ١٩٨٧/١١/٢٦، ل ١٠.

[6] مجید عبدالکریم، سەرەتای چوون بۆ قوتابخانە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٢٥)، ١٩٨٨/١١/١٧، ل١٠.

**سوکتر بێت. بەو هەنگاوانەی هەردوولا(خێزان و قوتابخانە) دەبێت منداڵ لەسەر پەروەردەیەکی تەندروست ڕابهێنرێت[١].**

**هەروەها نوسەرانی ڕۆژنامەوانی زۆر جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی، کە دەبێت منداڵ بەشێوەیەکی سەرەکی و گشتی بۆ پەروەردەو خوێندن تەرخان بکرێت. تێبینی دیاردەیەکی خراپیان کردووە ئەویش کارپێکردنی منداڵ و خەریککردنی بە فرۆشتنی هەندێك کەلوپەلەوە بووە. ئەمەیان بەکارێکی مەترسیدار داناوە لەسەر داهاتووی منداڵ، خێزانەکانیان ئاگادار کردۆتەوەو بە بەرپرسی یەکەمیان داناون. دیارە ئەو دیاردەیە گەیشتبووە ئاستێکی مەترسیدار، بۆیە پێکهێنانی لیژنەی تایبەتی لە قوتابخانەکاندا بە بەشداری مامۆستایان و باوکان و لێبرسراوانی پەروەردەیی، بۆ چارەسەرکردنی بە پێویست زانراوە[٢].**

**هەروەها ڕۆژنامەنووسی کوردی زۆر لەبارەی مەسەلەی سیستەمی پەروەردەی نوێ تێکۆشاوە، بۆئەوەی لەگەڵ قوتابیاندا تازەترین ڕێگای پەروەردەیی و فێرکردن بگیرێتەبەر. بە جۆرێك قوتابی دوور بێت لەهەموو جۆرە سزایەکی جەستەیی و دەروونی، چ لە قوتابخانە یان لەماڵەوە بێت. لە ڕۆژنامەی(ئاسۆ)دا بەناونیشانی (لێدان لە قوتابی هێشتا باوی ماوە) هاتووە:"بەداخەوە ڕەفتاری هەندێك لە مامۆستایان کەمتەرخەمی پێوە دیارە..هەندێکیان لێدانی توندیان بەرامبەر قوتابی منداڵ کردۆتە پیشەی ڕۆژانەی خۆیان، منداڵیان بەتەواوی ترساندوە لە قوتابخانە"[٣] . نووسەران هەمیشە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە منداڵ بە لێدان پەروەردە ناکرێت[٤]. دەسەڵاتی چەوساندنەوەو زۆرەملێی ئەو خێزانانەیان بەبێ ویژدان و ناڕۆشنبیر داناوە، کە توندوتیژی بەکاردەهێنن. ئاماژەیان بەوەشداوە منداڵی ئەو جۆرە خێزانانە ترسنۆك دەبن و توانای ژیرییان زۆر بەئەستەم گەشە دەکات و تا گەورەش دەبێ ئەو ڕەوشتانەی لێ جودا نابێتەوە[٥]. بەڵام لێپرسینەوە لە منداڵیان لەکاتی بوونی هەر سەرپێچییەك بە کارێکی پەسندو دروست زانیوە[٦].**

**لەبارەی ویژەی منداڵانەوە، (عومەر ئیبراهیم عەزیز)[٧] لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا ئاماژەی بەوە داوە، ئەگەرچی ڕۆژنامەوانی کوردی بایەخێکی زۆری بەو لایەنە داوە بەتایبەتی شیعرو**

---

[١] عبدالخالق أحمد قەرەداغی، منداڵ و قوتابخانەو پەروەردەکردن، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەل)، ژ(١-٢٥)، س٣، کانوونی بەکەمی١٩٨٩، ل ل ٥٧-٥٩.

[٢] محسن أحمد مصطفی، منداڵ و کارکردن(یاسای کارکردن و تەندروستی)، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٧-١٩)، س٢، حوزەیرانی١٩٨٩، ل ٧٨.

[٣] لێدان لە قوتابی هێشتا باوی ماوە، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٣٥)، ١٩٩٠/٣/٢٤، ل ٢.

[٤] حبیبە غالب، بە لێدان منداڵ پەروەردە ناکرێت!، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٣)، ١٩٨٧/٩/٣٠، ل ١٥.

[٥] خۆشناو عوسمان، چۆن منداڵەکەت پەروەردە دەکەیت؟، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٦٩)، س٧، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٨٨، ل ل٧٦-٧٩.

[٦] علی حمە ڕەشید ڕەزا، چەند خالێکی پێویست لە پەروەردەکردنی منداڵدا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٤٠)، ١٩٩٠/١/١، ل ١٠.

[٧] ناسراو بە عومەر پەتی، لەسالی١٩٥٧ لەهەولێر لەدایك بووە. لەسالی١٩٨٨-١٩٨٩ کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە. لەسالی١٩٩٣ بڕوانامەی ماستەر و لەسالی ١٩٩٨یش بڕوانامەی دکتۆرای لەهەمان زانکۆ بەدەست هێناوە. لەسالی ٢٠٠٩شەوە بووە بەپرۆفیسۆر. ئێستاش مامۆستایە لەکۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین. خاوەنی چەندەها بەرهەمی ئەدەبی و فۆلکلۆرییە لەبواری منداڵان. بڕوانە: داب و نەریتی ژنهێنان لەکوردەواریدا، چ١، بەڕێوبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٤، دوا لاپەڕە.

**چیرۆك، هەروەها لە ئێستادا لەچاو ساڵانی پێشووتر باشترە، بەڵام لایەنی سایکۆلۆژی لە نووسیندا کە بۆمنداڵ زۆر گرنگە، لە ئەدەبی کوردیدا کەم پەیڕەوکراوە[1].**

**هەروەها سەلامەتی تەندروستی منداڵان لە ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بووە. بۆیە زۆرجەختی لەسەر کوتانی منداڵان کردۆتەوەو ئامۆژگاری خێزانەکانیان کردووە لەکاتی خۆیدا ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن، چونکە منداڵان لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییەکان دەپارێزێت[2].**

**لایەنێکی دیکەی پەیوەست بەم باسە کە لەماوەی دیاریکراودا لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ڕەنگی دابۆوە، بریتی بوو لە هەوڵەکانی حکومەت بۆ زیادکردنی ڕێژەی لەدایك بوونی منداڵان. چونکە لەساڵانی جەنگی عێراق و ئێران(١٩٨٠-١٩٨٨) خەلکانێکی زۆر لە سەربازو مەدەنی بوونە قوربانی ئەو جەنگە. بۆیە حکومەت لەساڵی ١٩٨٧ەوە هەڵمەتی هاندانی زیادکردنی ڕێژەی لە دایکبوونی منداڵانی گرتبووەبەر[3]. وەکو لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە، لەو پێناوەدا بە تەنها لەپارێزگای دهۆك، ساڵی١٩٨٧ زیاتر لە(١٩) کۆڕی جەماوەری بۆ ئافرەتان لەلایەن ڕێکخراوەکانی سەر بە یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراقەوە، سازدراوە[4]. لەگۆڤاری(تەندروستی و کۆمەل)یشدا هاتووە، دوای هێرشە ئاسمانییەکانی ئێران بۆسەر قوتابخانەی(بلاط الشهداء) لە بەغداو قوتابخانەی ئاسۆی سلێمانی و نەخۆشخانەی گشتی سەدام لە دهۆك، کە لە ئەنجامدا ژمارەیەك منداڵ بوونە قوربانی، لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەو هەلمەتەدرا. لەگەڵ چەند بڕیارێکی پەیوەست بە هاندانی زیادکردنی منداڵ لەوانە: زیادکردنی دەرماڵەی(مخصصاتی) منداڵی چوارەم بۆ (٢٥) دینار، پشووی دایکایەتی بۆ ماوەی(٦) مانگ بە موچەی تەواو و(٦)مانگ بە نیوە موچە[5]. هەروەها وەکو لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە حکومەت بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە پشتگیری ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری گەنجان دەکات و کارئاسانیان بۆ دەکات، لە دابینکردنی پێداویستییەکانی ناوماڵ دەستیان دەگرێت[6].**

**کاریگەرییەکی تری ئەو جەنگە بەسەر منداڵانی کوردەوە، وەکو نووسەرێکی ڕۆژنامەوانی باسیکردووە بریتی بوو لە فێرکردنی منداڵانی کورد بە سرودی قارەمانێتی و نیشتمانی عێراقی و وتنەوەی دروشمی پیاهەڵدان بەسەر سوپاو سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق[7]. کە ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی لەسەر هۆشیاری نەتەوایەتی کوردی هەبوو لای نەوەی نوێ.**

---

(١) سەرگول تەیمور، ئەدەبی منداڵان لە چ پلەیەك دایە؟، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٧٤)، ١٩٨٧/١/١٥، ل ١٠.

(٢) بۆ نموونە بڕوانە: نسرین دەروێش ئاکرەیی، بۆ دایکان، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠١٩)، ١٩٨٨/١٠/٢٧، ل ١٠ ؛ د. کامەران عەباس، کوتان، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٦)، ئاداری١٩٨٨، ل ٦.

(٣) سمیرە محمد علی، منداڵ زۆر کردن پێویستی یەکی نیشتمانی یە، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٤)، شوباتی١٩٨٨، ل٣٠.

(٤) بزاڤا ئێکەتیا ئافرەتان لدهوکێ دەربارەی زێدەکرنا زارۆکا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٤٦)، ١٩٨٨/٢/٤، ل ١٢.

(٥) دەستەی نووسەران، ئامۆژگاریەکانی سەرۆکی فەرماندە بۆ زێدەبوونی منداڵ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٥)، شوباتی١٩٨٨، ل ل٤-٦.

(٦) مصطفی حاجی قادر ڕەسول، ژن هێنان و شووکردن لەتەمەنێکی زوودا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٨٢)، ١٩٨٨/٦/١٣، ل١٠.

(٧) سمیرە محمد علی، خێزانی عێراقی و پەروەردەکردنی منداڵان لە ژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی قادسیەی صدام، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٩٥٥)، ١٩٨٨/٣/٧، ل ١٠.

بەشێوەیەکی گشتی نووسینەکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بۆ ئەم باسەیە زیاتر خۆی لە ئامۆژگاری و ڕێنمایکردن لەپێناو پەروەردەیەکی تەندروست بۆ منداڵانی کورد بینیبۆوە. تێبینی ئەوەش دەکرێت کە زۆربەی بەرپرسیارەتیەکانی پەروەردەی منداڵانیان خستۆتە ئەستۆی خێزانەکان. سەرنجیان نەخستۆتە سەر ئەو بەرپرسیارییەتەی حکومەت، کە نەیتوانیوە بەتەواوی پێداویستییە پەروەردەییەکانی منداڵان لە دروستکردنی باخچەی ساوایان و قوتابخانەو دابینکردنی مامۆستای پێویست...تاد، فەراهەم بکات[١].

**٤- نەریتی ژن هێنان و بووك گواستنەوە:**

ئاشکرایە میللەتی کورد وەکو هەموو میللەتانی تر نەریتی تایبەتی خۆی هەیە لەپرۆسەی ژن هێنان و بووك گواستنەوەدا. ڕۆژنامەنووسی کوردیش توانیویەتی لە خستنە ڕووی تایبەتمەندی و شێوازەکانی بە ئەنجامگەیاندی ئەو پرۆسەیەی کۆمەڵگاکەی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. کۆمەڵگەی کوردەواری بەهۆی دواکەوتوویی لە لایەنەکانی کۆمەلایەتی و ئابووری، زۆر نەریتی ژنهێنانی کۆنی لەناودا مابۆوە. لێرە بەدوا لەگۆشەنیگای ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە باسیان دەکەین:

**ژن بەژن** : وەکو لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا هاتووە نەریتێکی بەربلاوی ژنخوازی بووە لە کوردستان بەگشتی، بەتایبەتی لەگوندەکان و لەناو بیرو هۆشی کەسانی سەربە هۆز و عەشیرەتدا. لەو شێوازە ژنخواستنەدا هەریەکەیان بووەتە نەختی ئەوی تریان. هۆکاری سەرەکی بەربلاوی ئەو نەریتەیە ساکاری کۆمەڵ و بێ سامانی و هەژاری بووە. بەهۆی ئەوەی خێزانەکان نەیانتوانیوە نەختی داریکراو ئامادەبکەن، بۆتە ئەگەری ئەوەی بە شێوازی ژن بەژنی لەگەڵ خزمان و دەوروبەرو ناسیاوانیان ژن بۆ کوڕەکانیان بهێنن[٢]. موحسین ئاوارە پێی وابووە هزری دواکەوتوویی هەندێك لە باوکان هۆکاربووە، بەوەی کە نەیان ویستووە کچەکانیان بدەن بەشوو، بەبێ ئەوەی کچێکی تر شوێنی بگرێتەوە. چونکە بەلای ئەو کەسانەوە نەنگییە زاواکانیان نەبن بە خەزوریش. لەو شێوازە ژنهێنانەدا کەمتر ئارەزووی کچ لەپرۆسەی بەشوودانەکەدا ڕاچاو دەکرێت. لەوەش گرنگتر زۆرکات ژیانی لایێك تێکچووبێت ئەوا لەلایەکەی تریش تێکچووە[٣].

**ژن بە نەخت (قەلەن)**: نووسەران باس لەوەدەکەن، ئەوجۆرە ژنخوازییە بەبەراورد بەساڵانی پێشووتر بەربلاوتر بووە. هۆکارەکەشیان گەڕاندۆتەوە بۆ باشتر بوونی ئاستی گوزەرانی خەلك و هۆشیاری زیاتری کۆمەڵگە. ئەو نەریتە زیاتر لە شارەکاندا باو بووە. کە کوڕێك هەڵدەستا خوازبێنی کچێکی دەکردو بەئارەزووی خۆی هەلیدەبژارد. بۆیە ئەو شێوازە هاوسەرگیرییەیان بە باشترین و سەرکەوتوو ترین ڕێگای بنیاتنانی خێزانێکی بەختەوەر داناوە، بەوەی کە زیاتر لەسەر بنەمای خۆشەویستی و لێك تێگەیشتنەو کەمتریش کێشەی کۆمەلایەتی لێدەکەوێتەوە[٤].

---

(١) قارەمان حیدەر رەحمان، س.پ، ل ل ١٢٦-١٢٨.

(٢) محمد حسن بناڤی، ژن ئینان ل دەڤەرا بەرواریا (پشکا ئێکێ)، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٠)، سالی١٩٨٦، ل ٢٠٢.

(٣) محسن ئاوارە، سەودا کردن بەمرۆڤ و دەردە کۆمەڵ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٩-٢١)، س٢، ئابی١٩٨٨، ل ٦٣.

(٤) بۆ نموونە بڕوانە: حمدی عبدالمجید، ژن ئینان لە کوردستانێ دە، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(٨٧)، تەموزی١٩٨١، ل٦٤ ؛ محمد حسن بناڤی، س.پ، ل٢٠٣.

**گەورە بە بچوک (بنپشك)**: جۆرێکی تری ژن بە ژنی بووە، کە کچێکی گەورە بەرامبەر کچێك یان دووانی منداڵ گۆڕدراوەتەوە. واتە کچە گەورەکە بۆ کوڕێکی گەورە، کچە منداڵەکە بۆ کوڕێکی منداڵ بووە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەڵەبووە، چونکە مامەڵە کردن بووە بە کچۆلەیەکی نەفام و ساوا، کە هەندێك جاران وا ڕێك کەوتووە ئەو کچە لەسەر پشتی بێشکەیەو هێشتا کۆرپەیەکی شیرە خۆرەیە مارە کراوە لەهاوتەمەنێکی خۆی یان دووسالأنێك گەورەتر لەخۆی. لەکاتێکدا بەپێی شەرعی ئایینی ئیسلام مارەییان نایەت و پرسیان پێنەکراوە. ئەو نەریتە زیاتر لەگوندەکان و لەشارەکانیش کەمتر هەبووە. ڕۆژنامەنووسی کوردی بە نەریتێکی زۆر خراپی ئەنجامدامی پرۆسەی هاوسەرگیری داناوە، کە جگە لەوەی زۆرجاران بۆتە هەوێنی کێشەی کۆمەڵأیەتی گەورە، لەئەنجامی بەیەکتر ڕازی نەبوونی کچ و کوڕە بچوکەکە دوای گەورەبوونیان. لەهەمان کاتدا نیشانەیەکی ئاشکرای مۆرکی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی تێدا دەردەکەوێت[1].

**کچ لەبری خوێن**: لە نەریتە هەرە چەوتەکانی بەشوودانی کچان بووە. زۆرجار لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە کۆمەڵأیەتییەکان، کچان کراونەتە قوربانی هەڵەی یەك لە ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکەی. لە گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)دا هاتووە لەکاتی دوژمنکاری و خوێن ڕژانی نێوان دوو بنەماڵە، پیاوماقولێك یان چەند گەورەیەکی ناو کۆمەڵ کە کەسێتی و شوێنگەیەکی کۆمەڵأیەتیان هەیە، هەڵدەستن ڕێکەوتنێك لە نێوان ئەو دوو بنەماڵە بەرپادەکەن، بۆئەوەی ئەو دوژمنکارییە و خوێنە لە نێوانیاندا نەمێنێت. لێرەدا کچ دەکرێتە پارسەنگێك بۆ ئاشت بوونەوە، بەجۆرێك کچێك یان جاری واهەبووە زیاتر لە کچێك و پارەو سامان دراوە بە ماڵی کوژراوەکە[2]. ئەو بارە پێی وتراوە (خوێنبایی). لێرەدا تەنها کەسەرو ناخۆشی بۆ کچەکە دەمێنێتەوە، کە لەجیاتی خوێن دراوە. چونکە یەکێك لەبری خوێن بدرێت دەبێت ئامادەیی هەموو ئازارێکی هەبێت[3].

**ڕەدوکەوتن(هەڵگرتن)**: نووسەرانی ڕۆژنامەوانی ئەگەری کچ هەڵگرتن دەگەڕێننەوە بۆ دڵداری و خۆشەویستییەکی پاك و بێگەردی نێوان کوڕو کچێك، کە هەردووکیان خۆیان بۆ یەکتری بەختکردوەو بوونەتە قوربانی ڕێگەی عەشقی پیرۆزیان، کە کۆت و پێوەندەکۆمەڵأیەتییەکان ڕێگەی بەیەك گەیشتنیانی لێگرتوون. چونکە باب و برای کچە بەرك دەکەوتن و کچی خۆیان نەداوە بەو کەسەی خۆشی ویستووە. زۆربەی کات سەرئەنجامی ئەو ڕەدوکەوتنە بە کوژرانی کوڕو کچەکەو دروستبوونی دوژمنداری لە نێوان بەرەبابی هەردوولا، کۆتایی پێهاتووە. جاری واش هەبووە پاش تێپەڕبوونی ماوەیەك بەسەر ڕەدوکەوتنەکە، هەردوولا ڕێککەوتون[4]. (شاکر فتاح) دووپاتی ئەو مەسەلەیەی کردۆتەوەو پێشی وایە کچ ڕەدوکەوتن، یان کچ هەڵأتن، کە لەپاش دڵدارییەکی پاك و بێگەرد لەمیانی کچ و کوڕا پێکهاتبێ، لەڕاستیدا شۆڕشێکە بەرامبەر ئەو باوك و دایکە ناشییاوانەی کە بەپێچەوانەی ڕێگای سروشت و ئایینی

---

[1] محسن ئاوارە، سەودا کردن بەمرۆڤ و دەردە کۆمەڵ، ل ٦٠.

[2] هـ. س، ل ل ٦٠–٦١.

[3] حسین اسماعیل عزیز، ژیانی کۆمەلایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان سالانی(١٩٢١–١٩٥٨)، توێژینەوەیەکی مێژوویيە، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، ٢٠١٤، ل ١٢٨.

[4] محمد حسن بناڤی، س.پ، ل ل٢٠٣ ؛ محمد حمە صالح تۆفیق، باری ژیان و گوزەرانی جارانی کۆمەلی کوردەواری لەڕوانگەی هۆنراوە فۆلکلۆری یەکانەوە، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٢٢)، حوزەیرانی١٩٨٩، ل ١٨١.

**خوایی ئەجولێنەوە. بەلکو ئەوجۆرە هەڵاتنەی دووربێ لەکەتن و داوێن پیسی و بەژن ومێردییەکی یاساییانە دوایی بێت، ڕاستر وایە بەکارێکی پەسند بزانرێت، سزای ئەو کەسانە بدرێت کە بوون بەهۆکاری ڕەدوکەوتنەکە، نەوەك سزای هەڵاتووەکان![1].**

**هەروەها لەپاڵ ئەمانە دیاردەی فرەژنیش هەبووە. لەوبارەیەوە نووسەرێك پێی وایە لە ئیستادا فرەژنی زۆر کەمبۆتەوەو بۆناوچەی بەرواری لەپارێزگای دهۆك، مەزندەی (١٪)کردووە. ئاماژەشی بەوەداوە زۆربەی ئەو پیاوانەی زیاتر لە ژنێکیان هێناوە دوای ئەو بووە، کە کەماسیەکی لە ژنی خۆی بینیووە یان نەخۆش بووە. چونکە دەست هەڵگرتن لەژن لەکۆمەڵگەدا بە خراپ سەیرکراوە. بۆیە کەم ڕووی داوە مەگەر پیاوەکە بەدرەوشتییەکی لەژنەکەی بینیبووایە[2].**

**بەشێوەیەکی گشتی مەسەلەی ڕەچاونەکردنی ئارەزووی ئافرەت لە کاتی شوکردندا مابوو. ئەو سەربەستییەی هەشی بووە لەچوارچێوەیەکی بنەماڵەیی و عەشیرەتدا بووە. ئەو بابەتە لە دوو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیدا دووپاتکراوەتەوە[3]. بۆیە دەتوانین بڵێین زۆرکات کارەکە لەسەر بنەمایەکی ئەوتۆ نەبووە کە بنیاتنانی خێزانێکی بەختەوەری لێ چاوەڕوان بکرێ.**

**سەبارەت بەنەریتی بووك گواستنەوەش، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان وێنەیەکی جوانی ئەو ڕێوڕەسمەمان بۆ دەکێشن. بێگومان وەکو لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا هاتووە هەر ناوچەیەکی کوردستان نەریت و شێوازی تایبەتی خۆی هەبووە لە زەماوەندی گواستنەوەکەدا[4]. بەڵام هەوڵدەدەین وێنەیەکی گشتی زەماوەندەکە بخەینە ڕوو. بەو شێوەیە: بەو پێیەی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی مووسلمانن, بۆیە مەسەلەی ژن هێنانەکەی بە پێی شەرعی ئیسلام جێبەجێ دەکات، واتە سەرەتا کچ و کوڕەکە لەلایەن پیاوانی ئاینییەوە مارە دەکرێن[5]. دواتر بەپێی یاساکانی باری کەسێتی(الأحوال الشخصية)ی ساڵی١٩٧٨ی حکومەت عێراق، لە دادگا مارە دەکرێنەوە[6].**

**دوای مارە بڕین بەچەند ڕۆژێك ماڵی زاوا نیشانەی دەستگیرانداری بۆ بووك دەبەن، کە چەند پارچە جل وبەرگێك و هەندێك کەرستەی تری پێویستن. هەر لەو کاتەشدا کوڕو کچەکە ئەلقەی دەستگیرانداری(زێڕ یان زیو) لەگەڵ یەکتری دەگۆڕنەوە[7]. پاشان ماڵی زاوا دەکەونە خۆ ئامادەکردن و بانگهێشتی خزم و دۆست و کەسوکارەکانیان دەکەن بۆ ڕۆژی گواستنەوەکە[8]. ئیتر ئەوڕۆژە تا ئێوارە ماڵی زاوا پڕ دەبوو لە خزم و دۆستانیان. دوای نان خواردن  زۆرجاری واش هەبوو بەشایی و هەڵپەڕکێ،**

---

[1] افرەتی کورد، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٥٨، ل ل١٤–١٥.

[2] محمد حسن بناڤی، ژن ئینان ل دەڤەرا بەرواریا(پشکا دووێ)، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١١٦)، کانوونی یەکەمی١٩٨٨، ل ٢٤٥.

[3] بهجت محمد هروری، س.پ، ل ل٨٤–٨٥ ؛ چرا مزوری، س.پ، ل٨.

[4] ئەحمەد شوشێ، بوکەك ژ بەهدینان، گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٨)، ساڵی١٩٨٥، ل ١٢٩.

[5] ئازاد علی اسماعیل، خێزانی بەختیار، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٣٥)، ١٩٨٨/١٢/٢٢، ل ١٠.

[6] عومەر شێخ ئەحمەد بەرزنجی، یاسا چی دەلێت، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٢)، ١٠/١٤/ ١٩٨٩، ل٥.

[7] محمد حسن بناڤی، ژن ئینان ل دەڤەرا بەرواریا(پشکا ئێکێ)، س.پ، ل ل ٢٠٠–٢٠١.

[8] مولود بێخالی، لەنەریتە کۆنەکانی کوردەواری، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٨)، ئایاری١٩٨٣، ل٨٠.

لەگەڵ ئاواز و گۆرانی هونەرمەندان یان تەپڵ و مۆسیقای کوردی، کۆتایی بە زەماوەندەکە دەهات[١]. لەو ڕۆژەوە ژنەکە تاڵی و شرینی لەگەڵ پیاوەکەیدا بەش دەکات، لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتری دەبن[٢].

زانیارییە ڕۆژنامەوانییەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە لەماوەی دیاریکراودا نەریتی گواستنەوەکە جیاوازی زۆری لەگەڵ ساڵانی پێشووتر هەبووە. بەوەی کە چەند ئۆتۆمبێلێك ڕیزدەکران و یەکێکیان دەڕازێندرایەوە بۆ هێنانی بووك، ئەگەر ژن بەژنیش بووایە ئەوا لە شوێنێکی دیاریکراو لەگەڵ یەکتری گۆڕدراونەتەوە[٣]. هەر لەبارەی جیاوازییەکانەوە لەڕێگەی زانیاری و ڕێکلامی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە دەزانین کە نووسینگەکانی ڕازاندنەوەو بەکرێدانی ئۆتۆمبێل و ئارایشگا بۆ ڕازاندنەوەی بووکان و نووسینگەکانی وێنەگرتنی زەماوەند هەبوون[٤].

جگە لەوانەی باسکرا نووسەران و ڕۆشنبیران لە ڕێگەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە چەند ئامۆژگارییەکیان بۆ کچ و کوڕانی گەنج خستۆتە ڕوو. یەك لەوانەی کە زۆر جەختی لەسەرکراوەتەوە، مەسەلەی پشکنینی پزیشکی بووە بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری. بۆئەوەی لە دوا ڕۆژدا بە دووربن لە هەر جۆرە حالەتێکی نەخوازراوی تەندروستی لە کاتی کەوتنەوەی کۆرپەلەکانیان. هەروەها ڕێنمایی گەنجانیان کردووە بەوەی کە تا دەکرێت لەگەڵ هاوتەمەن و هاوپیشەکانیان هاوسەرگیری بکەن، چونکە زیاتر دەبێتە مایەی گونجان لە نێوان ژن و مێردو سەرکەوتن لە ژیان[٥].

### ٥- جەژن و بۆنەکان:

چۆنیەتی یادکردنەوەو بەڕێکردنی جەژن و بۆنەکانیش وەکو نەریتێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکە، لە باس و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەدەرنەبوون، ئەگەرچی لەهەندێك لایەنەوە کەمتەرخەمی تێدا بەدی دەکرێت.

جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان نموونەی ئەو جەژنانەن کە ڕۆژنامەنووسی کوردی بایەخێکی ئەوتۆی پێنەداون. لەگۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)دا کە بەشێك لەکتێبی دەستنووسی(شاکر فتاح)ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، زۆر بەکورتی باسیانکراوە، بەوەی کەدوو جەژنی ئایینی ئیسلامن و خەڵکی باشووری کوردستان پێیەوە پابەند دەبن[٦]. لەو بارەیەوە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تری ماوەی دیاریکراو شتێکی ئەوتۆمان لەبارەوە

---

[١] محمد حەمە صالح تۆفیق، مەڵۆیەك لەخەرمانی گۆرانی یە میللی یەکانی شای و زەماوەندی ناوچەکانی گەرمیان و قەرەداغ، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نویێ)- ژ(١٠٣-١٠٤)، ساڵی١٩٨٤، ل ل ٢٧٥-٢٧٦.

[٢] شوکری فەزلی، س.پ، ل ٢٠٤.

[٣] مولود بێخالی، س.پ، ل ٨١ ؛ محمد حەمە صالح تۆفیق، س.پ، ل٢٧٦.

[٤] بۆ نموونە بڕوانە: احسان صدیق، سەروبەرێ خەملاندنا ئۆتۆمبێلێت بیك و زاڤای، ڕۆژکامەی(هاوکاری)، ژ(١١٢٥)، ١٩٨٩/١١/٩، ل٤ ؛ ئارایشگای سۆز، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٢٨)، ساڵی١٩٩٠، ل١٧ ؛ پێشانگای ئاوات، گۆڤاری (ڕەنگین)، ژ(٢٨)، ساڵی١٩٩٠، ل ٢٩.

[٥] لقمان فاروق حسن، چەند پشکنینێکی پزیشکی پێویست پێش ژنهینان، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١٠٣٧)، ١٩٨٨/١٢/٢٩، ل ١٠ ؛ یعقوب قصاب، لە پێناو ژیانێکی هاوسەریەتی سەرکەوتوو دا، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١٢-٢٤)، س٣، تشرینی دووەمی١٩٨٩، ل٢٦.

[٦] شاکر فتاح، آکری (القسم الثانی)، مجلة(ئۆتۆنۆمی- الحکم الذاتی)، ع(٣)، س٥، ١٩٨٠، ص ٢١.

تێبینی نەکردووە. دەبوو ڕۆژنامەنووسی کوردی بایەخی زۆری پێدابوونایە، چونکە ساڵانە لەکاتی هاتنی ئەو دوو جەژنەدا خەڵکی بەگشتی ئامادەگی تەواوی خۆیان بۆ پێشوازی لێکردنیان وەردەگرت، لەڕووی کڕینی پۆشاکی نوێ و شرینی و ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەی بەچێژ، بەجۆرێك ڕۆژانێکی جیاوازتر لە ڕۆژانی ئاساییان دەگوزەراند. بەیانیەکەی خەڵکەکە زوو لەخەو ڕادەبوون، پیاوان دەچوونە مزگەوتەکان و ڕێوڕەسمی جەژنەکەیان بەڕێدەکرد. ئافرەتانیش لەماڵەوە خواردنێکی تایبەتیان ئامادە دەکرد، کە بریتی بوو لە گۆشت و برنج و شلەی قەیسی. دۆستان سەرەدانی یەکتریان دەکردو پیرۆزبایی جەژنانەیان لەیەکتری دەکردو گەردەن ئازادییان لەیەکتری دەخواست. نەریتی ئەو جەژنانە بۆ منداڵانی کورد زۆر دڵخۆشکەرو تایبەتمەند بووە، کە جەژنانەیان لەلایەن کەس و کاریانەوە پێدەدراو ڕوویان لە شوێنی یارییەکان دەکرد[1].

هەر لە چوارچێوەی بۆنە ئایینییەکاندا یادکردنەوەی مەولود، ڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەر(د.خ) هەبووەو ساڵانە لە (١٢)ی مانگی ڕەبیعی یەکەم (بەسالنامەی کۆچی)، ئاهەنگی مەولود لەمزگەوت و تەکیەکاندا سازدەکرا. لەبابەتێکی ڕۆژنامەوانیدا بەناونیشانی(یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری مەزن(د.خ)و داب و نەریتی مەولود لە کوردەواری دا) هاتووە: " لەو ڕۆژەوەی ئایینی پاکی ئیسلام لە کوردستاندا جێگیر بووە، گەلی کوردی موسڵمان وێڕای گەلی عەرەبی براو موسڵمانەکانی جیهانی ئیسلام یادی پیرۆزی مەولود دەکەینەوە، لەم بیرەوەریە شرینە ئاهەنگی ئایینی و ڕێوڕەسمی زۆر گەورەو پڕشکۆی بۆ دەگێڕین، لەبەر گەورەیی و خۆشەویستی و پلەوپایەی پێغەمبەر لەلای خوداو لەلای مەردم[خەلك]..."[2]. ئەو توێژینەوە زانستییانەی لەبارەی سەرتاکانی یادکردنەوەی مەولود لەگۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەوە دەردەخەن کە لەکوردستاندا سەرەتای یادکردنەوەکەی لەلایەن سولتان موزەفەرەددین کەوکەبەری[3] (١٢٨٢ز،مردووە) حاکمی ئەوکاتەی شاری هەولێرەوە بووە. وەکو لەگۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)دا هاتووە: "داهێنان و یادکردنەوەی جەژنی مەولود بەشاکارێکی چەرخی زێڕینی مظفرالدین دائەنرێ". ئیتر لەوکاتەوە تاوەکو ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەو یادە بەرز ڕادەگیرێت و زیاتریش شاری هەولێر ناوبانگی پێ دەرکردووە[4]. سەرچاوەی تریش ئەو زانیارییانەی گۆڤارەکانی لەبارەی سەرەتاکانی یادکردنەوەکە پشت ڕاستکردۆتەوە[5].

بۆنەی مەولود وەکو نووسراوە ڕۆژنامەوانییەکان باسی دەکەن، لەنێو کورداندا تایبەتمەندی خۆی هەبوە؛ بەقورئان خوێندنەوەو وتاردان و گوتنەوەی هۆنراوەو ستایشی ئایینی و ڕازاندنەوەی شار

(1) د. کەیوان ئازاد ئەنوەر، نەریتەکانی کورد، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل ل ١٧٥-١٧٨.

(2) عبدالله دارتاش، یادی لەدایك بوونی پێغەمبەری مەزن(د.خ)و داب و نەریتی مەولود لە کوردەواری دا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦٥)، ١٣/١١/١٩٨٦، ل٥.

(3) محسن محمد حسین، مظفرالدین گوگبري حین طرد من اربیل، (مجلة المجمع العلمي العراقي- الهیئة الكردیة )، مج(٧)،سنه١٩٨٠، ص٤٦٩.

(4) غفووری میرزا کەریم، گولبژێرێ لەباخچەی شاە مێژوویی شاری هەولێردا، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٣-١٠٤)، سالی١٩٨٤، ل١٣٥ ؛ هەوەها بڕوانە: الدكتور خلیل ابراهیم السامرائی، احتفالات المولد النبوی فی مدینه اربیل دراسه تاریخیه، مجلة(كاروان- المسیرة)، ع(٥)، شوباتی١٩٨٣، ص١٠٠.

(5) مەهدی محەمەد قادر، هەولێر لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦- ١٩٣٩، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٥٨.

**بەدروشمە ئایینییەکان و شرینی دابەشکردن، لەلایەن موسڵمانانەوە بەرز ڕادەگیرا[١]. هەروەها لەو ڕۆژەدا مووسلمانان خۆشەویستی خۆیان بۆ پێغەمبەرو پەیامەکەی دووپات دەکەنەوە[٢]. وەکو لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە، ئەو یادە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتیش بەشێوەیەکی فەرمی کراوەتەوە[٣].**

**جەژنی نەورۆزیش وەکو جەژنێکی نەتەوەیی، ڕۆژنامەنووسی کوردی بایەخێکی زۆری پێداوە. نووسەران و ڕۆشنبیران بە چەندان بابەتی مێژوویی جیاواز و خستنەڕووی بیرەوەرییەکانیان لەو جەژنەدا و شاعیرانیش بە هۆنینەوەی شیعر، لەبارەیەوە نووسیویانە. دوو لەو ڕۆشنبیرانەی بیرەوەرییەکانیان گێڕاوەتەوە ئاماژەیان بەوەداوە، کە هەمیشە بەهۆی دژایەتیەکانی دەسەڵاتی سیاسی حکومەتەکان و ڕێگەگرتن لەکردنەوەی ئەو جەژنە، زیاتر مۆرکی جەژنێکی نەتەوەیی وەرگرتووە[٤]. دیارە ئەو جەژنە تەنها تایبەت نەبووە بەنەتەوەی کورد، بەڵام لەلای کورد تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە. لەو بارەیەوە نووسەرێك نوویسیویەتی ئەگەرچی زۆر لەگەڵانی ئاری نەژادەکانیش ئەو جەژنە دەکەنەوە، بەڵام لەلای ئێمە لەسەردەمی تازەدا جەژنی نەورۆز ماناو ئامانجێکی تایبەتی وەهای وەرگرتووە کە لەتەك بۆنەی سەری ساڵ و بڕانەوەی زستان و هاتنی بەهارو سەرکەوتنی بەسەر سەرماو وشکی و تاریکی دا..تێکەڵ بەتێکۆشانی نەتەوەیی بووەو بوەتە جەژنێکی نەتەوەو ناوەڕۆکێکی مرۆڤانەو خەباتگێڕی وەرگرتوە[٥].**

**هەموو ساڵێك لە ٣/٢١ کەڕۆژی سەری ساڵی کوردییە یادی جەژنی نەورۆز دەکرێتەوە. شەوی ئەو ڕۆژە ئاگر لەسەر بەرزاییەکان دەکرێنەوە، وەك نیشانەیەکی هاتنی جەژنەکە. ڕۆژەکانیشی بەچوونە دەشت و دەرو سەیرانگاکان و خواردنی جۆراوجۆر و هەلپەرکێ و کەیف و سەیران، تێکەڵ بەبارێکی نەتەوەیی بە جل و بەرگی کوردی ڕەنگاوڕەنگ، لەنێوگوڵ و گوڵزارو بەهاری ڕەنگینی کوردستان بەڕێدەکرێت[٦].**

**ڕۆژنامەنووسی کوردی جگەلەوەی بە خستنەڕووی ئەو گێڕانەوە مێژوویی و ئەفسانەییانەی کە لەبارەی جەژنی نەورۆزەوە نووسراون، هەوڵیداوە خەڵکی بەبنچینەو سەرچاوەکانی هاتنی جەژنی نەورۆز ئاشنابکات[٧]. لەهەمان کاتدا بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی کەڵە شاعیرانی (وەکو پیرەمێرد١٨٦٧- ١٩٥٠،**

---

[١] شێرزاد عبدالرحمن، هەولێر لەڕۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەری مەزن(د.خ)، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦٥)، ١٩٨٦/١١/١٣، ل٢ ؛ محمد ئوسمانا، بهەلکەفتا بوونا پێغەمبەرێ مەزن(د.خ) هاوکاری دگەل ڕێڤەبەرێ ئەوقافا دهوکێ،ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦٥)، ١٩٨٦/١١/١٣، ل ٥.

[٢] لە یادی شرینی لە دایك بوونی پێغەمبەری گەورەمان دروودی خوای لێبێت، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٢)، ١٩٨٩/١٠/١٤، ل١.

[٣] فریا، ئاهەنگێکی ئاینی لە سلێمانی بەبۆنەی لەدایك بوونی پێغەمبەر(د.خ)، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٢٠)، ١٩٨٨/١٠/٣١، ل ٣.

[٤] عبدالله بەرزنجی، لەبیرەوەری ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٣٠)، س٣، ئاداری١٩٨٥، ل٢٧ ؛ غەفوری میرزا کەریم، نەورۆز لە بربرە پشتی مێژوودا، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠١)، ئازاری١٩٨٤، ل٩١.

[٥] عبدالرزاق بیمار، جەژنی نەورۆز جەژنی کارو بەهارو شۆڕش، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٥)، ساڵی١٩٨٥، ل ل ٤٢-٤٥.

[٦] ئەمین نەقشبەندی، نەورۆز و کوردەواری، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٢١)، ئاداری١٩٨٩، ل ل٣-٥.

[٧] بۆ زانیاری لەبارەی گێڕانەوە مێژوویی و ئەفسانەییەکان لەبارەی نەورۆزەوە بڕوانە: ئومێد ئاشنا، نەورۆز لەنێوان ئەفسانەو ڕاستی مێژوودا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٤٤)، س٤، مایسی١٩٨٦، ل٨٩ ؛ کەریم مستەفا شارەزا، نەورۆز جەژنی سەرەتای ساڵی کوردیە، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(١)، س٩، ١٩٨٥، ل ل٦٨-٧٩.

**حاجی قادری کۆیی١٨١٧- ١٨٩٧، دڵدار١٩١٨- ١٩٤٨)ش بۆ بەزیندوو هێشتنەوەیان[(١)] و بەرهەمی شاعیرانی هاوسەردەم لەبارەی نەورۆزەوە، جۆش و خرۆشی زیاتریان خستۆتە نێوخەڵك. لێرەدا نموونەی شاعیرێك دەهێنینەوە لەگۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)دا، دەڵێت:**

**منداڵینە! وا نەورۆزە**
**بەگوڕ هاتەوە بۆ هۆز**
**دەی! پێ سووك بكەن، ڕاكەن!**
**تایەی زڵ زڵ پەیا كەن**
**تا لەچێوە پەرتیان كەین**
**نەوت و گڕیان تێ بەردەین...[(٢)]**

**هەروەها سەری ساڵی زاینی وەكو لەڕۆژنامەی(العراق)دا هاتووە، بۆنەیەكی تایبەت بەكریستانەكانەو پەیوەستە بە ڕۆژی لە دایك بوونی پێغەمبەر عیسا(د.خ). ساڵانە لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاواو تەنانەت لە بەشێك لە وڵاتانی ئیسلامیش یادی دەكرێتەوە. لەباشووری كوردستانیش یادی كراوەتەوە، بەتایبەت لەلای كریستانەكانییەوە بۆنەیەكی پیرۆز بووە[(٣)]. نووسەرێك لەوبارەیەوە لەڕۆژنامەی(عیراق)دا نووسیویەتی:"هەرچەندە ئاهەنگ و یادكردنەوەی سەرەساڵ لە نێو كۆمەڵی كوردەواریماندا تازەیە هەروەك لە هەموو وڵاتانی ڕۆژهەلاتدا، بەڵام ئێستا بووە بە باوو هەمووان لەو ڕۆژەدا حەز لە ئاهەنگ و سەیران دەكەین". ئاماژەشی بەوەداوە ئەو یادە لە نێو كورداندا زیاتر لەلایەن پیاوانەوە یادی كراوەتەوە، كە هەوڵی داوە جێگەیەكی تایبەتی بۆخۆی بدۆزێتەوە، بەدەر لەئافرەت و منداڵەكانی. لێرەدا نووسەر ڕەخنەی لەو پیاوانە گرتووە كە شەوی سەری ساڵ لەگەڵ هاوڕێكانیان و دوور لەخێزان و منداڵەكانیان، بەسەر دەبەن. لەو یادەدا خەڵكی بەگشتی مەبەستیان بووە هەڵەو چەوتیەكانی ساڵی ڕابردوویان لەیاد بكەن و هیوای ئەوەیان خواستووە ساڵی داهاتوو ساڵێكی پڕخۆشی بێت بۆ هێنانەدی ئاوات و خەونەكانیان. خێزانەكانیش لەگەڵ تازەبوونەوەی ساڵدا بیر لەوەدەكەنەوە ژیانی خۆیان بەخۆشەویستی تازە بكەنەوەو كۆتایی بە گیروگرفتەكانیان بێنن[(٤)].**

**سەرباری ئەمانە جەژنی لاوەكی تریش هەبوون، وەكو چوارشەمەی سوور، كە یەك لەجەژنەكانی ئێزدییەكانە. لەڕۆژنامەی(هاوكاری)دا لەبارەیەوە نووسراوە: جەژنێكی ناوچەیی سەری ساڵی ئێزدییەكانەو ساڵانە لەچەند ڕۆژێكی مانگی نیسان لەلایەن ئێزدییەكانەوە یادی دەكرێتەوە. لالش كە دەكەوێتە قەزای شێخان شوێنی پیرۆزیانەو گەورەی ڕۆحییان كە پێی دەڵێن(شێخ) لەڕۆژی چوارشەمەی سوور، لەلالش لەشوێنێكی تایبەت دادەنیشێت پێی دەڵێن (مەرگەه). ئەو بۆنەیە بەچەند نەریتێكی تایبەت بەئێزدییەكان وەكو لەبەركردنی جلی نوێ و قوربانی كردن و تەواف بەدەوری گۆڕی شێخەكان و دوعاو نزا، بەڕێوە دەچێت[(٥)].**

---

(١) كاروان، نەورۆز لە شعری شاعیرانی كورددا، گۆڤاری(كاروان)، ژ(٥٣)، س٥، شوبات و مارتی ١٩٨٧، ل ل١٢-١٤.

(٢) ڕۆستەم باجەلان، نەورۆز و ئاگرو بەهار، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(١)، س١٥، ١٩٨٦، ل٥٣.

(٣) هادی الحكیم، شجرة میلاد: شجرة میلاد أین نشأت وكیف انتشرت، جریدة((العراق)، ع(٣٩٣٧)، ١٩٨٨/١٢/٢٨، س٥ ؛ محمد رجب السامرائی، احتفالات العالم بأعیاد المیلاد، جریدة((العراق)، ع(٣٩٣٩)، ١٩٨٨/١٢/٣١، ص ١٢.

(٤) سەرفراز، سیناهی، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١١٩)، ١٠/ ١/ ١٩٩٠، ل ١٥.

(٥) خدرێ سلێمان، طوافێد ئێزدیا، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(٥٣٩)، ١٩٨٠/٨/٢٥، ل ٦.

دەبینین بەگشتی نووسەران گرنگی پێدانەکانیان تەنها بەجەژنەکانی گروپ و لایەنێك نەبووە، بەڵکو هەوڵی خستنەڕووی بۆنەوجەژنەکانی کەمە نەتەوەو ئاییینییەکانی تری ناوچەکەشیان داوە. بێگومان ئەوەش ڕوویەکی تری جوانی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەردەخات.

### ٦- جل و بەرگ

جل و بەرگی کوردی بەپێی خواست و گوزەرانی ژیان و سروشتی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەبارەی پۆشاکی کوردی پیاوانەوە، لە گۆڤاری(کاروان)دا هاتووە؛ جل و بەرگێکی هێندە سەرنج ڕاکێش و هاوسەنگە، کەناتوانرێت جیاوازی تێدا بکرێت لەنێوان پۆشاکی سەرکردەکانی و گەڵەکەیدا. ئەو تایبەتمەندییەش وایکردوە سەرنجی نووسەرەبێگانەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لێکۆلینەوەی لەبارەوە بکەن. هەر لە گۆڤارەکەدا هاتووە، بەگشتی پۆشاکی کوردی پیاوان پێکهاتووە لەکورتە کەوایێك پێی دەڵێن(چۆغە)، کەبەشی سەرەوەیەتی، لەژێرەوەشیدا کراس یان ئاوەلکراس لەبەردەکرێ. بەشی خوارەوەی جۆرە شەروالێکە پێی دەڵێن(ڕانك). هەردووکیان تەنکن و لەخووری ئاسایی یان موو دەچنرێت، کە بە(مەرەز) ناسراوە. لەسەر چۆغەش پارچەیەکی تر لەبەردەکرێ پێی دەڵێن(پەستەك)، بەڵام کورت و بێ قۆڵەو درێژییەکەی نەختێ لەکەمەر بەرەو خوارترە. کلاوێکیش لەسەر دەکرێ پێی دەڵێن (تەپلە) یاخود(جامانە)، کە لەشێوەی نیوە گۆیەکی خڕە[1]. لەنێو قەددا پشتێن دەبەسترێ، کە لە(٣-٤م) کوتاڵ پێکدێت. نووسەرێك بەجۆرێك باسی کردووە کە پۆشاکی کوردی بەبێ پشتێن لەبەرناکرێت. ئامارەشی بەچەندەها سوودی تەندروستی پشتێن کردووە بۆ ئەندامەکانی جەستە، بەتایبەتی بۆ سك و پشت[2]. لەگەڵ ئەوانەدا (کلاش) لەپێدەکرێ، کەپێلاوێکی دەستکردی کوردی بوو، لە خووری دەچنرێ، ژێرەکەشی لە پەڕۆ[3]. جگە لەڕانك چۆغە، ڕۆژنامەکان ئامارە بە چەند جۆرێکی تر دەکەن، وەکو شاڵ و شەپك کە تایبەت بوو بەناوچەی بادینان لە بازوودا دەسماڵی لەگەڵدا دەبەسترێ، کورتەك و شەرواڵی سادە، مورادخانی و ستارخانی[4].

پۆشاکی کوردی ئافرەتانیش ڕۆژنامەنووسی کوردی بەجۆریك باسیکردووە، کە ئافرەتی زۆر جوان دەرخستووە. لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا بەوشێوەیە لەبارەیەوە نووسراوە؛ پێکهاتووە لە ژێرکراسێك کە کراسێکی درێژی بەسەردا دێت، لەسەر ئەوانەوە کەوا لەبەردەکرێت، کە بەگشتی لەکوتاڵی سوورمەی سادە دروست دەکران. لەگەڵ ئەوانەشدا سەڵتەو سوخمەو کڵاو کۆلوانە بەکاردەهێنران. سەرپۆشێك کە پارچە کوتاڵێکی تەنك بوو سەریانی پێ دادەپۆشن. ڕۆژنامەکە ئامارەی بەوەشداوە، کە ئافرەتی کورد لەگەڵ ئەو پۆشاکانەدا زۆر جۆر خشلیان لەخۆیانداوە؛ وەکو هەیاسە، مێخەکبەن، خەزێم(لوتەوانە)، جەتفە، گوارە، هەنگوستیلە و گەلێك جۆر ملوانکەو خشلی تر، کە لەزێر و زیو و کانزای تر دروست

---

[1] کمال نوری معروف، لمحة عن زي الرجل الكردي، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٠)، س٢، مایسی١٩٨٤، ل ل١٤٠-١٤٢.

[2] حسیب مام قالە، قازی کەلکەسماقی، پشتێن(پشتێند)، گۆڤاری(کاروانی فۆلکلۆر)، ژ(١)، س١، ١٩٩٠، ل١٥٠.

[3] کمال نوری معروف، س.پ، ل ١٤٠.

[4] بۆ نموونە بڕوانە: غەفوور، ئاوڕدانەوەیەك لە ...س.پ، ل ٤-٧ ؛ احسان صدیق، سوحبونوك لدور جلوبەرگێ کوردی دگەل مام ئیسفێ بامەڕنی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٢٣)، ١٩٨٩/١١/٢، ل٩.

دەکران. بێگومان زیاتر ئافرەتانی زەنگین زێڕو زیویان بەکارهێناوە[١]. لە گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)شدا ئەو زانیارییانە دووپاتکراونەتەوە[٢]. هەروەها ئافرەتانی کورد بە بەکارهێنانی کەرەستەکانی ئارایشتکردن (وەکو سۆراو، سپیاو، کل، مێش و قژبڕین) خۆیان ڕازاندۆتەوە. لەو ڕووەوە گۆڤارەکان چۆنێتی ئارایشتکردنێکی تەندروستیان بۆ ئافرەتان باسکردووە. ئاگاداریانیشی کردونەتەوە لەوەی، کە کەرەستەکانی ئارایشتکردن، وەکو خواردەمەنی ماوەی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەگەر لەوماوەیە تێپەڕی کەلکی بەکارهێنانی نامێنێ. بەهەمان شێوە مانەوەی ئارایشت لەسەر دەم و چاو ئەگەر لەکاتی خۆی تێپەڕی زیانێکی زۆری دەبێت[٣]. وەك دەردەکەوێت ڕۆژنامەنووسی کوردی جوان دەرکەوتنی ئافرەتانی لامەبەست بووە و دەرکەوتنی مۆدە نوێیەکانی جل وبەرگیشی پێ ڕاگەیاندوون[٤].

هەروەها پۆشاکی ئاسایی منداڵان، دوای تەمەنی شەش ساڵی، کەم و زۆر نموونەیەکی بچوکی بەرگی گەوران بووە[٥].

شایەنی ئاماژە بۆکردنە جل وبەرگەکانی ڕۆژئاوایی تاوەکو ئەمڕۆش کارتێکردنی توندیان بەسەر پۆشاکی شارستانێتی کوردەوە هەیە. ئەوکارتێکردنە وەکو لە ڕۆژنامەکاندا هاتووە لە نێو کۆمەڵانی خەلك بەگشتی و توێژی ڕۆشنبیر بەتایبەتی، زیاتر باوبووە، ئەمەش جێگای نیگەرانی بەشێك لە نووسەرانی ڕۆژنامەنووسی بووە. لەو بارەیەوە محەمەد بەرزنجی لە ڕۆژنامەی(عیراق)دا نووسیویەتی:"بەداخەوە، ئێستا هەندێ کەس لە جیاتی پاراستنی ئەو مۆرکە ڕەسەنە کوردانەیە، گرنگی دەدەن بە پانتۆڵی(بریکی) و کراسی(دیسکۆ) و بلوزی (ڕیگلاند)و فانیلەی وێنە لەسەر، بەداخەوە زۆربەی لاوەکانمان خەریکن خووڕەوشتە ئەوروپاییەکان وەکو خۆی دێننە ئاراوە"[٦]. نووسەرێکی تر ئەوبڵاوبوونەوەیەی جل وبەرگی ڕۆژئاوایی بە وێنەیەکی داگیرکردن داناوە بەسەر کەلتوری کوردییەوە[٧].

داب و نەریتی جل وبەرگ بە بەشێك لە کەلتووری میللەتان دادەنرێت. ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناسنامەیەکە بۆ ناساندنی میللەتان بە جیهان. جوانی کەلتوورەکانیش لە جیاوازیاندایە. بەسەرنجدانمان بۆ ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە سڵی نەکردۆتەوە لە چوونە ناو باس و خواسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە. لەو ڕووەوە هەلوێستی ڕوون و ئاشکرای خۆی دەرخستووەو ڕەخنەی گرتووە. بێگومان ئەمەش پیشەو ئەرکی ڕۆژنامەنووسییە.

---

[١] نووسینگەی سلێمانی، گەشتێك لەگەل جل وبەرگی ئافرەتی کورددا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦٥٠)، ١٩٨٢/٨/١٩، ل٤.

[٢] شوکری فەزلی، س.پ، ل ٢٠٧.

[٣] بۆنموونە بڕوانە: سوندس نادر، ئارایشت، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٢-٢٦)، س٣، کانوونی دووەمی١٩٩٠، ل٣٣ ؛ کەوسەر قادر طە، لاپەڕەی ئافرەت و منداڵ( ئارایشت و کات)، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٨)، ئایاری١٩٨٣، ل ٨٩.

[٤] بۆنموونە بڕوانە: لاپەڕەی ئافرەت، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٦)، نیسانی١٩٨٨، ل ل٥٢-٥٣ ؛ گۆڤاری(ڕەنگین)ـ ژ(٢٧)، ساڵی١٩٩٠، ل ل٥٦-٥٧.

[٥] لیژەك ژیگیل، کۆمەڵی لادێی کوردستانی هاوچەرخی عێراق بەرامبەر بە نوێ بوونەوە، و: عەزیز گەردی، چ١، کوردستان، ١٩٩٩، ل١٢١.

[٦] محمد صالح عبدالکریم بەرزنجی، جلوبەرگی کوردی، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٧٩)، ١٩٨٩/٣/٢٢، ل٦.

[٧] غەفوور، ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی بەرگ درووی نوێ لە سلێمانی، ل٤-٧.

### ٧- یاری و کات بەسەربردن:

یاری و ڕابواردنەکانی پەیوەست بەسەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کەم و زۆر کەوتوونەتە بەر نووسین و لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسییەوە. ئەگەرچی زۆربەی نووسینەکانی ئەو بوارە زیاتر جەختیان لەیاریە فۆلکلۆرییەکان کردۆتەوە. بەڵام هەوڵدەدەین بەشێك لەو یاری و ڕابواردنانەی هاوچەرخی سەردەمەکەبوونە، بیان خەینەڕوو.

یارییە وەرزشییەکان بەگشتی ئارەزووی زۆربەی لاوان و منداڵان بووە. ڕۆژنامەنووسی کوردیش بایەخێکی تایبەتی پێداوە، دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی وەرزشی بەناوی(کاروانی وەرزش) پێشتریش ئاماژەمان پێداوە، وەکو یەکەمین چاپەمەنی کوردی تایبەت بە وەرزش، گەواهیدەری ئەو ڕاستییەیە. وەرزشی تۆپی پێ لە باوترین یارییە وەرزشیەکان بووە. جگە لەوەی کۆمەڵێك گەنج لەنێوان خۆیان بۆخۆشی و کات بەسەربردن ئەو یارییەیان کردووە، لەهەمان کاتدا لاوان توانیویانە لە چوارچێوەی پێکهێنانی کۆمەڵێك یانەو تیپی تایبەتیش، بەشێوەی پێشبڕکێ یارییەکە بکەن. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەکان ئاماژە بەچەند یانەیەکی وەرزشی دەکەن، کەمێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پێشتر، بۆنموونە یانەی وەرزشی سلێمانی١٩٥٦[١] و یانەی وەرزشی هەولێر١٩٦٨[٢].

یاری وەرزشی تۆپی دەست، تیپی تایبەت بەخۆی هەبووە. کچانیش بەشداریان لەو یارییەدا هەبووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی یارییە وەرزشیەکان زیاتر لەلایەن کوڕانەوە بووە. چونکە کچان نەیانتوانیبوو بەتەواوی لەدەست هەندێك نەریتی دواکەوتوویی کۆمەڵگە ڕزگاریان بێت. لەوبارەیەوە کچە یاریزانێك لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری(ڕەنگین)دا دەڵێت:" کچك نەشێن دەرکەڤن ژبەر هەندێك گەنجێت وەك گورگا"[٣]. لەبارەی هەوڵەکانی حکومەت بۆ دروستکردنی یاریگاو دابینکردنی پێداویستی دیکەی وەرزشی لە تۆپ و جل وبەرگ، وەکو لە ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)دا هاتووە، لەئاستی پێویستدا نەبووە[٤]. دیارە وانەی وەرزشی قوتابخانەکانیش وەکو پێویست نەبووە، بۆیە نووسەران جەختیان لەسەر دابینکردنی مامۆستای پسپۆڕ و پێویستی دیکەی وەکو گۆڕەپانی وەرزشی و جل وبەرگ، کردۆتەوە. بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بگونجێت[٥].

هەروەها لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا ئاماژە بەچەند یارییەکی وەرزشی دیکە کراوە، کە سەبارەت بەو سەردەمەی کۆمەڵگەی کوردی نوێ بوونە؛ لەوانە یاری کاراتی و تایکواندۆ. ژمارەیەك لەگەنجان و لاوان لە

---

[١] شەهاب عوسمان، لەکەل سکرتێری یانەی وەرزشی سلێمانی، ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(٧)، ١٩٨٥/١٠/١٧، ل ٢.

[٢] ناظم دلبەند، «کاروانی وەرزش» گەورەترین ڕووداوی وەرزشی یە لە کوردستاندا، ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(١)، ١٩٨٥/٧/٣٠، ل٢.

[٣] ڕەنگین دگەل ڕەنگینێ(بزاڤا وەرزشی لدهوکێ گەلەکا مرییە)، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٢٧)، ساڵی١٩٩٠، ل ل٥٢-٥٣.

[٤] شەهاب عوسمان، س.پ، ل٢.

[٥] ستار عبدالله بەرزنجی، وانەی پەروەردەی وەرزشی بۆ پۆلەکانی یەکەم و دووهەم و سێهەمی سەرەتایی، ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(٢١)، ١٩٨٦/٤/٣٠، ل٣ ؛ صدیق سعید، وتنەوەی وانەی پەروەردەی وەرزشی لەقوتابخانە سەرەتاییەکاندا، ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(٢١)، ١٩٨٦/٤/٣٠، ل٣.

**چوارچێوەی یانەکانەوە ڕوویان تێکردبوو. وەکو یانەکانی پاڵەوانێتی سلێمانی و هەولێر و دهۆك[١] و یانەی پاڵەوانێتی کەرامەی کەرکوك. ئەو یانانە لەکەرنەڤاله وەرزشییەکان پێشبڕکێی پاڵەوانێتی لە نێوانیان ئەنجام دەدرا[٢].**

**شەترەنج یارییەکی دیکەبوو، لەزۆربەی شارەکانی کوردستان یانەی تایبەتی هەبووە. وەکو لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا ئاماژەی بۆکراوە، یەکێتی شەترەنجی پارێزگای هەولێر بەناوبانگترین و لێهاتووترین یەکێتی ناوچەکەبووە[٣]. کەتوانیبووی لە پێشبڕکێی ساڵانەی یارییەکە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی بۆ چەندین جار سەرکەوتن تۆماربکات. فرمێسك وریا قانع (لەدایکبووی ١٩٦٧- هەولێر)[٤] لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ باشترین کچە شەترەنج زان بووە لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی؛ (٨)ساڵ لەدوای یەکدا پاڵەوانێتی عێراقی بەدەستهێناوە. ساڵی١٩٨٧یش لەپاڵەوانێتی عەرەبدا کە لەبەحرێن بەڕێوە دەچوو، پلەی یەکەمی پاڵەوانیەتیەکەی بەدەستهێناوەو خەلاتی زێڕینی وەرگرتووە[٥].**

**هەروەها کۆمەڵێك یاری، کە لەکۆندا باوبوون، ڕۆژنامەنووسی کوردی لەچوارچێوەی یارییە فۆلکلۆریەکانەوە لەبارەیانەوە نووسیویەتی. بەڵام هەندێك لەو یاریانە وەکو نووسەران خۆیان ئاماژەیان بۆداوە تاوەکو سەردەمی هاوچەرخی توێژینەوەکە، مابوون. یەك لەوانە یاری (کێڵ و بەرد)ە، ئارەزوومەندانی ئەو یارییە کاتێك چوونەتە دەشت ودەر، ئەنجامیان داوە. زیاتریش لەلادێکاندا باو بووە، بەتایبەت لای شوان و گاوانەکانەوە، کە کاتی بێ ئیشیان پێ بردۆتەسەر. چۆنیەتی ئەنجامدانی یارییەکەش بەو شێوازە بووە، کە ژمارەیەك کوڕ دەبونە دوو دەستە و هەرلایەو حەوت بەردیان وەکو کێڵ چەقاندوە بەزەویدا. ئینجا هەردووڵا بەرامبەر یەك دەوەستان و دەبوو بەحەوت بەردی خڕی دەستیان کێڵەکانیان بکەواندبووایە. ئەو لایەی هەر حەوت کێڵی بەرامبەرەکەی بکەواندبووایە، ئەوا یاریەکەی ئەبردەوەو بەسەرکەوتوو دادەنرا[٦].**

**یاری کلاوێن(کەرەمستانێ)، یارییەکی دیکەی فۆلکۆری بوو. ئەویارییە لە نێوان دوو کۆمەڵە لاو یان پیاواندا لەشەوانی درێژی زستان، بە (٩)کلاو و ئەلقەیەك یان هەرشتێکی تری بچووکی هاوشێوە ئەنجام دەدرا. سەرەتا بۆئەوەی کام لا یارییەکە دەست پێدەکات، بەشێرو خەت، یان لایەك خاڵی دەبێت، یان بەسێ کلاو ئەلقەکە دەشارنەوە، ئەو لایەنەی دۆزییەوە ئەلقەکە(یارییەکە)ی دەکەوێتە دەستی. ئەو لایەی ئەلقەکەی دەکەوێتە دەستی یەکێکی شارەزا لە ناویاندا، ئەلقەکە لە ناو یەکێك لە(٩) کلاوەکە دەشارێتەوە. لایەنی دووەم لە پێشدا مەزندە لێدەدەن و هەریەکە مەزندەی خۆی دەڵێ و گومان**

---

(١) پاڵەوانێتی لاوانی سلێمانی، ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(١٦)، ١٩٨٦/٣/٣، ل١ ؛ پ. هەولێر، یانەی وەرزشی هەولێرو خزمەتی زۆری وەرزش، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١١)، ١٩٨٩/١٠/٧، ل٩ ؛ یانەی یەکی حوزەیرانی وەرزش جامی پاڵەوانی یەتی عێراقی بۆ تایکواندۆ وەدی هێنا، هـ. س.

(٢) سەرکەوت مەردان محمود، دەمەتەقێ یەك لەگەڵ پاڵەوانێکمان، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٢٠)، حوزەیرانی١٩٨٩، ل ٥٥.

(٣) عماد قادر حمد، یەکێتی شەترەنج لقی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٥٨)، ١٩٩٠/٣/٥، ل١٠.

(٤) عماد قادر حمد، بەهارێکی جوان چاوەڕێ ی شەترەنجی عێراقی دەکات، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٦٢)، ١٩٨٦/١٠/٢٣، ل١١.

(٥) محمود خسرۆ کاوانی، کورتەیێك دەربارەی یاری شەترەنج لە هەولێردا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١١٤)، ١٩٨٩/١٠/٢، ل٩.

(٦) ڕەنج، یاری یە وەرزشی یەکانی کوردەواری: کێڵ و بەرد، ڕۆژنامەی(کاروانی وەرزش)، ژ(٧)، ١٩٨٥/١٠/١٧، ل٣.

لەهەر(٩)کلاوەکە دەکرێت. لەوکاتانەدا دەبێتە پێکەنین و قسەی خۆش و چەپلەو گۆرانی. بەچواندنی کلاوەکان هەوڵی دۆزینەوەی ئەلقەکە دەدرێت، ئەگەر دۆزییانەوە، ئەلقەکە دەکەوێتە دەستیان، ئەگەرنا ئەلقەکە لەکلاوە فتکراوەکان بێت، ئەوا چەند کلاو مابێت ئەوەندە ژمارە وەردەگرن، تا دەگاتە(١٠٠)خاڵ، هەرلایەك ئەو ڕێژەیەی بەدەستهێنا ئەوا براوە دەبێت[١].

بازبازێن یارییەکی تر بوو، کە لەوەرزی بەهاردا لەکاتی گەشت و سەیرانەکان منداڵان و گەنجان ئەنجامیان دەدا. چەند کەسێك لەشوێنێکی نەرم و بێ بەرد جێگایەك دیاری دەکەن. ئینجا لەدووری شوێنی دەست نیشانکراو بەڕاکردن دێن و یەك باز هەڵدەدەن. کێ لەهەموان پتر ڕۆیشت، ئەوا براوە دەبێت[٢].

ئەوانەو چەندان یاری دیکەی فۆلکلۆری کە لەکۆندا باوبووە، لە ڕۆژنامەوانی ماوەی دیاریکراودا خراونەتە ڕوو. وەکویاری (سابوونە ڕەقانێ، چاوشارکێ، پێنچۆکانێ، هەلوور بلوور، قاشوانێ، ...تاد). بەڵام وەکو نووسەران باسیانکردووە بەبڵاوبونەی شارستانیەت ئەو نەریتە جوانانە وردە وردە بەرەو نەمان چوون و لە زۆربەی ناوچەکاندا نەماون. جەختیان لەسەر ئەوەش کردۆتەوە پێویستە ڕۆشنبیران ئاگاداربن و هەریەکێك لەسوچێکی خۆیەوە هەوڵبدات بۆ وەبیر هێنانەوەو بوژاندنەوەو ژیانەوەی ئەو نەریت و یارییە کۆنانەی کە بەلای میللەتەوە پەسندن[٣].

دامە، یارییەکی دیکەیە لەکۆنەوە لەناو کوردەواریدا باوبووە، بەڵام ڕۆژنامەکان باسیان نەکردووە. زیاتر بەساڵاچوان پێیەوە سەرقالبوونەو تەنها بۆ کات بەسەربردن بووە، بەڵام ئەوەی دۆڕاوە زۆر لەشانی گران بووە. ئەو دوو یاریزانەی ویستوویانە یارییەکە بکەن(٦٤)خانەی چوارگۆشەیان لەسەر زەویدا کێشاوە، هەریەکەیان (١٦)بەردی هێناوە[٤]. یەکێك لەگەمەکەرەکان بەردی سوور دادەنێ، ئەوی تریان بەردی سپی، وەکو سەرباز بەرامبەر یەکتری بەرێز ڕادەوەستن. یاریەکە لە(شەترەنج)وەرگیراوە. گەمەکە فیکریەو یاریکەرەکان هەردەم بیر لەپیلان دانان دەکەنەوە، هەتاوەکو لایەك داشی لایەنی بەرامبەری تەواو دەکات، ئینجا براوە دەبێت. یاری دیکەی هاوشێوە هەبوون وەکو(٩)ڕیزکانێ و (٣)ڕیزکانێ، بەڵام کەمتر کراون، چونکە باویان نەمابوو[٥].

ڕاووشکاریش ئارەزووی کەسانێك بوونە، بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش بووە. لەلایەکی تریش گۆشتی ئەو ئاژەڵە کێویانەیان بەدەست هێناوە، کە بەلایانەوە زۆر بەتام وچێژ بووە. دیارترین ئەو ڕاوانەی باوبوە وەکو لەگۆڤاری(ڕۆژی کوردستان) خراوەنەتەڕوو ئەمانەبوون: ڕاوە کەروێشك و مامز و ژووژك، ڕێویش بۆ کەولەکەی زۆر بەنرخ بووە. ڕاوەکان زیاتر لەوەرزی پایزدا ئەنجام دەدران تاوەکو مانگی ڕەشەمێ، چونکە لەو وەرزەدا ئەو ئاژەڵانە ئاوس نین و کاتی زاوزێیان نیە. ڕاوکردنەکانیش بە

---

(١) عبدالله بابە علی، هەندێ یاری فۆلکلۆری کە لەکوردستاندا باوبوون، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٨)، ئایاری١٩٨٣، ل ل٨٦–٨٧.

(٢) هـ. س، ل٨٤.

(٣) هـ. س، ل ٨٣ ؛ خالد صالح حسن، یاریەکا کەلەپوریٚ: پێنجۆکانێ، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٢٩)، س٣، شوباتی١٩٨٥، ل١١٦ ؛ کامیل ژیر، ژیر، لەئەدەبی فۆلکلۆرەوە: یاری هەلوور بلوور، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٧)، ٢٨/١٠/١٩٨٧، ل١٤.

(٤) نەسرین فەخری، یاری لەکوردەواریدا، بگ١، دار الحرية للطباعة، بەغدا، ١٩٩٣، ل٢٢٦.

(٥) محەمەد ڕوشدی دزەیی، ژیانی دێهاتی، چ١، چاپخانەی سمیرامیس– بغداد، ١٩٨٣، ل٨١.

تاژی و چەك و هەندێك داوی تایبەتی ڕاوچییەكان، ئەنجام دەدران[1]. ڕۆژنامەی(بزاڤ)یش باس لە ڕاوەكەو دەكات، كە ئاسانتر ڕاوكراوە. ڕاوچییەكان شارەزاییەكی باشیان هەبووە، توانیویانە بەئاسانی لەڕێگەی داو(تەلە)ی تایبەتی و دەنگی نێرە كەو بۆ مێیەو بە پێچەوانەشەوە، لە شاخ و كێو و سەركانیاوەكان، كەزیاتر كەویان لێیە، ڕاوەكە ئەنجام بدەن[2].

چایخانەكانیش شوێنی گشتی ڕابواردن و كات بەسەربردن بوونەو لەزۆربەی شارەكاندا هەبوونە. ڕاپۆرتێكی گۆڤاری(ڕەنگین)باس لەوە دەكات، زیاتر لە ئێواراندا نووسەران و ئەدیبان و ڕۆشنبیران، تێدا كۆبوونەتەوە و لەدەنگوباسی یەكترییان پرسیووە. بە چاخواردنەوەو قسەی خۆش، كاتی خۆشیان بەسەر بردووە. هەر لەڕاپۆرتەكەدا ئاماژە بەدوو لە كۆنترین و بەناوبانگترین چایخانە دراوە، ئەوانیش چایخانەی (مەچكۆ) لە هەولێر و چایخانەی (شەعب) لە سلێمانی[3]. ڕاپۆرتێكی تری هەمان گۆڤار باسی لەچایخانەی كەوبازان كردووە لەشاری سلێمانی، كە زۆربەی میوانەكانی كەوبازبوونە. گەنجان و كۆتربازان و كەوبازان لەبەردەم چایخانەكەدا یاری شەڕە كۆترو شەڕەكەویان كردووە، لەوكاتەشدا خەڵكانێكی زۆر لەبەردەم چایخانەكەدا كۆبوونەتەوەو كاتی خۆشیان بەسەربردووە[4].

هەروەها گازینۆكان شوێنی ڕابواردنی گەنجان بوونەو كاتی بەتاڵی خۆیانیان بەیاری(دۆمبەڵە)تێدا بەسەر بردووە. یاری قوماریشی تێدا ئەنجام دەدرا، كە بێگومان ڕەنگدانەوەی خراپی بەسەر خێزان و كۆمەڵەوە هەبووە. لەوبارەیەوە لەڕۆژنامەی(ئاسۆ)دا هاتووە:" بەداخەوە لەسلێمانی ئەویاری یە بۆتە(قومارێكی) ڕووت، بەشێوەیەك بۆتە خەمی ڕۆژانەی زۆربەی كەس. هەندێ گازینۆ هەر لەبەیانییەكی زووەوە تاوەكو ئێوارەیەكی درەنگ ئەوە بەزمیانەو یارییەكەش ڕۆژو دوو ڕۆژی بۆ نییە بەڵكو هەموو ڕۆژێك بەردەوامە". بۆیە نووسەر لەڕێی ڕۆژنامەكەوە داوادەكات پێویستە حكومەت چاوێك بەو مەسەلەیە بخشێنێتەوە و سنوورێكی بۆ دابنێت، بۆئەوەی چیتر لاوەكان ئەو هەموو كاتەیان بەدیار یاری (وەرەقەی دۆمبەلە)وە بەسەر نەبەن. چونكە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی بەسەر كۆمەڵەوە هەبووە. ڕەخنەی ئەوەشی لەحكومەت گرتووە كە خۆی ڕێگە خۆشكەرە بۆ ئەوكارە، چونكە بەشێكی زۆر لەگازینۆكان مۆڵەتیان نیەو بەپێی یاسا ڕێگەیان پێ نەدراوە، ئەو یارییانەیان تێدا بكرێت[5].

جێی ئاماژە بۆكردنە لە نێوكۆمەڵگەی كوردی بەگشتی ئەوەش باوبووە، كەسالانە لەدوای كۆتایی هاتنی وەرزی زستان و هاتنی بەهار، خێزانەكان و خەڵكی بەگشتی ڕوودەكەنە نێوگوڵ و گوڵزارو دەشت و كێوەكان، بە خواردن و خواردنەوەی جۆراوجۆر و قسەی خۆش و هەڵپەڕكێ و یاریكردنەوە كاتی خۆشیان، بەسەر دەبەن[6].

---

[1] احمد حەیران، ڕاوو ڕاوشكار لە كوردەواریدا، گۆڤاری(ڕۆژی كوردستان)، ژ(٧٦-٧٧)، ساڵی١٩٨٨، ل٤٧-٤٩.

[2] عبدالجبار یحیی، كەو گیرڤانی و كەوی كرنا كەوی! !، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٨)، ١٩٩٠/٦/٢٦، ل٦.

[3] مكرم طالبانی، چایخانەی مەچكۆ(چایخانەی ئەدیبان)، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٢٦)، كانوونی یەكەمی١٩٨٩، ل١٢.

[4] هێرش محمد ئەمین، كەوبازەكان، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٩)، تەممووزی١٩٨٨، ل٣٦.

[5] شەماڵ، ئەخوێنرێتەوە.. كەسماوە بیتاقە بكرێت! ؟، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١١)، ١٩٨٩/١٠/٧، ل٨.

[6] عمر شیخ الله علی، نوێ بوونەوەی ساڵی كوردی و جەژنی نەورۆز، گۆڤاری(كاروان)، ژ(٧٣)، س٧، ئاداری١٩٨٩، ل٢٧.

**ب- گیروگرفته كۆمەڵایەتییەكان:**

ڕۆژنامەنووسی كوردی بەشێوەیەكی گشتی كاریكردووە بۆ بەرەوپێش بردنی ڕەوشی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردەواری. بەو پێیەی نووسەرانی ڕۆژنامەنووسی لەوكۆمەڵگەیە ژیابوون، بۆیە لایەنە دواكەوتووەكان سەرنجیانی ڕاكێشابوو، لەڕیگەی نووسینەكانیانەوە چەندان كێشەو گرفتی كۆمەڵایەتی و نەریتی چەوتی دیاری كۆمەڵگەكەیان خستۆتەڕوو. هەر لەو ڕێگەیەشەوە بەدەستنیشانكردنی هۆكارەكان و هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە بەزانیارییەكانیان و نیشاندانی پێشكەوتنەكانی میللەتان، هەوڵیانداوە ڕێگەی چارەسەرییەكان بەخەڵك ڕابگەیەنن و كۆمەڵگە بۆ بارێكی پێشكەوتوو تر ئاراستە بكەن.

یەكێك لەدیارترین ئەو كێشانەی ڕووبەڕووی گەنجان و لاوان ببووەوە بریتی بوو لە گرانی تێچووی ژنهێنان. لە ڕۆژنامەكاندا وەكو گرفتێكی دیاری كۆمەڵگەی كوردی باسیكراوە و بەچەندین سەردێری سەیرو پڕلەمانا لەبارەیەوە نووسراوە. لەڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەی(هاوكاری)دا بەناونیشانی(كە ئافرەت هەراج دەكرێ)، هاتووە:" كێشەی خوازبێنی لەم سەردەمەدا بووە بەگرفتێكی كۆمەڵایەتی و بەتەواوی تەشەنەی كردوەو ڕۆژ بەڕۆژ بەشودانی ئافرەت بەنرخی گران، كۆمەڵ دەردەسەری نوێ دەنێتەوەو بەردەوام ئەوبارە كۆمەڵایەتی یە ئالۆز تر دەبێ". بە بۆچونی ئافرەتان خۆشیان، كچ بەشودان لەڕێی سامانێكی زۆرەوە كارێكی بەدی كۆمەڵایەتیەو مانای چەوسانەوەی ئافرەتە، بەوەی كە بەچاوی مرۆڤەوە سەیری ناكرێت. هۆیەكی سەرەكیشە لەهۆیەكانی ڕووخانی خێزان[1]. ڕۆژنامەی(بزاڤ)یش بەناونیشانی(كچ مرۆڤە نەفرۆشە) نووسیویەتی:"مەخابن لە ئێستادا كچان وەكو كاڵایەك كڕین و فرۆشتنیان پێوە دەكرێت و هەر كەسێك كچێك بخوازێت دەبێت(٢٠-٢٥)هەزار دیناری هەبێت"[2]. بێگومان ئەو نرخە زۆرە لەهەندێك ناوچە وابووە، بەتایبەت لە پارێزگای دهۆك.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەكان هۆكاری گرانی نەختی كچانیان گەڕاندۆتەوە بۆ چەند خاڵێك؛ لەوانە نزمی ئاستی هۆشیاری بەشێك لە كۆمەلگاكە، كە بەلایانەوە كامە ئافرەت بەگرانتر شوو بكات ئەو سەنگینە[3]. لاسایی كردنەوە، لەو ڕووەوە كۆمەلگەی كوردی زۆرجار تێدەكەوێ، هەروەكو لەزۆر لایەنی تردا خێزانەكان لاسایی یەكتری دەكەنەوە. هەندێك لەئافرەتانیش خۆیان حەزیان لەوەكردووە داواكاری گران پێشكەش پیاوان بكەن، خۆشەویستی و كامەرانی خۆیان لە مارەیی زۆر دەبینیەوە و بیریان لەوە نەكردۆتەوە كەپیاوی داهاتووی خۆیان دەخەنە ژێر قەرزێكی زۆرەوە. لەلێدوانی ڕۆژنامەوانی هەندێك لە ئافرەتانیشدا خەتاكە خراوەتە ئەستۆی خێزانەكان، بەوەی كەوا دەزانن نرخی كچەكانیان لەگرانی مارەییەكەیەتی، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بكەنەوە بەو شێوەیە چاڵێك بۆ ژیانی كچەكانیان هەڵدەكەنن[4]. هەندێك لەنووسەران پێیان وابووە ئەو تێڕوانینە ناڕاستە لەئەنجامی گەڵێ پاشماوەی كۆمەڵایەتیدا

---

[1] شێرزاد عبدالرحمن، كە ئافرەت هەراج دەكرێ، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(٦٠٣)، ١٩٨١/٩/١٠، ل٤.

[2] محمد حسن بناڤی، كچ مرۆڤە نەفرۆشە، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٢٩)، ١٩٩٠/٢/١٣، ل ٤.

[3] شیرزاد عبدالرحمن، خوازبێنی و گیروگرفتەكانی و گفتوگۆیەكی والا، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(٥٨٦)، ١٩٨١/٥/٧، ل٤.

[4] شیرزاد عبدالرحمن، كێشەیەك لەبەردەم ئافرەتدا، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(٧٧٤)، ١٩٨٥/١/٣١، ل ٤.

دروست بووه، كه زیاتر خۆی له دواكه‌وتوویی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی كۆمه‌ڵگه ده‌بینێته‌وه[1]. له‌ڕاستیدا ده‌توانین ئه‌مه‌یان به‌هۆكاری سه‌ره‌كی دابنێین، چونكه‌ هه‌موو هۆكاره‌كان له‌وه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ ده‌گرن.

نووسه‌ران چاره‌سه‌ركردنی ئه‌و گرفته‌یان به‌پێویست زانیوه‌. بۆنموونه‌ نووسه‌رێك به‌بارێكی مه‌ترسیداری داناوه‌ به‌سه‌ر كۆمه‌ڵگه‌ و پێی وایه‌ گه‌ڕانه‌وه‌یه‌ بۆسه‌رده‌می نه‌زانین، وه‌كو چۆن كڕین و فرۆشتن به‌كۆیله‌ ده‌كرا. هه‌روه‌ها نموونه‌ی وڵاتانی پێشكه‌وتووی هێناوه‌ته‌وه‌ كه‌ ئه‌وان كاتێك كچی خۆیان به‌ شوو ده‌ده‌ن، باوكی كچه‌كه‌ هاوكاری زاواكه‌ی ده‌بێت و ده‌ستی ده‌گرێت له‌لایه‌نی ئابوورییه‌وه‌، تاوه‌كو ژیانی لێ تێك نه‌چێت، به‌ڵام سه‌د مه‌خابن له‌لای ئێمه‌ ته‌واو پێچه‌وانه‌یه‌[2]. نووسه‌رێكی تر باس له‌وه‌ ده‌كات كه‌ كۆمه‌ڵی كورده‌واری مه‌سه‌له‌ی ژن هێنان به‌پێی ئایینی ئیسلام ده‌كات، به‌ڵام ئه‌و كه‌سانه‌ پێچه‌وانه‌ی ئایینه‌كه‌شیانن، چونكه‌ ئایینی ئیسلام له‌مه‌سه‌له‌ی ماره‌ییدا زۆر نه‌رمه‌، هه‌رچه‌نده‌ بڕه‌كه‌ی دیاری نه‌كردووه‌[3]. له‌و ڕووه‌وه‌ شاره‌زایه‌كی كۆمه‌ڵایه‌تی پێی وایه‌ ده‌بێت زانایانی ئایینی له‌مزگه‌وته‌كاندا ڕۆڵێكی سه‌ره‌كی ببین و به‌هه‌موو شێوه‌یه‌ك نه‌ختی گران قه‌ده‌غه‌ بكه‌ن[4].

نه‌ختی گران ئه‌وه‌نده‌ ڕه‌نگدانه‌وه‌ی له‌ڕۆژنامه‌وانی كوردیدا هه‌بووه‌، كه‌ ته‌نانه‌ت نیگاركێشان به‌بڵاوكردنه‌وه‌ی چه‌ندان وێنه‌و نووسراوی كاریكاتێری ده‌لاله‌تیان لێ كردووه‌، وه‌كو له‌كاریكاتێرێكی گۆڤاری(ڕه‌نگین)دا هاتووه‌: " كوڕم من هیچی ئه‌وتۆم له‌تۆ ناوی ته‌نها سوپه‌رێك بۆ خۆم و به‌رازیلی یه‌ك بۆ كوڕم و په‌نچا مسقال زێڕ بۆ كچه‌كه‌م" [5]. شاعیرانیش به‌ هۆنینه‌وه‌ی شیعر هه‌وڵی هۆشیاركردنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵگه‌یان داوه‌، ئه‌وه‌تا (نیشتمان به‌رواری) له‌ پارچه‌ شیعرێكیدا به‌ناونیشانی(نه‌ختێت گران) ده‌ڵێت:

ئه‌ڤان ده‌ردان ئه‌ڤان ئێشان
مللەت هێلایه‌ ڕاوه‌ستان
زێده‌باره‌ نه‌ختێت گران
ئه‌م دێ هه‌رمینین پێشه‌مان
* * * *
نه‌خت ڤه‌بڕین ب چه‌ند هه‌زار
ژكیفه‌ بینیت لاوێ هه‌ژار
نابینیتن خوشیا چ جار
هه‌ردێ مینیتن ته‌نگه‌زار...[6]

---

[1] بۆنموونه‌ بڕوانه‌: شیرزاد عبدالرحمن، خوازبێنی و گیروگرفته‌كانی و گفتوگۆیه‌كی والا، س.پ، ل٤ ؛ شیرزاد عبدالرحمن، كێشه‌ی خوازبێنی، ڕۆژنامه‌ی(هاوكاری)، ژ(٦٠٧)، ١٩٨١/١٠/٨، ل٤.

[2] محمد حسن بناڤی، كچ مرۆڤه‌ نه‌فرۆشه‌، ل٤.

[3] ئازاد علی اسماعیل، س.پ، ل١٠.

[4] حاجی سعید، دگه‌ل شاره‌زایه‌كی جڤاكی(نه‌ختێ گران..ژه‌نگا جڤا كێ یه‌)، ڕۆژنامه‌ی(هاوكاری)، ژ(٩٥١)، ١٩٨٨/٢/٢٢، ل٩.

[5] بڕوانه‌: نهله‌ جزراوی، كوڕم من هیچی ئه‌وتۆم له‌تۆ ناوی ته‌نها سوبه‌رێك بۆ خۆم و به‌رازیلی یه‌ك بۆ كوڕم و په‌نچا مسقال زێڕ بۆ كچه‌كه‌م(كاریكاتێر)، گۆڤاری(ڕه‌نگین)، ژ(١٩)، مایسی١٩٨٩، ل٦٢؛ هه‌روه‌ها بڕوانه‌: طلال هاشم، له‌ خودا به‌زیاد بێ توانیم ماره‌ییه‌كه‌و شیربابییه‌كه‌م په‌یدابكه‌م(كاریكاتێر)، ڕۆژنامه‌ی(عیراق)، ژ(٨٧)، ١٩٨٩/٥/٢٤، ل٩.

[6] نشتمان به‌رواری، نه‌ختێت گران(شیعر)، ڕۆژنامه‌ی(بزاڤ)، ژ(٤٥)، ١٩٩٠/٦/٥، ل٤.

ناکۆکی نێوان بووك و خەسو، یەکێکی تر بووە لەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە لەنێو بەشێکی زۆری خێزانە گەورەکاندا هەبووە. لەوبارەیەوە پارێزەرێك لە ڕۆژنامەی(ئاسۆ)دا نووسیویەتی بەشێکی زۆری کێشەی نێوان بووك و خەسو لەئەنجامی ئەوەوە دەبێت، کە خەسوەکە وەکو کچی خۆی سەیری بووکەکەی ناکات و لەبچوکترین هەڵە لێی دێتە دەنگ. دیارە جاری وا هەبووە کێشەی نێوان بووك و خەسو گەیشتووە بەدادگا؛ وەکو ناوبراو نموونەی ڕووداوێکی هێناوەتەوە، کەخەسوێك دوور لە شەرع و یاسا دوای مردنی کوڕەکەی، چ ستەمێکی دەرهەق بەبووکەکەی کردووە، هەستاوە بەبێبەشی کردنی لەخانوو سەروەت و سامانی پیاوەکەی، تا دواتر لە دادگا کێشەکە یەکلایی کراوەتەوە[١]. چەندان نموونەی دیکەی کێشەی نێوان بووك و خەسو لە گۆڤاری(ڕەنگین)دا خراونەتەڕوو، کە زۆربەیان سکاڵای بووکەکان بووە لەدەست خەسوەکانیان. نووسەرانی دەستەی ڕۆشنبیریی گۆڤارەکەش ئامۆژگاری هەردوو لایەنی(بووك وخەسو)یان کردووە، کە ڕێز لەیەکتری بگرن و بەچاوی دایك و کچ سەیری یەکتری بکەن و کێشەکانیان لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەن[٢].

هەروەها ژن بەژنی و گەورە بەبچوك، کە تا ئەوکاتە لەکۆمەڵگەدا مابوون. ڕۆشنبیران وەکو پرۆسەیەکی دواکەوتوو باسیانکردووە، کە چەندان کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی نابەجێی لێدەکەوێتەوە. نووسەرێك باس لەوەدەکات لەزۆربەی حالەتەکانی ژن بەژنی و گەورە بەبچوك، کچان بەسەربەستی شوویان نەکردووە، بەڵکو کارەکە لەنێوان گەورەکان خۆیان بڕاونەتەوە. بۆیە لێرەدا تەنها کچەکانن دەبنە قوربانی ئەو نەریتە. ناوبراو ئاماژەی بەوەشداوە زۆرجاران ژنی لایەکیان لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕێکوپێك و بێ کێشە ژیاون و منداڵیان هەبووەو یەکتریان خۆش ویستووە، بەڵام ژنی لایەکەی تر لەگەڵ هاوسەرەکەیدا نەگونجاوە، یان گرفتێکیان هەبووە، ئەگەر ژنەکە بەتۆران و زیز بوون چۆوە ماڵە باوانی، ئەوا ژیان لەلایەکەی تریش تێکچووەو ژنە ڕەوانەی ماڵە باوانی دەکرێتەوەو دەبێت لەماڵە مێردی دانەنیشێ. ئەگەر لەو حالەتەش تێپەڕی کردبووایە ئەوە هەردوو خێزان بەلێك دابڕان و تەلاقدان کۆتایی پێ دەهات، بێئەوەی لایەکیان خۆیان و منداڵەکانیان هیچ تاوانێکیان هەبووبێت تووشی ئەو گرفتە دەبوونەوە. یان کێشەو خەمی گەورەی لایەکیان ئەوەبووە، گوایە منداڵیان نابێت و ژنەکە نەزۆکە، پیاوەکە ژنێکی تری بەسەر ژنەکەیدا هێناوە. کەچی لایەکەی تر منداڵیشیان هەبووە، بەڵام ناچارکراوە ماڵی خۆی بشێوێنێت و ژنێکی تر بهێنێت[٣]. ڕۆژنامەی(هاوکاری) چەندین نموونەی لەو شێوەیەی خستۆتەڕوو، پێشی وایە دیاردەی ژن بەژنی ئەنجام و داهاتوویەکی ڕەشی دەبێت[٤].

لەبارەی گەورە بە بچوکیشەوە هاتووە بەدەگمەن ڕێك دەکەوێت سەرکەوتنی تێدا بەدی بێت. بەتایبەت هەر لەمنداڵییەوە ئەو کچەیە(بنپشك) دووچاری داشکاندنەوەی دەروونی دەبێت، بەوەی حەزناکات لەکۆمەڵگە پێی بگوترێت مارەبڕاوی. یان جاری وا هەبووە کچەکە لەپیاوێکی بەتەمەن و خاوەن ژن ومنداڵ مارەکراوە. یان ئەو لایەنەی کچە گەورەکەی خۆیداوە، دوای گەورەبوونی بنپشکەکە ئەگەر کوڕو

---

[١] عومەر شێخ ئەحمەد بەرزنجی، س.پ، ل٥.

[٢] بۆنموونە بڕوانە: ئازاد، شوو.. بووك.. خەسوو، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٨)، حوزەیرانی١٩٨٨، ل ١٨ ؛ چار چی یە؟ (بووك و خەسوو)، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٢)، تشرینی یەکەمی١٩٨٨، ل ٥١.

[٣] محسن ئاوارە، سەودا کردن بەمرۆڤ و دەردە کۆمەڵ ، س.پ، ل٦٤.

[٤] رجاء خدر، دیاردەی ژن بەژن و ئەنجامە ڕەشەکانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٢٩)، ١٩٨٨/١٢/١، ل ١٠.

کچەکە یەکتریشیان نەویستبێت، ئەوا کوڕەکە ناچارکراوە بەهێنانی، ئەگەر بۆ شەوێکیش بووبێت. چونکە بەلایانەوە نەنگییە وەکو چۆن کچەکەیان لای ئەوانە[١]. بەڕاستی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە گرفتێکی گەورە بووە بۆ کۆمەڵگەو ئەوپەڕی دواکەوتوویی بووە، چونکە بەچاوی مرۆڤ سەیری کچ نەکراوە.

لە سەردانێکی مەیدانی ڕۆژنامەی(هاوکاری) بۆ دادگای هەولێر ئەوە پشت ڕاستکراوەتەوە، کەزۆربەی کێشەکانی نێوان ژن ومێردو جیابوونەوەکان لە دەرئەنجامی ژن بەژنییەوە بووە. دادوەرانیش بەکێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگەیان زانیوەو پێیان وابووە، ئەوەش پەیوەندی بەناهۆشیاری کۆمەڵەوەیە[٢]. لەم ڕووەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی هەوڵی زۆری داوە کۆمەڵگە هۆشیاربکاتەوە، ویستوویەتی بەهەرجۆرێك بێت ئەو قۆناغە دواکەوتووییە بەسەر کۆمەڵگەی کوردی تێپەڕێنێت. توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لەبابەتێکدا بەناونیشانی(ژنان ئەگەر ئاگاداری یاسا نەبن) کۆمەڵێك یاسای لەبارەی چاوساغی و مافەکانی ئافرەتانەوە خستۆتەڕوو. پێی وایە زۆربەی ئافرەتان لەئەنجامی تێنەگەیشتنیان لەیاسا دەستبەرداری مافەکانی خۆیان بوونە[٣]. گۆڤاری(ڕەنگین) گۆشەیەکی تایبەتی هەبووە بەناوی(چار چی یە؟)، هەرجارەو چەند کێشەیەکی کۆمەلایەتی هاولاتیانی تێدا خراوەتەڕوو، کەداوای چارەسەریان لەدەستەی ڕۆشنبیرانی نووسینی گۆڤارەکە کردووە، ئەوانیش بەگوێرەی توانا ڕێنمایی و ڕێگەی چارەسەرییان بۆ کێشەکانیان خستۆتەڕوو[٤]. لێرەدا لایەنێکی تری جوانی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەدی دەکەین، کە هەوڵیداوە لەگەڵ خەمەکانی کۆمەڵدا بژیت.

نەبوونی خانووی سەربەخۆ بۆحەوانەوەو گرانی کرێی خانوو لەکێشە گرنگەکانی بەشێکی دانیشتوانی شارەکانی ناوچەکە بووە. لەبەدواداچوونێکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا بە بەسەرکردنەوەی نووسینگەکانی کڕین وفرۆشتنی زەوی و خانووبەرە، دەرکەوتووە نەبوونی خانوو زەوی نیشتەجێبوون کێشەیەکی گەورەیە لەبەردەم ئاسوودەیی دانیشتوان. بەوەی کە ڕۆژانە بەدەیان خەڵك هاتووچۆی ئەونووسینگانەی کردووەو بێ جێگایی و کرێنشینی تەنگی پێهەڵچنیون. بەپێی لێدوانی خاوەنی ئەو نووسینگانەبێت، ئەو زەوییانەشی کە شارەوانی بەسەر هاولاتیانی دابەشی دەکات، لەبەرئەوەی خزمەتگوزاری وەکو ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا وپاسی گواستنەوەیان بۆدابین ناکرێت، بۆیە کەمتر ئەکرێن بەخانوو هاولاتی دەیفرۆشێتەوە[٥].

گرانی کرێی خانوو کە بەرۆکی چینی هەژارانی گرتبوو، لەڕۆژنامەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبووە. ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لەبارەیەوە نووسیویەتی؛ دیاردەی گرانی کرێی خانوو بۆتە کێشەیەکی گشتی وا کەپێویستە لایەنە بەرپرسیارەکان لایەکی لێبکەنەوە[٦]. ڕۆژنامەی(هاوکاری)یش ئاماژە بۆئەوەدەکات،

---

(١) محسن ئاوارە، سەودا کردن بەمرۆڤ و دەردە کۆمەڵ ، س.پ، ل ٦١–٦٢.

(٢) شێرزاد عبدالرحمن، گیروگرفتەکانی خێزان و گفتوگۆیەکی سەربەست لەگەل قازی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٨٦)، ١٩٨١/٥/٧، ل٥.

(٣) رجاء خدر، ژنان ئەگەر ئاگاداری یاسا نەبن! ، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٥)، کانوونی دووەمی١٩٨٩، ل٣٠.

(٤) بۆنموونە بڕوانە: چار چی یە؟( ژن بەژن یان بێوەژن)، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٠)، ئابی١٩٨٨، ل٥٠ ؛ چار چی یە؟( ژنەکەم و مالی باوکم)، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١١)، ئەیلولی١٩٨٨، ل٥٠.

(٥) ئازاد، کڕیار و فرۆشیاری زەوی و خانوو چی ئەلێت، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٥٨)، ١٩٨٤/١٠/١٨، ل ٦.

(٦) کرێی خانوو.. یان چاوچنۆکی، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١١)، ١٩٨٩/١٠/٧، ل ٨.

کەدوای ئەوەی چەند نامەیەکی هاولاَتیانمان لەو بارەیەوە پێگەیشت، دەلێین ئەمە یەکێکە لەگیروگرفتە کۆمەلاَیەتییە دیارەکانی ناو کۆمەڵ، کە کەسانی بیَ ویژدان و بێبەش لەگیانی نەتەوەیی و نیشتمانی و مرۆڤ دۆستی لە ژێر پەردەی ئازادی هەڵسوڕاندن و چالاَکی ئابووریدا، ئەیانەویَ خوێنمژینی هەژاران بکەن بەکارێکی عادەتی. ڕۆژنامەکە نموونەی خێزانێکی مووچە خۆری هاوشێوەی چەندین خێزانی تری لەو جۆرە هێناوەتەوە، کەمانگانەکەیان(١٥٠) دینار بووە، کرێچی بوونە لەخانوویەکی یەك نهۆمی لەشاری ڕانیەدا، بۆکرێی خانوو ئاو و کارەبا مانگانە(١٠٠)دیناریان داوە، واتە لەموچەکەدا تەنها(٥٠)دینار بۆ خێزانەکە(کە ٨ کەسن) دەمێنێتەوە[1].

دوای سەرنجدان لەڕۆژنامەکان بۆمان دەرکەوت، ئەگەرچی حکومەت مەسەلەی نیشتەجێبوونی هاولاَتیانی بەئەرکی خۆی زانیوە. لەو پێناوەشدا هەستاوە بەدابەشکردنی زەوی بەسەر هاولاَتیان و پێشکەشکردنی(قەرزی عەقاری)بە بڕی نزیکەی (٦)هەزار دینار. بەلاَم زۆربەی هەنگاوەکانی بۆخزمەتی فەرمانبەران و سەربازان و قوربانیانی جەنگ بووەو کەمتر هاولاَتیانی ئاسایی گرتۆتەوە[2]. بۆنموونە پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی(عیراق) ئاماژەی بەوەداوە، بۆساڵی١٩٨٩ بڕیاری دابەشکردنی(٤٤٢)پارچە زەوی بەسەر کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش وناوەخۆ، دراوە. بێئەوەی بڕیارەکە باسی هاولاَتیان بکات[3]. بێگومان زۆربەی ئەو کارمەندانەش بەتایبەتی(ئەمنەکان= ئاسایش) عەرەب بوون و خەڵکی شارەکانی کوردستان نەبوون. کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر باری ئێتنۆگرافی کوردستان دەبوو.

هەروەها نووسەرانی ڕۆژنامەنووسی باس لەچەند ئەدگارێکی ناشرین و نەشیاو دەکەن، کە لەکۆمەڵگەدا سەریان هەڵدابوو. ئەگەرچی هەندێك لەو ئەدگارانە خۆی لەخۆیدا شتگەلێکی جوان بوونە، بەلاَم لەبەرئەوەی لە سنووری خۆیان تێپەڕکرابوون، ببوونە نەریتێکی ناشرین بەسەر کۆمەڵگەوە. لەو ڕووەوە ڕۆژنامەی(ئاسۆ) گۆشەیەکی بەناوی (دەردەکانی کۆمەڵ) هەبووە، زۆرێك لەو ئەدگارانەی خستۆتەڕوو. وەکو ئەمانەی خوارەوە:

ئاشکرایە پێشکەشکردنی دیاری بە دۆست و خۆشەویستان کارێکی پیرۆزەو مانای پتەوکردنی پەیوەندییە لە نێو کۆمەڵدا. بەلاَم نووسەرێك لەڕۆژنامەی(ئاسۆ)وە لەوبارەیەوە دەلیَ ئەو کارە لەکۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا دوورە لەو مەبەستەو بەو چاوە سەیرناکرێت. بەڵکو بۆتە نەریتێکی فەرزکراو و گیرفان هەلتەکاندن، بەتایبەت بەسەر ئەو خێزانانەی دەرامەتیان کەمە. چونکە وای لێهاتووە لەهەموو بۆنەیەکی وەکو ژنهێنان، خانووکردن، منداڵبوون، خەتەنەکردن، جەژنی لەدایکبوون و دەرچوون لەقوتابخانە...تاد، هەریەکەیان دیارییەکی تایبەتی دەوێت. کە زۆرجاران وابووە خێزانەکان لەمانگێکدا چەند دیارییەکیان بۆ هاتۆتە پێش، دوور لەحەزوو توانای داراییان بووە، بەلام ناچاربووە بیکڕێت و پێشکەشی بکات. چونکە

---

[1] گرانی کرێی خانوو لەڕانیە یەخەی ئەو عالەمەی گرتووە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٤٨)، ١٩٩٠/١/٢٩، ل١٠.

[2] عبدالوەهاب تالەبانی، بەڕێوبەری بانقی عەقاری لە هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٨٦)، ١٩٨١/٥/٧، ل ٥.

[3] دیدار، بەڕێز پارێزگاری هەولێر لە: هەلمەتی دابەشکردنی زەوی وزاری نیشتەجێکردن دەدوێت، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٧٠)، ١٩٨٩/١/١٨، ل٣.

شوورەییە ئەگەر نەیکرێت. نووسەر لەکۆتایدا دەڵێ خۆزگە چارەسەرییەکی بنەڕەتی بۆ ئەودیاردە ناپەسندە دەدۆزرێتەوەو بنبڕدەکرێت[1].

هەروەها پرسە (تەعزییە) کەخۆی لەخۆیدا دەبێت بریتی بێت لەبەدەمەوە چوون و هاوخەمی دەربڕین. بەڵام وەکو لەگۆشەی(دەردەکانی کۆمەڵ)ی ڕۆژنامەی ئاسۆدا هاتووە، ئەو نەریتە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بەتایبەت لەلایەن ژنانەوە بەشێوازێکی دوور لەشارستانییەت و ئایین ئەنجامدراوە. بەوەی کەئەگەر کەسێك یەکێکی بمردبووایە، ئەوا ژنان و ناسیاوانی مردوو لەجیاتی ئەوەی باری خەمی ماڵی مردوو سووك بکەن، کەچی شیوەن بۆ مردوو دەکەن و دەبنە بار بەسەر ماڵەکەو خەرج و مەسرەفێکی زۆری بۆ دروست دەکەن. لەپرسەکەشدا زۆربەتێکەڵاوی و هەندێك جار لەسەر کۆشی یەکتری دادەنیشن، لەجیاتی دڵخۆشی دانەوە دەست دەکەن بەباسکردنی ئەم و ئەوو غەیبەتکردنی خەڵکی. ئینجاکە دوای ئەوەش بە حەوتەو چلەو جەژنەکان، ساڵانە تەعزییەکە تازە دەکەنەوە. نووسەر پێی وایە بەر لەهەموان دەبێت ڕۆشنبیران و خوێنەواران و زانایانی ئایینی و بەتایبەتی ئافرەتە خوێندەوارەکان، ماوە نەدەن بە بەرچاوی خۆیانەوە دەردێکی وا کوشندە لەناو کۆمەڵدا هەبێت[2].

تەلەفۆن کە ئامێرێکی شارستانیانەیە بۆخزمەتی مرۆڤەکان داهێنراوە، بەڵام وەکو لەگۆڤاری(ڕەنگین)دا باسکراوە بەکارهێنانی لەلایەن هەندێك کەسانی ناڕۆشنبیرەوەو گاڵتەو ئیستفزاپێکردن، وات لێدەکات بڵێیت خۆزگە ئەو ئامێرە هەر نەبووایە. دیارە ئەو جۆرە کەسانە لەو ڕێگەیەوە کێشەو سەرئێشەی زۆریان بۆ خێزانەکان دروست کربوو، کەجاری وا هەبووە کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لێکەوتۆتەوە. بۆیە لایەنی پەیوەندیدار سزاری(١٠٠)دیناری بەسەر ئەو جۆرە کەسانەوە دانابوو. هەوەها ئامێری ئەلیکترۆنی تایبەتیشی بۆ چاودێری کردنیان دانابوو. لەگەڵ ژمارە تەلەفۆنێکی تایبەتی بۆ هاوڵاتیان، بۆئەوەی لەکاتی کێشەیەکی لەو جۆرە ئاگاداریان بکەنەوە[3].

دیسان ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لەگۆشەی (دەردەکانی کۆمەڵ) باسی لەخووییەکی تری ناشرینی کۆمەڵگە کردووە. ئەویش (خۆ هەلقورتاندنە کاری خەڵك)ە. نووسەر پێی وایە یەکێکە لەو دەردانەی کە کۆمەڵی کوردەواری پێی دووچارە. ئەو خۆ تێهەلقورتاندنەش وەنەبێت لەدلسۆزی کەسەکەوە بێت، بەڵکو بەدوای چەوتی و خراپی و کەموکوڕییەکانت و ئابڕو چوونت دەگەڕێت. پێشی وایە بۆ بنەبڕکردنی ئەو نەخۆشییە پێویستە لەسەر هەموو ڕۆشنبیرو خاوەن هۆشێك دەست لەو ڕەوشتە ناپەسەندە هەڵبگرێت و ماوەش نەدات بەدۆست و برادەرانیان ئەو کارە بکەن و بەچاوێکی نزم و ڕەخنەگرانە لەو کەسانەش بڕوانن کە زیندووی دەکەنەوە. تاوەکو لای خەڵك دەبێتە عەیبەو ئەو دەردە لەکۆڵ کۆمەڵگە دەبێتەوە[4].

هەر لەگۆشەی ئاماژە بۆکراودا، هەمان نووسەر باسی لەدەردێکی تری کۆمەڵ کردووە ئەویش(دوو ڕوویی)یە. نووسیویەتی بەداخەوە زۆربەمان بەو ڕەوشتە دووچارین و شورەییە لەناوماندا باوە، کارێکی زۆر ناجوامێرانەیەو زیانێکی زۆری بەشوێنەوەیە. باشترین ڕێگەش بۆ لەناوبردنی ئەوەیە کەئازایانە

---

[1] ئومێد کاکە ڕەش، بیروڕای خەڵك: دیاری، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٥)، ١٩٨٩/١١/٤، ل٤.

[2] ئەمین نەقشبەندی، دەردەکانی کۆمەل(تەعزیەی ژنان)، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٦)، ١٩٨٩/١١/١١، ل٥.

[3] هێرش محمد، ئەگەر بە تەلەفۆن گاڵتەت پێکرا چی دەکەیت، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٣)، کانوونی دووەمی١٩٨٨، ل٦.

[4] ئەمین نەقشبەندی، دەردەکانی کۆمەل: بەشی نۆهەم، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١١)، ١٩٨٩/١٠/٧، ل٨.

ڕووبەڕووی ئەو جۆرە کەسانە بکەیت و سەرزەنشتیان بکەیت بۆئەوەی تەریق ببنەوەو ئەو خووانەی پێ تەرک بکەیت[1].

بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژنامەنووسی کوردی توانیویەتی بچێتە نێو کۆمەڵگەو پەنجە بخاتە سەر کۆمەڵێك گیروگرفت و ناڕێکی کۆمەڵگاکەی. هەوڵی خۆشی خستۆتەگەڕ بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ئەدگارانەو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ بنەبڕکردنیان.

---

[1] ئەمین نەقشبەندی، دەردەکانی کۆمەل: بەشی دەهەم، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٢)، ١٤/١٠/١٩٨٩، ل٥.

## تەوەری سێیەم: خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان:

**أ- شارەوانی و داواکارییەکانی خەڵك:**

شارەوانی بریتییە لەدەزگایەکی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی پەیوەست بەژیانی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە. پردی پەیوەندی و هاوکاری نێوان حکومەت و هاوڵاتییە. لەبەرئەوە دانیشتوان بەوپەڕی ئومێدەوە چاوەڕوانی هەنگاوە خزمەتگوزارییەکانی دەکەن. ڕۆژنامەنووسی کوردیش وەکو هۆیەکی گرنگی پێشکەوتنی شارستانیەت، لەشارەوانی ڕوانیوە، بۆیە چەندێتی و چۆنێتی چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی بەدەرنەبووە لەنووسین و بەدواداچوونی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان. بەڵکو لەو ڕووەوە ڕۆژنامەکان هۆیەکی گرنگ بوونە بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵاو داواکاری هاوڵاتیان. بەتایبەت کەهەندێك لەڕۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەت بەکاروباری هاوڵاتیانیان هەبووە؛ وەکو ڕۆژنامەی(هاوکاری) بەناوی (هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك)، ڕۆژنامەی(ئاسۆ) بەناوی (ئاسۆی جەماوەر)، گۆڤاری(ڕەنگین) بەناوی(چاوی پشتەوەی جەماوەر). کە لەمیانی خستنەڕووی باسەکان ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت.

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە شارەوانییەکان و پرۆژەکانیان بۆخزمەتی هاوڵاتیانن. دانانی نەخشەی بنەڕەتی باش بۆ گەڕەك و شەقامەکان و پاك و خاوێنیان، کە بەدەرخستنی ڕووی شارستانییەت و پێشکەوتنن، تەنیا لێپرسراوان بەدەری ناخەن، ئەگەر هاوکاری و پشتیوانی هاوڵاتیانی لەگەڵدا نەبێت[1]. لێرەدا هەندێك جار هەریەکە لەهاوڵاتی و حکومەت یەکتریان لەکەوتنەوەی کەموکوڕییەکان تۆمەتبارکردووە. هەروەکو ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی لەبارەی پاك وخاوێنی شارەوانی هەولێر، ئۆباڵی ڕاستەوخۆی پیس وپۆخلی شارەکەی گەڕاندۆتەوە ئەستۆی شارەوانی شارەکە، بەوەی کە تاوەکو ئێستا لەگەڕەکە میللییەکانی وەکو سێتاقان و تەیراوە، وێنەی وا بەرچاو دەکەوێت، کە هەرگیز لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە ناگونجێت. سەرت لەوە سوڕ دەمێنێت کە چۆن پیسی و پۆخلی کاریکردۆتە سەر زەوقی هاوڵاتیان، سەرەڕای گەورەترین مەترسی کەبڵاوبوونەوەی نەخۆشییە. زێرابەکان بەسەربەتاڵی دەمێننەوەو لەهاویندا بۆنەکەی هاوڵاتیان بێزار دەکات و لەزستانیشدا قوڕوچلپاوێکی زۆر دروست دەکەن[2]. بەڵام لێدوانی بەڕێوەبەری شارەوانی شارەکە هاوڵاتیانیشی خستۆتە ژێر ئەو بەرپرسیارەتیەوە، بەوەی کە بۆ چارەسەرکردنی پیس و پۆخلی گەڕەکەکان هاوکاری لەگەڵ شارەوانیدا ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا نابراو نوکوڵی لەکەمتەرخەمی شارەوانی نەکردووە، بەتایبەت لەوەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری ڕۆژنامەکە لەبارەی ئەوەی کە ئۆتۆمبێلەکانی شارەوانی زبڵ و پیساییەکان فڕێ دەدەنە گەڕەکە میللیەکان[3].

هەر لەشاری هەولێرەوە لەبارەی قیرتاوی شەقام وکۆڵانەکانەوە، ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لەگۆشەی (ئاسۆی جەماوەر)ەوە سکاڵای هاوڵاتیانی گەڕەکی کرێکارانی بڵاوکردۆتەوە، کەتێیدا هاتووە: "کۆڵانەکانی هیچی

---

[1] شێرزاد عبدالرحمن، پاك وخاوێنی شارەوانی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٣)، ١٩٨٠/٧/٧، ل٥ ؛ عبدالوەهاب تالەبانی، پاك وخاوێنی شارەکانمان و پێشکەوتنیان پێویستی بەهاوکاری هەموو لایەك هەیە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٧٤)، ١٩٨١/٢/١٢، ل٥.

[2] شێرزاد عبدالرحمن، پاك وخاوێنی شارەوانی هەولێر، ل٥.

[3] شێرزاد عبدالرحمن، گفتوگۆیەکی سەربەست لەگەل بەڕێوبەری شارەوانی هەولێردا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٤٢)، ١٩٨٠/٩/١٥، ل٥.

قیڕتاو نەکراون و شۆستەکانی هەمووی شکاون و تێکچوون. لەهاوینان تەپ و تۆزو لەزستانیشدا بەهۆی ئەوچاڵانەی پەیدابوون دەریاچەیەکی لیَ دروست دەبیَ. هیچ زێرابێکی بۆنەکراوەو زبڵ ڕێژەکانیشی جاروبار دەردەکەون"[١]. هەریەکە لەگەڕەکەکانی بەستەپیازە، خەبات(سێتاقان)، کوران، مەنتکاوە، کەنناسان، ڕووناکی و ئیسکان وەکو لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا باسکراوە، بەدەست هەمان ئەو کێشانەوە ناڵاندوییانە. بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەکە دیاردەیەك لەشارەکەدا هەبووە لەهیچ شارێکی تردا بەرچاونەکەوتووە، ئەویش نەبوونی شۆستەبووە. باس لەوەدەکات بەدرێژایی تێکڕای شەقامەکانی هەولێر وەربگریت، ئەوا لەسەر یەك مەتر یان نیومەتر شۆستەی هەیە. ئێمە دەپرسین دەی باشە کەشۆستە نەبێت خەڵك بەکوێدا هاتوچۆ بکەن؟[٢]. تێبینی ئەوە دەکرێت شارەوانی هەولێر زۆر خەمسارد بووە بەرامبەر شارەکەی. لەکاتێکدا وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆکردووە بەلای حکومەتی عێراقەوە، شارەکە مەرکەزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پایتەختی هاوینەی عێراق بووە.

لە سنووری پارێزگای سلێمانیشدا ڕۆژنامەکان چەندان کەموکوڕی شارەوانی و پێداویستی هاوڵاتیانیان خستۆتە بەرچاوی ئیدارەی شارەوانی ناوچەکان. ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لەبابەتێکیدا بەناونیشانی(ئاوڕێ لەگەڕەکی ئازادی سلێمانی بدەنەوە) باس لە خراپی کۆڵانەو شەقامەکانی گەڕەکەکە دەکات. کە قیڕ بەکۆڵانەکانی نەکەوتووە و ئۆتۆمبێل ناتوانێت بەئاسانی هاتوچۆی پێدا بکات. ڕۆژنامەکە سەرسامی خۆی بەوە دەربڕیووە، کە شارەوانی سلێمانی بەجۆرێکی ئەوتۆ ئەو گەڕەکەی پشتگوێ خستووە، وەکو ئەوەی وابزانێت لەدەرەوەی سنووری شارەوانی شارەکەدایە[٣].

گۆڤاری(ڕەنگین) لەگۆشەی (چاوی پشتەوەی جەماوەر) نووسیویەتی:"نامەیەکی یەکجار زۆرمان لەشاری سلێمانی خۆشەویستەوە پێگەیشتووە، لەزۆربەی گەڕەکەکانی یەوە ڕەنگە زۆر وتن نەبیَ ئەگەر بڵێین هەموو ماڵەکانی...!! وائێمەش لەم ژمارەیەدا هەندێ لەو نامانە بڵاوئەکەینەوە و بەو چوار خشتەکیەی سەرەوەش ئاراستەی شارەوانی سلێمانی ئەکەین، بەهیوای ئەوەی چارەسەری ئەوگیروگرفت و تەنگوچەڵەمانە بکەن". بەپێی ئەو سکاڵایانە دەردەکەوێت دەزگای شارەوانی شارەکە زۆر گەندەڵ بووە، لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەتایبەت کە جیاوازی لەنێوان گەڕەکەکانیدا کراوەو زۆربەی گەڕەکە میللیەکان لەخزمەتگوزاری ئاوەڕۆ و زێراب و قیرتاوی شەقام وکۆڵانەکانی بیَ بەش بوونە[٤].

لە بارەی شارەوانی هەڵەبجەوە، لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە، شارەوانی شارەکە وەکو پێویست خزمەت ناکات. گیروگرفتی قیرتاونەکردنی کۆڵان و پاك وخاوێنی ناو شار، لەگرنگترین داواکاری هاوڵاتیانی شارەکە بووە[٥]. قەزای پشدەریش لەڕوانگەی ڕۆژنامەکەوە شارێکی دواکەوتوو بووە.

---

[١] شۆڕش محمد، وەرن بزانن لەگەڕەکی کرێکاران لەهەولێر چی هەیەو چی نیە...!!، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٣٣)، ١٩٩٠/٣/١٠، ل١٠.

[٢] عبدالوەهاب تالەبانی، یەك.. دوو قسە لەگەل شارەوانی هەولێردا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٩٠)، ١٩٨١/٦/٤، ل ٥.

[٣] ئاوڕێ لەگەڕەکی ئازادی سلێمانی بدەنەوە، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٢)، ١٩٨٩/١٠/١٤، ل٥.

[٤] ڕۆژنامەنووس، چاوی پشتەوەی جەماوەر: شارەوانی سلێمانی هانامان بۆتۆ هانی ئەگەر بێتو چارێ نەکەی قەرزار ئەبی بەیانی، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٨)، نیسانی١٩٨٩، ل٢٠.

[٥] حمە سعید حمە کریم، شارەوانی هەڵەبجەو چەند پرسیارێکی هاوکاری، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٣)، ١٩٨٠/٧/٧، ل٥.

پێویستییەکانی زۆربووە لەڕووی ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی پردو ڕێگاوبان و پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەو قیرتاوکردنی شەقامەکانی[1].

پارێزگای دهۆك هاوشێوەی شارەکانی تری ناوچەکە بەدەست چەندین کێشەی خزمەتگوزارییەوە ناڵاندویەتی؛ کە گرنگترینیان کێشەی کەمی کرێکاری دەزگای شارەوانی و گەڕەکی بەڕۆشکی شارەکە بووە. بەپێی لێدوانی بەڕێوبەری شارەوانی شارەکە، پێویستی بەزیاتر لە(٥٠)کرێکاری تر هەبووە، بۆئەوەی بتوانێت بەسەر کێشەی پیس و پۆخلی شارەکەدا زاڵبێت[2]. گەڕەکی بەڕۆشکی کە گەورەترین گەڕەکی شارەکە بووە، بەڵام وەکو لەدوو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیدا هاتووە کەمترین خزمەتگوزاری پێگەیشتووەو لەسەرەتایی ترین پێداویستییەکانی وەکو تۆڕی ئاو، کارەبا، قیرتاوی شەقام و پاك و خاوێنی بێبەش بووە. ئەنجامی بەدواداچوونی هەردوو ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەك، کێشەکە بۆئەوە گەڕێندراوەتەوە کە گەڕەکێکی نایاسایی(تجاوز)بووە، بۆیە دەستی خزمەتگوزاری شارەوانی کەمتر پێگەیشتووە. بەپێی بەدواداچوونی ڕۆژنامەی(ئاسۆ) بێت، ئەوا شارەوانی بڕیاری بەناوکردنی خانووەکانی دابوو. بەڵام ئەوەی نارەزایی هاوڵاتیانی گەڕەکەکەی لێکەوتبۆوە ئەوەبوو، کە شارەوانی بەرامبەر بەقیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانی پارەی زۆری لێسەندوون. وەڵامی شارەوانیش بەرامبەر ئەو نارەزایەتییە ئەوەبووە، کە پارەکە بڕێکی کەمەو ڕێژەیەکی یاساییە[3].

ئاو و کارەبا، کە لە پێداویستیە بنەڕەتیەکانی ژیانەو دابینکردنی لەپێشەنگی کارەکانی شارەوانی و حکومەتە. بەڵام خراپی و کەمییان کێشەیەکی گشتی بووە لەزۆربەی شارو گوندەکانی باشووری کوردستان. بۆنموونە پارێزگاری هەولێر لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانیدا نکوڵی لەکێشەی کەم ئاوی شارەکە نەکردووەو گوتویەتی:" شاری هەولێر فراوان بووەو پێویستی ئاوی زۆرتربووە، بەپلەی یەکەمیش متمانە دەکاتە سەر ڕووباری زابی گەورە کە٣٢ کیلۆمەتر لەمەڵبەندی شار دوورە... جگە لەهەڵکەندنی بیری ئاو لەعەینکاوەو کەسنەزان، ئێستا پڕۆژەیەکی گەورە بەدەستەوەیە کە کۆتایی بەکێشەی ئاو ئەهێنێ"[4]. لەگۆشەی (چاوی پشتەوەی جەماوەر)ی گۆڤاری(ڕەنگین)شدا هاوڵاتیانی شارەکە سکاڵایان هەبووە لەدەست خراپی کارەباو گرانی کرێیەکەی[5].

شاری سلێمانی بەهەمان شێوە زۆربەی گەڕەکەکانی بەدەست بێئاویەوە دووچاربوونە. لە گۆشەی (ئاسۆی جەوماوەر)ی ڕۆژنامەی(ئاسۆ)وە بەو شێوەیە باس لەگەڕەکی ئازادی شارەکە کراوە، ڕۆژانە کاتژمێرێك زیاتر ئاوی نیەو ماڵی واهەیە هاوین هەمووی، ئاو بەحەوشەیان نەکەوتووە و تەنکی ئاویان

---

(1) فریا عبدالله، قەزای پشدەر لەنێوان کێشەی ڕۆژانەو تەقەللای دلسۆزانە بۆپێشخستنی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٩)، ١٩٨٠/٨/٢٥، ل٥.

(2) پ. هاوکاری، شارەوانی دهۆك و هەنگاوی بەرەو ئاوەدانی زیاتر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٦١٢)، ١٩٨١/١١/١٩، ل٥.

(3) هـ. س ؛ ئاسۆ سەر لەشارەوانی دهۆك دەدات، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٣٨)، ١٩٩٠/٤/١٤، ل ١٠.

(4) شێرزاد عبدالرحمن، بەرەو ڕۆژی هەولێر: گفتوگۆیەکی فراوان لەگەل پارێزگاری هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٩٩)، ١٩٨٩/٨/١٠، ل٤.

(5) ڕۆژنامەنووس، چاوی پشتەوەی جەماوەر: ئەرێ کارەبای هەولێر بۆ گوێ لەخەلکی ناکرن؟ ، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٧)، نیسانی١٩٨٨، ل٢٧.

پڕنەبووە[١]. دیسان لەگۆشەی (چاوی پشتەوەی جەماوەر)دا هاتووە: زۆربەی گەڕەکەکانی شاری سلێمانی ئاوی خواردنەوەیان کەم دەگاتێ، ڕۆژی واهەیە لەهەندێك گەڕەکدا تەنها نیوکاتژمێر ئاو هەیە[٢]. بەپێی لێدوانی پارێزگاری سلێمانی، حکومەت بۆساڵی١٩٩٠ بڕی(٦٠)ملیۆن دیناری تەرخانکردبوو، بۆئەوەی کۆتایی بەکێشەی کەم ئاوی شارەکە بهێنێت[٣]. بەڵام نازانرێت پڕۆژەکە چی بەسەرهاتووە. لەوەدەچێت بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی عێراق و هێرشی بۆسەرکوێت، دواتریش ڕاپەرینی خەڵکی کوردستان جێبەجێنەکرابێت. لەبەرئەوەی لەڕۆژنامەکاندا هیچ هەواڵێك لەبارەی دەست پێکردنی پڕۆژەکەوە نەهاتووە.

هەڵەبجەش بەدەرنەبووە لەکێشەی کەم ئاوی. پەیامنێری ڕۆژنامەی(هاوکاری) ڕاپۆرتێکی لەبارەوە ئامادەکردووەو نووسیویەتی:"ماوەیەکی زۆرە هەڵەبجە بەم دەردەوە ئەناڵێنێ، هەرچەندە پرۆژەیەکی ئاوی بۆ دەرچوو لەخورماڵەوە بۆی ڕابکێشن، بەڵام پڕۆژەکە وەستێنراوەو تەنها(٥٠٪)ی تەواوکراوە، پێویستە لێپرسراوان هیمەتێکی بۆبکەن". لەئەنجامی بەدواداچوونی پەیامنێری ڕۆژنامەکەوە دەرکەوتوە ماڵی واهەیە هیچ ئاوی لەڕێگەی تۆڕی دابەشکردنی ئاوەوە بۆنەچووە، بەڵکو شارەوانی لەڕێگەی بەکارهێنانی تەنکەرەوە چەند ڕۆژجارێك ئاوی بۆ دابینکردوون[٤]. لەبارەی خراپی کارەبای پارێزگاکەشەوە ڕۆژنامەی(عیراق) نووسیویەتی:"چارەی کارەبا چۆنە؟ وا دەچینە خزمەتی کارەباو لێی دەپرسین بۆچی ئەو دەردەمان دەدەیی ڕۆژێك هەیت و حەوتان دەلێی ماڵئاوا...ئینجا ئێمە دەڵێین بەڕێوبەری کارەبای سلێمانی و ئەی ئەوانەی کارتان پێدەڕوات ئەگەر ئێوە سەعاتێك کارەباتان نەبێ چی دەکەن"[٥].

هەروەها زۆربەی ئەو کۆمەڵگە نوێیانەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ خەڵکی ناوچە ڕاگوێزراوەکان دروستکرابوون، کێشەی نەبوونی ئاوی پێویستیان هەبووە. پارێزگاری سلێمانی لە لێدوانێکی بۆ ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ئەوەی دووپاتکردۆتەوەو دەڵێ بەئامانجی دابینکردن و چارەسەرکردنی گرفتی ئاو لەکۆمەڵگە نوێیەکان، لەسەر بڕیاری سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، بڕی (٣)ملیۆن دینار بۆ هەرسێ پارێزگاکەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخانکراوە[٦]. لێرەدا تێبینی ئەوەدەکەین کە کەمی ئاو و کارەبا لەکێشە سەرەکییەکانی دانیشتوانی باشووری کوردستان بوونە. بەجۆرێك زۆرترین ناڕەزایی هاوڵاتیانی لەڕۆژنامەکاندا لێکەوتۆتەوە.

شایەنی ئاماژە بۆکردنە بوونی هەندێك دیاردەی دوور لە ژیانی شارستانی لەلایەن بەشێك لەدانیشتوانی شارەکانەوە، ڕەنگدانەوەی دیاری لەڕۆژنامەوانی ماوەی دیاریکراودا هەبووە. یەك لەوانە بەخێوکردنی مەڕومالاّت و پەلەوەر بووە. ڕۆژنامەی(ئاسۆ) باسی لەگەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر

---

[١] بەوێنەو...وشە !، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١٣)، ١٩٨٩/١٠/٢١، ل ٤.

[٢] ڕۆژنامەنووس، چاوی پشتەوەی جەماوەر: دایەرەی ئاوی سلێمانی لەڕێی خواو پێغەمبەرا چارێ، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٨)، حوزەیرانی١٩٨٨، ل٢٦.

[٣] بڕیارێ جڤاتا بجهێنانێ یا دەڤەرا کوردستانێ، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٨)، ١٩٩٠/٦/٢٦، ل١.

[٤] هێرش محمد ئەمین، هاوکاری ڕوو بەڕوو لە کێشەی بێ ئاوی هەلەبجە دەدوێ، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٤٨)، ١٩٨٤/٨/٢، ل١٠.

[٥] چاوی ڕۆژنامەنووس، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٨٠)، ١٩٨٩/٣/٢٩، ل٢.

[٦] شەهاب عوسمان، ئاسۆ لەدیداری بەڕێز کاکل حمد مولود پارێزگاری سلێمانی دا، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٣٨)، ١٩٩٠/٤/١٤، ل٢.

کردووه، بەوەی هەندێك لە خەڵكی ئەم گەڕەكە هەتا بەشێكیان فەرمانبەریشن، مەڕومالاَت بەخێوكردن بووه بەپیشەیان و هەموو جۆرە ئاژەڵێك بەخێودەكەن. زستان و هاوین بۆنی ئەو ئاژەڵانە خەوو خۆراكیان لە خەڵكی حەرامكردووه[1]. گۆڤاری(ڕەنگین)یش باسی لەگەڕەكی خەباتی شاری سلێمانی كردووه، كە دانیشتوانەكەی هاوار هاواریان بووه لەدەست مەڕو بزن و گاو گوێرەكە. گۆڤارەكە ئاماژەی بەوەشداوه كەبۆ دووەم جارە ئەو دیاردە ناشارستانیە دەخەنە بەردەم شارەوانی كەچی وەلاَمێكیان نەبووه[2]. دیارە ئەو دیاردە ناشارستانیە گشتی بوەو هەموو شارەكانی گرتۆتبۆوە، بۆیە وەكو لەڕۆژنامەی(بزاڤ)یشدا هاتووه، لەسەر بڕیاری وەزارەتی شارەوانی لەساڵی١٩٨٧ سزای(٥٠) دینار دیاریكرابوو بەسەر ئەو خێزانانەی چێڵێك بەربداتە ناوشارو شەقام و كۆڵانەكان. بۆجاری دووەم سزاكەی(١٠٠) دینار و بۆجاری سێیەم شارەوانی بەمافی خۆی دەزانێت بیگرێت و بیفرۆشێت[3].

هەبوونی عەرەبانەو دەستگێڕەكانی سەرشەقامەكان دیاردەیەكی دیكەی زۆر ناشارستانیانەبووه. ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی كوردی لەو ڕووەوە بریتی بوو لەهۆشیاركردنەوەی كۆمەڵگە لەو دیاردەیەو خستنەڕووی بۆ بەرچاوی شارەوانی تاوەكو چارەیەكی بۆ بدۆزێتەوە. بابەتێكی گۆڤاری(ڕەنگین) بەناونیشانی(ئەگەر شارەوانی سلێمانی چارێكی عەرەبانەو دەستگێڕەكان نەكات، ئەوا ئەبێ نیوەی شارەكە بار بكات..!!) ڕاستی مەسەلەی عەرەبانەو تەختەی دەستگێڕەكانی ناو شاری سلێمانی خستۆتەڕوو؛ بەوەی كە ئەوەندە ناخۆشیان كردووه، كەسی ڕۆشنبیر ناتوانێت لێی بێدەنگ بێت. هەروەها دەڵێ تۆ بلێی لێپرسراوانی شارەوانی ئاگایان لێنەبێت و چ جار شتێكیان پێویست نەبووبێت و نەكڕی بێت؟[4]. ڕۆژنامەی(ئاسۆ)ش باسی شەقامی شێخی چۆلی شاری هەولێر دەكات، بەوەی كەهێندەی مەترێكی چوارگۆشەی تێدا نەماوه، تەواوی شەقامەكە كراوە بە مەزادخانەو گومرگی تەڕەو سەوزە فرۆشتن، بەدەیان عەرەبانە بەشووتی و كاڵەك و تەرۆزی هەڵچنراوه، لەگەڵ دەیان ئۆتۆمبێل و كۆمەڵی گەورەی سەوزەو میوە. سەرەڕای ئەوەی هیچ ماوەیان بۆ هاتوچۆی هاوڵاتیان نەهێشتۆتەوەو سیمای شارستانی شاریان بەتەواوی شێواندووه. لە هەمان كاتدا هیچ جۆرە مەرجێكی تەندروستییان تێدانییە. ڕۆژنامەكە ڕەخنەی ئەوەی گرتووەو دەڵێت وادیارە شارەوانی و بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر ئەو شەقامەیان بەشەقامی ناوشار ئەژمار نەكردووه[5].

ماوەتەوە بڵێین ڕۆڵی ڕۆژنامەوانی كوردی لەو باسەشدا گرنگ بووه، بەتایبەت لەدەرخستنی ڕووە ناشارستانیەكانی كۆمەڵگەو خستنەڕووی داواكارییەكانی خەڵك و نیشاندانی كەموكوڕییەكانی میری لەخزمەتكردنی دانیشتوان.

---

[1] شۆڕش محمد، س.پ، ل ١٠.

[2] ڕۆژنامەنووس، چاوی پشتەوەی جەماوەر: گەڕەكی خەبات دەمێكە هاوار ئەكەن!؟، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(١٨)، نیسانی١٩٨٩، ل٢٠.

[3] زێرەڤان، بزاڤ ل شارەوانیا قەزا صدیق، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٩)، ١٠/٧/١٩٩٠، ل٣.

[4] ڕۆژنامەنووس، چاوی پشتەسەری جەماوەر: ئەگەر شارەوانی سلێمانی چارێكی عەرەبانەو دەستگێڕەكان نەكات، ئەوا ئەبێ نیوەی شارەكە بار بكات..!!، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٣٤)، ساڵی١٩٩١، ل٤٧.

[5] خسرۆ حەسەن محمود، س.پ، ل ٤.

## ب- خزمەتگوزاری تەندروستی:

### ١- نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان:

ئاشکرایە نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەفەراهەمکردنی ژیانێکی تەندروست و باشتر بۆدانیشتوانەکان. کەرتی تەندروستی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەتەندروستی هاولاتیانەوە هەیە، بۆیە ڕۆژنامەنووسی کوردیش سلی نەکردۆتەوە لەبایەخ پێدان و خستنەڕووی بارودۆخی ئەم کەرتەیە. تەنانەت ئەمینداریتی گشتی کارگێڕیی کاروباری کۆمەڵایەتی کە بەڕێوەبردنی کەرتی تەندروستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەژێر سەرپەرشتیدا بووە، گۆڤارێکی تایبەتمەند بەو لایەنەی بەناوی" تەندروستی و کۆمەڵ " دەرکردووە.

ڕاپۆرتێکی وەزارەتی تەندروستی عێراق کە گۆڤاری (تەندروستی و کۆمەڵ) بڵاویکردۆتەوە، ڕەوشی کەرتی تەندروستی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەو شێوەیەی خوارەوە ڕوون کردۆتەوە[1]:

**دامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگای هەولێر لە ١٩٨٠-١٩٨٦**

| ساڵ | نەخۆشخانە | سەرین | نۆژدار | نۆژداری ددان | دەرمانساز | بنکەی تەندروستی سەرەکی | بنکەی تەندروستی سەرەتایی | جۆرەکانی تری بنکە تەندروستییەکان | پەرستار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ١٣ | ١٠٨٦ | ١٦١ | ٢٣ | ٢٠ | ١٤ | ٥٢ | ٤٥ | ٢٥٣ |
| ١٩٨١ | ١٦ | ١٢١٦ | ٢٥٠ | ٢٣ | ٢٣ | ١٣ | ٥١ | ٣٥ | ٢٥٥ |
| ١٩٨٢ | ١٥ | ٩٤٩ | ٢٣٠ | ٢٤ | ٢٣ | ١٠ | ٢١ | ٢١ | ٢٦٣ |
| ١٩٨٣ | ١٧ | ١١٣٤ | ٢٢٣ | ٢٤ | ٢٣ | ٨ | ٢٣ | ٢٢ | ٢٨١ |
| ١٩٨٤ | ١٦ | ١٥٠٠ | ٢٤٢ | ٣١ | ٣٢ | ٩ | ٥٣ | ٢١ | ٣٠٣ |
| ١٩٨٥ | ١٦ | ١٦٨٤ | ٢٥٦ | ٣٣ | ٢٨ | ٧ | ٣٢ | ٢٢ | ٣١٥ |
| ١٩٨٦ | ١٧ | ١٦٩٢ | ٣١٥ | ٣٤ | ٢٧ | ٧ | ٢٩ | ٢٣ | ٣١٠ |

**دامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگای سلێمانی لە ١٩٨٠-١٩٨٦**

| ساڵ | نەخۆشخانە | سەرین | نۆژدار | نۆژداری ددان | دەرمانساز | بنکەی تەندروستی سەرەکی | بنکەی تەندروستی سەرەتایی | جۆرەکانی تری بنکە تەندروستییەکان | پەرستار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ١١ | ٧٩٦ | ١٣٩ | ٢٥ | ٣٠ | ٢٦ | ٩٠ | ٥٣ | ١٢٩ |
| ١٩٨١ | ١١ | ١٠٧١ | ١٢٩ | ٢١ | ٢٨ | ٢٥ | ٤٨ | ٢٧ | ١٥١ |
| ١٩٨٢ | ١١ | ١١٦٧ | ١٣٧ | ٢٠ | ٣٢ | ٢٢ | ٣٣ | ٢٥ | ١٥٠ |
| ١٩٨٣ | ١١ | ١١٦٦ | ١٤٩ | ١٧ | ٣١ | ٢٦ | ٢٦ | ٢٠ | ١٣٧ |
| ١٩٨٤ | ١١ | ١١٧٢ | ١٥٨ | ١٥ | ٢٧ | ٢٤ | ٧٤ | ٢٦ | ١٤٦ |
| ١٩٨٥ | ١٠ | ١١٧٨ | ١٦٤ | ٢٠ | ٣٣ | ٢١ | ٢٠ | ٢٨ | ١٤٤ |
| ١٩٨٦ | ١١ | ١٢٢٤ | ١٩٠ | ٢٤ | ٣٥ | ٢٣ | ٢٩ | ٢٤ | ١٣٠ |

[1] تەندروستی و کۆمەڵ، بەڕێز دکتۆر صادق حمید علوش، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٦)، ئاداری١٩٨٨، ل ل٥- ٦٥.

دامەزراوە تەندروستییەکانی پارێزگاری دهۆك لە ١٩٨٠–١٩٨٦

| ساڵ | نەخۆشخانە | سەرین | نۆژدار | نۆژداری ددان | دەرمانساز | بنکەی تەندروستی سەرەکی | بنکەی تەندروستی سەرەتایی | جۆرەکانی تری بنکە تەندروستییەکان | پەرستار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨٠ | ٦ | ٥٦١ | ٩٣ | ١٥ | ٨ | ٩ | ٢٣ | ١٨ | ٨٢ |
| ١٩٨١ | ٦ | ٤٧١ | ١٠٢ | ١٢ | ٩ | ١٠ | ١٦ | ١٥ | ٨٩ |
| ١٩٨٢ | ٦ | ٤٦١ | ١١٢ | ١١ | ٧ | ١٠ | ٧ | ١٠ | ٧٠ |
| ١٩٨٣ | ٥ | ٤٤٥ | ١٠٩ | ١٠ | ٦ | ١١ | ٧ | ١٣ | ٩٦ |
| ١٩٨٤ | ٦ | ٥٠٠ | ١٣٩ | ١٥ | ٩ | ١١ | ٧ | ١٣ | ١٠٨ |
| ١٩٨٥ | ٦ | ٤٩٠ | ١٥٦ | ١٤ | ٥ | ١٠ | ٦ | ١٤ | ١٢٠ |
| ١٩٨٦ | ٦ | ٧١٣ | ١٥٢ | ١٤ | ٤ | ١٠ | ١٠ | ١٣ | ١٠٥ |

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی لەڕاپۆرتەکەدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە کەرتی تەندروستی کوردستان هیچ پەرەسەندنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیووە. بەپێچەوانەوە بەڵکو ڕوو لەدواکەوتوویی بووە. بەتایبەت کە ژمارەی بنکە تەندروستیە سەرەکی و سەرەتاییەکان و جۆرەکانی تری بنکەتەندروستییەکان ڕوویان لەکەمبوونەوە کردووە. ڕۆژنامەو گۆڤارەکان هۆکارەکەیمان بۆ ناخەنەڕوو. بەڵام پێمان وایە سیاسەتی حکومەتی عێراق لەتێکدان و ڕاگواستنی گوندو ئاواییەکانی کوردستان، هۆکاری سەرەکی بووە. بەتایبەت کە بنکە تەندروستییە سەرەکی و سەرەتاییەکان و جۆرەکانی تری وەکو نۆرینگەو برین پێچ، زیاتر دەکەونە گوندو ناحیەکانەوە. لەلایەکی تر بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە ژمارەی نەخۆشخانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (٣٤)نەخۆشخانە بوونە[١]. ژمارەی نۆژدار(٦٥٧)، نۆژداری ددان(٧٢)، دەرمانساز(٦٦)نۆژدار بوونە. بۆیە ئەگەر بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٨٧ ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی (٢,٠١٥,٤٦٦)کەس بێت[٢]. ئەوا هەر نۆژدارێکی پسپۆڕ زیاتر لە(٣٠٦٧) هاوڵاتی، نۆژدارێکی ددان (٣٠٥٣٧)هاوڵاتی و دەرمانسازێك (٢٧٩٩٢) هاوڵاتی بەرامبەر بووە. بێگومان هەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی هاوڵاتی بەرامبەر نۆژدارێك بەڵگەی دواکەوتویی سیستەمی تەندروستی ناوچەکە دەسەڵمێنێن.

هەر لەو ڕووەوە ئەوەی جێگەی ڕەخنەگرتنە لەڕۆژنامەکانیش ئەوەیە، کە هیچ زانیارییەکمان لەبارەی کەرتی تەندروستی پارێزگای کەرکوکەوە نادەنێ. لەکاتێکدا بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پلاندانان، لەساڵی ١٩٨٣پارێزگاکە (٨)نەخۆشخانەو (٧٨)بنکەی تەندروستی سەرەکی و سەرەتایی و(٧) نۆرینگەی میللی هەبووە. ژمارەی نۆژدارەکانیشی(٨٧)نۆژدار بوو، بەو شێوەیە: نۆژداری پسپۆڕ(٢)، نۆژداری

---

(١) ئەو ژمارەیەی نەخۆشخانەکان دووپاتکراوەتەوە لە هەریەکە لە: دیدار، ئۆتۆنۆمی و باری تەندروستی و خزمەت گوزاری کوردستان، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٣)، ١٩٨٧/٩/٣٠، ل٢ ؛ کاروانی خزمەتەکانی ئەمانەتی گشتی کاروباری کۆمەلایەتی لەهەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١)، س١، ئەیلولی١٩٨٧، ل ل ١٠–١٥؛ الجمهورية العراقية، المجلس التنفيذی لمنطقة كردستان، التقرير السنوی الثامن لعام١٩٨٢، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ص١٤٦.

(٢) عەبدوللا غەفور، ئەتنۆدیمۆگرافیای باشووری کوردستان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٥.

**مومارییس(٤٥)، نۆژداری ددان(٢٥)، دەرمانساز(١٥) نۆژدار[(١)]. تێبینی دەکەین کەرتی تەندروستی پارێزگای کەرکوك بە بەراووردی پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی باشتر بووە، ئەمەش وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە دەکرێ هەبوونی دامەزراوە نەوتییەکان و ئەژمارکردنی پارێزگاکە بەناوچەیەکی عەرەبی عێراقی هۆکار بووبێت بۆئەوەی خزمەتگوزاری زیاتری بۆ دابین بکرێت.**

**بەشێوەیەکی گشتی دامەزراوەکانی چارەسەرکرنی نەخۆش لەباشووری کوردستاندا وەکو لەرۆژنامەی(هاوکاری)دا ئاماژەیان بۆکراوە، بریتی بوون لە نەخۆشخانەی فێرکای–زانکۆ، نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن، نەخۆشخانە گشتییەکان(ناونرابوون نەخۆشخانەی گشتی سەدام لە هەرسێ پارێزگاکەدا هەبوون)، مندالأن و لەدایك بوون، لەگەڵ ئەو بنکە تەندروستییە سەرەکی و سەرەتاییانەی کە لەزۆربەی شارو قەزاو ناحیەو گوندەکاندا هەبوون[(٢)].**

**بەشێك لەو نەخۆشخانانەی کە لەماوەی توێژینەوەکەدا دروستکرابوون، لەلایەن پەیامنێری رۆژنامەکانەوە بەسەرکراونەتەوەو راپۆرتی رۆژنامەوانیان لەبارەوە نووسراوە. یەك لەوانە نەخۆشخانەی مندالأن و لەدایك بوونی شاری هەولێرە؛ لە راپۆرتێکی رۆژنامەی(هاوکاری)دا وەکو یەکەم نەخۆشخانەی تایبەت بە لەدایك بوون ومندالأن هاتووە، کە لە سالی١٩٨٥ لەشارەکەدا دامەزرێندرا. نەخۆشخانەکە (٢٦٠)سەرینی دەگرتەوە, بەگوێرەی زانیارییەکانی راپۆرتەکە نوێترین ئامێری پزیشکی دەست نیشانکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و مندالأنی بۆ دانرابوو. کە دووبەشی سەرەکی بەخۆ دەگرتەوە ئەوانیش: بەشی چاودێری دایکان، کە بایەخ دەدات بەدایکی سك پرو چاودێری تەندروستیی دەکات تاوەکو کاتی منداڵبوونەکەی. ئەوتریان بەشی منداڵبوون(الولادة)یە، کەبەشێکی سەرەکییەو چەندین لقی لێدەبێتەوە لەوانە بەشی نەخۆشییە کتوپڕییەکانی دایکان(وەکو خوێن ڕێژی و لەبارچوون)و نەشتەرگەری[(٣)]. شاری سلێمانیش لەسالی ١٩٨٩هەمان نەخۆشخانەی تێدا دامەزرێندرا. بەپێی راپۆرتێکی تری رۆژنامەی ناوبراو نەخۆشخانەکە(١٧٠)سەرینی تێدا بووە، لەگەڵ هەموو جۆرە دەرمان و ئامێرێکی پێویست، بۆحالەتەکانی ئاوسی دایکان[(٤)].**

**لەبارەی سیستەمی تەندروستی و ڕێکخستنی نەخۆشخانەو دامەزراوە تەندروستییەکانەوە، رۆژنامەکان ئاماژە شێوازێکی نوێ و ستاندارد دەکەن؛ ئەویش سیستەمی یەکە نۆژدارییەکانە (نظام الوحدات الطبية). رۆژنامەی(هاوکاری) لەبارەیەوە نووسیویەتی:"سیستەمێکی نوێیە وەزارەتی تەندروستی لەسەری دەڕوات و تازە دەستی دراوەتێ، بەگوێرەی ئەو سیستەمە...هەر مەڵبەندێکی تەندروستی خزمەتگوزاری پێشکەش بەناوچەیەکی جوگرافی سنوور بۆ دانراو و ژمارەیەکی دیاریکراوی**

---

[(١)] الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٣، ص ص ١٩٤– ٢٠٠.

[(٢)] حمه سعيد حمه كريم، سەرۆكايەتی تەندروستی لەسلێمانی و خزمەتگوزاری تەندروستی بەردەوام، رۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٨)، ١٩٨٠/٨/١١، ل٥.

[(٣)] دیدار، لێرەدا نەوەکانی پاشەڕۆژ لەدایك دەبن، رۆژنامەی(عێراق)، ژ(٦٠)، ١٩٨٨/١١/٩، ل١٢.

[(٤)] هێرش، نەخۆشخانەی مندالبوونی سلێمانی، رۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٤٨)، ١٩٩٠/١/٢٩، ل٢.

**دانیشتوان دەكات"[١]. لە ژمارەیەكی تری هەمان ڕۆژنامەدا هاتووە بەگوێرەی ئەو سیستەمە نەخۆشخانەكان بەسەر چەند یەكەیەك دابەشكراون، كە هەریەكەیان بەشێكی سەربەخۆن و هەموو كادرێكی تەندروستی بۆ دانراوە. بۆنموونە بەشەكانی تاقیگە، دەرمانساز و شكان، كەهەریەكەیان بەشێكی سەربەخۆن و پزیشكێكی پسپۆڕو جێگر(مقیم) و چوار كادیری برین پێچ و چوار كارگوزار، بەڕێوەی دەبەن[٢]. لەڕۆژنامەی(ئاسۆ)شدا هاتووە بەگوێرەی ئەو سیستەمە دەبێت هەموو خزمەتگوزارییەكی نۆژداری لەچارەسەركردن، نەشتەرگەری، تیشك، دەرمان، تاقیگەو...هتد، لەیەك نەخۆشخانەدا هەبێت[٣].**

**بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنێك بۆ سیستەمەكە بكەین، دەبێت بەر لەهەموو شتێك بۆچوونی نۆژداران وەربگرین. لەو ڕووەوە زۆربەی نۆژدارە پسپۆڕەكان بەسیستەمێكی زۆر پەسندو باشیان نەزانیوەو پێیان وابووە خزمەتێكی ئەوتۆ بەنەخۆش ناكات. چونكە بەگوێرەی سیستەمەكە زۆر لە نۆژدارە مومارسەكان لە لقێكی دیاریكراوی وەكو نەخۆشی لووت و چاوو گوێ، دەبن بەمومارسی گشتی، واتە دەتوانن دەست بۆ چارەسەری هەموو نەخۆشییەك ببەن[٤]. هەندێك لەپزیشكانیش لەگەڵ ئەو سیستەمە بوونە. بۆ نموونە نۆژدارێك پێی وابووە لەبەرئەوەی خەڵك زۆرن و ژمارەی نۆژدارانیش كەمن بۆیە ناچارین پێشوازی لە هەموو جۆرە نەخۆشییەك بكەین[٥].**

**ڕۆژنامەنووسی كوردی بۆ ئەو قۆناغی كۆمەڵگەی كوردی وێڕای ئەوەی هەبونی ئەو سیستەمەی بە باش زانیووە، بەڵام جەختیشی لەسەر پێویستی بوونی پزیشكی پسپۆڕكردۆتەوە[٦]. پێشی وابووە لایەنێكی باشی سیستەمەكە ئەوەیە، كە ئەگەر بەتەواوی جێبەجێ بكرێت ئەوا بازاڕو دوكان و قوتابخانەكانیش دەكەونە بەر لێپرسراوێتی سەرپەرشتی كردن و چاودێری كردنی بنكە تەندروستییەكانی ناوچەكانی خۆیان[٧]. لەبەر كەمی ژمارەی نۆژدارو كارمەندی تەندروستی لەناوچەكەدا ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ڕۆژنامە نووسان داین.**

**هەروەها سیستەمی ڕەوانەكردن (ئیحالەكردن)، كە سیستەمێكی تەندروستی گونجاوە بۆچارەسەركردنی نەخۆش لەنەخۆشخانەكاندا. گۆڤاری(تەندروستی و كۆمەڵ)دا لەبارەیەوە نووسیویەتی سیستەمێكی تەواو تەندروستییە، سەردانەكانی هاولاَتیان بۆ دامەرزاوە تەندروستییەكان بەگوێرەی شوێنی چارەسەرییەكان ڕێكدەخات و بەپێی دەفتەرێكی تەندروستی، مێژووی سەردانەكان و**

---

(١) لقی هەولێر، شێوەی نوێی كاركردن لەنەخۆشخانەكانداو ئەم پزیشكە، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(١١٦١)، ١٩٩٠/٣/١٥، ل٧.

(٢) ئازاد اسماعیل حەقی، بەشی (طواری)یمان نەخۆشخانەیەكی تەواوە، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(١١٧٢)، ١٩٩٠/٤/٢٣، ل٩.

(٣) حسن علی سلیم، نەخۆشخانەی گشتی لەكەلارو سیتەمی نوێی– نظام الوحدات الطبیة– و چەند تێبینیەك، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٣٨)، ١٩٩٠/٤/١٤، ل١٠.

(٤) لقی هەولێر، شێوەی نوێی كاركردن لەنەخۆشخانەكانداو ئەم پزیشكە، ل٧.

(٥) هێرش، هاوكاری سەر لەمەلبەندی تەندروستی خەبات دەدات، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(١١٦٩)، ١٩٩٠/٤/١٢، ل٣.

(٦) بزاڤ، كۆنگرا سالآنا وەزارەتا ساخلەمی، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٢٤)، ١٩٩٠/١/٩، ل٣.

(٧) هێرش، س.پ، ل٣.

نەخۆشکەوتنی هاولاَتی لەگەڵ ئەو ڕاژە چارەسەرییانەی پێشکەشیکراوە تۆمار دەکرێن. سیتەمەکە لە سێ قۆناغ پێك دێت؛ لەنزیکترین بنکەی تەندروستی بۆ هاولاَتی دەست پێدەکات، پاشان بۆ قۆناغی دووەم کە بنکەی تەندروستی ڕاوێژکارییەو نۆژدارە پسپۆڕەکان تیایدا کاردەکەن، هەر ئەوانیش بڕیاری ڕەوانەکردن بۆ قۆناغی سێیەم سەبارەت بەمانەوەی نەخۆش لەنەخۆشخانەکاندا دەدەن[1].

ڕۆژنامەنووسی کوردی جێبەجێکردنی تەواوەتی ئەوسیستەمەی لەنەخۆشخانەکاندا بەگرنگ زانیوە. چونکە سیستەمەکە کار لەسەر ڕاگیرکردنی ئەو ڕاژە تەندروستییە پێویستیانە دەکات، کەڕاسترین و شیاوترین چارەسەری بۆ هاولاَتیان دەستەبەر دەکات و نەخۆش لەژێر چاودێری نۆژداری پسپۆڕەوە چارەسەری بۆ دەکرێت. لەڕووی بەدواداچوونی چارەسەری و چاودێریکردنی نەخۆش، لەلایەن نۆژداران و ئاگاداربوون لەداودەرمانە بەکارهێنراوەکانی پێشووش زۆر گرنگە، کەدەبێتە هۆی تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکان[2].

سەبارەت بە ئامێرو کەرستە نۆژدارییەکان، کەهۆکارگەلێکی گرنگی دۆزینەوەو چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانن. بەپێی ئەو هەواڵ و باسانەی کە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هاتووە، نەخۆشخانەکان ئامێرو پێداویستی چارەسەرکردنی نەخۆشییان تێدا هەبووە. بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی(هاوکاری) گوتویەتی: "بەشی (طواریء)یمان نەخۆشخانەیەکی تەواوە، هەموو پێداویستییەکی چارەسەرکردنی نەخۆشمان هەیە، باخەڵکی یەکسەر ڕوونەکەنە بەغدا، بزانن ئێمە چاریان دەکەین یان نەء"[3]. لەگۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)یشدا باس لەهێنانی چەند ئامێرێکی نوێی پزیشکی کراوە، کە بۆ یەکەمجار هێنراوەنەتە نەخۆشخانەکانی کوردستان. یەك لەوانە ئامێری سۆنار، یان(الاکتراسا و ندسکاتر)بووە. (عطیە محمد سعید- پسپۆڕ لە نەخۆشییەکانی ئافرەتان) لەبارەی ئەو ئامێرەوە دەلێ لەسەرەتای ساڵی١٩٦٠ەوە لەولاتی سوید بەرهەمهێنراو کەوتە نێو دونیای نۆژدارییەوە، لەساڵی ١٩٨٠-١٩٨١یش بۆیەکەمجار هێنراوەتە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر. سوودیشی لێوەردەگیرێت بۆ پشکنینی ئافرەتانی سکپڕو زانینی وردترین زانیاری دەربارەی کۆرپەڵە لەوکاتەی هێشتا لەناو سکی دایکییەتی. هەروەها ناوبراو باسی لەهێنانی ئامێرێکی تیشکی پێشکەوتووی ژاپۆنی کردووە بەناوی (ئەلۆکا)، کە لەبەشی تیشك کاری پێدەکرێت[4]. ڕۆژنامەی(هاوکاری) زووتر باسی لەهێنانی ئەو ئامێرانە کردووەو بەهەنگاوێکی پێشکەوتنی کەرتی تەندروستیشی داناوە[5].

---

(1) تەندروستی و کۆمەل، سیستەمی ئیحالەکردن لەدهۆك دا، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٣-٢٧)، س٣، شوباتی١٩٩٠، ل١٠.

(2) سەلمان کوڤلی، سستەما ڕەوانەکرنێ ل پارێزگەها دهوکێ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١٢)، ئەیلولی١٩٨٨، ل٦٨ ؛ تەندروستی و کۆمەل، ل١٠.

(3) ئازاد اسماعیل حەقی ، س.پ، ل٩.

(4) زریان، لەنەخۆشخانەی گشتی صدام لەهەولێردا: تازەترین ئامێری دەست نیشانکردنی نەخۆشییەکانی ئافرەتان بەکار دەهێنرێ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٤)، کانوونی دووەمی١٩٨٨، ل ل١١-١٥.

(5) ناصر جرجیسی، ئامێرێکی نوێی پزیشکی کۆرپەلە لەڕەحمی دایك پیشان دەدات، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٤٣)، ١٩٨٦/٦/٥، ل٨.

هەروەها داوو دەرمان هۆكاری ڕاستەوخۆی چارەسەركردنی نەخۆشییەكانە. لەڕۆژنامەی(هاوكاری)دا هاتووە لەهەموو نەخۆشخانەو شارێكدا شوێنی تایبەتی دەرمان هەڵگرتن و سەرفكردن هەیە. لە نەخۆشخانەكاندا بەپێی ئەو ڕاچێتەی نۆژداران بۆ نەخۆشەكانی دەنووسێت دەرمان خەرجەكرێت. لەدەرەوەشدا هاولاتی هەر بەگوێرەی ڕاچێتەكە، لەدەرمانخانە ئەهلییەكان دەیكڕێت. دابینكردنی داوو دەرمان و پێداویستییە نۆژدارییەكانیش لەلایەن (كۆمپانیای گشتی داوو دەرمان و پێداویستی پزیشكی) یەوە بووە، كە كۆگای سەرەكی لەشاری بەغدا بووە. دوای بەشی پارێزگاكان دیاری دەكرا، پارێزگاكانیش بەگوێرەی بڕی بەركەوتوویان دابەشی سەر دامەزراوە تەندروستییەكانیان دەكرد[1]. بەڕێوبەری كۆمپانیاكە لە لێدوانێكیدا تیشكی خستۆتە سەر ڕۆڵی (كۆمپانیای دەرمانی سامەڕا)، بەوەی كە(١٠٠)جۆر دەرمانی ئامادەكراو بەرهەم دەهێنێت و بەشێكی پێداویستی دەرمانی بۆ هەموو عێراق پڕكردۆتەوە. بەتایبەت گوایە بەشێك لەو دەرمانانەی بەرهەمی هێناون لە دەرمانی بیانی بەدیلی زۆر كەمبووە؛ وەكو دەرمانی( ئەمپسلین، فلو ئاوت، لیبراكسام). لەگەڵ ئەوەشدا بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانی ناوەخۆ پشت بەدەرمانی هاوردەكراوی ولاتانی دەرەوەش دەبەسترا[2].

### ٢- نەخۆشی و گیروگرفتە تەندروستییەكان:

بەشێوەیەكی گشتی زانیارییە ڕۆژنامەوانییەكان ئەوەشی لێدەخوێندریتەوە، كە كەرتی تەندروستی باشووری كوردستان لەسایەی حوكمڕانی حكومەتی عێراقەوە لەڕەوشێكی باشدا نەبووە. ئەگەرچی ڕەوشەكە لەناوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر گۆڕاوە، بەڵام هەبوونی چەند كێشەو گرفتێكی تەندروستی و تەكنیكی لەكەرتەكەداو بلاوبوونەوەی هەندێك نەخۆشیی و بنەبڕنەكردنیان، ئەو ڕاستییەیە دەسەلمێنن.

ڕۆژنامەكان لەخستنەڕووی گیروگرفتە تەندروستییەكان ببوونە ئاوێنەی ژیانی خەڵك. سەعید یەحیا لەڕۆژنامەی(هاوكاری)یەوە دەنووسێ نەخۆشخانەكان وەكو پێویست نین، بەتایبەت لەڕووی پاك و خاوێنییەوە. ناوبراو تا ئەو ئەندازەیە ناڕازی بووە لەڕەوشەكە، دەلێت:" خوانەكا كەسێكت نەخۆش كەوێ، نەخۆشیەكەی گرانتر دەبێ و ئەوكەسەی بەشەو لای دەمێنێتەوە ئەویش نەخۆش دەكەوێ !، باوەڕدەكەن یا ناكەن كەیفی خۆتانە..بەڵام سوێندتان بۆدەخۆم، كە نە لەدوور نە لەنزیك كەسی دكتۆرمان لێ هەلنەكەوتووە تا بلێین لەبەر ئەوە هەق وە نەخۆشخانەكان دەدا...!"[3].

هەروەها بەشێك لەنەخۆشخانەكان كێشەی بینایان هەبووە، بەوەی تایبەت بەنەخۆشخانە دروستنەكرابوون، یان كۆن و بچوك بوونەو لەئاست پێویستی ناوچەكەدا نەبوونە. نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی یەك لەو نەخۆشخانە سەرەكییانەبوو كێشەی بینای هەبووە. بەڕێوبەری نەخۆشخانەكە بۆ

---

[1] م. لقی هەولێر، گفت وگۆیەكی هێمن لەمەڕ دەرمان و دەرمانسازی لەشاری هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(١١٢٤)، ١٩٨٩/١١/٦، ل ٥.

[2] بەڕێوبەری كۆمپانیای داو و دەرمان لەلێدوانێكی گشتی چەندلایەنێكی ئەو كۆمپانیایە ڕوون دەكاتەوە، گۆڤاری(تەندروستی و كۆمەڵ)، ژ(٥)، شوباتی١٩٨٨، ل١١.

[3] سعید یحیی، قسەی خۆمان بێ: قسەی ناهەق پیرۆزی خاوەنی نەبێ!، ڕۆژنامەی(هاوكاری)، ژ(٧٨٩)، ١٩٨٥/٥/١٦، ل٨.

**ڕۆژنامەی (هاوکاری) گوتویەتی لەبەرئەوەی نەخۆشخانەکە بینای تایبەتی بۆ دروستنەکراوە، بۆیە دوای ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی بەسەر بیناکەی هێنراوە هێشتا گرفتی زۆری هەیە، کەناتوانرێت سیستەمی یەکەی تێدا جێبەجێبکرێت و بەشەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاربکەن[(١)]. نەخۆشخانەی گشتی کەلاریش بەدەم گرفتی بچوکی بیناو نەبوونی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن(اسعاف)ەوە دووچاربببوو. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی(ئاسۆ) باس لەوەدەکات بینای ئەو نەخۆشخانەیە کاتی خۆی بۆ(٥٠٠) ماڵ دروستکرابوو، بەڵام ئێستاکە، کەلار زیاد لە(٢٠)هەزار ماڵە، زۆرجار نەخۆش پێویستی بەناردن دەبێت بۆ سلێمانی یان دیالە، لەوکاتەشدا ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن کەمە. لەبەرئەوە ڕۆژنامەکە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەو نەخۆشخانەیەی بەکارێکی پێویست و بەپەڵە داناوە، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی هاوڵاتیانیش بێت[(٢)].**

**دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان، کە لەگۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)دا بڵاودەکرانەوە، هەبوونی کێشەو گرفتی بیناو ئاو و کارەبای نەخۆشخانەی گشتی پارێزگای دهۆك نیشاندەدەن. بەوەی کەم و کوڕی زۆری تێدایەو پێویستی بەچارەسەرکردنێکی بەپەلە هەیە[(٣)].**

**هەروەها نەخۆشخانەکان بەگشتی گرفتی نەبوونی فێنککەرەوەیان هەبووە. گرفتەکە لەئەنجامی سەردانی پەیامنێرانی ڕۆژنامەی(هاوکاری) لەسەر هەریەکە لەنەخۆشخانەکانی قەزای خەباتی پارێزگای هەولێر و نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی ڕەنگی دابۆوە. پەیامنێران بەوجۆرە لەبارەی کێشەکەوە نووسیویانە؛ کە گشت نۆژداران لەژوورەکانی خۆیان لەبەردەم فێنك کەرەوە دانیشتوون و لەبەر گەرمای هۆڵەکانیش ناتوانن سەر لەنەخۆش بدەن. هەروەها لە ڕاپۆرتی(سەردانێکی کت و پڕو بۆ ئەو نەخۆشخانەیە)دا وێنەیەکی زۆر ناتەندروستی دەرمانخانەی نەخۆشخانەی قەزای خەبات خراوەتەڕوو، کە ئاودەستخانەبووەو کراوە بەدەرمانخانە، لەبەر نەبوونی هیچ فێنککەرەوەیەکیش زۆربەی دەرمانەکانی بەسەرچووبوون[(٤)].**

**کەمی ژمارەی نۆژدارو کادیری پسپۆڕ لەنەخۆشخانەکاندا، یەکێکی تر بووە لەو گرفتانەی لەڕۆژنامەکاندا ڕەنگی دابۆوە. لەم بارەوە لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتووە شاری هەڵەبجە دانیشتوانەکەی نزیکەی(٣٠-٥٠)هەزار کەس دەبێت، ژمارەی نۆژدارانی نەخۆشخانە گشتییەکەی(٢-٣) نۆژدار تێپەڕناکات. ڕۆژنامەکە دەڵێ ئەمە خۆی لەخۆیدا زۆر کەمە، چونکە نۆژدارەکانی نەك هەر ئەوەندە چارەسەری ئەم ژمارە زۆرەی دانیشتوانەکەی پێناکرێت، بەڵکو لەڕادەبەدەر ماندوودەبن و دەکەونە بەر ڕەخنەی ئەم و ئەویش[(٥)]. نەخۆشخانەی ڕانیە بەدەست هەمان کێشەوە ناڵاندویەتی[(١)]. هەر لەچوارچێوەی**

---

(١) بێستون محمد صالح مصطفى، گفتوگۆیەك لەگەل بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی سلێمانی (دکتۆر جمال عمر تۆفیق)، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٣٩)، ١٩٨٩/١٢/٢٨، ل١٢.

(٢) حسن علی سلیم، س.پ، ل١٠.

(٣) کورتەی مەحزەری دانیشتنی حەوتەم، گۆڤاری(ئۆتۆنۆمی)، ژ(٤)، س٥، ١٩٨٠، ل٧٥.

(٤) شێرزاد عبدالرحمن، سەردانێکی کت و پڕ بۆ ئەو نەخۆشخانەیە ! !، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٠١)، ١٩٨٩/٨/١٥، ل٤ ؛ مامە خەمە، سکالای هاونیشتمانیان: فریای نەخۆشخانەی تەعلیمی سلێمانی بکەون، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١١٣)، ١٩٨٩/٩/٢٨، ل١١.

(٥) عبدالله دەشتی، نەخۆشخانەی هەلەبجە پێویستی بە لاڵێ کردنەوە هەیە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٣٤)، ١٩٨٦/٤/٣، ل١٠.

کێشەو بایەخ پێدانانەکانی ڕۆژنامەی(هاوکاری) بۆخستنەڕووی گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان، ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەخراپی ڕەوشی تەندروستی گوندەکانیش کردووە؛ نموونەی دووگوندی هێناوەتەوە، یەکیان گوندی(گەناو)ی پارێزگای سلێمانی بووە، کە لەنەخۆشخانەکەیدا یەك برینپێچی هەبووە لەگەڵ (٢٠)خزمەتگوزار. ئەوی تریان گوندی (مەلاقەرە)ی دەشتی هەولێرە، وەکو باسکراوە نزیکەی(١٥٠)ماڵ دەبێت، بەڵام نەخۆشخانەکەی هیچ دکتۆرێکی تێدا نەبووە[٢].

گرفتی کەمی نۆژدار وەنەبێت تەنها لەقەزاو شارو شارۆچکەو گوندەکاندا هەبووبێت، تەنانەت نەخۆشخانە گشتییەکانی پارێزگاکانیش لەو کێشەیە بەدەرنەبوونە. ڕۆژنامەی(ئاسۆ) لەسەردانێکی مەیدانی بۆ (نەخۆشخانەی سەدامی فێرکردنی گشتی- هەولێر) باس لەداخستنی بەشی نەخۆشی شێرپەنچەی نەخۆشخانەکە دەکات، بەهۆی نەبوونی نۆژداری پسپۆڕ. هەروەها تێیدا هاتووە نەخۆشخانەکە کادیری تاقیگەیی کەم بووە[٣]. بەگوێرەی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی(بزاڤ) کەرتی تەندروستی پارێزگای دهۆکیش، هەمان ئەو گرفتانەی هەبووە[٤].

لە بارەی گرفتی کەمی نۆژدارو کادیری تەندروستی، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ) نووسیویەتی گرفتی کەمی نۆژدار بەتایبەت سستەر گرفتێکی گشتییە لەهەموو عێراقداو پێویستە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ بدۆزرێتەوە. پێشنیازی ئەوەشی کردووە لەدۆخێکی وەهادا باشتر وایە ڕێگە بەکچانی ئارەزوومەندی ئەو بوارە بدرێت بۆخوێندن، مەشق و ڕاهێنانی تایبەتیشیان پێ بکرێت. ئەوکاتە ئەوفشارە زۆرەی سەر نۆژداران کەمتر دەبێتەوەو سستەرەکان دەتوانن بەهەندێك لەنەخۆشییە ساکارەکان ڕابێن. چونکە بەپێی یاسای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پێویستە هەر نۆژدارێك (٤)سستەری لەگەڵدا بێت، بەڵام لەعێراقدا زۆر لەو ڕێژەیە کەمتر بووە[٥].

کەمی دەرمان و سکاڵای هاونیشتمانیان لەدەرمانخانەکان بەشێکی تری کێشەی کەرتی تەندروستی بوو. لەڕۆژنامەی(ئاسۆ)وە هاونیشتمانییەك سکاڵای ئەوەی کردووە لەنەخۆشخانەیەکی میری دوای ئەوەی نۆژدارێك(٥) دەرزی بۆ نووسیوە، بەڵام دەرمانخانەکە تەنها یەك دەرزی پێداوە. ڕۆژنامەکە لەبەدوا داچوونی سکاڵاکە، بۆی دەرکەوتووە دەرمانخانەکە لەهەموو کەسێك چەند پارچە دەرمانێکی گێڕاوەتەوە، بەهۆی کەمی دەرمانەوە[٦]. لەڕۆژنامەی(هاوکاری)یشدا هاتووە لەشارێکی وەکو کۆیە تەنها یەك

---

(١) نیازی حمە عزیز، نەخۆشخانەکەی ڕانیەو پرسیارێك، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٤٥)، ١٩٨٤/٧/١٢، ل٦.

(٢) لەنەخۆشخانەی «گەناو» یەك برین پێچ و (٢٠)فەڕاش!!، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٧)، ١٩٨٠/٨/٤، ل٥ ؛ شێرزاد عبدالرحمن، پێویستیەکانی گوندی مەلاقەرە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٨٦)، ١٩٨١/٥/٧، ل٥.

(٣) پ. هەولێر، لەهەولێر: گەڕانێك بەنەخۆشخانەی صدام ی فێرکردنی گشتی دا، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(١١)، ١٩٨٩/١٠/٧، ل٢.

(٤) پ. دهۆك، بزاڤ ل مێڤانداریا ڕێڤەبەریا تەندروستی یا گشتی یا دهوکێ، ڕۆژنامەی(بزاڤ)، ژ(٤٠)، ١٩٩٠/٥/١، ل٣.

(٥) باسل عباس العبیدی، ب کارئانینا دیدگەها ڕیککەفتی ل دەسنیشانکرنا دۆخێد ڕێکخراوێت ساخلەمهێ(پشکا سییێ–لێکۆلینەوەکە)ـ و: ت.ك، گۆڤاری(تەندروستی وکۆمەڵ)، ژ(١٠–٢٢)، س٣، ئەیلولی ١٩٨٩، ل٤٢.

(٦) حەمە ئەمین محمود، دیسان لەشاری برایەتی..لەنەخۆشخانەکەی ئەو شارە چی ڕوودەدا؟، ڕۆژنامەی(ئاسۆ)، ژ(٣٥)، ١٩٩٠/٣/٢٤، ل١٠.

**دەرمانخانەی میری هەیە، ئەویش لەنەخۆشخانەی کۆماری شارەکەدایە. بەیانی بەخۆڕایی ئێواران بە بەرامبەر دەرمان دەفرۆشێت. زۆر بەئەستەمیش دەرمانی پێویست دەستدەکەوێت[(١)]. لەبەدوا داچوونێکی ڕۆژنامەی ناوبراودا بۆ(دیوانی ئەمینداریێتی گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی-بەشی دەرمانسازی) سەبارەت بە کێشەی کەمی دەرمان لەنەخۆشخانەکاندا، دەردەکەوێت لایەنی ناوبراو کێشەکەی خستۆتە سەر هاولاتیان؛ بەوەی کە بەشێکی زۆری هاولاتیان بەبێ ڕاچێتی پزیشکی داوای دەرمان دەکەن، یان بەدوای دەرمانێکدا دەگەڕێن و وادەزانن باشە، بەڵام لەبەرئەوەی زۆرجار کۆمپانیاکانی دەرمان بەرگی دەرمانەکان دەگۆڕن، لیژنە تەندروستییەکانیش ئەو جۆرە دەرمانانە بە پەسند نازانن بۆیە نایهێلن لەدەرمانخانەکان. لەو کاتەشدا هاولاتیان گلەیی لە دەستنەکەوتنیان دەکەن[(٢)]. بەلام لەڕاستیدا لەهەندێك ناوچەدا کێشەکە حکومەت بووە، نەوەك هاولاتی. بۆ نموونە لەشارێکی وەکو کۆیە کە ئاماژەی بۆکرا یەك دەرمانخانەی هەبووە.**

**دەرمانخانە تایبەتیەکانیش، لەلایەن ڕۆژنامەی(هاوکاری)یەوە بەدواچوونی ئەوەی بۆکراوە، کە بەشێکیان بەبێ مۆلەت بوونە. یان بەبێ ئەوەی کەسەکان بڕوانامەی نۆژداریی دەرمانەوانیان هەبووبێت، دەرمانیان فرۆشتووە. ڕۆژنامەکە ئەو بارەی بەمەترسیدار داناوە و بەرزی کردۆتەوە بۆلایەنی پەیوەندی دار. ئەوانیش ئەوکارەیان بەسەرپێچی داناوەو لەسەر ڕاپۆرتی ڕۆژنامەکە لیژنەیەکیان بۆ بەدواداچوونی کێشەکە پێکهێناوە[(٣)]. بەلام ڕۆژنامەکە ئەنجامی بەدواداچوونی کێشەکەی باسنەکردووە.**

**مەسەلەیەکی تر کەڕۆژنامەکان بەدیاردەیەکی خراپ و بەربلاویان داناوە، ئەویش ئەو کەسانەن کەدوای تەواوکردنی پەیمانگەی برینپێچی(معهد تمریض) لەماڵەوە نۆرینگەیەکی تایبەتیان داناوەو چارەسەری هەموو جۆرە نەخۆشییەکیان کردووە. ڕۆژنامەی(هاوکاری) نووسیویەتی ئەودیاردەیە لەگەڕەکە میللیەکاندا بەتەواوی سەریهەڵداوەو دەڵێت:" هێی..بەڕێوبەرایەتی تەندروستی هەولێرا ئەگەر ئەم دیاردەیەتان پێ چارەسەر ناکرێ ئەوا کۆلێجی پزیشکیمان پێویست نی یە.. بیگوازنەوە شارێکی تر بەلکو ئەوان دکتۆریان کەمەو پێویستیان پێ هەیە..چونکە لەشارەکەی ئێمەدا[کۆلیژی پزیشکی]باوی نەماوە"[(٤)]. ڕۆژنامەی(ئاسۆ)ش لەبارەی ئەو نۆرینگانەوە نووسیویەتی جیاوازی ئەو پزیشکانەو ئەوانی تر ئەوەیە کە مۆلەتی کردنەوەی عیادەکەی نیەو چارەسەری هەموو نەخۆشییەك دەکات؛ لەپەنچەی پێ تا تەوقی سەر، لەگەورە تا بچووك[(٥)].**

**جیاوازی مامەڵەو هەلسوکەوتی نۆژداران لەگەڵ نەخۆشدا لەنەخۆشخانەو نۆرینگە تایبەتیەکانیاندا، جێگەی ناڕەزایی هاونیشتمانیان بووەو لەڕۆژنامەکاندا ڕەنگدانەوەی خۆی هەبووە. ڕۆژنامەی(عیراق)**

---

(١) پ. کۆیە، دەرمانخانەکەی کۆیە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٤٤)، ١٩٩٠/١/١٥، ل١٠.

(٢) م. لقی هەولێر، گفت و گۆیەکی هێمن لەمەڕ دەرمان ...س.پ، ل٥.

(٣) بێستون محمد صالح مصطفی، گەشتی(٨)سەعاتەی هاوکاری بۆ بەڕێوبەرایەتی تەندروستی و سەرجەم نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٥٢)، ١٩٩٠/٢/١٢، ل٤.

(٤) خالد دێوانە، دیاردەیەکی خراپ..!، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژ(١١١٤)، ١٩٨٩/١٠/٢، ل١١.

(٥) شۆڕش محمد، س.پ، ل ١٠.

چیرۆکی هاونیشتمانییەکی گێڕاوەتەوە، کەدوای ئەوەی چووەتە نەخۆشخانەو لای نۆژدارێکی دیاریکراوی نەخۆشیەکەی، زۆر بەساکاری پێشوازی لێکراوەو نۆژدارەکە بەبێ هیچ جۆرە پشکنینێك ڕاچێتێکی بۆ نووسیوە، کەخۆی نەبێت کەس نازانێ بیخوێنێتەوە. دواتر هەمان هاونیشتمانی سەردانی نۆرینگەی تایبەتی هەمان نۆژداری کردووە، بەرامبەر بەو هەموو ڕێزو نەرم ونیانیەی نۆژدارەکە براوی نەکردووە[(1)]. نووسەرێك نووسیویەتی:" بەداخەوە دەڵێم زۆربەی برا دکتۆرەکانمان ئەو مامەڵەتەی لەگەڵ نەخۆشی دەکەن لە عیادەکانیان زۆر جیاوازە لەوەی کە لەنەخۆشخانەکاندا دەیکەن"[(2)]. ئەو گرفتەیە لەچەند لەژمارەیەکی ڕۆژنامەی(هاوکاری)یشدا هاتووەو نووسەران بەدیاردەیەکی سەرسوڕمانیان زانیوە، کە بۆچی گیانی مرۆڤەکان لەنەخۆشخانەکاندا وا سووك و هەرزانە؟[(3)].

لەبارەی دەردو نەخۆشیی بەربڵاوەوە، بڵاوکراوەکان ئاماژە بەدوو لەبڵاوترین نەخۆشی دەکەن؛ ئەوانیش (لەرزوتا«مەلاریا»و سکچوون)ن. نۆژداران هۆکاری بەربڵاوی ئەو دوو نەخۆشییەیان گەڕاندۆتەوە بۆ گیروگرفتی ژینگەیی ناوچەکە. چونکە پێیان وابووە ناکرێت تەندروستی و ژینگە لێك جیابکرێنەوە، بەتایبەت کە(٩٠٪)ی هۆکاری تووش بوون بەو دوونەخۆشییە بەهۆی ئاوی پیسەوە دەبێت[(4)]. لەگۆڤاری(تەندروستی وکۆمەڵ)دا هاتووە لەئێستادا گرانەتا لەبڵاوترین نەخۆشی درمی و تایبەتی مرۆڤە، کەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازرێتەوەو ڕۆژانە بەدەیان کەس لەشارێکی وەکو هەولێر تووشی دەبێت[(5)].

بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە بەشێوەیەکی مەترسیدار وەکو لەڕۆژنامەی(هاوکاری)دا باسکراوە، بەرپرسانی کەرتی تەندروستی ناچارکردبوو لەپێناو ڕێگەگرتن لەزیاتر تەشەنەکردنی نەخۆشییەکەو چۆنێتی خۆپاراستن لێی، لیژنەیەکی تەندروستی بۆ پێکبهێنن. لیژنەکە بە بەشداری (١٣)نۆژدارو شارەزایانی ئەفغانستان و میسر و عێراقی پێکهاتبوو. ئەنجامی کاری لیژنەکە بریتی بوو لەکردنەوەی خول بۆ نۆژداران و ئەنجامدانی چەندین سیمنار و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی تەندروستی بەسەر نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان، دەربارەی چۆنیەتی خۆپاراستن لەنەخۆشییەکە[(6)]. بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی ناوبراو هەنگاوێکی تری حکومەت بۆ ڕێگەگرتن لەبڵاونەبوونەوەی نەخۆشییەکە بریتی بوو لەئەنجامدانی هەڵمەتی ڕشاندنی ماددەی(D.D.T) بەوشارو دێهاتانەی کە بەچڕی

---

(1) حەمە سعید، هەگبەکەی کاکە حەمە: سوبحان الله ...لەو جۆرە پزیشکانە، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(٢)، ١٩٨٧/٩/٢٣، ل٤.

(2) گۆران حەریری، لەپێناوی تەندروستی یەکی باش و ژیانێکی بەختەوەر، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٦)، ئاداری١٩٨٨، ل١٣.

(3) بۆنموونە بڕوانە: شێرزاد عبدالرحمن، کاروباری خەلکی: چەند وێنەیەکی تال لەنەخۆشخانەی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٣١)، ١٩٨٤/٣/٢٩، ل٥ ؛ سەرتیپ محمد رشید، هەلوێستێك بەپێداویستی هاولاتیان دا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١١٤٨)، ١٩٩٠/١/٢٩، ل١٠.

(4) ئازاد، لەنەخۆشخانەی کۆماری هەلەبجە، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٧٦٢)، ١٩٨٤/١١/١٥، ل٦ ؛ بێستون محمد صالح مصطفى، گەشتی(٨)سەعاتەی هاوکاری بۆ بەڕێوبەرایەتی تەندروستی و سەرجەم نەخۆشخانەکانی پارێزگای سلێمانی، ل٤.

(5) د. عبدالقادر مغدید محمد ئەمین، ئالۆزییەکانی دەست نیشانکردنی نەخۆشی گرانەتا، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٤–١٦)، س٢، ئاداری١٩٨٩، ل٨.

(6) پ. هەولێر، خولێکی فراوان لەتەندروستی هەولێر، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٥٣٤)، ١٩٨٠/٧/١٤، ل٢.

نەخۆشییەکەی تێدا بڵاوبویەوە. ئەنجامدانی پشکنین بۆسەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەی هاولاتیانیش هەنگاوێکی دیکەبووە. چونکە وەکو باسکرا نەخۆشیەکە زیاتر بەهۆی خواردنەوەی ئاوی پیسەوە بوو[1].

سکچوونی منداڵان لەنەخۆشییە ترسناك و بڵاوەکان بووە. نۆژدارێك لەگۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)دا بەوردی باسی لەمەترسیەکانی ئەو نەخۆشییە کردووەو بەهۆکارێکی سەرەکی مردنی منداڵانی داناوە. ئاماژەی بەوەشداوە نەخۆشییەکە زیاتر لەنێو منداڵانی تەمەن(٣مانگی-٣ساڵی)باو بووە. هۆکارەکەشی گەڕاندۆتەوە بۆ بێ بەشکردنی منداڵان لەشیری دایك و پێدانی شیری قوتوو[2]. بەڕێوبەری نەخۆشخانەی منداڵان لەهەولێر بۆ گۆڤاری(کاروان) دەڵێ لەو چەندساڵەی ڕابردوودا سکچوون بەتەواوی لەنێومنداڵاندا پەرەی سەندووە. ئامۆژگاری دایکانیشی کردووە هەر لەگەڵ سەرەتای دەرکەوتنی نەخۆشیەکە پێویستە منداڵەکە لەنەخۆشخانە چارەسەری پێویستی بۆ بکرێت. چونکە ئەگەر لەنەخۆشخانە نەمێنێتەوە ئەوا ئەگەری توندتر بوونی نەخۆشیەکەی لێدەکرێت و دەبێتە سکچون و ڕشانەوە. ئەو بارەش پێی دەوترێت(D.V.D) واتە ڕەوانی و ڕشانەوەو وشکبوونەوە. زۆربەی ئەو منداڵانەشی پێش بەو بارەی ناگیرێت و چارەسەری پێویستی بۆناکرێت، ئەوا بەمردن کۆتایی دێت[3]. دیسان لەگۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)دا هاتووە سکچوونی مندالان زۆر بڵاوەو لەوڵاتانی دواکەوتوودا لەهۆیە گرنگەکانی کوشتنی منداڵە. ساڵانە نزیکەی(٤٠)ملیۆن منداڵ لەجیهاندا بەهۆی سکچوونەوە گیان لەدەست دەدەن[4].

نۆژداران لەڕێگەی بڵاوکراوەکانەوە ئامۆژگاری خێزانەکانیان کردووە بەوەی کەپێویستە تووشبووی سکچوو، خواردەمەنی شلی دەرخوارد بدرێت، کەبابەتی وەکو خوێ و شەکری تێدا بێت، بەتایبەت شەکری گلۆکۆز کەسووکە بۆهەرسکردن. تاوەکو نەخۆش قەرەبوی ئەو شلانە بکاتەوە کە بەهۆی سکچوونەوە لەدەستی دەدات. هەروەها ڕێنمایی دایکانیان کردووە کەزۆر گرنگە منداڵەکانیان ڕۆژانە بەئاوو سابوون بشۆن و شیری خۆیانیان پێبدەن. منداڵی تووش بوو لەوانی تر جیابکەنەوە. پاراستن و هەڵگرتنی خواردەمەنی لەناو بەفرگر و دوور لەمێش ومەگەز، پاك ڕاگرتنی لەش و لاری منداڵانیان بەپێویست زانیوە[5]. لەسەرووی هەموو ئەوانەشەوە کوتانی منداڵانیان لەکاتی خۆیدا، لە هۆیە هەرەگرنگەکانی دوورکەوتنەوەو خۆپاراستن لە نەخۆشییەکان داناوە[6].

نەخۆشی شێرپەنجە(سرطان)، ئەگەرچی نەخۆشییەکی بەربڵاونەبوە لەناوچەکەدا، بەڵام لەگۆڤارەکاندا وەکو نەخۆشییەکی کوشندەو مەترسیدار باسیکراوەو هۆشیارییان لەبارەیەوە بەهاولاتیان داوە.

---

[1] ئازاد، س.پ، ل٦.

[2] د. محمد کامل، سکچوونی منداڵ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٢-١٤)، س٢، ١٩٨٩، ل١٦.

[3] د. سەردار عبدالرحمن أمین، نەخۆشی ی سك چوون و ڕشانەوەی مندالان، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٣٤)، س٣، تەموزی١٩٨٥، ل٦٩.

[4] د. دلزار عبدالرزاق قادر یاسین، چەند بیرو ڕایەکی چەوت دەربارەی نەخۆشی و تەندروستی، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١٢-٢٤)، س٣، تشرینی دووەمی١٩٨٩، ل٩.

[5] احمد مصطفی احمد، سك چوون لەلای مندالان، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٤-١٦)، س٢، ئاداری١٩٨٩، ل٧٤.

[6] د. کامەران عباس، س.پ، ل٦.

بەتایبەتی شێرپەنچەی مەمك. لەگۆڤاری(تەندروستی وكۆمەل)دا هاتووە:"تیراڤەیا مەمکێ ئێکە ژوان ڕەنگێن تیراڤەییێن گەلە بلاڤ بوی دناڤ ژنادا ل جهانی". هەروەها گۆڤارەکە نووسیویەتی ئەگەرچی تا ئێستا هۆکاری تەواوەتی شێرپەنجەکە نەزانراوە، بەلاّم چەند هۆکارێکی یاریدەدەری تووشبوون بەنەخۆشییەکەی خستۆتەڕوو لەوانە: قەلەوی، قەبارەی مەمك، جۆری خواردن، بەرکەوتنی تیشك، بۆماوەیی و زۆربەکارهێنانی دەرمان[1]. نۆژدارێك ئامۆژگاری ئافرەتانی کردووە بەوەی کە گرنگترین هەنگاو ئەوەیە جاروبار بچنەلای نۆژداری تایبەتی و مەمکی خۆیان بپشکنن. لەکاتی هەستکردن بەدروستبوونی هەرگرێیەکیش لەمەمکتان بەزووترین کات سەردانی نۆژداری پسپۆڕ بکەن. چونکە دەست نیشانکردنی زووبەزوویی ئومێدی چارەسەری زۆری تێدایە[2]. لەبارەی ڕێژەی بەربلاّوی نەخۆشییەکەوە لەگۆڤاری ئاماژە بۆکراودا هاتووە، بەپێی سەرژمێری ساڵی١٩٨٥ی حکومەتی عێراق، لەسەرئاستی عێراق بەگشتی (٩,٣٪)بووە. ئەگەرچی ئەو ڕێژە زۆرەیە جێگەی گومانە، بەلاّم نۆژداران گرتنەبەری ڕێگەچارەی گونجاویان بۆ ڕێگریکردن لەتەنینەوەی نەخۆشیەکە بەپێویست زانیوە[3].

هەولێکی حکومەت بۆ هۆشیارکردنەوەی خەلّك و ڕیگەگرتن لەتەنینەوەی نەخۆشیەکە لە گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەلّ)دا بەدیدەکرێت؛ کە بریتی بوو لەپێکهێنانی ئەنجومەنێکی عێراقی لەساڵی١٩٨٢ بەناوی (ئەنجومەنی شێرپەنە). ئەنجومەنەکە پێنچ کۆنگرەی زانستی لەشارەکانی بەغدا و موسڵ دەربارەی نەخۆشییەکە سازدا بۆپێشکەشکردنی زانیارییە نوێیەکانی عێراقی و بەراوردکردنی لەگەلّ زانیارییە جیهانیەکان و ولاّتانی عەرەبی. لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ ئەنجومەنەکە بەسەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی عێراق کارنامەیەکی پێنچ خاڵی داڕێشت وەکو پلانێك بەئامانجی زالبوون بەسەر نەخۆشییەکە. بە بەردەستکردنی هەموو پێداویستییەکان بەپێی ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو. بەشێوەیەك کەهەموو بنکە تەندروستییە سەرەکییەکان بگرێتەوە، بەلاّم بەپێی زانیارییەکانی گۆڤارەکە تەنها لەشاری بەغداو موسڵ وەکو پێویست بەشی تایبەت بە قەلاچۆکۆدنی نەخۆشیەکە کرابوونەوە. هۆشیارکردنەوەی هاولاّتیان لەڕێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ئامۆژگاریکردنیان بەدوورکەوتنەوە لەکێشانی جگەرەو خواردنەوە کحولیەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە بەشێکی تری کارنامەکە بوو. هەروەها هاتوە پیسی ژینگەو خواردنی بەزو چەوری لەهۆیەگرنگەکانی تووش بوون بەو نەخۆشییەن. دوورکەوتنەوەش لەبەکارهێنانیان بەڕادەیەکی زۆر ئەگەری تووشبوون کەمدەکاتەوە[4].

لەڕاستیدا ڕۆلی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەو بوارەشدا بەگشتی لەئاستێکی باشدابووە. کە لەڕێگەیەوە هەم سکالاّو ناڕەزایەتیەکانی هاونیشتمانیان بەرزکرابوونەوە بۆلایەنی پەیوەندیدار. هەمیش نووسەران و

---

[1] هزرەکا نوی ل سەر تیراڤەیا (سرطان) مەمکی، گۆڤاری(تەندروستی وکۆمەلّ)، ژ(٣)، تشرینی دووەمی١٩٨٧، ل٣٧.

[2] د. جمال غفور مەعروف، شێرپەنجەی مەمك، گۆڤاری(تەندروستی وکۆمەلّ)، ژ(١)، س١، ئەیلولی١٩٨٧، ل٤٧.

[3] د. سعد سەبیح تاهیر، تۆمەری پیس لەنێوان ڕاستی و خەیاڵدا، و: حوسێن ئەحمەد ڕەسول، گۆڤاری(تەندروستی وکۆمەلّ)، ژ(٦-١٨)، س٢، ئاياری١٩٨٩، ل ٣٥.

[4] ٢٤ی شوبات یەکەم ڕۆژی نیشتمانی قەلاچۆکردنی شێرپەنجەیە لەعێراق دا، گۆڤاری(تەندروستی وکۆمەلّ)، ژ(٣-٢٧)، س٣، شوباتی١٩٩٠، ل٣٥.

نۆژداران بەبڵاوکردنەوەی بابەتی هەمەڕەنگی تەندروستی، ئامۆژگاری و ڕێنمایی هاوڵاتیانیان کردووە بۆ نیشاندانی باشترین ڕێگەی وەرگرتنی چارەسەری و خۆپاراستن لەنەخۆشیەکان. ئەوتا ڕۆژنامەی(عیراق) لەبابەتێکیدا ڕێنمایی هاوڵاتیانی کردووە لەکاتی سەردانیکردنیان بۆنەخۆشخانەکان، تادەکرێت جەنجاڵی دروست نەکەن و خواردن لەگەڵ خۆیاندا بۆ نەخۆش نەبەن. چونکە دەبێت نەخۆش بەپێی ئاراستەی نۆژداران خواردنی پێ بدرێت[1].

## ٣- چارەسەری میللی:

بێگومان چارەسەری میللی یان نۆژداری میللی(الطب الشعبی) کوردی، بەشێکی گرنگە لەبەشەکانی کەلەپووری کوردی، کە کۆکردنەوەیان و لێکۆلینەوە لەبارەیانەوە گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. لەو ڕووەوە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەزیندوو هێشتنەوەی ئەو سامانە نەتەوەییە کەڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیانن، گرنگ و حاشا هەڵنەگرە.

ئەو داوو دەرمان و چارەسەرە میللییانەی کە لەچوارچێوەی بایەخ پێدانی بڵاوکراوەکانەوە باسیان دەکەین، بەپێی بۆچوونی حەکیم و نۆژدارە میللییەکان و بەشێك لەهەوا دارانیان، زۆربەیان جێی بڕوان و ئومێدی چاك بوونەوەی نەخۆشییان لێدەکرێت و لەگەڵ زانستی نۆژداری نوێ یەك دەگرنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان گومانی زانستیان لێکراوەو نۆژدارانی زانستیش بەپەسندیان نەزانیوەو بڕوابوون بەو چارەسەرییانەیان بەبارێکی دواکەوتوویی کۆمەلگە داناوە. هەوڵدەدەین لەجێگای خۆیاندا دەست نیشانی هەریەك لەو لایەنانە بکەین.

بەیتاری یان چارەسەری شکان و ئێسك گرتنەوە، بەشێکی گرنگی نۆژداری میللی کۆمەڵگاکە بوو. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانی زۆری لەبارەوە نووسراوە؛ لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری(کاروان)دا هاتووە بەشێوەیەکی زۆر لەناو کۆمەڵدا باوەو بە بەردەوامی هەرکاتێك خەڵکی ئەندامێکی جەستەی شکا بێت ئەوا ڕوویان لەبەیتارەکان کردووە. ئاماژە بەوەشدراوە هەرچەندە هۆیەکانی چارەسەرکردنی ئەو بابەتە بەهۆی پێشکەوتنی زانستی نۆژداری گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووەو ڕێبازی نوێی تێدا بەکاردێت. بەڵام لەبەرئەوەی بەیتاری ئەنجامەکەی بە بەرچاوەوەیەو وەکو نووشتەو جادو نییە، بۆیە ڕۆڵی هەرماوە. هەروەها هاتووە بەیتارەکان ژیانی دەیان کەسیان لەژان و ئازاری ناوجێگا ڕزگارکردووە، بۆیە دەبێت بەشانازییەوە باسیان بکرێت[2].

لەبارەی چۆنیەتی فێربوونی بەیتارییەوە لەسێ چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ هەریەکە لە بەیتاران(حاجی زێندین عەلی- قەزای سێمێل لەدایکبووی١٩١٧، حاجی عەبدوللا -گەرمیان لەدایکبووی١٩١٦، حاجی عومەری کلاو ڕەش-دەشتی هەولێر لەدایکبووی١٩١٠ )، دەرکەوتووە لەئەنجامی مومارەسەو ئەزموونەوە سەرچاوەی گرتوەو سەرەتا بەگرتنەوەی دەست و قاچی ئاژەڵەکانی وەکو مەڕومالاتەوە فێربوونە. ئاماژەیان بەوەداوە کە هەموو جۆرە شکانێك ئەگرنەوەوچارەسەری بۆ

---

[1] لوقمان بەرزنجی، لەگەل بەڕێوبەری نەخۆشخانەی مندالان لەهەولێر، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٣٧)، ١٦/٥/١٩٩٠، ل٣.

[2] ئەحمەد حەیران، بەیتاری لەکۆمەلی کوردەواریدا، گۆڤاری(کاروان)، ژ(٤٣)، س٤، نیسانی١٩٨٦، ل ل٨٢-٨٧.

دەکەن، جگە لە حالەتی پچڕانی دڕکە پەتکەی بڕبڕەی پشت نەبێت کەچارەسەر ناکرێت و نەخۆش تووشی ئیفلیجی دەکات. بەپێی لێدوانی حاجی عەبدوللای بەیتار لە گەرمیان، تەمەن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە خێرایی چاك بوونەوەی شکاندا؛ کە بەگشتی هەموو جۆرە شکانێکی بەساڵاچوان(٣٠-٥٠)شەوی ئەوێت بۆگیرسانەوەی، بەڵام شکانی گەنجان و منداڵان هەر(٢٠) شەوێك دەخایەنێت[١].

سەبارەت بەچۆنیەتی کارکردنی بەیتارەکانیش وەکو لەڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیدا هاتووە نۆرینگە(عیادە)یان نیە، تا کات و شوێنی کارکردنیان دیاربێ. بەڵکو لە هەموو شوێنێك و کاتێکدا، نەخۆشی شکان هاتۆتە لایان، یان ئەوان چوونەتە لای نەخۆش و بەخۆڕایی و لەڕێی خواو خەڵك گرتنەوەکەیان بۆ کردووە. ئەوکەرەستانەشی لەگرتنەوەی ئێسکی شکاودا بەکاردەبران بەزۆری ڕۆن و کەرەو هێلکەو هەندێك جار پێستەو ماست بوو، لەگەڵ قامیش یا داری خۆشکراو، پارچە پەڕۆیەکی سپی و پاك و بەنێك بۆ ڕاستگرتنەوەو پێچانەوەی. ئامۆژگاری نەخۆشیش دەکرا بەچۆنێتی هەلسوکەوتکردن و جۆری خواردن. ئەگەر جێگای شکاو هەریەك لە ڕان، نێك، پشت، شان و مل بووایە تەختەی نووستن و دانیشتنی بۆ خۆش دەکراو ماوەیەکی بۆ دادەنرا، کە پێویست بوو لەسەری پەیڕەوی ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بەیتار بکات. لەو ڕووەوە بەیتارەکان زۆرکاری هونەریان دەنواندو لەدارو تەختە شتی وایان دادەهێنا کە نەخۆش سوودی زۆری لێدەبینی بۆ چاك بوونەوە[٢]. دیارە نۆژدارانی زانستی لەگەڵ بەیتاران دژ نەبوونە، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەل) ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوەو نموونەی نۆژدارێکی تایبەتی شکانی هێناوەتەوە، کەدوای ئەوەی لێهاتوویی بەیتارێکی بۆدەرکەوتووە، داوای لێکردووە لەنۆرینگەکەی لەگەڵیدا کاربکات، بەڵام بەیتارەکە ڕەتی کردۆتەوە[٣].

مامانی، بەشێکی تری زۆر پێویست و گرنگی نۆژداری میللی بووەو لەکۆنەوە لەناو کۆمەلگەی کوردیدا باوبووە. نووسەران زۆر بەگرنگییەوە لەبارەیەوە دواون. ئەحمەد حەیران نووسیویەتی:" مامان ئەو ئافرەتەیە کە بەهرەیەکی خۆڕسکی پڕ لەتاقی کردنەوەی هەیە بۆ ڕزگارکردنی ئافرەتی سك پڕ لەکاتی منداڵبوون". هەروەها باس لەوە دەکات ئەگەرچی لەئێستادا نەخۆشخانەکانی منداڵبوون لەشارەکاندا هەن، بەڵام مامانەکان لەگوندە دوورە دەستەکان و گەڕەکە میللیەکانی شارەکاندا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن. پێشی وایە مەبەستێکی کۆنەپەرستانەی نیە لەو قسانەدا، بەوەی کە کاری مامانی بەپەسندتر بزانین لەچارەسەری نەخۆشخانەکان. بەڵکو لێرەدا پێویستە مامانەکان بەسەربکرێنەوەو لەنەخۆشخانەکاندا لەلایەن نۆژدارانەوە سوودیان لێوەربگیرێت و یارمەتی بدرێن[٤].

ڕۆژنامەی(هاوکاری) لەبەسەرکردنەوەی ئافرەتێکی ماماندا، باس لەلێهاتوویی وبەخشندەیی(عائیشە پیرۆت-پشدەر لەدایکبووی١٩٢١)دەکاتن، بەوەی کە باشترین مامانی ناوچەکەی خۆی بووەو لەهەرکاتێك

---

[١] محمد ئوسمانا، ڤەگرتنا دەست و پیا لناڤ کوردەوارییێ، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٧)، مایسی١٩٨٨، ل٣٦ ؛ محمود، حاجی عەبدوللای گەرمیان و ٤٧ ساڵ ئێسك گرتنەوە، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٢٤-٢٥)، تشرینی یەکەم و دووەمی١٩٨٩، ل ل١٠-١١ ؛ ئەحمەد حەیران، لەبەیتارە ناودارەکانی کورد: حاجی عومەری کلاو ڕەش، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٣-٢٧)، س٣، شوباتی١٩٩٠، ل ل٦٦-٦٧.

[٢] مولود ئیبراهیم حسن، حاجی حەمەدەمین و شێست سال بەیتاری! ؟، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٥-١٧)، س٢، نیسانی١٩٨٩، ل٦٥.

[٣] ئەحمەد حەیران، س. پ، ل٦٧.

[٤] ئەحمەد حەیران، مامانی لەکوردەواری دا، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٣-١٥)، س٢، شوباتی١٩٨٩، ل٦٠.

**و شوێنێکدا بەدوایدا هاتبن، دەستی بەڕووی کەس نەناوەو بەنائومێدی بەڕێی نەکردووە. تەنها مەبەستیشی لەو کارەدا خزمەت و خێرکردن بووە. ڕۆژنامەکە ئاماژەی بەوەشداوە ئەگەرچی ئەو مامانانە لەلایەن حکومەتەوە ڕێگری لەکارەکانیان نەکراوە، بەڵام لەهەمان کاتدا سوود لەتواناکانیشیان وەرنەگیراوە[(١)]. نموونەی مامانی تریش لە ڕۆژنامەکاندا خراونەتەڕوو[(٢)].**

**لێرەدا ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسی کوردی پشتگری کاری مامانی کردووەو بەپێویستی زانیوە لەلایەن حکومەتیشەوە پشتگیری بکرێن و سوود لەبەهرەو تواناکانیان وەربگیرێت. لەڕاستیدا ئەو هەلوێستەی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەجێگای خۆی بووە، چونکە لەلایەک نموونەی ئافرەتی مامان لەهەموو شارو ناوچەکاندا هەبووە. لەلایەکی تریش، حکومەت نەیتوانیبوو لەهەموو شارەکان و شوێنە دوورەدەستەکاندا نەخۆشخانەی لەدایکبوون، یان بەشی لەدایکبوون لەهەموو نەخۆشخانەکاندا بکاتەوە. بەڵکو وەکو پێشتر ئاماژەمان پێداوە تەنها لەپارێزگاکاندا هەبوون. بۆیە نووسەران کاری مامانیان بۆناوچە دوورە دەستەکان بە پڕ بایەخ وەسفکردووە.**

**هەروەها وەکو لەسەرەتای ئەم بەشەی لێکۆلینەوەکەدا ئاماژەکان بۆکرد، بەشێکی دانیشتوانی ناوچەکە لەڕووی بیروباوەڕی میللیەوە بۆچارەسەرکردنی نەخۆشەکانیان باوەڕیان بە پیرو شێخ و مەلاو نوشتەو نزرگە هەبوو. لەگەڵ ئەمانەشدا میللەتی کورد هەر لەکۆنەوە بایەخی بەداوو دەرمان و نۆژداری داوە. لەماوەی ئەو توێژینەوەیە، هەندێک کەس لەشارەکاندا جۆرە شارەزاییەکیان لەبواری نۆژداری میلیدا هەبووەو خەڵکی بەمەبەستی چارەسەرکردن سەردانیان کردوون. (حاجی ڕەوف سابیر لەدایکبووی ١٩١٨)یەکێك بووە لەنۆژدارە بۆنبڕە میللییە بەناوبانگەکانی شاری هەولێر. گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ) لەبەسەرکردنەوەیەکی ئەو نۆژدارە ئاماژەی بەوەداوە کەناوبراو ماوەی(٢٠)ساڵە خەریکەو دوکانەکەشی لەنۆرینگەی زۆربەی نۆژداران(پزیشکان) بەهەڕمهێنتر دیاربووە. لەشارو گوندەکانەوە خەلکی ڕوویان تێکردووە. بۆن بڕ ئەوکەسە بووە کەپسپۆڕی و شارەزاییەکەی بەهۆی هەستەوەیە لەزانینی جۆری نەخۆشییەکە، یان بەهۆی زانینی دەرکەوتنی چەند دیاردەیەك لە دەموچاو ودەستی منداڵی تووش بوەوە، بەدەرمانی میللی تایبەتەوە چارەسەری دەکات. دەرمانەکەش بریتی بوو لە(تۆز)ێك، کە لەهاڕاوەی حەوت مادده پێکدەهات، پێی دەوترا(حەوت دەرمانە)، ئەوانیش(ڕازیانە، زەنجەفیل، هاونج، زورمبات، مازی، قەنەفل، خونچەگول)ن. ئەو دەرمانە لەگەڵ شلەیەك(ئاوی گولاو) کە گوایە لەنەجەف و کەربەلاوە دروست دەکرێ و هەردووکی، یەکەو ڕۆژی دووجار دەدرێتە نەخۆش، بەیانی و ئێوارە[(٣)].**

**هەندێك دوکانی تر هەبوون، کە داوو دەرمانی میللییان دەفرۆشت پێیان دەگوترا (عەتار). گۆڤاری(ڕەنگین) لەبەسەرکردنەوەی دوکانی(حاجی عارفی عەتار) لەسلێمانی، باس لەوە دەکات هەموو جۆرە داوو دەرمانێکی وەکو سك ئێشە، سەرئێشە، ئازاری گورچیلە، ڕەوانی منداڵ، کەچەڵی، شەکرەو گەلێکی تری لادەست دەکەوێت. ناوبراو خۆشی دەڵێ ئەوە زیاتر لە(٧٥)ساڵە خەریکی ئەو ئێشەیەم و**

---

[(١)] عمر، پورە ئایشێ ی شارەزاو دەست ڕەنگین، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(٨٩٠)، ١٩٨٧/٥/٧، ل٩.

[(٢)] بۆنموونە بڕوانە: حسیب پشدەری، ئافرەتێکی دەست ڕەنگین، ڕۆژنامەی(عیراق)، ژ(١٢٦)، ١٩٩٠/٢/٢٨، ل١٤.

[(٣)] ئەحمەد حەیران، نۆژداری میللی، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٣)، تشرینی دووەمی١٩٨٧، ل ل٤٤–٤٧.

بەردەوامیش خەڵکی بۆچارەسەری گەلێك نەخۆشی سەردانم دەکەن. ئەگەر دەرمان وچارەسەرییەکانیشم سوودی نەبوایە ئەوا ئەوەندە ساڵە لەسەری بەردەوام نەدەبووم و خەڵکیش وازیان لێدەهێنام[1].

لەگۆڤاری(ڕۆژی کوردستان)دا هاتووە لەکوردستاندا گەلێك گەڕاو و کانیاو هەن، بۆچارەسەری چەندان نەخۆشی پێست و چارەسەری تر سوودی لێوەردەگیرێت. بۆنموونە (ئاوی گەڕاوی) گوندێکی سەربەناحیەی سەنگاو، بۆنێکی تایبەت و ناخۆشی هەبووەو بۆ چارەسەرکردنی چەند نەخۆشیەکی پێست وەکو هەستەوەری، بیرۆ بەکارهێنراوە. خەڵکی لەهەرچوارلاوە بۆی چووە، چارەسەریەکەش بەو شێوازە بووە کە نەخۆش خۆی بەئاوەکە دەشووشت بەبێئەوەی ئاوی تر بکات بەلەشیدا. ئاوی (گەڕاوەکەی خورماڵ و ئاوی دەلۆ)ش کە بۆ چارەسەری ددان ئێشەو زالو(زەروو)چوونە قوڕگەوە خواردراوەتەوە، نموونەی ترن[2].

هەروەها نووسەران باس لەوەدەکەن ئامادەکرنی چەند جۆرە داوو دەرمانێك لەناو کۆمەڵی کوردەواری، لەلایەن هەندێك لەپیرە ژنان و بەساڵاچوانەوە، کە لەگوندەکان و لەناوشارەکانیش بەتایبەتی لەگەڕەکە میللیەکاندا بەکاردەبران، ڕۆڵی خۆیان لەچارەسەرکردنی گەلێ نەخۆشیدا گێڕاوە. نووسەرێك پێی وایە بەشێك لەو دەرمانانە بەڕاستی کاریگەربوونەو ڕۆلی خۆیان لەچارەسەرکردندا بینیووە، بەشێکی تریشیان بەکارهێنانی چەند دەرمانێکی نۆژداری زانستی بووە بەشێوەیەکی سەرەتایی. بۆنموونە باس لەبەکارهێنانی کەڕوو دەکات بۆ برین لەجیاتی (پەنسلین)، کە لەنۆژداری زانستیدا (پەنسلین) لە کەڕوو دروست دەکرێت[3]. نووسەرێکی تر باس لەوەدەکات داوو دەرمانەکان هەریەکەیان ناوێکی تایبەتی خۆیان هەیەو، ناوەکانیشیان زیاتر لەو کەرستانەوە هاتووە کەلێی دروست دەکرا. لەوانە (نیوە نمەك) کەبریتیە لەگیراوەی هەویرو خوێ بۆچارەسەری نەخۆشی پشت ئێشە. (چڕك) گوندکە هەویرێکی خەستە لەسەر برین دادەنرێت کێم و زوخاو خوێنی پیسی برینەکە دەمژێت. گیراوەی سابون و هێلکە بۆ نەخۆشی کولك و قونێرو مووە. خەنەو سیر، خەنەوقاوە بۆمنداڵی مانگداری، گەنەگەرچەگ ڕووەکێکە بۆ برینی وەکو قونێر و کولك. سوودی لێوەرگیراوە[4].

جگە لەو داو ودەرمانانەی باسکران، چەند جۆرە چارەسەرییەکی میللی کرداری لەکۆمەڵگاکەدا هەبوون، لەلاپەڕەی ڕۆژنامەوگۆڤارەکاندا خراونەتەڕوو. بەتایبەت گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ) لەزۆربەی ژمارەکانیدا هەرجارەو جۆرە چارەسەرییەکی لەلاپەڕەیەکی تایبەتی بەناونیشانی (لەداوو دەرمانی کوردەواریدا) خستۆتەڕوو. لێرەدا ئەو چارەسەریانەی کە باوبووە (سەرتا ئەوانەی لەگۆڤارەکەدا هاتووە) باس دەکەین. (کەلەشاخ)؛ بۆ ئەوکەسانەی دووچاری سەرئێشەو ژانەسەری بەردەوام بوونایە، یان گوتراوە سەریان تووشی باو و بژی هاتووە کراوە. کردارەکەش بە خوێن گرتن یان کەلەشاخ ناودەبرا. گوایە ئەو هەموو ژان و ئازارەی سەری نەخۆشەکە لەئەنجامی خوێنی پیسەوە پەیدا دەبێ و پێویستە

---

[1] هێرش محمد، سێ ژنی هێناوە..سێ حەجی کردووە..سێ عەمەلیات کراوە، گۆڤاری(ڕەنگین)، ژ(٣)، کانوونی دووەمی١٩٨٨، ل٢٨.

[2] برایم محێدین عارف، چەند داوو دەرمانێکی کوردەواری لەبواری پزیشك گەرییدا، گۆڤاری(ڕۆژی کوردستان)، ژ(٧٣)، ساڵی١٩٨٧، ل ل٢٩-٣٠.

[3] هـ. س، ل٢٩.

[4] احمد حەیران، پزیشك گەری لە کوردەواریدا، گۆڤاری(ڕۆشنبیری نوێ)، ژ(١٠٥)، ساڵی١٩٨٥، ل ل٢٧٥-٢٧٨

نەخۆش لەو خوێنە پیسە ڕزگاربکرێت، شارەزایانی ئەو کارەش زۆربەیان سەرتاش، یان بەساڵاچووانی بەهرەمەند بوونە[١].

چەورکردن بەڕۆن، چارەسەرییەکی زۆر باوبووە بۆ ئەوکەسانەی تووشی سەرما هاتوون، یان بۆ لەناوبردنی لەرزوتا گرتن. هەموو ئەندامی لەش، بەتایبەتی پشت و مل و شانی ڕەق بوو، بەهۆی چەورکردن و شێلانەوەو لەپاشدا چوونە ژێر پێخەفێکی گەرم وگوڕو ئەستوور، بەئارەقە کردن و دەردانی، نەخۆش لە لەرزوتا و ساردی ڕزگاری دەبوو. ئەو چارەسەرییە بۆ نەخۆشی سکچوونیش بەکارهێنراوە. زۆربەی جاریش چەورکردنەکە لەنزیك گەرماییەکەوە ئەنجام دراوە[٢].

دێمکە، کە توورەگەیەکی لاستیکییە، بۆچارەسەرکردنی سك ئێشە بەکارهێنراوە. ئەوەش دوای ئەوەی ئاوێکی شلەتێنی تێدەکرێت و نەخۆش لەسەر پشت ڕادەکشێت، دێمکەکەش لەسەر سکی ڕووت گیر دەکرێت. بەوکردارە گوایە بەرەبەرە ژان و ئێشی سکی کەم دەبێتەوە. ئەو چارەسەرییەش لەزنجیرە بابەتی لاپەڕەی تایبەتی ئاماژەبۆکراوی گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)دا هاتووە[٣].

پشت تەقاندنەوەش بۆ چارەسەرکردنی ئێش و ئازاری لەش، بەتایبەتی ئەوکەسانەی کە دەماری پشتیان وەردەگەڕاو ئۆقرەو ئارامیان لێدەبڕا، یان ئەو کەسانەی پشتیان ژان و ئازارێکی فرە زۆری کردبا، پشتی خۆیان بەخودی خۆیان دەتەقاند، یان لەڕێگەی یارمەتی کەسێکی ترەوە ئەنجامی دەدا. گوایە ئەوکردارە خاوبوونەوەیەك و حەسانەوەیەکی زۆری پێدەبەخشێت و لەئێش و ئازارەکە ڕزگاری دەبێت[٤].

بالووکە، کە نەخۆشییەکی پێستەو بریتییە لەگەشەسەندنی بەشی سەرتوێژ بۆ ڕووی دەرەوەی پێست لەئەنجامی کولبوون بەهۆی ڤایرۆسێکی تایبەتی(D.N.A.)ەیەکەی لیٚ پالێوراوە. بەڵام وەکو نۆژداریکی زانستی باسیکردووە لەناو کوردەواریدا بیروڕای ئەوە باوە گوایە پەیدابوونی بالووکە لەئەنجامی بەرکەوتنی بۆق(قۆڕباق)ەوە دەبێت، چارەسەرییەکەشیان بەدانانی دەنکی جۆ لەسەر بالووکەکەو خوێندنەوەی چەند نزاو قسەیەکەوە داناوە. ناوبراو دەڵێ زانستی نۆژداری ئەوە ڕەتدەکاتەوە هیچ پەیوەندییەك لەنێوان بالووکەو بەرکەوتنی بۆقەوە هەبێت، ڕێگەچارەسەرییەکەش لە زانستی نۆژداریدا جێگەی نابێتەوە[٥].

لەڕاستیدا وەنەبێت زانستی نۆژداری نویٚ تەنها چارەسەری میللی بالووکەی ڕتکردبێتەوە، بەڵکو چەندان چارەسەریی میللی دیکەی ناو کۆمەڵگەی کوردی وەکو(گەروکەوتن و هێنانەوەی بە پەنجە، منداڵی مانگ گرتوو، دڵ هێنانەوە، ناوك هێنانەوە)ی ڕەتکردۆتەوە. نۆژدارانی زانستی پێیان وابووە

---

[١] دارا محمد علی، لەداوو دەرمانی کوردەواریدا: کەلەشاخ، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٧–٣١)، س٣، حوزەیرانی١٩٩٠، ل٧٣.

[٢] دارا محمد علی، لەداوو دەرمانی کوردەواریدا: چەورکردن بەڕۆن، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٨–٢٠)، س٢، تەمموزی١٩٨٩، ل٧٣.

[٣] دارا محمد علی، لەداوو دەرمانی کوردەواریدا: دێمکە، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٩–٣٣)، س٣، ١٩٩٠، ل٧٣.

[٤] دارا محمد علی، لەداوو دەرمانی کوردەواریدا: پشت تەقاندنەوە، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٥–٢٩)، س٣، نیسانی١٩٩٠، ل٧٣.

[٥] د. مەریوان حەسەن حوسنی، بالووکە، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٣)تشرینی دووەمی١٩٨٧، ل ل٣٣–٣٤.

**ئەوانە هیچ بنج و بنەوانێکیان نییەو لەهیچ شوێنێکی زانستی نۆژداریدا جێگەیان نابێتەوە[1]. عومەر ئیبراهیم عەزیز پێی وایە بیروباوەڕی بەهێزی هەندێك خەڵك بەو چارەسەرییانە، وایکردووە تاوەکو ئێستاش لەلادێکان و تەنانەت لەشارەکانیش لەگەڕەکە میللییەکاندا بمێنێتەوە[2]. نووسەرێکی تریش پێی وایە ڕاستە بەشێك لەو چارەسەرییانە لەزانستی نۆژدارییەوە دوورن، بەڵام تاڕادەیەك بۆ نەخۆش سوودیان هەیەو چارەسەری دەروونین, ئەو چارەسەرکردنەش زۆرگرنگە بۆچاك بوونەوەی نەخۆشیەکانی دەروونی(الامراض النفسية) بەتایبەتی بۆ ئەوکەسانەی سادەوساکارن[3].**

**دیارە نۆژداری میللی بۆ بارە لەناکاوەکانی وەکو پێوەدانی مارو دووپشکیش، چارەسەری خۆی هەبووە. بەوشێوەیە: سەرەتا شوێنی پێوەدانەکە لەسەرێکەوە دەبەسترێتەوە بۆئەوەی ژەهرەکە هەڵنەکشێت، ئینجاکە برینەکە بە کەرەستەیەکی وەکو چەقۆ یان مووس شەق دەکرێت و دەمژرێت. دواتر ئەگەر باری تەندروستی نەخۆشەکە باش بێت و نەبرێت بۆ نەخۆشخانە، گیراوەیەك کە لەکوتراوی گیای گورمزە لەگەڵ ماست تێکەڵ دەکرێت و بۆ چەند جارێك دادەنرێتە سەر شوێنی پێوەدانەکە، کە هەم ژەهرەکە دەمژێت، هەم برینەکە چارەسەردەکات. نووسەرێك لەوبارەوە نووسیویەتی خەڵکانێك لەکاتی توش بوونیان بەو حالەتە جا بەهۆی دووری بێت لەسەنتەری شارو دامەزراوە تەندروستییەکان، یانیش وەکو فریا گوزارییەکی سەرەتایی تاوەکو گەیەنراوەتە نەخۆشخانە ئەو چارەسەرییەی بۆکراوە[4].**

**چارەسەری سروشتی بە داوو دەرمانی ئامادەکراو لەگژوگیاو ڕووەکە سروشتییەکان، بەشێکی تری گرنگی نۆژداری میللین، وەکو ئاماژەمان بە هەندێکیاندا. هەم ڕۆژنامەنووسی کوردی هەم زانستی نۆژداری بە پەسندیان زانیووە. (مسعود مصطفى كتاني)[5] کە یەکێك بووە لەنۆژدارانی دەرمانی سروشتی، چارەسەری سروشتی بەگرنگ زانیووە. جەختیشی لەسەر ئەوە کردۆتەوە پێویستە حکومەت لەڕێگەی زانکۆکانەوە بەکردنەوەی بەشی تایبەت بەو بوارە هاوشێوەی ولاتانی ئەوروپا گرنگی پێ بدات، کە نۆژداری زانستی و مۆڵەت پێدراوی یاسایی تایبەت بەو چارەسەرییانەیان هەیە[6]. گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)یش لە بابەتێکدا بەناونیشانی(گەڕانەوە بۆ سروشت) هەمان ئەو زانیاریانەی دووپاتکردۆتەوە[7].**

---

(1) د. خورشید دزەیی، س.پ، ل٥٨–٥٩ ؛ دارا محمد علی، لەداوو دەرمانی کوردەواریدا: دڵ هێنانەوە..!، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(١٠–٢٢)، س٢، ئەیلولی١٩٨٩، ل٧٣ ؛ دارا محمد علی، لەداوو دەرمانی کوردەواریدا: ناوك هێنانەوە، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٤–١٦)، س٢، ئاداری١٩٨٩، ل٧٣.

(2) داوو دەرمانی کوردەواری لەنێوان کۆن و هاوچەرخی دا، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٩)، حوزەیرانی١٩٨٨، ل٦٠.

(3) هەردەوێل کاکەیی، هەندێ داوو دەرمانی کوردەواری، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٨–٢٠)، س٢، تەمموزی١٩٨٩، ل٤٤.

(4) طارق جمباز، کوردەواری و چارەسەرکردنی پێوەدانی مار، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٩)، حوزەیرانی١٩٨٨، ل٦٤.

(5) مەسعود مستەفا سەعید حاجی مەحمود ئاغا کتانییە، لەساڵی ١٩٣٣ لەئامێدی لەدایك بووە. لەشارەکەی خۆیەوە دەستی بەخوێندن کردووە، پاشان لەساڵی١٩٥٣ پەیمانگای کشتوکاڵی لەبەغدا تەواو کردووە. لەساڵی ١٩٦٣دبلۆمی باڵای لە وڵاتی ئەلمانیا لەبوارەکەی خۆی بەدەستهێناوە. لەساڵی ١٩٧٤بڕوانامەی دکتۆرای لەڤیەننای پایتەختی نەمسا بەدەستهێناوە. لەساڵی ١٩٨١ لەزانکۆی موسل بووە بەپڕۆفیسۆری یاریدەدەر. لەساڵی١٩٩٦ گەڕاوەتەوە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی دهۆك و بووە بەمامۆستا. خاوەنی چەندەها بەرهەمی زانستی و ئەدەبییە، بەتایبەت لەبوارەکەی خۆی چەندەها کتێبی لەسەر دەرمانی گیایی(سروشتی) نووسیوە. ئێستاش نۆژداری دەرمانی سروشتییەو لەشاری دهۆك ئاکنجییە. بڕوانە: مسعود کتانی، حەمکێ تۆڤی: حەمەکور، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١، ل ل٤٢٩– ٤٣١.

(6) حەکیمی و سالالوخەك ژ پزیشك و حەکیمێت بەهدینا، ڕۆژنامەی(هاوکاری)، ژ(١٠٩٢)، ١٩٨٩/٧/١٣، ل٨.

(7) گەڕانەوە بۆسروشت، گۆڤاری(تەندروستی و کۆمەڵ)، ژ(٨–٢٠)، س٢، تەمموزی ١٩٨٩، ل٣٦.

لەکۆتاییدا ئەوەی دەبێت بگوترێ ئەوەیە، کە ئامانجی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەخستنەڕووی داوو دەرمان و چارەسەرە میللییەکان مەبەستێکی کۆنە پارێزی نەبووە، کە لەزانستی نۆژداری بە پەسندتری زانیبێت. چونکە ڕۆژنامەنووسی کوردی پەیدابوون و بەردەوامی نۆژداری میللی هەرتەنیا لەدواکەوتوویی ژیان نەبینیوە. بەڵکو پێی وابووە جگەلەوەی بەشێکی گرنگی کەلەپووری نەتەوەیین، لەهەمان کاتدا هۆیە بنچینەییەکانی ژیانیش پالپشتی ئەوەن، کە نۆژداری میللی گەلێ هۆی چارەسەری پێیە.

# ئەنجامەكان

## ئه نجامەکان

لە ئاکامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان لەهەر شوێنێك بوونیان هەبێت، وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی هاوچەرخی سەردەمەکەی خۆیان، بوونەتە ئامرازێك بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك، کارکردن لەسەر پرسە گرنگەکانی کۆمەڵ، بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی باشتر.

- لەم ماوەیەدا ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران نەیانتوانیوە، دوور لەسانسۆری حکومەت هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێك بەئاشکرا دەربکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دلسۆزانی کاری ڕۆژنامەنووسی کوردی توانیویانە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەژێرناوی جیاجیای وەکو کۆمەڵەبەرهەم، بەشێوەیەکی سەربەخۆ هەندێك بڵاوکراوەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی دەربکەن، ئەمەش سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی ڕۆژنامەنووسی بوو لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا.

- هاتنەکایەی چەند ڕۆژنامەوانییەکی تایبەتمەند لەمێژووی ڕۆژنامەگەری کوردیدا. وەکو گۆڤارەکانی(پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی، کشتوکاڵ، ئابووری زان)، ڕۆژنامەی (کاروانی وەرزش)، بڵاوکراوەکانی(کاروانی ئافرەت، ئافرەت)، ئەگەرچی هەندێکیان تەمەنیان زۆر کورت بووەو لەدەرکردنی چەند ژمارەیەکی دیاریکراو تێپەڕی نەکردووە. بەڵام نووسەرو ڕۆشنبیرانی خوولیای ئەو بوارانەی لە دەوردا کۆ ببوونەوە، بەمەش سەرەتای هەنگاوێکی نوێیان هێنایە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی کوردییەوە.

- ئەگەرچی هەندێك لەڕۆژنامەنووسان بەشان و باڵی بەرپرسان و هەنگاوەکانی حکومەتیان هەڵداوە، بەڵام لەڕوویەکی تر هەستکردن بە بوونی چەند نووسەرێکی بیروڕا جیاواز و کارکردنیان لەڕۆژنامەکان و ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانیان لە نووسیەنەکانیان، وێنەیەکی جوانی ڕۆژنامەنووسی کوردیمان پێ نیشاندەدات.

- ڕۆژنامەوانی ئاشکرا نەیتوانیووە گوزارشتێکی تەواو لەبارودۆخی ئابووری باشووری کوردستان بکات، مەسەڵەی تێکدانی کشتوکاڵ بەڕاگواستنی گوندەکان. هەروەها نەوت و پیشەسازییە پترۆکیمیاوییەکان، دوونموونەی دیاری ئەو باسەن کە ڕۆژنامەکان هەر بەلایەوە نەچوونە.

- کشتوکاڵ کەپێگەیەکی سەرەکی ئابووری کوردستانی پێکدەهێنا، لەماوەی دیاریکراودا ڕوولەدواکەوتن بوو، ڕۆژنامەنووسی کوردی ئەگەرچی گۆڤاری تایبەت بەچالاکییەکانی ئەو کەرتە هەبووە، بەڵام زۆربەپەردە پۆشکراوی و چەندخالێکی گشتی نەبێت، هۆکارە ڕاستەقینەکانی دوواکەتنەکەیان نەخستۆتەڕوو ڕاستییەکانیان شاردۆتەوە.

- لاوازبوونی پیشەدەستییەکان بەهۆی داهێنانە نوێیەکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو هەنگاوەکانی حکومەت بۆ بەپیشەسازی کردنی کۆمەڵگای کوردی، لەسەر حیسابی کەرتی کشتوکاڵی ناوچەکە. دامەزراندنی چەندەها کارگەی پیشەسازی لەسێکتەرە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان، یەك لەو هەنگاوانەی بووە، کە لە ڕۆژنامەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

- گۆشەنیگای ڕۆژنامەگەری لەهەمبەر هەلومەرجی کارو کرێکاران و بارودۆخی جوتیاران، کەمتەرخەم بووە. ڕۆژنامەنووسان زۆر بەکەمی بەلای ئەو چینە زەحمەتکێشانەی کۆمەڵگەوە چوونە.

- بایەخنەدانی پێویستی ڕۆژنامەنووسی کوردی بەدەرئەنجام و کاریگەرییەکانی جەنگی عێراق و ئێران لەسەر ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی کوردی، باتایبەت لەسەر جولەی بازرگانی، کە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە، بوو بەهۆی سەرهەڵدانی دیاردەی قۆرغکاری و گرانییەکی چاوەڕوانکراو.

- لەڕووی کۆمەلایەتییەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی ڕۆلێکی کاریگەری بینیوە لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەو کاڵکردنەوەی بەشێك لەو نەریتە نەشیاوانەی کە کۆمەڵگەی کوردی خووی پێوە گرتبوو؛ وەکو بیروباوەڕەکۆمەلایەتییەکان، مەسەلەی ژن بەژنی و گەورە بەگچکەو کچ لەبری خوێن، سەرکۆنەی ئەو نەریتە تەقلیدییانەی کردووەو بەبارێکی دواکەوتوویی کۆمەڵگەی زانیوە.

